





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٤ - لاپەڕەی: ٦

١- چەند سەرنجێک لە بارەی روخسارە مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان

٢- بۆ ئەوەی چی دیکە سووکایەتی بە ناسنامەی نەتەوەییمان نەکرێ

٣- شۆرشێکی ناکام، شۆرشێکی دزراو!

٤- ٨٠ ساڵەیی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی خەباتکار و نیشتمانپەروەر

٥- کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

٦- خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە غەیابی شێوەکانی دیکەی خەباتدا

٧- بۆ بەربەرکانی لەگەڵ بەرهەمهێنانو فرۆشتنی ماددەی شیشە، هەڵمەتێکی گشتی پێویستە

٨- پێشوازی لە هەڵمەتی بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادە سڕکەرەکان دەکەین

٩- کوردپوورەکان لە بن ژێلەمۆی فەرامۆشی دا

١٠- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو ڕوخساری دژ بەیەک!

١١- ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی

١٢- پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لەهەرێمی کوردستاندا

١٣- ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی ڕاگەیەندرانی شەڕی بێ کۆتایی لە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٤- لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە پشتیوانی، لە میدیای باشوورەوە پێنەزانی!!

١٥- بۆ خۆشمان با بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوەکانی کوردستان، فەرامۆش نەکەین!

١٦- هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانی شەڕێکی نێودەوڵەتی لە گەڵ تیرۆریزم

١٧- گفتوگۆی ئاوێنە، دەگەڵ "قادر وریا" ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان

١٨- هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانی شەڕێکی نێودەوڵەتی لە گەڵ تیرۆریزم



سەرچاوە
Serchawe

١٩- تێچووی بەردەوامیی بزووتنەوە لە کوردستان هەتا کەنگێ لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک بێت؟
٢٠- چەند قسەیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢١- کۆنگرەیەک کە سوپای پاسداران قەرارە بۆ چەکدارە کوردەکانی، پێکی بێنێ!
٢٢- لە پەراوێزی دانپێدانانی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری نەیاران دا

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٥ - لاپەڕەی: ٧٥

٢٣- سەرکەوتنی کۆبانێ، جەژنی بەشەرییەتی ڕاساو لە وەحشیگەرییە
٢٤- سەید ڕەسووڵ دێهقان سیمای ناسراوی سێ دەیە خەباتی بێوچان
٢٥- یەشار کەماڵ، خوێنەرانی بە جێ ناهێڵێ و دەمێنێتەوە!
٢٦- تاوانی شەرماوی بە ناوی بەرگری لە پیرۆزییەکان
٢٧- کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان
٢٨- وتووێژی ماڵپەڕی چرکە لەگەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٩- ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە
٣٠- لە باسە گرنگەکانی پلینۆمی دوازدەیەم (١) حەفتایەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٣١- لە پێناوی پەرەپێدانی کولتووری وێکهەڵکردنو یەکتر قبووڵکردندا
٣٢- هەڵوێستەیەک لە سەر مانگرتنی ٢٤ی گوڵان
٣٣- قادر وریا: ناکرێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕۆژەڤدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر ڕۆژهەڵات دابخرێت
٣٤- ڕووداوەکانی ئەم دوایانە لە خوێندنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتتەوەرانەدا
٣٥- قسەکانی قادر وریا لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید مەنسوور ئاڕوەند
٣٦- کیمیابارانی سەردەشت لە نێوان تاوانی ڕێژیمی بەعس و کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران دا
٣٧- بۆ پووشپەڕی خوێناوی و کۆترە زامدارەکەی ڤیبەن
٣٨- کوردستانم برینێکە...واز لەو برینەم بهێنن
٣٩- خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن»
٤٠- لاوەکان، لە سەر ڕێگا و ڕێبازی خەباتکارانەی دایک و بابیان
٤١- گەلاوێژ و مێژووی نوێمان
٤٢- ئەو وێنەیەی دنیای هەژاند!

٤٣- کۆڕەوی کۆچبەران بەرەو ڕۆژاوا و پرسیارێکی جیددی!

٤٤- حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە

٤٥- دیاربوونی هێزی پێشمەرگە، هۆکارێک بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەیی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵک

٤٦- ئافەتی سەردەم

٤٧- پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکان بە ڕێز گرتن لە شوناسی یەکتر و دابینکردنی مافە ڕەواکانی هەموو لایەک دەستەبەر دەبێ

٤٨- لە شەوێکی وەک ئەمشەو دا

٤٩- نەک ساڵێ ڕۆژێک، با هەموو کات پشتیوان و خەمخۆریان بین

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٦ - لاپەڕەی: ١٦١

٥٠- ئەو قوربانیانەی دەریا هەڵیان دەلووشێ

٥١- "کوردستان" لە دەسپێکی دەیەی هەشتەمی تەمەن دا

٥٢- کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی

٥٣- "ئێمە ئامادە نین ببین بە شەریکی تاوانەکانتان"

٥٤- چێژی زمان لە نووسین و وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە دا

٥٥- ڕۆژێک بۆ وەدەنگهاتن لە ستەم و سەرکوتی زمانی

٥٦- یەکەم دیدارو دوا دیدارم لە گەڵ عەلیی حەسەنیانی( مامۆستا هاوار)دا

٥٧- دیمەنە بە شکۆکانی کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان (پێشکەشە بە شەهیدانی کوردستان)

٥٨- "شاعیری گەل" لە ڕەوتی کاروانی خەباتی نەتەوەکەیدا (بە بۆنەی تێپەڕینی٣٠ساڵ بە سەرکۆچی دوایی مامۆستا هێمندا)

٥٩- ئاسۆ گەشەکانی بەردەم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

٦٠- ئەزموونی جێگای تێڕامانی کوردەکانی ورمێ و دەوروبەر لە ململانێی هەڵبژاردنی ئەم دواییە دا

٦١- نەهێڵین وەرزی سەهۆڵبەندان بگەڕێتەوە (پێشکەشە بە شەهیدانی ئەم چەند ساڵەی دوایی)

٦٢- عوسمان مستەفاپوور یەک لەو مرۆڤانەی سەمبولی خۆڕاگریو فیداکاریین!

٦٣- کوردکاناڵ، ئەو دەنگ و ڕەنگەی دەمێنێتەوە

٦٤- ناسر ئێرانپوور، پیاوێک لە رەگەزی رووناکی

٦٥- جاش و جاشەتی، ئافەتی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد
٦٦- لە دەرەوەی سنوور بۆ ئەمنیەت و ئاسوودەیی رێژیمەکەتان مەگەڕێن
٦٧- بزووتنەوەی ئیسلامی و پەڵەیەکی شوورەیی نەسڕاوە (بیست ساڵەی تاوانێکی گەورە)
٦٨- کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" بەرهەمێکی دیکەی شەونخوونییەکانی سەربازی ون، ڕەحمان نەقشی
٦٩- نەتەوە، وەک قوربانیی ململانێی سیاسیی نێوخۆیی
٧٠- حدک، دەرفەتێک بۆ دروستکردنی ئیرادە و وزەی نوێ
٧١- خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی رۆژهەڵات بە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان"

## بابەتی ساڵی ٢٠١٧ - لاپەڕەی: ٢٣٧

٧٢- شەڕی سوپای پاسداران و ئیتلاعات لە گەڵ حدک بە چەکی تیرۆر
٧٣- لە پەراوێزی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ڕێبەریی حدک دا
٧٤- "چونکی ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو"
٧٥- پرسی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران دا بەسەرهاتی تاڵی چاوەڕوانییەکی ڕەوا!
٧٦- کەشوهەوای پێش هەڵبژاردن، دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی لە کوردستان
٧٧- مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"
٧٨- «کوردستان» وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ
٧٩- ڕەهەندی نووسین و وەرگێڕان لە تێکۆشان وخزمەتەکانی نەمر فەتاح کاویان دا
٨٠- ماڵاوا مام عەلیشا، پاشای چاک و باشەکانی ئێمە!
٨١- سامانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئەزموونەکان و پەیامەکان ، ئەرکی هەنووکەیی)
٨٢- یادێک لە قارەمانی شەهید، مەنسوور ئاروەند لە دوو ساڵەی لە داردرانی دا
٨٣- تاران، داعش و کورد (١)
٨٤- پێویستیی و گرنگیی تابوو شکێنی لە فەزای سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتى ساڵى: ٢٠١٤

## چەند سەرنجێک لە بارەی روخسارە مەدەنييەكانى كۆمارى كوردستان

### كاريگەريى كۆمارى كوردستان لە سەر بيرى تاكى كوردو لەسەر كۆمەڵگەی كوردستان

پێكهاتنى كۆمارى كوردستان، بەڵگەيەكە بۆ گەشەی نەتەوەيیو سياسىو فكريى سيماكانى ناسيۆناليزمى كوردو بزووتنەوەی رزگاريخوازيى نەتەوەی كورد.

پێكهێنانى دەوڵەتێكى نەتەوەيى، ئەو مانايە دەدا كە پێكهێنەرانى ئەو دەوڵەتەو خەڵكێک كە پشتيوانييان لەو دەوڵەتە كردوە، خۆيان وەک نەتەوەيەكى جياواز لە نەتەوەكانى ديكە دەبينن‌و پێناسە دەكەن. نەتەوەكەيان بە شايانى ئەوە دەزانن كە دەسەڵاتى نەتەوەيى خۆی هەبێ‌و بۆخۆی چارەنووسى خۆی بگرێتە دەست.

پێكهێنانى كۆمارى كوردستان رچەشكێنى‌و تابووشكێنى بوو. رەتكردنەوەی ئەو بۆچوون‌و روانگەيە بوو كە كورد هەر دەبێ ژێردەستەو ژێرچەپۆكە بێ. وەستانەوە بوو بەرامبەر ئەو هێڵە سوورانە كە كورد ناتوانێ حكوومەت‌و دەوڵەتى خۆی هەبێ. وەديهێنانى خەون‌و روئيايەک بوو كە زۆر پێشتر لە شێعرو بيرى پێشەنگانى بيرى نەتەوەيى كورد دا رەنگى دابۆوە. تاكى كورد لە دواى پێكهاتنى كۆمارى كوردستان، تاكێكى جياواز بوو لە هى پێش كۆمار. تاكێک بوو كە شايەدى پێكهاتنى كۆمارى كوردستان بوو.

بڕوا بە خۆبوون‌و خۆ بە شايانى دەوڵەت هەبوون لەو كات بە دواوە دێتە نێو بيركردنەوەو ڕوانينى تاكى كورد. كۆمەڵگەی كوردستانيش هەست‌و بيرێكى نوێى تێدا دروست دەبێ. هەستى خۆ بە جياواز زانين لە خەڵكى بەشەكانى ديكەی ئێران، لەم ڕوانگەيەوە لە خۆی دەڕوانى كە رۆژێک لە رۆژان دەوڵەتى هەبووە، سەركۆمارى هەبووە، ئاڵاى هەبووە، سوپاى نەتەوەيى خۆی هەبووە، خوێندن بە زمانى خۆی هەبووە، كاروبارى لە دەست خۆی‌و نوێنەرانى خۆیدا بووە. بەڵام دواتر ئەم



سەرچاوە Serchawe

دەسکەوتەو ئەو مافانەیان لێستاندۆتەوە.

لە راستیدا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی کوردو تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردستان ئاسۆگێکی خرایە بەردەم، رێگایەکی هاتە بەردەمو رووگەیەکی بۆ درووست بوو کە بەردەوام بەرەو ئەوێ هەنگاو بنێ. حیزبی دێموکراتی کورستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان مەسیرێکی روون، شارێگەیەکی دیاری خستە بەردەم نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە هەتا ئێستاشو لەوانەیە دەیان ساڵی دیکەش هەر بەو رێچکەیەدا بڕۆین.

کۆماری کوردستان بە روخسارێکی شارستانیو مەدەنییەوە بوونی خۆی راگەیاند

کۆماری کوردستان دەسکەوتێکی نەتەوەییو رووداوێکی سیاسیی گرنگ بوو کە بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیی جیهانیو ناوچەیی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. ئەگەرچی لە ناخی وەزعێکی پێکهاتوو بە هۆی شەڕی جیهانییەوە، سەری هەڵدابوو، بەڵام روخسارە مەدەنیو شارستانییەکەی زۆر بەرچاوتر بوو لە سیما سوپاییو جەنگییەکەی. ئەمە بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە کورد نەتەوەیەکی ستەم لێکراوو وڵات دابەشکراو بووو بە دوای مافەڕەواکانی خۆیدا دەگەڕا. واتە لەو نەتەوانە نەبوو کە سەدان ساڵ مێژووی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەو بندەستکردنی نەتەوەکانی دیکەیان هەبوو.

ناسیونالیزمو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردیش

خسڵەتی حەقخوازیو داواکردنی مافێکی رەوایان هەبووە. واتە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە کە کۆماری کوردستانی تێدا پێک هات ئەم راستییە دەسەلمێنن کە کورد بە تەمای داگیرکردنی خاکی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی نەبووە، بە تەمای ژێردەست کردنی نەتەوەکانی دیکە نەبووە بەڵکوو ویستوویە لەسەر نیشتمانی خۆی بە ئازادی بژیو چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆی دابێ. پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف، پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانو دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەموویان ئەم خسڵەتەیان پێوە دیارە.

لە راستیدا کۆماری کوردستان بۆ ئەوە دروست نەببوو کە ئیمپراتۆرییەی کوردی لەسەر حیسابی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەو بندەست کردنی نەتەوەکانی دیکە دروست بکا، ئەو کۆمارە بۆ ئەوە پێکهاتبوو کە مافەکانی سەدان ساڵ پێشێلکراوی کورد بۆ کورد بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەوە دروست کرابوو کە نەتەوەی کورد هەم لە نێوخۆیدا بە ئاشتیو ئازادی بژیو ستەم چەوسانەوە نەهێڵێ، هەم لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە برایەتیو ئاشتی بژی.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەردەمی پێکهاتنی کۆماردا، ئەوەندەی دێنشینی بوو، شارنشین نەبوو، ئەوەندەی نەخوێندەوار بوو، خوێندەوار نەبوو، بەڵام چونکە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو دامەزرێنەرانی کۆمار، مرۆڤی زاناو رۆشنبیرو کەسایەتیی ماقووڵی سەردەمی خۆیان بوون، هەوڵیان ئەوە بوو نموونەیەک لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەدەستەوە بدەن کە لە خزمەت ئاشتیو تەبایی دابێ، لە خزمەت جێگیرکردنی ئازادی دابێ، لە خزمەت لابردنی کۆیلەتیو چەوسانەوە دابێ. کۆمەڵگە لەسەر ئەساسێکی ئینسانیترو سەردەمیانە بەڕێوەبەرێ. کۆمەڵگەیەک دروست بکا کە لە زۆر ڕۆوە جیاواز بێ لە کۆمەڵگەیەک کە بە هۆی دەسەڵاتێکی ستەمکارو زۆردارەوە بەڕێوە دەچوو.

هەر بۆیە شانبەشانی پێکهێنانی سوپای میلیو هێزی پێشمەرگە، کە لە راستیدا، ئەویش بۆ هێرشبردنە سەر نەتەوەکانی دەوروبەر نەبوو، بەڵکوو بۆ داکۆکی لە کۆمارو خەڵکو ئاسایشی نێوخۆ بوو- بیری لە دابینکردنی مافو ئازادییەکانی خەڵک دەکردەوە. بیری لە بووژانەوەی کولتووری، دروستکردنی خوێندنگە، خوێندن بە زمانی زگماکی، نەهێشتنی نەخوێندەواری، پەروەردەکردنی منداڵانو لاوان، هێنانە مەیدانی ژنان، بووژاندنەوەی ئابووری، دامەزراندنی چاپخانەو رادیۆ سینەما دەکردەوە.

**خزمەتە پەروەردییەکانی کۆماری کوردستان**

کۆماری کوردستان چ بە بەراورد کردنی ماوەی دەسەڵاتدارەتییەکەی کە ١١ مانگ بوو، چ بە سەرنجدان بە بارودۆخی سەردەمەکەیو ئیمکاناتێکی کەم کە هەیبوو، لە بواری پەروەردەدا زۆر خزمەتی گەورەی کرد. دەکرێ بڵێین یەک لە روخسارە درەوشاوەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بواری پەروەردە بوو.

ئەم کات لە هیچ وڵاتێکی دەورووبەردا، خوێندن نەبووە خۆڕاییو ئیجباری. مەگەر لە یەکیەتیی سۆڤیەتو ئەو وڵاتانەدا کە سیستەمی سوسیالیستیی لەواندا لەسەر کاربوو. بەڵام لە کۆماری کوردستاندا خوێندنی منداڵان کرابوو بە ئیجباریو خۆڕایی و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین دەکرا. منداڵانێک کە لەبەر نەبوونیی بنەماڵەکانیان یان لەبەر بێسەرپەرستی خەریکی سواڵکردن بوون بە ئەمری کۆمار لەبەر خوێندن نرابوون.

گەورەساڵانیش بۆ خوێندن هاندران و قوتابخانەی شەوانە لە شارەکانی ژێردەسەلاتی کۆمار کرایەوە بو ئەوەی گەورەساڵان لە نەخوێندەواری بێنەدەر. کۆمەڵێک قوتابخانەی کچان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار کرایەوە بۆ ئەوەی کچان بنێردرێنە قوتابخانە. لەمانە گرینگتر ئەوە بوو کە کۆمار هەر مەبەستی خوێندەوار کردن نەبوو بەڵکوو خوێندن بە زمانی زگماکیشی خستبووە بەرنامەی کاری خۆی. کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەو مامۆستای وانەوتنەوەی کوردی دابین کرد.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە  کۆمار کەمایەتییەکی وەک جوولەکەکانیشی لەبیر نەکردو بۆ منداڵانی ئەوانیش خوێندنو قوتابخانە بە زمانی خۆیانی بۆ دابین کردن.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە پێشەوا هەوڵی پێکهاتنی زانکۆی «معقول و منقول»ی  داوە لە پێتەختی کۆمار.
کاربەدەستانی کۆمار کتێبخانەی گشتییان کردوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر کتێبیان دابین کردوە بۆ ئەوەی هۆگرانی خوێندنەوە سوودیان لێوەربگرن.

کۆمار کۆمەڵێک کەسی بۆ خوێندنی  بەرز ڕەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ ئەوەی بۆ داهاتوو پێبگەنو بە زانستو پسپۆڕیی تایبەت بگەڕێنەوە. لایەنی پەروەردەیی تەنانەت چووبووە نێو خوتبەکانی نوێژی هەینییش. بە ڕێنوێنیو هاندانی پێشەواو کاربەدەستانی کۆمار، مامۆستایانی ئایینی لە خوتبەی نوێژی هەینی داو بە زمانی کوردی، لەسەر پەروەردەکردنی تاکەکانو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە لە ڕووی فکرەوە کاریان دەکرد. دژی خورافات قسەیان دەکرد، پیاوانیان هان دەدا بۆ ڕێزگرتن لە ژنانو حورمەت دانان بۆ مافەکانیان، باسی زانستو زانیاریو گرینگی خوێندنو خوێندنەوەیان دەکرد. دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قاو دەدا، باوەڕ کردن بە هێزی خۆیانو سوودەکانی تەباییو یەکڕیزییان بۆ باس دەکردن. فێریان دەکردن بایەخ بە مێژووی خۆیان بدەن نیشتمانی خۆیان خۆش بوێو هتد...

### کاریگەریی کەسایەتی پێشەواو و بیرو ئەندێشەی ئەو ڕێبەرە لەسەر تاکەکانی نەتەوەکەی

ئەگەر کۆماری کوردستان بۆخۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی ئەو کۆمارە، چەق و ناوەندو سەرچاوەی زۆر لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو کۆمارەیە. دیارە هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە دامەزران، بەڕێوەبردنی کۆماردا ڕۆڵیان هەبووە،جێگای ڕێزن و پێویستە مێژوو عەقی خۆیان بداتێ.ئەوەش ڕاستییەکە کە لە یادکردنەوەی دامەزرانی کۆمار داکەمتر باسی ئەوان کراوەو  دەکرێ. بەڵام ئاشکرایە کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەرووی هەمووان بوو.

پێشەوا، وەک بەڵگەنامەو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کەسایەتییەکی هێمن، لەسەرەخۆو مەند بووە، مرۆڤێکی توندوتیژو دەمارگرژو لەخۆباییو سەرەڕۆ نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەهلی وێکهەڵکردن، ئەهلی تەبایی، ئەهلی مەشوەرەت، ئەهلی تەدبیرو مەسڵەحەت ئەندێشی بووە. مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بە فەرهەنگ بووە. جێگەو پێگەیەکی وای هەبووە لە کۆمەڵدا کە توانیوێتی جۆراوجۆرییەکان و جیاوازییەکانی سەردەمی خۆی: لادێیو شاری، ڕەعیەتو دەرەبەگ، خوێندەوارو نەخوێندەوار، عەشایرو هۆزەکان، بە یەکەوە بحاوێنێتەوە.

پێشەوا شارەزاو ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بووە، خوێندنەوەو بەدواداچوونی بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەبووە. بەردەوام لە خوێندنەوەو فێربوون دا بووە. ئەمانە وایان کردوە لە هەڵسوکەوتو سەرکۆماری و ڕێبەریکردندا، زۆر ژیرانەو دووربینانە هەنگاو بنێ. دۆست بۆ کورد زیاد بکاو دوژمن کەم بکاتەوە. پێوەندیی کوردان لە ئاستی کوردی ڕۆژهەڵاتو کوردی بەشەکانی دیکەدا بە هێز بکا. هەروەها هاوپێوەندیی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکا. پێشەوا ئەوەندە لە پێش سەردەمی خۆی بوو نەک بۆ ٧ دەیە لەمەوبەر، بەڵکوو ئەگەر لە ژیان دابا دەیتوانی بۆ سەردەمی ئێستاش سەرۆکو ڕێبەرێکی گونجاو بێ.

تاکی کوردو نەتەوەی کورد بە گشتی، بە چاوێکی بەرز سەیری پێشەوا قازی محەممەد دەکەن، شانازیی پێوەدەکەن چونکە سەرۆکێکی خاکەڕا، بەرپرس، خۆنەویست بوو. لە ژیریو زانایيو عەقڵو تەدبیردا شایانی ئەوە بوو سەرکۆماری کوردستان بێ.

کۆماری کوردستان،بڕگەیەکی زۆر کورت لە مێژووی نەتەوەیەک بوو، بەڵام بەو ڕوخسارە مەدەنییانەی لەو ماوە کورتە دا لە خۆی نیشانی دا، توانی جێگەیەکی هەمیشەیی بۆ خۆی لە هەناوی مێژووی کورد و لە دڵ و بیری تاکەکانی نەتەوەی کورد دا بۆ خۆی،بەدەست بێنێ.

لە ژمارە ٦٢٤ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕیکەوتی : ٢١ی جانێویری ٢٠١٤

## بۆ ئەوەی چی دیکە سووکایەتی بە ناسنامەی نەتەوەییمان نەکرێ

گەورەترین بەڵێنی حەسەن ڕۆحانی بە نەتەوە نافارسەکانی ئێران، کەمکردنەوەی ئەو ستەم و هەڵاواردنە نەتەوەییانە بوو کە لە بوارەکانی زمان و کولتوور وئایین و بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆیان دا، لێیان دەکرێ. حەسەن ڕۆحانی، بە ئاگاداری لە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی ویست و داخوازە نەتەوەییەکان لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێراندا و، پشت ئەستوور بە دەستوور(یاسای بنەڕەتی)ی ئێران، کە دەلاقەیەکی بچووکی بۆ ئاوڕدانەوە لە "زبانهای محلی و قومیتهای ایران" (زمانە خۆجێییەکان و قەومیەتەکانی ئێران)! هێشتۆتەوە، لە کاتی ململانێی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی بە داواکاران و تینوانی مافە نەتەوەییەکان دا.

بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی و پێکهاتە و سروشتی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی دا، کەس چاوەڕوانی موعجیزە لە سەرکۆماری نوێ نەبوو. بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرا وەک وەفایەک بۆ ئەو دەنگە زۆرانەی کە ئەم سەرکۆمارە لە نێو نەتەوە نافارسەکان دا پێی درا و هەر وەها بۆ ڕاکێشانی ڕەزامەندی و پشتیوانیی ئەوان، هەر لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ئەو ئەسل و ماددانەی دەستووری وڵات، کە پێوەندییان بەو جۆرە مافانەوە هەیە، چاوخشاندنەوەیەک بە هەڵاواردنە نەتەوەیی و زمانییەکان، ڕوو بدا. بەڵام ئەوەی لە دوای هاتنە سەرکاری ڕوحانی لەم پیوەندییە دا دیتوومانە، بە تایبەتی لێدوانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی، دەری دەخا ئەم قوڕە، تۆزی لێ هەڵناستێ و جلەوبەدەستانی ئەم ڕێژیمە نیازی ئەوەیان نییە ئاوڕ لە زمان و مافە نەتەوەییەکانی هاونیشتمانە نافارسەکانیان بدەنەوە و هەر لە سەر هەمان سیاسەتی پێشوویان دەڕۆن.

ئەم جۆرە بێخەمی و پشتگوێخستنەی سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی و ئینسانیی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، درێژەی دەبێ ئەگەر نەتەوە نافارسەکانی ئێران و لە گەڵ ئەوان دا هەموو ئەوئێرانییانەی باوەڕیان بە مافی نەتەوەکان و مافە ئینسانییەکان هەیە، دەنگ هەڵنەبڕن و بە هەڵوێستێکی یەکگرتوانە و جیددی بەرەوڕووی ئەو سیاسەتە نەبنەوە.بە ڕاستی کۆماری ئیسلامی تا کەنگێ دەیەوێ ڕێگر بێ لە جێبەجێ بوونی لانیکەمی مافێک کە دەستووری وڵاتەکەی داویە بە نەتەوە نافارسەکان؟ ئەوە ٣٥ ساڵ لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە و 34 ساڵ لە تەمەنی دەستوور(قانوونی ئەساسی)یەکەی ڕابرد! ئەگەر ئەوەی لە ئەسلی ١٥ی قانونی ئەساسی و هێندێک ئەسل و بەندی دیکە دا لە بارەی نەتەوە نافارسەکانەوە هاتوون، شتێکی هەڵە و زیانبارن، بۆ چی ئەم ئەسل و ماددانە و هەر لە

جێدا، دەستووری وڵات ناخاتەوە بەرچاوپێداخشاندنەوەی خەڵکی وڵات؟ ئەگەر ئەو مافانەی لەم قانوونانە دا تا ڕادەیەکی کەم دانیان پێدانراوە، ڕەوان و لە جێی خۆیان دان، بۆ چی جێبەجێیان ناکا؟ئایا زمانی فارسی کە دەستەخۆشک و هاورەچەڵەکی زۆربەی زمانە ئێرانییەکانە، بەوە داهاتووی دەبێ کە زمانەکانی دیکەی بۆ سەرکوت بکرێن و بە تەنیا و بۆ هەمیشە مەیدانداری وڵات بێ؟ یا هەر لە نێوخۆی ئێران و لە نیو ئەو نەتەوانە دا کە چەندین دەیەیە، مافی خوێندن بە زمانی خۆیان نییە و ناچارن تەنیا بەو زمانە بخوێنن، لە گەڵ بێزران و ناخۆشەویستی، بەرەوڕوو دەبێ؟

ناهومێدی لە وەدینەهاتنی چاوەڕوانییە پەنگخواردووەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، وەدەنگهاتنی دەمارگرژانەی دەمراستەکانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی و داکۆکییان لە زمانی فارسی لە سەر حیسابی قوربانیکردنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی وڵات، ئەویش لە سەروبەندی نزیک بوونەوە لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، دەبێ هاندەری هەموو داواکاران و داکۆکیکەرانی مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە دەرەوە و ژووری وڵات بێ بۆ هاتنەمەیدان و وەدەنگ هاتن. بۆ ئەوەی ئەمساڵ بە حەرەکەتیکی گشتی و سەرانسەری بە پێشوازی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بچین.

با نارەزایەتییەکانمان، هیز و تواناکانمان، پێشنیار وئیدە و بیرۆکەکانمان، تێکەڵی یەک بکەین. با لە ئیستاوە، هەڵمەتێکی گشتگیر لە ناستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، میدیاکانی داکۆکیکار و پستیوانی ماف و ئازادییە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتوەکانی ئێران، چالاکانی کولتووری و مەدەنی و سیاسی، وەڕێ بخەین بۆ ئەوەی ئەمساڵ لە هەموو ساڵێک راشکاوتر بە دەسەلاتدارانی ڕێژیمی هەڵاواردن و ستەم و سەرکوت بڵێن چی دیکە بێڕیزی بە زمانەکەمان و سەرکوتی مافە نەتەوەییەکانمان قبووڵ ناکەین.

(*) ئەم وتارەم پێشتر لە فەیسبووک و ماڵپەڕی کوردستانوکورد لە ژێر تیتری"بەرامبەر بێڕێزی بە زمانەکەتان بێدەنگ مەبن!" بڵاو کردووەتەوە .

بەڵام دوای چەند ڕۆژ بە پێویستم زانی هێندێکی لێ زیاد بکەم و تیترەکەشم بەم جۆرەی ئێستا لێ کردووە.

لە ژمارە ٦٢٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٣١ی جانێویری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# شۆڕشێكی ناكام، شۆڕشێكی دزراو!

لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی خەڵكی ئێران پێ دەنێتە ٣٥ ساڵەی سەركەوتنی خۆی. ئەم بۆنەیە دەتوانێ دەرفەتێك بێ بۆ خوێندنەوەیەكی دووبارە بۆ ئاڵوگۆڕێكی سیاسیی گرنگ لە وڵاتی ئێران كە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا. ئاڵوگۆڕێك كە سەرەرای گەورەییەكەی لە زۆر ڕووەوە، هەم وەک "شۆڕش" سەیركردنەكەی، جیگای هەڵوێستە لەسەر كردنە، هەم بە سەركەوتوو ناوبردنەكەی!

ڕاپەڕینێكی جەماوەریی گەورەو سەرانسەریی خەڵكی ئێران كە لە ٢٢ی ڕیبەنداندا تەختو بەختی نیزامی ٢٥٠٠ساڵەی شایەتی تێكەوە پێچاو كۆتایی بە ٥٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی بنەماڵەی پەهلەوی هێنا، درێژەو چلەپۆپەی شۆڕشێك بوو كە نزیكەی ساڵێك بوولە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی وەڕێ كەوتبوو. چ لە ڕووی بەشداریی زۆربەی چینو توێژەكانی كۆمەڵو نەتەوە جۆراوجۆرەكانی وڵاتی ئێران لەم حەرەكەتەدا، چ بە سەرنجدان بە جێبەجێكردنی یەک لە ئامانجە سەرەكییەكانی، كە لابردنی نیزامی سیاسیی وڵات بوو، ئەوەی ساڵی ١٣٥٧لە ئێراندا ڕوویدا، شۆڕش بوو. لە ئاكامی سەركەوتنی ئەو حەرەكەتە سەرانسەریو گشتگیرە دا، ڕێژیمی سیاسیی وڵات گۆڕا و لە گەڵ گۆڕانی ئەو ڕێژیمەشدا، جێگەو پێگەی وڵاتی ئێران لە ناوچەو جیهانو، پێوەندییەكانی ئێرانی دوای سەركەوتنی شۆڕش لە گەڵ وڵاتانی جیهانو نیزامە دوو جەمسەرییەكەی ئەو كات، گۆڕانی گەورەیان بە سەر داهات.

بەڵام ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕە مێژووییە، ئەگەر لە ڕوانگەی لابردنو گۆڕینی ڕێژیمێكی سیاسی لە ڕێگای بەسیجی بە میلیۆنان خەڵكی وڵاتەوە شۆڕشێكی سەركەوتوو بوو، لە ڕوانگەیەكی دیكەوە، شۆڕشێكی ناكامو نیوەچڵ بوو. ئەگەر چی لە هاوینو پاییزو زستانی ١٣٥٧ دا، دەنگو دروشمی خومەینیو لایەنگرانی بەرە بەرە ڕەسەر هەموو دەنگو دروشمەكان كەوتو شۆڕشەكە سیمای مەزهەبیو ئیسلامیی بە خۆوە گرت، بەڵام داوای "پێكهاتنی كۆماری ئیسلامی"و "دەسەڵاتێكی مەزهەبی"، ویستو ئامانجی زۆر لە حیزبو ڕێكخراو و كەسایەتییە كانی بەشداری ئەو شۆڕشە نەبوو. لە ڕاستیدا ئەوە نەمانی"دیكتاتۆری"و"بەستراوەیی بە ئەمریكا"، گەیشتن بە "دیموكراسیو ئازادیی سیاسی"و نەهێشتنی "ستەمو نابەرابەریو چەوسانەوە لە بواری جۆراوجۆردا" بوو، كە ساڵانێكی زۆر بوو خەباتكارانو تێكۆشەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەكانی ئێران بە دیموكراتو چەپو نەتەوەییەوە، خەباتیان بۆ دەكردو لە پێناویاندا بەرەورووی ئێعدامو زیندان ببوونەوە، یا لە سەریان تووشی دەربەدەری هاتبوون.

شۆرشی ١٣٥٧ای ئێران، وەدیهاتنی ئەو ئاواتو ئامانجانەی لێنەکەوتەوە کە هێزو ڕێکخراو و کەسایەتییە چەپ، دیموکراتو پێشکەوتنخوازو نەتەوەییەکانو زۆر لە خەڵکی لە دیکتاتۆریو ستەم وەزاڵە هاتووی ئێران، دەیان ساڵ بوو خەباتیان لە پێناودا کردبوون. نەک هەر ئەو ئاواتانە وەدینەهاتن بەڵکوو هێندێک لەو مافو ئازادییە تاکەکەسییانەش کە خەڵک لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتیدا، بە دەستیان هێنابوون، لێیان ئەستێندرایەوە. لە ئاکامی بەلاڕێدابرانی شۆڕشەکەو دەستبەسەرداگیرانی دەسکەوتەکانی لە لایەن ئاخوندە بەدەسەڵاتگەیشتووەکانەوە، دیکتاتۆرییەکی چەند قات خراپتر لە ڕێژیمی شایەتی بە ناوەرۆکێکی مەزهەبییەوە لە ئێران هاتە سەر کار. ئەو دیکتاتۆرییەو ئەو سیستەمە دژی ئازادییە کە ناوی "کۆمار"یشی لە سەر خۆی دانا، بووە دەسپێکی یەک لە ڕەشترینو تاڵترین سەردەمەکانی مێژووی ئێران. سەردەمێک کە بە حەق دەکرێ بە سەردەمی گەڕانەوە بۆ یاساو ڕێوشوێنەکانی سەدەکانی نێوەراست، سەردەمی تاوانی بێسنوورو بێئەژمار دژی خەلک بە گشتیو بە تایبەتی بەرهەڵستکاران، جیابیرانو ناڕازییان، ناوی بەرین. سەردەمێک کە خەڵکی ئێران سەرەڕای بەرەورووبوون لە گەڵ زەبر و زەنگو توندوتیژیی دەسەڵاتێکی فاشیستیو کۆنەپەرست، هەر لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕێژیمی هەڵقولاو لە هەناوی ئەو شۆڕشە بەلاڕێدابراوەوە، تووشی شەڕو گوشارو گەمارۆی دەرەکییش بوونەوە.

ڕوانینێک لە سیمای دڵتەزێنی ئەمڕۆی کۆمەڵو وڵاتی ئێران و بارودۆخی ژیانی خەڵکەکەی، پێمان دەڵێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری شۆرشی ١٣٥٧ و دەستبەسەرداگری دەسکەوتەکانی، لە زۆربەی بوارەکان دا، وڵاتی ئێرانی نەک هەر بەرەوپێش نەبردوە بەڵکوو چەندین ساڵ بۆ دواوەی گێڕاوەتەوە. بەڵام لە گەڵ ئەو هەمووە نەهامەتی و ڕۆژرەشییەش دا کە ئەم ڕێژیمە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دەروونیدا بۆ خەڵکی ئێرانی بەرهەم هێناوەو سەرەڕای لە نێوبردنو سەرکوتی بێپسانەوەی ئازادیخوازانو خەباتگێران، خەڵکی ئێران ئامانجە ئەسڵییەکانی شۆڕشە دزراوەکەی خۆیان لە بیرنەبردوەتەوە. بوونی بزووتنەوە سیاسیو کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکانو سەرهەڵدانو پەرەگرتنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران لەم دوو دەیەی دواییدا، ئەگەر لە لایەکەوە دەکرێ وەک پەنابردنی هێزە سیاسییەکانو خەڵک بۆ شێوازی نەرمو هێمنانەی خەباتو هەوڵدان بۆ ئالوگۆڕی بەرەبەرەی سیاسی لە جیاتی گۆڕینی خێراو بنەڕەتیو شۆڕشگێرانە لێک بدرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە، دەتوانین وەک پێداگریو بەردەوامی لە سەر ئەوئامانجانە بیانخوێنینەوە کە مێژووەکەیان بۆ شۆرشی ١٣٥٧و تەنانەت چەندین دەیە پێشتریش دەگەڕێتەوە. ئەو ئامانجانە شەبەنگێکیان دروست کردوە کە ویستو داخوازی جۆراوجۆری لەخۆ گرتوون. لە پێویستیی سەربەخۆیی سیاسیی وڵات شانبەشانی هەبوونی پێوەندییەکی بەرین لە گەڵ دنیای ئەمڕۆ هەتا دەگاتە داوای نیزامێکی کۆماریی پشتئەستوور بە هەڵبژاردنو دەنگی خەڵک، لە کورتبوونەوەی دەستی دام ودەزگاو دامەزراوە مەزهەبییەکان لە دەسەڵات هەتا دەگاتە جیایی دین لە دەوڵەت، لە دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەبندەستەکانی ئێران تا دامەزرانی سیستەمێکی فیدراڵی، لەنەهێشتنی مەودای زۆری چینایەتی و دابینکردنی ژیانێکی شیاو بۆ چین و توێژە زەحمەتکێشەکان تا جێگیرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی لە پەسەندکراوە جیهانییەکان دا، ڕەنگیان داوەتەوە. لە یەکسانیی ژن و پیاو را بگرە تا نەمانی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە و هەڵاواردنی

رەگەزی، نەتەوەیی، دینی، زمانی و هتد. لە كۆنترینی ئەو ئاواتانەی كە لە شۆرشی مەشرووتەوە تا ئێستا وەدینەهاتوون، هەتا دەگاتە نوێترین خواستەكانی نەوەكانی سەردەمی بە جیهانیبوون.

بەڵام، ئایا كۆماری ئیسلامی خاوەنو هەڵگری ناوەرۆكو پێكهاتەیەكی ئەوتۆیە كە تەنانەت لە گەڵ شێوازە نەرم و هێمنانەكانی خەبات و داوای ئاڵوگۆڕهەڵ بكا؟ ئەگەر ئەم شێوازانە، نەتوانن ڕێخۆشكەری بەرەبەرەی گۆڕانی سیاسی لە ئێراندا بنو ئاواتو ئامانجە لە مێژینەكان، هەر بە سەركوتكراوی‌و وەدینەهاتوویی بمێننەوە، چار چییە؟ شۆرشێكی سەرانسەریی دیكە بە دەرسوەرگرتن لە ڕابردوو و وریا بوون لە دزران و بەلاڕێدابردنی؟ یا....

با ٣٥ساڵەی شۆرشی ڕێبەندان بكەین بە دەرفەتێك  بۆ دۆزینەوەی وڵامی شیاو بۆ ئەم جۆرە پرسیارانەمان.

لە ژمارە ٦٢٥ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد  -  ڕێكەوتی : ٤ی فێبریویری ٢٠١٤

---

# ٨٠ ساڵەیی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی خەباتکار و نیشتمانپەروەر

لە مێژە چاوەڕوانی هاتنی ١٢ - ١٢ - ١٣٩٢، ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی بەڕێز، نیشتمانپەروەر و دڵسۆزم. ئەو کەسایەتییە کاک جەلیلی گادانییە کە زۆر لەوە ناسراوترە پێویستی بە ناساندن بێت.دیارە کاک جەلیل خۆش شانسە کە لە ڕۆژێک دا لە دایک بووە کە تایبەتییە، ئەویش ڕۆژی ١٢ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٣١٢یە.

لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە بۆ یەکەم جار بیستم کاک جەلیل گادانی لە ١٢ی ١٢ی ١٣١٢ لە دایک بووە، کەم ساڵ هەبووە کە لە ١٢ی ڕەشەمە دا نەکەوتبمە یادی لە دایکبوونی ئەو مرۆڤە بەڕێز و خۆشەویستە. دیارە جاری واش هەبووە بە تایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی دوایی دا، لە سەر لاپەڕەکەی خۆی لە فەیسبووک دا، پیرۆزبایی ئەم یادەم لێکردوە. بەڵام ئەمساڵ بیرەوەرییەکە جیاوازە، چونکە کاک جەلیل دەبێتە هەشتا ساڵە و پێ دەنێتە نێو هەشتا و یەکەمین ساڵی لە دایکبوونی.

خۆشحاڵم کە شانازیی هاوخەباتی و هاوسەنگەریی مرۆڤێکی گەورەی وەک کاک جەلیل گادانیم هەیە و خۆشحاڵتریشم کە ئەندامی حیزبێکم قەدرزان و پێزانە و ڕێز و قەدری تێکۆشەرە بەئەمەگ و دڵسۆز و وەفادارەکانی خۆی دەزانێ. نموونەکەی ئەوەیە کە دەیەوێ لە یادی هەشتاساڵەی لە دایکبوونەی کاک جەلیل دا ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پێک بێنێ و ڕێزلەو کەسایەتییە بگرێ، ئەگەر چی ئەو ڕێوڕەسمە بە هۆی لە ماڵ نەبوونی کاک جەلیل و نەگەڕانەوەی لە سەفەری دوورەوڵات، لە ڕۆژی خۆیدا بەڕێوە ناچێ و چەند ڕۆژێک دوا دەکەوێ. بەڵام کاک جەلیل و کاک جەلیلەکان، ئەوانەی هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی ئەم حیزبە وخەبات لە پێناوی ئاوات وئامانجەکانی نەتەوەکەیاندا تەرخان کروە، لە حیزبی دیموکرات و لە نێو نەتەوەی کورددا بە خۆشییەوە کەم نین. هەر چەند کاک جەلیل لە نێو ئەو جۆرە کەسانەش دا جێگایەکی تایبەتی هەیە.ئەم تایبەتییبوونەی دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک تایبەتمەندیی ئەو مرۆڤە. بەر لە هەموو شتێک ماندوویی نەناسین لە خزمەتکردنی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی دا. پاشان سەبارەت بە ڕەوشت و هەستێکی ئینسانیی بەرز و خەمخۆربوونی لە ئاستی هەموو ئەو کەسانە کە بە حیزبەکەی، بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ، بە نەتەوەی کورد و بە مرۆڤایەتییەوە، ماندوو بوون.

کاک جەلیل، لە گەڵ ئەو هەمووە ناوو ناوبانگ و خۆشەویستی و ڕابردووە دا، ئەوەی نەیزانێ و نەیناسێ، تەکەببوور و خۆپێزۆرییە. بێفیز و سادەیە هەتا ئەو پەڕی.

لە گەڵ چین و توێژ و کۆڕ و کۆمەڵ و کەس و کەسایەتیی جۆراوجۆردا تێکەڵاوە.چەندی خوا حەز دەکا، کۆمەڵایەتییە و لە بەسەرکردنەوەی دۆستان و ئاشنایان و ئەو کەسانەی شایانی لە بیربوونن، غافڵ نییە.قەدری هونەر و کتێب و نووسین و خوێندنەوە دەزانێ. هەمیشە هەوێنی چاکە و تەبایی و چالاکییە، ورەدەر ومایەی گوڕ و تینە. مرۆڤ لە هەر دۆخێک و وەزعێک دابێ، کە دەگاتە کاک جەلیل و گوێی لە قسەکانی دەبێ، یا لە باوەڕ و ئیمانی خەباتکارانەی ڕادەمێنێ،ورەی دێتەوە بەر. دژی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکە و بە مانای ڕاستەقینە دیموکرات و دادپەروەر و مرۆڤدۆستە.

گادانییەکان، ئەگەر هەر تەنیا کاک جەلیلیان لە کۆڕی خەبات و کاروانی پڕسەروەریی تێکۆشان دا هەبا،بەس بوو بۆ ئەوەی هەست بە شانازی و سەربەرزی بکەن. بەڵام کاک جەلیل، تاقە ڕێبواری هەتاسەری ئەم خانەدانە لەمەیدانی خەبات و قوربانیدان دا نەبووە.براکانیشی، نەمران کاک خەلیل و کاک محەممەد و برازا شەهیدەکانیشی،ئەستێرەی درەوشاوەی گادانییەکانن لە ئاسمانی پڕئەستێرەی کوردایەتی وخەباتی ئازادیخوازیدا.هەر چەندی بنووسم، ناتوانم ئاوێنەیەکی ئەوتۆ بخوڵقێنم کە کاک جەلیلی بە تەواوی و بەو جۆرەی هەیە، بە خەرمانێک خزمەتی بێدریغ و دڵپاکانەوە، تیدا بنوێنم. ئەو بە تەنیا مێژوویەکە لە تێکۆشان و کۆڵنەدان، مێژوویەک پڕ لە دەربەدەری و چوونە بەندیخانە و ئاوارەیی، مێژوویەک تژی کەوتن و هەستانەوە، خۆشی و ناخۆشی، شکان و سەرکەوتن، هەمووشی لە پێناوی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد و نیشتمان و وڵاتێک بە ناوی کوردستان و ئامانجە بەرزەکانی ڕزگاری و دادپەروەری و مرۆڤدۆستی دا.

من، لەم یادە دا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بەو چەند دێڕە و بە باوەشێک لە گوڵە جوانەکانی کوێستانەکانی وڵاتی جوان و نەخشینی گەورە خەباتکارانی وەک کاک جەلیل، بچمە بەرقاپییەی یادی هەشتا ساڵەی مامۆستا جەلیل گادانییەوە و بەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە ئارەزووی تەمەندرێژی و سلامەتی و بەردەوامی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی دا بۆ بخوازم.

**

لێشم مەگرن ئەگەر بەم شێعرە جوانەی شەفیعیی کەدکەنی کە بۆ هەشتاساڵەیی نەمر محەممەد قازیی، کورد و وەرگێڕی ناسراوی ئێرانی وتوە، سەری ئەم باسە بگرم:

قاضیا ، نادرە مردا و بزرگا رادا
سال هشتاد و یکم بر تو مبارک بادا
شادی مردم ایران چو بود شادی تو
بو کە بینم همە ایام بە کامت شادا

پیر دیری چو تو در دهر نبینم امروز
از در بلخ گزین تـا بە در بغدادا
شمع کردانی و کردان دل ایران شهرند
ای تو شمع دل ما پرتوت افزون بـادا
مایە و دایە پروردن ایران مهین
بود آیین مها بـادی و ملک مادا
فخر تـاریخ و تبار همە ماست زکرد
شیخ اشراق و نظـامی دوتن از اکرادا
عمری ای دوست بە فرهنگ وطن جان بخشید
قلمت ، صاعقە هر بد و هر بیدادا
همچنین شاد و هشیوار و سخن پیشە بزی
نیز هشتـاد دگر بر سر این هشتـادا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٣ی مارچی ٢٠١٤

## کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

"گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کاروانی دوور و درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن.

مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستی و ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێ دا، کاروانی گیانبەخشین و سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستان و سەربەرزیی کورد دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت.

هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆمار دا،دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆمارەیەک لەوان بوو.دواتر،کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە و بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لە گەڵ دابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆرەسواری کۆمارپارێزهەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەر و پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵلا بەگی،حەسەن خانی فەیزووڵلا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی،عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی،شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازی بڵاغی،شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانی و ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرکۆماری کوردستان، دەبێتەوە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەد دا، کە لە تاریک وڕوونی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦هەتاوی (٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازی ونوێنەر لە پارلمانی ئێران و،حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەوا و وەزیری بەرگریی کۆمار،هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکیبە پرشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر داری بێداد، هەر وەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانی دا، ناوێکی هەتاهەتایی و ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژ کرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون

ئێوە من ئێعدامم کردوون

کەی لە پاش من بێخەم دەبن

هەر کوردێک یەکێکە وەک من

مردن لە ڕێگەی نیشتمان

سەربەرزییە بۆ گشتمان"

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوییەوە،کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی.

"هەر کاروانێ،

بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ،

کەم بن یا زۆر،

دەگەنە خۆر."

**

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان،قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان، کوژایەوە. بەڵام خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دا نەوەستا و ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنی و چوونە بەندیخانەو پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەدا و دەستیان بەرنەدایەوە.

**

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێک دا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دا سەپا، کە شای ئێران، خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنی و سەقامگیری.بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدان و دڕدانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتە و پەرداخەی

ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادر و بەڕێوەبەر و پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا رەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاح و کۆمەڵێک ناوی دیکە تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

**

"ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان،ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ رێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ."

حیزبی دیموکراتی کوردستان،لە مێژساڵە، بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین رۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن ، بیری لە ناودێر کردنی رۆژێک بە ناوی "رۆژی شەهیدانی کوردستان" کردەوەتەوە. بۆ ئەم رۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو رۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە رۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم رۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیو سەدەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە گەڵ ئەم حیزبە دا خەڵکێکی زۆر لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە رۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە رۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا درێژەدەرانی رێگای شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکان و رێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

**

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بە سەر خەبات وخۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دا،گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیی گیانی و ماڵیی بۆوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە رەوتی هێرش و پەلاماری هەوایی و زەوینیی رێژیمی ئێران دا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەوی و ئاسمانەوە و، دانیشتوانیان ئاگر و ئاسنیان بە سەر دا بارا. دانیشتوانی دەیان گوند لە گەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەورووو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەلاتان، سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ، کەرێزە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار،

خەڵیفەلیان، شێخ مارف، چەقەڵ مستەفا وچەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەسات و قەلاچۆی گەورە و بچووکی دانیشتوانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترە و سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن.

نزیک بە پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و تێکۆشەروئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

**

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانە دا گیانیان لێ ئەستیندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کورد وکوردستان دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر،بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگری و لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمنداڵ گیانیان لێ ئەستیندراوە.

**

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگ و فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەیی و گشتی و سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شارو ناوچەکانی کوردستان، تێی دا بەشدارن.

شاری، لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی،خوێندکار، وەرزێر، کرێکار، ئەفسەر و سەربازی نیشتمانپەروەر، بە شانازییەوە لەم خەباتە دا بەشداربوون. شارو ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، کرماشان و ئیلام هەر هەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشان و قوربانیدان کردوە ورۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ خستوە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و پەیرەوانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردوە و بە هی خۆیان زانیوە. دانیشتوانی ئازەری زمانی کوردستان و ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانی و بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئاییینی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەكانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموكراتیكی كوردستان دا،گیانیان بەخشیوە وخەبات لە ڕێی نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەكانی حیزبی دیموكراتیان دا، بە تەواوكەری ئەركە ئاییینی و كۆمەڵایەتییەكانی خۆیان زانیوە.

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەكان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی كوردستان دا، لە گەڵ پێگەی چینایەتی و كۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵكوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەكانی كوردستان،لە ڕیزی هێزە خەباتكارەكانی كوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموكراتی كوردستان دا، قوربانیان داوە وشەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە كوردستان شارو گوندی نەناسیوە. شارەكان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەوای و زەمینیی هیزەكانی كۆماری ئیسلامی و دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەكانیان بەرەوڕووی هێرشكەران دەوەستانەوە و بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەكانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هیزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی پۆشتە و پەرداخی كۆماری ئیسلامی. ئەوان هەر تەنیا پەشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و دابینكەری نان و ئاویان نەبوون، بەڵكوو سەرچاوەی دابینكردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. ڕاستە هەر شارێک، هەر گەڕەكێک، هەر گوندێک، پشكێک لە شانازیی و بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر كەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوند و تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێكی زیاتر لە قوربانیدان و خۆبەختكردنیان بەر كەوتوە. بزووتنەوەی كوردستان، قەرزدار وقەدرزانی ئەوشار و ناوچە وگوند و بنەماڵانەیە كە لە پێشبڕكێی تێكۆشان و قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

**

ژنان و كچان،هەموو كات بەشێكی جیانەكراوە بوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەكەیان. ئەوان هەر بە پشتیوانیی پیاوانی خەباتكار لە شارو گوند نەوەستاون، بۆخۆشیان چوونەتە نیو چەقی مەیدانی بەرەنگاری. لە بەندیخانەكان، لە مەتەریزەكانی چیا، لەڕێكخستنە نهێنییەكان و لە هەموو سەنگەرەكانی تێكۆشان دا، بە پێی توانا و ئیمكان، دیار بوون و لە گیانبەخشین نەسڵەمیونەوە.

**

لە ڕیزی تێكۆشەرانی ئاشكرا و دوورەوڵات و لە نیوخۆی شاروگوندەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان، زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەر و خەباتكار و، زۆر ئەندام و دۆستی وەفاداری حیزبی دیموكرات و بزووتنەوەی كوردستان هەبوون كە تا دواهەناسە بە ڕێگای پڕشانازیی شەهیدان دا ڕۆیشتوون. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی بە مەرگی ئاسایی سەریان ناوەتەوە، لە روانگەی حیزبی



سەرچاوە Serchawe

دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕیزی نەمران دان و لە گەڵ شەهیدان دا، بە ڕیزەوە یادیان دەکرێتەوە.

ئەگەر چی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا هەیە بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکان و هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک،ژیان وگیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازی وداواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی دا بەخشیوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا ڕێزیان بۆ دادەنێ.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەران و بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتمان دا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا دەبینرێن زیاتر لە ٢٥ کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزب و هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و شەهید کراون.

١٠ی خاکە لێوە،هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جیی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان،ڕێبەران و تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. ١٠ی خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە ڕزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد لە داگیرکراوی و بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان،لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٩ی مارچی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە غەیابی شێوەکانی دیکەی خەباتدا

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو سی مانگی ڕابردوودا، شایەدی چەندین حەرەکەتی مەدەنی لە شارو ناوچە جۆربەجۆرەکان بوو کە جێگای سەرنج بوون. ئەم وتارە هەوڵ دەدا هەڵوێستەیەک لە سەر چەند لایەنێکی ئەم چالاکییانە بکا.

### نموونە درەوشاوەکانی حەرەکەتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

ڕۆژهەلاتی کوردستان سەرەڕای ئەو خەباتو بەرەنگارییە توندوتیژانەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە سەر خەڵکو بە تایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو بەشەی ئێرانی داسەپاندوە، خاوەنی ئەزموونێکی تایبەت بە خۆی لە تیکۆشانو خەباتی مەدەنی دایە. ئەگەرچی ئەو ئەزموونە ئەوەندە فرەرەهەندو دەوڵەمەند نییە، بەڵام جێگای سەرنجە. هەر لەم چەند سالەی دوایی‌دا، چەندین حەرەکەتی گرنگی مەدەنیمان بینی. مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩، ڕێورەسمە نەورۆزییە پرشکۆکانی ئەم ساڵانەی دوایی، مانگرتنەکانی تایبەت بە ساڵڤەگەڕی تیرۆری د.قاسملوو، نارەزایەتیدەربڕینی مەدەنیانە بەرامبەر سووکایەتیی کاربەدەستان بە ژنان، هەوڵە بەنرخەکانی ژینگەپارێزانی کوردستان، تێکۆشانێکی بەرین لە رووبەرێکی فرەواندا بە مەبەستی فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی، بەدەنگەوەهاتنی قوربانیانی کارەساتەکەی شیناوێ، بەڕێوەبردنی بوێرانەو ڕاشکاوانەی ڕێورەسمەکانی تایبەت بە ٨ی مارسو ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، کۆمەڵێک لەو نموونە درەوشاوانەن.

لە ڕەشەمەی ڕابردوو و مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، شایەدی دەورێکی نوێ لە چالاکییە مەدەنییەکان بووین. پێکهاتنی کۆڕو کۆبوونەوەی فەرهەنگیو نەتەوەیی لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە لە نێو زانکۆکانی ئێران، بەڕێوەچوونی کۆمەڵێک کاری سەمبولیک کە هەڵگری پەیامی ژینگەپارێزانە بوون، وەک بەرهەڵدانی کەوی ڕاو و شکاندنی تاپڕو سووتاندنی ڕکە (قەفەس)ی باڵندە ڕاوییەکان، لەو زنجیرە چالاکییانە بوون. وەستانەوە بەرامبەرکۆسپو بەربەستەکانی یەک دوو ساڵی رابردووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزییەکانو بەڕێوەبردنی مراسمی نەورۆزی بە گیانێکی نەتەوەییو جەماوەریو پێشکەوتنخوازانە، پیشاندەری جۆرێک بووژانەوەو گەشانەوەی ئیرادەی تێکۆشانو چالاکیی مەدەنی لەمساڵدا بوون.



سەرچاوە Serchawe

## بوارو هۆکارە درێژخایەن‌و کورتخایەنەکانی چالاکییەکان

ئەوە کە کوردستان دەیان ساڵە مەیدانی خەباتو بەربەرەکانیی ئازادیخوازان‌و تێکۆشەران لە گەڵ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرەوە لە سۆنگەی بەردەوامیی ئەو خەباتەوە ئاستێکی بەرزی وشیاریی سیاسی‌و گشتی لە کوردستان دروست بووە، دەکرێ وەک زەمینەیەکی بە هێز بۆ لەمەیداندابوون‌و لەسەرخەتبوونی خەڵکو بە تایبەتی توێژە پێشەنگەکان بۆ خەباتی مەدەنی سەیری بکەین. ڕاستە ڕێگرو کۆسپی جۆراوجۆر لە بەردەم پەنابردنی خەڵک بۆ خەباتی هێمنانەو مەدەنی هەن، بەڵام گیانی کۆڵنەدان‌و دەستەوەگرنەبوون لە مافو ئازادییەکان، لە نێو خەڵکدا بەبەردەوامی حوزووری هەیە. هەر بۆیەش هەر کە کەمترین دەرفەت دێتە پێش، ئەو خەڵکە دەرفەتەکان دەقۆزنەوەو بە چالاکی‌و حەرەکەتی مەدەنی، تا رادەیەک قەرەبووی سستی‌و نوشوستیی شێوەکانی دیکەی خەبات دەکەنەوە.

ئەم راستییەی ئاماژەی پێکرا دەتوانین وەک زەمینەیەکی «بالقوە» لە کوردستان بۆ خەباتی مەدەنی سەیر بکەین. بەڵام هەرچی زەمینەی «بالفعل»ی ئەم جۆرە تێکۆشانەیە، لەژێر کاریگەریی هەلومەرجو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕۆژانەی ئێران دایە. تەقینەوەی ململانێی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتو پێشڕەوی‌و پاشەکشەی بزووتنەوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە سەرانسەرییەکان، کاریگەریی بەرچاویان لە سەر بووژانەوە یا نیشتنەوەی حەرەکەتە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هەڵبژاردنە سەرانسەرییەکانی ئێران زۆربەی جاران، قۆڵەکانی دەسەڵاتیان بەرامبەر یەکتر راگرتووە لە سۆنگەی ململانێی ئەوانەوە، کەم تا زۆر دەرفەتێک بۆ هەناسەدانی بەشداران‌و ئەکتەرانی خەباتو تێکۆشانی مەدەنی ڕەخساوە. ساڵی ١٣٩٢ هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌و شووراکانی شارودێ لە ئێراندا بەڕێوە چوون. ئەم هەڵبژاردنانە لە گەڵ هەموو بەربەستێکدا کە لە سەرڕێیانە، بەڵام دەرفەتخوڵقێن‌و فەزاسازن. بە تایبەتی کە باڵەکانی نێودەسەڵات بە ئامانجی سەرکەوتن بە سەریەکتردا لەم هەڵبژاردنانە، دەکەونە نەقدکردنەوەو تاوانبارکردنی یەکترو هەوڵی وەدەستهێنانی دەنگی گرووپو تەیفەجۆراوجۆرەکانی دەنگدەران دەدەن. لێرەدا بوو کە چالاکانی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و مەدەنی لە کوردستان، مەرجدارانەو بە چاوەڕوانی‌و داخوازی خۆیانەوە، هاتنە مەیدان. ئاوڕدانەوە لەو چاوەڕوانی‌و داخوازانە لە لایەن بەربژێران بە بە تایبەتی بەربژێری ئەسلییەوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسکو تەنیا لە حەددی بەڵێن‌و دروشمی کاتی هەڵبژاردنیش دابووبێ، هاندەری زیاتر هاتنەپێشی خەڵکو بە هێزبوونی بڕوابەخۆبوونیان بۆ خستنە رووی داواکانیان بە شێوەیەکی هێمنانەیە. لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن‌و دەستبەکاربوونی ڕۆحانی وەک سەرکۆمار، بەدواداچوون لە لایەن خەڵکەوە بۆ ئەوەی دروشمو بەڵێنەکانی پیوەندیدار بە خۆیان لە لایەن ناوبراوەوە، پشتگوێ نەخرێ‌و دەنگی بە خۆڕاییان لێوەرنەگیرابێ، هۆیەک بووە بۆ زیندوێتیی فەزای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

**چۆن دەتوانین پشتیوان و یارمەتیدەری ئەو چالاکیانە بین؟**

لەو باسە دەگەڕێم کە ئەو حەرەکەتو چالاکییە مەدەنیانەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەن، دەکرێ بە بزووتنەوەی مەدەنی پێناسەیان بکەین یا چالاکیی مەدەنیی جیاجیای بێپیوەندی لە گەڵ یەکترن؟ ئەم حەرەکەتانە دەکرێ پەرە بستێنن‌و هەم لە ڕووی جۆراوجۆریی داخوازەکانیان‌و بەشداریی چین‌و توێژەکانی خەڵک، هەم لە ڕووی جوگرافیاو شوێنی بەرێوەچوونیان دەوڵەمەندو بەرین ببنەوە. ئەم حەرەکەتانە لە ڕەوتی پەرەگرتن‌و بەرەوپێشچوونیان دادەتوانن ببنە هەوێنی بزووتنەوەیەکی مەدەنیی گەورە، بەو مەرجەی لە ناوەوەو لە دەرەوە ڕا، هەوڵی لە نێوبردنی لاوازییەکانیان‌و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگایان بدەین.

چالاکییە مەدەنییەکان‌و بەشدارانی ئەو حەرەکەتانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکەوە بەردەوام لە گەڵ گوشارو هەڕەشەی سەرکوت بەرەوڕوون. ئەمە بەردەوام قوربانیان لێدەستێنێ‌و هەر جارەی کۆمەڵێک لە ڕێکخەران‌و ئەکتەرانی ڕیزی پێشەوەیان تووشی زیندان‌و دەستبەسەری‌و حوکمی نارەوا دەکا. لە لایەکی دیکە بە هۆی بوونی دیکتاتۆری‌وسەرکوت لە وڵاتداو بێبەشبوون لە مافی پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوەی تایبەت، تواناو ئیمکانێکی کەمیان بۆ هێنانەمەیدانی پشتیوانان‌و لایەنگرانی خۆیان هەیە. جگە لەمەش نە بۆ خۆیان خاوەنی ڕاگەیەنی ئەوتۆن کە دەنگیان بە هاسانی بە کۆمەڵ بگاو نە لە وڵاتەکەیان ڕاگەیەنی ئازادی ئەوتۆ هەیە کە دەنگی ئەوان بە گوێی بەردەنگەکانیان‌و بیروڕای گشتی بگەیەنێ.

ئەم کێشەو گرفتانەی سەرەوە لە گەڵ کەمی‌و لاوازیی ئەزموونی خەباتی مەدەنی لە ئێران بە گشتی‌و لە کوردستان بە تایبەتی دەستەملانیی یەکتر بوون. بەڵام ئەمە هەمووی کێشەکە نییە. مەودای زۆری نیوان بەشدارانی ئەم جۆرە چالاکییانەو حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرفت‌و کێشەی هەرە گرنگە. خوێندنەوەی زۆربەی ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانە لەم جۆرە چالاکییانە، هاندان‌و دڵگەرمیەکی ئەوتۆی بۆ ڕێکخەران‌و بەشدارانی حەرەکەتە مەدەنییەکان تێدا نییە. ئەو داخوازانەی لە چوارچێوەی ئەم حەرەکەتە مەدەنیانەدا، دەخرێنە روو لە ڕوانگەی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانەوە، شتێکی زۆر کەم و بێبایەخن و ئەوەندەی هەوڵی بردنە ژێرپرسیارو بە کەمنیشاندانیان دەدرێ، یەک لە دەی ئەوە، کار بۆ بەهێزکردن‌و پشتیوانی لێکردن‌وکردنیان بە چەکێکی کاریگەر بۆ جووڵاندنی کۆمەڵ، ناکرێ.

لە هەلومەرجێکدا کە شێوە خەباتێکی جیددی بۆ تەنگهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی لە لایەن حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە لە گۆڕێدا نییە، وەڕێخستن‌و بە هێزکردنی خەباتی مەدەنی لە نیوخۆی وڵاتدا دەتوانێ، قەرەبووی دیارنەبوون‌و لەمەیدان دوورکەوتنەوەی شێوە خەباتەکانی دیکە بکاتەوەو کۆمەڵ لە سستی‌وبێدەنگی دەرباز بکا. وا

دێتەبەرچاو کە کردەییترین‌و گونجاوترین ڕێگا بۆ بووژاندنەوەی فەزایەکی سیاسیی خەباتکارانەو مافخوازانە و تێکەڵ بە خۆراگری‌و ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرنگیدان بەم شێوە خەباتە بێ. ئەمەش لە گرەوی پێکهاتنی گۆڕان لە خوێندنەوەو ڕوانینی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بۆ چالاکییە مەدەنییەکانی نیوخۆو بەهێزکردنی پێوەندی لە گەڵ چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە.

لە ژمارە ٦٣٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە - سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد ، ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٤

## بۆ بەربەرکانی لەگەڵ بەرهەمهێنانو فرۆشتنی ماددەی شیشە،
## هەڵمەتێکی گشتی پێویستە

بۆ بەربەرکانی لەگەڵ بەرهەمهێنانو فرۆشتنی ماددەی شیشە، هەڵمەتێکی گشتی پێویستە ماڵوێرانکەری تایبەت بە خۆیانن. زیانی بەکارهێنانی ئەو ماددانە، هەر بەبادانی سامانو دارایی بەکارهینەرانو بنەماڵەکانیان نییە، جەستەو رۆحی تووشبووانیش لە ئاکامی خواردنو کێشانو بەکارهێنانی ئەو ماددانەدا، بەرە بەرە دادەفەتێنو وێران دەبن. شوێنەواری وێرانبوونی جەستەو رۆحی تووشبوانیش بناغەی بنەماڵەکانیان هەڵدەتەکێنێ.

بەڵام ئەمە هەمووی کارەساتەکە نییە. بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو کەسی تووشبووی ماددە سڕکەرەکان لە هەر گوندو شارێک، چوونە سەری ژمارەی بنەماڵە لێکهەڵوەشاوەکانو زیادبوونی ژنانو منداڵانی سەرپەرست لەدەستچوو، دەبن بە هەوێنو ماکەی زۆر کێشەی دیکە. جگە لەوەی زۆر نەخۆشیو کێشەی کۆمەڵایەتی لە سەر زەمینەی بوونی ئەم هەمووە مرۆڤە لێقەوماوە سەرهەڵدەدەنو گەشە دەکەن، کۆمەڵ لە تەواوەتیی خۆیدا گەشەو نەشەو زیندوێتیی خۆی لە دەست دەداو ئەگەر ڕەوتەکە بەری پێنەگیرێ، پاش ماوەیەک کۆمەڵ نەخۆش دەکەوێ.

**

کۆمەڵی ئێران، لە سێبەری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو توتالیتێرو بە هۆکاری سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریو کۆمەڵایەتیی سەرچاوەگرتوو لە دەسەڵاتدارەتیو بەڕێوەبەرێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ماوەی سێ دەیەو نیوی ڕابردوو دا، ئیستیعدادی سەرهەڵدان و گەشەکردنی قەیرانو کێشەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری تێدا پێک هاتوە. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا، لانکەو ژینگەی بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازیو مەیدانی بەربەرەکانی لە گەڵ سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەو دەسەڵاتە بووە. ئەم ڕاستییە لە لایەک هۆکار بووە بۆ بوونی وشیاریو بەرزبوونی ئاگایی گشتیی خەڵک بە تایبەتی لاوانو دووریکردنی ڕێژەیی ئەوان لە دیاردە نەرێنییەکانو یەک لەوان بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان. بەڵام هەر بوونی ئەو گیانی بەربەرەکانیو ئازادیخوازییە لە نێو لاوانی کوردستاندا، لە لایەکی دیکەوە بووە بە هۆی ئەوە، دامودەزگاو دامەزراوە ئەمنییەتیو سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەترسییەکی گەورە بۆ دەسەلاتدارەتیی ڕێژیمەکەیانی بزانو هەوڵی وێرانکردنو نەهێشتنی بدەن. دواخستنو پشتگوێخستنی بە ئەنقەستی کوردستان لە باری ئاوەدانیو تەرخان نەکردنی پرۆژەو بەرنامەی تایبەت بە بەرهەمهێنانو



سەرچاوە Serchawe

دامەزراندنو دابینکردنی کارو داهاتو بژێو، هەوڵێکی ئاگایانە بووە بۆدروستکردنی زەمینەی پاڵپێوەنانی لاوانی کوردستان بەرەو یەک لەم دوو چارەنووسە: ببن بە چەکدارو مۆرەو خزمەتکاری ئەم دامودەزگایانە، یا بەرەو ئیعتیادو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بڕۆنو لە نێوەوە وێران بن! تەنانەت کاسپیی پڕزەحمەتو مەترسیداری کۆڵبەریو هێنانو ڕاگواستنی کەلوپەل لە سنوورەکانیشیان پێڕەوا نابینن و بە ئاسانی دەیاندەنە بەر دەسڕێژ بۆ ئەوەی چارەنووسێکی دیکەی جیا لە هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕێگایەیان نەبێ.

لە سەر ئەم زەمینەیە، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کوردستانیش تووشی داوی ئیعتیاد بوون، ماوەیەکە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی ناوچەی سەردەشتو چەند ناوچەیەکی دەوروبەر، بوون بە مەڵبەندی بەرهەمهێنانو سادرکردنی پڕمەترسیترین جۆری ماددەی سڕکەر کە بە «شیشە» ناسراوە. ژمارەیەکی بەرچاو مرۆڤی هەلپەرستو بێویژدان خۆیان بۆ بەرهەمهێنانو فرۆشتنو بڵاوکردنەوەی ئەم ماددە خەتەرناکە تەرخان کردوە. زۆرماڵو ئەنبارو خانووی نێوباغو مووچە، تاقیگەو کەلوپەلی دروستکردنی ئەم ماددەیەیان تێدا جێگیر کراوە. چۆنیەتیی هاتنی ئەو دەرمانو ماددانەی «شیشە»یان لێدروست دەکرێ، شێوەکانی بڵاوکردنەوەو بەڕێکردنی بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانو ئێران، داهاتی سەرسوڕهێنەری ئەم بازرگانییە ماڵوێرانکەرە، ڕۆڵو دەستتێدا هەبوونی کاربەدەستانو دامودەزگا ئیتلاعاتیو سەرکوتکەرەکان لەم بازرگانییەدا، ڕادەو ژمارەی قوربانییەکانی پەرەگرتنی مەسرەفی ئەم ماددەیەو خەسارە کورتخایەنو درێژخایەنەکانی مەسرەفی ماددە سڕکەرەکانو بە تایبەتی ماددەی شیشە، هەڵ دەگرێ هەڵمەتو کاری هەرەوەزیی لە ئاستی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانو ڕاگەیەنەکانیان بە تایبەتی تەلەڤیزیۆنەکانیانو دامەزراوەو چالاکانی مەدەنیی نیوخۆو دەرەوەی کوردستانی لە سەر بکرێ.

غافڵبوون و بێتەفاوەتبوون لە زیانەکانی ئەو دیاردەیەو نەبوونی بەربەرەکانییەکی گشتیو هەمەلایەن لە گەڵ نیازی چەپەڵی کردنی کوردستان بە کارگەی بەرهەمهێنانو سادرکردنی ماددە سڕکەرەکان، کەمتەرخەمییەکی گەورەیە. کەمتەرخەمییە لە ئاست ئێستاو داهاتووی کۆمەڵو خەڵکێک کە خەریکە دەبن بە نێچیرو پارووی بازرگانانی فرمێسکو خوێن. لە سەر هەموو حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستانو لە سەر گشت لایەنو تاکێکی وشیارو بەرپرس لە نێوخۆی ڕۆژهەلات پێویستە بەرامبەر ئەم هەڕەشەو مەترسییە، وەدەنگ بێن. هەڵویست هەبوونو هاتنە مەیدان بەرامبەر بەو هەڕەشەو مەترسییە، ئەرکێکی ئینسانیو ئەخلاقیو نەتەوەییە. کاتی ئەوە هاتوە بە هەموان ئیرادەیەک دروست بکەین بۆ وەڕێخستنی هەڵمەتێکی گشتی لە دژی دوژمنانو سووتێنەرانی سلامەتیو زیندوێتیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

لە ژمارە ٦٣١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٨ی مای ٢٠١٤

## پێشوازی لە هەڵمەتی بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادە سڕکەرەکان دەکەین

پەرەئەستاندنی بەرهەمهێنانو بلاوکردنەوەو بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، تا دێ پتر دەبێتە جێگای نیگەرانیی تاکەکانو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ. کەسایەتی و مرۆڤە دیارو شوێندانەرەکانی بواری کولتووری، کۆمەلایەتیو مەدەنی لە ژوورەوەی ولاتو تێکۆشەرانی سیاسی وچالاکانی بواری میدیا و تۆڕەکۆمەلایەتییەکان لە دەرەوەی ولات، هەر یەکەی بە جۆرێک نیگەرانیی خۆیان لە هەرەشەی مادەسڕکەرەکان دەردەبڕن.

لە ژوورەوە، کەسانێک ڕووی داواو چاوەروانیی خۆیان دەکەنە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بە هاودەنگیی یەکترو بە سوودوەرگرتن لە نفووزی سیاسیی خۆیانو بە کارهێنانی ڕاگەیەنەکانیان، بەرەورووی ئەم هەرەشەیە ببنەوە. کەسانێکی ئەرکوەخۆگرو دڵسۆزیش لە هێندێک شارو ناوچە بە هەوڵی تاکەکەسی وچەندکەسی، بە جۆرێکی دیکە قۆڵیان هەڵماڵیوە. بە ئیمکاناتی کەمی خۆیان کلینیک و کەمپیان بۆ تەرک کردنی ئیعتیاد بە تووشبوان وەڕێ خستوە، وێبلاگ و پەیجیان لە تۆڕە کۆمەلاتییەکان کردوەتەوە تا کۆمەڵو تاکەکان لە ئاست هەرەشەی مادده سڕکەرەکانو زیانەکانی وریا بکەنەوە. هەم لە نیوخۆو هەم لە دەرەوەی کوردستان،کەمپەینو نووسینی وریاکەرەوانەو جموجۆڵی دیکە لە دژایەتی لە گەڵ بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان دەبینرێ.

پێشبینییش دەکرێ لە داهاتووەکی نزیک دا حەرەکەتێکی گشتی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەڕێ بکەوێ. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئەم هەرەووەزە گشتییە هەم دڵسۆزانو چالاکانی مەدەنیی نیوخۆ تێی دا بەشدار دەبن، هەم میدیاکارانو هەڵسووڕاوانی ڕۆژهەڵاتی کە پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوون. وەک زانیومانە ئامانجی ئەم هەڵمەتە کۆکردنەوەی وزەو تواناکانو دەنگەکان لە دەرو ژووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی هەڕەشەی ڕۆژبەڕۆژ پەرەئەستێنی مادده سڕکەرەکان لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا دەبێ. شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە هەڵمەت یا حەرەکەتە هەرەووەزییەکە، کۆمەڵێک ئەرک وئامانجی دیاریکراوی هەبێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان باوەڕی بە پێویستیی وەڕێکەوتنی حەرەکەتێکی گشتی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ هەڕەشەی مادده سڕکەرەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ لەباری نەزەریو فکرییەوە، بەشداریی لەو باسانە دا بکا کە لەم کێشە کۆمەڵایەتییە گرنگو هەنووکەییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێن. شانبەشانی ئەم بەشدارییەش ئامادەیی ئەوەی هەیە کە توانا جۆربەجۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بخاتە خزمەت بەربەرەکانی

لە گەڵ هەڕەشەی مادده سڕکەرەکان. لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، دژایەتی لە گەڵ بەرهەمهێنان،فرۆشتنو بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی ئەم بەڵا مالوێرانکەرە، خەباتێکی پیرۆزو ئەرکیکی ئینسانی، ئەخلاقیو نەتەوەییە. راگەیاندنو ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرجەم تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە هەر ئاستێک داو لە هەر شوێنێک بن، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن پشتیوانی هەر حەرەکەتو تێکۆشانێک بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم هەڕەشەیە بن. بە سەرنجدان بەم خوێندنەوەو بیرکردنەوەیەشمانە کە پێمان خۆشە ڕووی قسەی خۆمان بکەینەهەموو تاکو لایەنەکانی بەشدار لەم هەرەووەزە پیرۆزەو، ڕاسپاردەو پێشنیاری خۆمانیان لە گەڵ بێنینە گۆڕێ.

یەکەم خاڵی گرنگ کە پیویستە هەموو لایەکمان لە حەرەکەتێکی ئەوتۆدا بایەخی پێ بدەین، کاری رەوشەنگەریو وریاکردنەوەیە. جێی خۆیەتی خەڵک هەر چی وردترو زیاتر، لە زیان و خەسارەکانی بەکارهێنانو تووشبوون بە مادده سڕکەرەکانو شوێنەوارە خراپەکانیان لە سەر تاک، بنەماڵە و کۆمەڵ، ئاگادار بکرێ. هەر وەها ڕەهەندە دەروونی، کۆمەلایەتی، ئابووری، کولتووری و نەتەوەییەکانی پەرەگرتنی دیاردەی بەرهەمهێنانوبازرگانیی مادده سڕکەرەکان و تووشبوون بەو ماددانە، دەبێ زیاتر بۆخەڵک شی بکرێنەوە.لە سەربناغەی ئەم ئاگاداربوون و وریابوونەوانەیە کە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم بەلایە، دەبێتە ئەرکی گشتی و هەموان تێی دا بەشدار دەبن.

دووهەم خاڵی گرنگ،تەنگ هەڵچنین بە بەرهەمهێنەرانو بازرگانانی مادده سڕکەرەکانە. ئەو کەسانەی بەرژەوەندی گشتی دەکەن بە قوربانی سوودو بەرژەوەندی ناڕەوای خۆیانو لە پێناوی پێکەوەنانی ماڵوسامان بۆ خۆیان، سلامەتیی تاکەکانو کۆمەڵ بنکۆڵ دەکەنو ئاگر لە داهاتووی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بەردەدەن، شایانی لەقاودانو ڕیسواکردنن. ڕەنگە کەسانێک لە ڕووی نەزانیو غەفڵەت، یا بە پاساوی خراپیی باری ژیانو گوزەران چووبنە نێو ئەم بازرگانییە پیسو دزێوە. بەلام زۆرکەسیش هەن بێگویدان بە ئاکامە زیانبارەکانی بەرهەمهێنانو بلاوکردنەوەی ماددەی سڕکەرو تەنیا بۆ تەماع و بەرژەوەندی شەخسی،ڕوویان لەم بازرگانییە کردوە. ئەرکی هەموو لایەکمانە لە پێشدا بە ئامۆژگاریو وریا کردنەوەو وەخەبەرهێنان، لەم تاوانە دووریان بخەینەوە. بەلام ئەوانەی ئامۆژگاری ناچێتە گوێیان و هەر لە سەر ئەم کەسابەتە تاوانبارانەیە دەڕۆن، دەبێ لەقاوبدرێنو ڕیسوا بکرێن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵ دا تەریک بکەونەوە.تەنگ پێهەڵچنینو کۆسپ دروستکردن لە سەر ڕێی بازرگانیی مالوێرانکەری ئەوان، دەتوانێ بەربەرەکانییەکی زۆرکاریگەر بێ.

سێهەمین خاڵ، بریتییە لە ئەرکی پەرەپێدانی شێوازو ڕێگاکانی ڕزگارکردنی تووشبوان بە مادده سڕکەرەکانو هاوکاریی بنەماڵەکانیان. بریتییە لەهاندانی پێکهاتنی ئەو ناوەندو دامەزراوانە کە دەتوانن پشتیوانو دەسگری تووشبوانو بنەمالەکانیان بن. بریتییە لەتەشویقی خەڵکو کۆمەڵ بۆ بە دەنگەوە چوونی پزیشکان، دەروونناسانو مرۆڤە خێرخوازەکان و،هاوکاریی ئەوان بۆ دابینکردنی جێگاو دەرمانو پێداویستییەکانی راگەیشتن بە قوربانییەکانی مادده سڕکەرەکان. ئەم

جۆرە هەرەوەزو حەرەکەتانە، ئەو کاتە دەتوانن ئامانجی خۆیان بپێکن کە هێنانی کەسایەتییەکانو نوخبەکانی کۆمەڵ بۆنێو ڕەوتی دروستکردنی کولتووری مشوورخواردنو هەستیاربوون لە ئاست چارەنووسی کۆمەڵیان لێ بکەوێتەوە. داهێنانو بەهیزکردنی شێوازە جۆربەجۆرەکانی خەباتی مەدەنی و دروستکردنی هێزی گوشارلە نێو خەڵک وکۆمەڵیان بە دوا دابێ، بۆ ئەوەی دەوڵەتو دامو دەزگا حکوومەتییەکان چی دیکە نەتوانن خۆیان لە دابینکردنی کارو ژیان و پیداویستییەکانی خەڵک و کۆمەڵ بدزنەوە.

لە راستیدا هەرەوەزوحەرەکەتێکی گشتی کە ئەم ئامانجانەی هەبێ، ئەرک دەخاتە سەر هەموو تاک و لایەنێک. ئەم تاکو لایەنە لە نێوخۆی کوردستان بژین یا لە دەرەوەی وڵات، مامۆستای زانکۆ و قوتابخانە بن یا پێشنوێژی مزگەوتێک وپیاوماقووڵی ئاواییەک ، بازاڕی بن یا گوندنشین، ژن بن یا پیاو، پیر بن یا لاو،دوکتور و ئەندازیار بن یا کرێکار و کاسبکار، تێکۆشەری حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراو بن، یا چالاکێکی مەدەنیی سەربەخۆ، هەر هەموو لە سەریانە خۆیان بە ئەرکدار بزانن و بە پێی توانا بەشداری لە بەربەرەکانی لە گەڵ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە وبەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکاندا بکەن. چونکە داهاتووی هەمووومان لە گرەوی سەرکەوتن لەم بەربەرەکانییە دایە.

لە ژمارە ٦٣٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٢ی مای ٢٠١٤

---

# کوردپوورەکان لە بن ژێلەمۆی فەرامۆشی دا

نزیکەی ١٥ مانگە دوو برای میدیاکارو داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، خوسرەوو مەسعوودی کوردپوور بە تاوانی لەقاودانی پێشێلکرانی مافی مرۆڤو ئاشکراکردنی ستەمو هێرش بۆ سەر ئازادییەکانی خەلک، کەوتوونە بەندیخانە. ئەوان ئەگەر لە ئاست سەرکوتی هاوزمانانو هاونیشتمانانیان، زمانی خۆیان گرێ دابا‌و چاوی خۆیانن نوقاندباو دەستیان بە کڵاوی خۆیان گرتبا، تووشی زیندان نەدەبوون. بەڵام لەو وڵاتانەی سیستەمە دیکتاتۆرو دژە ئینسانییەکان لە سەر کارن، گەورەترین «تاوان» بێدەنگنەبوون لە تاوانو جینایەتی دەسەڵاتدارانو زانیاریدان بە خەڵکو هەوڵدان بۆ ڕێزگیران لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤە.

خوسرەوو مەسعوودی کوردپوور ئەندامی هیچ حیزبێکی سیاسی نەبوونو نین، هەر لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو نیزامەش دا کە ئەمڕۆ لە ئێران لە سەر کارە، تەنیا کاری میدیاییو مرۆڤدۆستانەیان کردوە. هەر بۆیە دەسەڵاتداران لێیان بە ڕقداچوونو خەریکن بە هەمان دەردی محەممەد سەدیق کەبوودوەندیان دەبەن. ئەوان ئاسوودەییو ئازادیی خۆیانو ژیان لە نیو بنەماڵە و کەسوکار و خۆشەویستانیان لە پێناوی خەڵک دا وەلاناوە. زۆر گرنگە خەڵکی ئێمە ئەمەگناس بێت و ئەوان و بنەماڵەکەیانی لە بیر بێت. گرنگە تا ئەو کاتەی بە ناحەق لە بەندیخانە دا رادەگیرێن، ڕاگەیەنەکان، میدیاکاران، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی بە ویژدان لە بیریان بن و بە بۆنەی جۆراوجۆر یادیان بکەنەوە و وەبیر بیروڕای گشتیی بێننەوە کە ئەوانە بە ناحەق گیراون. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک سیستەمی قەزایی و جەزایی نادادپەورەوەرو دام و دەزگای ئەمنییەتی لە بەرامبەر ئازادکردنەکەیان دا، بیانووی وەسیقە و بە گرەودانانی پووڵیان لێکردن، ئایا کەسانیکی دەسڕۆیشتووی ئەوتۆ پەیدا دەبن، هیممەت بکەن و لە خۆیان مایە دابنێن؟

لە مێژە قسەیەک لە دڵم دا هەیەو ڕام گرتوە، ئێستا بە دەرفەتی دەزانم دەری ببڕم. ئێوەش بیستووتانە و لەوانەیە لە نزیکەوەش دیتبێتتان هێندێک کەسی دەستڕۆیشتووی کورد،چۆن ماشێنی سیفر کیلۆمیتر بە دیاری بۆ کورو کچی فلان فەرماندارو گەورەکاربەدەستی ئیتلاعاتو دامودەزگای دیکەی شارو ناوچەکەیان دەبەن، یا کلیلی ماڵو سەرسەرایەکی نوێ بە نیشانەی پێشکەشکردن دەدەن بەمو ئەو مۆرەی دەستڕۆیشتوو بەلام بەرتیلخۆر و فاسدی ڕێژیم لە دەوروبەری خۆیان! ئەوکارەی ئەوان لە ڕێی خوا دا نییە. بۆ خۆیان دەزانن چ ئیمتیاز و دەرفەتێکیان لە ڕێگای ئەم زاتانەوە پێ دراوە و یا چ بەرهەمێکی باش لە داهاتوو دا لەم پیاوەتیو سەخاوەتەی خۆیان هەڵ دەگرنەوە! هی واشیان تێدایە کلکەسووتەو خۆشیرینکردنەکە لەوەش تێدەپەڕێننو تەنانەت دەلالیو شتی تریشیان بۆ دەکەنو ئامادەن کچ و خوشکی دراوسێوهاوزمانو هاونیشتمانی خۆیان بۆ ئەو «زەرووِ»انە لە داو بخەن!

ئەو كاتانەی ڕەفسەنجانیو خامەنەیيو ئەحمەدینەژاد دەهاتنە شارەكانی كوردستان، خۆشخزمەتیو قوربانیكردنو گاوو گەردوونی هێندێك لە دەوڵەمەندانو سامانداراانی ئەو شارانەتان لە بیرە؟ ئەوان بەم كردەوانەیان دەیانەویست بیسەلمێنن كە بڕوایان بەو نیزامەو ڕێبەرانی هەیەو سەروەتو سامان هیچ، بەڵكوو ئامادەن گیانیشیان لە پێناویان دا بدەن!دیارە هەموو كەس دەیزانی درۆ دەكەنو تەنیا خۆشیرینكردنە لە پێناوی وەرگرتنی ئیمتیاز لە ڕێژیم. دیارە مەمانان چاوەڕوان نین ئەو جۆرە كەسانە خەم لە كەبوودوەندەكان و كوردپوورەكان و دەیان و سەدان ڕۆڵەی بەندكراوی خەڵك بخۆن. بەڵام خۆ هەر شار و ناوچەیەک دەیان و سەدان بنەماڵەی وای تێدایە كە سەربەدام و دەزگای ڕێژیم نین و نەک لە پڕێک و لە سایەی خۆشخزمەتی بەو ڕێژیمە، بەڵكوو بە هیممەتی خۆیان و بە ڕێگای ڕەوا دا، توانیویانە ببنە خاوەنی سەروەت و سامان. ئەگەر ئەم جۆرە كەسانە، بڵێن ناوێرین یارمەتیی ماڵی بە حیزبێكی سیاسیی وەک حیزبی دیموكراتی كوردستان و خەباتێكی شۆڕشگێرانە بكەین، لەوانەیە زۆریان لۆمە نەكەین. بەڵام ئایا ناتوانن لە دراوسێیەتیی ماڵی خۆشیاندا، دەستی یەک لە سەدان بنەماڵەی شەهیدو بەندیی سیاسیی بگرن؟ ناتوانن ببنە زامنی بەندییەكی سیاسی و وەسیقەیەک لە بەرامبەر ئازادكردنیان دا دابنێن؟ ناتوانن بەشداری لە دابینكردنی خەرجی دوكتورو دەرمانو نەشتەرگەریی بەندییەكی سیاسیی نەخۆش یا ئەندامێكی نەخۆشی بنەماڵەكەی دا بكەن؟ ناتوانن خەمێک لە بێسەرپەنایی و بێداهاتیو بێئەنوایی بنەماڵەی ئەو مرۆڤانە بخۆن كە سەبارەت بە داكۆكی لە مافی خەڵک، كەوتوونە زیندان و لەم سۆنگەیەوە، چەرمەسەرییان بۆ خۆیان و بنەماڵەكانیان كڕیوە؟

نیشتمانپەروەر و گەلدۆستبوون ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. شتێكی سروشتییە كە هەموو كەس نەتوانێ بچێتە نێو كاری سیاسی و خەباتگێڕانە و لە ڕیزی تێكۆشەرانی ئاشكرا و نهێنیی حیزبێک دا خەبات بكا. بەڵام زۆر تاڵ دەبێ ئەوانەی ناتوانن ڕێگا پڕهەزینەكان هەڵبژێرن، نەوێرن یا نەیانەوێ خۆ لە سادەترین ئەركی نەتەوەییو نیشتمانی بدەن. ڕۆژگار هەر لە دۆخیک دا نامێنێتەوە.هەم ئەوانەی لە هەلومەرجی ئێستا دا لە حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەک شک نابەن ڕۆژیان دێت،هەم ئەوانەی ئەمرۆ دنیا بە كەیفی وانە، ڕۆژێک ئەم هەوایەیان لێ تێک دەچێ. دیارە هەموو كات حیسابی هەر جۆرە خەلكێک لەوتاقمانە جیایە كە هاودەستو شەریكە تاوانی دەسەلاتدارانی دژی گەلی بوون. بەلام بۆ خەلكەكەی دیكەشهەر ئەوەندە بەس نییە كە مرۆڤ تەنیاو تەنیا خراپەی خەلک و نەتەوەكەی خۆی نەكردبێ. ئەدی نابێ بۆ دواڕۆژ، كار و كردەوەهوهەڵوێستێكی ئەوتۆ لە كارنامەی ئەعمالیان دا هەبیت كە شانازیی پێوە بكەن و بڵێین ئێمەش كاتی خۆی ئەوەمان لە دەست هاتوەو كردوومانە؟!

لە ژمارە ٦٣٣ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی : ٦ی جوونی ٢٠١٤

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو ڕوخساری دژ بەیەک!

لە چەند مانگی ڕابردوو دا شایەدی کۆمەڵێک ڕووداو و چالاکیی خۆڕسکی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووین کە جێگای هەڵوێستە لە سەرکردن بوون. ئەو کارە سەمبولیکانەی بە نیشانەی ئاشتبوونەوە لە گەڵ سروشت بەڕێوە چوون، شتێکی کەم نەبوون. لە چەندین شارو ناوچە، راوچییەکان کەوتنە ئازادکردنی کەوی ڕاوو ڕکەو تاپڕەکانیان شکاند. پێشوازیی هاندەرانەی خەڵک لەو کارە سەمبولیکانە، بەڵگە بوون بۆئەوەی ئاشتبوونەوە لە گەڵ سروشت هەر ویستی ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان نییەو لە نێو خەڵک دا ڕێژەیەکی بەرچاو لایەنگری هەیە. هەروەزی خۆڕسکانەو خۆبەخشانە بۆ خاوێنکردنەوەی ژینگە، یەکێکی دیکە لەو کارو چالاکیانەی چەند مانگی ڕابردوو بوو کە لە چەندین شارو ناوچە دا بەڕیوە چوون. ئەم چالاکییەش ڕوویەکی دیکەی جۆری ڕوانینو بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵی ئەمڕۆی ڕۆژهەلاتی کوردستانمان پێ دەناسێنێ. بیرکردنەوەیەک کە ژیرانەو بەرپرسانەو شارستانیانەیە. لە نێو ئەم جۆرە چالاکییانەدا، هاتنی هەزاران کەسیی خەڵکی ڕەوانسەر بۆ گۆرەپانێکمان بینی کە قەرار وابوو، کەسێکی مەحکووم بە ئێعدامی لێ هەڵاوەسن. ئەوان بە پێچەوانەی خەڵکی هێندێک لە شارەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران، بۆ تەماشای چۆنیەتیی گیاندەرچوونی لاوێکی مەحکووم بە مەرگ نەهاتبوون، بەڵکوو هاتبوون تا پێشی گیانستاندن لەو مەحکوومە بگرن. هاتبوون تا پێشی «قصاص»ێک بگرنو بە داواکاران و خوازیارانی «قصاص»ی ئەو لاوە بڵێن کە «توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێ»و بە ستاندنی گیانی تاوانباران، تاوان لە کۆمەڵدا بنەبڕ نابێ، بەڵکوو بە نەهێشتنی زەمینە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسیو ئابوورییەکانە کە تاوانەکان کەم دەبنەوە.

پێگەیشتوویی فکریو فەرهەنگیو گەشەکردنی ڕوانینو بیرکردنەوەی مەدەنیانەو ڕەنگدانەوەیان لە ژیانو هەڵسوکەوتی تاکەکاندا، پێشتریش بە زۆرشێوە لە نێوخەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، خۆی نیشانداوە. دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، بەرەورووبوونەوەی هێمنانە لە گەڵ کێشەو گرفتەکانو پەنابردن بۆ دیالۆگو شێوازی مەدەنیانەی چارەسەری کێشەو ئاستەنگەکان، خەریکن دەبن بە ڕوخسارێکی دیاری کۆمەڵگەیەک کە بە ڕۆژهەلاتی کوردستانی دەناسین. بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە، ڕووخسارێکی دیکەشی هەیە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا، ژمارەیەک ڕووداوی تەواو ناتەبا لە گەڵ ئەم ڕوخسارە، لە شوێنە جیاوازەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕوویان دا.

تێکهەڵچوونی خوێناویی خەڵکی باینگانو بیۆمن کە کوژراوێکو زیاتر لە ٦٠ بریندار لێکەوتەوە، پێکهەڵپڕژانی پڕتێچووی دوو بنەماڵە لە ترکەشی پیرانشار کە کوژرانی ٤ کەسی بە دواوە بوو، دوو لەو نموونانە بوون. هەر لەم بەهارە دا چەند حاڵەت کوشتنی بە ئەنقەست لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان روویان داوە. پێشتریش شەڕی نێوان دوو تایفە یا دانیشتوانی دوو گوندی ناوچەیەک لە سەر کێشەی ئاوو زەوی و لەوەڕگە هەر لەم ساڵانەی دوایی‌دا مردنو برینداربوونی ژمارەیەکی بەرچاوی خەلکی لێکەوتۆتەوە. پەنابردن بۆ توندوتیژی و بەرەوڕوو بوونەوەی کێشەو ناکۆکییەکان بە ڕێگای زۆر و کەلکوەرگرتن لە چەکی ساردو گەرمو سڵنەکردنەوە لە خوێنرشتنو کوشتن، هێشتا لە زۆر شوێنو زۆر هەلومەرج دا، برەوی ماوە! کۆمەڵێک تاوان و کێشەی کۆمەڵایەتیی دیکەش، شانبەشانی بەردەوامیی ئەم توندوتیژیانە، لە کۆمەڵ دا دەبینرێن. لە هەموویان پڕمەترسیتر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مادده سڕکەرەکانو نقوومبوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری لاوانی کورد لە زەڵکاوی مادده سڕەرەکان دایە.

چۆن دەتوانین ئەو ڕوخسارە ئینسانی، ئەمڕۆیی‌و مەدەنیانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرینتر، قووڵترو گشتیتر بکەینەوە؟ چ بکەین بۆ ئەوەی بەم ترووسکانەی هیوا، پاشەکشە بە روخسارە تاریک، ناشارستانی‌و توندوتیژخوازەکە بکەین؟ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە خەڵک قسەیان لێ‌دەبیسن، دەتوانن کار لە سەر ئەو ناتەباییە بکەنو هەوڵی بە هێزکردنی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی مەدەنیانەو لاواز کردنی لایەنە دزێوەکە بدەن.

لە ژمارە ٦٣٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٦ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

# ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی

لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨) دا، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو،سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکرات، لە ڤییەن کەوتە بەردەسڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی ڤییەن، یەکەمین و تەنانەت دوایەمین تیرۆری دەوڵەتی نەبوون کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دابوون. بەڵام لە نێو ڕۆژ و بۆنە تاڵەکانی مێژووی ئەم سێ دەیەی دوایی دا، ڕۆژی "٢٢ی پووشپەڕ" و بیرەوەریی «تیرۆری د. قاسملوو» بوون بە دەرفەتێک بۆ نارەزایەتی دەربڕینی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ڕۆژە و لە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوودا نەک تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو خەڵکی غەیرە حیزبی بەڵام خەباتگێر و بە هەڵوێستیش، هەروەها لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش، هەڵوێست دەگرن، یەکگرتووانە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن، یادی د.قاسملوو و خزمەتەکانی بەرز ڕادەگرن و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگاکەی ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و نەمانی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆرە، دووپات دەکەنەوە.

بۆ دۆزینەوەی هۆی قبووڵکرانی ٢٢ی پووشپەڕ وەک ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی،دەبێ لە سەر دوو بابەت ڕاوەستین.یەکەمیان چییەتیی پیلانێک کە بۆ تیرۆری د.قاسملوو ڕێک خرابوو، دووهەمیش گەورەیی کەسایەتی و بۆچوونەکانی د.قاسملوو. وێڕای ئەم دوو بابەتەش،دەبێ فاکتەری سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕوانینی نەتەوەیی و سەرووی حیزبیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیر نەکەین کە لەوەرێخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی و گشتگیر، لە نێو گەلەکەمان دا جێگای خۆی هەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شەهیدکرانی د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە سەر مێزی وتوویژ ئەم تیرۆرەی تا ڕادەیەکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. ڕاستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تیرۆریستیی و مەحکووم بوون و بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەڵکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتوویژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د.قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، قوبحی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێک تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تیرۆرەکە، تیرۆرێکی دەوڵەتییە، هەر ئەوەش نییە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامی دا نەخشەی تیرۆری د.قاسملوو داڕێژراوە و بەڕێوەچووە، بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و سەرجەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون بە هۆی برینداركردنی ویژدانی گشتیی و غورووری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

کەسایەتیی بەرزی د.قاسملوو و دیموکراتیک و ئینسانی بوونی بیروبۆچوونەکان و باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، و شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تیرۆری ئەو رێبەرە و تووڕەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەی دا، بە نەمری هێشتۆتەوە. راستە د.قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانی دا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێربوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە ناردراوانی رێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتووێژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی رەوای نەتەوەیەکی دەکرد، ئەو تیرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلومات و بە رواڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ د.قاسملوو ناردبوونی، بە سڕینەوەی لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان، دەیانەویست مێشک و چاوی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بپژێنن. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تیرۆری ڤییەن بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەیەک دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە قاسملوو و پوشپەریان کردوە بە رەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێرانە، وەک گوترا ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و خەباتگێرانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لە نێو نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانێ دژی رێژیمێکی زۆردار و دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی هەیە. ئەم راستییەش دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و رێکخراوەیییەکاندا، زاڵ بن و د.قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕ نەک وەک مڵک یا پرسی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەک پرسی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش، نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک، نەک وەک چالاکیی حیزبی بەڵکوو وەک ململانێی نەتەوەیەک لەگەڵ رێژیمێکی زۆردارو دژە کورد، چاو لێ دەکا. ململانێیەک کە دەبێ سەرئەنجام کورد تێیدا سەربکەوێ.

لە ژمارە ٦٣٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی : ١٠ جوولای ٢٠١٤

## پیلانگێڕیی کۆماری ئیسلامی لە دژی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لەهەرێمی کوردستاندا

لە دوای جێگیربوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستان و بە شوێن هاتنەگۆڕی جیددیی داوای گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستان لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمو پێشوازیی گشتیی هێزە سیاسییەکانو خەڵکی هەرێمی کوردستان لەم داوایە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە هەر دەوڵەتو لایەنێکی دیکە ترسی ڕێنیشتووەو کەوتووەتە دژایەتیو پیلانگێڕی لە دژی ئیرادەی سەربەخۆییخوازانە لە هەرێمی کوردستاندا.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتوون، لە یەک مانگی ڕابردوودا جموجۆڵێکی بەرچاوی نیزامیوئەمنییەتی لە لایەن دامودەزگا سوپاییو ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینراون کە تایبەتمەندیی دیاری ئەم جموجۆڵانە دژایەتی لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە ئەگەری پەنابردن بۆ گشتپرسیو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دایە.

زیادکردنی هێزی نیزامی لە شارو ناوچە سنوورییەکان بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگەی ورمێ کە لە گەڵ هەرێمی کوردستان نزیکی یا سنووری هاوبەشیان هەیە (شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، سەردەشت)، هاندانی جاشەکان و بەکرێگیراوان بۆ ناونووسی بە مەبەستی "خزمەت" لە دەرەوەی ئێران (عێراقو سووریە) لە بەرامبەر بەڵێنی مووچەیەکی مانگانەی زۆردا، ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵێک پێگەی نیزامیی چۆلکراو (بۆ نموونە لە شاخو گوندەکانی ناوچەی ڕەبەتو سەردەشت)، پێکهێنانی کۆبوونەوەی تایبەت بۆ بەسیجییەکانو دەستوپێوەندەکانیان بە مەبەستی باسکردن لەو "هەڕەشەو مەترسی"یانەی دەوڵەتو وڵاتی عێراق لە گەڵیان بەرەوڕوون، بەشێک لەو جموجۆڵانەن. ئەم جموجۆڵانە لە کاتێکدان کە ڕاگەیەنەکانی سەر بەکۆماری ئیسلامیو کاربەدەستانو نوێنەرانی ئەم ڕێژیمە لەم ماوەیە دا لە دژایەتیکردنی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازیو هێرش بۆ سەر هەڵگرانو داکۆکیکارانی ویستی گشتپرسیو داوای سەربەخۆیی، دریغیان نەکردوە.

جگە لەمەش لەم دوایانەدا، حەراسەتی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە پارێزگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە شێوەی پۆل پۆلو یەک یەک پێوەندیی بە ژمارەیەکی بەرچاولە ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی بواری میدیاوە گرتوە. لەو چاوپێکەوتنو پێوەندییانە دا، داوایان لە ڕۆژنامەنووسانو میدیاکارانی کوردستان کردوە بە هەموو توانای خۆیانەوە بکەونە دژایەتی لە گەڵ ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لە هەرێمی کوردستانو بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەنە بەرنووکی هێرشەکانیان. داوای وەزارەتی ئیتلاعات لە میدیاکارانو ڕۆژنامەنووسان ئەوە بووە ویستی

پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی وەک پرۆژەیەکی ئیسرائیلی بناسێننو وێڕای باسکردن لە مەترسییەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق بکەن. بەرپرسانی وەزارەتی ئیتلاعات لەم دیدارو پیوەندییانەدا نەشیان شاردووەتەوە کە لە دەرەوەی ئێرانو لە ئاستی ناوچەدا، هێندێک قەلەمیان بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپاردوە. هەروەها ڕاشیان گەیاندوە ئەو کەسانەی وەک نووسەر، شارەزا، لێکۆڵەرو شرۆڤەکار، کار بۆ ئەم خەتە سیاسییە بکەن، لە گەڵ پێزانین و پاداشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕوو دەبن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییە دا، بە ئەرکی سیاسیونەتەوەیی خۆی دەزانێ لە هەلومەرجی ئێستادا، ڕووی قسەی بکاتە دوو دەستە بەردەنگ کە ئەم پیلانگێڕییانەی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی بەوانەوە هەیە:

**دەستەی یەکەم**، ئەولایەنو کەسانەن کە کۆماری ئیسلامی وەک دۆستو خەمخۆری کورد دەناسن یا بە هەر هۆیەک وای دەناسێنن.

**دەستەی دوویەمیش**، ئەوانەن کە کۆماری ئیسلامی، دەیەوێ لە دژی ویستی سەربەخۆیی کورد بەکاریان بێنێت.

ڕێژیمی ڕیاکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەردەوام هەوڵی داوە لە لایەک "موسوڵمانبوونی نەتەوەی کورد"و لە لایەکی دیکە "ئێرانیبوونی ڕەچەڵەکی کوردەکان" وەک کارتێکی سیاسی بۆ یاریکردن بە پرسی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا بەکار بێنێ. ئەمە لە کاتێک دابووە کە لە نێوخۆی ئێراندا، نەک هەر هیچ مافێکی نەتەوەیی کوردەکانی بە ڕەسمیی نەناسیوە بەڵکوو لە هیچ چەشنە سەرکوت و تاوانێک دژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران، دەستی نەگێڕاوەتەوە. خاڵی لەمە سەرنجڕاکێشتر، ئەو سیاسەتو هەڵوێستە ئاشکراو شاراوانەن کە ئەم ڕێژیمە لە کاتی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە ناوچەدا، بەڕێوەی بردوونو بەڕێوەیان دەبا. لەم بارەیەوە تەنیا ئاماژە بە دوونموونە دەکەین:

١- نموونەی یەکەم، هاوبەشیی ئەو ڕێژیمە لە پیلانگێڕیو هەوڵەکانی دەوڵەتانی سووریەو تورکیە لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا بوو کە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی ویستی ئەوان کەوتبووە ژێرچەتری چاوەدێرییەکی نێودەوڵەتیو کورد لە ئاکامی ئەو وەزعە دا، پارلمانو حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند.

٢- نموونەی دووهەم پیلانگێڕیو دوژمنایەتیی ئێستای ئەو ڕێژیمە هەمبەرهاتنەگۆڕی ویستو ئیرادەی سەربەخۆییخوازی لە هەرێمی کوردستانە.

لەو کەسو لایەنانەی کۆماری ئیسلامی وەک دۆستو خەمخۆری کورد دەناسن یا دەیناسێنن، دەپرسین ئەوە چ دۆستو پشتیوانێکی نەتەوەی کوردە، کە چاوی دیتنی ئەوەی نییە ئەم نەتەوە"موسوڵمان"و "بە ڕەچەڵەک ئێرانی"یە،لە گشتپرسییەکی ئازادو دیموکراتیکدا بڕیارلە سەر چارەنووسی خۆی بداو لە سەر نیشتمانی خۆی، ببێتەخاوەنی دەوڵەتێکی

سەربەخۆ، ئەویش بێ ئەوەی خاکی نەتەوەو وڵاتێکی دیکە داگیر بکا؟! ئایا ئەمە ئەو پەڕی دوژمنایەتیی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ نەتەوەی کوردو پرسە ڕەواکەی ناگەیەنێ کە کاتێک دەگاتە سەر دژایەتیی دابینبوونی مافی سەربەخۆیی بۆ بەشێک لە نەتەوەی کورد، "موسوڵمانبوون"و "ئێرانیبوونی کورد لە هەر جێیەک بیت"و تەنانەت دروشمو سیاسەتو ناوەرۆکی بە رواڵەت دژ بە ئیستیعمارو ئیستیکباری خۆی، وەلا دەنێو لە پێناوی دژایەتیی پرسی کورد، دەیانخاتە ژێر پێ؟! ئەم دوژمنایەتییە دەبێ چەندە زۆرو بێسنوور بێت کەمانەوەو پاراستنی یەکەیەکی سیاسی - جۆگرافیایی وەک عێراق - کە دروستبوونەکەی لە ئەساس دا بەرهەمی ڕێککەوتنی هێزە ئیستیعمارییەکان لە سەر دابەشینی سەرزەوییەکانی ئەم ناوچەیە بە بێ ڕەزامەندیی نەتەوەکانی ئەوێ بووە، بەو هەمووە کێشەو قەیرانانەی ڕابردووو ئێستاو داهاتووەوە،لە پێکهاتنی وڵاتو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، بە باشتر دەزانێ! لە راستیدا ناسینو ناساندنی ڕێژیمێک بەم سیاسەتە دژە کوردییەوە بە "دۆستی کورد"،دەچێتە خانەی خۆفریودانو خەڵک بە فریوبردن. ئەم کارە شیاوی ناوێکی گەورەتر لە "هەڵە"و "بەهەڵەچوونێکی سیاسی"یە. دیارە لەبەرچاونەگرتنو لەبیرخۆبردنەوەی سیاسەتو هەڵویستی تاسەرئێسقان دوژمنانەی ئەو ڕێژیمەش لە ئاست ئەو شانس و دەرفەتە مێژووییانەی بۆ کورد ڕەخساونو دەرەخسێن، هەڵەیەکی گەورەیەو بە هیچ جۆر ڕەوا نییە لە حیسابات و سیاسەتکردنی داهاتوودا، فەرامۆش بکرین.

بۆ ئەو کەسانەش کە لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستانو ئێراندا دەژینو کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بۆ دژایەتیو پیلانگێڕی هەمبەر ویستو ئیرادەی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان بە کاریان بێنێت، قسەی ئێمە ئەوەیە وشیاربنو مەکەونە داوی ئەو ڕێژیمەوە. مەسەلەکە زۆر سادەیە: ڕێژیمێک کە ئامادە نییە سەرەتاییترین مافەکانی زیاتر لە ١٠ میلیۆن کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیدا بە رەسمی بناسێ، دژی دابینبوونی مافەکانو وەدیهاتنی ئاواتو ئارەزووە دێرینەکانی ئەو نەتەوەیە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پیلانگێڕی دەکا! ڕووهەڵماڵاوییەکەشی بەو ڕادەیەیە کە دەیەوێ تاکەکانی ئەو نەتەوەیە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،ببنە بەکرێگیراوو بەزمانو قەڵەمو چەک،دژی ویستو ئیرادەی پیرۆزی سەربەخۆیی لە نێو بەشیک لە نەتەوەکەی خۆیاندا،بوەستنەوە. پیلانگێڕیو سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ئاست گشتپرسیو ویستی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان،بەر لەوەی دژایەتی لە گەڵ جێبەجێبوونو دابینبوونی مافە ڕەواکانەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ، پێداگرتنەوەیە لە سەر بندەستهێشتنەوەی کورد لە ئێرانداو داننەنان بە بوونی ئەو نەتەوەیەو بە رەسمینەناسینی مافە نەتەوەییەکانی. لە یەک وتەدا، بەدەنگەوە چوونو بەشداریی هەر کوردێک لە پیلانگێڕیو سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە ئاست بڕیارِی گشتیی خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەچێتە خانەی پشتکردن لەمافی ڕەوا و بێئەملاوئەولای نەتەوەکەیو، مێژوو لێی نابوورێ.

لە ژمارە ٦٣٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٥ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی ڕاگەیەندرانی شەڕی بێ کۆتایی لە دژی خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێرشی نیزامیی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨خومەینی ڕێبەر و دامەزرینەری ڕێژیمی تازەی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی مافویستی کوردستان ڕاگەیاند. خومەینی بە ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی گەلی کورد و ڕەوانە کردنی لەشکری نیزامی و "حاکمی شەرع"خەڵخاڵیی جەللاد بۆ کوردستان، جینایەت و تاوان لە دژی خەڵکی بێدیفاعی شار و گوندەکانی کوردستانی دەست پێکرد. کوشتار و تاوانخوڵقێنییەک کە تا ئەمڕۆش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

پاش فەرمانی خومەینی، لافاوی هێزی چەکداری گوێ لە مست و دەمارگرژ شانبەشانی ئەرتەش و پاسداران بەرەو کوردستان هێرشیان کرد. لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگریان بەسەر خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستاندا باراند و لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەگێڕایەوە. پۆل پۆل لاوانی کوردستانیان وەبەر گوللە دا و ئێعدام کرد. خەڵکی گوندەکان قەلاچۆ کران و ماڵیان بە تاڵان برا. لە زۆربەی شارەکان کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان بەبێ دادگایی یان لە بێدادگای چەند چرکەیی‌دا بە فەرمانی حاکمی شەرع خەڵخاڵی تەنیا بە تاوانی داواکردنی مافەکانی خەڵک درانە بەر گوللە و گیانیان لێ‌سەندرا. فەرمانەکەی خومەینی، جۆرێک ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان و بەسیج کردنی هەموو تواناکانی ڕێژیم بۆ هێرشبردن بۆ سەر خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بوو. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە حیزبی دیموکرات،بەو هۆیەوە کە لە بەرامبەر هەوڵ وپیلانەکانی ڕێژیمی تازە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی کوردستان ڕاوەستابوو، حیزبێکی شەیتانی بوو. هەر بۆیە خومەینی ئەم حیزبەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. هێرشکەران کە بریتی بوون لە ئەرتەش و لایەنگرانی دەمارگرژ و چەک بە دەستی ڕێژیمی تازە، لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەدەپاراست. هەر چەند ڕۆژ دوای فەرمانەکە خەڵکی ئاوایی قاڕنێیان قەلاچۆ کرد، لە مەلای ئاوەدانی کە بەقورئانێکەوە چووبووە پێشوازییان تا خەڵکەکە نەکوژن، هەتا منداڵی سەر بێشکە، ڕەحمیان بە کەس‌دا نەهاتەوە و هەر کەسیان دەست کەوت، بەگوللە و تەور گیایان لێ ئەستاند. جینایەتێک کە دواتر لە دەیان گوندی کوردستان دووپات بوونەوە.

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە فەرمانی خومەینی، هەوڵێک بوو بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیانیان دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە تۆڵە کردنەوە بوو لە خەڵکی کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لە بارەی ئەو ڕێژیمەوە بە هەڵە نەچوون و فریویان نەخوارد. هەر



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە کاتێک لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ڕێفراندۆمی گشتی بۆ دیاریکردنی جۆری نیزامی داهاتووی ئێران بەڕێوە چوو، بەو هۆیەوە کە نەیاندەزانی ئەو "کۆماری ئیسلامی"یەی خومەینی دەیەوێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرێ چ جۆرە ناوەرۆکێکی هەیە و چ مافێکی بۆ خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێیە، بەشدارییان تێدا نەکرد. ئەمەش شتێک نەبوو خومەینی چاوپۆشیی لێبکا. هەربۆیە شەڕێکی خوێناویی لەژێر ناوی دین لە گەڵ ئەم نەتەوەیە دەست پێکرد.

فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی بوو بە سەرەتای شەڕێکی نابەرامبەر دژی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان. ئەو خەڵکە و هیزە سیاسییەکان، یا دەبا تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببان و ملیان بۆ ستەم و دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئەو ڕێژیمە شۆڕ کردبا و بەردێکیان لە سەر داخوازە نەتەوەییەکانیان دانابا، یا لە بەرابەر ئەم وەحشیگەرییەی ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، ڕاوەستابان و سەربەرزانە داکۆکییان لە ئازادیی خۆیان کردبا. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و لە پێشەوەی ئەوان هێزە سیاسییەکان، ئازایانە دیفاعیان لە دەسکەوتەکانیان کردو لە بەرامبەر زۆر و زۆرداری دا ڕاوەستان.

خومەینی و داروودەستەکەی بە تەواوی توانایانەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان و بە هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازیان لەخوێن گەوزاند، دەیان کارەساتی وەک قارنێ و قەلاتانیان خوڵقاند،خەڵکیان ئاوارە و دەربەدەر کرد و ماڵ و حاڵی خەڵکیان بەتۆپ و بۆمبو کاتیوشا وێران کرد، ئەگەر شۆڕشگێڕانیان پۆل پۆل بەرەو مەیدانەکانی ئێعدام برد و گیانیان لێسەندن، هەر بۆ ئەوە بوو کە بتوانن دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازیی خەڵکی کوردستان کپ بکەن و ئەو خەڵکە بۆ هەمیشە واز لە مافەکانیان بێنن. بەڵام لەوە غافڵ بوون کە کوردستان،ئەم سەنگەرەی ئازادیخوازی بەم کردەوانەی ئەوان خۆڕاگرتر دەبێ و خەڵکە مافخوازەکەی لە سەر داواکانیان سوورتر دەبن. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ستەم و زۆردارییەکانی ئەو ڕێژیمە، سەرەڕای تێپەڕین بە قۆناغی جۆراوجۆر دا هەر وا بەردەوامەو بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ شەڕێک دا کە کۆماری ئیسلامی بە فتوای خومەینی بە سەر کوردستانی دا سەپاند، زۆر جار لێر و لەوێ، هێندیک ڕەخنەگر، گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی بەپەلە کردن لە ڕاوەستان بەرامبەر بەو ڕێژیمە و زوو دەستبردن بۆ چەک، تاوانبار دەکەن و وەباڵی ئەو هەمووە خوینڕژان و ماڵوێرانییە، دەدەنە پاڵ ملی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان بە پێویستیشی نازانن ولامی ئەو پرسیارە بدەنەوە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو نەتەوە و هێزە سیاسییانەی کە کە لە ریفراندۆم بەشدار بوون و دەنگیان بەو ریژیمە دا هیچ کاتیش دەستیان بۆ بەرگریی چەکدارانە نەبرد، کۆماری ئیسلامی چ داوایەکی لێ قبوول کردن و چ مافێکی پێدان؟ بۆ چی هەر کە ئەو ڕێژیمە دەرفەتی بۆ هەڵ کەوت، کەوتە گیانی ئەوانیش و لە کوشتنی ڕۆڵەکانیان و تێکۆشەرانیان دریغی نەکرد؟ پاشان ئەگەر کورد بە چەک بەرەورووی هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی نەبایەوە، ئایا ڕێگایەکی دیکە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکان و داکۆکیلێکردنیان



سەرچاوە
Serchawe

هەبوو؟ دەرەتانی پێکهینانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازاد و ناردنی نوینەری راستەقینەی خەڵک بۆ پارلمان و خەباتی پارلمانی هەبوو؟ میدیای ئازاد هەبوو؟ ئازادیی تیکۆشانی سیاسی هەبوو؟

گەلی کورد، ئەگەر چی لە سۆنگەی بە سەرداسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی زیان و خەساری گیانی و ماڵیی گەورە بوو، بەڵام سەلماندی کە بندەستی و بێمافی قبووڵ ناکا و ئامادەیە نرخی ئازادی بدا. بە هۆی ئەم خۆڕاگری و قوربانیدان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەش کە لە کوردستان هەیە، پلەی ئاگایی و وەخۆهاتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی بەرەوژوور چووە و وزە و پوتانسیەل و توانایەکی بە هێز بۆ بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانە و ڕزگاریدەرانە، بەرهەم هاتوە.

خاڵێکی دیکەش کە لە ٣٥ ساڵەی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان دا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، رۆل و نەخشی ئەو هێزانەیە کە بەردەوامیی چەندین ساڵ خۆڕاگریی کوردستان، بەرهەمی خەبات و خۆ بەختکردنی ڕیبەران، تێکۆشەران، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامان و لایەنگرانی ئەوان بووە، بە تایبەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە باشترین و بەوەجترین رۆڵەکانی لە خەبات لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا لە دەست داوە. ئەم رۆڵە جێی شانازییە، رەگ و ڕیشەی ئەم حیزبەی بردۆتە نێو ناخی دڵی نەتەوەی کورد و بە پانایی کوردستان دا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەگەر کوردستان، ساڵانێک تەنیا بە خۆڕاگریی چەکدارانە داکۆکی لەمان و مەوجوودییەتی خۆی کردوە، هی ئەو راستییە بووە کە ڕێگایەکی دیکەی لە بەر دەم دا نەبووە. بێگومان ئەگەر بەستێنسازی بۆ دروستبوونی شێوەکانی دیکەی خەبات بە تایبەتی خەباتی مەدەنی و خەباتی جەماوەری بکرێ، دەکرێ بۆشایی نەبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان بەو شێوە خەباتانە پڕ بکرێتەوە. ئەم بەستێنسازییەش ئەگەر لە لایەکەوە پێوەندیی بە کەشوهەوای سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە هەر وەک ڕابردوو داخراوە، لە لایەکی دیکەوە بەستراوەتەوە بە بایەخپێدانی هێز و لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان و بە تایبەتی کەسانێک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لە خەبات و تیکۆشانی هێمنانە دا بەشدارن و هەوڵ دەدەن لەو ڕیگایانەوە داخوازەکانی خەڵک بەرنە پێش.

## ئاکام:

نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نابێ فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی لە دژی خۆی لەبیر بکا. پێویستە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی چەندین ساڵ شەڕی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد کۆ بکرێنەوە. پێویستە ئەو هێزانە و ئەو کەسانە و ئەو خەڵکەی ڕۆڵیان لەو خۆراگرییە پڕ لە قوربانیدانە دا هەبووە، بە تایبەتی ئەو بنەماڵانەی عەزیزانیان لە شەر و بەرگری لە گەڵ هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامی دا لە دەست داوە یا تووشی کەم ئەندامی بوون،ڕیزیان لێ بگیرێ.



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو راستییەش کە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو شەڕی بە خەڵکی کوردستان فرۆشت بۆ ئەوەی بە ناحەق، کەسانێک کە بەرگریی ڕەوای نەتەوەی کورد نەبەنە ژێر پرسیار. لە گەڵ هەمووی ئەوانەش دا دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێگا و شێوازی نوێتر و هەر لەوکاتە دا کەم هەزینەتر بۆ بەربەرکانی لە گەڵ ستەم و زۆرداریی کۆماری ئیسلامی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، بدۆزرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە پشتیوانی، لە میدیای باشوورەوە پێنەزانی!!

لەوەتاچەکدارەکانی تاقمی تیرۆریستی داعش، خەڵکو خاکی هەرێمی کوردستانیان کردوە بە ئامانجی هێرشەکانیان،بە تایبەتی دوای ئەوەی دەستیان بە سەر شەنگالو شاروچکەو گوندەکانی دەوروبەری داگرتو کۆشتاری بە کۆمەڵیان دژی خوشکو برا ئیزەدییەکانمان ئەنجام دا،ڕۆژهەڵاتی کوردستان،نەک هەر حیزبو ڕێکخراوەسیاسییەکان، بەڵکوو کەسایەتییەکانو خەڵکی ئاسایی شاروگوندەکان لە زۆربەی شارو ناوچەکانی هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتوونە سەر خەت.

ئەگەر حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان،ئامادەییان بۆ هەر جۆرە هاوکارییەکو ڕەوانەکردنی هێزەکانی پێشمەرگەیان بۆ بەرەکانی شەڕی داعش ڕاگەیاندوە، خەڵکی نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش،بە دەیان هەڵمەتی گەورە گەورەی یارمەتی کۆکردنەوە بۆ ئاوارەکانی شەڕی داسەپاوی داعش لە هەرێمی کوردستانیان وەڕێ خستوە.

کەسانێک کە نازانن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ بارودۆخێکی سیاسیو ئابووری دا، ئەم هەڵمەتانە بەڕێوە دەبەن، سروشتییە کە گرنگییەکەشی هەست پێ ناکەن. هەر لە جێدا هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە گەڵ خەڵکی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان،جگە لە پەیامە ئینسانیو مرۆڤدۆستانەکانی،واتایەکی سیاسیو نەتەوەییشی هەیە. واتاکەی ئەوەیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ئەو خەڵکانەی لە باشوورو خۆراواو باکووری کوردستان،کارەساتیان بە سەر دێ،خۆیان بە یەک نەتەوە دەزانن. ئەمە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، پەیامێکی زۆر ناخۆشە. ئەوان پێیان خۆشە خەڵکی ڕۆژهەڵات،بە ڕێنوێنیی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیو بە دروشمی دڵخوازی ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەوە، بەشداری ڕێپێوانی "ڕۆژی قودس" بن، بە پشتیوانی لە موسوڵمانانی "بەحرەین" و "عەرەبستانی سەعوودی"و "حیزبوڵلای لوبنان"و "جیهادی ئیسلامیو حەماسی فەلەستینی" بێنە سەر شەقامەکانو ڕێپێوان بکەنو هەر یارمەتییەکی ماڵیی لە دەستیان دێ،تەحویلی کاربەدەستانی ئێرانی بدەن. دیارە مەبەستیشیان لە موسوڵمانان، ئەوانەن کە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو ململانێی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ ئەمریکاو ئیسرائیلو ڕێژیمەکانی ناوچە دا، دەجووڵێنەوە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک سوریا کە ڕێژیمە دیکتاتۆرو تاوانخوڵقێنەکەی، هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامییە، هیچ نیگەرانی کوشتارو ماڵوێرانیی سەدان هەزار موسوڵمانی ئەو وڵاتە بە دەستی ڕێژیمی بەشار ئەسەد نینو بە پێچەوانەوە، لە سەرکوتی خەڵکی موسوڵمانی وەزالەهاتوو لە دیکتاتۆریو درەندەییدا، بە هەموو تواناوە یارمەتیی ئەو ڕێژیمەیان داوە! ئەو هاوپێوەندییەی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ باشووری کوردستان، لە دەرەوەی ویستو ئیرادەو پێخۆشبوونی کاربەدەستانی کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

ئیسلامییه. کەسانێکیش کە ڕێکخەری ئەو هەڵمەتانەنو دەیانەوێ سەربەخۆو بە جیا لە دامو دەزگاکانی دەسەڵات یارمەتییەکان کۆ بکەنەوەو بۆ ئاوارەکانی شەڕ لە هەرێمی کوردستان ڕەوانەیان بکەن، هیچ دوور نییە تووشی لێپرسینەوە و بیانوویپێگیرانو کێشەو گرفت نەبنەوە. هەر وەک لە هێندێک شار، شایەدی دەستبەسەرداگیرانی یارمەتییەکان لە لایەن کاربەدەستان بووین. بەو حاڵەش،شەپۆلی هاوپێوەندی لە گەڵ خەڵکی ئاوارەو شەڕلێدراو لە هەرێمی کوردستانو کۆ کردنەوەی یارمەتی بۆ ئەوان، هەر ڕۆژەی شارێک و ناوچەیەکی دیکە دەگرێتەوە و ژمارەیەکی زیاتری خەڵک ڕەگەڵیان دەکەوێ.

گرنگیو بایەخی ئەو بەدەنگەوە هاتنو هاوکاریو پستیوانییە ماڵییەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کردستان کاتێک باشتر دەردەکەوێ کە بزانین ئەوان لە چ بارودۆخێکیژیانو گوزەران دان. خەڵکی ڕۆژهەڵات، وەک زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بە دەست بارودۆخێکی خراپی ئابوورییەوە دەناڵێنن. ئاکامەکانی گەمارۆی ئابووریی ئێرانو سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، وای کردوە کە زۆربەی چینو توێژەکان لە شارو دێ بە دەست کۆمەڵێک کێشەی وەک گرانی، بێکاری، کەم داهاتیو تێچووی قورسی ژیانو گوزەران بناڵێنن.ئەوە لە حاڵێک دایە خەڵکی ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە، لە بواری ئابووریو ئاوەدانیو خۆشبژێوییەوە، بە ئەنقەستو بە هۆی سیاسیو نەتەوەییو ئایینی، لە گەڵ هەڵاواردنو پشتگویخستن بەرەوڕوو بوون.تەنیا ڕامانێک لە ژمارەی قوربانیانی ئەو کەسانەی لە ڕێگایکاری پڕمەترسیی کۆڵبەرییەوە،بژیوی ماڵومنداڵیان پەیدا دەکەن، یا ژمارەی ئەو کەسانەی لە بەر هەژاریو نەبوونیو ناهومیدی لە ژیان، ژیانیان لێک هەڵدەوەشێ یا کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن، پێمان دەڵێ چ وەزعێکی خراپی ئابووری،لەوێ هەیە. بەو حاڵەش کە دەگاتە جێبەجیکردنی ئەرکی ئینسانیو نەتەوەیی بە هاناوە چوونی خوشکو برا ئاوارەو شەڕلێدراوەکانیان لە باشووری کوردستان،بە سەخاوەتەوە دێنە مەیدان، لە پاشەکەوتو بژیوی ڕۆژانەیان مایە دادەنێن، بۆ ئەوەی هاونەتەوە و هاوزمانی ئاوارە و لێقەوماویان لەو دیوی سنووری دەسکردەوە، هەست بە تەنیایی و بێپەناو پشتیوانی نەکەن.

میدیای باشووری کوردستان بە تایبەتی میدیای حیزبیو حکوومی، ئاگایان لەو هەڵمەتو هەرەوەزی هاوکاریو هاوپێوەندییانە نییە یا گرنگیی واتای سیاسیو نەتەوەییو ئینسانیی ئەو حەرەکەتانە،دەرک ناکەن؟ خۆ ناشێ بڵێن ئێمە نەمانزانیوە ئەوان لە چ بارودۆخێکی سیاسیو ئابووریی نالەبار دان! زۆریان نوێنەرایەتیو پەیامنێریان لە تارانو شارەکانی ڕۆژهەڵات هەیە، جگە لەمەش ڕۆژانە بە سەدان کەس لە دانیشتوانی هەریمی کوردستان، بە تایبەتی ئەو کەسانەی لە میدیاکانی باشووردا کار دەکەن، بۆ کاروباری جۆراوجۆر سەردانی ڕۆژهەڵاتو ئێران دەکەن. لە لایەکی دیکە چالاکانی ڕۆژهەڵاتی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانو ڕاگەیەنەکانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمو زۆر هەواڵی ئەم هاوکاریو هاوپێوەندییانە بڵاو دەکەنەوە. کە وایە مەسەلەکە ئەوە نییە کە میدیای کوردی لە باشووری کوردستان، ئاگایان لە هەڵوێستی خەڵکەکە و بەرپێوەچوونی ئەو هەڵمەتانە نییە. ئاگایان لێیەتی و بە ئەنقەست باسی ناکەن. ئەم

باسنەکردن و خۆبواردن لە ڕەنگدانەوە دەنگدانەوەیان لە میدیاکانی باشوور دا،چ لە بەر ڕاگرتنی دڵی کۆماری ئیسلامی بێ، چ لەبەر نەزانینی بایەخو گرنگیی واتا سیاسی و نەتەوەییەکەی، جێگای ڕەخنەی جیددییە. ئەوە دەچێتە خانەی ناسپاسیو پێنەزانیو ئەگەر کۆتایی پێ نییە کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر بەدەنگەوە هاتنی خەڵک بۆ هاوکاریو پشتیوانیی باشووری کوردستان لە داهاتوودا.

لە ژمارە ٦٣٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ خۆشمان با بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوەکانی کوردستان، فەرامۆش نەکەین!

٢٥ ساڵە هەموو ساڵێ لە مانگی خەرمانان دا یادی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ئێران دەکەینەوە. لە هاوینو پاییزی ١٣٦٧ی هەتاوی بە تایبەتی لە مانگەکانی گەلاوێژ، خەرمانان، ڕەزبەرو خەزەڵوەردا، چەند هەزار بەندیی سیاسیی ئێران لە لایەن جەللادەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لی ئەستیندرا، بەڵام بەو هۆیەوە کە زۆربەی کوشتارەکە لە مانگی خەرماناندا بەڕێوە چوو، ئەم مانگە بووە بە مانگی یادکردنەوەی کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی بەندییە سیاسییەکانی ئێران. دیارە سەدان بەندیی سیاسیی کوردیش کە سەر بە حیزبی دیموکراتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بوون، لە ڕەوتی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵە دا گیانیان لێ ئەستیندرا.

لە بارەی چەندو چۆنی ئەم کوشتارەو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی، هەتا ئێستا زۆر نووسراوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە نووسینو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەم بارەیەوە پێویست نییە. بە پێچەوانەوە هێشتا ئەم تاوانە گەورەیە پێویستی بەوە هەیە کە پتر بکەوێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو قسەکردن لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی. بەڵام گرنگیی بەرزراگرتنی بەندییە ئێعدامکراوەکان نابێ ببێتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەو بەندییانەی کە لە مێژ ساڵە بەندکراونو خەریکن لە بیر دەچنەوە. لە کوردستان دەیان کەسی وامان هەن کە هێندێکیان نزیک بە دوو دەیەو تەنانەت زیاترە لە بەندیخانە دانو هی واشیان تیدایە ئەوە بۆ ٢٠ - ١٥ساڵ دەچێ کەوتوونە بەند.

کوردبوون لە لایەکو ئەندامەتی لەو حیزبانەدا کە داواکاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامین، وای کردوە ئەم بەندییە سیاسیانە، لە چاو بەندییە سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە گەڵ جۆرێک هەڵاواردن لە لایەن میدیاکانو تەنانەت چالاکانی بواری مافی مرۆڤەوە بەرەوڕوو بن. لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا بەندییە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانو کەمایەتییە ئایینییەکان، تا ڕادەیەک کەوتوونە بەر سەرنجی میدیاکانو ناوەندەکانی بە دواداچوونی مافی مرۆڤ. بەڵام دیسانیش ئەو ئاوڕوێدانە، ئەو بەشە لە بەندییە سیاسییەکانی نەگرتووەتەوە کە ئێمە مەبەستمانن.

دیارە زۆربەی زۆری ئەو بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوانە ئەندامی سادەی حیزبەکانی کوردستان بوونو ئەگەر چالاکی و تێکۆشانیشیان بووبێ، تێکۆشانەکەیان سیاسی بووە نەک چەکدارانە. بەڵام با وای دابنێین کەسانێک لەم بەندییانە، لە حیزبێکی چەکدار دا تێکۆشانیان بووبێ یا پێشمەرگە بوونو بە چەکەوە ئەرکو مەئموورییەتی حیزبیو خەباتکارانەیان بەڕیوەبردبێ.ئایا ئەمە دەتوانێ ببێتە پاساو بۆ سەپاندنی هەر چەشنە سزایەک بە سەریان دا؟ یا ئەمە دەتوانێ ببێتە

پاساو بۆ پشتگوێخستنو لە بیربردنەوەیانو باس لێنەکردنیان لە میدیاییەکانو لە ڕاپۆرتەکانی پیوەندیدار بە مافی مرۆڤو بەندییەسیاسییەکاندا؟ لە وڵاتێکدا کە سیستەمێکی دیکتاتۆری حوکمی وڵات دەکاو، تێکۆشانی سیاسیی ئازادو قانوونیی لە حیزبو ڕێکخراوەکانو تاکەکان قەدەغە کردوەو بە چەکەوە، بە تیرۆرو ڕفاندنو بێسەروشوێنکردن، بەرەورووی هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێتەوە، شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە ئەو سیستەمە سەرکوتکەرە بەرەورووی بەرەنگاریو خەباتی چەکدارانە بێتەوە. چەکهەڵگرتنی حیزبە خەباتکارەکانو تێکۆشەرانی سیاسی دەچیتە خانەی بەرگریی ڕەواو داکۆکیکردن لە خۆیان. هەر وەک بەرپرسانو کاربەدەستانی حکوومەتیو پێرسۆنیلی هێزە چەکدارەکانو فەرماندەرانیان، کاتیک دەکەونە دەست هیزە بەرهەڵستکارەکان، دەبێ بە گوێرەی کۆنوانسیۆنە نیودەوڵەتییەکان، هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ، تیکۆشەرانو ئەندامانی ڕێکخراوە سیاسیە بەرهەڵستکارو چەکدارەکانیش، دەبێ لەم چوارچێوەیەدا، لێکۆڵینەوە لێپرسینەوەیان لێبکرێ.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو کۆنوانسیۆنە جیهانییانەی تایبەتن بە مافی بەندکراوانی سیاسیو دیلەکانی شەڕ، مافی بێ ئەملاوئەولای گیراوەکانە کە لە بارودۆخیکی ئینسانیدا ڕابگیرێن، مافی داکۆکی لە خۆکردنو دەستڕاگەیشتن بە پاریزەریان بۆ دابین بکرێ، بنەماڵەو کەسوکاریان بتوانن بیانبینن، سزاو ماوەی مەحکوومیەتەکەیان پێڕابگەیەندرێ. لە کاتی نەخۆشیدا دەستیان بە دوکتورو دەرمان بگا، دوای حوکمدران چی دیکە بەرەورووی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە نەبنەوە. پێویستە ڕێگا بەدامەزراوەو ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤو میدیاکانو نوینەرانی بیروڕای گشتی بدرێ لە نزیکەوە سەردانیان بکەنو دڵنیا بن کە بە گوێرەی ستاندارده جیهانییەکان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرێ.

بەڵام بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوەکانی کوردستان، لە گەڵ ئەوپەڕی ستەمو هەڵاواردن بەرەورِوون. جگە لەوەی کاربەدەستان هیچ کات ئامادە نەبوون وەک بەندیی سیاسی بیانناسن و لیستی ناوەکانیان بڵاو بکەنەوە، بۆ دوورترین بەندیخانەکانی وڵات، دووریان خستوونەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەکانیان نەتوانن بە هاسانی سەردانیان بکەن. لەویش ڕێگانادەن بەیەکەوە و خۆبەخۆ بنو ژووری تایبەت بە خۆیانیان هەبێ، بەڵکوو تێکەڵاوی ئەو بەندییانەیان دەکەن کە تاوانی کۆمەڵایەتییان ئەنجام داوە، تاوانیان کردوە، یا قاچاغچیی مادە سڕکەرەکانن‌وبە هۆی بارودۆخی ڕەوانیی هاوبەندەکانو زاڵبوونی توندوتیژی بە سەریاندا، بەردەوام لە گەل نائەمنی بەرەوڕوون. زۆربەی هەرەزۆریشیان لە مافی چوونە مەرەخەسی بێبەشنو زۆر جار کە نزیکترین کەسەکانیان نەخۆشنولە سەرەمەرگ دان، تەنانەت بۆ دوادیداریش، مەرەخەسیەکی کورتیان پێنادرێ بچنەوە نێو بنەماڵەکانیان. لە کاتی نەخۆشیو پێویستیی بەندییە نەخۆشەکە بە سەردانی دوکتوری باشو کەوتن لە نەخۆشخانە یا نەشتەرگەری لە شوێنی گونجاو، بەریان پێ دەگیرێ. لە تەخفیف و سووکبوونی سزا خەبەریک نییە. هیچ زەمانەتێک نییە ئەو حوکمەی بەسەریاندا سەپێندراوە، قەتعی بێ و چاوی پێدانەخشێندرێتەوە و قورستری نەکەن.

لێرەدا، جێگای نیە ناوی ئەو بەندیانە، ساڵی گیرانو جۆری تاوانو سزای بە سەردا سەپێندراوو ئەو بەندیخانانەی بەندییەکان چەندین ساڵی تەمەنیان تیدا تیپەڕ کردوە، بڵاو بکەینەوە.(ئەوە دەبێ دوای نوێکردنەوە و کاملکردنی زانیارییەکان وەک هاوپێچی ئەم بابەتە یا هەر بانگەوازێکی لەم چەشنە ڕوو بە میدیاکان، ناوەندە پێوەندیدارەکانو بیروڕای گشتی، بڵاو بکرێتەوە.) بەڵام بە دەرفەتی دەزانم چەند داوایەک بخەمە ڕوو:

١- وەرن با لە توێی ماڵپەڕێک یا پەیجێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بانکێکی زانیاری لە بارەی ئەو بەندییە سیاسیانەی کوردستان کە بە داخەوە لە بیرچوونەوە، دامەزرێنینو وێنەو هەموو زانیارییەکی پێویست لە بارەی ئەوان بخەینە ڕوو.

٢- بابەتی بەڵگەنامەیی دۆکیۆمێنت) بۆ کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە بکەینو کۆمەڵگەو ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤو بیروڕای گشتی لە چارەنووسی دڵتەزینی ئەو بەندییانە ئاگادار بکەینەوە.

٣- لە ژوورەوە خەلکی کوردستانو بە تایبەتی چالاکانی مەدەنیو، لە دەرەوەی وڵاتیش، ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئەرکدار بکەین کە سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیس، دامەزراوە حکوومیو دەوڵەتییەکانو بە گشتی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا بخەنە ژێر گوشار بۆ هەڵگرتنی بێدەنگی، بایکۆتو هەڵاواردن لە سەر بەندییە سیاسییە لە مێژینەکانی کوردستان و ملدان بۆ ئازادی یا سووککردنی سزای ئەوان.

لە ژمارە ٦٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## هەرێمی کوردستان، گۆڕەپانی شەڕێکی نێودەوڵەتی لە گەڵ تیرۆریزم

بۆ مانگو نیوێک دەچێ هەرێمی کوردستانو هەولێر وەک پێتەختی ئەو هەرێمە کوردییە، بوون بە جێگای سەرنجی ناوەندە دیپلۆماسییەکانو میدیاکانی جیهان.

لەو کاتەوە کە چەکدارەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش،ڕووی هێرشو پەلامارەکانیان لە شارو ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقەوە وەرسووڕاندو ڕوویان کردە خاکو خەڵکی باشووری کوردستان،هەرێمی کوردستان،هەولێر پێتەختی ئەو هەرێمەو، سەرۆکایەتیی سیاسیی هەرێمو هێزی پێشمەرگە،سەرنجی میدیاکانی جیهانو ناوەندە دیپلۆماسییەکانی دنیایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

چەکدارەکانی داعش لەو شارو ناوچانەی باشووری کوردستان کە پەلاماریان دەدانو داگیریان دەکردن،بە هێندێک جیاوازییەوە،هەر ئەو کردەوەو ڕەفتارانەیان ئەنجام دەدا کە لە مووسڵو تکریتو ناوچەکانی دیکە بەرامبەر خەڵکی جیابیر ئەنجامیان دابوون. ڕەنگە جیاوازییەکی هەرە گەورە لەوە دابووبێ کە کەمایەتییەکی گەورەی ئایینی کە خوشک و برا ئیزەدییەکان بوون،لە پەلامارەکانی داعش بۆ سەر هەرێمدا، بێبەزەییانە کەوتنە بەر توندو تیژیی ئەو تاقمە تیرۆریستییەو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە کۆڕەوەێکی گەورەی مرۆیی لە گەرمای تاقەتپڕووکێنی وەرزی هاوین دا بەرەو چیای شەنگاڵ وەڕێ بکەوێ. بەڵام دیارەهەم دژکردەوەی خەڵک لە شارو ناوچە پالاماردراوەکانی هەرێم بەرامبەر هاتنی ئەم هێزە تیرۆریستییە لە هی شارو ناوچەکانی بەشەکانی دیکەی عێراق جیاواز بوو،هەم کاردانەوە ناوچەییو جیهانییەکان بەرامبەر ئەم پەلامارانە جیاواز بوون.

خەڵکی کوردستان،تەنانەت خەڵکی ناوچەدابڕاوەکانی هەرێمیش، ئەزموونێک لە دەسەلاتدارەتیی کوردیان بەدی دەکرد کە لە هەر ناوچەیەک دەسەڵاتی بووبێ،ئاسایشوخوشگوزەرانیی بۆ دانیشتووان هێناوە،ڕێگا نادا کەمایەتییە ئایینیو زمانییەکان لە گەڵ سەرکوتو هەڵاواردن بەرەوڕوو بن. جگە لەمەش،ناوەرۆکی دەسەلاتەکەی،ئازادیو دیموکراسیو پێشاندانی ڕوخسارێکی ئەمرۆیی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە. دانیشتوانی ناوچە سوننییەکان،کە چەند ساڵێک بوو لە ستەمو هەڵاواردنی مەزهەبیی دەوڵەتی مالیکی بەرامبەر خۆیان وەزالە هاتبوون،هەڵویستیان بەرامبەر زاڵبوونی دەسەڵاتی هێزێکی وەک داعش کە بە رواڵەت داکۆکیکاری سوننەمەزهەبەکانە، ئەگەر پێشوازی نەبووبێ،بێتەفاوەتیو بیلایەنی بوو. بەڵام بۆ دانیشتوانی شارو ناوچە کوردیو کوردستانییەکان،مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو. ئەوان لە دەسەلاتێکی خۆییو ئازادو

دیموکراتیک،دەکەوتنە ژێر سەیتەرەی حوکمڕانییەکی کۆنەپەرستانە، تیرۆریستیو توندو تیژ کە هەموو شتیکی لە گەڵ ئەم سەردەمە ناموو بوو. هەر بۆیە خەڵکی شارو ناوچە کوردستانییەکانی ئامانجی پەلاماری داعش، بە تایبەتی خوشکو برا ئیزەدەییەکان بە پەنابردن بۆ کۆڕەو،دژی هاتنی داعش وەستانەوە. ئەگەرچی چەکدارەکانی ئەم گرووپە تیرۆریستییە بەو هەمووە چەکوچۆڵە پێشکەوتووە تەیار بوون کە لە سوپای تێکشکاوی عێراق دەستیان کەوتبوو، بەلام هیزی پێشمەرگە سەرەڕای تەیارنەبوونی بە چەکی پێشکەوتوو بە خۆڕاگریو بەرەنگاریی خۆیو بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، پێشڕەوییەکانی داعش بەرەو قووڵایی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت.

بەرەوڕووبوونی هەرێمی کوردستان لە گەڵ پەلامارو لەشکرکێشیی گرووپی تیرۆریستیی بە ناو "خیلافەتی ئیسلامی"(داعش)، هەم لە ئاستی نەتەوەیی،هەم لە ئاستی ناوچەییو جیهانی دا، کاردانەوەو لێکەوتەی گرنگی هەبوو. لە ئاستی نەتەوەیی دا، هیزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستانو تاکەکانی نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێک هەن،هەستیان بە نیگەرانی کردو بەرگریکردنو بە هاناوە هاتنی هەریمی کوردستانو پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەم ئەزموونەیان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان زانی. لە لایەکەوە بە ئامادەیی دەربڕین بۆ بەشداری لە شەڕ دژی تیرۆریستانو لە لایەکی دیکەوە بە هاودەردی لە گەڵ خەڵکی لێقەوماوو ئاوارەو کۆکردنەوەی یارمەتیی بۆ ئەوان، هەڵوێستی چاوەڕوانکراوی خۆیان راگەیاند. لە ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتیش دا،هەرێمی کوردستان لە گەڵ پشتیوانیو بەدەنگەوەهاتنێکی بێوێنە بەرەوڕوو بوو. پشتیوانییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکە، هەر تەنیا لایەنی مرۆییو ماڵیی نەبوو، بەڵکوو رەهەندی سیاسیو سوپاییشی بە خۆوە گرت. ئەمریکاو چەندین وڵاتی ڕۆژاوایی، پارێزگاری لە هەرێمی کوردستانو ناردنی چەکو تەقەمەنیی پێشکەوتوو بۆ هێزی پێشمەرگەیان بە ئەولەوییەتی خۆیان دانا.

**ئاماژەکانی ئەو دیوی ئەم هاوبەندییە ناوچەیی و جیهانییە لە گەڵ هەرێمی کوردستان، دەتوانین بەم جۆرە بخوێنینەوە:**

- هەرێمی کوردستان،لە نێو هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا،نموونەیەکی سەرکەوتوویە لە وێکهەڵکردنو پێکەوەحەوانەوەی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان. نەک هەر لە ئاستی عێراق،بەڵکوو لە ئاستی ناوچەشدا، ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە لە سەقامگرتوویی سیاسیو، دامەزرانی پێوەندیی سیاسی، ئابووری و بازرگانی لە گەڵ ولاتانی دەوروبەر.

- ئەم هەرێمە،بەهۆی تەعامولی دروستی لە گەڵ کۆمەڵگەی جیهانیو پرسو کێشەکانی سەردەمو پەرەپێدانی ئازادی، دیموکراسیو مافی مرۆڤو، بە هۆی وەستانەوەی بەرامبەر تیرۆریزمو هەموو ئەوهەڕەشانەی ئاشتیی جیهانیی دەخەنە مەترسییەوە،هاوپەیمانێکی جیی متمانەی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتییە.

- هەرێمی کوردستان، سەرەرای هەموو بەربەستو کەندوکۆسپەکان، تواناکانی خۆی لە بواری بەرینکردنەوەی پیوەندییە سیاسییو دیپلۆماسییەکانی، لە باری ئابووریو بەرەوژووربردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتوسەرچاوە ژێرزەوییەکانی، لە بواری پەرەپێدانی فرۆکەخانەو ڕێگاوبانو نیشتەجێکردنو ناوەندە زانستییەکان، لە بواری کولتووریو لەشساغیو دابینکردنی پیداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵک، تەنانەت لە ڕووی هێزی بەرگری و پێکەوەنانی هیزێکی سوپایینی، بەرەوژوور بردوە. بەلام ئەم گەشە و پێشکەوتنە نەک هەر نەبووە بە هۆی هەڕەشەو نیگەرانی بۆ سەر میللەتانو ولاتانی دیکە، بەڵکوو یارمەتیی بە سەقامگرتوویی‌و پێشکەوتنی ناوچەکە کردوە.

- داعش، ئەگەرچی لەم ناوچەیە(سووریەو عێراق)و لە سەر زەمینەی کێشەو ململانێیە ئایینیو سیاسییەکانی نێو هەناوی ئەم دوو ولاتە، پێی گرتوەو بووە بەو هێزە کە لەم دوو وڵاتە مەیدانداری دەکا، بەڵام لە راستیدا بە دەیان هەزار کەس لە سەرانسەری جیهانی لە ریزەکانی خۆی دا کۆکردوەتەوەو ئەگەر ئەم دەسەلاتدارەتیو مەیداندارییەی لەم ناوچەیە لێ تێک نەدرێ، دەتوانێو توانیویەتی ببێتە مەترسییەکی جیهانی.

ئەزموونی دوو دەیەو نیوی ڕابردوو دەری خستوە لە نێو نەتەوەکانو دەوڵەتانی ناوچەی پڕ کێشەو ناتەبایی رۆژهەلاتی نیوەراستدا، نەتەوەی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەم نەتەوەییە، لە هەمووان زیاتر، دۆستی جیهانی دیموکراتو پێشکەوتوون. شەڕی داعش ئەگەر چی بەرواڵەت شەڕێکی ئایینییە، بەڵام شەرە لە گەڵ پێشکەوتن و شارستانییەتو دیموکراسی، شەڕە لە گەڵ مرۆڤایەتیو ڕووناکی. نەتەوەی کورد بە گشتیو هەرێمی کوردستانو هیزی پێشمەرگە بە تایبەتی، پێیان خۆش نییە بوون بە خانەخوێ و تەرەفی ئەم شەڕە نەخوازراوە. بەلام ئیستا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، قۆڵی لە پشتیوانیی ئەوان هەڵماڵیوە، بە شانازییەوە ئەم شەڕە دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## حزبی دیموكرات: ناكرێت خەباتو تێكۆشان لەرۆژهەڵاتی كوردستان لەبەر پەیوەندیی ئێرانو حكومەتی هەرێم پەكبخرێت

**"هەمیشە ئێران توانیویەتی لێرە كاری خۆی بكات، چی ویستوە كردویەتی، بەڵام ئێمە تا كەی تێكۆشانی خۆمان پەكبخەین لەرۆژهەڵاتی كوردستان؟"**

كۆتـایی مـانگی رابـردو، شەڕو پێكدادان لەچەنـد ناوچەیـەكی رۆژهەڵاتی كوردسـتان لـەنێوان هێزەكـانی سـوپای پاسدارانو پێشـمەرگەكانی حزبـی دیمـوكراتی كوردسـتان رویـانـدا، كـە كـوژراوو برینـداری لەهـەردولا لێكەوتـەوە، ئـەم جموجـوڵو چالاكییانـەی (ح.د.ك) هاوكاتـە لەگـەڵ ئـەو شـەڕو نائارامییـەی ناوچەیـەكی فراوانـی هـەرێمی كوردسـتانو عێـراقو سـوریای گرتوەتەوەو هاوپەیمانیەكی نێودەوڵـەتیی لـەدژی دەوڵـەتی ئیسلامی ناسراو بـەداعش پێكهێنـراوەو كۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لەدەرەوەی هاوپەیمانێتییەكەیە. لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموكراتی كوردستان "قـادر وریـا" دەڵێت "بەنیازین چالاكییەكانمان لەبواری جۆراوجۆردا بەردەوامبێتو زیاتریشی بكەین".

### ئا: ئاوێنە

**ئاوێنە: بۆچی ئەم جموجۆڵانەی ئێوە كەوتوەتـە ئـەم كاتـەوە، كـە هـەرێمـی كوردسـتانو عێـراق بەشـەڕی دژ بەداعشـەوە سەرقاڵن؟**

**قادر وریا**: ئێمە هەمو ساڵێك لەرۆژهەڵاتی كوردستان كۆمەڵێك چالاكییمـان هـەبوە، سـاڵانی رابـردوش چالاكییمـان هـەبوە، جگە لـەوەش ناكرێت خـەبـاتو تێكۆشـان لەبەشێكی كوردسـتان بوەستێت لەبـەر بـەشـەكانی دیكـە، رۆژهـەڵاتی كوردسـتانیش پێویستی بەخـەبـاتو تێكۆشان هەیە بـۆ ئـەوەی كێشـەكانی خـۆی بخاتـەڕو، كـەوابو ئـەم جموجۆڵانـەی ئێمـە هـیچ پەیوەنـدیی بەبارودۆخی ئەم ناوچەیەوە نییە.

**ئاوێنە: بەڵام هاوكاتە لەگەڵ شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش؟**

**قادر وریا**: راستییەكەی پرسی كوردی رۆژهەڵاتی كوردستان بەئەنقەست پشتگوێخراوە یان لەبەر كۆمەڵێك فاكتەری دیكە

خراوەتە پەراوێزەوە، کوردو هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت کارو چالاکیی خۆیان پەکنەخەن لەبەر هیچ روداوێک.

**ئاوێنە: واتە ئێوە دەتانەوێت لەڕێگەی ئەم جموجۆڵانەوە سەربەخۆیی بڕیاریی سیاسی خۆتان بسەلمێنن؟**

**قادر وریا**: حزبی دیموکراتی کوردستان هەمیشە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی لەدەستی خۆیدایەو هەرگیز نەشیویستوە کە خەباتو تێکۆشان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەستێت، رەنگە لەهەندێک بارودۆخدا جۆرێک لەخەباتی وەلا نابێت، بەڵام دەبێت ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هێزە سیاسیەکانی خەباتو چالاکیی خۆی هەبێت، چونکە لەبەشەکانی تری کوردستان هەمیشە کێشە هەیە، ئێمە ئەگەر لەبەر ئەوان بوەستین، کەواتە دەبێت هەر هیچ نەکەین.

**ئاوێنە: پێشتر حزبی دیموکراتو هەمو لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەهەرێمدان جۆرێک لەرێککەوتنیان هەبوە لەگەڵ حکومەتی هەرێم کە لێرەوە هێرش نەکەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئایا ئەمەی ئێوە دەیکەنو دەیڵێن سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنە نیە؟**

**قادر وریا**: نازانم ناوی رێککەوتنی لێبنێین یان نا، بەڵام لەم بەشەدا ئەوە حزبەکانی کوردستان بون کە هەمیشە پابەندبون بەو رێککەوتنانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێم، بەڵام حکومەتی هەرێم کەمتەرخەم بو لەئاست ئەم هێزە سیاسیانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر شت هەن نەیکردوە.

**ئاوێنە: لەو شتانە وەکو؟**

**قادر وریا**: هەمیشە ئێران توانیویەتی لێرە کاری خۆی بکات، چی ویستوە کردویەتی، بەڵام ئێمە تا کەی تێکۆشانی خۆمان پەکبخەین لەڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ بەمەرجێک بەشی زۆری ئەو چالاکییانە هی خەڵکی ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیانن، لەسنورەکانیش نەبونو لەقوڵاییدا بون، ئێمە بۆ کاری سیاسیو رێکخستنو تەشکیلاتیی گەڕاوینەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەوە هێزی ئێرانە کە هێرشی بردوەتە سەرمانو کەمینی بۆ داناوین، ئەگینا چالاکییەکانی ئێمە بەپلەی یەکەم بۆ کاری سیاسیو تەشکیلاتییو داراییو کۆمەکو یارمەتیدانن.

**ئاوێنە: بڕیارتانداوە خەباتی چەکداریی دەستپێبکەنەوە؟**

**قادر وریا**: بڕیارمانداوە چالاکییمان لەوێ هەبێت، مەرج نییە هەر خەباتی چەکداریی بێت، بەڵام وەختێ کە ئەندامو

کادێری ئێمە لەوێ چالاکیی دەکەنو جاشو پاسدار کەمینیان بۆ دادەنێن ئەوانیش بەرگریی لەخۆیان دەکەن.

**ئاوێنە: ئایا تەنها هێزی ئێوەیە لەرۆژهەڵات کوردستان چالاکیی دەکات یان هێزەکانی تریش بەهەمانشێوە جموجۆڵیان دەستپێکردوەتەوە؟**

**قادر وریا**: من ئاگاداری هێزەکانی تر نیم، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەوانیش بەرەو روی ئەو داواکارییە بونەتەوە لەلایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە دەبێت کارو چالاکیی خۆیان بگوازنەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەندە پشتگوێ نەخرێت ئەو بەشەی کوردستان، بەڵام حزبی دیموکرات هەوادارو لایەنگری زۆری هەنو ئەوانەن کە خەباتو تێکۆشانی بۆ دەکەن.

**ئاوێنە: ئایا هێزێکی زۆری پێشمەرگەتان گەڕاوەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**قادر وریا**: ئەو هێزانە هەر لێرەوە نەگەڕاونەتەوە، زۆربەیان هی ئەوێنو بەیەکەوە لەگەڵ کادێرانی ئێمە خەباتو تێکۆشان دەکەن، ئێستا هێزێک لەرۆژهەلاتی کوردستان بونی خۆی راگەیاندوە بەناوی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هێزە خەڵکی جۆراوجۆری تێدایە، وتویانە ئێمە پشتیوانیی لەحزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین، سیاسەتی حزبی دیموکراتمان قبوڵە، ئێمەش جۆرێک لەهاوکارییمان هەیە لەگەڵیان.

**ئاوێنە: ئایا پێتان وا نییە ئێران کاردانەوەی بەرامبەر بەم کارانەی ئێوە دەبێتو گوشار بۆ هێزە کوردییەکان بهێنێت تا ئەم جۆرە جموجۆڵانەتان رابگرن؟**

**قادر وریا**: نازانم، بەڵام ئێمە جموجۆڵمان هەبێت یان نا، ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ ئەم هێزانەی ئێرە هەیە، بەڵام ئێمە خەڵکی خۆمان کارو تێکۆشان دەکات، ناکرێت خەڵکێکو بەشێک لەکوردستان تاهەتایە دەست لەسەر دەست دابنێت لەبەرئەوەی ئێران پەیوەندیی بێرەوەیە، باشە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانو هێزەکانی نابێت لەوێ چالاکیی بکەن؟ ئێمە بەرێگەی ئاشتییانەو هەڵبژاردنو خۆپیشاندانو هاتنە سەرشەقامەوە نەتوانین کارو چالاکیی بکەین بۆ گەیشتن بەمافەکانمانو رێگەمان پێنەدرێت، ئێ باشە خەڵکێک کە هاتنە سەری نابێت داکۆکیی لەخۆی بکات؟

**ئاوێنە: دەوترێت کە ئێوە لەقەیرانی داراییدا دەژینو بەشێک لەم جموجۆڵانەتان پەیوەندیی بەوەوەیە کە لەو دۆخە دژوارە دارایی‌و سیاسییەی تێیکەوتون رزگارتانبێت؟**

**قادر وریا**: ئێمە لەساڵانی پێشوشدا لەم جۆرە چالاکییانەمان هەبووە ئەمساڵیش بەشێکی ئەوەیە لەدرێژەی ساڵانی رابردودا کردومانە، بەڵام بەدڵنیاییی وەختێک ئێرە حکومەتی هەرێم، ئەرکو بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بەرامبەر بەو خەڵکەی رۆژهەڵاتی کوردستان پشتگوێخستوە، ئەو خەڵکو حزبانە بەدوای رێگەیەکی تردا دەگەڕێن، کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ناو خەڵکەکەی خۆی.

**ئاوێنە: واتە بەنیازن ئەم چالاکییانەتان بەردەوامبێت؟**

**قادر وریا**: بەڵێ بەنیازین چالاکییەکانمان لەبواری جۆراوجۆردا بەردەوامبێتو زیاتریشی بکەین، مەرجیش نییە ئەمە بەمانای شەڕی چەکداریی بێت، لەناو خەڵکی خۆماندا کارو کۆششو چالاکیی زیاتر دەکەین.

**ئاوێنە: ئێوە بڕیارتاندابو شەڕی دژ بەداعش نەکەن تا لەرێگەی فەرمییەوە حکومەتی هەرێم داواتان لێدەکات. هۆکاری ئەم بڕیارەتان چی بو؟**

**قادر وریا**: ئێمە ئامادەییمان نیشاندابو، ئێستاش ئامادەییمان هەیە، کە لەشەڕی دژ بەداعش بەشداربینو هاوکارییان بکەین، بەڵام کە داوامان لێنەکراوە، سەربەخۆو بەخۆڕایی ناچینە ئەو شەڕەوە، چونکە بەرەیەکی شەڕ کە هێزەکانی ئێرانی تیایە، ئەمەریکای تێدایە، هێزی عێراقی تێدایە، ئێمە ناکرێت هەر لەخۆمانەوە خۆمان بخەینە گەرداوێکی ئاواوە.

**ئاوێنە: حزبەکانی تر ویستیان بەشداریی شەڕی دژ بەداعش بکەن، بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە رێگەیان پێنەدرا، ئایا حکومەتی هەرێم لەژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو بڕیارەی دا؟**

**قادر وریا**: لەوەدا کە ئێران پێی ناخۆش بو حزبەکانی رۆژهەڵاتو هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەڵات لەشەڕێکدا بن کە بەشەڕی دژ بەتیرۆر ناسراوە، گومانێک نییە، چونکە ئێران هەمیشە هەوڵیداوە کە حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهێزی تیرۆریستیی بناسێنێتو ئێستا کە بەشداریی شەڕێکی بەمجۆرەیە دژ بەتیرۆریستان، ئەوە دەگەیەنێت کە هێزو پێشمەرگەیان هەیە، بەڵێ گومانی تێدا نییە کە فشاری ئێرانی تێدابوە.

رۆژهەڵات - ش ش -

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - رێکەوتی : ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## تێچووی بەردەوامیی بزووتنەوە لە کوردستان هەتا کەنگێ لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک بێت؟

**چەند قسەیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

هەوڵدان بۆ ئەوەی نەتەوکەت لە بندەستی و ڕۆژرەشی رزگاری بێت، ئەرکێکە پێویست و پیرۆز. لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە دا، ئەوانە پتر دەسپێشخەر دەبن و زیاتر دەچنە پێش، کە هەم تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی و گشتییان لە سەرترە، هەم هەستکردن بە بەرپرسایەتی و دەروەستبوون لەوان دا زیاترە. بەم پێیە بۆ ئەوەی کەسانێک، بەشێک یا هەموو ژیانی خۆیان بۆ خزمەت بە نەتەوەکەیان و خەبات لە پێناوی ئازادبوونی دا تەرخان بکەن، دەبێ لە لایەکەوە هەست بە بندەستی و بێبەشیی نەتەوەکەیان بکەن، لە لایەکی دیکەوە ئازایەتیی ئەوەشیان هەبێ بۆ نەهێشتنی ئەو بندەستی و بێبەشییە، هەنگاوی پێویست هەڵ بگرن.

نەتەوەی کورد بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندیان لە خەبات لە پێناوی بە دەستهێنانی ئازادی دا هەیە. زۆر بۆ دواوە ناگەڕێینەوە. سەیرێکی مێژووی نوێی نەتەوەکەمان لە پێکهاتنی کۆمەلەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئیستا بکەن. ئەوانەی لە ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا، لەم ڕێیە دا گیانیان بەخشیوە، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بوون، بریندار و کەم ئەندام بوون، زیانی ماڵی و ماڵوێرانیان پێ براوە، یا لە سەر ئازادیخوازی و پشتیوانی لە خەباتکاران و ئازادیخوازان تاڵاویان چێشتوە، کەم نین.

دیارە خەبات لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتنی نەتەوە و کۆمەڵ دا ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. کەسانێک، تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نهێنی بۆ ئەم مەبەستە هەڵ دەبژێرن. ژمارەیەک، دەچنە نێو بواری زانست و کولتوور و هونەر وفکر و مەعریفەت بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە، خزمەت بکەن. کەسانێک، سامان و توانای ماڵیی باشیان هەیە و لە ڕێگای ئابوورییەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی وڵات و نەتەوە و کۆمەڵی خۆیان دەدەن. هەمووی ئەوانە و زۆر ڕێگای دیکەش بە مەرجێک هەوڵەکان، نیازی خزمەتکردنی نەتەوە و خەڵک و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵیان لە پشت بێ، جێگای ڕێزن.



سەرچاوە
Serchawe

شتێکی سروشتییە کە لە نێوان ئەم جۆرە کەسانە و کەسانێک کە تەنیا بەژەوەندەی تاکەکەسیی خۆیان بە لاوە گرنگە و ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە نەتەوەکەیان، خەڵکەکەیان، کۆمەڵ و نیشتمانەکەیانە، جیاوازیی زۆر گەورە هەیە.بەڵام لەنێو هەر کام لەو دوو بەشەش دا، کە دەکرێ بە باش و خراپ پۆلێنیان بکەین، گرووپێکی تایبەت هەیە کە ئاوێنەی بالاَنوێنی تایبەتمەندیی سەرەکیی بەشەکەی خۆیانن. لەنێو بەشە باشەکەی خەڵک و کۆمەڵ و ولاتێک، کەسانێک هەن کە نەک هەر ڕێگای خزمەت بە کۆمەڵ و وڵات و نەتەوەی خۆیان هەڵ دەبژێرن، بەڵکوو دژوارترین ڕێگاش هەڵ دەبژێرن. ئەگەر خەڵکی دیکە، لە پەنا ژیانی ئاسایی خۆیان دا، بەشێک لە کات و بیر و توانا و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی خۆیان، بۆ خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکەکەیان تەرخان دەکەن، ئەمانە، هەموو ژیانی خۆیان و گیانی خۆشیان بۆ ئەو ڕێگایە تەرخان دەکەن. با ڕاشکاوانە بڵێین مەبەستمان چ کەسانێکە. ئەوانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستانیان بۆ خزمەت و تیکۆشان هەڵبژاردوە، لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە دا کاریان کردوە و کار دەکەن، بوون بە پێشمەرگە و بە هەزارانیان لێشەهید بوون، یا تووشی کەمئەندامی، ئاوارەیی، ژیانی نائاسایی و دوورە وڵاتی بوون، سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە کەوتوونە بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئێعدام بەشیان بووە، ئەمانە، سەرچڵ و سەرتۆپی مرۆڤە باش و خۆبەخشەکانی نەتەوە و کۆمەڵگەی خۆیانن. لە ڕاستیدا ئەو دەستەیە و بنەماڵەکانیانن کە گەورەترین و زۆرترین تێچووی گەیشتنی نەتەوەکەیان بە ئازادی و مافەکانی، دەدەن.

وەک وترا لە نێو ئەو بەشەی خەڵکیش دا کە هیچ ئەرکێکیان لە بارەی خزمەت بە نەتەوە و کۆمەڵ و نێشتمان نەخستوەتە سەرشانی خۆیان، دەستەیەکی تایبەت هەن. ئەو دەستە تایبەتە هەر بەوەندە ڕازی نەبوون و نابن کە هیچ سوود و خێرێکیان بۆ نەتەوە و خەڵکی خۆیان نەبێ، بەڵکوو ڕێک ڕێگای دژایەتی و خەیانەت بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و کۆمەڵی خۆشیان هەڵبژاردوە. ئەوانە دەستیان لە گەڵ دامودەزگا بەدناو و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمێک کە گەلەکەیانی لە بندەستی دا ڕاگرتوە، تێکەڵ کردوە. بە شێوەی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا، هاوکاریی ئەو دامودەزگایانە دەکەن کە کاریان سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستانە. تێیان دایە چەکی خەیانەتی هەڵگرتوە و دەستی بە خوێنی تیکۆشەرانی کورد سوور بووە، یا بوون بە چاو و گوێی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و بەسیج، بۆئەوەی باشتر بتوانن دەست لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی خۆیان بوەشێنن. ژمارەیەکیش بە گوێرەی پیشەکەی خۆیان و لە شوێنی کار و هەڵسوورانیان، بەرنامە و مەبەستە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە جێبەجێ دەکەن. بۆ وێنە مینبەری مزگەوت و پێشنوێژی و پیشەی مەلایەتی بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیم و دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان بە کار دێنن. یا بە پشتگیریی کاربەدەستان و مۆرە گرنگەکانی ڕێژیم، لە بازار و بواری ئابووری دا، مەیداننداری دەکەن و لە ڕێگای لە مەیدان وەدەرنانی خەڵکی دیکە و پاوانکردنی بوارەکە بۆ خۆیان، سوودێکی زۆر بۆ خۆیان و شەریکەکانیان، دابین دەکەن. ئەمانە نەک هەر لە گەڵ ئەخلاق، ویژدان، نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری و سوودگەیاندن بە خەڵک و نەتەوەی خۆیان بێگانەن، بە پێچەوانەوە ڕاست لە

سەر حیسابی ژێرپێخستنی هەمووی ئەوانە و خزمەت بە دوژمنانی نەتەوەکەیان، بوون بە خاوەن سامان و سەرمایەیەکی خەیاڵیی و ژیانێکی مشەخۆرانە. ئەو تاقمە لە راستیدا، گاڵتەیان بەو کەسانە دێ کە سەربەرزانە و شەرافەتمەندانە دەژین و پێیان شەرمە نیشتمانفرۆشی و خۆفرۆشی بکەن.

**

ئەرکی هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕۆڵ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ئەوەیە، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەکە ڕابکێشێ و هەر کامیان بە جۆرێک بەشداری مەیدان و بوارە جیاوازەکانی خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا بکا. نابێ هەرچی تێچوو و پێداویستیی بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەیەکە، تەنیا لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک و کۆمەڵ بێت، بەشێکیش هیچ قورساییەک نەکەوێتە سەرشانیان. لە مانەش گرنگتر ئەوەیە نابێ،تاقمێک مشەخۆر، لە سەر حیسابی دوژمنایەتیی نەتەوەکەی خۆیان و خەیانەت بە خەڵک، بە بەردەوامی سامان پێکەوە بنێن، پلە و پایەیان بچێتە سەر و بە ڕیشی کۆمەڵگە و بزووتنەوە پێ بکەنن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبڕاوە بە بردنە پێشی سیاسەت و تێکۆشانێکی هەمە لایەنەی ڕۆژهەڵاتتەوەر، گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، بکاتەوە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە قورس و پیرۆزە، پێش هەموان، هاوکاری و پشتیوانیی دلسۆزانی هەمیشەیی بزووتنەوەکەی پێویستە. دیارە لە پلەی یەکەم دا لە سەر پشتیوانی و هاوکاریی ئەوانە حیساب دەکەین کە لە درێژایی مێژوو دا بنکە و پێگە و پشتیوانی ئەم حیزبە و بزووتنەوەی سۆڕشگێرانەی کوردستان بوون. بەشێکی دیکەی کۆمەڵ، ئەوانەن کە لە ڕیزی پشتیوانان و دڵسۆزانی بزووتنەوە دان، بەڵام بە هەر هۆیەک هەیە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان لە ئاست بزووتنەوە جێبەجێ بکەن. لەوانەیە هەلیان بۆ نەڕەخسابێ، یا بە هۆی سیاسی و ئەمنییەتی، بۆیان نەگونجاوە، پشتیوانی و هاوکاریی پیویستی بزووتنەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. ئەو بەشە ئەگەر پێشمەرگایەتی و چوونە بەندیخانە و ئاوارەیی و زۆر نەهامەتیی دیکەشیان لە پێناوی داهاتووی نەتەوەکەیان دا، نەگرتووەتە خۆ، لانیکەم پێویست بوو و پێویستە لە باری ماڵییەوە هاوکار و پستیوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بن. یا لانیکەم دەبوا ئاگایەکیان لەو بنەماڵانە بێ کەلە سۆنگەی بەشداری لە بزووتنەوەی کوردستان دا، یەک یان چەند کەسیان شەهید یا نەقوستان بووە یا کەوتوونە بەندیخانە، و لە گەڵ کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆر بەرەوڕوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەورەی نوێی تێکۆشانی خۆی دا، ئەم بەشە لە خەڵکی کوردستان وەبیر ئەو ئەرکانە دەخاتەوە کە لێیان کەمتەر خەم بوون و گوێی خۆیان لێ خەواندوە. لەم بارەیەوە بە ڕاشکاوی و بێپەردە چاوەڕوانیی خۆی لە گەڵیان باس دەکا و ئەرکداریان دەکا.

بەڵام حیسێبی ئەو مشەخۆرانەی کە لە سۆنگەی خەیانەت بە گەل و نیشتمان و دەست تیکەڵکردن لە گەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، دەستیان بۆ ڕاورووت و گەندەڵی و پێکەوەنانی سامانی خەیاڵی، ئاوەلا کراوە، شتێکی جیاوازە. لە ڕاستی دا، سامانی ئەوان، سامانی دەستبەسەرداگیراوی خەڵکە. هەر بۆیە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ هاوکار و ڕێخۆشکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بن بۆ لەقاودانی گەندەڵییەکانی ئەم تاقمە و دەستبەسەرداگرتنی سامانیان بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بە قازانجی بەرنامە و پرۆژەکانی خەباتی ئازادیخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان. ئەم تاقمە وەک زەروو دەمیان ناوەتە خوێنی خەڵک و نەتەوەکەی خۆیان. بۆیە پێویستە کۆمەلانی خەڵک و هێزەسیاسیە خەباتکارەکان هەر کام لە ڕێگای خۆیانەوە، تەنگ بەم مشەخۆرانە هەڵ بچنن و دەستی تالان و دزیکردنیان لە سەر خۆیان و کۆمەڵ و نیشتمانەکەیان کورت بکەنەوە. لە داهاتوو دا لەم بارەیەوە لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەلاتی کورستان پتر دەدوێین.

لە ژمارە ٦٤٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# چەند قسەیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی، مێژوویەکی دەوڵەمەندیان لە خەبات لە پێناوی بە دەستهێنانی ئازادی دا هەیە. زۆر بۆ دواوە ناگەڕێینەوە. سەیرێکی مێژووی نوێی نەتەوەکەمان لە پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئیستا بکەن. ئەوانەی لە ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا، لەم ڕێیە دا گیانیان بەخشیوە، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بوون، بریندار و کەم ئەندام بوون، زیانی ماڵی و ماڵوێرانیان پێ براوە، یا لە سەر ئازادیخوازی و پشتیوانی لە خەباتکاران و ئازادیخوازان تاڵاویان چێشتوە، کەم نین.

دیارە خەبات لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتنی نەتەوە و کۆمەڵ دا ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. کەسانێک، تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نهێنی بۆ ئەم مەبەستە هەڵ دەبژێرن. ژمارەیەک، دەچنە نێو بواری زانست و کولتوور و هونەر وفکر و مەعریفەت بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە، خزمەت بکەن. کەسانێک، سامان و توانای ماڵیی باشیان هەیە و لە ڕێگای ئابوورییەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی وڵات و نەتەوە و کۆمەڵی خۆیان دەدەن. هەمووی ئەوانە و زۆر ڕێگای دیکەش بە مەرجێک هەوڵەکان، نیازی خزمەتکردنی نەتەوە و خەڵک و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵیان لە پشت بێ، جێگای ڕێزن.

شتێکی سروشتییە کە لە نێوان ئەم جۆرە کەسانە و کەسانێک کە تەنیا بەژەوەندەی تاکەکەسیی خۆیان بە لاوە گرنگە و ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە نەتەوەکەیان، خەڵکەکەیان، کۆمەڵ و نیشتمانەکەیانە، جیاوازیی زۆر گەورە هەیە.بەڵام لەنێو هەر کام لەو دوو بەشەش دا، کە دەکرێ بە باش و خراپ پۆلێنیان بکەین، گرووپێکی تایبەت هەیە کە ئاوێنەی باڵانوێنی تایبەتمەندیی سەرەکیی بەشەکەی خۆیانن. لەنێو بەشە باشەکەی خەڵک و کۆمەڵ و ولاتێک، کەسانێک هەن کە نەک هەر ڕێگای خزمەت بە کۆمەڵ و وڵات و نەتەوەی خۆیان هەڵ دەبژێرن، بەڵکوو دژوارترین ڕێگاش هەڵ دەبژێرن. ئەگەر خەڵکی دیکە، لە پەنا ژیانی ئاسایی خۆیان دا، بەشێک لە کات و بیر و توانا و سەرمایەی ماددی و مەعنەویی خۆیان، بۆ خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکەکەیان تەرخان دەکەن، ئەمانە، هەموو ژیانی خۆیان و گیانی خۆشیان بۆ ئەو ڕێگایە تەرخان دەکەن. با ڕاشکاوانە بڵێین مەبەستمان چ کەسانێکە. ئەوانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستانیان بۆ خزمەت و تیکۆشان هەڵبژاردوە، لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە دا کاریان کردوە و کار دەکەن، بوون بە پێشمەرگە و بە هەزارانیان لێشەهید بوون، یا تووشی کەمئەندامی، ئاوارەیی، ژیانی نائاسایی و

دووره وڵاتی بوون، سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە کەوتوونە بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئێعدام بەشیان بووە، ئەمانە، سەرچڵ و سەرتۆپی مرۆڤە باش و خۆبەخشەکانی نەتەوە و کۆمەڵگەی خۆیانن. لە راستیدا ئەو دەستەیە و بنەماڵەکانیانن کە گەورەترین و زۆرترین تێچووی گەیشتنی نەتەوەکەیان بە ئازادی و مافەکانی، دەدەن.

وەک وترا لە نێو ئەو بەشەی خەڵکیش دا کە هیچ ئەرکێکیان لە بارەی خزمەت بە نەتەوە و کۆمەڵ و نێشتمان نەخستوەتە سەرشانی خۆیان، دەستەیەکی تایبەت هەن. ئەو دەستە تایبەتە هەر بەوەندە ڕازی نەبوون و نابن کە هیچ سوود و خێرێکیان بۆ نەتەوە و خەڵکی خۆیان نەبێ، بەڵکوو ڕێک ڕێگای دژایەتی و خەیانەت بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و کۆمەڵی خۆشیان هەڵبژاردوە. ئەوانە دەستیان لە گەڵ دامودەزگا بەدناو و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمێک کە گەلەکەیانی لە بندەستی دا ڕاگرتوە، تێکەڵ کردوە. بە شێوەی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا، هاوکاریی ئەو دامودەزگایانە دەکەن کە کاریان سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستانە. تێیان دایە چەکی خەیانەتی هەڵگرتوە و دەستی بە خوێنی تیکۆشەرانی کورد سوور بووە، یا بوون بە چاو و گوێی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و بەسیج، بۆئەوەی باشتر بتوانن دەست لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی خۆیان بوەشێنن. ژمارەیەکیش بە گوێرەی پیشەکەی خۆیان و لە شوێنی کار و هەڵسووڕانیان، بەرنامە و مەبەستە دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمە جێبەجێ دەکەن. بۆ وێنە مینبەری مزگەوت و پێشنوێژی و پیشەی مەلایەتی بۆ خۆشخزمەتی بە ڕێژیم و دژایەتی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان بە کار دێنن. یا بە پشتگیریی کاربەدەستان و مۆرە گرنگەکانی ڕێژیم، لە بازار و بواری ئابووری دا، مەیدانداری دەکەن و لە ڕێگای لە مەیدان وەدەرنانی خەڵکی دیکە و پاوانکردنی بوارەکە بۆ خۆیان، سوودێکی زۆر بۆ خۆیان و شەریکەکانیان، دابین دەکەن. ئەمانە نەک هەر لە گەڵ ئەخلاق، ویژدان، نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری و سوودگەیاندن بە خەڵک و نەتەوەی خۆیان بێگانەن، بە پێچەوانەوە ڕاست لە سەر حیسابی ژێرپێخستنی هەمووی ئەوانە و خزمەت بە دوژمنانی نەتەوەکەیان، بوون بە خاوەن سامان و سەرمایەیەکی خەیاڵیی و ژیانێکی مشەخۆرانە. ئەو تاقمە لە راستیدا، گاڵتەیان بەو کەسانە دێ کە سەربەرزانە و شەرافەتمەندانە دەژین و پێیان شەرمە نیشتمانفرۆشی و خۆفرۆشی بکەن.

**

ئەرکی هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕۆڵ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ئەوەیە، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بۆ هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەکە ڕابکێشێ و هەر کامیان بە جۆرێک بەشداری مەیدان و بوارە جیاوازەکانی خەبات لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا بکا. نابێ هەرچی تێچوو و پێداویستیی بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەیەکە، تەنیا لە سەر بەشێکی کەمی خەڵک و کۆمەڵ بێت، بەشێکیش هیچ قورساییەک نەکەوێتە سەرشانیان. لە مانەش گرنگتر ئەوەیە نابێ،تاقمێک مشەخۆر، لە سەر حیسابی دوژمنایەتیی نەتەوەکەی خۆیان و خەیانەت



سەرچاوە Serchawe

بە خەڵک، بە بەردەوامی سامان پێکەوە بنێن، پلە و پایەیان بچێتە سەر و بە ڕیشی کۆمەڵگە و بزووتنەوە پێ بکەنن.
حیزبی دیموکراتی کوردستان لێبڕاوە بە بردنە پێشی سیاسەت و تێکۆشانێکی هەمە لایەنەی ڕۆژهەڵاتتەوەر، گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا، بکاتەوە. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە قورس و پیرۆزە، پێش هەموان، هاوکاری و پشتیوانیی دلسۆزانی هەمیشەیی بزووتنەوەکەی پێویستە. دیارە لە پلەی یەکەم دا لە سەر پشتیوانی و هاوکاریی ئەوانە حیساب دەکەین کە لە درێژایی مێژوو دا بنکە و پێگە و پشتیوانی ئەم حیزبە و بزووتنەوەی سۆڕشگێرانەی کوردستان بوون. بەشێکی دیکەی کۆمەڵ، ئەوانەن کە لە ڕیزی پشتیوانان و دڵسۆزانی بزووتنەوە دان، بەڵام بە هەر هۆیەک هەیە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان لە ئاست بزووتنەوە جێبەجێ بکەن. لەوانەیە هەلیان بۆ نەڕەخسابێ، یا بە هۆی سیاسی و ئەمنییەتی، بۆیان نەگونجاوە، پشتیوانی و هاوکاریی پیویستی بزووتنەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. ئەو بەشە ئەگەر پێشمەرگایەتی و چوونە بەندیخانە و ئاوارەیی و زۆر نەهامەتیی دیکەشیان لە پێناوی داهاتووی نەتەوەکەیان دا، نەگرتووەتە خۆ، لانیکەم پێویست بوو و پێویستە لە باری ماڵییەوە هاوکار و پستیوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بن. یا لانیکەم دەبوا ئاگایەکیان لەو بنەماڵانە بێ کەلە سۆنگەی بەشداری لە بزووتنەوەی کوردستان دا، یەک یان چەند کەسیان شەهید یا نەقوستان بووە یا کەوتوونە بەندیخانە، و لە گەڵ کێشە و ئاستەنگی جۆراوجۆر بەرەوڕوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەورەی نوێی تێکۆشانی خۆی دا، ئەم بەشە لە خەڵکی کوردستان وەبیر ئەو ئەرکانە دەخاتەوە کە لێیان کەمتەر خەم بوون و گوێی خۆیان لێ خەواندوە. لەم بارەیەوە بە ڕاشکاوی و بێپەردە چاوەڕوانیی خۆی لە گەڵیان باس دەکا و ئەرکداریان دەکا.

بەڵام حیسێبی ئەو مشەخۆرانەی کە لە سۆنگەی خەیانەت بە گەل و نیشتمان و دەست تیکەڵکردن لە گەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، دەستیان بۆ ڕاوروت و گەندەڵی و پێکەوەنانی سامانی خەیاڵی، ئاوەلا کراوە، شتێکی جیاوازە. لە ڕاستی دا، سامانی ئەوان، سامانی دەستبەسەرداگیراوی خەڵکە. هەر بۆیە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ هاوکار و ڕێخۆشکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بن بۆ لەقاودانی گەندەڵییەکانی ئەم تاقمە و دەستبەسەرداگرتنی سامانیان بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بە قازانجی بەرنامە و پرۆژەکانی خەباتی ئازادیخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان. ئەم تاقمە وەک زەروو دەمیان ناوەتە خوێنی خەڵک و نەتەوەکەی خۆیان. بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵک و هێزەسیاسیە خەباتکارەکان هەر کام لە ڕێگای خۆیانەوە، تەنگ بەم مشەخۆرانە هەڵ بچنن و دەستی تاڵان و دزیکردنیان لە سەر خۆیان و کۆمەڵ و نیشتمانەکەیان کورت بکەنەوە. لە داهاتوو دا لەم بارەیەوە لە گەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان پتر دەدوێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## کۆنگرەیەک کە سوپای پاسداران قەرارە بۆ چەکدارە کوردەکانی، پێکی بێنێ!

سوپای پاسدارانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، قەرارە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی داهاتوودا،کۆنگرەیەک بۆ چەکدارە کوردەکانی سەربەو ڕێژیمە لە ژێر ناوی "کۆنگرەی ڕێزگرتن لە شەهیدانی پێشمەرگە موسوڵمانە کوردەکانی پارێزگەی کرماشان"پێک بێنێ.

وەک لە لێدوانی دامودەزگاکانی پێکهێنەری ئەم بە ناوکۆنگرەیەڕا دەردەکەوێ، کۆنگرەکە بە بەشداریی چەکدارە کوردەکانی پارێزگەی کرماشانو بنەماڵەکانیانو، بە شێوەیەکی هاوکات لە چوار شاری سەلاسی باوەجانی، پاوە، جوانڕۆو ڕەوانسەر، بەڕێوە دەچێ. دیارە بە وتەی یەکێک لە بەرپرسانی پێکهێنەری ئەم بە ناو کۆنگرەیە، کۆنگرەکە هاوکات کۆنگرەی ڕێز گرتن لە بە ناو شەهیدانی ئەهلی سوننەتیش دەبێ.

بۆچی لە ئیستادا، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوە یادی بە ناو "پێشمەرگە موسوڵمانە کوردەکان"ی خۆیو ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ بە ناو شەهیدانی ئەهلی سوننەتو بە ناو شەهیدانی ئەم چەکدارە کوردانەی خۆی، پێک دێنێ؟

با لە دەلاقەی ولامی ئەو پرسیارەوە بچینە نێو کێشەیەک کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانو گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە مێژە لە گەڵی بەرەوڕوویە. کێشەیەک کە دەکرێ بە ناوی کێشەی جاشو جاشەتیو، خۆفرۆشی بە دوژمنو، خەیانەت بە گەلو نەتەوە، پێناسەی بکەین.

بەر لە هەر شتێک پێویستە وەبیر بێنینەوە ئەوانەی کۆماری ئیسلامی بە پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد ناویان دەبا، لە نێو بزووتنەوەی کوردو خەڵکی کوردستاندا، ناوی پڕ بە پێستی خۆیان هەیە. ئەوانە پێیان دەگوترێ "جاش"و هەر بە جاشیش ناسراون. جگە لە کۆماری ئیسلامی، لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک ڕاگەیەن ومیدیاکاری کوردیش،بە هێندێک بیانووو پاساوی بێجێ، خۆیان لە بە کارهێنانی ئەو ناوە بۆ ئەم خۆفرۆشو خەیانەتکارانە دەدزنەوەو پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هێندێک دەستەواژەی وەک"چەکداری خۆجێیی"! کە ئەمەیان بە هیچ جۆر ناچێتەی خانەی خزمەت بە خەڵکی کوردستانو بزووتنەوە نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەکەیان. لە ڕاستیدا ئەمە هەوڵێکە بۆ داپۆشینی دزێویی کردەوەی خۆفرۆشی و خەیانەتو، خۆبواردنە لە بەڕەسمی ناسینی قەزاوەتی مێژوویی گەلو کۆمەڵگە لە بارەی ئەم خۆفرۆشو خەیانەتکارانە.

کۆنگرە پێکهێنانی سوپای پاسداران بۆ جاشە کوردەکانی سەر بەم ڕێژیمە، لە هەلومەرجێک دایە کە پرسی کورد لەئاستی ناوچەو نێودەولەتیدا، چۆتە ئاستێکی بانتر لە هەمیشە. لە عێراق، کورد جگە لەوەی خاوەن هەرێمو ستاتووسی نەتەوەیی، سیاسیو ئیداریی تایبەت بە خۆیەتی، یەک لە سێ پێکهاتەی بنەڕەتیی دەسەڵاتو دەولەتی ناوەندییشە. جگە لەمە هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسیو ئابوورییەکانی ناوچەدا،ئەکتەرێکی دیارو شوێندانەرەو هیچ هێزێکی ناوچەییو جیهانی، ناتوانێ پشتگوێی بخا. لە باکووری کوردستان، پرسی کورد توانیویەتی دەوڵەتو کۆمەڵگەی تورکیە ناچار بە داننان بەو پرسە بکاو کۆبوونەوەکانی کابینەی دەوڵەتو پارڵمانو شەقام بکا بە گۆڕەپانی هێنانە گۆڕی ئەم پرسە.لە خۆراوای کوردستان، پرسی کورد بە دوای ئەو ڕاپەڕین و بەرهەڵستییە جەماوەریانەی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆرو دڕندەی ئەسەد دەستیان پێ کرد، چووەتە قۆناغێکی نوێوەو کورد لەم وڵاتە بە تایبەتی دوای پێکهێنانی کانتۆنەکانو خۆڕاگریی بێوێنە بەرامبەر بە داعش لە کۆبانێ، بووە بە فاکتەرێک کە تازە پاشەکشەو گەڕانەوە بۆ دواوە قبووڵ ناکا.

لەم نێوە دا، تەنیا ڕێژیمی ئێرانە کە وەک ٣ دەیەو نیوی رابردوو، هەر وا خۆی لە داننان بە ڕاستییەک کە بندەستیی نەتەوەی کورد لەم ولاتەیە، دەبوێرێو ئامادە نییە سەرەتاییترین مافەکانی کوردی ڕۆژهەلات بە ڕەسمی بناسێو دابینیان بکا.ئەمەش لە کاتیک دایە کە سەرەڕای ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی، وشیاریی نەتەوەیی و پێداگری لە سەر مافی نەتەوەیی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵ بە ساڵو جار بە جار زیاتر بووە. تاکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەست بەم بێمافیو بندەستییە دەکاو خۆی بە ئەندامێک لەو نەتەوەیە دەزانێ کە خەڵکەکەیو سەرزەوییەکەی دابەش کراون،بەلام پرسەکەی لە گەشەکردنو بەرەوپێشچوون دایە. چالاکیو کۆبوونەوەکانی پشتگیری لە ئاوارەکانی شەنگال و کۆبانی لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەم دوایانە دا،ئەم راستییەیان بۆ جارێکی دیکە دەرخستەوە. لە لایەکی دیکە تاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەزانێ کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشەکەی خۆشی، خاوەن هێزی پێشمەرگە و خەباتکاری چەکدارەو، ئەم هێزە هەر وەک لە باشوورو باکوورو خۆراوای کوردستان، هەر ئیستا لە پارێزگاری لە مانو مەوجودییەتی نەتەوەکەو دەسکەوتەکانیدا دەور دەبینێ، لە ڕابردووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا، دەوری جێگای شانازیی هەبووە. لە داهاتووشدا، دەتوانێ بێتەوە مەیدانو لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەو جەهەننەمیی ڕێژیمی ئێراندا، وەک فاکتەرێک ڕۆڵ ببینێتەوە. کۆماری ئیسلامی کە دەیەوێ لە یارییە سیاسییەکانی ناوچەدا خۆی وەک دۆستی کورد لە بەشەکانی دیکە، نیشان بداو بەم جۆرە یاری بە کارتی کورد بکا، نەک هەر شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا نەکردوە، کارنامەیەکی ڕەشیشی لە سەرکوتو دژایەتیکردنیان دا هەیە. هەر بۆیە بە وەڕێخستنی بە ناو کۆنگرەیەک بۆ جاشە کوردەکانی سەر بەو ڕێژیمە، دەیەوێ هاوکات چەند مەبەست بە جارێک بپێکێ:

**یەکەم**: بە دنیا بڵێ کورد لە ئێران نەک هەر کێشەیەکیان لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نییە بەڵکوو ئامادەن بە چەک

بەرگری لەو ڕێژیمە بکەن و ئەوەتا ئیستاش، بۆ ئەم مەبەستە لە مەیدان دان!

**دووهەم**: ئەوانەی چەکی جاشەتیان بۆ دژایەتیی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیان کردوەتە شانو خزمەت بەو ڕێژیمە کوردکوژە دەکەن،نەک تاقمێک مرۆڤی نزم وجینایەتکار، بەڵکوو کەسانی سیاسیو ئاگاو، خاوەن ڕێکخراوو کۆنگرە و پێگە و جێگەی سیاسی و کۆمەلایەتین!

**سێهەم**: بەو چەکدارە کوردانەی خەیانەتیان بە نەتەوەکەی خۆیانو خزمەتیان بەو ڕێژیمە کردوە دەڵێ: خزمەتی ڕابردووی ئێوە بە خۆمانمان لە بیر نەچۆتەوە. ئیستاش کە پرسی کورد بە گشتی و وشیاری نەتەوەییو تێکۆشان بۆ مافە نەتەوەییەکان لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هەڵکشان دایە، جارێکی دیکە کارمان پێتان دەبێتەوە.

**

لە سەر هەموو تاکێکی دلسۆزو نیشتمانپەروەری کورد پیویستە بە وشیارییەوە لە گەڵ دیاردەی خەیانەتو خۆفرۆشیو کێشەی کورد بەکورد بەکوشتدان، بەرەوڕوو بێتەوە. خەڵکی کوردستان، هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانو تەنانەت بنەماڵەو کەسوکاری ئەوچەکدارە کوردانەش کە کۆماری ئیسلامی بە "پێشمەرگەی موسولمان" ناویان دەبا، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ نیازو بەرنامەکانی ئەو ڕێژیمە بە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا، ئەرکیان لە سەر شانە. لە داهاتوو دا، لە سەر ئەم ئەرکانە پێکەوە پتر دەدوێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراوێزی دانپێدانانی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری نەیاران دا

لە سەرەتاکانی سەرماوەزی ئەمساڵ دا، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، مەحموود عەلەوی دانی بەوەدا نا کە ڕێژیمەکەی کۆمەڵێک لە نەیارانی خۆی لە وڵاتانی دیکە، لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە نێو بردوە. عەلەوی باسی ئەوەی کرد کە ژمارەیەک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە ولاتانی دیکە بە "تیری غەیبی" گرفتار بوون. ئەو، ڕاشکاوییەکەی لەوەندەش تێپەڕاند و گوتی: "چەند مانگ لەمەوبەر، عەبدولرەئوف ڕیگی یەکێک لە بەرپرسە نیزامییەکانی "جیش العدل" و برازاکەی، لە پاکستان بوون بە ئامانجی "تیری غەیبی". کەسێکیش بە ناوی شێخ نەدیم کە لە گەڵ برازاکەی، پازدە شیعەی پاکستانی و دوو ئەندازیاری ئێرانیان لە کەراچی کوشتبوو، بوون بە ئامانجی "تیری غەیبی." وەزیری ئیتلاعاتی دەولەتی حەسەن رۆحانی هەر وەها باسی شناسایی و قەساسی کەسێکیشی کرد کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر سەرۆکی ئیتلاعاتی سیرجانی لە کێویک را هەڵداشتوە و ڕای کردوە بۆ کەراچی. مەحموودی عەلەوی تەنانەت ئەوەشی درکاند کە تیرە غەیبییەکان وتیرهاوێژەکانی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر لە پاکستان و وڵاتانی دراوسێی ئێران، بەڵکوو لە ولاتانی زۆر دوورتریش بۆ وێنە لە تانزانیاش، توانیویانە نەیارانی ئەو ڕێژیمە لە نێو ببەن. نموونەکەشی محەممەدی بزورگزادەیە کە لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٧ و ١٣٨٨دا، ١٥ مەئمووری هیزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامیی کوشتبوو و چووبووە تانزانیا و لەوێ لە ڕێگای چالاکیی ئابوورییەوە، یارمەتیی ماڵیی بە جیش العدل دەکرد، ئەویش بووە بە ئامانجی تیری غەیبی."

ئەم دانپێدانانەی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەجوونی کردەوەی تیرۆریستی لە لایەن ڕێژیمەکەیەوە، هەڵ دەگرێ لە چەند لایەنەوە بکەوێتە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە.

لە پێشدا با بڵێین،"تیری غەیبی" کە وەزیری ئیتلاعات ئاماژەی پێکردوە، کۆدێکی ئەوەندە ئاڵۆز نییە کە بەردەنگەکانی ئەم قسانە و بە گشتی خەڵک لێی تێ نەگەن. تیری غەیبی، شتێکە لە چەشنی"سەربازانی بێناونیشانی ئیمامی زەمان". هەر دووی ئەم کاڵایانە، بەرهەمهێنراوی وەزارەتی ئیتلاعات و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیین. ئەم ڕێژیمە بۆ ئەوەی ڕەنگ و بۆن و ڕوخسارێکی ئایینی و پیرۆز بە تیرۆر و ڕفاندن و لە نیوبردنی نەیارانی خۆی بدا، ئەم جۆرە ناوانە بۆ ئینسانکوژەکان و کردەوەی تیرۆریستی بەکار دینێ. ئەم سەربازە بێناونیشانانە، سەریان لە ئاخوڕی وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای قودس و سوپای پاسداران و دامودەزگا ئەمنیەتی و تیرۆریستییەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە دایە و نەک ئیمامی زەمان بەڵکوو بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە، هەر کەسێکیان بۆ دیاری بکەن، بە "تیری غەیبی" کە هەمان ژەهر و چەک و

کەرەستەی خنکاندن و کوشتنە، تیرۆری دەکەن.

لە دوای ئەوەی دادگای میکۆنووس لە ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦ لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی دا، بریاری یەکجاریی خۆی ڕاگەیاند و ڕێژیمی ئێرانی لە بەرزترین ئاست دا بە تیرۆریست ناساند، ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و چاویان بە ئاست و جۆری پێوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا خشاندەوە. تێچووی سیاسی و ڕێسوایی سەرچاوەگرتوو لەو بریارە مێژووییەی دادگای میکۆنووس بۆ کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەک بوو کە ڕێژیمی ئێران،نەویرێ جارێکی دیکە شار و پێتەختەکانی ئورووپا بۆ تیرۆری نەیارانی خۆی هەڵبژێرێ. خۆبواردنی چەندساڵەی ئەو ڕێژیمە لە دەستبردن بۆ تیرۆری موخالیفان لە ولاتانی ئورووپایی کە هۆیەکەی ئاشکرای وە، ئەو گومانەی لای هێندێک ولاتی ڕۆژاوایی و تەنانەت هێندێک لە ئیرانییەکان لە دەرەوەی ولات دروست کرد کە لەوانەیە ئەو ڕێژیمە دەرسی عیبرەتی لەو ریسوابوونەی خۆی لە ئاستی جیهان دا وەرگرتبێ و دەستی لە کردەوەی تیرۆریستی هەڵگرتبێ. دیارە گەشەکردنی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی لە ئێران کە پێکهاتنی گۆڕان لە دوو دەسەلاتی بەڕێوەبەری و یاسادانانی بەدوا داهات، دامودەزگا ئەمنیەتی و ماشێنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی لە نیوخۆی دا بەرەورووی کێشە و گرفت کردەوە. بەلام سەردەمی ناخۆشی سوپا و وەزارەتی ئیتلاعات و دامەزراوەکانی تایبەت بە تیرۆر و سەرکوت، زۆری نەخایاند و لە گەڵ زاڵبوونەوەی بە تەواویی کۆنەپارێزان و توندڕەوەکان، جاریکی دیکە دەستی ماشێنی تیرۆر و سەرکوت لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا بۆ سەرکوت و لە نیو بردنی نەیاران وەک پێشوو ئاوەلا کرایەوە.

لە راستیدا کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە ولاتانی ڕۆژاوایی خۆی لە تەقاندنەوەی بۆمب و کوشتن و ڕفاندنی نەیاران دوور ڕاگرت، ئەگینا لە پیوەندی لە گەڵ تاقم و گرووپە تیرۆریست و توندڕەوەکانی ڕۆژهەلاتی نیوەراست و ولاتانی دراوسێی ئێراندا، هەر سیاسەتی پێشووی خۆی درێژە داوە. ئەگەر جیاوازییەک بووبێ، ئەوە بووە کە لە جیاتی کاری کوشتن و تەقاندنەوە و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن بە دەستپەروەردە و بەکرێگیراویی ئێرانیی خۆی ئەنجام بدا، لە ڕێگای تاقم و گرووپەکانی بەستراوە بە خۆی لەو ولاتانە دا، ئەنجامی داون. لە نیوخۆی ولاتیش لە جیاتی سەربڕینی ناڕازییان و کوشتنێان بە سەبکی قەتلە زنجیرەییەکانی دەیەی حەفتا، جۆرێکی دیکە لە تیرۆر و لە نێوبردنی ناڕازی و جیابیرانی گرتوەتە بەر. ئەویش بەرەڕووکردنیان لە گەڵ ئەو پەڕی گوشار و هەڕەشە یە، بە جۆرێک کە یا لە بەندیخانە و هاتوچۆی ئیتلاعات دا بەرەبەرە لە پێ بکەون، یان ناچار بن ئیران بە جێ بێڵن و رابکەن بۆ هەندەران. لە گەڵ ئەمانەش دا هەر وەک ئیستا مەحمموودی عەلەوی دانی پیدا دەنێ، هەر کات بۆیان هەڵکەوتبێ و زانیبێتیان کە تیرۆر و ئینسان ڕفاندنەکەیان، لە میدیاکان و کۆڕوکۆمەلە نیودەولەتییەکاندا، دەنگدانەوەی نابێ، یا کێشەی گەورەیان بەرەڕروو ناکاتەوە، دەستیان لێ نەپاراستوە.نموونەکەی ڕفاندنی عەبدولمالیک ڕیگی لە ولاتێکی دراوسێ بوو کە دوایە سناریۆیەکی سەیر

وسەمەرەیان بۆ دروست کرد تا وا نیشان بدەن لە فڕۆکەیەک کە بە سەر ئاسمانی ئێراندا تێپەڕ دەبوو، دایانبەزاندوە و بەم جۆرە هەم توانای ئەمنیەتیی یەکجار زۆری ڕێژیمەکەیان پێشان بدەن، هەم ساتوسەودا لە گەڵ دەزگایەکی سیخوڕیی ولاتێکی دراوسێ لە بارەی عەبدولمالیک ڕیگی، بشارنەوە.

ئەگەر بمانەوی خوێندنەوەیەکی ورد و دروستمان بۆ ئەم دانپێدانانەی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی هەبێ، دەبێ لانیکەم هەڵوێستە لە سەر دوو شتی گرنگ بکەین و بایەخیان پێ بدەین. یەکەم ئەو هەلومەرجە ناوچەییەیە  کە کۆماری ئیسلامی، ڕیگە بە خۆی دەدا بیقوزێتەوە و بێشەرم و سڵەمینەوە، باس لە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی بکا. کۆماری ئیسلامی دەبینێ  جۆرێک ئاڵۆزی و ناسەقامگرتوویی ناوچەکەی داگرتوە و ولاتانی ناوچە و هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانیان، بە شەڕ لە گەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە سەرقاڵن. دەیەوێ بڵێ دژبەرەکانی ئەویش تیرۆریستن و، لە نیوبردنی تیرۆریستەکان، لە دەرەوەی سنوورەکانیشی بێ، هەر وەک بۆ ولاتانی ڕۆژاوا ڕێگە  پیدراوە، بۆ کۆماری ئیسلامییش دەبی ئەم مافە بە رەسمی بناسرێ. دووهەم خاڵی گرنگ کە دەبێ هەلوێستەی لە سەر بکرێ، قودرەتنیشاندانی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای ئەم ئێعتیرافاتەی وەزیری ئیتلاعاتەکەیەتی. مەحموود عەلەوی بەم دانپێدانانە، دەیەوێ بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بڵێ هەر کەس لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانی بکا و تەسلیمی دامودەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکانی نەبێ، دەستی ئاسنین و خوێناویی ئەم ڕێژیمە لە هەر جێگایەک بێ، دەیگاتێ! بەڵام لە گەڵ ئەم دوو خالە گرنگەدا، نابێ یەک ڕاستی لە بیر بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە هەر وا سەرچاوەی تیرۆر و ئاژاوە و توندڕەوی لە ناوچەکە دایە. هەتا بەم جۆرەش بناسرێ، کۆسپ و تێچووی درێژەدان و بەرەوپێشبردنی سیاسەتە تیرۆریستییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە زیادبوون دا، دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتی ساڵی ٢٠١٥

## سەرکەوتنی کۆبانێ، جەژنی بەشەرییەتی ڕاساو لە وەحشیگەرییە

کۆبانێش وێرانیی یەکە یەکەی ماڵو بینایەکانی تەحەممول کرد، بەڵام تەسلیمی دڕندە خوێنخۆرەکانی داعش نەبوو. نەتەوەی کورد، شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی لە خۆ دەگرێ بەڵام مل بۆ داگیرکرانی خاکەکەی بە هۆی داعش، لەشکری جەهلو جینایەت، نادا. هەر وەک ئیرادەی خۆڕاگریو کۆڵنەدانو تەسلیم نەبوون لە کۆبانێ سەرکەوت، لەسەرجەم شارو ناوچەکانی دیکەش لە جلەولاوە تا شەنگال، کورد بژاردەیەکی دیکە جگە لە سەرکەوتنی لە چارەنووسی خۆیدا قبوول نییە. ڕزگار بوونی کۆبانێ لە شەڕڤانان، لە هیزی پشتیوانی ئەوان هێزی پێشمەرگە، لەو خەڵکە بە جەرگەی کۆبانێ کە دوورو نزیک پارێزەرانو بەرگریکارانی شارو ولاتی خۆیان لە نیو دڵو باوەشیاندا پاراستووەو پشتیوانییان لێ کردون، لەوان و، لە هەموو نەتەوەی کورد پیرۆز بێ.

با ئەو راستی یە لە بیر نەکەین لە شەڕ دژی داعش دا کورد تەنیا نیە. هێندێک ولات بە ناردنی چەکو تەقەمەنیو پشتیوانیی هێزی هەوایی، بە دەنگی کوردەوە هاتوون. نیشاندانی سوپاسو پیزانین بەرامبەر هاوکاریی ئەوانیش لە جیی خۆی دایە. ئەگەر چی ئەو شەڕەی کورد دژی داعش دەیکا، شەڕ لە گەڵ هەرەشەیەکە بۆ سەر هەموو دنیا.

لە راستی دا کۆبانێ ببووە حەیسییەتی سەدان هیزو لایەنی سیاسیو کۆمەلایەتیی پێشکەوتنخوازو دادپەروەری سەرانسەری جیهان. بۆیە ڕزگاربوونی کۆبانێ لە شەڕفرۆشیو هێرشی دڕندانەو گەمارۆی درێژخایەنی داعش، هەر تەنیا جەژنی کورد نییە. جێژنی بەشەرییەتی ڕاساو لە وەحشیگەرییە.

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو مرۆڤە خۆنەویستانەی سەربەرزیو نەچەمانی کۆبانێیان بە پێشکەشکردنی گیانو بەخشینی خوێنی خۆیانو بەشداری لەو خۆڕاگرییە حەماسییە درێژخایەنەدا، مسۆگەر کرد. نەخشە بێ لە هەموو شارو ناوچەیەک کە داگیرکراوی لەشکری جەهلو جینایەتن،جا ئەم لەشکرە چ سەر بە گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بن،چ سەر بە ماکەی

بەرهەمهێنانی عەقڵیەتی داعشیانەو دەسەڵاتی جەهەننەمی واتە ڕێژیمە شوومەکەی ئێران، کۆماری ئیسلامی. بەو هیوایەی هەر وا کە کارەساتەکانی ئەم یەک ساڵەی ڕابرد، بوون بە هۆی هاوپێوەندیو یەکگرتوویی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەم سەرکەوتنەو سەرکەوتنەکانی داهاتووش، هاندەری تەبایی‌و هاوکاری لە نێو هێزە سیاسییەکانی بەشە جیاجیاکانی کوردستانو، بەهێزکەری یەکدڵی‌و یەکڕیزی لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستانو، هەموو جێیەکی دنیا بێت.

ئەم بەرهەمە نوێیەی"مامۆستا بێبەش"ی خۆشمان دەکەم بە شاباشی ئەم سەرکەوتنە بەراستی بەنرخ و پڕواتایە:

دڵشاد

وەک چۆن کۆبانێ ئازادە
کوردستان پێی دڵی شادە
شەنگال هاکا تۆش ڕەها بووی
تەمی خەمێ بەدەست با دە
با کیژی (وان) خۆی لە گوڵ دا
ڕزگاربووی دی، مەهابادە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێویری ٢٠١٥

# سەید رەسووڵ دێهقان سیمای ناسراوی سێ دەیە خەباتی بێوچان

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەرزداری ئەو کەسایەتییە خەباتگێرانەن کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی خەباتی ڕزگاریخوازیو بەرەوپێشبردنی کارو تێکۆشانی شۆڕشگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەرخان کردوە.

زۆر لە تێکۆشەرانو ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هۆی کەسایەتی بەرزو، خزمەتی زۆرو، تێکۆشانی دڵسۆزانەو، خۆشناویو کۆمەڵێک تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە، بوون بە رەمزو سیمبۆلی فیداکاریو نیشتمانپەرەستیو، نەک هەر لە ئاستی شارو ناوچەی خۆیاندا، بەڵکو بە پانایی کوردستان درەوشانەوە.

لێرەدا یادی ئەستێرەیەک دەکەینەوە کە لە ئاسۆی چیاکانی موکریان، لە نێوەندی ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدەو مەهاباد هەلاتو بۆ ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە ئاسمانی خەباتو بەرخۆدانی نەتەوەکەیو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، درەوشایەوە. ئەستێرەیەک کە سەرەڕای ئاوابوونی بێوەختو ڕژانو گلانی بە نارەوای، لە کۆڕی یارانی ئەمەگناسدا، هێشتا لە تریفە نەکەوتووەو هەروا پڕشنگ داوێ. ئەمجار یادی مرۆڤێکی بە جەستە وردیلانە، بە باوەڕ بەرزو، بە هیمەتو ورەو توانا، کەم وێنە دەکەینەوە کە ناوو ناوبانگی خۆیو، دەنگدانەوەی خزمەتی خۆنەویستانەی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی، لە بیرو زەینی چەند نەسل لە خەڵکی کوردستاندا، جێگیر بووەو بە هیچ هێزێک ناسرێتەوە. یادی سەید ڕەسووڵ دێهقان، سەید ڕەسووڵ بابی گەورە دەکەینەوە کە ژیانی سەرانسەر تێکۆشانو خزمەتی زۆرو زەوەندی بە حیزبی دێموکراتو خەباتی نەتەوەکەی، شایانی ئاوڕ لێدانەوەو ڕیز لێگرتنو لێفێربوونن.

لە نێوەندی ناوچەکانی مەهاباد، پیرانشارو نەغەدە، و داوێنی چیاو کوێستانەکانی لاجانو سەرشاخاندا، دۆڵی سەیداوا هەیە. »دۆڵی سەیداوا« و «ئاوایی سەیداوا»، ناوی خۆیان لە ناوی «بابی گەورە» واتە حاجی سەید خدری کانیە زەردی وەرگرتوە. »سەیداوا« بە هۆی بابی گەورەو خانەدانی ئەم زاتە بنیات نراوە. سەید ڕەسووڵ، نەوەی حاجی سەید خدر، کوڕی سەید حەسەن لە داوێنی ئەم گوندەو لە باوەشی ئەم ناوچە کوێستانییەدا گەورە بووە. »بابی گەورە»و بنەماڵەکەی بە بۆنەی پێگەی ئایینیو کۆمەلایەتییان لە ناو خەڵکی ناوچەدا ڕێزییەکی تایبەتییان هەبوو. ئاوایی »سەیداوا»ش بە بۆنەی دووره شارو چەپەک بوونیەوە لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی میوانگریو لانەوازیەپەروەری خاندانی بابی گەورەو لە

مانەش زیاتر ئۆگری سەید ڕەسووڵ بە کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری، لە ساڵانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستاندا بوو بە شوێنی داڵدەدانی تێکۆشەران‌و خەباتگێڕان. زۆر لە ئەندامان‌و کادرەکانی حیزب کە لە مەهابادو شارو ناوچەکانی دیکە لەگەڵ ڕاوەدوونانی پۆلیس‌و ئەمنیەو ژاندارم بەرەوڕوو دەبوون ڕوویان دەکردە دۆڵی «سەیداوا» و «کەڵەکووکە»و لە ماڵی بابی گەورە دەگیرسانەوە. سەید ڕەسووڵ هێشتا هەر مێرمنداڵ بوو کە هاتە نێو تێکۆشانی حیزبی‌و خەباتگێڕانەوە. بەو هۆیەوە کە مێرمندالێکی گورج‌و بوێرو زیت‌و وریا بوو، بۆ کاری پێوەندی لە نێوان ئەم گوند بۆ ئەو گوندو لە دێوە بۆ شار، کەڵکی لێ وەردەگیرا، کاتێک ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) پەلاماری بەربڵاوی دەزگای سەرکوت‌و جاسوسیی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا بۆ سەر ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب دەستی پێکرد، سەید ڕەسووڵیش کەوتە بەندیخانە. ئەو کە هەمیشە بیری لە خۆپێگەیاندن‌و بەکار هێنانی ئەزموون‌و زانیارییەکان لە تێکۆشانی دوواڕۆژدا دەکردەوە، لە بەندیخانە خۆی فێری یارمەتیی دەرمانیی سەرەتاییەکان کرد کە دواتر لە کاروباری پێشمەرگایەتی هەم لە باشووری کوردستان‌و هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەڵکی زۆری لەم زانیاری‌و شارەزاییە دەرمانییە وەرگرت.

هەر بۆ تێگەیشتنی ڕۆڵی سەید ڕەسووڵ‌و بنەماڵەکەی‌و ناوچەی سەری مەیدان لە خەباتی قۆناغی دوای کودیتای شا دژی موسەدیق، ئەوەندە بەسە بزانین کە یەکەمین کۆنفرانس لە مێژوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بە بەشداری گرینگترین ڕێبەران‌و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەی حیزب، لەم ناوچەیەو پشت ئەستوور بە میوانداریی ئەم بنەماڵەیەو کاردروستایی ڕاستەوخۆی سەید ڕەسووڵ دێهقان پێک هاتوە.

ساڵی ١٩٦٤ی زایینی، سەید ڕەسووڵ‌و کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەری دیکە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێ هێشت‌و لە کوردستانی گەرمێن، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان گرتەوە. لەو سەردەمەدا کە ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری‌و تێکۆشەرانی حیزبدا هەبوو، سەید ڕەسووڵ کە دژی ناتەبایی‌و دووبەرەکی بوو، هەوڵی زۆری بۆ لێک نیزیکبوونەوەدا. ئەوکات سەید ڕەسووڵ لە بنکەی سونێ‌و لای شەهیدی گەورە کاک سمایل شەریفزادە گیرسابۆوە. سەرئەنجام بۆخۆ دوور ڕاگرتن لە دووبەرەکیی نێوخۆیی، چووە »هێزی کاوە» و لە شۆڕشی ئەیلولدا بە کاری دەرمانی‌و خزمەتی پزشکی بە پێشمەرگەو دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، خەریک بوو.

سەید ڕەسووڵ لە ڕاپەڕینی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەشدار نەبوو، بەڵام دوای شکانی ئەو ڕاپەڕینە، لەو کەسانە بوو کە دڵسۆزانە کاری بۆ وەسەر یەک کەوتنەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرد. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کۆیە پێک هات، سەید ڕەسووڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردران. سەید ڕەسووڵ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لە دابەشینی کاری حیزبیدا،



سەرچاوە
Serchawe

بەڕێوەبردنی کارو باری حیزبیو پێشمەرگایەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشیاندا پێ سپێردرا. سەید ڕەسووڵ بە بۆنەی کاروباری دەرمانیو پێوەندی بەربلاو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، توانیبووی یارمەتییەکی زۆر بە ژیانو حەوانەوەی تێکۆشەرانی حیزبەکەی بکا. بە تێکچوونی شۆڕش بە دوای ڕێکەوتنی خائینانەی شای ئێرانو سەددام حوسێن، بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتیش سەردەمێکی سەختو ناخۆش دەستی پێکرد. سەید ڕەسووڵو هاوڕێیانی سەرەڕای هەموو خەفەت پەرۆشییەک بە بۆنەی شکانی ئەو شۆڕشە، لە دڵدانەوەی خەڵکو ڕەواندنەوەی ناهومێدیو هیوادار کردنیان بە داهاتوو غافڵ نەبوون. قسەکردن دژی ستەمو جینایەتەکانی ڕێژمی بەعس لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەدوای شکانی شۆڕشدا، بە گوێی موخابراتو دەستگای جاسوسیی ئەم ڕێژیمە دەگاتەوەو سەر ئەنجام لە ساڵی ١٩٧٦، کەربەدەستانی ئەمنو موخابرات بنەماڵەی کاک سەید ڕەسوڵ، مەلا ڕەسووڵ پێشنەمازو کۆمەڵێک بنەماڵەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی دڕندانە تێکەوە دەپێچنو هەر بە شەو بۆ ڕومادییە ڕایاندەگوێزن. بەم ڕەفتارە وەحشیانە، ئەندامانی ئەم بنەماڵانە، لە کوردستانو دۆستانو ناسیاوانو تەنانەت لە خوێندنو قوتانخانە دادەبڕێنو بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵێک بێحورمەتیو بەدڕەفتاریو هەڕەشە بەرەوڕوو دەبن.

سەید ڕەسووڵ دێهقان لە سەردەمێکدا کە ڕێژیمی عێراق بەدوای نسکۆی ١٩٧٥دا هەموو کوردستانی عێراقی هێنابۆوە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی خۆیو، لە کاتێکدا زەبرو زەنگی ڕێژیمی شایەتی لە کوردستانی ئێران لەو پەڕی خۆی دابوو، یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە بۆ کارو تێکۆشانی حیزبی بە نەهێنی گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٣٥٧یش کە خۆپێشاندانو ڕاپەڕین بە دژی ڕێژیمی شایەتی هەموو ئێرانی گرتەوە، سەید ڕەسووڵ پێش زۆربەی هاوڕێیانی گەڕایەوە کوردستانی بندەستی ئێرانو ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە سازماندانی خەڵک لە ناوچەکانی پیرانشارو نەغەدەو شنۆو مەهابادو چەک کردنی پێگە نیزامییەکانی ڕێژیمی شایەتی هەبوو.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشو دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، سەید ڕەسووڵ چەندین بەرپرسایەتی گرینگی حیزبیی گرتە ئەستۆو ڕۆڵێکی بەنرخی لە ڕێکخستنی کارو تێکۆشانی حیزبدا گێڕا. سەید ڕەسووڵ کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو هەم وەک فەرماندەیەکی نیزامی جێگا پەنجەی بە زۆر سەرکەوتنی پێشمەرگەوە دیار بوو، هەم وەک ڕێبەرو ڕێکخەرێکی سیاسی توانی لە بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە دزێوەکان بە تایبەتی لە دژی ژنان، هەروەها ڕاکێشانی کوڕانو کچانی لاو بۆ نێو کاروباری سیاسیو لە پەرەپێدانی قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، ڕێگاوبانەکاندا سەرچاوەی گۆڕانو چالاکی جۆراوجۆربێ.

سەید ڕەسووڵ ببوە سیمایەکی خۆشەویستیو جێگای متمانەی کۆمەڵانی خەڵکو هەر کارو ئەرکێک کە حیزبەکەی پێی



سەرچاوە
Serchawe

سپاردبا، یا هەر خزمەتێک لە هەر بوارێکدا لە دەستی هاتبا سادقانەو دڵسۆزانە ئەنجامی دەدان.

هاوسەرو منداڵەکانیشی کە لە درێژایی ساڵانی دەربەدەریدا هاوبەشی سەختیو ناخۆشییەکانی ژیانی بوون، نموونەی دڵسۆزیو هەڵسوکەوتی جوانی کۆمەڵایەتیو نیشتماندۆستی بوون.

لە دوای کۆنگرەی حەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەید ڕەسووڵ بە هێندێک هۆی تایبەتی لە کارو تێکۆشانی حیزبی دوور کەوتەوەو لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ی ژانویەی ١٩٨٨، چەند چەکدارێک لە نێو دەرگای ماڵەکەی خۆی دایانە بەر دەستڕێژو شەهیدیان کرد. نە حکوومەتی عێراق کە دەسەڵاتی باشووری کوردستانی بە دەستەوە بوو، بە جیددی لەم تیرۆرەی کۆڵیەوەو نە هیچ لایەنێک بەرپرسایەتی ئەم تاوانەی گرتە ئەستۆ. دیارە پێشتر، واتە ساڵی ١٣٦٠ ئەو کاتەی لە پیلانێکی شووم‌دا تەرمی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە گڵکۆکەی هێنرایەدەر، سەید ڕەسووڵ بە دەست هەبوون لەم کردەوەیە تاوانبار کرا. بەڵام ئەوانە سەید ڕەسووڵ لە نزیکەوە دەناسن، دەزانن کە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو نیشتمان‌پەروەرە ڕێزو خۆشەویستی‌یەکی لە ڕادەبەدەری بۆ بارزانی هەبووەو ئەنجامدانی کردەوەیەکی دزێوی لەم چەشنە بە هیچ جۆر لەگەڵ بیرو باوەڕو کەسایەتیی ئەو نەدەگونجا. ئایا سەید ڕەسووڵ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تاوانەدا، گیانی لێ ئەستێندرا؟ ئەمە پرسیارێکە کە هێشتا وڵامێکی ڕاشکاوانەی پێ نەدراوەتەوە. لە هەرحاڵدا سەید ڕەسووڵ ئەو خەباتکارەی تەمەنێک خزمەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لەم دیوو ئەو دیوی کوردستان کرد، مەزلوومانەو بە غەدرو ناڕەوا شەهید کردا. ئەگەرچی بە هۆی دابڕانی لە حیزبو کارو تێکۆشانی حیزبی، تەنانەت دوای شەهید بوونیشی کەوتە ژێر بۆتەی فەرامۆشیو بە دەگمەن ئاوڕ لە خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دراوەتەوە، بەڵام گومانی تێدا نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەرزداری خزمەتەکانی ئەم کەسایەتییە خەباتگێرەن.

لە ٢٧ ساڵەی شەهیدبوونیدا. سڵاو بۆ گیانی پاکی دەنێرینو بە ڕێزەوە یادی خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە.

لە ژمارە ٦٤٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریویری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## یەشار کەماڵ، خوێنەرانی بە جێ ناهێڵێ و دەمێنێتەوە!

بە سپڵەیی دەزانم یەشار کەماڵ، دوارۆژەکانی تەمەنی لە بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی دا تێپەر بکا و هەر وا بە لای دا ڕاببرم.

یەشار کەماڵ، ڕۆماننووسی بە زمان و ڕەگەز کورد، کە بە تورکی ڕۆمانەکانی خۆی نووسیون، ناوبانگێکی جیهانیی هەیە. ڕۆمانەکانی کە سەر لە ٣٠ ڕۆمان دەدەن وەرگێڕدراونە سەر زیاتر لە چل زمانی جۆراوجۆری جیهان. زمانی کوردی، کە زمانی زگماکیی یەشار کەماڵیشە، یەک لەو زمانانەیە.

دەسپێکی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی یەشار کەماڵ بۆ سەر زمانی کوردی بۆ زیاترلە ٣٠ ساڵ لەمەو بەر دەگەڕێتەوە. بەختیاریی ئەم ڕۆماننووسە و ڕۆمانەکانی لەوە دابوو کە دوو لە بەناوبانگترینو سەرکەوتووترین کوردیزانانو وەرگێڕانی کورد، بوون بە یەکەمین وەرگێڕەکانی ڕۆمانەکانی ئەو بۆ سەر زمانی کوردی: مامۆستایان شوکور مستەفا و عەبدوڵڵا حەسەنزادە. ڕۆمانەکانی "ئەفسانەی چیای ئاگری"، "کاریتە یا ئەو دیوی چیا"، "زەویی ئاسن و ئاسمان مس "و "گیای نەمران"، هەر وەها شانۆنامەی "تەنەکە" ئەو بەرهەمانەی یەشار کەماڵ بوون کە ڕەوانشاد مامۆستا شوکور مستەفا ڕاستەوخۆ لە تورکیەوە کردنی بە کوردی کە پێم وایە دواتر وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیی دیکە هەر لەو قەڵەمەی بەدوا دا هات.

هەر لە ساڵانی یەکەمی هەشتاکان دا بوو کە یەکەم بەرگی شاکاریی ئەدەبیی یەشار کەماڵ،"حەمەدۆک" بە هۆی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاو بۆوە."حەمەدۆک" هەم بە هۆی سەرنجراکێش بوونی جۆری داستان و ناوەرۆکی ڕۆمانەکە، هەم بە هۆی کوردییەکی ڕەوان و شیرین کە ڕۆمانەکەی پێ کرابوو بە کوردی، بوو بەو کتێبەی کە ناوبانگی دەرکرد و خوازیارانی بە تاسە و ئیشتیاقەوە بە دوای دا دەگەڕان و بە زەحمەت دەستیان دەکەوت. دەکرێ بڵێم حەمەدۆک نەدەکەوتە عەرزی و خوێنەران، بۆ خوێندنەوەی نۆرەیان دەگرتەوە . هەر ئەم تامەزرۆیی و پێشوازییەش بوو کە حەسەنزادەی هان دا لە ساڵانی دواتردا، دەسبەرداری حەمەدۆک نەبێ و بەرگەکانی دووهەم و سێهەم و چوارەمیشی بکا بە کوردی. لە شانسی خۆشم، من یەکەم خوێنەری کوردیی ئەو سێ بەرگەی دوایی حەمەدۆک بووم. مامۆستا حەسەنزادە، کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ، هاوکاری نزیکی بووم، لوتفی لە گەڵ دەکردم و هەموو جارێ دەستنووسی وەرگێڕانەکەی خۆی پێ دەدەام تا لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگۆکی کتێبەکە دا یارمەتیی بدەم.

ئه‌گه‌رچی يه‌شار كه‌ماڵ به‌ هۆی سه‌ركوتكرانی زمانی كوردی و ئه‌و بارودۆخه‌ سياسييه‌ پڕ له‌ بێمافييه‌ی كورد له‌ توركيا، به‌ توركی ده‌ينووسی، به‌ڵام ڕۆمانه‌كانی بۆ خوێنه‌ری كورد نامۆ نه‌بوون. وه‌ک مامۆستا حه‌سه‌نزاده‌ ده‌ڵێ: "يه‌شارهه‌ميشه‌ مۆركێكی كوردانه‌ به‌چيرۆكو رۆمانه‌كانيانه‌وه‌ ده‌بينرێت، كه‌ له‌زۆربه‌يانـدا باسی كۆمه‌ڵگه‌ی كورده‌واری ده‌كرێو خاكی كوردستان گۆڕه‌پانی رووداوه‌كانه‌و له‌ئاماژه‌دان به‌په‌يوه‌ندی كۆمه‌ڵايه‌تیو په‌يوه‌ندی خێزانو ژنو مێردو په‌يوه‌ندی منداڵه‌كان له‌گه‌ڵ دايكو باوكياندا مۆركێكی ته‌واو كورده‌واريی زاڵه‌."(١)

له‌ كوردستان هه‌ر كه‌ ناوی يه‌شار كه‌ماڵ بێت، مامۆستای ڕه‌حمه‌تی شوكور مسته‌فامان وه‌بير دێته‌وه‌، چونكه‌ زۆرترين ڕۆمانی لێ كردوه‌ به‌ كوردی. ساڵی ١٩٩٧، له‌ به‌غدا چووم‌ه خزمه‌تی بۆ وتووێژێک له‌ باره‌ی ئه‌زموونه‌كانی له‌ بواری وه‌رگێڕاندا. له‌ به‌شيكی وتوويژه‌كه‌ دا هاته‌ سه‌ر وه‌رگێڕانی "ئه‌فسانه‌ی چيای ئاگری". لێره‌دا جێی خۆيه‌تی جارێكی ديكه‌ بگه‌ڕێمه‌وه‌ سه‌ر خوێندنه‌وه‌ و نرخاندنی شوكور مسته‌فا بۆ ئه‌م ڕۆمانه‌ جوانه‌ و دنيای نووسه‌ره‌كه‌ی:

" ئه‌من پێش وه‌ی يه‌شار كه‌ماڵ بكه‌مه‌وه‌ به‌ كورد ده‌مزانی يه‌شار ده‌يه‌وێ چ بڵێ. له‌ "ئه‌فسانه‌ی چيای ئاگری" دا، يه‌شار كوردايه‌تی كردوه‌، خۆی هه‌ڵ ده‌داته‌وه‌... ده‌يه‌وێ بڵێ چی؟! ده‌يه‌وێ بڵێ ئه‌من كوردم. بۆيه‌ هه‌ناسه‌م له‌ گه‌ڵ هه‌ناسه‌ی، پێم، هه‌نگاوم، نيگام، هه‌ست و نه‌ستم له‌ گه‌ڵ پێ و هه‌نگاو و نيگا و هه‌ست و نه‌ستی يه‌شار دا ئاشنا بوون. عه‌باسی به‌دری كه‌ كوردێكی لوڕه‌ و كورديی سۆرانی وه‌ک شێوه‌زاره‌كه‌ی خۆی، ئه‌وسا كه‌متر ده‌زانی كه‌ ئه‌فسانه‌ی چيای ئاگريی يه‌شاری به‌ كوردی‌يه‌كه‌ی من خوێنده‌وه‌، خۆی پێ نه‌گيرا و يه‌كسه‌ر كردی به‌ عه‌ره‌بی. بۆی ناردم، خوێندمه‌وه‌، جوانی كردبوو به‌ عه‌ره‌بی. نازانم چی لێ كرد؟! عه‌باس بوو به‌ عاسقی ئه‌و داستانه‌. نه‌ک ته‌نها له‌ به‌ر وه‌ستايی يه‌شارو كوردی‌يه‌كه‌ی من، به‌ڵكوو باسه‌كه‌ هێند واق وڕهێنه‌، هێنده‌ی چيای ئاگری خۆی، كۆنه‌ چيا ته‌ندووره‌كه‌ی ئه‌و سه‌ری كوردستان. ئه‌و چيايه‌ی كه‌ پرۆميتۆسی لێ له‌ زيوس ياخی بوو و يه‌كه‌م ئاگری له‌و چيايه‌ دزی و مرۆڤی فێره‌ ئاگر و رووناكی كرد... ئه‌و چيايه‌ی كه‌ "ته‌ورات" ده‌ڵێ كه‌شتييه‌كه‌ی نووح پێغه‌مبه‌ری له‌ سه‌ر نيشته‌وه‌... ئه‌و چيايه‌ی كه‌ تا ئيستاش هه‌ر تووڕه‌يه‌، به‌ڵام جارێ تووڕه‌يييه‌كه‌ی خنكاوه‌، ئاگری ده‌روونی خاو بۆته‌وه‌، چاوه‌نۆڕی چه‌ند "ئه‌حمه‌د"ێكی كوردی ديكه‌يه‌ هه‌ڵكاته‌ سه‌ر باوبۆرانی شۆڕشی گه‌وره‌ی سه‌رله‌به‌ری كوردستان... چاوه‌روانی ئه‌شقی "گوڵبه‌هار"ێكی ديكه‌يه‌، تا له‌ گه‌ڵ ئه‌حمه‌دی دوارۆژ دا شاد و شوكور بنه‌وه‌.... و ئه‌وسا "خانی" يش و "جزيری"يش و "حه‌ريری"يش و "نالی"يش و كوردييش و مه‌وله‌وييش و خانای قوبادييشو هێمنيش و هه‌ژاريش و گۆرانيش و هتد... هه‌موو ده‌بن به‌ سه‌رچۆپيی كێشی شاييی ره‌شبه‌ڵه‌كی نه‌ورۆز له‌ سه‌ر ترۆپكی ئاگری..." (٢)

يه‌شار كه‌ماڵ له‌م دوو ده‌يه‌ی دوايی، نه‌ک هه‌ر له‌ بواری ئه‌ده‌ب، به‌ڵكوو له‌ بواری به‌رگری له‌ مافی مرۆڤ و ئازاديی

رادەربڕینیش دا، بوو بە کەسێکی جێگای سەرنجی میدیاکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی جیهان. ساڵی ١٩٩٧ بە بۆنەی چالاکبوونی لە بواری بەرگری لە ئازادیی بیروڕادەربڕین، خەڵاتی کتێبفرۆشانی ئەڵمانی وەرگرت. لە سەر ئەو رەخنانەش کە بە داکۆکی لە نەتەوەی کورد لە تورکیە، لە دەوڵەتی ئەو وڵاتەی گرت، کێشە و چەرمەسەریی زۆری بۆ دروست بوو. ساڵی ١٩٩٥ موحاکەمە کرا و بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم بوو. ساڵی ١٩٩٦یش سەبارەت بە نووسینی دوو وتار لە بارەی پێشێلکرانی ئازادیی بیروڕادەربڕین لە تورکیە موحاکەمە کرا.

یەشار کەماڵ کە لە ١٩٢٣ لە دایک بووە، ئیستا لە تەمەنی ٩٢ ساڵی دا لە نەخۆشخانە لە گەڵ مردن لە بەربەرەکانی دایە. ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ، دەربازنەبوون لە دەست مردنە. بەڵام ئەوەی کە چاوەروان ناکرێ ، سڕانەوەی چێژ و کاریگەریی بەرهەمەکانی لای خوێنەرانیەتی.

پەراویزەکان:

١- ماڵپەڕی "ئاوینە"
٢- رۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە٢٤٦، ساڵی١٩٩٧
٣- رۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە٢٥١، ساڵی١٩٩٧

لە ژمارە ٦٤٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی فێبریویری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# تاوانی شەرماوی بە ناوی بەرگری لە پیرۆزییەکان

بەرتۆلیت برێشت دەڵێ " سخن گفتن از برگ درختان جنایت است زیرا سخن گفتن از برگ درختان، دم فرو بستن بر جنایتهاست"(باسکردن لە گەڵای داران تاوانە، چونکە باسکردن لە گەڵای داران خۆبواردنە لە باسی تاوانەکان). ئەم ڕۆژانە کە ئێمە بەکارهێنەرانی کوردی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بە نەورۆزوە سەرگەرم بووین، هۆش و سەرنجمان لە سەر تاوانێکی گەورە ، لاچوو بوو.ئەویش تاوانی پڕشەرم و شوورەیی و زاڵمانەی کوشتنی کچێک لە ئەفغانستان بوو. کچێک بە ناوی فەرخوندە بە چەندین کەس و بە ڕۆژی ڕوون و لە بەرچاوی کۆمەڵێک زەلامی چەک بەدەستی یۆنیفۆرمپۆشی بە ناو پۆلیس و لە ڕاستەی شەقام لە کابول، وەک "دوعا"کەی لای خۆمان، بە بەرد و دار و شەق و تێهەڵدان گیانی لێ ئەستێندرا. بەوەش لە کۆڵی نەبوونەوە و بەزەییان بە تەرمەکەشی دا نەهات و سووتاندیان!! بیانووی ئەو ژنکوژە دڕندە و وەحشیانە ئەوە بوو کە "ئەو کچە قورئانی سووتاندوە"، درۆیەکی زەلام کە دەشێ لە دەنگۆیەک زیاتر نەبووبێ. بەلام لە کۆمەڵگەیەک دا کە بەربەرییەت هێشتا هەر ماوە، لە پەنا دین و لە ژێر ناوی دین دا، زۆر کەس حەق بە خۆیان دەدەن بێ ئەوەی پەنا بۆ قانوون و دام و دەزگای پیوەندیدار بەرن، هەر بە بیستنی دەنگۆیەک وبە بیستنی بوختانێک، بۆ خۆیان بڕیاڕی کوشتن بدەن و جێبەجێشی کەن!

دەستی ژنانی ئازای کابول خۆش بێت کە لە ئاست ئەم تاوانە بیدەنگ و بێهەڵوێست نەبوون و، بێ ئەوەی ڕێگا بە پیاوان بدەن، لە سەر شانی خۆیان پاشماوەی تەرمی بە کۆڵوو بووی ئەو قوربانییەی جەهل و نەزانی و وەحشیگەرییەیان، بە خاک سپارد.

ئەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێ کەس لە سەرەڕۆیی‌و ملهوڕییەکانیان‌و تاوانەکانیان نەپرسێتەوە، تاوانەکانیان لە ژێر ناوو بیانووی ئەوتۆدا، ئەنجام دەدەن کە کەس نەوێرێ بەرامبەریان دەنگ هەڵبڕێ. وەک چۆن دامودەزگا ئەمنیەتییەکان‌و دەستو پیوەندە تاوانبارەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، تاوانی خەیانەت بە نیشتمان دەدەنە پاڵ هەر کەسێک کە ناخۆشیان بوێ و بەکریگیراوی خۆیان نەبێ و بەم ناوە لە نێویان دەبەن، تاریکبیران و تاریکیپەرستانیش لە ڕێگای تاوانبارکردنی کەسانی بوێرو خاوەن دەنگ وخاوەن هەلویست بە کوفرویژی‌و بێڕێزی بە پیرۆزییەکان، دەیانەوێ کەشوهەوایەک بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکەن کە کەس نەوێرێ بەرامبەریان بوەستێتەوە. ئەوانەی لە خۆیان ڕادەبینن بەم جۆرە بکەونە گیانی ژنان و پیاوانی خاوەن دەنگو هەڵوێست، سەریان لە ئاخوڕی ئەو دامو دەزگاو دامەزراوانە دایە کە بەرژەوەندیان لە زاڵبوونی خەفەقانی

سیاسی و مەزهەبی و، نەبوونی دیموکراسیو ئازادیی بیروڕادەربڕین لە کۆمەڵ دایە. لەوە دڵنیان کە فلان کاربەدەستی ئەمنیەتی و فیسارە پیاوی بە نفووزی ئایینی، لە پشتیان ڕادەوەستن و تاوانەکەیان پووشبەسەر دەکەن. ئەگەر بزانن پۆلیسو مەحکەمە ودامودەزگای قەزایی و حکوومەتی، بە سەریانەوە ناچن و بە توندی سزایان دەدەن، ناوێرن ئاوا بێپەروایانە وەک سەگی هار(بە داوای لێبوورن لە سەگی بەستەزمانی بە سوود و بەوەفا) لە لاقی خەڵک ، ڕۆ بێن. بێدەنگبوون و بێهەڵوێستبوون لە ئاست ئەم جۆرە تاوانانە، یانی ملدان بۆ تەراتێنی کوشتاری جیابیران و ئازادبیران لە سبەینێی کۆمەڵگەی خۆشمان دا. با پێمان وانەبێ ئێرە کوردستانە و جیاوازیی زۆری لە گەڵ ئەفغانستان هەیە. من جیاوازییەک لە نێوان ژنکوژانی کوردستانەکەی خۆمان و ژنکوژانی ئەفغانستان نابینم. بکوژانی "دوعا"کەی ئێمە کەمتر لە بکوژانی فەرخوندەی ئەفغانستان ، دڕندە نەبوون. تازە ئێمە ئەو ژنانەشمان زۆر نین کە بێنە سەر شەقام و بڵێن " ئێمە هەموومان دوعاین".دڵنیاش نیم ئەوەندە ژنی بەهەلوێستمان هەبێ کە بە نیشانەی شەرمەزارکردنی هەر چی پیاوی تەئیدی ژنکوژی دەکا، تەرمی ژنێکی کوژراو، بە بێ بەشداریی پیاوان بە خاک بسپێرن.

تاوان دژی فەرخوندە لە کابوڵ، تاوان دژی کەسێکی دوورلە ئیمە نییە، تاوان دژی ڕەگەزێکە لەو ڕەگەزەی دایک و خوشک و هاوسەر و کچی ئێمەش دەگرێتە خۆی. تاوان دژی مرۆڤایەتی و مرۆڤبوونە. بێدەنگبوون و بێهەڵوێستبوون لە ئاست تاوانێک دژی مرۆڤبوون، تاوانە. ڕێگەپیدانی دووپاتبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانەیە لە نیو کۆمەڵ و وڵاتی خۆشمان دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

"گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کاروانی دوور و درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن.

مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستی و ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێ دا، کاروانی گیانبەخشین و سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستان و سەربەرزیی کورد دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت.

هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆمار دا،دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆماریەک لەوان بوو.دواتر،کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە و بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لە گەڵ دابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆڕەسواری کۆمارپارێزهەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەر و پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵڵا بەگی،حەسەن خانی فەیزووڵڵا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی،عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی،شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازی بڵاغی،شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانی و ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرکۆماری کوردستان، دەبێتەوە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەد دا، کە لە تاریک وڕوونی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ی زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازی ونوێنەر لە پارلمانی ئێران و،حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەوا و وەزیری بەرگریی کۆمار،هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکییە پڕشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر داری بێداد، هەر

وەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانی دا، ناوێکی هەتاهەتایی و ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژ کرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون

ئێوە من ئێعدامم کردوون

کەی لە پاش من بێخەم دەبن

هەر کوردێک یەکێکە وەک من

مردن لە ڕێگەی نیشتمان

سەربەرزییە بۆ گشتمان"

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوییەوە،کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی.

"هەر کاروانێ،

بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ،

کەم بن یا زۆر،

دەگەنە خۆر."

**

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان،قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان، کوژایەوە. بەڵام خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دا نەوەستا و ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنی و چوونە بەندیخانەو پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەدا و دەستیان بەرنەدایەوە.

**

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧(١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێک دا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دا سەپا، کە شای ئێران، خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنی و سەقامگیری.بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی



سەرچاوە
Serchawe

شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدان و دڕدانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتە و پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادر و بەڕێوەبەر و پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا ڕەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاح و کۆمەڵێک ناوی دیکە تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

**

"ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان،ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ."

حیزبی دیموکراتی کوردستان،لە مێژساڵە، بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن ، بیری لە ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان" کردەوەتەوە. بۆ ئەم ڕۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە ڕۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیو سەدەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە گەڵ ئەم حیزبە دا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدان و وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکان و ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

**

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بە سەر خەبات وخۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دا،گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیی گیانی و ماڵیی بۆوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرش و پەلاماری هەوایی و زەوینیی ڕێژیمی ئێران دا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەوی و ئاسمانەوە و، دانیشتوانیان ئاگر و ئاسنیان بە سەر دا بارا. دانیشتوانی دەیان گوند لە گەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان،سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ ،کەرێزە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل،سەوزی،

سەرچنار، خەڵیفەلیان،شێخ مارف، چەقەڵ مستەفا وچەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەسات و قەلاچۆی گەورە و بچووکی دانیشتوانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترە و سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن.

نزیک بە پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و تێکۆشەروئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

**

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانە دا گیانیان لێ ئەستیندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کورد وکوردستان دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر،بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگری و لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمندالْ گیانیان لێ ئەستیندراوە.

**

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگ و فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەیی و گشتی و سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شار و ناوچەکانی کوردستان، تێی دا بەشدارن.

شاری،لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی، خوێندکار، وەرزێر، کرێکار، ئەفسەر و سەربازی نیشتمانپەروەر، بە شانازییەوە لەم خەباتە دا بەشداربوون. شار و ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ،شنۆ، نەغەدە، پیرانشار،مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، کرماشان و ئیلام هەر هەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشان و قوربانیدان کردوە ورۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ ختسوە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و پەیرەوانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردوە و بە هی خۆیان زانیوە. دانیشتوانی ئازەری زمانی کوردستان و ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە

هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانی و بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوە وخەبات لە ڕێی نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیان دا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان دا، لە گەڵ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە و شەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە کوردستان شارو گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەوای و زەمینیی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی و دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بەرەوڕووی هێرشکەران دەوەستانەوە و بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هیزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی پۆشتە و پەرداخی کۆماری ئیسلامی. ئەوان هەر تەنیا پەشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و دابینکەری نان و ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. ڕاستە هەر شارێک، هەر گەڕەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازیی و بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوند و تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدان و خۆبەختکردنیان بەر کەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدار وقەدرزانی ئەوشار و ناوچە وگوند و بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشان و قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

**

ژنان و کچان،هەموو کات بەشێکی جیانەکراوە بوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان. ئەوان هەر بە پشتیوانیی پیاوانی خەباتکار لە شارو گوند نەوەستاون،بۆخۆشیان چوونەتە نیو چەقی مەیدانی بەرەنگاری. لە بەندیخانەکان، لە مەتەریزەکانی چیا، لەڕێکخستنە نهێنییەکان و لە هەموو سەنگەرەکانی تێکۆشان دا، بە پێی توانا و ئیمکان، دیار بوون و لە گیانبەخشین نەسڵەمیونەوە.

لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرا و دوورەوڵات و لە نیوخۆی شاروگوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان،زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەر و خەباتکار و، زۆر ئەندام و دۆستی وەفاداری حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان هەبوون کە تا دواهەناسە بە ڕێگای پڕشانازیی شەهیدان دا ڕۆیشتوون. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی بە مەرگی ئاسایی سەریان ناوەتەوە، لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە،لە ڕیزی نەمران دان و لە گەڵ شەهیدان دا، بە ڕیزەوە یادیان دەکرێتەوە.

ئەگەر چی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا هەیە بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکان و هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک،ژیان وگیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازی وداواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی دا بەخشیوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا ڕێزیان بۆ دادەنێ.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەران و بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتمان دا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ریزی کاروانی شەهیدان دا دەبینرێن زیاتر لە 25 کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزب و هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و شەهید کراون.

١٠ی خاکە لێوە،هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جیی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان،ڕێبەران و تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. ١٠ی خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە روو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە رزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد لە داگیرکراوی و بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان،لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٥

# وتوویژی ماڵپەڕی چرکە لەگەڵ قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە ئێستادا چالاکی حزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ دوای رۆژ روو لە کزبوونە, کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانووی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش لەرێگەی میلیشیا شیعییەکان دەستی بەسەر چەند ناوچەیەکی ئازادکراوی هەرێمی کوردستاندا گرتووە, بۆ قسەکردن دەربارەی رەوشی حزبەکانی رۆژهەڵات و کار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان گۆڤاری چرکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (قادر وریا ) ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان سازکرد.

## چاوپێکەوتن: سەرباز واحد

**چرکە: خوێندنەوەت بۆ رەوشی ئێستای حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟**

**قادر وریا**: رەوشی ئێستای تێکۆشانی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خوازراو نییە و داسەپاوە, ئەوان دیارە رێبەرەکەیان و بەشە ئاشکراکەیان دوور لە مەیدانی سەرەکی خەبات و تێکۆشان کە رۆژهەڵاتی کوردستانە دەژین. لە ناوخۆی رۆژهەڵات ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حزبانە لە ژێر گوشار و سەرکوتدان, تێکۆشەرانی ئەم حزبانەش کە لە باشووری کوردستان گیرساونەتەوە، ئەگەر بیانەوێت بە مەبەستی چالاکیی سیاسی و رێکخراوەیی بچنەوە ناوخۆی رۆژهەڵات، جگە لە کۆسپ و رێگرییەکانی هەردوو لای سنوور، لە قووڵایی ناوچەکانی رۆژهەڵاتیشدا لەگەڵ کەمین و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبن. ئەم دۆخە وایکردووە بۆ چوونەوە ناو خەڵکی رۆژهەڵات و پێوەندیی راستەوخۆ لەگەڵیان لەگەڵ گرفت و مەترسی بەرەوڕوو بن، نەتوانن بەپێی پێویست لەناو خەڵکی رۆژهەڵات چالاکیی سیاسی و رێکخراوەییان هەبێت، یان یارمەتیی ماڵی کۆ بکەنەوە. لێرەش بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێم و ئەو دۆخە تایبەتەی تێی دان، بنەماڵەکانیان و تێکۆشەرانی ئەوان لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژین. سەرەڕای ئەم دۆخە نەبوونی هاوکاری و یەکگرتوویی لەسەر مەسەلە هاوبەشەکان لە نێوان حزبەکانی رۆژهەڵات یەکێکی دیکە لە لاوازییەکانی رەوشی ئێستای ئەو حزبانەیە، بۆیە لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم ڕەوشی ئێستای حزبەکانی رۆژهەڵات زۆر خراپە.

**چرکە: بۆچی کار و چالاکییەکانی حزبەکانی رۆژهەڵات روو لە کەمبوونە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**قادر وریا**: ئەگەر مەبەستتان لە چالاکی، هەڵسووڕان و بەرگریی چەکدارانە یاخود ئامادەبوونی تێکۆشەرانیان لەنێو خەڵکی خۆیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بێت، ئەوە قسەیەکی راستە. هەرچەندە حزبی دیموکراتی کوردستان ناچالاک نەبووە و لە پێشەوەی حزبەکانی دیکەیە.هۆی کەمبوونەوەی ئەو جۆرە چالاکییە لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ میلیتاریزەبوونی سنوورەکان و هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەکی دیکەش بۆ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسیی هەستیاری هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەو حزبانەوە دەگەڕێتەوە. بەڵام تێکۆشانی سیاسی و چالاکیی ڕێکخستنەکان و کاری راگەیاندن و پێوەندییەکانیان بەردەوامە و لەو بارەیەوە من هەست بە کەمبوونەوەی چالاکییەکان ناکەم.

**چرکە**: ئایە حزبەکانی باشووری کوردستان کاریگەریان لەسەر خەباتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات چۆن بووە؟

**قادر وریا**: زۆربەی حزبەکانی باشووری کوردستان پەیوەندیی دۆستانە و باشیان لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات هەیە، پێشیان خۆشە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافەکانی بگات. لەگەڵ ئەمەشدا پێموایە دەیانتوانی زۆر لەوە زیاتر کە تا ئێستا کردوویانە هاوکار و پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو حزبە ڕۆژهەڵاتیانە بن کە لە هەرێمی کوردستان گیرساونەتەوە. بە تایبەتی ئەوانەیان کە دەسترۆیشتووترن و لە حکومەت و پەرلەماندا ڕۆڵی زیاتریان هەیە. نەخوازراوبوونی ئاستی تێکۆشانی حزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئالەباربوونی بارودۆخی ئەوان بۆ سەر سیاسەت و هەڵوێستی ئەم یان ئەو حزبی هەرێمی کوردستان ناگەڕێنمەوە. بەڵکو بۆ ئەو هەلومەرجەی دەگەڕێنمەوە کە حزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆخۆیان تێی دان. حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەناو خەڵکی خۆیاندا نین و ئەم دوورخراوەییە درێژخایەنە، بۆ ئەوان سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشە و گرفت بووە .

**چرکە**: بۆچی لەناو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا تەنیا پارتی ئازادی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش لە باشووری کوردستان بەشدارە؟ بۆچی حزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەشدارییان نییە؟

**قادر وریا**: حزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەو حزبانەی ڕۆژهەڵات بوو کە هەر زوو ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی خۆی بۆ بەرگری لە خەڵک و خاکی هەرێم و راوەستان بەرامبەر پەلاماردەرانی سەر بە داعش راگەیاند. دیارە هەندێک لە حزبەکان پێشمەرگەکانیشیان رەوانەی بەرەکانی شەڕکرد. بەڵام دوایی لەسەر داوای بەرپرسانی هەرێم پێشمەرگەکان کشانەوە. ئەگەر چی هیچ سەرچاوەیەکی هەرێم بە راشکاوی ڕای نەگەیاند، بەڵام بۆ خۆم پێموایە هەستیاربوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاست بەشداری هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە بەرەکانی شەڕی دژەداعش، وایکرد بەرپرسانی هەرێم پێشوازی لەم هەڵوێستە نەتەوەییەی ئەوان نەکەن. ڕێگەدانی کاربەدەستانی هەرێم بە پێشمەرگەکانی پارتی ئازادیی کوردستانی لە بەرەکان، ڕاستییەکەی من هۆیەکەی نازانم. ئەوە پرسیارێکە دەتوانرێت ئاراستەی خۆیانی بکەن.

**چرکە: بە خوێندنەوەی ئێوە ئێستا ئێران لە هەرێمی کوردستان چەند بنکەی ئیتلاعاتی هەیە؟ ئایە کێ یان کام لایەنە ڕێخۆشکەری بۆ ئەو بنکانە دەکات؟**

**قادر وریا**: لە دوای سەرکەوتنی راپەرینەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لە رێگەی دەست و پێوەندەکانیەوە لە هەرێم زۆرترین حوزووری ئەمنیەتی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە زانیاری لەسەر نوێنەرایەتی و دامەزراوەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کۆ بکاتەوە، پیلان دژی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات بگێرێت و دەستیان لێبوەشێنێت،گوشار بۆ سەر حزبەکانی دەسەڵاتبەدەست دروست بکات و...هتد، ئەو تیرۆرانەی لە دەیەی ٩٠ دا لە تێکۆشەران و ئەندامان و بنەماڵەکانی حزبەکانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان کران، پێمان دەڵێن ئەو کات رژێمی ئێران چ حوزوورێکی ئەمنییەتی لە باشوور هەبوو. دیارە دوای رووخانی رژێمی سەدام و زیاتربوونی حوزووری ئەمەریکا لە عێراق و هەرێم، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە سلێمانی و هەولێر کۆمەڵێک لە بەرپرسانی دەزگای تیرۆر و سیخوڕیی ئێران لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە گیران، جموجۆڵ و شێوەی کاری ئیتلاعات و دەزگای سیخوڕی و تیرۆری ئێران جۆرێک لە پارێز و خۆخڕکردنەوەی تێدا پێکهات، بەڵام لە دوای هاتنی داعش پێویستیی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم بە هاوکاریی سوپایی کۆماری ئیسلامی هەستی پێدەکرێت کە ئەو رژێمە لە زۆر بارەوە حوزوور و کاریگەری لە جاران زیاتری لە هەرێم هەیە.

فاکتەری رێخۆشکەر بۆ حوزووری ئەمنیەتیی ئێران لە هەرێم هەلومەرجی سیاسیی تایبەتی ئەو هەرێمە و گەمارۆدرانی لەلایەن هەندێک وڵات و حکوومەتە کە جگە لەوەی چاوی دیتنی سەقامگیری و پێشکەوتنی دەسەڵاتێکی بەهێزی کوردیان نییە، لەسەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەتییش لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان. لە نەبوونی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و لە ئاکامی ناتەبابوونی حزب و لایەنە سیاسییەکاندا، رژێمێکی وەک ئێران کە سنوورێکی دوور و درێژی لەگەڵ هەرێم هەیە و زلهێزێکی ناوچەکەیە، دەتوانێت و توانیویەتی دەست بخاتە ناو کاروباری هەرێم و لە بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری و ئەمنیەتیی خۆیدا کێشەکان بقۆزێتەوە.

**چرکە: سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕی دژ بە داعش لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی چۆنە؟**

**قادر وریا**: داعش بەهۆی ململانێی نێوان دوو بەرەی سوننی و شیعە و بە پشتیوانی و هاندانی بەشێک لە حکوومەتان و هێز و لایەنە سوننییەکان، دروست بووە و رووی دژایەتی و هێرشەکانیشی لە لایەک لەو دەوڵەتانەیە کە لە بەرەی شیعەکان دان، لە لایەکی دیکەش داعش دوژمنایەتیی ئەو وڵات و هێزانە دەکات کە لایەنگری دیموکراسی و دنیای شارستانی و مودێرنن. دوژمنی هاوبەش واتە داعش، وایکردووە رژێمی ئێران وێڕای وڵاتانی رۆژئاوا، لە تەنیشت هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق، لەگەڵ داعش شەڕ بکات. بەڵام دوو خاڵ لەو نێوەدا جێگەی سەرنجن. یەکەم: وڵاتانی رۆژئاوا و

هاوپەیمانیی جیهانیی دژ بەداعش بە ڕەسمی ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نادەن بۆ ناو هاوپەیمانەتییەکەیان، چونکە متمانەی پێناکەن. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی شەڕ لەگەڵ داعشەوە هەوڵی هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی دەدات بە هەر نرخێک و لەسەر بنەڕەتی باڵادەست هێشتنەوەی تەیاری شیعە و مل ڕاکێشانی دوو پێکهاتەی سەرەکیی دیکەی عێراق، واتە کورد و سوننی بۆ ئەم باڵادەستییە دەدات. هەڵبەت بەو ئامانجەشەوە دەیەوێت دەستی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق کورت بکاتەوە. بەم پێیە ئامانجی هاوکاری و بەشداریی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی دژبە داعش،ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە هیچ نیازپاکییەکی لە پشت نییە. بەشداری ئێران لە شەڕی داعش بۆ هەرێمی کوردستان زەرەری لە سوودەکەی زیاترە.

**چرکە: ئەو کەس و لایەنانەی کە دەڵێن قاسم سلێمانی بە ٧٠ کەسەوە هەولێری پاراستووە وەڵامتان چییە؟**

**قادر وریا**: ئەم قسەیە بە ئیدیعایەکی ناڕاست و ناڕەوا دەزانم. قبووڵکردنی ئەو قسەیە و تەنانەت بیدەنگبوون لە ئاستیشی، سووکایەتییە بە گیان و خوێنی ئەو پێشمەرگانە کە پێشی پێشڕەوی داعشیان بەرەو هەولێر گرت. چۆن دەکرێت خەڵکێک و حکوومەتێک بە هەموو توانای پێشمەرگانە و ئیمکانیاتی بەرگریی خۆیانەوە نەتوانن پێتەختەکەی خۆیان بپارێزن، بەڵام فەرماندەیەکی سوپای قودس بە ٧٠ کەسەوە ئەمەی بۆ کرابێت؟!

**چرکە: خوێندنەوەت بۆ داهاتووی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان چۆنە کە ئێستا ئێران لەڕێگەی میلیشیاکانەوە سەرپەرشتی دەکات؟**

**قادر وریا**: زۆر نیگەرانی داهاتووی ئەو ناوچانەم . ڕژێمی ئێران لە پێناو پاراستنی کورددا لە هەرێم نییە، ئێران یارمەتیی هەرێم دەدات بۆ دەرکردنی داعش لەناوچە داگیرکراوەکان بکەونەوە دەست سوپای عێراق و میلیشیای شیعە. ئەوانەی چاودێری سیاسەتەکانی ڕژێمی ئێران لە عێراق دەکەن پێیان وایە ئێران بە نیازە قووڵایی ستراتیژیی خۆی تا کەرکووک پەرە پێبدات، هەر بۆیەش بەم میلیشیاسازییەی دەیەوێت کورد ناچارە بە جێهێشتنی ئەو ناوچانە و خەڵکی شیعەیان بێنێتە جێ! فارسەکان بۆ خۆیان وتەیەکیان هەیە کە دەڵێن:" لە دەست گورگ ڕزگارت کردم، بەڵام سەرئەنجام خۆت لێم بووی بە گورگ"! هاوکاریی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژ بە داعشدا شتێکە لەو شێوەیەدا!

**چرکە: سیاسەتی لەسێدارەدانی گەنجانی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەبیانووی جۆراوجۆر چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**قادر وریا**: ئەو لاوانەی کۆماری ئیسلامی لە داریان دەدات ئەو بەندییە سیاسییانەن کە سەبارەت بە تێکۆشان و خەبات لە پێناوی مافەکانی نەتەوەکەیان کەوتوونەتە بەندیخانە و بە لەسێدارەدان مەحکووم بوون. ئێران کە دەیەوێت خۆی وەک پشتیوانی کورد لە بەشەکانی دیکە پیشان بدات، لاوانی کوردی رۆژهەڵات لەسەر داواکردنی ئەو مافانە لەسێدارە دەدرێن کە گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان هەیەتی!! ئەم سیاسەتە ناتوانێت گەلەکەمان چاوترسێن بکات و بە پێچەوانەوە رق و بێزاری لەو رژێمە لە ناو خەڵکی کوردستان زیاتر دەکات و رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەسەر داوای مافە رەواکانیان بەهێزتر دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا، بۆنەیەکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە

١١ بانەمەڕی ١٢٧٩(١ی مای١٩٠٠) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسێک هاتە سەر دنیا کە دواترو لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی دا، ڕێچکەیەکی لە مێژووی نەتەوەکەی دا ڕەنگڕێژ کرد کە لە ماوەیەکی کەم دا، ئاراستەی ئەم مێژووە و چارەنووسی نەتەوەکەی گۆڕی.

قازی محەممەد، کە بەر لە هاتنیشی بۆ نێو کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەسایەتییەکی دیارو شوێندانەری مەهاباد بوو، لەو کاتەوە کە هاتە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ئەو زەمینە و دەرفەتەی بۆ پێک هات کە ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەی دا، بگێڕێ. قازی محەممەد بوو کە لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف حیزبی دیموکراتی کوردستانی بنیات ناو، کردی بەو هێزە سیاسییە لە لایەکەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری بەرنامە و ئامانجەکانی کۆبکاتەوە و لە لایەکی دیکە، بیکا بە نوێنەری نەتەوەی کورد بۆ وتووێژو دانوستان لە گەڵ ئازەربایجانو سۆڤیەتو لایەنەکانی دیکە تا پشتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لەم ناوچەیە بگرن.

ئەوە هەر ناسراویو پێگەی ئایینیو کۆمەڵایەتیی خۆیو بنەماڵەکەی نەبوو کە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی دەور و ڕۆڵی قازی محەممەد لە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بوون. زانایی‌و ڕۆشنبیریی سیاسی‌و گشتیی ئەو کەسایەتییەو بیروباوەڕو هەڵسوکەوتی ئینسانی‌و شارستانی‌و دیموکراتانەی ئەو، هاندەری توێژە جۆراوجۆرەکانی خەلکو دۆستانی ئازەربایجانی و بیانییش بوون بۆ ئەوەی لە پێشەوەی خۆیانو لە ڕووبەرووی خۆیاندا، ڕێبەر و کەسایەتییەکی بەرپرس و جێگای متمانە بەدی بکەن.

قازی محەممەد، لە ماوەی کورتی سەرکۆمارییەکەیدا، وەها درەوشاییەوە، کە ڕووناکییەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زەمانو مەکانی بڕی. ئەو دەسەڵاتە کوردییەی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکایەتیی کرد، لە ماوەی یازدەمانگ لەسەرکاربوونیدا، لە ژێر ڕێبەریو کاریگەریی بیرکردنەوەو سیاسەتی ئەو کەسایەتییەدا نموونەیەکی ئەوەندە بەرزو گەش لە دەسەلاتدارەتیی خستەڕوو، کە کاریگەرییەکانی لە سەر ئازادیخوازانو خەباتکارانی کوردستان هەتا ئێستاش نەسڕاوەنەوەو بوون بە ڕووگەو سەرچاوەی ئیلهامی سیاسیی نەتەوەکەی.

پێشەوا قازی محەممەد، ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سیاسیو لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتو ڕێبەریدا، هەوێنی تەبایی‌و یەکگرتوویی خەڵکو ڕەمزی ڕەتکردنەوەی بندەستیی نەتەوەیی‌و جاڕدانی دەوڵەتی کوردی بوو، لە شەهیدبوونیشیدا، هەڵگری پەیامی سەردانەنواندنو پشتنەکردن لە ئامانجی ڕزگاری بوو. ئەو بە بەرگرییە بوێرانەو مێژووییەکەی لە بێدادگای ڕێژیمی شایەتی‌و بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر سێدارەی دوژمنان، بەو هەمووە دەسکەوتو ناوەرۆکە سیاسی‌و دیموکراتییە دەوڵەمەندەی لە ڕێگای کۆماری کوردستانو لە ماوەیەکی کورتی دەسەلاتدارەتی‌دا بەرهەمی هێنا، نەک هەر سەری خۆی، بەلکوو بڕگەیەکی هەستیار لە مێژووی نەتەوەکەشی بەرز کردەوە.

ڕێزگرتن لە١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەک ڕێز گرتنە لە ڕێبەرو سەرکردەیەک کە زۆر لە شانازی‌و دەسکەوتەکانی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان  لە سەر دەستی ئەو بەرهەم هاتوونو لە دایک بوون، بۆ نموونە: دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەمەنترین حیزبی کوردی، دامەزرانی جمهووریی کوردستان یەکەم دەسەڵاتی مودیرنی نەتەوەیی، هاتنە دنیای ئاڵای کوردستان، پێکهاتنی هیزی پێشمەرگە و چەندین دەسکەوتی دیکە. لە لایەکی تریشەوە ڕیزگرتن لە بیرەوەریی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، نیشاندانی وەفادارییە بەو ئامانجانەی ئەو سەرکۆمارە گیانی خۆی لە پیناویاندا بەخت کرد، پێداگرتنەوەیە لە سەر ڕێگا و ڕێبازێک کە پێشەوای شەهید خستیە بەر دەمی نەتەوەکەی، ڕێگای رزگاربوون لە بندەستی و ڕێبازی بە سەربەستی‌و بە سەربەرزیی ژیان.

نابێ هەر وا بە سادەیی بەلای سەدوپازدەهەمینساڵڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازی محەممەددا کە دەبێتە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵ، تێپەڕ بین. لە نێوخۆی وڵاتو لە ژێردەسەڵاتی دوژمنانی ئاواتو ئامانجەکانی پێشەوای ڕێبەرو ڕێنیشاندەردا، ڕۆژی لەدایکبوونەکەی پێویستە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی‌و خەباتگێڕانە بە شکۆیەکی تایبەتەوە، یادی بکرێتەوە. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو لە هەر جێگایەک کوردستانیان دەژین، ڕێزگرتن لەم بۆنەیەو، بە ڕێزەوە یادکردنەوەی هزرو ئەندیشەو پەیامو هەڵوێستو ئامۆژگارییەکانی ئەو کەسایەتییە مێژووییە، پێویستە بە ئەرکێکی نەتەوەیی دابنرێ. با گیانی سەرکۆماری شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد لە بەرزایی مێژوودا، شاد و شایەد بێ کە نەتەوەکەی بە قەدرزانی و پێزانینەوە ڕێگای ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی خۆیانە، درێژە دەدەن.

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

*سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥*



سەرچاوە
Serchawe

## لە باسە گرنگەکانی پلینۆمی دوازدەیەم (١) حەفتایەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

لە ڕۆژانـی ١٣ - ١١ی ئـاپریلی ٢٠١٥( ٢٤ - ٢٢ خـاکەلێوەی ١٣٩٤) پلینـۆمی دوازدەیەمـی کـۆمیتەی ناوەنـدیی هەڵبژێـراوی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو. لەم پلینـۆمەدا زۆر باسـی گرنـگ کران کە هەر کامیـان لە شوێنی خۆیان دا گرنگن‌و پێویستە بە جیا بکەونە بەرباس، بۆئەوەی ڕاسپاردەو پەیام‌و ڕێنوێنییەکانیـان باشتر دەستنیشان بکرێن‌و لە بەر ڕووناکیی ئەوان‌دا تێکۆشانی ڕۆژانەمان بەرەوپێش بەرین. لەم زنجیرە وتـارەدا هەوڵ دەدرێ هەر جارەی سـەرنجەکان لە سەر یەکێک لە باسەکانی ئەم پلینۆمە چڕ بکەینەوە:

**٧٠ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان**:

کوردستان، بە هەموو بەشەکانییەوە، حیزبێکی سیاسیی بە تەمەنتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نیە. ئەم حیـزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی داهاتوودا، ٧٠ ساڵ تەمەن تەواو دەکاو پێ دەنێتە حەفتاویەکەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی.

٧٠ ساڵ تێکۆشان‌و خەبات‌و بەردەوامی لە سەر ڕێگاو ئامانجێکی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی‌و پێشکەوتووانە، بە تـایبەتی کە ئەو تێکۆشان‌و بەردەوامییەی لە ئاکامی فیداکاریی ڕۆڵەکانی‌و پشتیوانیی بێپسـانەوەی خەڵکەکەی‌دا مسۆگەر بـووبێ، جێگـای شـانازییە. حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، حەقـی خـۆیەتی ئەگەر سـەبارەت بە هەبـوونی درێژتـرین مێـژوو لە بـزووتنەوەی نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانەی کورددا شانازی بە خۆی بکا. بەڵام زۆر باشتر دەبێ کە ئەو حیزبە لە ڕۆیشتن بەرەو ئەو بۆنەیەو لە حەفتـایەمین سـاڵی تێکۆشـانی‌دا، هەر تەنیـا لاپەڕە پرشـنگدارەکان‌و خـاڵە بەهێزەکـانی مێـژووی خـۆی نەبینـێ. جێـی خۆیەتی لە گەڵ ئاوڕدانەوە لە هەموو هەورازو شانازییەکان، نشێوەکان‌و لاوازییەکانی مێژووی خۆشی ببینێ.

٧٠ سـاڵەی مێـژووی حیـزب، پێویسـتە هانـدەری ڕێبەران، بەڕێـوەبەران، تێکۆشـەران‌و هـۆگرانی ئەو حیـزبە بـێ کە بە شـوێن وڵامی کۆمەڵێک پرسیاری جیددی‌و گرنگیش‌دا بگەڕێن. وەک نموونە لە خۆیان بپرسن کە چۆنە دوای حەفتا ساڵ خەبـاتی ئەم حیـزبەو گـۆڕانی دوو ڕێژیمـی سیاسیی لە زۆر بـارەوە جیـاوازلە ئێـران، هێشـتا ئـاڵوگۆڕێکی ئەوتـۆ لە ڕوانینـی دەسەڵات لە ئێران بەرامبەر کورددا نەهاتووەتە ئاراوەو هێشتا کورد لەم وڵاتە بە لانیکەمی مافەکانیشی نەگەیشتوە؟ ئەو مافـانەی ئەم حیزبە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان دەکا، قورس‌و نەگونجـاون یـا عەیب لە جـۆری خەبـات‌و تێکۆشـان

بۆ ئەم داوایانە دایە؟ پرسیارێکی دیکە ئەوەیە لە بەشی هەرەزۆری مێژووی ئەم حیزبەدا، ڕێبەرییەکەی‌و بەشە ئاشکراو هەرە کاریگەرەکەی، لە دوورەوڵاتی‌داو، زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکە کە ئەندامانی ئەو حیزبەن‌و خودی حیزبەکەش لە نیو ئیران‌و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی نهێنی خەباتیان کردوە. هەر چی ئەم دۆخە درێژتر بۆتەوە، کاریگەریی حیزب لە سەر کۆمەڵگە کەمترو، کێشەی نیوخۆیی حیزب‌و کۆسپەکانی سەرڕێی تێکۆشانی زیاتر بوون. ئەم وەزعە هەتا کەی درێژەی دەبێ؟و چۆن دەکرێ گۆڕانی بە سەر دابێ؟ پرسیارێکی دیکەش پێویستە لەم پرسیارانە زیاد بکەین: مێژووی ئەم حەفتا ساڵە، ئەگەر لە لایەکەوە، مێژووی خەباتو بەربەرەکانیی باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەیەک لە گەڵ داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان‌و پێشێلکەرانی سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی‌و ئینسانییەکانیانە، لە لایەکی دیکەوە ئەو مێژووە، پڕیەتی لە ململانێی نێوخۆیی، وێکهەڵنەکردن‌و لێکدابڕان‌و لەمەیدانوەدەرنان‌وهەڵوەراندنی سیماو وزەو تواناکانی بە دەستی یەکتر. هەر لە درێژەی ئەم پرسیارەدا، پرسیاری بۆ زۆر کەس لەمانە گرنگتر ئەوەیە ئەو حیزبەی بە هیممەتی یەکگرتنخوازەکانی، توانی لە پەنجاساڵەی مێژووەکەیدا، یەکگرتوویی خۆی بە دەست بێنێتەوەو بە هەر حیکمەتێکو زەحمەتێک بوو بۆ ماوەی ١٠ساڵ ئەم یەکگرتووییەی خۆی پاراست، لە بەرەبەری ٦٠ ساڵەی تەمەنیدا، چارەنووسی خۆی دایەوە دەستی نەیارانی یەکگرتوویی‌و جارێکی دیکە گەرای لێکترازانێکی دیکەی تێدا دانرایەوەو سەرئەنجام بۆ جارێکی دیکە تووشی لەتبوون‌و دابڕان بۆوە. ئیستا کە حەفتایەمین ساڵی تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکا، ئایا دیموکراتەکان لە تەواوییەتی خۆیاندا، لە ئاستی گەورەیی‌و قەبارەی مێژووەکەی خۆیاندا دەبن‌و،بەم زووانە لە توانایاندا هەیە ئارەزووی خەڵکی کوردستان کە یەکگرتووبوونەوەی حیزبی دیموکراتە، وەدی بینن؟

داهاتووی حیزبی دیموکرات‌و هەڵچنینی داهاتوویەکی نوێی سیاسی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرەوی بە خۆداهاتنەوەو خۆڕێکخستنەوەی هەڵگران‌و میراتگرانی ئەو مێژووە دوورو درێژە دایە، لە گرەوی دۆزینەوەی وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە دایە.

٧٠ ساڵ مێژووی حیزب، ٧٠ ساڵ خەباتو خۆبەختکردنی ڕێبەران، کادرەکان، پێشمەرگەکان‌و ئەندامانی ئەو حیزبە، ٧٠ ساڵ کاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی‌و ٧٠ ساڵ تێکۆشان لە شار و شاخ، لە نێو بەندیخانەو لە دوورە وڵاتی، لە سەنگەری پێشمەرگایەتی‌و لە کۆڕو ناوەندی دیپلۆماسی، حیزبی دیموکراتی بە شار بە شارو ناوچە بە ناوچەو گوند بە گوندی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە گرێ داوە. ئەوە دەبێتە ٧ دەیە کە حیزبی دیموکرات بە یەکەم خاوەن‌و بە سەرەکیترین هەڵگری پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ئێران دەناسرێ. ئەم مێژوویە،خۆشەویستییەکی بێوێنەی بۆ حیزبی دیموکرات لە نێو نەتەوەکەی‌و ئیعتیبارێکی تایبەتی بۆ ئەو حیزبە لە دەرەوەی نەتەوەکەی پێک هێناوە. ئەوانەو ئەو هیزەی بە کردەوەو بە شێوەی «بالقوە» لە گەڵ حیزبی دیموکرات دان، سەرمایەیەکی گەورەن بۆ سیاسەتکردن لە کوردستان‌و ئێران‌و ناوچەو جیهاندا، بەو مەرجەی دیموکراتەکان، حیزبێکی یەکگرتوو سەرلەنوێ‌و بە دابینکردنی زەرفییەتی پێکەوە بوون‌و عەقڵیەتی

وێکهەڵکردنو ئەزموون وەرگرتن لە خەسارو هەڵەکانی ڕابردوو بنیات بنێنەوە. بەو مەرجەی هێز و تواناکانی خۆیان لە جیاتی بە هەدەردان لە کێشە و ناکۆکیی نیوخۆییدا، بۆ وڵامدانەوە بەو کێشەو پرسیارو چاوەڕوانیانەوە تەرخان بکەن کە لە دەرەوەی حیزبو لە نیو کۆمەڵگاو لە لایەن سەردەمەوە، بەرەوروویان دەکرێتەوە.

١٠ ساڵ لەمەوبەر کاتێک بەرەو ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دەچووین، بە ئاگاداری لەو نیازو هەوڵانەی لە ڕەوتی کۆنگرەی سێزدەو بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا، بۆ لەباربردنی یەکڕیزیو یەکگرتوویی حیزب هەستم پێدەکردنو دەمدیتنو خەفەتم پێوە دەخواردن، هەر ئەم قسانەی ئێستام بە دەربڕینێک کە لە کەشوهەوای ئەو کاتدا دەگونجا، کردبوو. ئێستا هەر ئەو قسانەی ئەو کات دووپات دەکەمەوە، بەو هیوایەی، ئەوانەی ئەو کات سەرمەست لە سەرکەوتن بە سەرهاوڕێیانی خۆیاندا، گوێی بیستنی ئەم قسانەیان نەبوو، ئێستاو بە دوای دیتنی ئاسەواری زیانباری ئەم جۆرە «سەرکەوتن»و غەرڕەبوونە، کەمێک وەخۆ هاتبنەوەو بە دوورلە دەمارگرژیو کورتبینییەکانی ئەو کات، گوێ بۆ ئەم پەیامە هەڵ بخەنەوە:

«حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکدا بەرەو دەیەیەکی نوێ لە تێکۆشان هەنگاو دەنێ کە ڕووداو و گۆڕانەکان لە ئاستی نێونەتەوەییو ناوچەدا، بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی ئازادیخوازانەو بزووتنەوەکانی داواکاری دیموکراسیو فیدرالیزمو مافی مرۆڤ دەچنە پێش. ڕێژیمی ئێرانیش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕێژیمانە دایە کە لە نیوخ و دەرەوە فشارێکی زۆری بۆ پێکهینانی گۆڕان لە سەرە.حیزبی دیموکرات بەو رابردووە پڕشانازییەوە کە هەیەتی، بە خۆشەویستیو نفووزی بێوێنەی لە نیو خەڵکی کوردستان دا، بە ئەزموونی دەوڵەمەندو سامانیکی مەعنەویی گەورە کە کۆی کردوەتەوە، بە هەڵگرتنی دروشمی گونجاو بۆ ئەم سەردەمە، بێگومان دەتوانێ لە سەرەتای دەیەی حەوتەمی تەمەنی خۆیدا، رۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسیی گەلەکەیو ولاتەکەیدا هەبێ. ئەمەش بەر لە هەموو شتێک بە پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕابردوویو یەک لەوان پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانیو دڵگەرمکردنی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بە داهاتووی ئەو حیزبە دێتە دی.

حیزبی دیموکرات لە بڕگەو قۆناغەکانی دیکەی تەمەنو ژیانی خۆیدا نیشانی داوە کە لەو ئاستە لە بەرپرسایەتیو پیگەیشتوویی سیاسی دایە کە وەدیهێنەری چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان بێ. لە دەروازەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانیشی دا دەتوانێ سەلماندنەوەی ئەم ڕاستییە بکا بە جێژنانەیەک بۆ کۆمەڵانی میلیۆنیی خەلکی کوردستان کە دڵیان لە گەڵ تێکۆشەرانی دیموکرات دا لێ دەدا.»

ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە ٤١٥، ٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٤،وتاری «بەرەو ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزب»

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە - سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد، ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٥

## لە پێناوی پەرەپێدانی کولتووری وێکهەڵکردنو یەکتر قبووڵکردندا

ئەوەنـدەی سـەیری میـژووی هـاوچەرخی کـورد دەکەمو لە هۆیەکـانی شـەڕە نێوخۆییەکـانی نێـو بـزووتنەوەی نەتەوەیـیو ئازادیخوازیی کوردستانو شکانو سەرنەکەوتنەکان ورد دەبمەوە، پتر دەگەمە ئەو قەنـاعەتە کە خۆویستیو وێکهەڵنەکردنو تەحەممـولنەکردنی یەکتـری تاکەکـان بە گشـتیو بە تـایبەتی هەڵگـرانو لایەنگرانـی بیروبـاوەڕە جیاوازەکـان، سـەرچاوەی ململانـێ زیانبارەکـانو شەڕو تێکهەڵچوونە کارەسـاتخوڵقێنەکان بـوون. هەر لایەنێـک خوازیـارو داواکـاری ئەوە بـووە هەمـوو لایەنەکـان، قبـووڵی بـکەنو نەک هەر قبـووڵی بـکەن بەڵـکوو ملکەچـی بـن، سـەرکردەکەی بە سـەرکردەی خۆیـان بـزانن، شەهیدەکەی بە شەهیدی خۆیان بزانن. دەنگەکانیانو یارمەتییە جۆراوجۆرەکانیان هەر بۆ ئەو بێ. لە حاڵێکدا تەنیـا ڕێـزو پشتیوانیو ملکەچییان لە خەڵکو لایەنەکـانی دیکە ویستوە، کەمتـر ئامادە بـوون دان بەوانـی دیکەدا بنێن، ڕێـزی ئەوانـی دیکەو لە ڕاستیدا ڕێـزی بیروبـاوەڕە جۆراوجۆرەکـانو ڕێـزی هێـزو لایەنە جیاوازەکـان بگرن. ئەمەش وای کـردوە لە جیـاتی هەوڵدان بۆ لێک تێگەیشتنو قۆستنەوەی شتەهاوبەشەکان بـۆ دۆستایەتیو هاوکـاریو ئەنجامدانی کـاری گەورەی بەیەکەوە، بە چاوی گومانو دوژمنییەوە سەیری یەک بکەن، تەنیـا جیاوازییەکـانی یەکتـر ببیـنن، ئەویش بـۆ ئەوەی دیـواری دژایەتـیو ململانێی نـاڕەوای لە سەر هەڵبچنن! مـانی خۆیـان لە نەمـانی ئەوانـی دیکە دا دیتـووەو بـوونی ئەوانـی دیکەیـان، بە نەمـانی خۆیـان زانیوە!

بەم جۆرە هەستەکان، ڕوانینەکـان، بیرکردنەوەکـانو هەڵسەنگاندنەکان، بەم کولتـوورە فرچکیـان گرتـووەو هەمیشە کەشێکی ئامادە بۆ پێکوەربوونو تێکبەربوون هەبووە. بەردەوامیی ئەو کولتووورە چی دیکەی لێشین نەبۆتەوە جگە لەوەی هەتـا ئێستا بەرهەمی هێناوە: ڕەنج بە خەساری لە ئاستی نەتەوەیی دا!! بەڵام بە خەسارو زیانی جاربەجار گەورەتر وماڵوێرانکەرتر.

لەم سـاڵانەی دوایـیدا، کۆمەڵێـک لە سیماکانی بـزووتنەوەی نەتەوەیـیو شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بە نـاوی بیرەوەریی نووسین یا لە چاوپێکەوتنی میدیاکاندا، ناچـار بـوون ئـاوڕ لە ڕابـردوو بـدەنەوەو قسە لە ڕووداوە ناخۆشەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە بکەن. بە تـایبەتی کاتێک کە دێنە سەر باسی ململانێیە نێوخۆییەکـانی نێو حیزبێکی دیـاریکراو یـا شەڕو پێکهەڵپڕژانی چەکدارانە لە نێوان خۆیانو حیزبو ڕێکخراوو گرووپەکەی خۆیان لە گەڵ لایەنێکی دیکە، هەڵەیەک لە خۆیـانو قـۆڵەکەی خۆیـانو حیـزبو ڕێکخـراوەکەی خۆیـاندا نـابینن تـا باسی بـکەنو دانـی پێدا بنێن! هەرچـی پێشـتر کردوویانەو وتوویانە، ماشەڵلاهەمووی‌هەڕاست بووەو، هەر وەک سەردەمی ئەو کێشەو ململانێیانە، خەتـاو تـاوانەکە، تەنیـا

لە لایەنی بەرامبەریان بووە!! بە دەگمەن یەکێکیان تێدا هەڵ دەکەوێ بڵێ خۆم یا خۆمان، ئەم هەڵەو خەتایەمان هەبووەو بەش بە حاڵی خۆمان، لەم بارەیەوە دان بە بەرپرسیارەتیی خۆماندا دەنێینو لە خەڵکو هەموو ئەوانەی لە سۆنگەی ئەم بیرکردنەوەو سیاسەتوهەڵوێستو کردەوەیەمان زیانیان پێ گەیشتوە، داوای لێبووردن دەکەین. باشە بەو هەمووە دەمارگرژییەوە، بەو جۆرە قەزاوەتو هەڵسەنگاندنە یەک لایەنەو خۆویستانەوە، ئایا دەتوانین ئاوڕێکی دروستو بە سوود لە رابردووی خۆمان بدەینەوەوەو کەموکورتییەکان، خاڵە لاوازو بە هێزەکان، هۆیەکانی ململانێیە زیانبارەکانو شەڕەنێوخۆییەکان بدۆزینەوەو دەرسیان لێوەرگرینو لە داهاتوودا دووپاتیان نەکەینەوە؟

چار چییەو تاکەی لە گەڵ ئەم کولتوورە دەژینو ئەم کولتوورە دەژێنین؟! بۆ ئەوەی ئێمەش چ وەک تاکو چ وەک هێزو لایەنی سیاسیی ئەم سەردەمە، بە نۆرەی خۆمان چی دیکە نەبین بە بەشێک لەو کولتوورەو رۆڵێکی ئەرێنیمان لە دروستکردنو بە هێزکردنی کولتوورێکی نوێی بنیاتنەردا هەبێ، پێویستە هەر کامێکمان لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە سەر ئەو کولتوورە زیانبارەی پێشینانی ئێمە لە سەری رۆیشتوون، نەڕۆین. حەق وایە بە چاوی فێربوونو دەرسوەرگرتن لە مێژووو رابردووی خۆمان، بڕوانین. دەبێ لە دەرەوەی دەمارگرژییەکانو خۆویستییەکانمان، بکەوینە شەنوکەوی رابردوو. پێویستە بوێرانەو ڕاشکاوانە، هەر لەوکاتە دا مونسیفانەو بە ویژدانەوە، لە کێشەکانی ڕابردوو بدوێینو لە جیاتی خۆ بێتاوان نێشاندانو بە تاوانبار ناساندنی ئەوانی دیکە، هەر شتەی حەقی خۆی پێ بدەین. ئەگەر وانەکەین، مەحکووم دەبین بە دووپاتکردنەوەی ڕابردوو و لە جێی خۆماندا دەچەقین.

کە دێینە سەر ئێستاش، پێویستە بە گیانی یەکتر قبووڵکردنو ڕێزگرتن لە بیروباوەڕەکانی دیکە، لە گەڵ ئەوانەی دەوروبەرمان بەرەوڕوو بینەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەوانی دیکە کە ببینن ئێمە بە چاوی ڕێزو دان پێدانان، نەک بە ڕوانینێکی قیناویو حاشالێکردن سەیریان دەکەین، کاتێک هەست بکەن لە جیاتی داوای تەسلیمو ملکەچی، دەستی لێک تێگەیشتنو دۆستایەتیان بۆ درێژ دەکەین، ناچارن بە خۆیاندا بچنەوەو بیرکردنەوەو گوتارو کردەوەی خۆیان بگۆڕنو تێکەڵ بە کاروانی بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لەم ڕابردووە جیی داخە بن.

وەک بەشدارییەک لەو کاروانەی کە ئارەزووی وەڕێکەوتنی دەکەم، چەند ساڵێکە کردوومە بە عادەت، لە هەر دەرفەتێکدا کە بێتە پێش هەوڵ دەدەم ڕێزی ئەوانی دیکە بگرم. کە ڕووداوی ناخۆشیان لێ ڕوو دەدا، پێم خۆشە هاودەردییان لە گەڵ بکەم. کە بە لای گۆڕستانی شەهیدانیاندا ڕادەبرم، هەوڵ دەدەم بچمە سەر گڵکۆکانیانو بۆ ساتێک «ئەدای ئیحتیرام» بکەم. کە باسی مێژووی خۆیان دەکەن، بە سووکی لە مێژوویان نەڕوانم. خۆمم بەو قەناعەتە گەیاندوە کە خەبات لە پێناوی ئازادیو بەرەوپێشچوونی کوردو فیداکردنی سەروماڵو هتد لە پێناویدا،کراسێک نییە تەنیا بە باڵای منو حیزبەکەی

من دوورابێ، هی دیکەش هەبوونو هەنو دەبن کە بۆ نەتەوەکەی خۆیانو بۆ ئەو ئامانجە بەرزانەی منو حیزبی من، خەباتیان بۆ کردوە، تێکۆشاونو تێ دەکۆشن. لای خۆم بڕیارم داوە، ئەگەر رۆژێک پشوویەکەم بێتەوە بەر خۆمو دەست بکەم بە نووسینی بیرەوەرییەکانی چەند دەیە بەشداریم لە کارو تێکۆشانی حیزبیو خەباتی نەتەوەییو ئازادیخوازانە، یا بە بۆنەیەک لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی ئەم ڕابردوویە بدوێم، هەموو شتەباشەکان لە سەر خۆمو ئەوانەی خۆشم ویستوونو حیزبەکەی خۆم، تۆمار ناکەم و هەر چی خراپ و ناڕەواشە نایدەمە پاڵ ئەوانی دیکە.

***

ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتوە، لاپەڕێکی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەییو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیدا بکرێتەوە؟ ئەرێ ئەم هەمووە دووپاتبوونەوەی میژووی خۆمان، بێزاری نەکردووین؟ ئەگەر جۆری بیرکردنەوەمان نەگۆڕینو بە سەر کۆنەقینو دەمارگرژییەکانی ڕابردوومانددا زاڵ نەبین، ئەگەر یەکتر بوغزاندنو دژایەتیی یەکتر وەلا نەنێێنو چاومان نەکەینەوەو جۆری ڕوانینمان بۆ ڕابردوو نەگۆڕین، هەر قسەکانی رابردوو بێ هیچ ئالوگۆڕ تێدا پێکهاتنێک دووپات بکەینەوە، چۆن بەستێنو هەلومەرجی لە بار بۆ کار و هەنگاوی نوێ لە گەڵ یەکتر، پێک دێ؟!

با وەک کوردێک، وەک هێزێکی سیاسیی کوردیو وەک تیکۆشەرو ئەکتەرێکی نیو گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەییو ئازادیخوازی لە کوردستان، خراپەکانی مێژووو ڕابردووی خۆمان ببینینو لە جیاتی پاساوادانو شانازی پێوەکردنیان، ڕەخنەیان لێ بگرینو بەڵێن بە ویژدانی خۆمان بدەین، دەرسیان لێوەربگرینو بە نۆرەی خۆمان بەربە دووپاتبوونەوەیان بگرین. با تۆزو خۆڵی یەکترنەویستن لە هەستو بیرو ڕوانینو هەڵسوکوتی خۆمان بتەکێنین بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو لە گۆڕەپانی سیاسەت لە کوردستان دا، هەڵ بدەینەوە.

بەو هیوایە.

لە ژمارە ٦٥٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵوێستەیەک لە سەر مانگرتنی ٢٤ی گوڵان

بانگەوازێک کە کۆمەڵێک چالاکیی مەدەنیی نیوخۆی وڵات لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووە بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردبۆوە، سەرەڕای زاڵبوونی کەشوهەوایەکی بە تەواوی نیزامی و ئەمنییەتی بە سەر شارەکان دا، ڕۆژی ٢٤ی بانەمەڕ بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە بەشێک لە شارەکانی دوو پارێزگەی ڕۆژهەڵات( پارێزگەی سنەو پارێزگەی ورمێ)، وڵامی خۆی لە لایەن خەڵکەوە، وەرگرتەوە.

دیارە بانگەوازەکە هی کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆ بوو نەک هی حیزبو لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو. بەڵام ژمارەیەک لە حیزبەکانو ڕاگەیەنەکانیان بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانو تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەو گەیاندنی پەیامی ئەو کۆمەڵە چالاکەی نێوخۆ، درێغیان نەکرد. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان، پشتگیرییەکەی لەم بانگەوازە لەباوەڕ بەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنیی نیوخۆو حەرەکەتەکانیان بۆ هێنانە گۆڕو بەرگری لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ئەرکێکی نەتەوەیی‌و ئەخلاقی‌و خەباتگێڕانەیە. جگە لەمەش هەر وەک لە بەیاننامەی ئەم حیزبە لە بارەی خۆپێشاندانی ١٧ی بانەمەڕی مەهابادا هاتبوو، پێویستە "خەڵکی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامیی بسەلمێنن کە خەڵکی خرۆشاوی مەهاباد بە تەنیا نینو لە بەرامبەر سەرکوتو دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی هەر شارو ناوچەیەک، یەکگرتووانە دێنە مەیدان".

بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەری لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە لە ڕۆژانی پێشتردا داوا دەکرا خەڵکی شارەکانی کوردستان بڕژێنە سەر شەقامو بە خۆپێشاندان تاوانی هێزە حکوومەتییەکان دژی خەڵکی نارازیی مەهاباد مەحکووم بکەن. دیارە لە چەند شارێکو بە تایبەتی شاری سەردەشت، خەڵک لە کەشوهەوایەکی بە تەواوی پۆلیسی‌و میلیتاریزەدا بە دەنگی ئەم پەیامەوە چوون، کە وەک دیتمان بە توندی کەوتنە بەر پەلامارو تەنانەت تەقەیان لێ کراو چەندین کەسیشیان گیرانو ڕەوانەی بەندیخانە کران.

پەنابردن بۆ دوکانو بازارداخستنو مانەوەی خەڵک لە ماڵەکانیان لە هەلومەرجێکدا کە شوێنە گشتییەکانو شەقامو کۆڵانو دەوراندەوری شارەکان بە هێزی دڕندەی نیزامی‌و سەرکوتکەر تەنراون، بۆ هێندێک بارودۆخ بیرۆکەیەکی دروستەو ئەگەر

خەڵک بە شێوەیەکی بەرین بە پێشوازییەوە بچن، هەم پەیامێکی ڕاشکاوو کاریگەر دەدەن بە دەسەڵاتو بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوە، هەم تێچووی گیانیی هەڵویستەکەیانو نارەزایەتیدەربڕینەکەیان،کەمتر دەبێتەوە.

لە مانگرتنی پێنجشەممە ٢٤ی بانەمەڕدا، ڕێژەیەکی بەرچاوی بازاڕیان لە شارەکانی مەریوان، سنە، پاوە، مەهاباد، سەردەشت، نەغەدە، پیرانشار و شنۆ و هێندێک شارو شارۆچکەی دیکە، بە تایبەتی لە بەرەبەری نیوەڕۆوە،دوکانو بازاڕیان داخست. دیارە لە هێندێک شارەکان ڕێژەی داخرانەکە لە شارەکانی دیکە زیاتر یا کەمتر بوو. بەڵام ڕوویەکی دیکەی مانگرتنی ئەمجارە، خۆبواردنی خەڵک لە چوونە نێو بازاڕو، مانەوەیان لە مالەکانیان دابوو. ئەم کارە وای کردبوو ئەگەر بەشێک لە بازاڕییەکان بە هەر هۆیەک دوکانەکانیشیان دانەخستبوو، بە هۆی مانەوەی خەڵک لە مالەکانیانو نەهاتنیان بۆ نیو بازاڕ، ڕوخساری مانگرتن بەو شارانەوە دیار بێ.

لە هەڵسەنگاندنی مانگرتنی ئەمجارەدا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە هەتا جێبەجێکردنی، ماوەیەکی کەم بە دەستەوە بوو. جگە لەمەش لە ئاستی حیزبەکانو چالاکانی دەرەوەی وڵاتیشدا پشتیوانیەکی هاودەنگ، تێکڕاییو بەرین وەڕێ نەکەوتبوو. تەنانەت لە نیوخۆی وڵاتیشدا بانگەوازی مانگرتن، کەمترین کاری بۆ کرابوو. بەو حالەشو سەرەرای زاڵبوونی ئەو کەشوهەوا پۆلیسی و ئەمنییەتییەش، دیتمان لە زۆرێک لە شارەکان بەشێک لە خەڵک بە پێشوازییەوە چوون. بەر بوونی بەشێک لە گیراوانی ئەم دوایانەی شاری سەردەشتیش لە ڕۆژی مانگرتنەکە دا، با لە بەرامبەر گرەو و بارمتەش دا بووبێ،دەبێ بە دەسکەوتی ئەم مانگرتنەی بزانین کە یەکێک لە داواکانی، ئازادکرانی گیراوەکانی ئەم دوایانە بوو.

پێشوازیی ڕێژەیی خەڵکی ڕووبەرێکی بەرچاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتن، نیشاندەری بوونی ئیرادەی خۆڕاگریو هەبوونی زەمینە بۆ بەشداری لە حەرەکەتی مەدەنیو نارەزایەتیدەربڕین لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. بە دڵنیاییەوە ئەم پێشوازییەو بەشدارییە - با لە ڕادەی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕی ٥ ساڵ لەمەوبەریش دا نەبووبێ- نیشاندەری پوتانسیەلێکی بە هیزی نارەزایەتیدەربڕینو وەدەنگهاتن لە نیو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە، کە پێویستە بکرێتە دەسمایەی حەرەکەتی هەڵسەنگێندراو بۆ هاتوو.

با هەم کۆسپو لەمپەرەکانی خەباتی جەماوەریو کەم ئەزموونیو کەموکوورییەکانی خۆمان لە وەڕێخستنو بەرەوپێشبردنی جۆرو شێوەکانی خەباتدا ببینینو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین، هەم ئەو زەرفییەتو ئامادەییانە بۆ نارەزایەتیدەربڕینو خەباتی مەدەنی لە نێو خەڵکی خۆماندا ببینین، ڕێزی لێ بگرین و هیوای پێ ببەستین. گرنگ ئەوەیە خەڵکەکەمان

گه‌یشتووه‌ته ئه‌و بڕیاره كه ته‌نیا به خه‌باتو به‌رخۆدانو ناره‌زایه‌تیده‌ربڕینو ململانێ له گه‌ڵ زۆرداریو سته‌م، ده‌توانێ خۆی له بنده‌ستیو ڕۆژڕه‌شی ڕزگار بكا. دیاره كه ئیراده‌ی خه‌باتكردنو بڕیاری وه‌لاتانی ژێرده‌ستیو بێمافی هه‌بێ، دۆزینه‌وه‌ی فۆرمو جۆری كاریگه‌ری خه‌باتو ئه‌زموون وه‌رگرتن له لاوازیو كه‌موكورتیه‌كانی حه‌ره‌كه‌ته‌كانی تا ئێستاشی به دوا دا دێت.

حیزبی دیموكراتی كوردستان سوپاسو پێزانینی خۆی به هه‌موو ئه‌و كه‌سانه ڕاده‌گه‌یه‌نێ كه به ده‌نگ بانگه‌وازی چالاكانی نێوخۆوه چوونو له مانگرتنی ٢٤ی بانه‌مه‌ڕ دا به‌شدار بوون. هه‌ر وه‌ها جارێكی دیكه سڵاو بۆ خه‌ڵكی وشیارو به هه‌ڵوێستی كوردستان ده‌نێرێ كه له دوای سه‌ركوتی خوێناویی خۆپێشاندانی خه‌ڵكی مه‌هاباد، له هه‌ر ده‌رفه‌تێك بۆیان هاتووه‌ته پێش، بۆ ناره‌زایه‌تی ده‌ربڕینو داوای سزادانی تاوانبارانو ئازادكردنی ڕۆڵه به‌ندكراوه‌كانیان ، هاتوونه مه‌یدان.

دڵنیاشین زۆر به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی پڕشكۆتر له پێشمانن.

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی كوردستان و كورد - ڕێكه‌وتی: ١٥ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## قادر وریا: ناکرێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕۆژەڤدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر ڕۆژهەڵات دابخرێت

**وشە/ هەولێر- هیدایەت جان**

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای گرژییەکەی نێوان حدکا و پەکەکە لە ٣ ڕۆژی ڕابردوودا، هێزی پێشمەرگەی ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. قادر وریا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ "وشە" لەبارەی جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕای دەگەیەنێت: "ڕۆژهەڵات پێویستی بەهێزەکانی خۆی هەیە، پێویستە کادیر و پێشمەرگە و ڕێبەرەکانیان زیاتر لەناو ڕووداوەکانیاندا بن، بەهۆی ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژێمێکی دیکتاتۆرە و ڕێگری لە بوونی تێکۆشەرانی دیموکرات و لایەنەکانی تر دەکات، ڕەنگە چالاکی و پێکدادانی چەکداری لێ بکەوێتەوە".

**پرسیار: حزبی دیموکراتی کوردستان لەو چەند ڕۆژەی دواییدا هێزێکی زۆری ڕەوانەی سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. ئامانجی سەرەکی ئێوە لەو کارە چییە؟**

**وەڵام**: بە تێبینی ئەوەی کە ساڵبەساڵ گرنگی نزیکبوونەوە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سنوورەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر و پێویستتر دەبن، بوونی ئێمە و ئەو جموجۆڵانەمان لە ناوچە سنوورییەکان، پەیوەستە بەو گرنگییەوە و ئامانجی سەرەکیمان لێی نزیکبوونەوەیە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە پێمان وایە، بە هەر هۆکارێک بێ، دەبێ لە سنوورەکان نزیک ببینەوە. ئامادەیی ئەو هێزانەمان لەسەر سنوور زیاتر بۆ چاودێری کردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتە و پێوەندی گرتن لەگەڵ ناوخۆ. لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا ئەندامان هەیە کار و چالاکی دەکەن و چاوەڕوانی هاوکاری و ڕێنوێنی کردنی ئێمەن و ئەگەر گرفتێکیان بێتە بەردەم دەبێ ئاگاداریان بین و پیشتیوانیان لێبکەین، واتا پەیوەندی بە کارو تێکۆشانەکانمانەوە هەیە لەناوخۆی ڕۆژهەڵات.

**پرسیار: ڕەوانەکردنی ئەو هێزانە تا چەند پەیوەندی بە خۆپێشاندانەکانی مهابادەوە هەیە. لەو خۆپێشاندانانەدا وا دەرکەوت کە ئۆپۆزسیۆن تووشی دابڕان بووە لەگەڵ خەڵک لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات؟**

**وەڵام**: سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات پێمان دەڵێن کە دەبێ حزبەکان زیاتر ئامادە بن و کاریگەریان هەبێ لەسەر



سەرچاوە Serchawe

ڕووداوەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات و دەبێ پەیوەندییەکەیان گەرمەگوڕتر و چڕتر بێت و بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتدا ئامادەییان هەبێت و ئەوەش کاریگەری خۆی هەیە.

**پرسیار: ئێوە هێزەکانتان لەسەر سنوور جێگیر کردووە. ئایا هیچ هەماهەنگییەکتان لەگەڵ یەکەکە کردووە بۆ ئەوەی جارێکیتر گرژی لەنێوان هێزێکی ڕۆژهەڵات و یەکەکە درووست نەبێتەوە؟**

**وەڵام:** هەبوونی هێزی پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر سنوور بابەتێکی نوێ نییە، پێشتریش پێشمەرگەمان لە ناوچە سنوورییەکان هەبووە، درک بە هەستیاربوونی لایەنەکان دەکەین و هەر لەبەر ئەو هۆکارەش نەمانویستووە لە میدیاکاندا باسی لێ بکەن، ئێستاش کە ئەو ڕووداوانە ڕوویان نەدابا لەوانەبوو کەمتر خەڵک ئاگادار بووبان، لەبەر ئەوەی پێمان باشە بە ئارامی لەسەر سنوورەکان بمێنینەوە و بەرژەوەندی لایەنەکان لەبەرچاو بگرین. ئێمە درک بە دۆخی ئەوان دەکەین، بۆیە هیوادارین هیچ گرژییەکی ئەوتۆ نەیەتە پێش و ئێمەش لەلای خۆمانەوە هەرگیز هەوڵی ئەوە نادەین هەستی لایەنەکانی تر بوروژێنین و هەڵسوکەوتێک بنوێنین کێشەی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار: ناردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنوورییەکان و جێگیر کردنیان بە مانای ئەوە نییە کە شەڕی چەکداری لەگەڵ ئێران دەست پێ دەکەنەوە؟**

**وەڵام:** ڕۆژهەڵات پێویستی بە هێزەکانی خۆی هەیە، پێویستە کادیر و پێشمەرگە و ڕێبەرەکانیان زیاتر لەناو ڕووداوەکانیاندا بن، بەهۆی ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕژێمێکی دیکتاتۆرە و ڕێگری لە بوونی تێکۆشەرانی دیموکرات و لایەنەکانی تر دەکات، ڕەنگە چالاکی و پێکدادانی چەکداری لێ بکەوێتەوە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بێت. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێ ئەو هێزانە لەگەڵ خەڵکەکەیان لە پێوەندیدا بن و بتوانن سەردان بکەنەوە و لەناویاندا بن.

**پرسیار: لە خۆپێشاندانەکانی مهاباد دەرکەوت کە تێڕوانینی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە لەسەر چالاکە ناوخۆییەکان ئەرێنی نییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری دەستپێکردنەوەی چالاکیی ئۆپۆزسیۆن لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات ئایا پێتوا نییە دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەر ئەو تێڕوانینانەدا بێت؟**

**وەڵام:** ئێمە پێمان وایە دەبێ کەڵک لە هەموو شێوەکانی خەبات وەربگیرێت، کەسێک لەناوشار دەژی و خوێندکاری زانکۆیە یان مامۆستای ئاینی یان مامۆستای قوتابخانە و زانکۆکانە، بە جۆرێک چاوەڕوانی لێ دەکرێت و دەبێ بە شێوازی خۆی بۆ نەتەوەکەی هەوڵ بدات و ئەویتر حزبێکی سیاسییە و ڕێگەی نییە بەشێوەی یاسایی کار و تێکۆشان بکات، ئەویش بە

جۆرێكی تر چاوەڕوانی لێ دەكرێت.، گرنگ ئەوانەی لەناو حزب و ڕێكخراوەكاندان و چی ئەوانەی چەكيان لەشانە و ئەوانەش كە خەڵكی سڤيلن، هەريەكەو بە شێوەيەك هەوڵ بدا بۆ پرسە نەتەوەييەكان و كاری بۆ بكات، جا ئەگەر كەسانێك بە خۆپيشاندان و مانگرتن و نووسين بيكەن و كەسانێكيش پێويست بێ بە چەكەوە لە سنوورەكان و ناوخۆی وڵاتدا ئامادەييان هەبێت، هەموويان خزمەت بە يەك ئامانج دەكەن.

**پرسيار: لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا چەند لايەنی ڕۆژهەڵات لە هەولێر كۆبوونەوە. ئامانجی سەرەكی لەو كۆبوونەوەيە چی بووە؟**

**وەڵام:** بەو جۆرەی لە لێدوانی سەرۆكی هەرێم و سەرۆكايەتی پەرلەمان و لايەنەكانی تری حكومەتی هەرێمدا هاتووە، ئەوان دەيانەوێ ئەو تێكهەڵچوونە چەكدارييەی ڕووی داوە، تەشەنە نەكات و دەيانەوێ هەرێمی كوردستان و سنوورەكان ئارام بن و نەبن بە مەيدانی ململانێی هێزەكان. ئامانج لەو كۆبوونەوەيە چارەسەر كردنی كێشەكانە. ديارە ئێمە پێمان وايە پێوستە ڕێگاچارەيەكی گشتگير بدۆزرێتەوە كە ڕەچاوی بارودۆخ و چاوەڕوانييە ڕەواكانی حيزبە خەباتكارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانيشی تيدا كرابێت. ئەگينا لەوانەيە لە داهاتووش دا كێشەی لەم چەشنە سەرهەڵبداتەوە.

**پرسيار: لە ڕووداوی تێكهەڵچوونی پەكەكە و حدكا دا ڕای گشتی لە باشووری كوردستان لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵات شكايەوە. ئێستاش هەست دەكرێ جياواز لە ساڵانی پێشوو حكومەتی هەرێم بەربەستێكی ئەوتۆی نييە لەبەردەم چوونی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات بۆ سنوورەكان. ئايا هيچ ڕێكەوتن يان هەماهەنگييەكتان لەگەڵ هەرێمی كوردستان بۆ ئەو پرسە هەيە؟**

**وەڵام:** پێشتريش ئەگەر حزب و ڕێكخراوێك لەسەر سنوورەكان بەشێوەيەكی شياو جووڵابێتەوە و ڕەچاوی بەرژەوەندييە نيشتيمانييەكانی كردبێت، تەعامولێكی بەرپرسانەی لە گەڵ كراوە. ئەوەی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە هەبێت، هەموو خەڵكی ڕۆژهەڵات وتەنانەت باشووری كوردستان و حزب و ڕێكخراوەكانيشان ئەوە دەزانن كە ئەو كەند و كۆسپانەی لەبەردەم چالاكان و حزبە ڕۆژهەڵاتييەكان درووست كراون و ئەو پاوانخوازييەی پەكەكە بە نيسبەت ناوچە سنوورەييەكان هەيەتی، بەوەی كە ڕێگە نەدەن حزبەكانی ڕۆژهەڵات دەستيان بە وڵاتی خۆيان رابگات، ئەوە ستەمێكە و نەك بۆ حزبەكانی ڕۆژهەڵات باش نييە بەڵكو بۆ بزووتنەوەی كورد لەسەر ئاستی كوردستانيش باش نييە. بۆيە ئێمە وەك حيزبی ديموكراتی كوردستان و حيزبەكانی ديكەی ڕۆژهەڵاتيش لەبەر ئەوەی بە شێوەيەكی شياو هەڵسوكەوتمان كردووە و چاوەروانييەكان، ڕەخنەكان و قسەكانمان لۆژيكی بوون، ڕای گشتی لە باشووری كوردستان حەقی پێ داوين.

**پرسيار: لەو سەروبەندەدا كە گرژييەك لەنێوان حدكا و پەكەكەدا درووست بووە ئێوە هێزی زياترتان ڕەوانە سنوورەكان**

**کردووە و ئەوەش نیگەرانی ئەوەی لێ درووست بووە کە لەوانەیە بۆ پاڵپشتی کردنی حدکا و دژایەتی پەکەکە ئەو جوڵەیەتان بە هێزی پێشمەرگە کردبێت. وەڵامتان بۆ ئەو نیگەرانییانە چییە؟**

**وەڵام**: بەر لەوەی ئەو گرژیانە لەنێوان حدکا و پەکەکەدا درووست بێت، هەم ئەمساڵ و هەمیش لە ساڵانی رابردوودا لەو سنوورانە پێشمەرگەمان هەبووە بەڵام بەدوور لەچاوی میدیا، ئێستاش کە هێزەکانمان لەسەر سنوورن، راستە هەڵوێستمان لەسەر تێکهەڵچوونەکە هەبووە و شەرمەزارمان کردووە و رامان گەیاندووە کە نەدەبوو گەریلا تەقە لە پێشمەرگەی دیموکرات بکات، بەڵام بە خۆشیەوە تا ئێستا کێشەیەکمان لەگەڵ پەکەکە بۆ پێش نەهاتوە و ئەو پەیوەندییە ئاساییەی پێشتر لەگەڵیاندا بوومانە ئێستاش هەر لە جێی خۆیەتی و هیوادارین هەر ئاواش بمێنێتەوە. سەبارەت بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، سەرباری ئەوەی هاودەردی خۆمان بۆ دەربڕیون، و پێمان وایە نەدەبوو پێ کاکا بە چەک وتێکهەڵچوون بەرەوڕووی پێشمەرگەکانی ئەوان بێتەوە،بەڵام ئێمە لایەنێک نین لە کێشەی ئەو دوو هێزە. پێش ئەوەی ئەوان لەو سنوورە بن ئێمە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی سەر سنوور هەبووین و ئێستاش کە هەر سێ لایەنمان لەوێین، جگە لەوەی خۆمان لە گرژی و کێشە لە گەڵ لایەنەکانی دیکە دەپارێزین، ئەوەندەی بۆمان بکرێ هەوڵ دەدەین یارمەتیدەر بین گرژییەک لەنێوان ئەو دوو لایەنەشدا نەیەتە پێش.

**پرسیار: لەو ماوەیەدا دەبینین هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هێزەکانیان کۆ دەکەنەوە و هەندێکیش هێزیان بەرەو سنوورەکان جوڵاندووە. ئەگەری ئەوە هەیە شۆڕشێکی نوێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەر هەڵبداتەوە؟**

**وەڵام**: دەبێ پرسی کورد لە رۆژهەڵات بە شێوازی جۆراوجۆربەرەوپێش بچێت، هەم خەڵک بە شێوازەکانی خۆیان لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرن کە بۆیان دێتە پێش و هەم حزبە رۆژهەڵاتییەکانیش دەبێ سەرنجی جیهان بۆلای رۆژهەڵاتی کوردستان رابکێشن و دەبێ پاڵەپەستۆ بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران لەوەی کە ناتوانێ چیتر خەڵک لەژێر سەرکوتکردن و بێمافیدا بهێڵێتەوە. بۆیە پێموایە هاوکاری لە ئاستی حزبەکانی رۆژهەڵاتدا پێویستە و بوونی تێکۆشەرانی هەموو حزبەکان لەناوخۆی رۆژهەڵات و لەناو خەڵکدا بە پێویستی دەبینم و دەبێ پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان خەڵک لەناوخۆ و حزب و رێکخراوە سیاسییەکاندا درووست ببێت و سەردەمێکی تازەتر لەناوخۆ دەستپێبکات و وا نەبێ پرسی هەموو بەشەکانی کوردستان لە رۆژەڤدا بێت بەڵام دەرگا لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان دابخرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٧ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڕووداوەکانی ئەم دوایانە لە خوێندنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتتەوەرانەدا

لە یەک مانگی ڕابردوو دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەد و گۆڕەپانی کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسیی جێی هەڵوێستە لە سەرکردن بوو. خۆپێشاندانی ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕی خەڵکی مەهابادو، هەژانی سیاسیو ڕەوانیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەم ڕاسانە جەماوەرییەوە، یەک لەو ڕووداوانە بوو. دووهەم ڕووداو، بەڕێوەچوونی ئەو زنجیرە ڕێوڕەسمو بەرنامەیە بوو کە لە ژێرناوی "کۆنگرەی پێشمەرگە موسوڵمانەکان" لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە کرماشانو پاوەو سنەو چەند شاری دیکەی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوون. ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی دیکە بریتی بوون لە ٣- جووڵەی پێشمەرگەکانی هەر دوو حیزبی دیموکرات بەرەوە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کە تێکهەڵچوونی نێوان گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە دوا دا هاتو، ٤- بڵاوبوونەوەی نامەی سەرئاوەڵای دەیان چالاکی سیاسیو میدیایی ڕوو بە هیزەکانی ڕۆژهەڵات کە لەودا پێویستیی پێکهاتنی هەر چی زووتری بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەبیر هێناوەتەوە.

ئەگەرچی ئەمانە ٤ ڕووداوی بە تەواوی جیاواز بوون، بەڵام هەر کامیان هەڵگری پەیام یا کۆمەڵە پەیامێکن کە دەکرێ هەر هەموویان لە ژێر یەک میچو بە سوود وەرگرتن لە یەک قامووس بخوێندرێنەوە. ناوی ئەم میچە یا ئەم قامووسە ڕۆژهەڵاتتەوەرییە.

خۆپێشاندانەکەی مەهاباد سەلماندییەوە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی کەڵەکەبوونی ئاسەوارەکانی بێبەشیو سەرکوتێکی درێژخایەنو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر، هەمووکات ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ لە گەڵ پەیدابوونی بیانووو دەرفەتێکی گونجاو، بە گڕ هێزو دامودەزگای سەرکوتدا بچێتەوە، بەڵام لە نەبوونی یەک گوتارو یەک هەڵوێستی وهاوکاریی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتو لاوازبوونی لێکتێگەیشتنی ئەکتەرانی نێوخۆو دەرەوەی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم جۆرە ڕووداوانە، ناتوانن ببن بە ماکەی هێنانە سەر شەقامی خەڵک لە شارەکانی دیکەو لە جیاتی بە خێر بە سەر چارەنووسی ئەم بەشەی کوردستان دا بشکێنەوە، دەبن بە هەوێنی سەرکوتی زیاتربێ ئەوەی دەسکەوتێیان لێ بکەوێتەوە.

ڕێژیمی ئێران، لە سۆنگەی پێوەندیی گەرمو "تایبەت" لە گەڵ هێزە سەرەکییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو بوونی لە نێو ڕووداوەکانیاندا، خۆی بە دۆستو پشتیوانی کورد لە ناوچەکە دەناسێنێو، هاوپەیمانەکانیشی شایەدی بۆ ئەم

دۆستو پشتیوانبوونەی دەدەن! ئەم ڕێژیمە بۆ زیاتر لە ١٠میلیۆن کورد لە وڵاتەکەی خۆی، تەنانەت ئەو مافانەشی بە ڕەسمی نەناسیوە کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی بەعس بۆ کورد لە عێراقی بە ڕەسمیی ناسیبوون. ئەمەش لە کاتێک دایە کە پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتانی دراوسێیدا چووەتە ئاستێکی بانتر. کۆماری ئیسلامی لە جیاتی بە جێ نەمان لە وڵاتانی دەوروبەرو گەڕان بە دوای چارەسەرێک بۆ پرسی کورد لە ئێرانداو ملدان بۆ بەڕەسمی ناسینی مافەکانی نەتەوەی کورد، گەڕاوەتەوە سەر نمایشدانی جاشەتیی کۆمەڵێک کوردی خۆفرۆشو ڕێزگرتن لە تاوانەکانیان بەرامبەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان لە درێژایی٣٥ ساڵی ڕابردوودا! بەم جۆرە ئەو ڕێژیمە پێ لە سەر هەمان پەیامو سیاسەت دادەگرێتەوە کە تا ئێستا بوویەتیو هێڵێکی راستو چەپ بە سەر هەموو ڕێگایەکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پرسی ڕەوای کورد لە ئێراندا دێنێ. کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە ئەم پەیامە وەربگرێ.

دوو دەیە خۆپاراستنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حوزوور لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتو هەرێمی کوردستانو، دووری کردنیان لە چالاکیی بەردەوامو جیددی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە هۆیەکانی بەجێمانی بزووتنەوەی کوردو لە ڕۆژەڤدانەبوونی پرسی کورد لەم بەشەدا بووە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەستکردن بەم ڕاستییە لە ساڵانی ڕابردوودا،هێندێک حەرەکەتی کرد کە هیواو هومێد خوڵقێن بوون. ئەمە بووە بە هۆی ئەوە پێویستیی بوون لە سەر سنوورەکانو چالاکبوونەوە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات، لە لایەن هێزەکانی دیکەشەوە هەنگاوی بۆ بنرێ. تێکهەڵچوونی چەکدارانەی گریلاکانی پ.ک.ک لە گەڵ پێشمەرگەکانی حدکا، ئەو پەیامەی لێ خوێندرایەوە کە حوزوور لە سەر سنوورەکانو چالاکبوونەوە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، کە مافی بێئەملاوئەولای تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتە، دەتوانێ بکێشێتە تەنانەت تێکهەڵچوونی چەکدارانەش لە گەڵ هێزێکی وەک پ.ک.ک. بەڵام حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە بێ یەکگرتوویی نێوان خۆیانو بێ هاوکاریی لە گەڵ یەکتر، ئایا دەتوانن ئەم مافەی خۆیان ئەمڕۆ بە پارتی کرێکارانی کوردستانو سبەینێ بە هەرێمی کوردستان، بسەلمێنن؟

چوارەمین ڕووداوی ئەم یەک مانگەی ڕابردوو (وەبیرهێنانەوەی پێویستیی پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕووبەڕووکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ ئەم داوایە) هەوڵدانە بۆ چارەسەری کێشەیەکی گەورە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم ڕووداوانەی دواییو لە هەموو ڕووداوە گرنگەکانی پێشوودا لە گەڵیان بەرەورووو بووە. خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، بەوانەشەوە کە بە چالاکانی سیاسی، فەرهەنگیو مەدەنیی کورد لە نێوخۆدەژمێردرێن، لە بەر بارودۆخی نەخوازراوی خۆیان، چاویان لە هێزەسیاسییە دوورخراوەکانیانە کە ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی پرسی کورد لە ئێرانو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بقۆزنەوەو چی دیکە نەهێڵن پرسی کورد لەم بەشە لە گەمارۆی ئەمنیەتی- سیاسیی ڕێژیمی ئێرانو دۆستە هاوبەرژەوەندەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بمێنێتەوە. بەڵام ئەم چاوەڕوانییە بەجێ و

ڕەوایە، هەر وەک زۆر جاری دیکەش حیزبی دیموکراتی کوردستان  بە ڕاشکاوی باسی کردوە، وەدی نەهاتوە. چونکە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەم بەشە کە هیچکامیان بە تەنیا توانای ڕووبەڕووبوونەوەو مودیرییەتی گرفتو ڕووداو و کێشە گەورەکانیان نییە، بۆ پێکەوەبوونو هاوکاری لە گەڵ یەکتر لە ژێر چەتری بەرەیەک یا هەر ناوێکی دیکەش، ئامادەییەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەداوە.

ئێستا و دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایانە، جارێکی دیکە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە کەشوهەوایەکی بارگاوی بە هیواو ئیرادەی هەستانەوەی ڕۆژهەڵات، بەرەوڕووی پرسیارە هەمیشەییەکە بوونەتەوە. ئەرێ هەر لەم پەرشوبڵاوییە خۆویستانەیە دا دەمێننەوە کە بزووتنەوەی ئەم پارچەیە و خۆتانی "زەمینگیر" کردوە یا لە سەر بناغەی بەرژەوەندو داواو چاوەڕوانییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی سەرکوتکراو، گەمارۆدراوو بەجێماو، یەک دەگرن بۆ ئەوەی هیوای زیندووبوونەوەو هەستانەوە لە هەناوی ڕۆژهەلاتەکەتان دا بڕوێنن؟

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# قسەکانی قادر وریا لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهید مەنسوور ئاڕوەند

**خوشک و برایانی بەڕێز! هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

بەخێر بێن بۆ کۆڕی ڕێزگرتنو یادکردنەوەی تازەترین شەهیدی ڕێگای ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید مەنسووری ئاروەند.

وەک ئاگادارن ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو ٢٤ی جۆزەردان، کۆماری ئیسلامی، یەکێکی دیکە لە بەندییە سیاسیەکانی کورد، یەکێکی دیکە لە شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمانی - ئەمجارەیان لە بەندیخانەی میاندواو- ئیعدام کرد. وەک هەمیشەش بێ ئەوەی بیروڕای گشتی بزانێ، بێ ئەوەی ناوەندە خەبەرییەکان، بێ ئەوەی میدیاکان، بێ ئەوەی بنەماڵەکەی لێی ئاگادار بنو، دوای ئەوەی کە گیانی لە شەهید مەنسووری ئاروەند ئەستاند، ئەمجار پێوەندییان بە بنەماڵەکەیان گرتو گوتیان ڕۆڵەکەیان لێ ئیعدام کردوون.

لێرە کۆبوینیەوە تا ڕێز لە تێکۆشەرێک، لە قارەمانێک، لە هەڵسووڕاوێکی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرین کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، هەموو توانای خۆی بۆ نیشاندانی وەفاداری بە حیزبی دێموکرات، بۆ کارکردن لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تەرخان کرد.

بۆ ئەوانەی ئاگادار نین مەنسوور کێ بوو- ئەگەر چی بە بۆنەی موقاومەتی لە زینداندا، بە بۆنەی مەحکوومکرانی بە ئیعدام تا ڕادەیەکی زۆر بۆ بیروڕای گشتیو بۆ خەڵکی کوردستان ناسراو بوو، مەنسووری ئاروەند لاوێک بوو کە ساڵی ١٣٥٤ لە مەهاباد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا، لە دایک ببوو. خوێندنی تا دیپلۆم خوێندبوو، بە هۆی عەلاقەیەکی زۆری بە وەرزشو بە هۆی وەرزشکاربوونی، هەر وەها بەو هۆیەوە کە دەیهەویست لاوانی کوردستان لە جیاتی ڕووکردن لە ئیعتیاد، لە جیاتی ئەوەی کە لە داوی ئەو ئینحرافاتە کەون کە ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەرەیان پێ دەدا، بۆ ئەوەی ئەوان جەزبی فەعالیەتی سالمیان بکات، باشگایەکی وەرزشیی پێک هێنابوو. بە هۆی خۆشەویستیی خۆیو بە هۆی پێکهێنانی ئەو باشگایەوە، بە هۆی بایەخدانی بە پەروەردەی جەستەییو رۆحیی لاوان، خەڵکێکی زۆر لە لاوانی مەهاباد ڕوویان لە باشگاکەی کردبوو. ئەویش بە ئاگاهییەوە ئەو کارەی دەکرد، دەیویست لاوەکان لە باری

جەستەییەوە، لە باری ڕۆحیو لە باری فکرییەوە ئینسانێکی سالم بار بێنو خۆیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەیان تەرخان کەن نەک بکەونە داوی کۆماری ئیسلامیو پشت لە نەتەوەکەیان بکەن. هەر ئەمە بۆ خۆی کاربەدەستانی ئیتلاعاتو دامو دەزگاکانی ڕێژیمی ئێرانی لەوە نیگەران کردبوو کە کەسێک خاوەنی ئەو خۆشەویستییەو ئەو کەسایەتییە بێ، دەتوانێ خەڵکێکی ئاوا لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە.

زیاتر لە ١٠ ساڵ لەمەوبەر، لە سەرەتای هەشتاکانی هەتاوی، مەنسوور ئاروەند پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتو بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات. هەتا ئەوکاتەی گیرا ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات لە دەستی دەهات درێغی نەکرد. لەو ساڵانەی دوایی‌دا بە ڕادەیەک هەڵسووڕ بوو کە کۆمسیۆنی تەشکیلات پێشنیاری ئەوەی کردبوو وەکو کادرێکی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ بێ کە بە داخەوە گیراو ئیدی نەکرا یا نەیتوانی ئەوخزمەتانەی لە دەستی دێ ئەنجامیان بدا. ساڵی٩٠ گیرا، بەهاری ساڵی ٩١ حوکمی ئیعدامی درا، لەگەڵ ئەوەی کە حوکمی ئیعدامی درابوو لە زیندانیشدا نموونەی خۆڕاگری بوو، مایەی دڵگەرمیی زیندانیانی دیکە بوو، ئەوانەی کە لە گەڵی لە بەندا بوون دەزانن چ ئینسانێکی خۆڕاگر بوو، چۆن زیندانیەکانی دیکەی بۆ خۆڕاگری، بۆ سەردانەنواندن هان دەدا. لە حاڵێکدا کە حوکمی ئێعدامیشی درابوو بەردەوام خۆیو بنەماڵەکەی لە ژێر ئەزیەتو ئازاردا بوون، چونکە حازر نەبوو تەسلیمی ویستەکانیان بێ. زۆرجار بیانوویان پێ دەگرت، هەرجارەی لە زیندانێک ڕایان دەگرت. ساڵی ڕابردووش بە هۆی نفوورزو خۆشەویستییەک کە لە نێو بەندییەکاندا هەیبوو، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە مانگرتنی بەندییە سیاسیەکان لە ورمێ هەبوو، لەوانیان هەڵاوارد، هێنایەنەوە بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی لەناو زیندانییەکانی دیکەدا نەبێو نەتوانێ ئەو کاریگەریەی هەیەتی لە سەر ئەوان بینوێنێ. تەنانەت ئەوەشیان بڵاو کردەوە کە حوکمی ئێعدامەکەی دەرەجەیەک تەخفیف دراوە، بەڵام ئەو بۆخۆی زۆری باوەڕ بەوە نەبوو کە حوکمی ئیعدامی تەخفیف درابێت.

ئەوەندەی مەجالی پەیوەندیی بە خزمو کەسو بنەماڵەو دۆستانیەوە دەبوو، وەفاداریی خۆی بە حیزبەکەیو بە ئامەنجەکانی نیشان دەدایەوە. لە گەڵ ئەوەی دەزانین کەسێک کە لە زیندان دایە چاوەڕوانکراوە کە جمهوری ئیسلامی هەموو توانای خۆی بە کار بێنێ بۆ وەی شتی بە سەردا بسەپێنێ، بۆ ئەوەی بەشی ئەوەندەی ئیعترافی لێ وەرگرێ کە بە ناو دادگاکانی ئەو ڕێژیمە توندترین حوکمی لە سەر دەر بکەن. ئەوان کە ڕقێکی زۆریان لە مەنسوور هەبوو، هەموو هەوڵی خۆیان دا کە ئەوەندەی فشار بۆ بێنن، ئەوەندی ئێعتراف پێ بکەن یا بەڵگەی لێ بستێنن کە دوایە بیکەن بە سەنەدێک بۆئەوەی لە دادگادا حوکمی ئیعدامی پێ سادر بکەنو بەمجۆرە داخی خۆیانی پێ بڕێژن. بەڵام ئەو، چونکە ئامادە نەبوو دژی نەتەوەکەی خۆی ، دژی هاوڕێیانی خۆی بوەستێ، ئامادە نەبوو ئەو نهێنیانەی لە سینگیدا بوون بیاندرکێنێ، سەرەنجام داخی خۆیان پێی ڕشتو لە بنەماڵەکەیان، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە نەتەوەکەیانئەستاندو شەهیدیان کرد.

ئەوەندی دەگرێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی، ئێعدام شتێکی تازە نییە، ئێعدام لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا لە دایک بووەو پێشم وایە تا ئەو ڕێژیمە لە سەر کار بێ، درێژە بە ئیعدام دەدا، چونکە ئەو ڕێژیمە بناغەی دەسەڵاتی خۆی لە سەر دابین کردنی ڕەزامەندیی خەڵک دانەڕشتوە، ئەو ڕێژیمە دەیهەوێ بە هەر قیمەتێک بمێنێتەوە، جا ئەگەر ئەو قیمەتە ئیعدامی هەموو ڕۆژەی لاوان لە کوردوستانو لە سەرانسەری ئێران بێ، درێغی نەکردوە. ئیعدام بەشێکە لە هووییەتی جمهووری ئیسلامی، هەر بۆیەشە لە ئاستی دنیادا پلەی یەکەمی هەیە لە ئیعدامی لاواندا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەلیلی ماهییەتی دیکتاتۆرانەو دژی ئینسانیو کۆنەپەرستانەی لێی چاوەڕوان دەکرێ کە لە داهاتووشدا لاوان بە تایبەتی لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی ئیعدام بکا. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە سەر گەلی کورد وحیزبی دێموکرات، گەلی کورد لە یەکەم نەتەوەو یەکەم پێکهاتەکانی ئێرانە کە سەری بۆ کۆماری ئیسلامی دانەنواند، چونکە کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوو دان بە مافەکانی نەتەوەی کورددا بنێ ،»نا«ی بە کۆماری ئیسلامیی گوت. هەربۆیەش لەوەتا کۆماری ئیسلامی هەیە ئەوەی کە بەشی خەڵکی کوردستانە، سەرکوتە، هێرشی نیزامیە، هێرشی هەواییە، لە بەین بردنی ڕۆڵەکانیەتی چ لە سەنگەری برگری لە چیاکان چ لە نێو بەندیخانەکاندا. بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانیش گیانبازیو شەهادەتی ڕێبەران و تێکۆشەرانو ئەندامانی، شتێکی تازە نییە. ئێمە دەزانین دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات پێشەوا قازی محەمەد، دەگەڵ ئەبولقاسمی سەدری قازیو حەمە حسەین خانی سەیفی قازی و بەدوای ئەواندا فەیزوڵلا بەگییەکانی سەقزو بۆکان کە لە تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان بوون، لە لایەن ڕژیمی شایەتییەوە ئیعدام کران. کە وابوو لە ڕۆژی ئەوەڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە ئێعدامی تێکۆشەرانو ڕێبەرانی بوتە بەشێک لە نەریتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەوەتا کۆماری ئیسلامییش لە سەرکارە هەرئاوا بە چاو خشاندنێک دەتوانین بڵێین سەدان تێکۆشەری حیزبی دێموکرات، سەدان کادرو پێشمەرگە، سەدان ئەندامو دۆستو دڵسۆزی حیزبی دێموکرات، هەر بە دەلیلی ئەوەی کە پشتیوانییان لەم حیزبە کردوە، بە دەلیلی ئەوەی کە لە پێناو ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا تێکۆشاون کەوتوونە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیو گیانیان لە دەست داوە. کسانی وەک کاک کەماڵی دەباغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیمان لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا ئیعدام کراوە، کەسی وەک کاک تەهای حەق تەلەب، کەسانێک کە مەسئولی کۆمیتە شارستان بوون وەک کاک مەنسوور حەقپوور، کەسانێک کە کادری تەشکیلاتیی ئەو حیزبە بوون وەک کاک خالید خورشیدی، وەک کاک ڕەشاد حوسەینی، کەسانێک کە ئەندامی سادەی ئەو حیزبە بوون، ئەندامی یەکیەتیی لاوان بوون، وەک ئەوانەی من لە بیرم بن کاک ڕەزای کەریمی، کاک خالیدی شاتریو هتد، یانی هەرئاوا هەرکامێکمان ناوی چەندین تێکۆشەرو ئەندامو لایەنگرو دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان لە بیرە کە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە هۆی موقاومەتیان، بەهۆی وەفاداری بە نەتەوەکەیان، بە تاوانی ئەوەی کە دڵسۆزی میللەتی خۆیان بوونو بۆ ئامانجەکانی میللەتی خۆیان تێکۆشاون، ئێعدام کراون. ئێستاش چاوەڕوانکراو بوو کە کەسێکی وەک کاک مەنسوور ئاروەند کە گوتم هەڵسووڕاوێکی ڕێکو پێک، دڵسۆزو نەترسی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئامادە بوو سەرو گیانو ماڵی لە پێناو حیزبی دێموکراتدا ببەخشێ، بەهۆی ئەو

خزمەتانەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردبوو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام بکرێ.

ئێمە هیواداریــن کە بەندیە سیاسیەکانی دیکە کە لە زینــدانی کۆماری ئیسلامیدان چ کوردو چ غەیرە کــورد، چ سەربە حیزبی دێموکرات بن یا سەر بە حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە، ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن، چی دیکە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لێ نەستێندرێ. بەڵام هەر ئێستا بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لە تێکۆشەرانی سیاسی بەتایبەتی تێکۆشەرانی کورد، بە درفەتیشی دەزانم کە بڵێم بەڕابردووترین تێکۆشەران، بەندییە سیاسیەکانی ئێران، ئەوانەن کە سەر بە حیزبی دێموکراتن. ئێمە لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا تێکۆشەری وەک عوسمانی مستەفاپوورمان هەیە کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووو ساڵی ٧٠ بە دیل گیرا، تا ئێستا لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامیە، تا ئێستا بۆ سەردانێکی کورتی بنەماڵەکەشی لە زیندان نەهاتووەتە دەر. کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکەمان هەن کە ساڵی ١٣٧٥ کاک والی دروودی، کاک عومەری ئیمامی، کاک محەمەدی موڕادی، کاک عەلی ساڵحی، ئەمانە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون. ساڵی ١٣٧٥ پێکەوە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووداوێکدا گیران، تا ئێستا لە زیندانی یەزد لە بەندیخانەدان، تازە ئەمساڵ دوانیان توانیان پاش ئەو هەموو نەخۆشییە، پاش ئەوەی کە ئەندامانی بنەماڵەکانیان لە دەستدا، بۆ چەند ڕۆژێک ئیجازەیان پێدرا کە سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن. کەسی وەک کاک کەماڵی شەریفیمان ئیستا لە زیندان دایەو بە زیندانی ئەبەد مەحکووم بووەو هێشتا کەمترین حوقووقی زیندانییەکی سیاسیی نیە. دیارە زۆر کەسی دیکەشمان هەن کە لێرە دا مەجال نیە ناوی هەمووانیان بێنم. لەم ڕووەوە ناوی ئەوانەشم هێنا چونکە بە داخەوە زۆر لە میدیاکانو تەنانەت ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زۆر لە تێکۆشەرانو چالاکانی مەدەنیو زۆر لایەن خۆ لە ناوهێنانی ئەوانە دەبوێرن بۆ؟ چونکە پێشمەرگە بوون. لێرە من بە دەرفەتی دەزانم بڵێم ئەوانەی کە پێیان وایە کەسێک کە پێشمەرگە بوو، کەسێک کە بۆ بردنە پێشی خەباتی میللەتەکەی، بۆ ئازادیی میللەتەکەی دەستی داوەتە چەک، ئەگەر کەوتە بەند، ئەگەر ئیعدام کرا، نابێ دیفاعی لێ بکەی، لە هەڵە دان. سەیرە ڕێژیمێک بە هەموو ئیمکاناتی سەرکوتی خۆیەوە دێت خەڵکەکەی ئێمە قەڵاچۆ دەکا، خەڵک ئیعدام دەکا، دێهاتەکەیان وێران دەکا، بە هەزاران کەسی لە خەڵکی کوردستان کوشتوە، ئەم داموو دەزگانە بۆیان هەیە بێن بە فڕۆکە، بە تانکو تۆپ، بە هەرچی وەسیلەی سەرکوتە، بێن خەڵک بکوژن، بەڵام کەسێک کە بۆ دیفاع لە میللەتەکەی نەک لە بەرئەوەی نەخۆشیی ئینسانکوشتنی هەیە، چەکی هەڵگرتوە، هاتوە دیفاع لە ئازادی بکا، دیفاع لە میللەتەکەی بکا، ئەگەر ڕۆژێک بە بریینداری بە دیل گیرا، نابێ دیفاعی لێ بکرێ؟!

بە بڕوای من شەریفترین ئینسانەکان، سەربەرزترین خەباتکاران ئەوانەن کە بە چەک دیفاع لە میللەتەکەی خۆیان دەکەن، چونکە ناچار کراون کە چەک هەڵبگرن. کە وابوو زۆر بێ مانایە ئەگەر زۆر کەس خۆ دەبوێرێ لەوەی باسی ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی کورد بکا کە بە چەک ویستویانە دیفاع لە میللەتەکەیان بکەن. پارێزگاری لە نەتەوەیەک، لە خەباتی

ئازادیخوازانە، بەرەو پێشبردنی ئامانجی بەرزو ئینسانی بە چەک، شتێکی زۆر ڕەوایە، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە خەڵک حەقی نیە حیزبی خۆی پێک بێنێ، حەقی نیە نوێنەری خۆی بنێرێتە پارلەمان، حەقی نیە خەباتی خەیابانی بکا، حەقی نیە خۆپێشاندان بکا. بۆیە لێرە بە دەرفەتی دەزانم بڵێم ئێمە وەکوو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە تێکۆشەرانێکیان بە دەلیلی پارێزگاریی چەکدارانە لە نەتەوەکەیان کەوتووتە بەندیخانە، ئەم قسانە دەگەڵ حیزبو ڕێکخراوەکانی ئێرانی، دەگەڵ میدیاکان، دەگەڵ ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بکەین کە ئەمە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە لە لایەن ئەوانەوە کە ئەم بەشە لە بەندییە سیاسییەکانیان فەرامۆش کردوە. ئەوان تاوانێکیان نەکردوە بەڵکوو ڕێژیمێک کە مەجالی بۆ ئەوانو بۆ نەتەوەکەیانو بۆ حیزبو ڕێکخراوکانیان نەهێشتوەتەوە خەباتی سیاسیو دێموکراتیکو پارلمانیو هێمنانە بکەن، ئەو تاوانبارە. ڕەنگە بە نیسبەت مەنسووریشەوە ئەو ئیتیهامەی لێ بدرێ کە ویستوویەتی بە چەک، خەباتی نهێنی بەرەو پێش بەرێ. ئەوە بۆ هەر تێکۆشەرێک کە ڕێگای بەرەو پێشبردنی خەباتی پێ نادرێت، شتێکی ڕەوایە کە لە جێیەکی پێویستە، دەست بۆ چەک بەرێ، بەتایبەتی بەرامبەر کەسانێک کە دەستدرێژی دەکەنە سەر سەرماڵو ناموسی خەڵکو گیانیان، ئازادیان، کەرامەتیان، سڵامەتیان، حوقووقیان لە مەترسی دەخەن، بەرەنگاربوونەوە بە چەک بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانە کە هیچ شتێکی خەڵک ناپارێزن، کارێکی ڕەوایە.

بەڕێزان!

لێرە لە پێشدا سەرەخۆشی لە ئێوە دەکەم کە هاوسەنگەرێکتان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە گیانی لێ سێندرا. مەنسوور ئاروەند بە سەربەرزی چووە بن داری ئیعدامو شەهید بوو. چووە ڕیزی کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی گەلەکەمان. سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ماتەمباری بەڕێزی کاک مەنسوور دەکەم، هەم لەوبەشە لە بنەماڵەکەیان کە لە مەهابادن، لە دایکو باوکی، لە یەک یەکی ئەندامانی بنەماڵەکەی بە تایبەتی لە هاوسەرەکەی، لە جگەرگۆشەکانی، لە خوشک و براکانی و لەو بەشە لە بنەماڵەکەشیان کە لە دەرەوەی وڵاتنو لەوێش وەک چۆن ئێمە لێرە لە خەمیاندا دانیشتووین، هاوڕێیانی حیزبیمان لە گەڵیان هاوخەمنو لەم ماتەمەدا لە گەڵیان بەشدارن.

سپاسێکی بێ پایانیش بۆ خەڵکی مەهاباد کە لە ساتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی ئیعدامی مەنسووری ئاروەند لە بەردەرگای ماڵەکەیان کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی هاوخەمی بنوێنن. دیارە ئێوەش دەزانن کە ڕێژیم ئامادە نەبوو تەرمی شەهید مەنسووری ئاروەند بداتەوە بە بنەماڵەکەی، چونکە دەزانێ ئەو خەڵکەی کە مانگێک لەمەو پێش حەماسەیەکیان لە نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر کۆماری ئیسلامی خۆلقاند، ئەگەر تەرمی شەهیدێک کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە ئیعدام کراوە بدرێتەوە دەستیان، دەیکەنە موناسەبەتێک بۆ هاودەردی، بۆنیشاندانی یەکدەنگیی خۆیان، بۆ نیشاندانی بێزارییان لە

کۆماری ئیسلامی. دەدەزانن لە هەر جێیەک تەرمی شەهیدێک بە خاک بسپێردرێ لە لایەن خەڵکەوە دەبێتە جێگایەکی پیرۆزو خەڵک دەیکا بە ڕووگەی خۆی. بۆیە تەرمی ئەو شەهیدەش وەک شەهیدانی دیکە نەدرایەوە بنەماڵەکەی، مەعلوومیش نیە لە کوێ بە خاک دەسپێردرێ بەڵام وەک دایکی مەنسوور- لە ڕێگای کوڕەکەیەوە ئەوەم زانی - گوتوویەتی بۆ ئێمە گرنگ نیە تەرمی مەنسوورمان بدەنەوە یا نا، چونکە مەنسوور لە هەرجێگایەک بە خاک بسپێردرێ خاکی کوردستانە، ئەو خاکەیە کە مەنسوور گیانی لە پێناودا بەخشیوە.

لێرەوە سپاس بۆ ئەو خەڵکەش کە لەو بۆنەیەدا هاوخەمو پشتیوانی بنەماڵەی شەهید مەنسووری ئاروەند دەبن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە، هیچ قسەیەک، هیچ دەربڕینێک ناتوانێ بۆ مناڵەکانی شەهید مەنسوور، جێگای باوکیانو بۆ هاوسەرەکەی، جێگای مێردەکەیو بۆ بنەماڵەکەی،جیگای ئەندامێکی بنەماڵەکەیان پڕکاتەوە. بەڵام شتێک کە دەتوانێ دڵی ئەوان خۆشکا ئەوەیە کە ئێمە بە بیرو باوەڕەوە بە لێبڕاوییەوە ڕێگای شەهیدەکانمان، ڕێگای شەهید مەنسووری ئاروەند، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکراتو گەلی کورد درێژە بدەین. ئەو ئامانجانەی کە ئەو و شەهیدانی دیکە گیانیان لە پێناویدا بەخشیوە وەدییان بێنین، ئەو ئاڵایەی کە مەنسوور لە گەڵ هاوڕێیانی لە نێو شاری مەهاباد لە هەلومەرجێکی سەختدا بەرزو شەکاوەی ڕاگرتبووو خەباتی بۆ دەکرد، ئەو ئاڵایە، ئاڵای خەباتو تێکۆشان تا وەدیهێنانی ئازادی بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕابگرین.

سەربەرزی بۆ شەهید مەنسوور، سەربەرزی بۆ بنەماڵەکەی و بۆ هەموو ئەوانەی کە وەک شەهید مەنسوور گیانیان لە پێناوی نەتەوەکەیانو ئامانجە بەرزەکانیان دەبەخشن.

لە ژمارە ٦٥٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٥

# کیمیابارانی سەردەشت لە نێوان تاوانی ڕێژیمی بەعس و کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران دا

٢٨ساڵ لەمەوبەر لەمڕۆ دا، ڕێژیمی بەعسی گۆڕکراو، تاوانێکی گەورەی دیکەی لە دژی نەتەوەکەمان خولقاند. شاری سەردەشتی کرد بە ئامانجی فڕۆکە شەڕکەرەکانی و بۆمبی کیمیایی بە سەردا باراندن. تا ئێستاش ئەم پرسیارە بێ وڵامە خەڵکی سڤیل و تەنانەت زۆرلێکراو و بێبەشی شارێک، کە بۆ خۆیان لە گەڵ ڕێژیمی دەسەلاتداری وڵاتەکەیان لە خەبات و بەربەرەکانێ دابوون، بۆ چی لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق و ئەویش بە بۆمبی کیمیایی هێرشیان کرایە سەر؟

شاری سەردەشت یەکەم شار یا لەو یەکەم شارانەیە کە کەوتنە بەر بۆمبارانی کیمیایی. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەو لە ڕۆژانی دواتر دا، سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان کوژرانو بریندار بوون. بەڵام مردن و ئازارو تلانەوە بە دەست شوێنەوارەکانی ئەم بۆردومانە کیمیاییە، دەستهەڵگری خەڵکی ئەو شارە نەبووە. لەو کاتەوە هەتا ئیستا، کەم ساڵو تەنانەت کەم مانگ هەیە یەک یا چەند کەس لە بریندارانی بۆمبارانی کیمیایی سەردەشت گیانیان لە دەست نەدەن. هەتا ئێستاش بە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە هەر وا لە گەڵ شوێنەوارەکانی ئەم بۆمبارانە دەستو پەنجە نەرم دەکەن. جەستەیان، دەروونیان هەموو ڕۆژێ و هەموو ساتەکان لە گەڵ ئیش و ئازار لە بەربەرکانی دایە. لە هەمووی ئەوانەش تاڵتر ئەوەیە کە خەڵکی ئەم شارە، هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوون لە گەڵ ئەم هێرشە کۆمەڵکوژییە، لە گەڵ کەمتەرخەمیو بێتەفاوەتیی ڕێژیمی دەسەلاتداری ئێران بەرەورووو بوون و هەتا ئێستاش هەر بۆ خۆیان مشوورخۆری خۆیانن.

سەردەشت بە هەزاران زیان پێگەیشتووی بۆمبارانی کیمیایی هەیە، سەدان بنەماڵە هەن کە ئەندامێک یا چەند ئەندامی بنەماڵەکەیان بە هۆی ئەو ڕووداوە گیانیان لە دەست داوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەی قوربانییەکان و بۆ پێڕاگەیشتن بە برینداران و زیانپێگەیشتوانی ئەم بۆمبارانە چی کردوە؟ چەند نەخۆشخانە و ئاسایشگای تایبەتی لەو شارە دامەزراندوە؟ چەند بنکەی دەرمانی و ناوەندی تایبەتی بۆ پێڕاگەیشتن و چاوەدێری کردنی بریندارەکان و زیانپێگەیشتووان لە سەردەشت پێک هێناوە؟ کام هاوکاریی ماڵیی ئەو بنەمالانە و ئەو کەسانە دەکا کە تا ئیستاش بە دەست ئاسەوارەکانی ئەو بۆمبارانە دەناڵێنن؟ بۆ قەرەبووی کارەساتێک کە ئەم شارە لە سۆنگەی شەڕی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ ڕێژیمی سەددام حوسێن بەسەری هات، چ هەنگاوێکی ناوە؟ ئایا خانووبەرەی بۆ قوربانییەکان دابین کردوە؟ لە ماوەی ئەم ٢٨ ساڵە دا، پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی تایبەتی بۆ ئەم شارە تەرخان کردوە بۆ ئەوەی لاوەکان بێکار نەبن و

بتوانن بژیوی بنەماڵە بەلاڵێدراوەکانیان پەیدا بکەن؟ ئەم ڕێژیمە چ جیاوازییەکی لە نێوان سەردەشتی دەستەخوشکی هێرۆشیماوناکازاکیو هەڵەبجە لە گەڵ شارەکانی دیکەی ئێران داناوە تا بزانین ئاوردانەوەیەکی تایبەتی بە نیسبەت ئەو شارە هەبووە؟ بە داخەوە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە نایە؟سەردەشت سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەی بە سەری هاتوە، لە گەڵ ئەوەی پێویستی بە ئاوڕدانەوەی تایبەت لە هەموو بوارەکان دا هەبوو، لە لایەن ڕێژیمی دەسلاتداری ئێرانەوە پستگوێ خراوە؟ دەسەلاتداران و کاربەدەستان تەنانەت لەوەش ڕێگر بوون کە خەڵکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات یا خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ئازادی و بەو جۆرەی لێیان چاوەروان دەکرێ هاوپیوەندیو هاوکاریی خۆیان لە گەڵ دانیشتوانی ئەم شارە بنوێنن.

لە ٢٨ ساڵەی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت دا، وێڕای موحکوومکردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئەو شارە لە لایەن ڕێژیمی گۆڕکراوی بەعسەوە، جارێکی دیکە لە گەڵ خەڵکی ئازادیخوازو خەڵکی نیشتمانپەروەری سەردەشت هاودەردیی خۆمان دووپات دەکەینەوە. جارێکی دیکە بێتەفاوەتی و کەمتەرخەمیی مانااداری دەسەلاتدارانو کاربەدەستان لە ئاست خەڵکی ئەو شارە مەحکووم دەکەین. بۆ جارێکی دیکە ڕووی چاوەروانی و داوامان دەکەینە هەموو خەڵکی کوردستان کە وەک هەمیشە لە گەڵ سەردەشتو خەم و ئازارەکانی دابن.

سڵاو لە شەهیدانی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشتو

بە هیوای سووک بوونی ئازارو مەینەتییەکانی زیانپێگەیشتوان و بنەماڵەی قوربانییەکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٥

# بۆ پووشپەڕی خوێناوی و کۆترە زامدارەکەی ڤییەن

بە شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد، ڕێبەرێکی بێوێنە و بزووتنەوەی دێمۆکراتیک و شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەشمان سیما و شەخسییەتێکی زۆر بە وەجیان لە دەست دا. دوکتور قاسملوو بە ڕێبەری کردنی مامۆستایانە و سەرکەوتووانەی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان و، بەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە نزیک کردنەوەی هێز و شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەیبوو، هەر وەها بەو خزمەتانەی کە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆعدی ناوچەیی و جیهانیی شەخسییەتی سیاسی و زانستی و خەباتگێڕانەی خۆی، بە ناساندن و بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و خەباتی گەلانی وڵاتەکەی دژی ڕێژیمی ئینسانکوژ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردبوون، هەم بۆ قوتابیان و هاوسەنگەرانی، هەم بۆ نەتەوەکەی و گەلانی وڵاتەکەی، ببوو بە سەرچاوەی هیوا و هومێد پێ بەستن. بۆیە سروشتی بوو کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی سەرەکی و دڵڕەشی گەلی کورد، بۆ لە نێو بردنی بە توندی لە هەوڵ دابێ و پەنا بباتە بەر دزێوترین شێوەی لە نێو بردن کە تیرۆریزمە و ناجوانمێرانەترین و بێئەخلاقانەترین نەخشە و پیلانەکان بۆ لە داوخستن و شەهید کردنی، یانی کوشتنی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی، هەڵ ببژێرێ.

ئینسانە گەورەکان هەر لە ژیان دا گەورە نین، لە مردنیش دا گەورەن. ئەوان ئەگەر لە ژیان دا، خزمەتی گەورە و لەبیرنەکراویان لە دەست دێ و شوێنەواری قووڵ لە سەر ژیان و خەباتی میللەتان و وڵاتانی خۆیان دادەنێن، بە مردنیشیان میللەتێک و وڵاتێک دەهەژێنن و بە میلیۆن ئینسان دەبەنە نێو خەم و ماتەم. بۆ مەرگی قاسملووی ڕێبەر و گەورە مامۆستاشمان " هەزاران پێشمەرگە، دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەی و سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەی و بە میلیۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی غەمیان بە سەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند ". ئەو شەهید بوونەکەشی خزمەتی گەورەی بە ناساندنی کێشەی نەتەوەکەی کرد و سەرنجی جیهانی یەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بێ وێنە بۆ لای ژێر دەستی و بێ بەشیی گەلی کورد ڕاکێشا و شەپۆلێکی بەرینی هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردی لە دنیادا وەڕێ خست.

٢٦ ساڵ لە کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی ڕابردوە. ئەگەر کەسانی دیکە بە تێپەڕینی زەمان، بەرەبەرە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ و لە بیر دەچنەوە، ئەم ڕێبەرە مەزنە، ناوی، یادی و ڕێبازەکەی هەروا لە گەشانەوە و پڕشنگدانەوە دان. خەمی لە دەستچوونیشی سەرەڕای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زەمانی یە، لە دڵی ئەویندارانی ڕێبازەکەی و ئۆگرانی شەخسییەتە مەزنەکەی دا، نەک هەر کۆن نەبووە، زوو زوو نوێ دەبێتەوە. ئەو هەلومەرجە لەبار و نوێ یەی بە

دوای مەرگی دوکتور قاسملوو لە ناوچە و جیهان دا بۆ کێشەی کورد هاتە کایەوە و ئەو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە پێوەندی لە گەڵ گەلی کورد دا پێک هاتوون، ئەوانە و هەموو دەرەتانێکی باش کە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی مەسەلەی کورد رەخساون، ئێمە و هەموو دڵسۆزێکی کوردیان خستۆتەوە یادی دوکتور قاسملوو و خاڵی بوونی جێگاکەی.

بەو حاڵەش، دەتوانین جارێکی دیکە بە دڵنیایی و شانازی یەوە رووی قسەمان بکەینە ئەو رێبەرە مەزنە و پێی بڵێین بە ئاسوودەیی بنوو. " لاشت کە سەر دەنێتەوە بیرت هەر دەتەنێتەوە " *. رێبازت بەردەوامە و رێگات بەر قەرار. قوتابیان و هاوسەنگەرانت بەری رەنجی چەندین ساڵەت بە فیرۆ نادەن. رێنوێنی و ئامۆژگاری و نەریتە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانت لە بیر نابەنەوە. ئەوان بە ئامانجەکانت وەفادارن و لە ناو و یادی بەرزت، لە خەباتی چەندین ساڵەی پیرۆزت و لە شەخسییەتی مێژووییت هەروا ئیلهام وەردەگرن. رێبوارانی رێگاکەت و ئۆگرانی رێبازەکەت هەر وەک سروشتی خۆت بوو، بە گەشبینی یەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتی گەلەکەیان و، خۆشحاڵن کە لە بیرەوەریی شەهید بوونت دا، مزگێنیت پێ بدەن، ئەو رۆژەی بە ئاواتت دەخواست نزیک بۆتەوە. ئێستا کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەکەت، لە دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی وبێ مافی هاتوونە مەیدان و بە بەرز کردنەوەی دەنگی بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، بناخەکانی رێژیمێک کە دەستی بە خوێنی تۆ و دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی دیکەی ئێران سوورە، وەلەرزین خستوە.

نەمری و هەزاران سلاو بۆ یادت و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ رێبازە پیرۆز و پڕشانازی یەکەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## «کوردستانم برینێکە...واز لەو برینەم بهێنن»

کە خەمێکی گەورەی سەرچاوەگرتوو لە کارەساتێکی نەتەوەیی دەبێتە میوانم، کە ژانی نووسینێک بۆ ماتەمی مەرگی بە کۆمەڵی لاوانی نەتەوەکەم دەمگرێ، کە دەمەوێ شتێک بڵێم شایانی ڕووداوێک بێ کە هەژاندوومی، دەگەڕێم بۆ وشەیەک، دەستەواژەیەک، دێڕێک، دەقێک، قسەی دڵی خۆمی پێ بەیان کەم هەستی خۆمی پێ دەربڕم، تووڕەیی خۆمی پێ وێنا کەم. لە نێو شوێنەواری بە جێماوی هەرچی خوێندوومەوە، هەرچی بیستوومەو دیتوومە، دەگەڕێم، لە پاشخانی هەژارانەو کۆڵەواری فکریو ئەدەبیی خۆمدا، گەشتیک دەکەم، چەرخێک دەخۆم، جاری وایە زایەڵەی دێڕە شێعرێک بە دەنگی گۆرانیبیژێک، سروودخوێنێک، یا ڕستەیەک لە وتەی ئەکتەری ڕۆمانێک، فیلمێک، فریام دەکەوێ. ئەمشەویش کە دەمەویست هەر خۆم بەو خەمی هەڵوەرینی هەموو گوڵەکانی باخچەیەک، هەر خۆم بەم وجەخاری بێشەلانێکی دروێنەکراو، هەر خۆم بەو ئازاری ڕامان لە دیمەنی گۆڕەپانێک پڕ لە لاشەی لەتوپەتبووی لاوانی ئەم کوردستانە خوێناوییەم، دەقێکی شێعریی مامۆستا شێرکۆ بیکەس فریام کەوتەوە:

«کوردستانم برینێکە، برین لقی داربەڕووە
واز لەو برینەم بهێنن،
لێی گەڕێن با پەل و پۆی سووری بهاوێ و
سێبەر بۆ ئازادی بکا،
من هەر چاوی دارستانی گڕ تێبەربووی خۆم شک ئەبەم ئێشکم بگرێ.
من هەر خوێنی لەبەر ڕۆیشتووی ئەم شاخانەی خۆم شک ئەبەم
هەڵ بستێت و پێشم کەوێ.
واز لەو برینەم بهێنن،
زریان شەوەو قیبلە نمای ملم مۆمە،
بایەوانی ئەو کەشتییەش
هەر چارۆکەی سەری خۆمە.
هەر خۆم
هەر خۆم،

من خوا نیم و لەوەتەی هەم هەر تەنیام و
کوردستانیش باوەشی عەشقی دایکێکە
وەکوو مێژوو سک سووتاوە و
چاوەڕێمە...»

**

ئەو سەدان لاوەی ڕۆژی شەممە ٢٠ی جولای رابردوو، لە شاری پرسووس، لە چاوتروکانێکدا بە گەرووی ئاگرو دووکەڵدا ڕۆیشتنو بوون بە خۆراکی مەرگ، لە شارە جۆراوجۆرەکانی باکووری کوردستانو وڵاتی تورکیەوە هاتبوون تا بە هانای شاری کۆبانێوە بچن. ئەوان کە لە بزەو قاقای دەمیاندا،کۆتری خەندەو، لە چاویاندا، ئەستێری پڕ لە ورشەی هیوا بەدی دەکرا، هەڵگری سروودی ئاوەدانی بوون، بەستەی ئاشتیو تەبایيو خۆشەویستیان دەچڕی، پەیامی ژیانو ژیانەوەیان پێ بوو. هاتبوون تا دەستیان تێکەڵی ئەو دەستانە بکەن کە دەیانەوێ شاری کۆبانێ، سەمبولی سەدەی ٢١ بۆ خۆڕاگری، لە سەر وێرانەکانی خۆی بنیات بنێنەوە. کۆبانێ، ئەو شارەی بە خۆڕاگرییە حەماسیو پڕشانازییەکەی دانیشتوانو پاریزەرانی بەرامبەرلەشکری مەرگ و تاریکی، لە شارێکی دەیان ساڵ پشتگوێخراوو فەرامۆشکراو، بوو بە ناودارترین شاری ئەم یەک ساڵەی رابردوو، نەک هەر هەستو سۆزی تاکی کورد لە هەموو بەشەکان، بەڵکوو ویژدانی لاوانی نەتەوەکانی دیکەشی جووڵاندوە. تێی گەیاندوون کە خۆڕاگریو شەڕی کۆبانێو کۆبانێپاریزان بەرامبەر سوپای جەهل و نەزانی، نەک شەڕی نەتەوەیەک بەڵکوو شەڕی بەشەرییەتە لە گەڵ خێوی تاریکیو تیرۆرو وێرانی. کۆبانێ کە ئەستێرە هەرە درەوشاوەکەی مێژووی نوێی خەباتو خۆڕاگریی نەتەوەی کوردە، لە دنیای بەگوندبووی سەردەمی بەجیهانیبوون دا، بوو بە هیمای سەرکەوتنی رووناکی بە سەر تاریکیدا، بوو بە سەمبولی بە چۆکداهێنانو تیکشکاندنی مەرگو دڕندەیيو وێرانی. هێمایەک کە بۆ ماوەی چەند مانگ ڕووناکیخوازانو مرۆڤدۆستان لە سەرانسەری جیهان ساتبەسات لە گەڵی دەژیانو شکانو سەرکەوتنەکەیان بە هی خۆیان دەزانی.

ڕقو وەحشەت لە ناوو ناوبانگی کۆبانێیە کە بووە بە هۆی بە حەڵاڵ زانینی کوشتنی بە کۆمەڵی ئەو کچو کوڕانەی بە دەم بانگەوازی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێیەوە چوو بوون؟ یان ترسو تۆقین لە ژیانەوەو بووژانەوەی کولتووری دەستوێکدانی مرۆڤەکان بێ لە بەرچاوگرتنی سنوورە نەتەوەیيو زمانییەکان لە پێناوی شەکاوە راگرتنی ئاڵای مرۆڤایەتیو دادپەروەریو پێکەوەبوونی بە ئاشتیدا؟

واز لەو برینەم بهێنن!

سەدان ساڵە مرختان لە قووتدانی ئەم نەتەوەیەو نیشتمانەکەی خۆش کردوە. سەدان ساڵە بە ناوی دین، بە ناوی

شارستانەتی، دژایەتی و دوژمنیی زمانەکەی، مێژووەکەیو کولتوورەکەی دەکەن. سەدان ساڵە کارەسات بە دوای کارەسات بە سەر دانیشتوانی ئەم خاکە دەهێنن، سەدان ساڵە دەمتان ناوەتە نێو خوێنمان، هەر ماوینو نەشکاوین وبەرامبەرتان ڕاوەستاوین. دە سەری خۆتان هەڵگرنو بڕۆنەوە بۆ ئەو جەهەننەمەی لێی هاتوون:

«واز لەو برینەم بهێنن،
لێی گەڕێن با پەل و پۆی سووری بهاوێو
سێبەر بۆ ئازادی بکا.»

له ژماره ٦٦٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## «خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن»

لە وتووێژێکی تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

***ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردوە بە ئامانجی خەباتی ٧٠ ساڵەی خۆی. ئایا درێژ بوونەوەی ئەم خەباتە، نیشانەی نادروستبوونی ئەم ئامانجە نیە؟***

**قادر وریا**: درێژبوونەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ جۆر بە مانای نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکەی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی‌و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون، مافێکی ڕەواو ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم ئامانجەو ئەم مافەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکی نییە، بەڵکوو بە مافیکی بێ ئەملاو ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێ. نە شتێکی ناڕەوای تێدایەو نە زێدەڕۆیی. کەوایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەرو دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورت دا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوەو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

**ئارەش لۆرستانی: گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧ دەیە، هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، چین؟ دەتوانی بە کورت باسیان بکەی؟**

**قادر وریا**: بە بڕوای من هۆیەکان ئەمانەن:

**یەکەم**. پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی‌و دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم گەلەش وەک

گەلانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ.

**دووهەم**. پابەندبوون بە ریسالەتو ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە رزگار کردنی ئەو گەلە لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم**. وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبە داو هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبەو لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبە دا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەباتو بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانیو تێچووە زۆرەی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد داویانە.

**چوارەم**: درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەو خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

**ئارەش لۆرستانی: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا) دا کامانەن؟**

**قادر وریا**: بەرگری چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلەو پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانە دا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانە دا ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلەو پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی‌و خەڵکدۆستی‌و فیداکاری‌و ڕێزدانان بۆ خەڵکو بوونی ڕەوشتی بەرزو هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندیانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغو سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەم، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بکەم بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لە سەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا. هەر وەها لە ڕووی چاوەڕوانییەکانیان لە حیزبو بزووتنەوەو ڕادەو ئاستی فیداکاری‌و خۆ تەرخانکردنیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و بۆ حیزب. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆمار دا، هێزێکی تەواو



سەرچاوە Serchawe

پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکووزیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لە ژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیان دا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزم دابووە. بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم خەڵکی لادێیان زۆر تێدابووە هەم خەڵکی شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگە دا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێ‌و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستەو چەکیش کە لەو سەردەمە دا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان. جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆ پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوو دا دەیبینم، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئێستا، پشوودرێژترو خۆڕاگرتر بوون، لە گەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچوون دابوون، پتر لە گەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوون‌و هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرت‌و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگە دا دەمانەوە.

**ئارەش لۆرستانی: لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئایا حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا ڕیفۆرمخواز؟**

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغو سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی‌و کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان دا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناوبەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆرو شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبە دا داسەپاون ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دیموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لە گەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە رووی داخوازی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە جیاتی

ڕەتکـردنەوەو دژایەتیکردنـی، هەوڵـی داوە هەم ڕەخـنەی لـێ بگرێ هەم خەڵـک بـۆ بەشـداری تیـداکردنو بەرەوپێشـبردنو ڕادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتو پیوەندییەکانی خۆی لە دوو بواری ئێرانیو کوردستانی (بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان) چۆن دادەڕێژێ و بەڕێوەیان دەبا؟**

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردوەتە پێشو هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بداو یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەو پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لە گەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لە گەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لە گەڵ گەلانی ئێران لەخەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا، هاوخەبات بێ.

**ئارەش لۆرستانی: بە سەرنجدان بەوە کە لە کوردستان پەیڕەوانی ئایینو ئایینزای جیاواز هەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چ میتۆدێک بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوەی کورد سوود وەردەگرێ؟**

**قادر وریا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چینو توێژێک یا لە هەر ئایینو ئایینزایەک بوون، بە هەر دیالێکتو زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بوون لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە دا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایینو ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوەو بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بڕوایە دایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەو دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە

دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج وداخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو هاوخەبات بن.

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیی بە ئەزموون، لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی دیموکراسیو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ خۆیو چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، دادەنێ؟**

**قادر وریا:** ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسیو، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆی دا لە گەڵ کەم و کووڕیو لاوازیی جۆراوجۆرو ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوەو لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەتو هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، درێغ نەکردن لە قوربانیدانو شێلگیربوون لە سەر خەباتو تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٠ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نیوکۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان جێ بەجێی کردوە.

دیارە ڕۆڵو ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدانو تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبەو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەرووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیان وابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دیموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەرو تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەباتو بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەرو ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوەو لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## لاوەکان، لە سەر ڕێگا و ڕێبازی خەباتکارانەی دایک و بابیان

هاوینی ساڵی ڕابردوو، کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکانی دانیشتووی ئوروپا کە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بۆ بەشداری لە خولێکی فێرکردنی حیزبی، هاتبوونەوە کوردستان. هاوینی ئەمساڵێش چەندین کچ و کوڕی بنەماڵەی تێکۆشەرانی حیزبی لە کوردستان کە ئەوانیش ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتن، لە خولێکی فێرکردن دا کە فێرگەی حیزب بۆی پێک هێنابوون بەشدار بوون. دیارە پێشتریش نموونەی لەو چەشنە هەبووە و کوڕان و کچانی بنەماڵە دێموکراتەکان، یەکەم جاریان نیە بەشداری خولەکانی فێرکردن و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبن.

لە هەر دوو خولی ئەم هاوینە و هاوینی ساڵی ڕابردوو دا شانسی ئەوەم هەبوو بابەتی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک وانە بەو لاوانە بڵێمەوە. نایشارمەوە کە هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کە فێرخوازان و قوتابییەکانم ئەو لاوانەن کە منداڵی بنەماڵە حیزبییەکانن. لەوانەیە لێم بپرسن هۆی ئەم خۆشحاڵی و ڕەزامەندییەم چ بوو؟

با بە ڕاشکاوی بڵێم من نە ئەوەندە دەمارگرژم کە پێم وابێ هەر کەس دایک و بابی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ، دەبێ بۆ خۆشی ببێتە ئەندامی ئەم حیزبەو، مافی ئەوەی نیە حیزبێکی دیکە و ڕێگا و ڕێبازێکی دیکە هەڵ ببژێرێ، نە ئەوەندەش دڵ ئاوەڵام کە پشتکردنی ئەوان لە رابردوو و بیروباوەڕی دایک و بابیان، بە شتێکی ئاسایی بزانم. کورت و کورمانجی پێم خۆشە ئەو لاوانەی لە نیو بنەماڵەی دیموکرات و لە داوێنی حیزبی دیموکرات دا لە دایک بوون و گەورە بوون، لە کوردستان دەژین یا لە دەرەوەی وڵات یا لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر نەبێ کەسێکی نەتەوەیی بن و «ئینتیما»یان بۆ زمان و مێژوو و کولتووری نەتەوەکەیانو پرسی کورد لە تەواویەتی خۆی داو بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. ئەگەر خۆیان بۆ گرنگترین و باشترین فکر و بزووتنەوەکانی ئەم سەردەمەش تەرخان بکەن بەڵام لە ئاست نەتەوەکەیان بێهەست و بێخەم و بێهەڵوێست بن، هەر بە خراپی دەزانم. لاوێکی کورد لە هیچ بارودۆخێک دا، نابێ پرسی نەتەوەکەی کە پرسی نەتەوەیەکی دابەشکراو، بندەست ، بێماف و نیشتمانداگیرکراوە، پشتگوێ بخا. لاوێکی کوردی ڕۆژهەڵاتییش کە پێم باشە کەسێکی نەتەوەیی بێ، ئەگەر خۆی بۆ پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان تەرخان بکا، واتە لە باکوورییەکان باکووریتر، لە باشوورییەکان باشووریتر، لە خۆراواییەکان خۆراوایتر بێ کە چی کاری بە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبێ، گومان لە نەتەوەیی بوونەکەی دەکەم و لە جیاتی بە نەتەوەیی بزانم بە



سەرچاوە Serchawe

هەڵخەڵەتاوی دەزانم. کەسێک لە ئاست ئەو بەشەی کوردستان کە بۆ خۆی و دایک و بابی لەوێوە هاتوون و داهاتووشیان بەوێوە گرێدراوە، خۆی بە ئەرکدار نەزانێ و هەست بە بەرپرسایەتی نەکا، ناچێتە عەقڵمەوە دڵسۆزییەکەی بۆ بەشەکانی دیکە ڕاستەقینە و سروشتی بێ.

کەواتە هۆی خۆشحاڵیم لە دیتنی ئەو جۆرە لاوانە و بەشداربوونی بە یەکەوەمان لە چالاکی و کارێکی هاوبەش، لە پێشدا هی ئەوەیە کە دڵنیا دەبم نەتەوەکەیان لە بیر نەکردوە و بایەخدان بە پرسی کورد لە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە ئەولەوییەتی چالاکیی فکری و سیاسییان دایە. هۆیەکی دیکە بۆ خۆشحاڵیم ئەوەیە کە دەبینم ئەو لاوانە لە گەڵ بیرو باوەڕ و ڕێگا و ڕابردووی دایکوبابیان نەک هەر هەست بە نامۆیی ناکەن بەڵکوو وەک باوەڕ و ڕێگای خۆشیان قبووڵیانە وئامادەن بۆ درێژەدان و بەرەوپێشبردنی، خۆیان پێ بگەیەنن. لە ڕاستیدا هەر دەشبێ وابێ. ڕێگا و باوەڕێک کە لە سەرووترین و خوارووترین ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە، لاوانی کوردستان ڕووی تێ دەکەن و بە سەدان کیلۆمیتر بە نێو دەیان مەترسی دا دەبڕن تا بگەنە سەرچاوەکەی، چۆن دەکرێ ئەوانەی لە سەرسەرچاوەکە و لە نێو سەرچاوەکەن، هۆگری نەبن و قەدر و بایەخی نەزانن؟!

گرنگیدانی کچان و کوڕانی بنەماڵەی تێکۆشەرانی دیموکرات بە ئاشنابوون لە گەڵ بیرو باوەڕ و بەرنامە و مێژووی حیزبی دایک و باوکیان و، خۆتەرخانکردنیان بۆ خزمەتی ڕێگا و ڕێبازێک کە ئازیزترین کەسەکانیان، دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆیان تێدا تێپەڕ کردوە، هەڵگری واتا یا پەیامی گرنگە. یەکێک لە واتاکانی ئەوەیە کە دایک و بابەکان و ئەو نەسلەی تەمەنێک لە خزمەت حیزبی دیموکراتی کوردستان دابوون، ڕێگاکەیان بێ ڕێبوار نامێنێتەوە و ئاڵای دەستیان لە دوای خۆیان ناکەوێتە سەر زەوی و بە هۆی نزیکترین کەسەکانی خۆیان، دەشەکێتەوە. دووهەم واتای ئەوەیە کە ئەو لاوانەی لە داوێنی حیزبی دیموکرات و لە باوەشی دایک و باب و بنەماڵەیەکی دیموکرات دا، گەورە و پەروەردە بوون، بێ ئەمەگ نین و دەزانن کە ئەم حیزبە سەرەڕای هەموو ئەو سەختی و دژوارییانەی لە گەڵیان بەرەوروو بووە، دیسانیش ئەوانی لە بیر بووە و کۆمەڵێک ئیمکان و شانس و دەرفەتی بۆ خۆ پێگەیاندنیان تەرخان کردوە، هەر بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوانیش ئەم چاکەیەی بدەنەوە. سێهەم واتای ئەم هەڵوێستەی لاوە دیموکراتەکان ئەوەیە کە هەست بەو ڕێز و خۆشەویستییە دەکەن کە دایک و باب و بنەماڵەکەیان بە هۆی بوونیان لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و تیکۆشەرانی دیموکرات دا، لە نێو کۆمەڵگە دا وەدەستیان هێناوە. ئەوان بە درێژەدانی ڕیگای دایک و باوکیان، دەیانەوێ ئەم خۆشەویستییە بۆ بنەماڵەکەیان بپارێزن و بۆ شەخسی خۆشیان بە دەستی بهێنن.

**

ئێستا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو جێژنی حەفتایەمین ساڵرۆژی دامەزرانی دەچێ،جێی خۆیەتی قامک لە سەر ئەو هۆکارانە دابنێین کە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی ئەم حیزبەیان سەرەرای هەموو کارەسات و کۆسپ و ڕووداوەکان، دابین و دەستەبەر کردوە.هاتنە پێشەوەی نەسلە نوێیەکان بۆ تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا وشەکاوە ڕاگرتنی ئالای خەبات و تێکۆشانی،یەک لەو هۆکارە گرنگانەیە، با ئەم بەختیارییە ببینین و قەدری بزانین.

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# گەلاوێژ و مێژووی نوێمان

مانگی گەلاوێژ، هەم وەبیرهێنەرەوەی گرنگترین‌و خۆشترین رووداوە لە مێژووی نوێ‌و هاوچەرخی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەم گەلەکەمان‌و خەڵکی ئێران دەخاتەوە یادی چەند رووداوی تاڵ‌و خوێناوی.

گەلاوێژ، ئەو مانگەیە کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»ژ. ک» (١٩٤٢ ) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی تیدا دامەزراوە (١٩٤٥). ئەم دوو رووداوە هەر کامێکیان لە مێژووی گەلی کورد دا، جێگاو شوێنی خۆیان هەیە. یەکەمیان، رووداوێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی نیشتمانەکەیان لە پێکهێنانی رێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی‌و خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دابوو و، توانی ببێ بە دەسمایەو بنچینە بۆ دامەزرانی حیزبێکی سیاسی‌و سەردەمیانە. بۆ گرنگیی دووهەم رووداویش هەر ئەوەندە بەسە بڵێین وەرچەرخانێکی لە ژیانی سیاسیی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دا خوڵقاندو خەباتی نەتەوایەتی‌و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی خستە سەر رێڕەوێکی نەپساوە، پێشکەوتنخوازانەو مۆدێڕن‌و، بوو بە سەرچاوەو هەوێنی رووداوو ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگ‌و مێژوویی لە ژیانی میللەتێک دا.

بەڵام گەلاوێژ بیرخەرەوەی هێندێک رووداوی تاڵ‌و خوێناوییشە، کە لە هەمووانیان گرنگتر ئەو رووداوانەن کە هەر دووکیان راست لە ٢٨ی ئەم مانگەدا، روویان دا. یەکەمیان کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی رێژیمی پەهلەوی لە دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەددیق، کە بووە هۆی لەسەرکارلاچوونی موسەددیق‌و، شکان‌و پاشەکشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ئێراندا. دووهەم، راگەیاندنی فەرمان یا فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینی‌یەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا! بەڵێ لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی رێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە شێلگیری‌و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە سەر داواکردنی ئازادی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان، تووڕەو هەراسانی کردبوو، «فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکردو فەرمانی بە »قوای سەگانە» (*)دا بە هەموو هێزو توانایانەوە هێرش بەرنە سەر کوردستان‌و بە فڕۆکەو هێلیکوپتێر پردێکی هەوایی بۆ نێو کوردستان سازبکەن، لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بیگرن‌و بۆخۆشی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی بەدەستەوە گرت».

خومەینی بۆ جێبەجێ کردنی فتوا بەدناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەییادی شیرازی (کە بە قەسسابی کوردستان ناوبانگی دەرکردبوو) حەسەنی، نوێنەری خۆی لە ئازەربایجانی رۆژئاوا(پاریزگەی ورمێ) و

خەڵخاڵیی جینایەتکار کە دەستووری ئیعدام کردنی دەیان رۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی رژێمدا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی خۆی لە کوردستان دیاری کردو هێزێکی زۆری رەوانەی کوردستان کرد . . . (١)

سەرکەوتنی کودێتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە دوو بارەوە بۆ خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکرات تاڵو ناخۆش بوو. لەلایەکەوە ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی ئێران جارێکی دیکە شایەدی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی بەسەر ئەو وڵاتەدا بوونو، خەڵکی ئێران بۆ دەورەیەکی ئەوسەر نادیار لە گەیشتن بە مافو ئازادیەکانیان دوور کەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەباتی گەلی کورد لە ئێرانو تێکۆشانی حیزبی دیموکرات کە لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی سەرانسەری، لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە بوون.

بەڵام خاڵی هاوبەشو سەرنجراکێش لە دوای هەر دوو ٢٨ی گەلاوێژ لە کوردستان، بەردەوامیی خەباتو تێکۆشان لەلایەن حیزبی دیموکراتو گەلی کورد بە دژی دیکتاتوریو سەرڕۆیی‌و لە پێناوی ئازادیو مافە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەو گەلەدا بوو. دیارە لە نێوان ئەو دوو هەلومەرجەدا (هەلومەرجی سیاسی‌و گشتیی ئێران، کوردستانو حیزبی دیموکرات لە دوای 28ی گەلاوێژی ١٣٣٢و ١٣٥٨)، جیاوازیی زۆر هەبوو.

ئەگەر لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ەوە، رۆڵە خەباتگێرەکانی گەلی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، لە نێو بەندیخانەکانو لە دەربەدەریو دوورە وڵاتی‌دا نەیانهێشت کوانووی خەبات بە دژی رژێمی پاشایەتی دابمرکێو لە ساڵەکانی ٤٦و ٤٧دا ئەم خەباتەیان بە راپەڕینی چەکدارانەو پڕ لە فیداکاریی خۆیان گەیاندە چڵەپۆپە، لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە، کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە، لە ژێر پێی هێرشکەرانو ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامی‌دا بوو بە یەک پارچە ئاگر. گەلی کورد لە خەباتو بەربەرەکانی‌یەکی نابەرامبەردا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان رۆڵی یەکەمی لە بەڕیوەبردنی‌دا هەبوو، نیشتمانی خۆی کرد بە سەنگەری کۆڵنەدانو بە چۆک دانەهاتن لە بەرامبەر زۆرداریو دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی‌دا. خەباتێک کە لە هەلومەرجی ئێستا دا ئەگەر چی بە شێوەی چەکداری خۆی نانوێنێ، بەلام چونکە هەڵگری ئامانجەکان و داخوازەکانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانە، و راپردوویەکی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی هەیە، هەر وا خۆشەویست و جێگای پشتیوانیی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستانە. ئەوەتا هەر لە ژێر دەسەلاتی جەهەننەمی ئەو رژێمەی ئێستا دا چەندین جار دیتوومانە، ئەو خەڵکە هەر کە هەل و دەرفەتێکی تەنانەت بچووک و بەرتەسکی بۆ دێتە پێش، بۆ نیشاندانی پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دیموکرات و خەباتەکەی دەیقۆزنەوە.

یەکێکی دیکە لە بیرەوەرەییە ناخۆشەکانی مانگی گەلاوێژ، ئەو کوشتارە بوو کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و بە دوای

ڕاوەستانی شەڕی نێوان دوو ڕێژیمی ئێران و عێراق دژی بەندییە سیاسییەکان وەڕێ خرا. دەسپێکی ئەو کوشتارە کە تا کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزی خایاند، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی گەلاوێژی هەمان ساڵ. بە هۆی ئەم کوشتارەوە هەزاران کەس لە ڕۆلە خەباتکارەکانی وڵات کە ساڵانێک بوو لە بەندیخانە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دابوون، گیانیان لێ ئەستێندرا.

بەڵام تەم وهەوری دیکتاتۆرانی تاریکپەرەست، نەیتوانیوە تریفەی گەلاوێژی ڕووناکی بۆ هەمیشە بشارێتەوە. شای ئێران کە بە کودەتای۲۸ی گەلاوێژ ویستی بەرۆکی ڕێژیمەکەی بە یەکجاری لە چنگ بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران دەربێنێ، سەرئەنجام ۲۵ ساڵ دواتر خۆی و ڕیژیمەکەی، تووشیان بە تووشی بڵێسەی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی ئەو خەڵکەوە بۆوە و ئەم جار هیچ شتێک فریایان نەکەوت. خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش کە بە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی خەڵکی کوردستان لە ۲۸ی گەلاویژی۱۳۵۸ دا، پێی وابوو دوای ئەو لەشکرکێشییە بە چەند ڕۆژێک خۆڕاگریی ئەو خەڵکە تێک دەشکێنێ و کوردستان دەکا بە ماستی مەییو، ۱۰ ساڵی کۆتایی تەمەنیشی تێپەڕ بوو و هەر ئەم ئارەزووەی نەهاتە دی و سەرئەنجام ئەم ئارەزووەی بردە بن گڵ. هەر وا کە بە کوشتاری بەندییە سیاسییەکانیش نەیانتوانی کۆتایی بە خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانی ئێرانی دژی ئەم ڕێژیمە بێنن.

ئەمە جەبری مێژووە .لە دوا جار دا دەبێ تاریکی و ستەم و دیکتاتۆری بڕۆن و ڕووناکی و حەق و ئازادی ، سەربکەون.

(*)مەبەستی خومەینی لە «قوای سەگانە» هەر سێ هێزی چەکداری زەمینی، هەوایی و دەریایی بوو. ناوبراو ئەوەندە لە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ڕێژیمەکەی تووڕە و داخ لە دڵ بوو لە خۆی نەپرسیبوو هیزی دەریایی بە کوێ دا بگاتە کوردستان و سەرِ لە گەڵ گەلی کورد بکا؟!!

(۱) کوردستان، ژمارە ۲۷٤ گەلاوێژی ۱۳۷۸ وتاری »ئاوڕێک لە بیست ساڵ شەڕ لە کوردستان»دا، م. مەعرووفی.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۱۵



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو وێنەیەی دنیای هەژاند!

«پێم وانەبوو ئەم وێنەیە تا ئەم ڕادەیە سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.. سەرەڕای ئەو ئازارەی لە دیتنی تەرمی ئایلان هەستم پێ دەکرد، تەنیا شتێکی کە لەوساتەدا بە مێشکم دا دەهات ڕاگوێزتنی ئەو هەستە بۆ لای هەموو خەڵک بوو. بیرم لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە. تەنیا شتێکی کە دەمەویست ئەوە بوو ئەم تراژیدیایە پێشان بدەم.» ( ماڵپەڕێ بی. بی. سی فارسی)

ئەمە بەشێک بوو لە قسەی نیلووفەر دەمیر، ئەو پەیامنێرە تورکەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە کاتی گەشت و گەڕان لە لێوارەکانی «بوودرووم» ی قەراخ دەریای ئێژە، چاوی بە تەرمی بێگیانی منداڵێکی دوو ساڵە کەوت کە لەپەوڕوو کەوتبووە سەر خیزەڵانی لێواری دەریا و شەپۆلەکانی دەریا ناوبەناو بەسەری دەکشان. منداڵەکە، تیشێرتێکی سوورو شەڵوارێکی شینی لە بەردابوو و جووتێک پێڵاوی ڕەشی لە پێدابوو. نیلووفەر دەڵێ تازە کار لە کار ترازابوو، کارێکمان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ژیان بۆ ئەو منداڵە لە دەست نەدەهات. تەنیا کارێکی لەم کاتوساتە دا دەمتوانی بیکەم و کردم، ئامادەکردنی کامێراکەم و گرتنی وێنەی تەرمی ئەو منداڵە بوو تا بە ڕێگای نیشاندانی ئەم وێنانە، هاواری تەرمە بێ گیانەکەی بگەیەنمە جیهان.

لەم چەند دەیەی دوایی دا، هێندێک وێنە یا وێنەی هێندێک دیمەن بوون بە پێناسەی ژمارەیەک کارەسات. نازانم لە بەر ئەوەی خۆم کوردم و سەر بە نەتەوەی کوردم، زیاتر ئەو وێنە و ئەو دیمەنانەم لە بیرن کە بوون بەلۆگۆی لێقەومان و کارەساتبەسەرداهاتنی نەتەوەی کورد؟ یا کورد لە چاو نەتەوەکانی دیکە، لەم چەند دەیەی دوایی دا، لە لێقەومان و ڕۆژڕەشیدا پشکی شێری بەرکەوتووە، بۆیە خاوەنی ئەلبۆمێکی ئەوەندە قەبەیە؟! وێنەی پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانی بە پەتی سێدارەوە، ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کورد لە فڕۆکەخانەی سنە لە خەرمانانی ١٣٥٨، وێنەی جەستەی لەتوپەتکراوی کوژراوەکانی قەلاچۆی دانیشتوانی قارنێ، وێنەی خەڵکی کیمیایی لێدراوی هەڵەبجە، وێنەی مەینەتییەکانی بەشدارانی کۆڕەوێکی میلیۆنی، وێنەی جەستەی لە خوێنداشەلاڵی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی لە ناوەندی پێتەختەکانی ئورووپا، وێنەی شارو گوندی خاپوورکراوی باشووری کوردستان، وێنەی پڕ لە حیکایەتی دڵتەزێنی ئیسکوپرووسکی ئەنفالکراوەکان، وێنەی ڕفاندنی ئوجەلان، وێنەی کوشتاری خەڵکی عەفرین و قامیشلوو بە دەست ڕێژیمی سووریا بە دوای شەهیدکرانی مەلامەعشووق، وێنەی کوشتاری بە کۆمەڵی کاروانچییەکانی ڕۆبسکی، وێنەی بە کۆمەڵ کوژران

و کۆچی بە کۆمەڵی ئیزەدییەکان لە شەنگال، وێنەی تاوانە گەورەکەی ١ی شوباتی هەولێر، وێنەی تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش لە دژی خەڵکی باشوور و خۆراوای کوردستان، وێنەی داڕووخاندنی یەکە یەکەی ماڵ و بیناکانی کۆبانێ و گەمارۆدرانی لە لایەن داعش و ڕاوەستانی چاوبە فرمێسکانەی ژنان و منداڵانی ئەو شارە لەو دیوی تەلبەندەکانی سنوور و... ! ئەم وێنانە لە چەشنی فیلمێک ئەو کارەساتانە دەگێڕنەوە کە لەم چەند دەیەی دواییدا بە سەر نەتەوەی کورد هاتوون. هەر کامیان ستەم و تاوانی دوژمنێکی ئەم نەتەوەیە لە بەشێکی کوردستان دەگێڕنەوە.

وێنەی ئایلان، کە ئێستا میدیاکانی جیهان وەک هێمای هەزاران مرۆڤی ڕاکردوولە جەهەننەمی شەڕ و توندوتیژی، وێرانی و دڕندەیی، دەمارگرژی و هەژاریی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بە کاری دێنن، بەر لە هەر واتایەکی دیکە، هەڵگر و هێمای مەزلوومیەتی نەتەوەی کوردە. نەتەوەیەک کە دەیەوێ ئازاد و سەربەست بژی، لە گەڵ ئاشتی و ئاوەدانی و پێکەوەژیان و وێکهەڵکردن و بایەخەکانی دنیای شارستانی و مودێڕن دایە و چاوی تەماحیشی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوە و وڵاتێکی دیکە. نەتەوەیەک کە هەڕەشە نییە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هیچ ناوچەیەکی جیهان. بەڵام لێی ناگەڕێن لە سەر خاکەکەی، دنیایەک لە ڕەنگی هیوا و خەونە لە مێژینەکانی خۆی و گونجاو لە ڕۆحی ئەم سەردەمە بنیات بنێ.

بەڵێ ڕاستە لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەوە هەر کورد نییە لە گەڵ شەڕ و توندڕەوی و بێمافی بەرەوڕووبە. ئەوەش هەر ڕاستە کە تاکەکان لەم سەردەمە دا خەڵکی هەر ولاتێک بن و لە هەر شوێنێکی جیهان بژین، ئەمنیەت و ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەییان دەوێ و ئەگەر ئەمانەیان لە وڵات و کۆمەڵی خۆیان دا شک نەبرد، لە شوێنەکانی دیکەی جیهان بە دوایان دا دەگەڕێن. کوردەکان لە بەشی زۆری نیشتمانی خۆیان دا، وێڕای ئەم نەبوونیانە، لە گەڵ دەردی بێ کیانی و زۆر کێشە و کارەساتی سەرچاوەگرتوو لە بندەستیی نەتەوەیی بەرەوڕوون. هەر ئەمەشە وای کردوە کۆچ و ڕەو لە نێو کوردانیش دا بە شێوەیەکی جێگای نیگەرانی پەرە بستێنێ.

وێنەی ئایلان، بێگومان سۆزی مرۆڤایەتیی بۆ لای لافاوی ئەو ئینسانانە ڕاکێشاوە کە بە ڕێگای دەریا و وشکانی و بە نێو مەترسیی جۆراوجۆر دا لە وڵاتانی ناوچەی ئێمەوە، سەری خۆیان بەرەو ئورووپا هەڵگرتوە. ئێستا ئورووپا لە گەڵ قەیرانی هاتنی شاڵاوی کۆچبەران بەرەوڕووبە و لە بەرەکەتی میدیاکانەوە، لەوانەیە وێنەی مەینەتییەکانی کۆچبەران وەک وێنەکەی ئایلان، کار بکاتە سەر سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لە ئاست کۆچبەران. ئەم ئاڵوگۆڕە، ئەگەر هاندانی کۆچکردن بەرەو ئورووپاشی لێ بکەوێتەوە، هەرجێگای پێزانین و دلخۆشییە. بەڵام هاسانکاری لە وەرگرتنی کۆچبەران و حاواندنەوەیان لە ئورووپا و وڵاتانی دیکە کە لە ئێستا دا کارێکی پێویستە، ڕێگر نابێ لە دووپاتبوونەوەی شەپۆلی کۆچ لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بەرەو ڕۆژاوا. هەتا ئەو کاتەی لەم ناوچانەش تاکەکان نەبن بە خاوەنی ئەو

ئەمنیەت و ئاسایش و ئاسوودەییە کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان وەدەستیان هێناون، کۆچ و کۆچبەری بەرەو ڕۆژاوا درێژەی دەبێ. ڕۆژاوا و جیهان ئەگەر دەیانەوێ چارەسەرێکی بنگەهی بۆ کێشە وقەیرانی کۆچبەران بدۆزنەوە، دەبێ لە دابینکردنی ئاشتی ،ئازادی ، ئاوەدانی ، ئاسوودەیی و ستانداردەکانی ژیانێکی ئەمڕۆیی دا، پشتیوان و یارمەتیدەری خەڵکی وڵاتانی ئەو بەشە بەڵالێدراوەی جیهان بن .

**لە ژمارە ٦٦٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥**

---

# کۆڕەوی کۆچبەران بەرەو ڕۆژاوا و پرسیارێکی جیددی!

دیاردەی کۆچکردنی مرۆڤەکان بە گشتی و بە تایبەتی لاوەکان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاسیایی بۆ ئورووپا و بە گشتی ڕۆژاوا، نە شتێکی نوێیە و نە تایبەتە بە چەند وڵاتێک. هۆیەکانی ئەم کۆچکردنەش زیاتر لە یەک و دوانن. بەڵام هۆیەک کە وای کردوە لەم چەند ساڵەی دوایی دا خەڵکی هێندێک وڵات بە شێوەی کۆڕەو لە وڵاتەکەیان ڕابکەن و ڕێگای وڵاتانی ڕۆژاوایی بگرنە بەر، شەڕی نێوخۆییە. شەڕی نێوان دەوڵەتی سووریە و خەڵکەکەی و، شەڕی تاقمی دڕندەی داعش لە گەڵ گرووپەکانی دیکە و لە گەڵ دەوڵەتی ئەو وڵاتە، وای کردوە سووریە ببێتە جەهەننەمێک بۆ خەڵکەکەی. لە لایەکی دیکە داعش هەر هەڕەشە بۆ سەر خەڵکی سووریە نەبووە بەڵکوو بووە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەشێکی گەورە لە خەڵکی عێراقیش. خەڵکی کوردستانیش چ لە خۆراوای نیشتمانەکەیان و چ لە باشوور لە گەڵ شەڕفرۆشیی داعش بەرەوڕوون. ئەو ڕاستییەش لە بیر نەکەین کە کورد هەتا ئێستاش لە باکوور و ڕۆژهەڵات و خۆراوا، هێشتا لە گەڵ سەرکوت و زۆرداریی دەسەڵاتی دژە کورد بەرەوڕوویە و لە سەر خاکەکەی خۆی خۆی بە خاوەنی زۆر شتی خۆی نازانێ.

دیارە وڵاتانی دیکەی ئەو ناوچەیەش وەک یەمەن و لیبی لە گەڵ شەڕی نیوخۆیی بەرەوڕوون. خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەو کاتەش کە شەڕی نیوخۆییان لە نێو دا نەبوو هەم لە گەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆر بەرەوروو بوون هەم لە گەڵ هەژاری و بێکاری و بێداهاتوویی. لە بارودۆخێک دا کە هیچ کۆتاییەک بۆ ئەم شەڕە نێوخۆییانە نابینرێ و هومێد بە گەڕانەوەی هێمنی و پەیدابوونی ئاشتی و ئاساییش و باشتر بوونی بارودۆخەکە نییە، خەڵک چی دیکە تەحەممول ناکەن و خۆ بە ئاو و ئاگر دادەن بۆ ئەوەی بگەنە شوێنێکی ئەمنتر کە لانیکەم منداڵەکانیان داهاتوویەکیان هەبێ. کۆچکردن وڕۆیشتن لەو وڵاتانە بە شێوەی شەپۆلی گەورەی ئینسانی و ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی لێیان دەکەوێتەوە، وای کردوە ڕۆژاوا و بیروڕای گشتی بەرەوڕووی کێشەیەکی گەورە ببنەوە. ناکرێ هەر بە سنوور داخستن لەو خەڵکە، خۆیان دەرباز بکەن. ئەو بایەخدانەی ئەم دوایانەی وڵاتانی ئورووپا بەم کێشەیە، و دروستبوونی هومێد بۆ وەرگیرانی پەنابەر وای کردوە خەڵکێکی زۆری دیکەش لە وڵاتانی ناوچە، ئەم هەلە بقۆزنەوە و بە پەلە پەل بارگە و بنە بپێچنەوە بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئورووپا و لەم دەرفەتە بۆ وەرگیران وەک پەنابەر سوود وەر بگرن.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش و بە تایبەتی لاوەکان، لەم کاریگەرییە بەدەر نەبوون و بەدەر نین. دیارە لاوانی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی لاوانی کوردستان لە مێژساڵە سەرەڕای بێبەشیان لە ماف و ئازادییەکانیان وەک تاکێک، لە گەڵ

کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەرەو روون. بۆ وێنە بێکاری، نەبوونی توانای پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، دانەمەزران و زۆر گرفتی دیکە. کە وایە زەمینەکە لە پێشداش بۆ کۆچکردن لە نیویان دا بە هێز بووە. ئێستا کە دەبینن وڵاتانی ئوروپایی لە وەرگرتنی ئەو شەپۆلە ئینسانییە دا کە وەک پەنابەر روویان تێ کردوون خەریکی پێکهێنانی هاسانکارین، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتوون رێژەیەکی بەرچاو لەوانیش هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە سوود وەر بگرن.

لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دروست ئەوەیە لاوی کورد لە وڵاتەکەی خۆی و لە نێو نەتەوەکەی خۆیدا بێ. لە گەڵ خەم و ئازارەکانی خەڵکەکەی دا بژی و لە کوردستان بمێنێتەوە و بە ڕێگای جۆراوجۆر دا بۆ نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردن لە سەر نەتەوەکەی خەبات بکا . بەڵام دەزانین حیزبی دیموکرات پێی خۆش بێ یان نا، بەشێک لە لاوانی کوردستانیش وەک لاوانی وڵاتانی دیکە، لە جیاتی خەبات بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی باشتر لە نیشتمانەکەی خۆیان، بە دوای ژیانێکی باشتر لە سووچێکی دیکەی دنیا دا دەگەڕێن. چونکە ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان مەعلووم نییە کەی دێتە دی ، لەوانەشە هەتا گەیشتن بەم ئامانجە، تووشی زیندان و کێشە و زۆر گرفتی دیکە ببن. بەڵام پێیان وایە لە دەرەوەی وڵات ئەگەر وەک پەنابەر وەربگیرێن، زۆر زیاتر لە وڵاتەکەی خۆیان هەست بە ئەمنیەت و هەبوونی ماف و ئازادی و ژیانێکی باشتر دەکەن.

بەو ڕەوتەی دەستی پێکردوە زۆر ناخایەنێ هەم وڵاتانی ناوچە تووشی قەیرانێکی ئینسانیی گەورە دەبن – چونکە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکەکەیان و لاوانیان وڵاتی خۆیان بە جێ دێڵن- هەم وڵاتانی رۆژاوا تووشی کێشەی جیددی دەبن، چونکە لە پڕ و بێ ئەوەی پێشتر بەرنامەیان بۆ وەها وەزعێک دانابێ لە نێو وڵاتەکەی خۆیان دا، دەبنە خانەخوێی ڕێژەیەکی زۆر لە پەناخوازان. هەتا کەنگێ ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێ؟ و چۆن دەکرێ ئەم ڕەوتە بوەستێندرێ؟و تەنانەت ڕەوتی گەڕانەوەی کۆچبەران بۆ وڵاتی خۆیان دەست پێ بکاتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە کە دەبێ لە ئاستی جیهانی دا وڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. گومانی تێدا نییە هەتا ئەو کاتەی وڵاتانی ناوچەی ئێمەش و بە گشتی وڵاتانی جیهانی سێهەم لە رووی سیاسی و دەسەڵاتداری و دابین بوونی مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و لە ڕووی ژیان و گوزەران و باری ئابووری و هەست کردنی تاکەکان بە ئەمنیەت و ئاسوودەیی، لە ستانداردەکانی دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ نزیک نەبنەوە، ئەم ڕەوتە هەر بەردەوام دەبێ و ئەو کێشەیە ڕوو لە زیادبوون دەکا. بۆیە دەبێ هەوڵێکی نێودەولەتی دەست پێ بکرێ بۆ ئەوەی ئەو بەشانەی جیهانیش کە بۆ خەڵکەکەیان بوون بە جەهەننەم، ڕووی ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەیی بە خۆیانەوە ببینن.

لە ژمارە ٦٦٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## حدک، زیندووکەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە

ئەم هەواڵانەی ئەم ڕۆژانە و لەو مانگانەی دوایی دا بڵاو بوونەوە وەبیرهێنەرەوەی نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوین.

شەوی ٣٠ لە سەر ٣١ی خەرمانان(٢١ لە سەر ٢٢ی سێپتامبر)، لە ناوچەیەکی هەڵکەوتوو لە نێوان شارەکانی نەغەدە، مەهاباد و پیرانشار، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چوونە نێو ئاوایی گەرگوولی خوارێ و لە بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی قسەیان بۆ ئەو خەڵکە کرد کە بەو پەڕی خۆشییەوە باوەشیان بۆ کردبوونەوە.

چەند شەو پێشتر و ڕاست لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە نفووزیان کردە نێوشاری شنۆ و لە گەڕەکەکانی سەیدابات و تاچیناوێ، چاویان بە خەڵک کەوت و قسەیان بۆ کردن. لە تاچیناوێ لە ڕێگای بڵیندگۆی مزگەوتی ئاوایی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەیان بە دەنگی خەڵکی تاچیناوێ و گەڕەکەکانی دیکەی شار و گوندەکانی ناوچە گەیاند. جگە لە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو گەڕەکانە کە بۆ شادبوون بە دیتنی پێشمەرگەکان لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەر ولە ئامێزیان دەگرتن، سەدان ماشێن و ماتۆڕسکلیت بە چراخانی و بووقلێدان و خۆشی نواندنی سەرنشینانیان، هاتنی پێشمەرگەکان بۆ نێو شاری خۆیان کردبووە جێژن.

هەر لەم مانگە دا، ئەم جۆرە دیمەنانە لە قووڵایی چەندین ناوچەی جیاجیای دیکەش دووپات بوونەوە. لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد، پاش تێپەڕینی نزیکەی ١٥ ساڵ، خەڵکەکە بۆ یەکەم جار پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لە دەستەی گەورە دا دەدیت.

لە ناوچەی ڕەبەت، لە مەلبەندی قارەمانەتییەکانی فەرماندەی ڕەچەشکێن هەمزە سارتکەیی، هەر لەم مانگە دا پێشمەرگەکانی حیزب لە کاتێک دا لە نیو ئاوایی سیسێر بوون و بەرپرسانیان لە مزگەوتی ئاوایی لە گەڵ پیاوان و لاوانی گوند خەریکی قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا بوون، کەوتنە بەر پەلاماری جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی. پێشمەرگەکان گورج لێیان وەدەست هاتن و وەها ڕاویان نان کە هەتا نێو شاری ڕەبەت خۆیان نەگرتەوە. جارێکی دیکە

حوزووری پێشمەرگە ترس و دڵەخورپەی خستەوە نێو هەناوی بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی.

ناوچەی سەردەشت کە ساڵانی ڕابردووش خانەخوێی یەک بە دوای یەکی دەستەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەمساڵیش پێی پێشمەرگەکانی لێ نەبڕا. دەستەکانی پێشمەرگە وێرای سەردانی چەندین گوند کە هێندێکیان لە پەنا شاری سەردەشت بوون، لە دێیەکانی باغی، قەڵەڕەشێ، بناوێ، زووران،... و... قسەیان بۆ دانیشتوان کرد و لە بارەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە قسەیان بۆ کردن. هەر لەم ناوچەیەش بوو کە ساڵێ رابردوو پێشمەرگەکانی دیموکرات، کەمینێکی جاش و پاسدارەکانیان لە سەر ڕێی خۆیان تێک شکاند ودەستێکی باشیشیان لێ وەشاند.

ئەم ساڵ هەڵسووڕان و حوزووری پێشمەرگە پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەش هاویشت. لە ناوچەی بانە پاش ساڵانێکی زۆر خەڵکی پێشمەرگە پەروەر و پێشمەرگە پارێز، بە دیداری ڕۆڵەکانی خۆیان شاد بوونەوە. دەسپێکی ئەم حوزوورە، نفووزی تیمێک لە تێکۆشەرانی دیموکرات بۆ نێو شاری بانە و ئامادەبوونی سەمبولیک و واتاداریان لە سەر گڵکۆی کۆمەڵێک لە شەهیدان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی شارلە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بوو.

حوزووری دووبارەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو خەڵک و لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، ئەمساڵ هەم لە ڕووی پانتایی و ڕووبەری ناوچەکانی شوێنی هەڵسووڕان، هەم لە ڕووی زۆریی تیم و دەستەکانی پێشمەرگە، لە ساڵانی پێشوو بەرچاوتر بوو. ئەم ئامادەیی و حوزوورە، درێژەی حوزووری ساڵانی ڕابردووە. درێژەی ئەو هەڵسووران و چالاکیانەی پێشمەرگەکانی دیموکراتە کە لە دوای کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبەوە دەستی پێکردوە و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ژمارەیەک ناوچەی وەک هەورامان، کامیاران، مەریوان و سەقزلە پارێزگەی سنە و زۆر ناوچەی کوردستان لە نێو پارێزگەی ورمێی گرتوەتەوە. زیندووکردنەوەی ئەم نەریتە شۆڕشگێڕانەیە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان، قوربانیی بە نرخی لەم حیزبە ویستوە. شەهیدان شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری، بێهرووز ڕەزانەژاد، محەممەد نەدیمی وهەژار قاسمی، کە خوێنیان خاکی ڕۆژهەڵاتی ڕەنگاند و نەمامی هیوای لە دڵی خەڵکی کوردستان دا ڕواند، بە نرخ و تێچووی تەخت کردنی ئەم ڕێگایە دەژمێردرێن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم ساڵ ناوچە سنوورییەکانیشی لە بیر نەکرد و هەوڵی دا هێزی پێشمەرگەی خۆی بگەڕێنێتەوە چیاکانی سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات. پەیامی جێگیرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە چیاکان و تێکۆشانی دەستەکانی هیزی پێشمەرگە لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ڕوونە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، نزیک بوون لە خاکی



سەرچاوە
Serchawe

نیشتمانەکەی و بوونی تێکۆشەرانی لە سەر خاکی ڕۆژهەڵات و لە نیو خەڵکی خۆیان، نەک هەر بە مافی خۆی، بەڵکوو بە ئەرکی خۆی دەزانێ و لەداهاتووش دا لە سەری بەردەوام دەبێ.

زینـدوو کـردنەوەی ئەم نەریـتە شۆڕشـگێڕانەیە، دوای شـەهیدەکان، قەرزداری ئەو تێکۆشـەرانەیە کە لەم حەرەکەت و چالاکیـانەی پێشمەرگە لە نێو قـووڵایی ڕۆژهەڵات دا بەشدار بـوون. هەر وەهـا قەرزداری هاوکـاری و پشتیوانیی"پـارێزەری ڕۆژهەلاتی کوردستان"ە، ئەوکەسانەی کە بە کردەوە پێشمەرگەکانی نێوخۆن. بـا خۆشەویستیی خەڵکەکەشمان بۆ پێشمەرگە و پێشـوازی و باوەشـی گەرمیـان بـۆ ڕۆڵەکانیـان لە بیـر نەکەیـن کە بە دڵنیـایەوە هانـدەری حیزبـی دیمـوکرات و هێـزی پێشمەرگەی دیموکراتە لە بەردەوامبوون لە زیندوو ڕاگرتنەوەی نەریتی دەستەملانێ بوونی خەڵک و پێشمەرگە دا.

لە ژمارە ٦٦٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# دیاربوونی هێزی پێشمەرگە، هۆکارێک بۆ گەشانەوەی بزووتنەوەیی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵک

پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ دیارنەمانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵک، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ساڵانەی دوایی دا ئەم هیوا لە مێژینەیەی خەڵکی هەتا ڕادەیەک هێنایەوە دی.

هەتا نێوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، هێزی پێشمەرگەی دیموکرات، هەموو ساڵێ و هەر ساڵێک زۆربەی مانگەکانی بەهار، هاوین و پاییز، لە زۆربەی ناوچەکانی چوار پارێزگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نێو خەڵک دا دەبوون. ئەم ئامادەبوونەی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات لە نێو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆمەڵێک ئامانجی هەبوو. هەم بۆ بەرگری لە خەڵک و پاراستنیان لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، هەم بۆ پشتوانیی کادرەکانی حیزب کە بە کاری سیاسی، تەشکیلاتی، کۆمەلایەتی و ماڵییەوە خەریک بوون. نەریتی حوزووری ساڵانە و بەردەوامی پێشمەرگە لە نێو خەڵک دا، کولتوورێکی شۆڕشگێرانە و خەباتگێرانەی بەرهەم هێنابوو.

کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەتی ئەو توێژ و کەسانەی کە بە دڵەوە و بە کردەوە پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و هێزی پێشمەرگە بوون، هەستیان بە بوونی پشتیوانێکی بە هێز لە تەنیشت خۆیان دەکرد. ئەو خەڵکە زەحمەتکێشەی بە هاسانی دەبوونە ئامانجی دەستدرێژی و بێحورمەتی و ڕاورووتی دەستوپێوەند و بەکرێگیراوانی ڕێژیم، پەنا و هومێدێکیان بۆ بەرگری لە خۆیان شک دەبرد. ئەو لاوانەی دەکەوتنە ژێرچاوەدێری و ئیتلاعات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوایانەوە بوون تا بیانگرن، هەر کە هەستیان بە مەترسی دەکرد، خۆیان دەگەیاندە پێشمەرگەکان و چەکی بەرگری لە کەرامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان هەڵ دەگرت. کەسانێکی هەلپەرستیش کە مرخی خۆیان لە هاوکاریی دەزگای جاسووسی و سەرکوتی ڕێژیم خۆش کردبوو یا هاودەستی لە گەڵ ئەودام ودەزگایانەیان دەست پێکردبوو، نەیان دەوێرا سەر لە زۆر گوند و ناوچە و شوێن وەدەر بنێن و سام و هەیبەتی پێشمەرگەیان وەک مۆتەیەک بە دوای خۆیانەوە دەدی.

تەنانەت تاقمەکانی زەربەت و هێزە چەکدارەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، نەیان دەوێرا بە ڕاحەتی خۆ لە قەرەی هێزی پێشمەرگە بدەن. لە ترسی بەرەوڕووبوون لە گەڵ هێزی پێشمەرگە، یا ڕوویان لە زۆر گوند و ناوچە نەدەکرد، یا ئەگەر دەچوونە گوند و هەوارگە و شوێنێکیش، بە پەلە تێپەڕ دەبوون و ئەوەندە فریا نەدەکەوتن بکەونە ڕاورووت و ئەزیەت و

ئازاری خەڵک. لە شەڕی ٣مانگەی ساڵی ١٣٥٨ەوە هەتا نێوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، بۆ ماوەی نزیک ٢٠ ساڵ هێزی پێشمەرگە، لەمپەرێک بوو لە بەرامبەر لەشکرکێشی وداپڵۆسین و کوشتوبڕ و ڕاوڕووتی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەدەبیاتی زارەکی و قسە و باسی ڕۆژانەی خەڵک، ئاوێتەی شەڕ و بەرەنگاریی قارەمانانەی هیزی پێشمەرگە بوو. هەرێمی کوردستان بە شوێن ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لە ژێر دەسەلاتی ڕێژیمی بەعس هاتە دەر و بوو بە خاوەنی حکوومەت و پارلمانی خۆی. ئەم هەرێمە ئەگەر لە لایەکەوە جۆرێک پشتیوانیی سیاسی و ئینسانیی وڵاتانی ڕۆژاوای هەبوو، لە لایەکی دیکەوە بەردەوام لە گەڵ دژایەتیی سێ قۆڵێی وڵاتانی ئێران، تورکیە و سوریە بەرەوڕوو بوو. ئەمەش لە هەلومەرجێک دابوو کە دەوڵەتی عێراق گەمارۆییەکی ئابووریی توندی خستبووە سەر هەرێمی کوردستان. پێویستیی هەرێمی کوردستان بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانی لە گەڵ وڵاتی ئێران، هەر وەها پێویستیی ئەو هەرێمە بە جۆرێک سەقامگیری و پێوەندیی سیاسیی دوور لە گرژی و هاڵۆزی لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ مانەوە و جێگیربوونی ئەزموونی ساوای هەرێم، وەکوو زەروورەتێک بەرجەستە ببۆوە. حیزبی دیموکرات، لە لایەن حکوومەت و هێزە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمەوە، بەرەوڕووی چاوەڕوانییەکی قورس و گران ببۆوە. ئەو چاوەڕوانییە ئەوە بوو کە لە پێناوی مانەوە و جێگیربوونی ئەو هەرێمە، حیزبی دیموکرات، چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەستێنێ . حیزبی دیموکرات بۆ ماوەی چەند ساڵێک ڕەچاوی بارودۆخی سنووورە هاوبەشەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کرد و هێزەکانی پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە شەڕ و تێکهەڵچوون لە گەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سنوورەکان خۆیان پاراست. بەڵام بەو هۆیەوە کە کۆماری ئیسلامی شەڕێ خۆی دژ بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دیموکرات، لە قالبی کردەوە و بەرنامەی تیرۆریستی دا هێنابووە نێو خاکی هەرێم، هێزەکانی حیزبی دیموکراتیش لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دا، لە سەر تێکۆشان و چالاکیی خۆیان و دەستوەشاندن لە هیزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوون.

هەرێمی کوردستان لە ئاکامی ململانێ و شەڕێ نێوخۆیی هیزە سەرەکییەکانی دا، بووە مەیدانی تەراتێنی دەوڵەتانی دراوسێ. وای لێ هات کۆماری ئیسلامی هەر بە تیرۆری تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی بە هۆی دەستو پێوەندەکانی خۆی لەم هەرێمە، نەوەستێ و بە لەشکر و ستوونی نیزامیی هەزاران کەسییەوە هێرش بێنێتە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە قووڵایی خاکی هەرێم دا.

بارودۆخی تایبەتیی هەرێمی کوردستان لە لایەک و پێکهاتنی هەلومەرجێکی سیاسیی تا ڕادەیەک نوێ لە نێوخۆی ئێران، هاندەری حیزبی دیموکرات بوون بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە، چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەی ساڵانی ڕابردوو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دا ڕابگرێ. ئەم بڕیارە ئەگەر لە سوود و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش دا بووبێ ، بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی درێژخایەنی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی سۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نەبوو.

کاریگەریی درێژخایەنی ئەم بڕیارە، دەرهاتنی بەرەبەرەی هێزەکانی پێشمەرگە لە حاڵەتی ڕەزمی و کەمبوونەوەی ئامادەیی بۆ هەڵسووران و چالاکیی پێشمەرگانە بوو. بەڵام کاریگەریی نەرێنی و خراپتری ئەم بڕیارە، ڕووی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بە دیارنەمان و غایب بوونی هێزی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات دا، کۆماری ئیسلامی هەلێکی زێڕینی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە وپیلانەکانی بەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست کەوت. سوپای پاسداران و ئیتلاعات کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی بە گوشار و بە تەماح وەبەرنان، زۆرترین دەست و پێوەند بۆ خۆیان پەیدا بکەن. بە ڕاوەدوونان و بەندکردن لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکان وئێعدام یا کوشتنیان لە ژێر ئەشکەنجەی جیسمی و رووحی، کەشوهەوایەکی بە تەواوی ئەمنیەتی و خنکێنەریان لە کوردستان زاڵ کرد. بە ئاسوودەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردە بازاڕ و تاقیگەی مادده سڕکەرەکان و مەیدانی تەراتێن و جێبەجێکردنی نەخشە و پیلانی دژی گەلیی خۆیان.

حیزبی دیموکرات، وەک هێزێکی سیاسیی خاوەن ڕابرەوو و وەک ئەکتەرێکی حاشالێنەکراوی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵات، سەرەڕای دیارنەبوونی هێزەکانی پێشمەرگەشی، لە بیروباوەڕ و قەزاوەت و بڕیاری سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵات دا، هەر مایەوە. لە گەڵ ئەوەش چالاکیی پێشمەرگە گەیشتبووە لانیکەمی خۆی، بەڵام بزووتنەوەیەکی بەرینی ڕۆشنبیری کە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیی ئێرانیش دەرفەتێکی بۆ هەناسەدان بۆ پێک هێنابوو،لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەری هەڵدا و گەشەی کرد. ئەم بزووتنەوەیە و تێکۆشەرانی نیو بزووتنەکە، ئامانجی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەیان هەبوو، دەیانەویست لەوەندە دەرفەتە تەسکە کە ڕەخسابوو، زۆرترین سوود وەربگرن. لە ژێر کاریگەریی گەشە و بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە ناوچەکە وهەر وەها لە سەر بەستێنی باودۆخی سیاسیی ئەو کاتی ئێران، نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەو قۆناغە دا،بە ڕەنگ و دەنگێکی تا ڕادیەک نەتەوەیی و لە چوارچێوەی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران هاتنە مەیدان. حیزبی دیموکرات هاندەر و پشتیوانی ئەم جۆرە حەرەکەتە سیاسیانە بوو. کۆنەپارێزانی نێو دەسەڵات سەرئەنجام کرانەوەی ڕێژەیی سەردەمی خاتەمی و مەجلیسی شەشەمیان تەحەممول نەکرد و جارێکی دیکە ئەم ناوەندانەی دەسەڵات و قانووندانیان خستەوە دەست خۆیان. بەم جۆرە جارێکی دیکە دەرفەت و مەیدان بۆ خەبات و تێکۆشانی مەدەنی لە خەڵک وەرگیرایەوە. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەم کەمترین دەرفەت بۆ تێکۆشانی مەدەنی لە خەڵک وەرگیرایەوە، هەم چالاکی و تێکۆشانی هیزی پێشمەرگە لە نیو خەڵک و لە سەر خاکی ڕۆژهەڵات، هەر وا غایب بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان،لەم ساڵانەی دوایی دا بە ئاگاداری لە خەسارەکانی دیارنەبوونی درێژخایەنی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قۆڵی لە زیندووکردنەوەی نەریتی شۆڕشگێڕانەی حوزووری هێزی پێشمەرگە لە نیو خەڵک هەڵماڵی. جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە گرنگە ئەگەر چی لە سەرەتاوە زۆر سەخت دژوار دەهاتە بەرچاو، بەڵام بە

هیممەت و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و بڕوای پتەوی فەرماندەران و پێشمەرگە قارەمانەکانی، هەر وەها بە پێشوازی، هاندان و هاوکاریی گەرمی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تێکۆشەرانی دیموکرات، ئەم بڕیارەی خستە واری جێبەجێکردنەوە. جار بە جار و ساڵ بە ساڵیش هەم ڕووبەری ئەو ناوچانەی خانەخوێی پێشمەرگەی دیموکرات بوون، زیادی کردوە، هەم ژمارەی تیمەکان و بەشدارانی ئەم حەرەکەتە پیرۆز و شۆڕشگێڕانەیە، زیاتر بووە. تێکۆشان و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیدارنوێکردنەوەیان لە گەڵ خەڵکی تامەزرۆ و تینووی دیداری پێشمەرگە، تروسکەی هیوای لە نیو ئەوخەڵکە دا زیندوو کردوەتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ ئەم تروسکاییە بە هێز بکا. چونکە پێی وایە یەک لە پێویستییە سەرەکییەکانی گەشانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئامادەبوونی هیزی پێشمەرگە لە سەرخاکی ڕۆژهەڵات و لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

لە ژمارە ٦٦٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

---

# ئافەتی سەردەم

لەم چەند حەوتووەی دوایی دا، دوو ڕووداو کە هەر دووکیان هەڵقووڵاوی یەک سەر چاوە بوون، سەرنجی میدیاکانو بیرو هەستی مرۆڤەکانیان بە خۆیانەوە خەریک کرد. یەکەمیان هێرشە تیرۆریستییەکانی شەوی ١٣ی نوڤامبری شاری پاریس بوو کە ١٩٠ کوژراو و سەدان بریندارییان لێ کەوتەوە. ڕووداوی دووهەم، دۆزرانەوەی چەند گۆڕی بە کۆمەڵی کچانو ژنانی ئیزەدی بە دوای ئازادکردنی شەنگال بە هۆی هێزی پێشمەرگەوە بوو.

هێرشە تیرۆریستییەکانی پاریسو ئاسەوارەکانیان، کاردانەوەیەکی جیهانییان هەبوو. داعش وەک هێزێکی تیرۆریستی، توانیبووی بۆ دووهەم جار پێتەختی وڵاتێکی گرنگی ئورووپایی بکاتە ئامانج و گۆڕەپانی هێرشەکانی خۆی، هێرشێکی تیرۆریستیی بەربڵاوتر لە هێرشەکەی پێشوو، بە ئامانجی گەیاندنی زیانی گیانیی گەورەو خوڵقاندنی وەحشەتێکی بەرین! بەڵام بەردەنگ و بەرسەرنجی هەواڵی دۆزرانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کچانو ژنانی ئیزەدیی کوژراوی دەستی چەکدارەکانی داعش، تاکەکانی کوردستانو ژمارەیەک میدیاو ناوەندی بەرگری لە مافی مرۆڤ بوون. بە شوێن دۆزرانەوەی گۆڕەبە کۆمەڵەکاندا، بەشی فارسیی تەلەڤیزیۆنی دەنگی ئەمریکا، دۆکیۆمێنتارێکی لە سەر تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە ژنانو کچانی ئیزەدیی بەدیلگیراو بڵاو کردەوە. بە بێ گوێگرتن لەو بە سەرهاتانەی کچانو ژنانی ڕزگاربوولە جەهەننەمی داعش لە بارەی خۆیانو هاوچارەنووسەکانیان دەیگێڕنەوە، زەحمەتە بتوانین ئەو کارەساتانە وێنا بکەین کە لە جەهەننەمی داعش دا بە سەر ئەو ئینسانانە هاتوون.

هەر کام لەو دوو ڕووداوە، ڕەهەندێک لە دوژمنایەتیی داعش لە گەڵ "ئەوانی دی" دەردەخەن. دوژمنایەتییەک کەهەموو سنوورە نەتەوەیی، ئایینی و جۆگرافییەکانی بەزاندوە. ئەو دوژمنایەتییە هەر تەنیا ڕووی لەو کەمایەتیو نەتەوەو وڵاتانە نییە کە دەکەونە دەرەوەی ئایینی ئیسلام. ئەو نەتەوەو وڵاتانەی لە مێژینە ئایینی ئیسلامیان قبووڵ کردوە، هەرخۆیان بەرەورووی دوژمنایەتیی داعش دیوەتەوە. داعش کە لە سەر زەمینەی ملبەملەو ناکۆکیی وڵاتانو دەوڵەتانی شیعەو سوننی سەری هەڵداوەو بە هێزێکی هەڵقووڵاوی دنیای سوننە دەناسرێ، بۆ خەڵکی سوننە مەزهەبیش، بێجگە لە داوای ملکەچیو پشتیوانی لە دەسەڵاتە ڕەشو تاریکەکەیان هیچی دیکەی پێ نییە. بەم پێیە ئەوە هەر ئیزەدیو مەسیحیو جوولەکەی نێو کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی ژێر دەسەڵاتی داعش نین کە مافی ژیانیان نییە، بەڵکوموسوڵمانانیش، ئەگەر شیعە بن یا تەنانەت ئەگەر سوننی بنو لە گەڵ بیروباوەڕی توندڕەوانەو دەسەڵاتی ڕەشی ئەو تاقمە دا نەبن، هەر مافی ژیانیان نیە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە بیرکردنەوەو کردەوەی ئەو تاقمە جێگای تێڕامانە، ئەویش مەیدانو پانتایی جووڵەو چالاکییەکانی داعشە. نەک هەرئەو کۆمەڵگەو خەڵکو وڵاتانەی داعش لە نێویان هەڵقووڵاوە، بەڵکوو هەر ناوچەو وڵاتێکی جیهان، دەتوانێ ببێتە گۆڕەپانێک بۆ دەستوەشاندنی داعش لە دوژمنانی. ئەمەش وای کردوە ئەم هێزە تیرۆریستییە ببێ بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش لە هەموو جیهان.

نەتەوەی کورد لە دوو بەشی خۆرئاواو باشووری نیشتمانەکەی لە گەڵ داعش لە شەڕ دایەو لە سۆنگەی شەڕپێفرۆشتنو نیازی داگیرکەرانەی ئەو گرووپە تیرۆریستیە زیانی گەورەی گیانیو ئابووریی پێ گەیشتوە. ئەزموونی بەرەنگار بوونەوەی کورد لە گەڵ داعش لە هەرێمی کوردستانو لە کۆبانێی خۆراوای کوردستان، ڕاستییەکی سەلماندوە کە شایانی لێوردبوونەوەیەو جیی خۆیەتی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان دەرسی لێ وەربگرنو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاقمە تیرۆریستییە لە وڵاتانی دیکە دا، سوودی لێ وەربگرن. خەڵکو ئەندامانی کۆمەڵگەیەک کە لە ڕووی فکرییەوە، پێش کەوتوونو لە ڕووی سیاسییشەوە هەست دەکەن خاوەن مافو ئیرادەی خۆیانن، دەسەڵاتی داعشیانە قبووڵ ناکەنو ئامادەن بە هەموو توانا بەرەنگاری لەشکرکێشیو داگیرکاریو هێرشەکانی ئەو تاقمە ببنەوە. بەڵام ئەو بەرەنگارییەی ئەوان کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە پشتیوانیی نێودەوڵەتیشی لە گەڵ دابێ.

سەرەڕای زۆر جیاوازی لە نیوان جێگەو پێگەی سیاسیی دوو نەتەوەی کوردو فەرانسیو جۆری ڕۆڵگێڕانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دا، شایەدی دووپاتبوونەوەی هەمان ڕاستی بووین. فەرانسییەکان کە لە داهێنانو جێگیرکردنی زۆر لە بەها و بایەخە ئینسانیو مودێڕنەکانی ئەم سەردەمەدا، ڕۆڵی دیاریان هەیەو لە ئاستی جیهانییش دا، بەشێکن لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئازادی، دیموکراسیو مافی مرۆڤ، نیشانیان دا ئامادەن نرخی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئەم ئافەتەی سەردەم بدەن و تەسلیمی نەبن. ئەو یەکگرتووییەی بە دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەم دوایانەی پاریس دا، خەڵکی ئەو وڵاتە لە خۆیان نیشانیان دا، ئەو ئیرادە و لێبڕاوییەی خەڵکو دەوڵەتی فەرانسە بۆ درێژەی بەرەنگاریو دژایەتی لە گەڵ داعش نواندیان، بۆ خەڵکی کوردستان کە لە گەڵ داعش لە شەڕ دانو بۆ هەموو تاکێکی دژ بە تیرۆرو تاریکیو جەهالەت لە هەر شوێنێکی جیهان، مایەی دڵگەرمی بوون. هاودەردیو هاوپێوەندییەکیش کە لە ئاستی جیهانی دا بەرەورووی دەوڵەتو خەڵکی فەرانسە بۆوە، دووپاتبوونەوەو پێداگری لە سەر ئەو پەیامەو ئەو ڕاستییەیە کە هەر نەتەوەو خەڵکێک ببنە ئامانجی شەڕو هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش، دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو خەڵکی جیهان بە دەنگیانەوە بچنو بە تەنیایان نەهێڵنەوە.

لە ژمارە ٦٦٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییەکان بە ڕێز گرتن لە شوناسی یەکتر و دابینکردنی مافە ڕەواکانی هەموو لایەک دەستەبەر دەبێ

(لە پەراوێزی کاردانەوەکانی ڕووداوەکەی یاریگەی غەدیری ورمێ دا)

ڕۆژی پینجشەممەی رابردوو، ریکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ئەمساڵ لە یاریگەی ئەلغەدیری ورمێ و لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکی واڵیبال دا، خزمانی یەکێک لە یاریزانەکان کە بەجلوبەرگی کوردییەوە

هاتبوونە یاریگاکە، کەوتنە بەر بێڕێزیی ژمارەیەک لە هاندەرە ئازەری زمانەکان.

ئەم ڕووداوە لە نێو کۆمەڵگە و بە تایبەتی لە نیو تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دا لە گەڵ دژ کردەوەیەکی بەربڵاو بەرەورووبوو و نارەزایەتی دەربرینێکی ڕوو لە زیادبوونی لێ کەوتەوە. وەک لە هەواڵ و زانیارییەکانیش‌ڕا دەردەکەوێ، قەرار وایە لە ورمێ و کۆمەڵێک لە شارەکانی دیکە زنجیرەیەک حەرەکەتی مەدەنی‌و هێمنانە بۆ مەحکوومکردنی ئەو جۆرە بێڕیزیانە بە ڕێوە بچن. بە هۆی هەستیاربوونی ئەم پرسە و ئەو ئاکامانەی ئەگەری ئەوە هەیە لەم سۆنگەیەوە ڕوو بدەن، هەڵوێستەیەک لە سەر ئەم ڕووداوە و خستنە رووی کۆمەڵێک راسپاردە بە پێویست دەزانین:

سووکایەتی بە هەر گرووپ و تەنانەت تاکێک، سەبارەت بە جۆری زمان، ئایین، جلوبەرگ و هەر ڕواڵەتێکی شوناسنوێن(مظاهر هویتی)ی ئەوان، کردەوەیەکی دواکەوتووانە، دژە ئینسانی و مەحکوومە. قبووڵنەکردنی ئەم جۆرە سووکایەتییەش، نەک هەرلە لایەن ئەو کەسانەی دەبنە ئامانجی بێڕیزییەکە، بەڵکوو لە لایەن هەر تاک و مرۆڤێکی تێگەیشتوو و پێشکەوتووی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەرکێکی ئەخلاقی و کارێکی پێویست و دروستە.

سووکایەتی و بێڕیزی بە شوناسی نەتەوەیی، ئایینی و کولتووریی هەر گرووپ و کۆمەڵە خەڵکێک لەو شوێنانە کە جۆراوجۆرییەکی نەتەوەیی و ئایینی پێکەوە دەژین، هەستیاری و هەر لەو کاتە دا تێچوویەکی زیاتریان هەیە و ئەگەر پێشیان پێنەگیرێ، دەتوانن پێکەوەژیان و هێمنی و ئاسایشی کۆمەڵگەکە بەرەورووی هەڕەشە بکەنەوە و کارەساتیان لێ بکەوێتەوە.

لە پارێزگەی ورمێ، هەر لە کۆنەوە کورد و ئازەری وەک دوو پێکهاتەی نەتەوەیی سەرەکی و چەند کەمایەتیی نەتەوەیی - ئایینیی دیکە، پێکەوە ژیاون. ئەگەر چی بە داخەوە هێندێک جار بە هۆی بارودۆخی تایبەت و زاڵبوونی دەمارگرژیی نەتەوەیی و ئایینی، گرژی و ڕووداوی ناخۆش لە نێوان یەک یا چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەدا دروست بووە، بەڵام لە سەر یەک و بە گشتی، پێکەوە ژیان و وێکهەڵکردن و پێوەندیی دۆستانە، بووە بە کولتوورێکی جێکەوتوو.

پێکەوەژیانی بە ئاشتی و پێوەندیی دۆستانەی جۆراوجۆرییەکان لەم پارێزگایە، پتر قەرزداری شوعووری کۆمەڵایەتی و کولتووری و، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی گشتیی پێکهاتەکانە تا جۆری سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبەرێتیی حاکم لەو پارێزگەیە و هەموو ولات دا. بە داخەوە بناغەی سیستەمی سیاسی و بەڕیوەبەرێتی لە ئاستی ولات بە گشتی و لە ئاستی ئەم پارێزگایە دا، لە سەر هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی و ئینکار یا لە پەراوێز خستنی بەشێک لە جۆراوجۆری شوناسەکان، و زاڵکردی بە ئەنقەستی بەشێک بە سەر ئەوانی دیکە دا دامەزراوە.

ناوەرۆکی تێکەڵ بە هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیی یاسای بنەڕەتی و، دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرێتیی ولات، وای کردوە هێندێک پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی لە ئێران بە گشتی و لەم پارێزگایە بە تایبەتی، بەردەوام لە گەڵ ستەم و پەراوێزخران و سووکایەتی پێکران بە شێوەی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بن. بەم پێیە دامودەزگای دەوڵەتی و حکوومەتی لەم پارێزگەیە لە جیاتی دابینکەرو پارێزەری دادپەروەرانەی مافەکان و بەشداریی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بێ، بۆ خۆی لە خزمەت هەڵاواردن و پەراوێز خستنی بە ئەنقەستی کورد و هێندێک پێکهاتەی دیکە دا بووە. ئەمەش وای کردوە لە نێو کۆمەڵگەش دا هێندێک گرووپ و تاکی توندڕەو و دواکەوتوو، بێترس و نیگەرانی، بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی کوردەکان بکەن، بە میوان نەک خانەخوێ و خاوەنماڵیان بزانن و گیانی سووکایەتیکردن بە کورد پەرە پێ بدەن.

چۆن بەرەوڕووی ئەم ڕاستیانە ببینەوە؟

دەنگ هەڵبڕین دژی ئەم جۆرە سووکایەتیانە، دەتوانێ لە نێو دەسەڵات و لە نێو کۆمەڵگە دا هاندەری لایەنی توندڕەو و نابەرپرسیار بێ بۆ نیشاندانی حەسساسیەت و، دژایەتیی زیاتر لە گەڵ مافەکان و بەشداریی کورد لە بەڕێوەبەرێتیی سیاسی و گشتیی پاریزگە دا. بەو حالەش هەڵبژاردنی بێدەنگی و بێهەڵوێستی لە ئاست سووکایەتی و هەڵاواردن بەرامبەر کورد، ڕێگایەکی دروست نیە وتەنیا دەتوانێ یارمەتی بە خراپتر بوونی وەزعەکە بکا.

نارەزایەتی دەربڕین دژی ئەم جۆرە سووکایەتیانەو هەڵاواردنی نەتەوەیی بەرامبەر بە کورد، ئەو کاتە دەتوانێ کاریگەر و

سەرکەوتوو بێ و هەر لەو کاتە دا، نیاز و پیلانی هێندێک لایەنیش پووچەڵ بکاتەوە، کە بە شێوەیەکی هێمنانە و مەدەنی و بە دوور لە دەمارگرژیو توندو تیژی بێ. پشتیوانیو بەشداریی خەڵکی پارێزگەکانی دیکەی کوردستان لەم جۆرە نارەزایەتیدەربڕینانە ، هەر وەها هاودەنگیی نوێنەرانی مەجلیس، پێشنوێژ و کەسایەتییە ئایینییەکانو، سیما دیارەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، بڕشت و کاریگەریی ئەم جۆرە حەرەکەتانە زیاتر دەکا.

ڕێکخراوو گرووپە مەدەنییەکان و کەسایەتییەکان ونوخبە ئازەری زمانەکان، تەنانەت کاربەدەستانی ئازەریی پارێزگای ورمێ، پێویستە و دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەبێ لە دووپاتنەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە و نەهێشتنی کەشوهەوا و دۆخی نەخوازراو و زیانبار دا. ئەمەش بە ڕێگای مەحکوومکردنی سووکایەتی و هەڵاواردن بەرامبەر کورد، هاودەنگی نواندن لە گەڵ کوردەکان و ڕێزگرتن لە مافەکان و جێگە و پێگەی کورد وەک ئەسڵێکی بنەرەتیی پێکەوە ژیان لەم پاریزگایە و لە ئاستی ولات دا، مسۆگەر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## لە شەوێکی وەک ئەمشەو دا

“هەرچی دەڵێن بڵێن خەڵکی
من دەت پەرەستم ئەی قەڵا..
کە تۆ نەبی
لەشی سڕ و
باوەڕی چەشنی ئاگرم
لە ناو لەپی دەستی کێ دا
ڕکە وکێبەرکێ ساز بکەن؟
کە تۆ نەبی
ئەمن نیم و
کە من نەبم
پەڕەسێلکە کۆچەرەکان،
بە فرمێسکی خەمی عەشقی کامە دڵدار
لە تویّی کامە دڵی شەقار شەقار
بێن و هێلانە ساز بکەن؟”
(برایم جەهانگیری)

***

مانگەشەوێکی ساردی پاییزییە و من لەم شەوە دا لە “قەڵا” کێشکم. ئەمساڵ سەرما بە سەر شاباڵی گژەبا دا، زووتر گەڕاوەتەوە. ڕووناکیی ئەم شەوە لە گەڵ هاژەی بایەکی سارد و خشەی لک و گەڵای سنەوبەرە دەسنێژەکانی نەمر کاک سەلامی عەزیزیدا، بوون بە مۆسیقایەک بۆ ڕاژاندنی بێدەنگیی نیوەشەوی ئەم قەڵا ناسراوەی بیست و چەند ساڵێکە لە قووڵایی ئەم گەرمێنەدا ئێمەی گرتووەتە ئامێز. بە ئاسپایی لە ژووری کارەکەم دێمە دەر تا سەردانێکی نیگابانەکان بکەم. نیگابانانی زیت و وریا،کە دەزانن هیچ کەس و هیچ شتێک بە ڕادەی وشیاری و ئامادەیی ئەوان، ناتوانێ سڵامەتیی گیانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان و ئەمنیەتی بنکە و بارەگاکانیان بپارێزێ، لە سەنگەر و شوێنی دیاریکراویان دا، جێگیرن. هی وایان تێدایە دوو دەیە و زیاتریش، پێشمەرگەن، بەو حاڵەش ئەوەندە لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان دا جیددین دەڵێی تازە هاتوون بۆ پێشمەرگایەتی. هێندێکیشیان لاو و تازە لاون، لە مێژ نیە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان کردووەتە بەر.

کە دەیاندوێنم و هەست و ڕوانینیان دەخوێنمەوە، دەگەشێمەوە. ئەوان لە بەرامبەر خۆیان پۆرترێتی ڕێبەرانێک دەبینن کە ناو و ناوبانگ و خۆشەویستیان بووە بە هۆی هاتنیان بۆ ئێرە. تێکۆشەرانێک لێرە لە تەنیشت خۆیان دەبینن کە هەر کامیان لە زێد و شار و ناوچەکانی خۆیان و تەنانەت لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات دا، وەک سەمبولی خۆڕاگری و خۆنەویستی و ماندوویی نەناسی،سەیریان دەکرێ. ئەوان ئێستا ئالای تێکۆشانی حیزبێکیان دراوەتە دەست کە نەتەوەکەیان، بناغەی هیوای خۆی لە سەر هەڵچنیوە. گەشانەوەی ئەم هیوایە لە گرەوی بوونی ئەوان لەم سەنگەرە و بەردەوامبوون لە سەر پێشمەرگایەتی و شەکاوە ڕاگرتنی ئالای خەباتی ئەم حیزبە دایە.

بۆ خۆم یەکێکم لەو نەسلەی دەیەی چوارەمی ژیانی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە تێپەڕ دەکەن و بڕیاریان داوە ئەم ڕێگایە تا سەرئەنجامەکەی ببڕن، بەڵام بیرم هەر لای ئەو هەست و باوەڕ و ئیرادەیە کە لەم جۆرە لاو و تازەلاوانە دا بەدیان دەکەم. خۆمم لەو تەمەنە دا دێتەوە بیر. تریفەی زێوینی مانگ و هاژە و گڤەی بای ساردی پاییزی بە دەم پیاسەیەکی پێشمەرگانەی نێو حەساری قەڵادا دەمبەنەوە بۆ داوێنەکانی کێلەشین، بۆ نیوەشەوێکی پاییزی ١٣٥٩ی بنکەکەمان لە قەراغ گوندی میراوێی ناوچەی شنۆ ، نیوەشەوێکی وەک ئەمشەو سارد کە نۆرەی نیگابانیم هاوکات بوو لە گەڵ نزیکبوونەوەی مانگ لە سەر کەل و ئاوا بوونی. حەڤدە ساڵم تەمەن بوو، ئەو چەکە "ژێ-٣"یەی بۆ نێگابانی پێم درابوو، بۆ جەستەی باریک و وردیلانەم، قەبە و ناقۆڵا دەهاتە بەرچاو. یەکەم ئەزموونەکانی ڕاوەستانی بە تەنیام لە سەر پۆستی نیگابانی، ئەویش لە شوێنێکی تا ڕادەیەک دوورە ئاوایی، بوو. هەتا مانگ ئاوا نەببوو، نیگەرانیم کەمتر بوو. لە گەڵ ئاوابوونی مانگ، هاشوهووشی بای ساردی ئەو بنارە و تاریکی و چۆلیی ئەو ناوە،ترس و خۆفیان زیاترکردبووم. کات بە شێنەیی دەڕۆیی و من کەوتبوومە نێو ململانێی هەست و خەیاڵ و بیری دژ بە یەک. ئەم ژیانە پڕ لە دڵەخورپە و مەترسیە درێژە بدەم یا بگەڕێمەوە سەر ژینی ئاسایی خۆم؟ خۆم لەو هێرش و شەڕ و قەڵاچۆیە کە لە دژی نەتەوەکەم دەستی پێ کردبوو گێل بکەم و دەست بە کڵاوی خۆم بگرم یا گوێ بۆ هەستی نیشتمانپەروەرانە و دەنگی ویژدانم ڕابگرم و بەردەوام بم؟ هەمووی چەند ڕۆژێک بوو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، گوێم لە ژیاننامە یا وەسیەتنامەی یەک لە دوو لاوی بە تازەیی ئێعدامکراوی مەهابادی: خالید کەریمی یا ڕەزای شاتری ببوو. هەر چی دەمهێنا و دەمبرد، خۆمم بۆ ڕازی نەدەکرا، بڕیارەکەم بە لای دەستهەڵگرتن لە پێشمەرگایەتیدا بخەم و ناوی ئەو لاوە تازە شەهیدانە و وەسیەتەکەیان لە بیر خۆم بەرمەوە. لەو کاتەوە هەتا ئیستا لە زۆر قۆرت و پێچی ژیانی پێشمەرگانە ، لەپاڵ خۆم دا، بەرەوڕووی ئەم جۆرە ململانێیانە بوومەوە. هەموو جارێ قەناعەتێک بڕیارەکەی پێ نوێ کردوومەوە. هەموو ئەو خوێن و گیان و نرخانەی لە ڕەوتی ئەم مێژووە خوێناوییە دا پێشکەشی ئامانجی ئازادیمان کردوون، بە فیڕۆ دەچن ئەگەر لەسەر ڕێگای شەهیدەکان بەردەوام نەبین و ئالای دەستیان شەکاوە ڕانەگرین. پێشمەرگایەتیو تیکۆشانی پێشمەرگانە و خەبات لە سەر خاکی کوردستانیش دیارترین و کاریگەرترین جۆر و شێواز و نیشانەی بەردەوامبوونی ئەو خەبات و ڕێگایەیە. بەردەوامبوونی هەر تاکێکی خەباتکاریش

یەکسانە لە گەڵ وەلاتانی خۆشی و ئاسوودەییەکان و بەرژەوەندییە شەخسی و تایبەتیەکان لە پێناوی دوارۆژی نەتەوەیەکی بندەست و بزووتنەوەیەکی ڕەوادا. حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی لە کوردستان بەختیارن کە لە هەموو برگە و قۆناغە ئەستەمەکان دا،لە سەر کەسانی خۆنەویست و خەباتکارانی شێلگیر و بەردەوام، پەکیان ناکەوێ.

**لە ژمارە ٦٦٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥**

## نەک ساڵێ ڕۆژێک، با هەموو کات پشتیوان و خەمخۆریان بین

(بە بۆنەی رۆژی جیهانیی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت)

ڕۆژی ٣ی دیسامبری هەر ساڵێک، رۆژی جیهانیی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتە. لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانە و لە کوردستانەکەی خۆشماندا، زۆر مرۆڤ هەن زگماک یا دواتر بە هۆی ڕووداوێکەوە، لە ئەندامێک یا چەند ئەندامی لەشیان بێبەش بوونو ناچار بوون بەو وەزعەوە چەرخی ژیان بەرەو پێش بەرن.

ژیان بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە هەمیشە سەخت و پڕ کوێرەوەرییە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا. چونکە کەم ئەندامی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، بەو هۆیەوە کە ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگیگشتی لە خوارەوەیە، لەلایەن زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەیەوە بە چاوی ناتەواو وعەیبدار وسەربار سەیری دەکرێ. کەمئەندامان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە هۆی رفتارو هەڵسوکەوتی ناشیرین وناشارستانی، هەستیان بریندار دەکرێ و زەبر لە روحیەیان دەدرێ. لە بارێکی دیکەشەوە، لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەسانی کەمئەندام و نەقوستان، ژیانێکی تاڵ و دژواریان هەیە. بەو هۆیەوە کە دەسەڵات و دام ودەزگا دەوڵەتییەکان کەمترین بایەخ بە تەئمینی کۆمەڵایەتی وپێڕاگەیشتنی باری ژیانی توێژو بەشە هەژارو زەحمەتکێش وکەم داهاتەکان دەدەن، بەو هۆیەوە دامودەزگا دەوڵەتی وحکوومەتییەکان، وەک زۆر بواری دیکە بە پێویست نازانن لە ئاست داواو چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا ولاَمدەر بن، کەم وا هەیە دامەزراوێکی دەوڵەتی ئەرکی بەخێو کردن و پێڕاگەیشتن، یان دابینکردنی پێویستییە ماڵی ودەرمانییەکانی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە بگرێتە ئەستۆ و بە کردەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەو کەسوکاریان. زۆر جاریش ناچارن بۆخۆیان خەم لە خۆیان بخۆن و ئەرکی هەڵگرتنی باری قورسی ژیان و بڕینی رێگای سەخت و پڕ هەورازو لێژی گوزەران و نان دەرهێنان بخەنە سەر جیسمی ناتەواویان. ئەرکێکی سەخت و بارێکی قورس کە زۆر جار ئەوانەی خاوەنی جیسمی ساغ و لەشی بێ ئازارن، پشتیان لە ژێریدا دەچەمی و لاقیان دەنووشتێتەوە.

لە کوردستان بە هۆی دەیان ساڵ شەری ماڵوێرانکەری رێژیمە کوردکوژەکان لە دژی گەلی کورد، یا کردنی کوردستان بە مەیدان و بەرەی شەڕی نارەوای خۆیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها بە هۆی ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییەی بۆ سەرکوتی ئەو گەلە بە کاریان هیناون، رێژەیەکی زۆرلە ژن و پیاو ومنداڵ و لاو، بریندارو نەقوستان بوون و ئەندامێک یا چەند ئەندامی لەشیان لە دەست داوە. لەوەش تاڵتر ئەوەیە، ئەو کاتەی گەلەکەمان بەشیک لە نیشتمانەکەی لە هیزەکانی یەک

لەو دوژمنانە پاک کردۆتەوە، شوێنەواری ماڵوێرانکەری ئەوان بە یەکجاری نەبڕاوەتەوە. چونکە هەزاران مینی شاراوە لە ژێرخاکی کوردستان دا و یان بێئەژمار گوللە تۆپ و خۆمپارەی نەتەقیو، لە دوایان بە جێ ماوە کە یا هەر چەند شەو و ڕۆژ جارێک، یەک یا چەند دانەیەکیان تەقیوەتەوە و بووە بە هۆی کوشتن و برینداروکەم ئەندام بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان.

سەدان وهەزاران کەس لەو لاوە کوردو نیشتماپەروەر و خەباتگێرانەش کە لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیاندا چەکی پێشمەرگایەتیان کردوەتە شان و لە سەنگەری دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی گەلی کورد و پاریزگاری لە خاکی کوردستان دا، بەرەنگاری دوژمنان بوونەوە، بریندارو کەمئەندام بوون.

بە سەرەنجدان بە هەمووی ئەوانە، لە کوردستان ژمارەیەکی زۆرمرۆڤی کەمئەندام هەن. ئەمانە زیاتر لە ڕۆژی ٣ی دیسامبردا وەبیر کۆمەڵگە و دەزگا و دامەزراوەکان دێنەوە و ئاوڕێکیان لێ دەدرێتەوە.

بەڵام جێی خۆیەتی نەک هەر لەو ڕۆژە دا بەڵکوو بە بەردەوامی لە بیرمان بن و لە چارەسەری کێشە و گرفتەکانیان دا پشتیوان و یارمەتیدەریان بین. ئەرکی هەموو توێژ و بەشەکانی کۆمەڵ و لە سەرەوەی هەمووانەوە حکوومەت و دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و حیزبو ڕێکخراوەکانە، هاندەرو یارمەتیدەرو پشتو پەنای ئەوان بن و بە دابین کردنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیانی ئەوان، لە ئازارو مەینەت و تاڵی وسەختییەکانی خۆیان و بنەماڵەکانیان کەم بکەنەوە.

سڵاو لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، سڵاو لە هیممەت و ورەی بەرزیان کە سەرەڕای هەموو سەختییەکان و بێبەشی لە پشت وپەنایەکی قایمی کۆمەڵایەتی و حکوومەتی، لە ژیان و تێکۆشان ناهومید نین. بەو هیوایەی هەموومان و هەر یەک لە ئاستی بەرپرسایەتییەکانماندا بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشترو داهاتوویەکی دڵنیا بۆ ئەو مرۆڤە لە بیرکراو و پشت گوێخراوانەی کۆمەڵ تیبکۆشین.

لە بیرمان نەچێ یەکێک لە پێوەرەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگەیەکی لە باری فکری و ڕەوانییەوە تەندروست، ڕادەی مشوور خواردن و جۆری بە دەنگەوەچوونی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاست مرۆڤی خاوەن پێداویستیی تایبەتە.

لە ژمارە ٦٦٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٦

## ئەو قوربانیانەی دەریا هەڵیان دەلووشێ

یەکەم جار کە لە سەر نوقم بوونی پەناخوازەکان لە ئاوەکانی نێوان وڵاتو ناوچەی خۆیانو ئورووپا نووسیم، ٧ی ئۆکتوبری ٢٠١٣ بوو. هەستم، ویژدانمو ئەو بایەخە ئینسانیانەی ئەستووندەگی باوەڕم پێک دێنن، ڕیگەیان پێ نەدام لە ئاست خنکانی نزیکەی٥٠٠ پەناخوازی سۆمالیاییو ئێریترەییو بیسەروشوێنبوونی ٣٠٠کەسی دیکە لەوان لەنزیک دوڕگەی لامپیدوسای ئیتالیا لە یەک ڕووداودا، بێدەنگ بمو هیچ نەنووسم. ئەو کات بە خەیاڵیشم دا نەدەهات ڕێک لە ٧ی ئوکتوبری دوو ساڵ دواتردا، بۆ خۆشم شایەدی سەرەتای سەفەری ئازیزترین کەسەکانی خۆم بە ڕێگایەکی لەو چەشنە دا دەبم. شەوی پێش ئەم سەفەرەم هیچکات لە بیر ناچێ. ئەگەر چی ویناکردنی بە خەیاڵیش هەر ناخۆشو دڵتەزێن بوو، بەڵام ئەگەری چارەنووسێکی نەخوازراو، بۆ ئەو مێرمنداڵەش هەبوو کە توند باوەشم پێداکردبوو. بیرم لە خەمو فرمێشکەکانی د.عەباسی مامۆستای زانکۆم دەکردەوە کە کوڕەکەی لە ڕێگەی سەفەری ئورووپادا شەپۆلەکانی دەریا لێیان ئەستاندو نەیان داوە، بیرم لە ژانگرتن و نەحەجمینی ئەو دایکو باوکانەی دراوسێمان لەو کاتانەدا دەکردەوە کە منداڵەکانیان، ئەم ڕێگە پڕ مەترسییەیان دەبڕێ. بیرم لە ژیان یا لە ڕاستیدا لە بێمانایی ژیان لە ئەگەری وەڕاستگەڕانی ئەو جۆرە کابووسانە دەکردەوە کە نە دەمتوانی بیانهێنمە بەرچاوی خۆم و نە لە کۆڵیشم دەبوونەوە....

بە خۆشیەوە ئەو کات، ئازیزانی منیش وەک ئازایزانی زۆر کەسی دی - ئەگەر چی وەک دەڵێن لە یەک قەدەمیی مردن گەڕابوونەوە- بە ساغی گەیشتنە جێ. بەڵام هەستو ویژدانی مرۆڤ، چۆن دەتوانێ ئاسوودە بێ لە کاتێک دا هەر بە چەند ڕۆژ جارێک، هەواڵی خنکانی پۆلێک ئینسان کە زۆربەشیان ژنو منداڵو لاون، دەبیسین و دەخوێنینەوە؟ پۆلێک ئینسان کە لە دەست ستەمو چەوسانەوەو بیدادیو شەڕوماڵوێرانیو قاتیو قڕی لە وڵاتو ناوچەکەی خۆیان ڕایان کردوەو، هێندیکیان هاوزمانو هاونەتەوەو تەنانەت ناسیاون. ئەو شانسەی "ئالان کوردی"یشیان نیە کە هەر نەبێ بە خنکاوی ببنە جێگای سەرنجی میدیاکانو ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی جیهان تا لانیکەم مەرگی دلتەزێنی ئەوان، خێری کۆمەڵێک پەناخوازی دیکەی بە دواوە بێ.

دوو ساڵ لەوە پێش نووسیبووم: "مەرگی پەناخوازان، ئەو کەسانەی لە دەست هەژاریو ستەمو توندوتیژی وڵاتی خۆیان بە جێ دێڵنو بە دوای ئەمنییەتو کارو ئازادی دا، ڕوو دەکەنە ئورووپاو ئوسترالیاو هتد، ساڵانێکی دوورو درێژە بووە بە شتێکی ئاسایی. وای لێهاتووە بڵاوبوونەوەی هەواڵو ڕاپۆرتی مەرگی تاقولۆقەو چەندین کەسیی ئەوان، سەرنجی کەمتر بینەرو خوێنەرێکی میدیاکان ڕادەکێشێتو تەنیا ئەو کەسانە بە بیستنو بینینیان دڵیان دادەخورپێ کە کورو کچیان،خوشکو برایان، ژنو منداڵیان، دایکو باوکیان، لەم ڕێگایانە دان. دەبێ چەند جاری دیکە، پەناخوازان، بەلەم بەلەمو پاپۆڕ پاپۆڕ لە نزیک لێوارەکانی ئەندۆنێزی، ئوسترالیا، ئیتالیا، دوورگەکانی سیسیلو لە ئاوەکانی نێوان تورکیەو یۆناندا بخنکێن، تا ڕاگەیەنەکانی جیهانو ویژدانە خەوتووەکان، بۆ ماوەیەک خۆیانی پێوە خەریک بکەن؟"

ساڵی ٢٠١٥، ساڵی کۆڕەوی سەدان هەزارکەسی و تەنانەت ملیۆنیی پەناخوازانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی سووریە بۆ ئورووپا بوو. لە حەق دەرنەچین لە ساڵی ٢٠١٥دا، یەکیەتیی ئورووپاو هیندێک وڵاتی دیکەش بە شێوەیەکی ئینسانیترو جیاواز لە ڕابردوو بەرەوڕووی کۆچی پەناخوازان بوونەوە. باوەشکردنەوەو بە دەنگەوە هاتنی ڕێکخراوو ناوەندە مرۆڤدۆستەکانو چەند وڵاتیکی ئورووپایی لە ئاست پەناخوازان، ئەو سیاسەتو ڕەفتارە بوو کە لە کۆمەڵگەی تێگەیشتووو مرۆڤدۆست دەوەشایەوە. ڕوون نیە ئەگەر بەم سیاسەتو هەڵوێستە بەرەوڕووی لافاوی پەناخوازان نەبووبانەوە، چەند کارەساتی ئینسانی روویان دەدا. بەڵام دروستکردنی کۆمەڵێک لەمپەرو بەربەست بە مەبەستی کەمکردنەوەی هاتنی پەناخوازان بۆ ئورووپا لە مانگەکانی دواتر داو، هاتنی وەرزی سەرماو دۆخی تۆفانیی ئاوەکان، بوون بە هۆی ئەوە لەم یەک دوو مانگەی دوایی دا، هەر چەند ڕۆژ جارێک کۆمەڵێک پەناخوازی بێئەنوا لە ئاوەکانی نێوان تورکیەو یونان دا بخنکێن. بە هەمووی ئەوانەشەوە ساڵی ٢٠١٥ هەر ساڵی ڕۆیشتنی زۆرترین پەناخواز بۆ ئورووپا نەبوو، ساڵی ڕووداني زۆرترین کارەساتو ساڵی قوربانیبوونو تێداچوونی زۆرترین ژمارەی پەناخوازانیش بوو.

وەک هەموو جارەکان کە دەمانەوێ لەم کێشە گەورەیەی ڕۆژگاری ئەمرۆ بدوێین، بەرەوڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە کە داهاتووی ئەم کێشەیە دەبێتە چیو هەتا کەنگێ لەبەرچاوی جیهان، مرۆڤە لێقەوماوەکان لە ئاوەکانو لە ڕێگای پرمەترسیی چوون بۆ وڵاتانی ئەمنتردا دەبنە قوربانی؟ سیاسەتی باوەشکردنەوە بە ڕووی لێشاوی پەناخوازاندا کە شایانی ڕێزلێگرتنو پێزانینە، ناتوانێ هەتا هەتایی بێ. چونکە وڵاتێک بە هەر ڕادەیەک گەورەو دەوڵەمەندییش بێ، تا حەدو ئاستێکی دیاریکراو دەتوانێ پەناخواز وەربگرێ. بەرگرتن بە چوونی پەناخوازانیش لە جەهەننەمی شوێنی ژیانیان بۆ وڵاتانی ئازادو تێر یا لانیکەم ئەمنتر، تەنیا دەبێتە لە کۆڵ خۆکردنەوەی کێشەکە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە پەناخواز ڕوویان تێ دەکا. بەڵام کێشەکە کە ڕاکردنی ئینسانەکانە لە هەلومەرجو بارودۆخی نالەباری سیاسی، ئابووریو ئەمنیەتیی وڵاتی خۆیان، هەر دەمێنێ. بۆیە گومانی تێدا نیە کە دەبێ چارەسەرێک بۆ بارودۆخی ئەو وڵاتانە بدۆزرێتەوە کە

خەڵکەکەیان شەپۆل شەپۆل لێی ڕادەکەن. کێشەی ئەو وڵاتانەش هەر چییەک بێ، چ زاڵبوونی سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆرو دژە مرۆڤ، چ هەژاریو گرانیو قاتیو قڕی، چ شەڕی نێوخۆییو کوشتار، بە تەنیاو بێ بە هاناوە هاتنی کۆمەڵگەی جیهانی، مومکین نیە. هیچ چار نیە دەبێ ئەمنیەت، ئاشتی، ئاوەدانیو ئازادی ڕوو بکاتە ئەم جەهەننەمانەی سەر ڕووی زەوییش. هەتا هەوڵێکی جیهانیی جیددی بەو ئامانجە دەست پێ نەکاو گۆڕانێکی هەستپێکراو نەیەتە دی، ئەم کارەساتانە، لەوانەیە بە شێوەیەکی سامناکتر دووپات ببنەوە.

لە ژمارە ٦٧١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێویری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# "كوردستان" لە دەسپێكی دەیەی هەشتەمی تەمەن دا

بەفرانبـاری ١٣٢٤ی هەتـاوی، ١٢ ڕۆژ بەر لە ڕاگەیەنـدرانی كۆمـاری كوردسـتان، ڕۆژنـامەی "كوردسـتان"ی زمانحـاڵی حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتان، لە دایـك بـوو. ڕۆژنـامەیەك كە دواتـرو لە گەڵ پێكهـاتنی دەوڵەتـی جمهـوریی كوردسـتان، بـوو بە سەرەكیترین ڕاگەیەنی ئەو دەوڵەتە. ڕۆژنامەی "كوردستان"ی ئەو دەورەیە كە تەمەنەكەشی وەك تەمەنی كۆمار كورت بـوو، ئەو كات خزمەتێكی گەورەی بە بڵاوكردنەوەی پەیامو لێدوانەكانی پێشەوای سەركۆمارو بڕیارەكـانی ئەو دەولەتە نەتەوەییە كـرد. لە گەڵ جێبەجیكردنـی ئەم ئەركە گرنگەشـی دا، لە لایەكەوە بـووە مینبەرێـك بـۆ ئیسـلاحی كـۆمەڵایەتیی كـۆمەڵی كوردەواریو دەنگ هەڵبڕین دژی زۆر دیاردەو نەریتی دزێوو دواكەوتوانەی نێو كۆمەڵ، لە لایەكـی تریشـەوە لاپەڕەكـانی خـۆی تەرخان كرد بۆ شێعرو ئەدەبی نەتەوەییو نیشتمانپەروەرانە. دواتریش بوو بە گرنگترین سـەرچاوە و دۆكیۆمێنت بـۆ ئەوانەی لێكۆڵینەوە لە بارەی كۆماری كوردستان دەكەن.

كۆمـاری كوردسـتان بە داخەوە هەر ١١ مـانگی خایانـدو بـوو بە بەشێك لە مێـژوو. بەڵام حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتان وەك دامەزرێـنەری ئەو كۆمـارەو هەڵگـری ریسـالەتی خەبـات دژی بندەسـتیی نەتەوەی كـورد لە ئێـران، سـەرەڕای لە دەسـتدانی ڕێبەرانو پەرتەوازەبوونی تێكۆشەرانی، بە دوای ڕووخانی كۆماری كوردستان، قامەتی خۆی ڕاست كـردەوەو ڕێگـای تێكۆشـانو خەباتی گرتەوە بەر. ڕۆژنامەی "كوردسـتان"یش كە نووسـەرانو كـادرە فەنییەكەی وەك ژمارەكـانی پێشـووی، كەوتبـوونە بەر هێرشو ڕاوەدوونـان، جـارێكی دیكە هـاتەوە مەیدان بـۆ ئەوەی مزگێنیـی سـەرهەڵدانەوەی تێكۆشـان بڵاو بكـاتەوە و پەیـامی حیزبی دیموكراتی كوردستان بگەیەنێتە خەڵكی كوردستان. دیارە تەمەنی ئەم دەورەیەی بڵاوبوونەوەی "كوردستان"یش كە بە نهێنیو هەر لە نێوخۆی وڵات چاپ و بڵاو دەبۆوە، درێژ نەبوو و تەنیا چەند ژمارەیەكی لێ دەرچوو.

"كوردستان"كە ژیانو بەردەوامییەكەی بە بـارودۆخی تێكۆشـانی حیزبـی دیموكراتی كوردستانەوە بەنـد بـووە، وەك ڕێبەرانو تێكۆشەرانی ئاشكرای ئەم حیزبە، ناچار بووە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی لە دوورە وڵاتـی دا تێپەڕ بكـا. ئەو بەشـە لە تێكۆشەرانی حیزب كە دوای ڕووخانی كۆمار ناچار بوون لە ئازەربایجانی یەكیەتیی سۆڤیەت بگیرسێنەوە، بۆ ماوەی چەنـدین ساڵ لاپەڕەیەكیان لە ژێر ناوی "كوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیمـوكراتی كوردسـتان" لە چوارچێـوەی ڕۆژنـامەی "آذربـایجـان"، ئۆرگانی فیرقەی دیمـوكراتی ئازەربایجـان دا بڵاو كـردەوە. سـالانێكیش لە ئورووپـا(لە دەیەی ٦٠ی زایینـی) هەر بەو نـاوە، بەڵام بێ ئەوەی ناوی ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی لە سـەر بـێ لە لایەن كەسـانێكەوە كە زۆرتریـان لە سیماكانی حیزبی دیموكرات بوون، بڵاو بۆتەوە.

سەرئەنجام لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوییەوەو لە گەڵ دەسپێکی پرۆسەی ژیانەوەو نوێبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە "کوردستان" هاتەوە مەیدان. دورەیەک لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەستی پێ کرد کە هەتا ئێستاش بەردەوامە. ڕیبەندانی داهاتوو، تەمەنی ئەم دەورەیەی "کوردستان" دەبێتە ٤٥ ساڵ. لەم ماوەیەداو بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٥٩ەوە حیزبی دیموکرات بووە خاوەنی راگەیەنێکی گرنگی دیکە بە ناوی رادیۆی "دەنگی کوردستان"ی ئێران. زیاتر لە ٨ساڵیشە ئەم حیزبە خاوەنی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی بە ناوی "کورد کاناڵ"ە. هەر کام لەو دوو ڕاگەیەنە، بە پێی پێویستیی سەردەمو کارایی تایبەت بە خۆیان، هاتوونە نێو گۆڕەپانی تێکۆشان. لە گەڵ ئەوەی ژمارەی بەردەنگی هەر کام لەو دوو راگەیەنە، لە خوێنەرو بەردەنگی "کوردستان" زیاتر بوون، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێویستیی هەبوونی ڕۆژنامەی ئۆرگان، بێ نیاز بکەن. "کوردستان" لە گەڵ ئەوەی لەم سالانەی دواییدا، مەجالی بە هێندێک نووسین داوە کە ناچنە خانەی سیاسەتو هەڵویستی حیزبەوە، بەلام لە سەریەک هەڵگری ئەدەبیاتی نووسراوی حیزب، بە تایبەت بەیاننامەکانوهەڵویستو روانینی ئەم حیزبە بووە.

"کوردستان" لە ڕووی بەردەوامیو ماندوویی نەناسییەوە سەرەرای هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٧٠ سالەدا، لە سەر ڕێی بووە، هەر وەها لە ڕووی وەفاداریو پابەند بوون بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ڕێبازی حیزبیک کە دامەزرێنەری ئەم کۆمارەیە، بۆی هەیە بە خۆی بنازێو هەست بە سەربەرزی بکا. ئەم شانازییە، بۆ ئەم ڕۆژنامەیەو بەرێوەبەران و نووسەرانی، هەر وەها بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرمایەیەکی گەورەیە. بەڵام "کوردستان" لە سەردەمی ملبەملەی میدیاو پێوەندیی خێراو بەردەنگی پرچاوەڕوانیدا، ناتوانێو نابێ تەنیا بەوسەرمایە بە نرخە، پشت ئەستوور بێ. دەزانین کە لە ڕووی جۆری پێوەندیمان بە بەردەنگو هاسانکاری بۆ دەستراگەیشتنی خوێنەران بەم ڕۆژنامەیە، لە لایەنی بایخدان بەو پرسانەی پێوەندییان بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەینەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە، لە باری فۆرمو شێوازی نووسینو نوێبوونەوە لە ڕووی گوتارو ڕوانینەوە، پێویستە بەخۆمان دا بچینەوە.

یادی ٧٠ ساڵەی "کوردستان" دەکەین بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی داوا لە خوێنەرانو هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین بە پێشنیارو هاوفکریی خۆیان، یارمەتیمان بدەن لە گەشاوە ڕاگرتنی چرای تەمەنی "کوردستان" لە دەسپێکی دەیەی هەشتەمی تەمەنی خۆی دا. نایشارینەوە کە لە هەلومەرجی ئێستای تێکۆشانو خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بە تایبەتی لە بارودۆخی نالەباری ماڵیی هەنووکەی حیزبدا، بە داخەوە دەستمان بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە ڕووی چاپو جۆری کاغەزو تیراژو هتد، زۆر بەستراوە. هیوای ئێمە ئەوەیە لانیکەم لە ڕووی ناوەرۆکو گرنگیدان بە پرسو بابەتەکانی ڕۆژو خستنە رووی گوتارو خوێندنەوەی سەردەمیانەو عەقلانی، لە ئاستی چاوەروانیی خوێنەرانماندا بین. بۆ ئەمەشیان چاومان بڕیوەتە

ڕێنوینیو پێشنیارو هاوکاریی هۆگرانی "کوردستان" بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، توانای نووسین و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانیان هەیە.

لە ژمارە ٦٧١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جانێویری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی

**(بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان)**

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٧٠ ساڵ بە سەر راگەیەندرانی جمهووریی کوردستان لە مەهاباد رادەبرێ.

ئەم دەوڵەتە کوردییە لە ڕووی ماوەی دەسەلاتدارەتیی، یەکێک لە کەمخایەنترین دەسەلاتو دەوڵەتەکان لەم ناوچەیە دا بووە، بەڵام لە ڕووی ئەو خزمەتانەش کە لە ماوەی کورتی تەمەنی خۆی دا پێشکەشی نەتەوەی کوردی کردن، هەر وەها لە ڕووی دانانی کاریگەریی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەو خەڵکەش کە لە هەناوی ئەوانەوە هەڵقوولابوو، دەتوانین بڵێین هەر بێ وینە بوو.

کارنامەی ١١ مانگەی دەسەلاتدارەتیی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان لە بوارەکانی سیاسی، رۆشنبیریو وەدیهێنانی خەونو ئاواتە لەمێژینەکانی نەتەوەی کورد دا، لە زۆر بۆنەدا بە تیرو تەسەلی کەوتوونە بەر باس و پیویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن. هەر ئەوە کە هەتا ئێستاش، بەشی زۆری نەتەوەی کوردو هیزە سیاسییەکانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان، هێماو ڕەمزەکانی داهێنراو لەو کۆمارەیان دا قبوولەو لە ژیانو تیکۆشانی سیاسیی خۆیان دا بە کاریان دینن، بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ شوێندانەر بوونی ئەو دەوڵەتە کوردییە لە سەرڕەنگرێژکردنی هزرو هیواو باوەڕی نەتەوەیی ڕۆلەکانی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. سروودی نەتەوەیی، ئاڵای کوردستانو ناوی هێزی پێشمەرگە، کە کۆماری کوردستان دایهێناونو ڕەسمییەتی پیداون، هەتا ئیستاش دەقاودەق یا بە کەمێک دەسکارییەوە، لە ژیانی سیاسیو خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، برەویان هەیە.

بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، هەر تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نیە کە چووبێتە نیو مێژوو و تەنیا وەک بیرەوەرییەک مابێتەوە. کۆماری کوردستان، ڕووداویکی مێژوویی بوو بەڵام نەک بەو مانایە کە هاتو رابرد. بەڵکوو بەو خوێندنەوەیە کە شەقڵی خۆی لە سەر ڕێگاو ڕێبازی سیاسیی داهاتووی نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان بە جێ هێشتوە. ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە کورتخایەنە، لە ڕووی ئەو بەرنامەو خزمەتانەی پێشکەشی کردن، هەر وەها لە روانگەی سیاسەتەکانی لە بواری جۆراوجۆرداو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافو ئازادییانەی بۆ خەڵک دابینی کردبوون، بووە بە مۆدیلێک لە دەوڵەتو دەسەڵاتدارەتی نەتەوەیی کە حیزبی

دیموکراتی کوردستانو خەڵکی دیکەش، هەتا ئێستاش بە هیوای دووبارە بنیاتنانەوەو زیندووکردنەوەین. کۆماری کوردستان، بە ڕووخانی، نەچووە نێو بۆتەی لەبیرچوونەوە، بەڵکوو بوو بە مانیفێستێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. مانیفێستێک کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا ساڵ بە ساڵ زیاتر کەوتووەتە بەر سەرنجی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستانو ئێستا ئیدی هەموان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

لە بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی ڕاگەیەندرانی کۆماری کوردستاندا، هەر ئەوەندە بەس نییە کە وەفاداریی خۆمان بەو مانیفێستە دووپات بکەینەوە. ئەو سیاسەتو پەیامەش کە سەرۆکی ئەو کۆمارە، پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە یەکخستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵدا لە سەری دەڕۆیشت ، دەبێ وەبیر خۆمان بێنینەوە. دەبێ هەموو جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگەو گۆڕەپانی سیاسی ببینین، ڕێزیان لێ بگرینو هەوڵ بدەین لە پێناوی ئامانجی گشتی و گەورەدا، کە ڕزگاریی کوردی ڕۆژهەڵات لە ژێر ستەمو بندەستییە، یەک بخەین. هەمووی ئەوانەی بەو چاوە سەیری کۆماری کوردستان دەکەن، دەکرێ بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییە بن. بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە حیزبی دیموکرات (دێموکراتەکان) لە هەموان زیاترو لە پێشەوەی هەموان، بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییەن؟ بەردەنگێک کەلە پێشدا بۆ خۆی و لەنێوخۆیدا پێویستی بە یەکگرتنو یەکبوون هەیە.

تێبینی: ئەم بابەتە سەروتاری ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## "ئێمە ئامادە نین ببین بە شەریکی تاوانەکانتان"

ماوەی چەند مانگە لە باکووری کوردستانەوە بەردەوام هەواڵی دڵتەزێن دەگەن. هەر جارەی لە شارێک لە شارەکانی باکوور، گیانی چەند کەسێکی بێتاوان کە زۆرێک لەوان ژنو منداڵن، دەستێندرێ. دوایین ڕووداوی لەم چەشنە، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ژانویە لە جزیرە ڕووی دا. نزیکەی ٣٠٠ کەس خەڵکی ئاسایی‌و چالاکی سیاسیی باکووری کوردستان، بە نیازی شکاندنی گەمارۆی ئابووریی حکوومەتی تورکیا بۆ سەر دانیشتوانی شاری جزیرە ، خۆیان دەگەیەننە نێو شارەکە. بەو جۆرەی میدیاکان بڵاویان کردوەتەوە هێزە ئەمنی‌و سەربازییەکانی دەوڵەت، دوای چوونی گەمارۆشکێنان بۆ نێو جزیرە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شار، دەیاندەنە بەر دەسترێژ کە بە هۆی دەسترێژی هێزە ئەمنییەکان، زیاتر لە بیست کەس لەوان کوژراون یا بریندار بوون.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێخۆشبوون لە بانگەوازێکی بە پەلە دا، ڕاپۆرتێکی لە بارەی بارودۆخی چەند مانگی ڕابردووی باکووری کوردستان بڵاو کردوەتەوە. لەوبانگەوازە دا هاتوە کە لە مانگی جولای ڕابردووەوە کە دەولەتی تورکیە هێرشێکی بەربڵاوی بە ناوی بەربەرەکانی لە گەڵ تێرۆریزم وەڕێ خستوە، لانیکەم ٥٨ جار حکوومەتی نیزامی لە شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە(بۆ وێنە لە جزیرە، شەڕناخ، سوور، ماردین، دیاربەکر، هەکاری، مووش، ئالازیغ و باتمان) ڕاگەیەندراوە. نزیکەی میلیۆنێکو ٤٠٠ هەزار کەس بە هۆی ڕاگەیاندنی حکوومەتی نیزامی‌و گەمارۆ ئابوورییەوە، لە خزمەتە سەرەتایی و بنەڕەتییەکان بێبەش کراون. بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ١٦٢ کەسی سڤیل(لە نێویاندا ٢٩ ژن، ٣٢ منداڵ‌و ٢٤ کەسی شێستساڵ بۆ سەرەوە) کوژراون. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لێخۆشبوون ڕایگەیاندوە کە ئەم پەلامارانە هێرش بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی بواری مافی مرۆڤیشیان بە دواوە بووە. ئەم ڕێکخراوەیە، ناوی "سزادانی گشتی"ی لە سەر کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیە داناوە و داوای کردوە هێرش و پەلامار بۆ سەر خەڵک و بە کارهێنانی چەکی قورس بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ نارەزایەتیدەربڕینی دانیشتوان بوەستێنێ و دەست لە ڕاوەدوونان و گرتن و سزادانی چالاکانی مافی مرۆڤ و ئاکادیمییەکانی خوازیاری ئاشتی‌و ناڕازی لە شەڕ، هەڵ بگرێ.

### ئەوانەی نایانەوێ ببنە شەریکی تاوانەکان

لەم دوایانە دا ژمارەیەکی زۆر لە ئاکادیمیسیەنەکانی تورکیە پێکهاتوو لە مامۆستایانی تورکو کوردی زانکۆکانی تورکیەو باکووری کوردستان، بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە. ئەم بانگەوازە کە لە ژێر دروشمی" نابین بە شەریکی تاوانەکانتان"دا بڵاو

بــۆوە، هەم لە دەرەوەی تــورکیە و هەم لە نێوخــۆی وڵات دا لە گەڵ پێشــوازیو پشــتیوانیی کەســایەتییە ئاشــتیخوازەکان بەرەوڕوو بوو. زیاتر لە هەزار ڕووناکبیر لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان پشتیوانییان لێ کرد کە بە ناوبانگترینیـان، نوام چامسکی ڕووناکبیری چەپی ئەمریکایی بوو. لە نێوخۆی تورکیاش، ژمارەیەکی زۆر لە بەرگریکارانی مافی مرۆڤو خوازیـارانی ئاشــتی، پشــتیوانییان لەم حەرەکەتەی ئاکادیمیســیەنەکان کــرد. دەنگــی خۆیــان تــێکەڵ بەم حەرەکەتە جیهــانییە کــرد. ئەنــدامانی کــۆمەڵەی مــافی مــرۆڤ(IHD) و بنیــاتی مــافی مرۆڤــی تــورکیە(HRFT)، پــارێزەران، نــوێنەرانی حیــزبە سیاسییەکانو ڕۆژنامەنووسانی ئازادبیر لە ڕیزی پشتیوانانی ئەم حەرەکەتە دان.

دژکــردەوەی ســەرکۆمارو دامودەزگــا ئەمنییەتییەکــانی تــورکیە بەرامبەر کەسایەتییە ئاکادیمییەکــان زۆر تونــد بــوو. ئەوان ئاکادیمیسیەنەکانیان بە پشتیوانی لە تیرۆریــزم تاوانبــار کردو هەڵمەتێکی ڕاوەدوونــانو گرتنیــان لە دژیــان وەڕێ خست. بەڵام ئەم دژکــردەوە تونــدە نە ئەوانــی لە هەڵوێســتەکەیان پاشــگەز کــردەوە، نە پێشــی پشــتیوانیی ژمــارەیەکی زیــاتری خوازیارانی ئاشتیو چالاکانی مافی مرۆڤ لە هەڵوێستەکەی ئەوانی گرت. دوابەدوای هێرشی پـۆلیس بـۆ سـەر ماڵو شوێنی کــاری ژمــارەیەک لە مامۆســتایانەی بانگەوازەکەیــان ئیمزاکردبــووو لێپێچینەوەیــان، کەســایەتییە ئاکادیمییەکــانی دژە شــەڕ، سەرلەنوێ بەیاننامەیەکیــان بڵاو کــردەوە. لەو بەیاننــامە دا کە ٤ خــاڵی گرتبــووە خــۆ، هــاتبوو: نــابێ جارێکی دیکە ڕێگە بدرێ بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی ئالۆزییەکان، حکوومەتی نیزامیی سەردەمی کودەتــا بە سەر خەڵــک دا بسەپێندرێ و و ئاکادیمییەکان و مامۆستایانی زانکۆ بە بانگکرانی ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ و هەڵگرانی بیروڕای جیـاواز بکەونە بەر هێرش و پەلامار. لە دووهەم خاڵدا، ئۆباڵی ئەم ئاڵۆزی و سەرهەڵدانانەی دوایی خرابووە ئەستۆی سیاسەتێک کە لە مێژ ســاڵە لە دژی نەتەوەی کــورد بەڕێــوە دەچــێ:" ئەو شــتەی ئێســتاکە بە نــاوی خەنــدەق و هەڵچنینــی دیــوار و بەربەســت لە شارەکاندا باسی لێوە دەکرێ هۆکارەکەی بۆ ئەو پشێویانە نـاگەڕێتەوە کە ئەمرۆکە لە ئـارادان. ئەوە دەرەنجـامی نائومێـدیی کــوردە بەرامبەر بەو بەڵێنــانەی لە ١٩١٩ەوە تــاکو ئەمــڕۆ پێیــان دەدرێ و جێبەجــێ نــاکرێنو دواجــاریش لە ئەنجــامی قڵــپ کردنەوەی مێزی وتووێژ و لە ئەنجامی ئەو فشار و زەختو زۆرانەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ڕووبەڕوویـان دەبێتەوە."

سەرەڕای ئەو هەوڵانەی بۆ کپکردنی دەنگی ئاکادیمیسیەنەکانی خوازیاری ئاشتی و دژەشەڕ لە گۆڕێیە، پێشوازی و پشتیوانی لە حەرەکەتی بوێرانەی ئەوان، ڕووی لە زیادبوونە.

ئاکادیمیســیەنە بوێرەکــانی تــورکیەو ئەو کەســایەتیو دامەزراوانەی لە گۆڕەپانەکــانی سیاســەتو ڕۆشــنبیری و کــۆمەڵگەی مەدەنی، ڕەگەڵیان کەوتوون، شێوازێک لە دەنگهەڵبڕینو هەڵوێستگرتنیان گرتۆتە بەر کە جێی خۆیەتی لە وڵاتانی دیکەش گرنگییان پێ بدرێ. ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە هۆی ڕێژیمی کۆمای ئیسلامییەوە بە سەری دێت، کەمتر نییە

لەوەی کورد لە باکووری کوردستان بە سەری هاتوە. بەڵام کەسایەتییە ئاکادیمییەکانی ئێرانو ناودارانی بوارەکانی دیکە، ئەوانەی لە نەتەوەی باڵادەستن، چەندیانو کەنگێ وێرایان یا ویستیان، دژی تاوانەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەرو تاوانخولقێنی ئێران، دەنگ هەڵبڕن یا لانیکەم خوازیاری ئەوە بن کە ڕێژیمی ئێران ڕێگای هێمنانە بۆ ڕووبەرووبوونەوەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بگرێتە بەر؟ کەنگێ ئەوانیش دەیسەلمێنن ویژدانی زیندوو و ڕاپەڕیوی کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیانن و " ئامادە نابن چی دیکە ببن بە شەریکی تاوانەکان"؟

سەرچاوەی زانیارییەکان:

ماڵپەڕی "اخبار روز"

ماڵپەڕی بی بی سیی فارسی

ماڵپەڕی NNSROJ:

تێبینی: ئەم بابەتە لە لاپەڕەی بەر لە ماڵاوایی ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# چێژی زمان لە نووسین و وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە دا

ئاماژە: ڕۆژی ٤ی ژانویەی ئەم ساڵ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە، کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ کەسایەتیی سیاسی ونووسەر و وەرگێڕی بە ناوبانگی کورد عەبدوڵلا حەسەنزادە، پێک هێنا کە تێیدا کۆمەڵێک و تار و بابەت پێشکەش کران. ئەم بابەتەی لێرە دا دەخرێتە بەر چاوتان، لەم کۆڕە دا لە لایەن نووسەرەکەیەوە پێشکەش کرا.

## لاپەڕەی ئەدەب و هونەری "کوردستان"

باسەکەم بە دەسخۆشی و پێزانین بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە دەست پێ دەکەم کە ئەم ئێوارە کۆڕە ڕازاوەیان بۆ ڕێزگرتن لە حەسەنزادەی نووسەر و وەرگێر، ڕێک خستوە. هیوام سەرکەوتنی ئەم کۆڕەو ئاواتم بەردەوامیو تەمەندرێژیی مامۆستا حەسەنزادەیە.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندە. لێرەدا لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسیو خەباتگێڕانەی ئەو کەسایەتییە مەبەست نیە و، قەرار وایە لەم کۆڕەدا بپرژێینە سەر ڕەهەندی ئەدەبی و زمانیی کارو تێکۆشانو بەرهەمەکانی حەسەنزادە. بەڵام هەر ئەو کارەش بۆ خۆی ئەوەندە هاسان نیە. چونکە مامۆستا حەسەنزادە هەم نووسەرە، هەم وەرگێرو، هەر لەو کاتەش دا، لە پێوەندی لە گەڵ خزمەتی زمانی کوردیدا، خاوەن شەقڵو خودان بەرهەمەو، جێگاو شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. باس لە هەمووی ئەوانە لە توێی وتارێکی چەند دەقیقەیی دا، مومکین نیە. هەر بۆیە من هەوڵم داوە تەنیا لە سەر لایەنی زمانیی نووسینو وەرگێڕانەکانی مامۆستا حەسەنزادە چڕ ببمەوە.

## قەڵەمێک لە نێوان نووسینو وەرگێڕاندا

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە مەیدانی ڕۆشنبیری دا پتر وەک وەرگێڕ ناسراوە تا نووسەر. بەڵام بەو ناسیاویو زانیارییەی من لە ژیانو تێکۆشانی ئەو هەمە، حەسەن زادە نووسینی لە وەرگێڕان زیاترە. ژمارەو بارستایی ئەو بابەتو لاپەڕانەی حەسەنزادە نووسیونی، زۆر لەوانە زیاترن کە ئەو وەری گێڕاون. ئەگەر وایە هۆی چییە کە ئەو عەبدوڵلا حەسەنزادە پتر وەک وەرگێڕ ناوی دەرکردوە؟

نووسینەکانی مامۆستا بە زۆری ناوەڕۆکی سیاسییان هەبووەو ملکی حیزبێکی سیاسی بوون. بۆ پەنجا ساڵ دەچێ حەسەنزادە یەک لە بەشدارانو بەرهەمهێنەرانی ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەو نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە پانتایی ئەو ئەدەبیاتیە دا، حەسەنزادە هەر قەڵەمێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو بەشدارو بەرهەمهێنەرێکی هەرە دیارو خاوەنی زۆرترین کاریگەری بووە. فۆرمی نووسینە سیاسییەکانی حەسەنزادە، بە زۆری وتارو بەیاننامەی سیاسی بوونو زۆربەی هەرە زۆریشیان، بێ ئەوەی ناوو ئیمزای حەسەنزادەیان لە سەر بێ، بڵاو بوونەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە لە ڕۆژنامەو راگەیەنەکانی حیزبدا، نووسەران بۆیان هەبوو ناوی خۆیان لە سەر بابەتەکانیان بنووسن، مامۆستا حەسەنزادە هەر حەزی نەکردوە نووسینەکانی بە ناوو ئیمزاوە بڵاو ببنەوە. نهێنیی تا ڕادەیەک شاراوە مانەوەی نووسەربوونی مامۆستا، لەم ڕاستییە دایە.

بەڵام وەرگێڕدراوەکانی مامۆستا بەم هۆیەوە کە ناوی وەرگێڕیان بەسەرەوە بووە و، لە لایەکی دیکەشەوە بە دەلیلی سەرکەوتوویی‌و پێشوازیی کەم وێنەی خوێنەران لەوان، ناوی "عەبدوڵلا حەسەنزادە"یان لای خوێنەران کردوە بە ناوێکی زۆر ناسراوو فرە خۆشەویست. لێرە دا دەمەوێ قامک لە سەر ڕاستییەک دابنێم. نووسینی مامۆستا، لە گەڵ ئەوەی زۆرتر سیاسی بوونو هەر وەها سەرەڕای ئەوەی ناوی نووسەریان بە سەرەوە نەبووە، خوێنەرو بەردەنگ، لێیان نەپرینگاوەنەتەوەو هەر کە دەستیان کردوە بە خوێندنەوەیان ، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دێربە دێڕ پتر حەزیان چووەتە سەرو هەتا کۆتایی لە گەڵیان ڕۆیشتوون. خاڵی هاوبەشو هەرە گرینگی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە، کە دەتوانین بە سێحر و ئەفسوونی ئەو قەڵەمەی ناوبەرین، زمانەکەیەتی کە خوێنەرو بەردەنگ دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

### تایبەتمەندییە زمانییەکانی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە:

#### - بە کوردی بیر کردنەوە، بە کوردی داڕشتنەوە:

حەسەنزادە، ئەو کاتەی دەنووسێ، هەوڵ دەدا بە کوردی بیر بکاتەوە. بابەتی نووسینەکەی هەر چییەک بێ:- سیاسی، کۆمەڵایەتی یا ڕۆشنبیری، دەربڕینێکی ئەدەبیو عاتیفیی پێویست بێ، بێ یا وشکو عەقڵیو ئیستیدلالی- تەعبیرو دەربڕینێکی کوردیی بۆ دەدۆزێتەوە. زۆر لەو نووسەرانەی سەرچاوەی خوێندنەوە یا زمانی خوێندنیان زمانێکی غەیری زمانی خۆیان بووە، بە زەحمەت خۆیان لە پەتای بیرکردنەوەو دەربڕینی مەبەست بەو زمانە، بۆ ڕزگار دەکرێ.

نووسەر لە وەرگێڕ دەست ئاوەڵاترە. چونکە نووسەر بۆی هەیە ئەو مەبەستەی دەینووسێ ئەگەر بەم فۆرمە بۆی نەهات بە فۆرمێکی دیکە بینووسێ، یا ئەگەر هەر نەیتوانی مەبەستێکی دیاریکراو بگەیەنێ، وازی لێ بێنێو لە نووسینەکەی دەری



سەرچاوە
Serchawe

باوێ. بەڵام وەرگێڕ ئەم مافەی نییە. وەرگێڕ دەبێ هەم سەبک یا شێوازی نووسەر لە وەرگێڕانەکەی دا ڕەچاو بکا، هەم بە ئەمانەتەوە واتاو پەیامی دەقەکەی بگەیەنێ. وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە سەرەڕای پابەندی بەم دوو بەربەستە، دەقەکە وا وەربگێڕێت کە خوێنەر هەست بکا ئەم دەقە بەو زمانە نووسراوە. حەسەنزادە نەک هەر لە نووسیندا بەڵکوو لە وەرگێڕانیشدا، هەوڵ دەدا هەویری واتاو پەیامو دەقیک کە کاری لە سەر دەکا، بە ئاوی کوردی بگرێتەوەو نانێکی لێ دروست بکا کە چێژو بۆنو بەرامەی کوردیی هەبێ.

لێرەدا، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە مامۆستا هەر لە ڕووی واتاییەوە هەوڵ نادا نووسینو وەرگێڕانەکانی، دەربڕینێکی کوردانەیان هەبێ، بەڵکوو لە ڕووی ڕستەسازیو ڕەچاوکردنی سروشتی ڕستە لە زمانی کوردیشدا، سەرکەوتوویە. لە گەڵ ئەوەی مامۆستا هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی بە باشی دەزانێو پێی خوێندوونەوەو لێی وەرگێڕاون، هەر وەها سەرەڕای وێکچوونێکی زۆر لە نێوان سروشتی پێکهاتەی ڕستە لە دوو زمانی کوردیو فارسی، لە کاتی نووسین و وەرگێڕاندا، هەوڵ دەدا لە ژێر کاریگەریی سینتاکسی ئەو زمانانە دوور کەوێتەوەو لە ڕیزکردنی کەرەستەکاندا، بینای ڕستەی کوردی بپارێزێ.

- دەسترۆیشتوویی‌و زاڵبوون بە سەر وشەی کوردی دا:

ئەوەندەی من بزانم مامۆستا حەسەنزادە ئەگەرچی ئاشنایەتی لە گەڵ هێندێک لە دیالێکتە سەرەکییەکانی دیکەی زمانی کوردییش هەیەو، کەم یا زۆر لێیان تێ دەگا، بەڵام دەکرێ بڵێین تەنیا لە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکەی تەواو شارەزایە. دیالێکتێک کە هێندێک بە کورمانجیی نێوەڕاستو هێندێکیش بە سۆرانیی ناو دەبەن. بەڵام ئەو شارەزاییەی مامۆستا هەر تەنیا لە لەهجەی ناوچەی لەدایکبوونی خۆی یا کوردیی موکوریانی دا نیە، بەڵکوو بن لەهجەکانی دیکەی ئەو دیالێکتەش دەناسێ و شارەزای زۆرێک لە وشە و ئیدیۆمەکانیانە. لە نووسین و وەرگێڕانیش دا، هەر کات بۆ وشە دادەمێنێ، هەتا لە بن لەهجەکانی ئەم دیالێکتە یا دیالێکتەکانی دیکە وشە شک ببا، پەنا بۆ وشە لە زمانی بێگانە نابا. کوردیزانینیەکەی مامۆستا هەر ئەوە نییە کە لە گەنجینەی زمانەکەیدا، زۆر وشەی کوردیی هەیە، بەڵکوو چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکانو ئیدیۆمەکانیش دەزانێ. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، دوو ئاماژە بە پێویست دەزانم:

١- کاتێک مامۆستا هەژار بەرگی یەکەمی فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"ی بڵاو کردەوە، لە نامەیەکی دۆستانە دا، داوای لە مامۆستا حەسەنزادە کرد بەو سەرنجە وردو کوردیزانانەی خۆی هەم بە بەرگی یەکەمی هەنبانە بۆرینە دا بچێتەوە، هەم بەرگی دووهەمیش ئەگەر بڵاو بۆوە، نەبوێرێو سەرنجو تێبینییەکانی خۆی بۆ بنووسێ. دیار بوو بە داخەوە مردن مەودای نەدا مامۆستا هەژار سەرنجو تیبینییەکانی حەسەنزادە لە چاپی دووهەمی هەنبانە بۆرینە دا بگونجێنێ. دواتر مامۆستا حەسەنزادە کۆی ئەم وشانەی لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە دا نەهاتبوون، یا هەر یەکێک لە ماناکانیان هاتبوو، یا بە


سەرچاوە
Serchawe

هەڵە مانا کرابوونەوە، لە توێی کتێبێکدا لە ژێر ناوی "گوڵچنینەوە لە خەرمانی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار"دا بڵاو کردەوە کە ئەگەر چی بۆ خۆی وەک فەرهەنگۆکێک ناوی بردوە، بەڵام چی وای لە فەرهەنگێک کەمتر نەبوو.

٢- جاروبار دەبیستمو دەخوێنمەوە کە سەرکەوتوویی زمانی نووسینو وەرگێڕانی حەسەنزادە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بوارو مەجالانەی ئەو، کاری نووسین و وەرگێڕانیان تیدا دەکا. ئەو بوارانەش بە زۆری بواری سیاسیو بواری ئەدەبین کە زمانی کوردی لە مێژ ساڵە خۆی تێدا تاقی کردوونەوە! هەر لە جێدا، حەسەنزادە هەر لەم دوو بوارەدا قەڵەمی تاو نەداوەو پەڕیوەتەوە هێندێک بواری دیکەش. یەکێک لە کۆنترینو ناسراوترینی وەرگێڕانەکانی مامۆستا حەسەنزادە کتێبی "کوردستانوکورد"ە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیەو هەر تەنیا سیاسییش نیە، بەڵکوو ئابووریو جۆگرافیاو مێژووشی گرتووەتە خۆ. من نازانم لە باشووری کوردستان، کوردینووسەکان، کاتی خۆی تا چەند کەوتنە ژێر کاریگەریی زمانیی ئەم وەرگێڕانە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی نوێی کوردینووسەکان بە چەمکو زاراوەکانی بەکارهێنراو لەو وەرگێڕانە دا، دەستیان بۆ نووسین وەرگێران لە بوارەکانی ئابووریو جۆگرافیاو مێژوودا برد. بێجگە لەمە، حەسەنزادە کتێبی وەک "دان چەرموو"ی کردوە بە کوردی کە وێنا کردنی ڕەفتاری گیانداران‌و خوێندنەوەی دەروونناسانەی هەڵسوکەوتی گیانلەبەران، سەرلەبەری ئەو ڕۆمانە شیرینەی داگرتوە. بە خوێندنەوەی کوردیی ئەم ڕۆمانە، تێدەگەی کە وەرگێر، دەرەقەتی وەرگێڕان لەبوارەکانی دیکەش دێت. جگە لەمە، مامۆستا لە بواری حوقووقی، کۆمەڵایەتیو چەند بواری دیکەش دا، نووسین وەرگێڕانی هەیەو زۆربەشمان، قسەیەکمان لە سەرپاراویو ڕەوانیی زمانەکەیان نییە.

ئێستا وای دادەنێین حەسەنزادە بە لای نووسین وەرگێڕانی هێندێک بوارو بابەتدا کە قەوەی پێیان نەشکاوە یا پسپۆریی تێیاندا نیە یا لە گەڵ زەوقی ئەو ناگونجێن، نەچووە . ئەمە نەک هەر بە عەیب دانانرێ بەڵکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی مامۆستا حەسەنزادەو هەر نووسەر و وەرگێرێکی بە دەروەست و خاوەن ڕەوشتە، دیارە مەبەستم ڕەوشتی تایبەت بەم پیشەیەیە.

## ڕازاندنەوەی زمانی نووسینو وەگێڕان بە زەوقو سەلیقەی ئەدەبی:

بە زەحمەت دەتوانین بڵێین حەسەنزادە، زیاتر کەسێکی سیاسییە یا مرۆڤێکی ئەدیب. زۆرکەس خۆزگەیان خواستوە کە مامۆستا حەسەنزادە ئەوەندە خۆی بۆ سیاسەت تەرخان نەکردباو، تەنیا بە کاری نووسینو وەرگێڕانو ئەدەبیاتەوە خەریک ببا. من لەوانەم کە خۆزگە دەخوازم هەموو سیاسییەکان بە تایبەتی سەرکردەکانو کەسایەتییە شوێندانەرەکانی مەیدانی سیاسەت بە قەرا حەسەنزادە ئەدیبو ئەدەبدۆست بنو هیندی ئەو لە ئەدەبیات بزانن بۆ ئەوەی نووسینو ئەدەبیاتی سیاسیی

خۆیـانو حیزبەکانیـان، ئەوەنـدە ڕەزاگـران نەبـێ. ئەدیببـوونی حەسـەنزادە نەک هەر زیـانی بە نووسـینو وەرگێڕانـی ئەو نەگەیاندوە، بەڵکوو بەرهەمەکانی ئەویان جوانتر کردوە.

هەستو زەوقـی ئەدەبـیو سـەلیقەی جوانینـاسـانە بە جۆرێـک فریـای ئەو قەڵەمە کەوتـوون کە توانیـویەتی بەرگێکـی ڕازاوە بکـاتە بەر سیاسـیترین بەیاننامەکـانو هەڵوێسـتەکان، بـێ ئەوەی پەیـامی دەقەکە ببێـتە قوربـانیی لایەنـی ئەدەبیـی دەربڕینەکە. توانای ئەدەبیی بە کارهـاتووی نێو نووسینی سیاسیی حەسەنزادە، ڕێخۆشکەر بووە بـۆ پێکهێنـانی بەستێنێکی ڕەوانـی لە بەردەنـگدا بـۆ هەرچـی باشـتر وەرگرتنـی پەیـامە سیاسیەکەی. بەیاننامەکـانی حیزبـی دیمـوکرات بە بـۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەرانی ئەو حیزبەو هێنـدێک کارەسـاتی دیکە، کە بە قەڵەمی حەسـەنزادە بـوون، هەر وەهـا ئەو وتـارانەی حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی د.عەبدولرەحمان قاسملووو د.سادق شەرەفکەندیدا پێشکەشی کـردوون، شـایەدی بـۆ ئەم قسەیەم دەدەن.

ئەم توانا ئەدەبییە، لە کاری وەرگێڕانیشدا خزمەتی زۆری بە زمانی مامۆستا حەسەنزادە کردوە. یارمەتیـدەری وەرگێـڕ بـووە زووتر شێوازی نووسەر بدۆزێتەوەو لە هەمـان سەبک یـا شێوازدا بیکـاتەوە کـوردی. بە جـوانی لە زەرافەتـی "صنایع ادبی"و تەکنیکە زمانییەکانی نێو دەق تـێ بگـا. هـانـدەری بـوون بـۆ ئەوەی داهێـنەرانەو بە بڕوابەخۆبـوونەوە نەک لاساییکەرەوانە، کـایە ئەدەبییەکـانی نووسـەر بگـوازێتەوە بـۆ نێـو وەرگێـڕانەکەی خـۆی. ڕۆمـانی چەنـد بەرگیـی "حەمەدۆک" کە کەسـانی زۆر شارەزا لە وەرگێڕان، پێیان وایە کوردیی ئەم ڕۆمانە وەپێش دەقەکە بە زمانە ئەسلییەکەی خۆی کەوتـووەتەوە، نموونەیەکی زۆرباشە بۆ سەلماندنی جوانیو سەرکەوتوویی دەقێکی وەرگێڕدراو لە سۆنگەی بەهاناوە هـاتنی توانـای ئەدەبیی وەرگێـڕ لە کاری وەرگێڕاندا.

### کۆمەڵێک وردە تایبەتمەندیی دیکە:

بـۆ ئەوەی بـابەتەکەم لەمە زیـاتر درێـژ نەبێـتەوە، چەنـد تـایبەتمەنـدییەکی دیکەی زمـانی نووسینو وەرگێڕانـی عەبـدوڵڵا حەسەنزادە بە کورتیو بە سەریەکەوە باس دەکەم.

- مامۆسـتا هەوڵ دەدا هەتـا ئەو جێگـایەی دەگـونجێ ڕسـتەکانی کـورت بـن. ئەگەر ناچـاریش بـوو ڕسـتەکانی درێژکـاتەوە، تێدەکۆشی ڕایەڵی واتایی لێک بەستنی کەرتەکانی ڕستە ئاڵۆز نەبێو خوێنەر ڕایەڵەکەی لە دەست دەرنەچێ.

- حەسەنزادە، لە گەڵ ڕەوانیو سادەیی دەربڕین دایە. وەبیرم نایە ڕستەیەک یا دەقێکی نووسراو یا وەرگێڕدراوی حەسەنزادەم دیتبێو خوێندبێتەوە کە لێی تێ نەگەیشتبمو نەزانم دەڵێ چی.

-پابەندی بە ڕێنووسی دروستو سەختگیری لە دروووستنووسینی زمانی کوردیدا، نووسینو وەرگێرانی ئەویان کردوە بە مەرجەع بۆ کەسانێک دەیانەوێ کوردی بە ڕێنووسێکی دروست بنووسن. دیارە بە داخەوە هێندێک جار ناوەندو دامەزراوەکانی بڵاوکردنەوە، ڕێنووسە سەقەتو پڕ لە هەڵەکەی خۆیان بە سەر وەرگێڕانی ئەویش دا دەسەپێنن!

مامۆستا لە گەڵ جێگیرکردنو بە فەرمی ناسینی زمانی یەکگرتوو دایە. ئەمەش وای کردوە نەک هەر لە نووسینو وەرگێران دا، بەڵکوو لە لێدوانو چاوپێکەوتنو بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی، بەرپرسانەو بە دووربینییەوە هەنگاو بنێو بە دوور لە دەمارگرژیو بێ سڵەمینەوە لەوانەی وەک ئەو بیر ناکەنەوە، هەوڵی جێگیرکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی بدا.

چێژی زمان لە نووسین وەرگێڕانی مامۆستا حەسەنزادەدا، باسی لەمە بە پێزتر هەڵ دەگرێ. تواناو دەرفەتی من هەر ئەوەندەی بڕ کرد. هیوادارم ئەگەر نەشمتوانیبێ حەقی خۆی بدەمێ، لانیکەم شتێکی کەمم لێ باس کردبێ.

**بە قەولی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی:**

"آب دریا را اگر نتوان کشید هم به قدر تشنگی باید چشید"

واتە ئەگەر هەموو ئاوی دەریاشمان بۆ ڕانەگوێزرێ، خۆ دەتوانین بەشی تێنوێتی شکاندن لێی بخۆینەوە.
جارێکی دیکە بۆ مامۆستا حەسەنزادە سڵامەتیو تەمەندرێژیو بەردەوامبوونی لە سەر دەوڵەمەندکردنی خەرمانی خزمەتەکانی بە زمانی کوردی، بە ئاوات دەخوازم.

سپاس بۆ ئێوەش کە گوێتان لێ ڕاگرتم.

ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەری ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژێک بۆ وەدەنگهاتن لە ستەم و سەرکوتی زمانی

٢١ی فێوریە، لە مێژ ساڵە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کراوە.

بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەی بە دوور لە هەر چەشنە بەربەستو سەرکوتێک بە زمانی خۆیان دەدوێن، دەخوێننو دەنووسن، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی جێژنو شادینواندنو شانازیکردن بە زمانەکەیانە. بۆ ئەو نەتەوەو مرۆڤانەش کە زمانەکەیان بەڕەسمی نەناسراوەو ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن، بخوێننو لە دامو دەزگای ڕەسمیو دەوڵەتیو زانستی دا پێی بدوێن، ئەم ڕۆژە، واتاو ڕۆڵێکی دیکەی هەیە. بۆ ئەوان ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ڕۆژی بەداخبوون لە چارەنووسی خۆیانو زمانەکەیان، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی بێمافیو ستەملێکراوییەکانیانو، ڕۆژی دەنگهەڵبڕین دژی هەڵاواردنو بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتنو ئازادژیانە.

بەم پێیە، بۆ نەتەوەکانی ئێران کە فارسزمان نینو هەتا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانیان، یەک لەوان مافی بەڕەسمی ناسرانی زمانەکەیان بێبەشن، ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک، یانی ڕۆژی نوێبوونەوەو دووپاتبوونەوەی ئەم پرسیارەیە کە ئەم بێبەشیو بێمافییە هەتا کەی؟ تاڵیی بەڕەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم پرسیارە لەوە دایە کە بزانین و ببینین ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، خاوەنی هەر سیستەمو ناوەرۆکێک بن، لە ئاست پرسی مافە نەتەوەییو زمانیەکانی نەتەوەکانی ئێران، هەر یەک سیاسەتو ڕوانین وگوتاریان هەیە. چ ڕێژیمی شایەتیی هەڵگری ئیددیعای میراتی شارستانیەتی چەند هەزارساڵە لە سەر کار بێ، چ نیزامی ئیسلامیی بە ڕواڵەت لایەنگری عەدلی ئیلاهی، بەشی نەتەوەکانی ئێران هەر ئەوەیە کە ئەگەر داوای بە ڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، لە گەڵ سەرکوت بەرەوڕوو دەبن.

ئێران، سەرەڕای ئەو هەمووە پێهەڵگوتنەی شۆڤێنییە ڕەنگاورەنگەکانی بە شارستانیەتو مێژووی وڵاتەکەو پێشەنگایەتیی ئێرانییەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەییو زمانیدا، لە دواوەی هەموو وڵاتانی دراوسێی خۆشییەتی. هەموو ولاتانی دراوسێی ئێران کە لەوانیش دا، نەتەوەو زمانی جیاواز پێکەوە دەژین، ملیان بۆ بەرەسمی ناسینی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەیانو قبووڵی مافەکانی تایبەت بە هەر زمانێک ڕاکێشاوە. لەم بارەیەوە دەتوانین عێراق، پاکستانو ئەفغانستان بە نموونە بێنینەوە. لە عێراق، دوو زمانی کوردیو عەرەبی، هەر دوویان وەک زمانی ڕەسمی



سەرچاوە Serchawe

لە ئاستی هەموو عێراقدا ناسراونو زمانەکانی تورکمانیو ئاشورییش لە شوێنو ناوچەی ژیانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانەدا، ڕەسمیەتیان هەیە. لە پاکستان، دوو زمانی ئۆردووو ئینگلیسی، زمانی ڕەسمیو سەرانسەرینو زمانەکانی پەنجابی، بەلووچی، پەشتوون، سیندیو سرائیکی لە ئاستی ناوچەکان دا، بەرەسمی ناسراون. لە ئەفغانستان زمانەکانی دەریو پەشتوون هەر دوویان لە ئاستی وڵاتدا، زمانی ڕەسمینو کۆمەڵێک زمانی دیکەش لە ئاستی هەرێمو ئەیالەتەکان دا، بە رەسمی ناسراون. وڵاتێکی دیاری دیکەی ناوچە کە دراوسێی ئێرانیشەو نەتەوەو زمانی جۆراوجۆری تێدایەو ساڵانێکی زۆر وەک ئێران سیاسەتی زاڵکردنی یەک زمان بە سەر زمانەکانی دیکەداو سەرکوتکردنی نەتەوەو زمانەکانی دیکەی بەڕێوە بردوە، وڵاتی تورکیایە. بەڵام تورکیاش ڕێگای چاوخشاندنەوە بەو سیاسەتە لەمێژینەیەی گرتووەتە بەرو چاوەڕوان دەکرێ ئەم کێشە دێرینەیە بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنەکانی پەیماننامەکانی یەکیەتیی ئورووپا کە تورکیە لە مێژە هەوڵی پەیوەستبوون بەوانی هەیە، چارەسەربکا.

ڕێژیمی ئێران، لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کێشەی لەمێژینەی سەرکوتی نەتەوەییو زمانی لە نێو ئەو وڵاتەکەیدا، کە بەردەوام سەرچاوەی ناکۆکیو شەڕو ئالۆزیی نێوان نەتەوە بندەستەکانو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بووە، هەتا ئێستاش هەر لە سەر سیاسەتی ئینکارو هەڵخەڵەتاندنو خۆبواردن دەڕوا. تەنیا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بەربژێرەکانی سەربەو ڕێژیمە سووکە ئاوڕێک لەو کێشەیە دەدەنەوە، ئەویش نەک بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرو دابینکردنی ویستی لە مێژینەی نەتەوە بندەستەکانو ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە، بەڵکوو بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگو بۆ وەرگرتنی دەنگەکانیان بە قازانجی سەرکەوتنی خۆیان. ئەوە کە دەنگدەرانی سەر بەو نەتەوانە، ئاوڕدانەوەو بایەخدانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریو پارلمانی لە پرسە نەتەوەییو زمانییەکان، دەکەن بە مەرجو پێوەرێک بۆ هەڵویستی خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا، شتێکی دروستو لە جێی خۆی دایە. بەڵام ئەوە کە دوای هەڵبژاردنەکان، هەم ئەوانەی بەم ناوە دەنگی خەڵکیان وەرگرتووە هەم ئەو دەنگدەرانەی بە نیازی پێکهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی نەتەوەییو زمانیی دەسەلاتی وڵات دەنگیان داوە، بەڵێنو چاوەڕوانیی خۆیان لە بیر دەبەنەوە، شیاوی توندترین ڕەخنەن. سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیسو هەر کەسێک لە هەر ناوەندێکی قانوونداناو سیاسەتدانانو بەڕێوەبەرێتیی وڵاتدا، ئەگەر پێشتر هیچ دروشمو بەڵێنێکیشیان لە بارەی پرسێکی گرنگی وەک سەرکوتو هەلاواردنی نەتەوەییو زمانی نەدابێ، لە ئاست کێشەو گرفتە لەمێژینەکانو داوارەواکانی خەڵکی وڵاتدا،هەر بەرپرسیارن. بەڵام ئەگەر کاربەدەستەکە، وەک سەرکۆماری ئیستا بە بەڵێنی دابینکردنی بەشێک لە مافە پشتگویخراوەکان، زۆرترین دەنگی لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا کۆ کردبێتەوە، بەرپرسیارەتیەکەی لە ئاست پرسی نەتەوەییو زمانی، زۆر زیاترو، هەر بەم پێیە لە بیربردنەوەو خۆلێبواردنیشی، شتێکی زۆر قورس دەبێ.

**

سەپاندنی بێبەشی لە مافی نەتەوەیی و، سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی بە سەر خەڵکدا، ئەگەر بۆ دەسەڵاتداران، مایەی نەنگو شوورەیین و مەحکوومن، قەبووڵکردنیشیان بە تایبەت لە لایەن ئەو خەڵکەی بەرەوڕووی ئەو جۆرە بێبەشیو ستەمو هەڵاواردنانە دەبنەوە، شیاوی لۆمەو ڕەخنەیە. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، دەتوانێو پێویستە بکرێتە دەرفەتیک بۆ نا گوتنەوە بە قبووڵی سووکایەتی بە زمانو شوناسی نەتەوەییمان.

لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە ڕێز لە زمانەکەی خۆیانو زمانە جیاوازەکان دەگرن. سڵاو بۆ ئەوانە دەنێرین کە لە ئاست سەرکوتو هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی لە ئاستی ئێراندا، بێدەنگ و بێهەلویست نین. دەسخۆشی و پیزانینیشمان بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لە سەختترین هەلومەرجەکانیشدا، ساتێک لە پاراستنو خزمەتی زمانی کوردی غافڵ نین.

لە ژمارە ٦٧٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریویری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## یەکەم دیدارو دوا دیدارم لە گەڵ عەلیی حەسەنیانی( مامۆستا هاوار)دا

کۆتاییەکانی جۆزەردان یا دەسپێکی مانگی پووشپەڕی ١٣٦٠(١٩٨١) بوو کە شێعری «ژیانەوە»م نووسی. بنکەی کۆمیتەکەمان (کۆمیتەی حیزبیی ناوچەی حەسەننووران) لە ئاوایی «تاچیناوێ» بووو بە مەرەخەسیو سەردان هاتبوومەوە ماڵێ. پێشنیوەڕۆیەک، سەرەتاکەیم لە نیو باغی سێوانی خۆمان لە گوندەکەمان چەشمەگۆل دامەزراند. لە بیرم نیە لە ژێر کاریگەریی چ ڕووداوێک یا خوێندنەوەی چ کتێبێکدا بوو کە بۆ نووسینی شێعرێک بۆ بانگەوازکردنی کچی کورد بۆ نێو کۆڕی تێکۆشان، دەست بە کار بووم. ئەوەشم لە بیر نیە کە هەر ئەو ڕۆژەو ئەو کاتە تەواوم کرد یا لە دوو سێ کاتی لێک دابڕاو دا. ماوەیەک دواتر، هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بۆ کاروباری تایبەت بەو ڕێکخراوەیە هاتنە ناوچەی شنۆ. لە بیرمە ئەو وەختە بوو کە جاری وا بوو لە شەوو ڕۆژێک دا چەند جار بوومەلەرزە دەهات. کاک ڕەحمان سۆفیزادەو کاک موحسین شاسواری(کۆچەر)، ئەندامی ئەو هەیئەتە بوون. کاک موحسین لە شێعرو ئەدەبیاتو زمانی کوردی شارەزا دەهاتە بەر چاو. بەو هۆیەوە کە ئەو کات بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە ناوچەی حەسەننووران بووم، هەیئەتی میوان چەند شەوێک لە بنکەی ئێمە مانەوە. دەرفەت بوو کە هێندێک شێعرو نووسینی خۆم بۆ کاک موحسین بخوێنمەوەو لە سەرنجو تێبینیو ئەزموونەکانی سوود وەربگرم. هەرلەو سەروبەند دا چەند دەورەی یەک بە دوای یەک بۆ ڕاهێنانی یەکەم خولی خوازیارانی مامۆستایەتیی شۆڕش لەناوچەکانی شنۆ، نەغەدە و پیرانشار، لە شاری شنۆ بەڕێوە چوون. لە یەکێک لەو کۆبوونەوانە دا کە ئێوارەیەک لە قوتابخانەی حافز،هەیئەتی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان بۆ خوازیارانی مامۆستایەتیی شۆڕش پێکی هێنا، لە سەر پێشنیارو داوای کاک موحسین شاسواری، «ژیانەوە»م خوێندەوە . نازانم لە بەر ئەوەی کاک موحسین بەر لە بانگکردنی من بۆ خوێندنەوەی شێعرەکەم کەمێکی پێدا هەڵگوت، یا هەر بەشداران بە ڕاست پێیان باش بوو، بە چەپڵەیەکی باش پێشوازیم لێ کرا.

پاییزی ١٣٦٠ کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بڕیاری دا، گۆڤاری»لاوان» وەک ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیە بڵاو بکاتەوە، منیش بووم بە هاوکاری بەڕێوەبەریی گشتیو بە تایبەتی هاوکاری هەرە نزیکی گۆڤارەکە. کاک تەیفوور بەتحایی کە ڕابیتی نێوان یەکیەتیی لاوانو دەفتەری سیاسی بوو، داوای شێعرێکی بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤاری «لاوان» لێ کردم. منیش ئەو شێعرێکی خۆم بە ناوی «ژیانەوە»ڕەگەڵ بابەتەکانی دیکەی ئەو ژمارەیە خست. بابەتەکان دەبوایە کەسێک لە دەفتەری سیاسیی حیزب دیتبانی. چەند ڕۆژ دواتر بۆ وەرگرتنەوەیان لە گەڵ کاک کەریم ئەڵلاوەیسی کە بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان بوو، لە بنکەکەمان لە «خدراوێ» ڕا چووین بۆ «شێوەجۆ» کە بنکەی دەفتەری سیاسیی



سەرچاوە
Serchawe

لێ بوو، بابەتەکانی دیکە کاریان تەواو ببوو، تەنیا شێعرەکە مابوو و گوتبوویان با کاک عەلی حەسەنیانی(هاوار) ببینێ. لە پڕ دیتمان کاک بابا عەلی مێهرپەروەرو کاک عەلی حەسەنیانی لە لای سەرەوە ڕا بەرەو سالۆنی گشتی دێن. کاک کەریم کە دەیناسین و دەیانناسی، منی پێ ناساندنو داواشی لە کاک عەلی کرد بە شێعرەکەم دا بچێتەوە و کەموکورییەکانیم بۆ چاک بکا. بە ئامادەبوونی کاک بابا عەلیو کاک کەریم، مامۆستا هاوار بە حەوسەلەو بەڕاستی مامۆستایانە بە شێعرەکەم دا چووەوە. لە بیرم نیە کە چ وشەیەک یا وشەگەلێکی لێ زیاد و کەم کرد، بەڵام دەزانم هەم لە ڕووی واتاو هەم لە ڕووی کێشەوە، ئەوەندەی دەگونجا یارمەتیی بە جوان کردنی فۆرم و ناوەرۆکی شێعرەکە کرد. پێشتر هەم ناویم بیستبوو هەم لە چاپەمەنییەکانی حیزبدا شێعرم لێ خوێندبۆوە،بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو لە خزمەت کەسێک کە خۆی شاعیرێکی ناسراوو دیار بوو، دادەنیشتمو ڕێنوێنیو ئامۆژگاریم وەردەگرت. ئەم یەک سەعات دانیشتنە لە گەڵ مامۆستا هاوار، بۆ هەمیشە ئەوی لای من خۆشەویست کرد. دواتر کە شاخی جێ هێشتو گەڕایەوە شارو کۆمەڵێک وتارو بابەتی خۆی لە کتێبێک لە ژێر ناوی «شاری وێران»دا چاپ کرد، دیتم لە یەکێک لە بابەتەکانی دا منیشی لە ڕیزی ئەو شاعیرە لاوانەدا ناوبردوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هاتوونە مەیدانی شێعرو شاعیرییەوە.

بە داخەوە مامۆستا هاوارم هەر نەدیتەوە. ساڵانێک دواتر زانیم کە ئێرانی بە جێ هێشتوەو چووە بۆ دەرەوەی وڵاتو لە دانمارک گیرساوەتەوە. سەرئەنجام لە سالانی سەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینی لە بارودۆخێکی دەروونیو ماڵیی نالەباردا لە دانمارک کۆچی دوایی کرد.ساڵی ٢٠١٠کە بە سەفەرێکی کورت ڕێگام کەوتە کۆپێنهاگ، زۆرم مەراق بوو بچمە سەر گڵکۆی کاک نەبیی قادری کە هەم لە قۆناغی دەبیرستان مامۆستام بوو هەم لە حیزب و حیزبایەتییشدا بۆ فێربوونو خۆپێگەیاندن، دڵسۆزو پیشتیوانو هاندەرم بوو. کاتێک چاوساغەکەم کاک ناسر پیرانی وتی گڵکۆی کاک عەلی حەسەنیانییش هەر لەم گۆڕستانەیە،زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە لە مێژ ساڵ ی‌وو دەمەویست لە دەرفەتێکدا وەفا و پیزانینی خۆم بۆ ئەو مامۆستایە نیشان بدەم. لە گەڵ کاک ناسرو کچەکانی چووینە سەر گڵکۆی هەر دوو کەسایەتیی کۆچکردوو و چەپکە گوڵی ڕێزو خۆشەویستیمان لە سەر دانان. گڵکۆی مامۆستا هاوار، کەوتبووە شوێنێکی هەژارانەو چەپەک و لە نێو بێنازیو پێڕانەگەیشتن دا ئەوەندەی دیکە ون ببوو، خاوەنی کێلو بەردەنووسی شایانی ئەو کەسایەتییە ئەدەبییە نیشتمانپەروەرەش نەبوو. تەنیا لە سەر تەختەدارێک، ناوەکەیو ساڵی لە دایکبوونو مردنەکەی بە دەسخەتو بە دوور لە هەر جوانکارییەک نووسرابوو. بە ڕاستی بە دیتنی گڵکۆی هەژارانەو غەریبانەی، دڵو چاوم پڕ بوون. عەلیی حەسەنیانی (مامۆستا هاوار)لە سیاسی و خەباتکارانی سەردەمی ڕێژیمی شایەتیو لە بەندییە سیاسییە بە ناوبانگەکانی سەردەمی زەبروزەنگی ساواک بوو. هاوڕێو هاوخەباتی «سوارەی ئێلخانیزادە»و «چاوە»و کۆمەڵێک لە پێشڕەوانو ڕەچەشکێنانی شێعرو ئەدەبیاتی نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەگەر خۆیو نەتەوەکەی خاوەنی کوردستانێکی ئازادو خودان کیانێکی کوردیو حکوومەتێکی خەڵکیو نەتەوەییو قەدرزان بایەو لە هەلومەرجێکی سیاسیی دڵخواز لە نێو نەتەوەکەی

خـۆیدا مردبـا، بە دڵنیـاییەوە هەزارو گڵکـۆی شـایانی خـۆی دەبـووو سـاڵانە بە هەزاران کەس لە ڕۆڵە قەدرزانەکـانی نەتەوەکەی دەچوونە سەر گڵکۆکەی. دیوانی شێعرەکانیو سەرجەم بەرهەمەکانی سەرلەنوێو لە فۆرمێکی جوان دا، چاپو بڵاو دەکرانەوەو بە نەوەی نوێ دەناسێندرا. بەڵام ئەوەتا ئێستا بە مردوویش گۆشەنشینوپشتگوێخراوەو لە سووچێکی هەژارانەی گۆڕستانێکی کۆپێنهاک، نوقمی فەرامۆشییە! نەم دەزانی ئەو فرمێسکانەی هەڵیان دەوەرێنم بۆ چارەنووسی خەماویی شاعیر، نووسەرو خەباتکارێکی کوردە یا بۆ بێبەشی و بندەستیی نەتەوەکەی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**لە ژمارە ٦٧٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٦**



سەرچاوە
Serchawe

# دیمەنە بە شکۆکانی کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

## (پێشکەشە بە شەهیدانی کوردستان)

"گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتیو کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن .مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستیو ئازادژیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەلام لە مێژووی نوێ دا، کاروانی گیانبەخشینو سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستانو سەربەرزیی کورد دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سالانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستانو جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت. هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆماردا، دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆمار، یەک لەوان بوو. دواتر، کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەرانو بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەو بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لە گەڵ دابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆرەسواری کۆمارپارێز هەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەرو پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممەد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزووڵلا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی، شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازی بلاغی، شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانیو ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرکۆماری کوردستان، دەبێتە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەددا، کە لە تاریکو ڕوونی١٠ی خاکەلێوەی١٣٢٦هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ی زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازیو نوێنەر لە پارلمانی ئێرانو، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەواو وەزیری بەرگریی کۆمار،هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکیبە پڕشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆسەر داری بێداد، هەر وەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانیدا، ناوێکی هەتاهەتایی و ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژکرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون ئێوە من ئێعدامم کردوون

کەی لە پاش من بێخەم دەبن هەرکوردێک یەکێکە وەک من
مردن لە ڕێگەی نیشتمان سەربەرزییە بۆ گشتمان"(١)

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوییەوە، کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی.

"هەر کاروانێ،
بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ،
کەم بن یا زۆر،
دەگەنە خۆر." (٢)

**

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان، قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان، کوژایەوە. بەڵام خەباتو قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دا نەوەستاو ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنیو چوونە بەندیخانەو پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەداو دەستیان بەرنەدایەوە.

**

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێکدا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا سەپا، کە شای ئێران خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنیو سەقامگیری. بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدانو دڕدانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتەو پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادرو بەڕێوەبەرو پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا ڕەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاحو کۆمەڵێک ناوی دیکە تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

**

"ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ."(٣)



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دیموکراتی کوردستان،لە مێژساڵە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن، بیری لە ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان" کردەوەتەوە. بۆ ئەم ڕۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە ڕۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیوسەدەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە گەڵ ئەم حیزبە دا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدانو بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدانو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانو ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

**

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بە سەر خەباتوخۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیی گیانیو ماڵیی بووە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرشو پەلاماری هەوایی و زەوینیی ڕێژیمی ئێران دا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەویو ئاسمانەوە و، دانیشتوانیان ئاگرو ئاسنیان بە سەر دا بارا. دانیشتوانی دەیان گوند لە گەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان،سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ، کەرێزە، گوندەوێڵە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار،خەلیفەلیان،شێخ مارف، چەقەڵ مستەفاو چەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەساتو قەلاچۆی گەورەو بچووکی دانیشتوانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترەو سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن.

**

نزیک بە پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و تێکۆشەروئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

**

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانە دا گیانیان لێ ئەستیندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کوردو کوردستان دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردوون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگریو لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتیو

کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمنداڵ گیانیان لێ ئەستیندراوە.

**

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگو فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەیی‌و گشتی‌و سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چین‌و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شارو ناوچەکانی کوردستان، تێی‌دا بەشدارن. شاری، لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی، خوێندکار، وەرزێڕ، کرێکار، ئەفسەرو سەربازی نیشتمانپەروەر، بە شانازییەوە لەم خەباتەهەدا بەشداربوون. شارو ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ،شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، کرماشان‌و ئیلام هەرهەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشان‌و قوربانیدان کردوەو ڕۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ خستوە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکان‌و پەیرەوانی ئایین‌و ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردووەو بە هی خۆیان زانیوە. دانیشتوانی ئازەری زمانی کوردستان‌و ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانی‌و بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوە وخەبات لە ڕێی نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیان دا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان دا، لە گەڵ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە وشەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە کوردستان شارو گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەوایی‌و زەمینیی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی‌و دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بەرەوڕووی هێرشکەران دەوەستانەوەو بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە ببوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی



سەرچاوە
Serchawe

هێزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی پۆشتەو پەرداخی کۆماری ئیسلامی. ئەوان هەر تەنیا پەشتو پەنای هێزی پێشمەرگەو دابینکەری نانو ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. راستە هەر شارێک، هەر گەڕەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازیی بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوندو تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدانو خۆبەختکردنیان بەرکەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدارو قەدرزانی ئەوشارو ناوچەو گوندو بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشانو قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

**

ژنانو کچان، هەموو کات بەشێکی جیانەکراوە بوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان. ئەوان هەر بە پشتیوانیی پیاوانی خەباتکار لە شارو گوند نەوەستاون، بۆخۆشیان چوونەتە نیو چەقی مەیدانی بەرەنگاری. لە بەندیخانەکان، لە مەتەریزەکانی چیا، لەڕێکخستنە نهێنییەکانو لە هەموو سەنگەرەکانی تێکۆشاندا، بە پێی تواناو ئیمکان، دیار بوونو لە گیانبەخشین نەسڵەمیونەوە.

**

لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکراو دوورەوڵاتو لە نیوخۆی شارو گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەرو خەباتکارو، زۆر ئەندامو دۆستی وەفاداری حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کوردستان هەبوون کە تا دواهەناسە بە ڕێگای پڕشانازیی شەهیدان دا ڕۆیشتوون. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی بە مەرگی ئاسایی سەریان ناوەتەوە، لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕیزی نەمران دانو لە گەڵ شەهیدان دا، بە ڕێزەوە یادیان دەکرێتەوە.

ئەگەر چی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا هەیە بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکانو هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک، ژیان و گیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازی وداواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی دا بەخشیوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا ڕێزیان بۆ دادەنێ.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەرانو بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەلو نیشتمان دا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەووەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا زیاتر لە ٢٥ کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزبو هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوەو شەهید کراون.

١٠ خاکە لێوە،هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جیی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان،ڕێبەرانو تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیەکە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. ١٠ خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە ڕزگاریی کوردستانو نەتەوەی کورد لە داگیرکراویو بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان،لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

پەراوێزەکان:

١- وەرگیراو لە شێعری :شینی پێشەوا"ی مامۆستا هەژاری موکوریانی، دیوانی "بۆ کوردستان".

٢- ناوی خاوەنی ئەم شێعرە نازانم.

٣- پەخشانی "تاجی ژین"، دارا بیستوون، ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٦٠، ئاوریلی١٩٩�

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## "شاعیری گەل" لە ڕەوتی كاروانی خەباتی نەتەوەكەیدا (بە بۆنەی تێپەڕینی٣٠ ساڵ بە سەركۆچی دوایی مامۆستا هێمندا)

٢٩ی خاكەلێوەی ١٣٦٥(ئاوریلی ١٩٨٦)، شاعیری بەتوانا محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی، (هێمنی موكوریانی)، لە شاری مەهاباد كۆچی دوایی كرد.

**ئاماژەیەك:**

هێمنی موكوریانی ئەگەر چی موڵكی هەموو كوردەو هەموو تاكێكی كوردیش بۆی هەیە بە هی خۆی بزانێو خۆشی بوێ، بەڵام لە هەموو لایەك زیاتر، لە سەر حیزبی دیموكراتی كوردستانە، یادی بكاتەوەو ڕێزی لێبگرێ. چونكە ژیانی ئەدەبیو سیاسیی ئەو كەسایەتییە، لە سەردەمی كۆمەڵەی - ژێ كاف - ەوە، هەتا چەندساڵێك بەر لە مردنی، لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی كوردستانو ڕێبەرو پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە واتە حیزبی دیموكرات، لێك گرێ درابوون.

### هاتن بۆ نێو كاروانی خەباتی نەتەوەیی

هێمن كە لە بنەماڵەیەكی ئایینیو دەسترۆیشتووی موكوریاندا لە دایك ببوو و كوڕی شێخولئیسلامی موكری بوو، تازەلاوێك بوو كە تێكەڵاوی خەباتی نەتەوەییو نیشتمانی بوو. ئەو كە هەر لە منداڵییەوە خاوەنی بەهرەی ئەدەبی بوو، لەكاتی خوێندن لە حوجرەو لە ڕەوتی تێكەڵاوی لە گەڵ مامۆستایانو هۆگرانی شێعرو ئەدەبدا، هەم بەهرەو توانای ئەدەبیی خۆی پەرە پێ دا، هەم لە ڕووی هەستو بیری نەتەوەییەوە گەشەی كرد. هێمن یەك لە ئەندامە چالاكەكانی كۆمەڵەی -ژێ كاف- بووو، كاتێك حیزبی دیموكراتی كوردستان دامەزراو ئەم حیزبە كۆماری كوردستانی بە سەرۆكایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیاند، هێمن بە دانانی شێعری نەتەوەییو نیشتمانیو خوێندنەوەیان لە كۆڕو كۆبوونەوەكانی ئەو كاتدا یان بە بڵاوكردنەوەیان لە چاپەمەنیی كوردیی ئەو سەردەمدا، گیانی خۆشەویستیی نیشتمانو هەستو باوەڕی بەرگری لەو كۆمارەو دەسكەوتەكانی لە نێو نەتەوەكەیدا بڵاو دەكردەوە. ئەو، شانبەشانی ئەمر هەژاری موكوریانی كە هەر دوویان لە خۆشەویستانو ڕێزلێگیراوانی پێشەوای سەركۆمار بوون، وەك دوو سیمای دیاری ئەو ڕۆژگارە چالاكانە لە خزمەتی كۆماری كوردستاندا بوون.



سەرچاوە
Serchawe

ڕووخانی کۆماری کوردستانو شەهید کرانی پێشەوای سەرکۆمارو هاوڕێیانی، کاریگەرییەکی قووڵی چەندین ساڵەیان لە سەر هەستو ناخی هێمنی موکوریانی دانا. ئەو کاریگەرییانە بە شێعری ئەو سەردەمەی مامۆستا هێمنەوە دیارن. دیارە ئەو کاتەش کە ڕەشبینیو ناهومێدی بە سەر هەستو ڕوانینو بیرکردنەوەیدا زاڵ بوو، بە دیتنی تروسکایی هیواو گەشانەوەی بڵێسەی خەبات، دەگەشایەوە کە نموونەکەی گەشەکردنی تێکۆشانی خەباتی حیزبی دیموکراتو خەباتی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی بزووتنەوەی نیشتمانیی د. موسەدیقدا بوو. هێمن کە ئەندامی هەڵسووڕی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە پێڕەوی لە حیزبەکەی، نەک هەر بە باوەڕو هەڵوێست لە گەڵ ئەو خەباتەدا بوو، بەڵکوو بە شێعری خۆی بوو بە زمانحاڵی خەڵک لە ڕۆژانێکدا کە بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بووە هۆی ڕاکردنی شای ئێران. "دە بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ" کە ببووە دروشمی ئەو کاتەی خەڵک لە خۆپێشاندانی خەڵکی مەهابادا، یادگاری هاوبەشیی هێمنی شاعیرلە ڕووداوو هەڵویستە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدایە. بەم هەڵوێستەو زاڵبوونەوەی زەبروزەنگی ڕێژیمی حەمەڕەزا بە سەر وڵاتدا، دەورەیەکی دیکە لە خۆشاردنەوەو ترسو دڵەڕاوکێ لە گیرانو تۆڵەلێکرانەوە لە ژیانی هێمندا دەست پێدەکا.

## هەڵبژاردنی ژیانی ئاوارەییو دوورەوڵاتی

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی شۆڕشگێڕانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو خۆڕاگریی قارەمانانی دیموکرات لە بەرامبەر لافاوی ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی شایەتیو شەهیدبوونی دەیان کەس لە بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە، جێپەنجەیان بە ڕۆژژمێری ژیانی ئەدەبیو سیاسیی هێمنی شاعیرەوە دیارە. بێبەشیو بندەستیی کورد لە لایەکو زەبرو زەنگی ساواک بە تایبەتی لە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەکی دیکە وەها تەنگ بە شاعیری شەیدای ئازادی هەڵ دەچنن کە سەرئەنجام ناچاری دەکەن ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی ماڵاوایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوازێو ڕوو بکاتە کوردستانی گەرمێن کە هەم شۆڕشی کورد لەم بەشەی کوردستان بڵێسەی سەندبوو، هەم تێکۆشەرانو هاوباوەڕانی مامۆستا هێمن لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوێ گیرسابوونەوە. هاتنی هێمن بۆ کوردستانی گەرمێن، ئەگەر چی سەرەتای دووریو دابڕانێکی درێژخایەن لە خەڵکو ئازیزانی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەروویەکی تازەی لە بەردەم ئەو شاعیرو ئەدیبە بە توانایە کردەوە. هێمن، کە لە کۆنفرانسی دووهەمی حیزبدا ببووە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، لە دوای گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانو یەکگرتنەوەو خۆڕێکخستنەوەی تێکۆشەرانی دیموکرات لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینیدا، پتر خۆی بۆ کارو تێکۆشانی حیزبەکەی تەرخان کرد. لە کۆنفرانسی سێهەمو کۆنگرەی سێهەمی حیزب سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرایەوە. جێگەی شیاوی خۆی پێ دراو توانی لە ڕێبەریی حیزب بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، پەرەپێدەری زمانی پاراوی کوردیو هاندەری ئەدەبو نووسینی بەرگریو نەتەوەییو نیشتمانی بێ. ئێستا ئیدی ڕووبەرێکی بەرفرەوان بۆ خۆناساندنی هێمنو شێعرو پەخشانی ئەو بە هۆگرانی ئەدەبی کوردی پێک هاتبوو. هەستو

سۆزی ئینسانیو ڕوانینو بیرکردنەوەی نوێو پێشکەوتنخوازانە ئاوێتەی زمانێکی شیرینو ڕەوانو زۆر تواناو بەهرەی داهێنەرانەی ئەدەبیو شاعیرانە ببوونو لە شێعرو پەخشانی هێمنی موکوریانیدا شەپۆلیان دەدا. هێمن کە وەک شاعیرو ئەدیب، جوانیناسو جوانپەرست بوو، وەک تێکۆشەرو خەباتکارێکیش هەڵگری بیروباوەڕی مودێرنو پێشکەوتوو بوو. ڕوانینی هێمن بۆ پرسی ژن، بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، بۆ کێشەو خەباتی چینایەتی، بۆ بەئاشتی پێکەوەژیانی ئینسانەکان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو زمانو ئایینو ڕەگەز، جگە لەوەی لە سەردەمی ژیانی شاعیردا ببوون بە هۆی پێشوازیی هۆگران لە بەرهەمەکانی، ڕەهەندێکی نەمرانەشیان بە شێعرو پەخشانی ئەو لە پاش مەرگی خاوەنەکەیان بەخشی. مامۆستا هێمن لەماوەی ژیانی ئاوارەیی خۆیدا هەم لە کوردستانی گەرمێنو هەم لە بەغدا، لە گەڵ زۆرمرۆڤی خەباتکارو کەسایەتیی ئەدەبی،هونەری، زانستیو کۆمەڵایەتی ئاشنا بوو. ئەو مرۆڤە بە توانایە، پێشوازیی کۆڕی زانیاریی لە کەسانی وەک خۆی بە مایە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتبوون، بۆ خزمەتی زمانو ئەدەبی کوردیو کارو پڕۆژەکانی ئەم دەزگایە قۆزتەوە. گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکانو کۆڕو کۆمەڵی فەرهەنگیی ئەو سەردەمە، بوون بە مینبەرێک بۆ بڵاوبوونەوەی شێعرو نووسینی هێمن. هەر لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینیدایە کە لە پێشدا "تاریکو ڕوون" یەکەم دیوانە شێعریو چەند ساڵ دواتر "ناڵەی جودایی" شانسی چاپ بە خۆیانەوە دەبینن. "توحفەی موزەففەرییە"ش ( ئەو بەیتانەی ئوسکارمانی ئەڵمانی نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە موکوریان کۆی کردبوونەوە) هەر لەو ساڵانەدا دەکەونە بەر ڕووناکیی شەرحو پێداچوونەوەو پەراوێزبۆنووسینی مامۆستا هێمنو لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە، لە دوو بەرگ دا بڵاو دەبنەوە. بەم جۆرە هەتا دێ، هێمن پتر وەک شاعیرێکی بەهەستو خاوەنهەڵوێست دەناسرێو لە گەڵ خۆشەویستیو پێشوازیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەوڕوو دەبێ.

## گەڕانەوە بۆ زێدو نیشتمانو باوەشی ئازیزان

سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی گەلانی ئێران، کۆتایی بە ١٠ ساڵ ژیانی ئاوارەییو دوورەوڵاتیی هێمن هێنا. مامۆستا هێمنو هاوڕێیانی لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەرەورووی چاوەڕوانیو ئەرکو بەرپرسایەتیی گەورە بوونەوە. پادگانو بنکە نیزامییەکانی ئەرتەشی حەمەڕەزاشا کەوتبوونە دەستی ڕۆڵەکانی خەڵک. ئیدارەی بەشێکی زۆر لەشارو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەوتبووە سەر شانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووش هەوڵی دەرهێنانی کوردستان لە دەست هێزە سیاسییەکانو کۆنترۆڵکردنەوەی بە هێزی نیزامی دەدا. مامۆستا هێمن لە لایەکەوە لە سەر بەرپرسایەتیو ئەرکی پێشووی خۆی لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا بەردەوام دەبێو لە لایەکی تریشەوە، خۆی بۆ ڕێنوێنیو دەسگرتنی لاوانی هۆگری ئەدەبو نووسین تەرخان دەکا. هەر شوێنو بنکەو کۆڕو کۆبوونەوەو میوانییەک کە مامۆستا هێمنی لێ دەبێ، دەبێتە ڕووگەی هۆگرانیو، بە تایبەتی لاوانی تاسەباری دیتنی لە دوورو نزیکەوە خۆی دەگەیەننێ. دوای دابڕانێکی ١٠ ساڵە، تازە ٦ مانگ بە سەر یەکگرتنەوەی لەگەڵ هاوسەرو

جگەرگۆشەکەی دا تێپەڕ ببوو کە شەڕی ڕێژیمی تازە لە گەڵ خەڵکی کوردستان (شەڕی 3مانگە) دەست پێ دەکاو هێمن جارێکی ڕوو دەکاتەوە چیاکان و لە گەڵ د. قاسملووو هاوڕێیانی دیکەیدا لە جێیەک بە ناوی "ئاشی پشکاوێ" لە سەر سنوور دەگیرسێتەوە.

پاییزو زستانی ١٣٥٨و بەهاری ١٣٥٩ حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی ڕووداوی سیاسیی گرنگ بوون. لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا، خومەینی کە لە ٢٨ی گەلاوێژدا جیهادی لە دژی خەلکی کوردستان ڕاگەیاندبوو، لە ئاخاوتنێکی ئاشتیخوازانەدا، وای نیشان دا کە پێشتر خراپ تێگەیەندراوەو ئیستا دەیەوێ بە وتوویژ کێشەی کوردستان چارەسەر بکا. حیزبی دیموکڕات لە زەمانی د. قاسملووەوە، پێشوازیی لەم گۆڕانەی لەحنو ڕاوێژی خومەینی کردو لەبەیەکی پێ گوت. دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتوویژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی پێک هاتو دیدارێکیش لە نێوان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردو هەیئەتەکانی دەوڵەتی ناوەندی پێک هات. کوردستان نەک هەر هیچ نیشانەو سیگنالێکی لە تاران لە بە جیددی وەرگرتنی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نەدەدیت، بە پێچەوانەوە شایەدی خۆڕێکخستنەوەی سوپاو ژاندارمری و وەڕێکەوتنی ستوونە نیزامییەکان بۆ گرتنەوەی شارەکان و جێگیربوون لە شوێنە ستراتیژیکییەکان بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرفەتی نەشەڕ نە ئاشتیی زستانی ١٣٥٨ بۆ گرتنی کۆنگرەی ٤ی خۆی سوودی وەرگرت. بڕیارنامەو پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیە، لە یەک کاتدا دوو ئامانجیان لە پشتەوە بوو. لە لایەکەوە نیشاندانی نیازپاکیو قسەکردن بە ڕاوێژێکی ئاشتیخوازانە لە گەڵ خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕشو دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی. هەر لەو کاتەشدا، پێداگرتن لە سەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستانو وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دیموکراتو خەڵکی کوردستان تەسلیمی هەڕەشە، شەڕو هێرشو سەرکوت نابنو بەرگری لە خۆیان دەکەن.

## سەرئەنجامی هەڵوێستێک

ملنەدانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆبەدەستەوەدانو ڕاوەستانیان لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی تاراندا، نەک هەر لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تازەوە بەڵکوو لە لایەن حیزبی توودەو دەستوپێوەندەکانیشیەوە، وەک دژایەتی شۆڕشو دەستتێکەلاوکردن لە گەڵ دوژمنانی ئەو شۆڕشە (ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕێژیمی عێراقو هتد) دەناسێندرا. لە نێوخۆی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتیشدا کەسانێک کە لە باری فکریو سیاسییەوە لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوون، کەوتنە دژایەتیی سیاسەتی ڕاوەستان بەرامبەر لەشکرکێشیو شەڕفرۆشیی دەوڵەتی ناوەندی. لە کۆتاییەکانی جۆزەردانی ١٣٥٩ دا، ٧ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا بە نیشانەی دژایەتی لە گەڵ ئەم سیاسەتە، جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند. لە کاتێکدا خۆڕاگریی خەڵکی کوردستانو حیزبی دیموکرات ببوونە ئامانجی خولێکی نوێ لە لەشکرکێشیو هێرشی بەربڵاوی ئەرتەشو سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، تاوانبار کردنیان بە

بەستراوەيی بە ڕێژيمی عێراقو پاشماوەكانی ڕێژيمی شايەتیو ناتۆو هتد، بوختانێكی قورسو هەڵەيەكی سياسيی گەورە بوو كە نەک هەر لە لايەن حيزبی ديموكراتەوە بەڵكوو لە لايەن خەڵكيشەوە مەحكووم كرا. ئەوەی كە جێگای سەرسوڕمانو هەر لەو كاتەدا جێگای داخ بوو، بوونی ناوی مامۆستا هێمن لە نێو واژۆكەرانی ئەو بەياننامەيەدا بوو. بە دڵنياييەوە مامۆستا هێمن لە ڕووی سياسیو بەستراوەيی فيكری بە حيزبی تووەوە، جياوازييەكی زۆری لە گەڵ ئەو كەسانە هەبوو كە بەياننامەكەيان ئيمزا كردبوو. كە وايە دەبێ هۆكاری ديكە بۆ دابڕانی لە هاوڕێ لە ميژينەكانیو كەوتنی ڕەگەڵ ئەو گرووپە هەبووبێ. هۆكارەكە هەر چييەک بووبێ، شتێک لە ئەسلی مەسەلەكە ناگۆڕێ. ناكرێ كردەوەی ٦ كەسەكەی ديكە، هەڵەو نادروستو زيانبار بووبێو هی ئەو بە ڕەواو دروستو پاساوهەڵگر بزانين! بەڵام ئەوەی لەم يادكردنەوەيەدا جێگای لەسەرڕاوەستانە دوو خاڵە. يەكەم زێدەڕۆيی حيزبی ديموكرات لە دژكردەوەنيشاندان بەرامبەر بەو گرووپە، بە تايبەتی چۆنيەتيی هەڵسوكەوتی بەشێک لە ڕێبەریو تەشكيلاتی ئەو كاتی حيزبی ديموكرات لە گەڵ كەسێكی وەک مامۆستا هێمن كە جێگای لۆمەو ڕەخنەلێگرتنە. دووهەم، ئەو ڕاستييە كە خەڵكی كوردستانو تەنانەت تێكۆشەرانو ئەندامانی حيزبی ديموكراتيش، هەموو ڕابردوو كەسايەتيی مامۆستا هێمنو خزمەتەكانيان نەكردە قوربانيی ئەم هەڵوێستەی،و ڕێزو خۆشەويستيی ئەو شاعيرو ئەديبەبە نرخەيان وەلا نەنا. جێگای وەبيرهێنانەوەيە كە حيزبی ديموكرات بە خۆشييەوە - ئەگەرچی بە درەنگەوە - سەرئەنجام چاوی بەم لاپەڕەيەی مێژووی خۆی دا خشاندەوە و لە دەيەی ٧٠ی هەتاوی لە پەسندكراوێكی نيوخۆييدا، "اعادەی حيثيت"ی لە "هێمن" كردەوە.

## خزمەت لە دوا وێستگەی ژيان و تێكۆشان دا

لێرەوە هێمن لە دوای نزيكەی ٣٥ ساڵ، ڕێگای تێكۆشانی خۆی لە حيزبی ديموكرات جيا كردەوە. بەڵام ئەو دەستهەڵگری ئەو ئامانجانە نەبوو كە لە ژيانی ڕابردوويدا خەباتی بۆ كردبوون. مامۆستا هێمن كە پاش چەند ساڵێک چەرمەسەریو ژيان بە كوڵەمەرگی، پێشنياری كارو بەرپرسايەتی لە دەزگای دەوڵەتيی "ئينتيشاراتی سەلاحەدينی ئەيوبی " پێ كرا كە قەبووڵی كردو گۆڤاری "سروە"ی وەڕێ خست. ئەو نەک هەر نەبوو بە پەسنبێژو مۆرەی ڕێژيمی كۆماری ئيسلامی، بەڵكوو بەو ئيمكان و دەرفەتە بەرتەسكەی بۆی ڕەخسا، بزووتنەوەيەكی كەلتووريی بە گيانو ئامانجێكی نەتەوەيی وەڕێ خست. ڕێچكەو نەريتێک كە مامۆستا هێمن لە ڕاستای خزمەتی زمانو ئەدەبو كەلەپووری كوردیدا بۆ "سروە" داينـاو هاوكارەكانی،دوای مەرگی ئەويش هەر لە سەری ڕۆيشتن، بەڵگەن بۆ ئەو قسەيە كە هێمن، دوايين قۆناغی ژيانيشی هەر بە خزمەت بە نەتەوەكەی بردە سەرو لە ئامانجە نەتەوەيیو ئينسانیو پێشكەوتووەكانی دانەبڕا كە لە سەردەمی كۆمەڵەی -ژێ كاف-و لە ڕۆژانی پڕشكۆی كۆماری كوردستانو لە ساڵانی دوورو درێژی خەبات و تێكۆشان لە حيزبی ديموكراتی كوردستاندا، چراو چراوگی ژيانی بوون.

لە ٣٠ ساڵەی کۆچی دوایی ئەوکەسایەتییە خاوەن خزمەت و شوێندانەرەدا، بە ڕێزەوە یادی دەکەینەوەو ئەم وانەیەی هیچ کات لە بیر نابەینەوە کە ئینسانو نەتەوەو نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکنو پێویستە قەڵەمو بەهرەی ئەدەبیو نووسینو هەر توانایەکی هەمانە، لە هەر بارودۆخێکدا بۆ بەرزکردنەوەی ڕیزی مرۆڤو ڕزگاریی نەتەوەو بەرەوپێشبردنی نیشتمان تەرخان بکەین.

لە ژمارە ٦٧٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦

---

# ئاسۆ گەشەکانی بەردەم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم دا کەوتە ڕێ. سەدەیەک دواتریش لە کاتێکدا، سەدەی بیستەمی جێ دەهێشت و پێێ دەنایە سەدەی ٢١، چەند ئاسۆیەکی گەش هاتنە سەر ڕێی. لاچوونی سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس لەسەر بەشی هەرە زۆری خەڵک و خەڵکی باشووری کوردستان یەک لەو ئاسۆ گەشانە بوو. چونکە بە درووستبوونی دەسەڵاتی کوردی و وەدیار کەوتنی ئازادی لەم بەشەی کوردستان، هەلومەرجێکی نوێ بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی هاتە کایەوە کە بەرەکەت و شوێنەوارەکانی هەر بەو بەشەی کوردستان نەوێستا و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە.

ئاسۆیەکی گەشی دیکە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی ٢١، خۆی نیشانی کورد و نەتەوە بندەست و بێ کیانەکان دا، ئەو دەرەتانە بوو کە لە سۆنگەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان پەیدا بوو. ئەم پێشکەوتنە هەروا بەردەوامە و هەتا دێ خێراتر و سەرسووڕهێنەرتر دەبێ و ئەم شانسەشی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، بزووتنەوە رزگاریخوازەکان و تەنانەت تاکەکانیش دروست کردوە کە لە جیهانی پێوەندییەکان و سەردەمی گەشەی بێ وێنەی میدیا دا، دەنگ و رەنگیان دیار بێ و هەست بە بوونی خۆیان بکەن.

دەسپێکی سەدەی دووهەمی تەمەنی رۆژنامەنووسیی کوردی هەر تەنیا شایەدی دەوڵەمەندیی ئەو کاروانە لە رووی زۆر بوونی گۆڤار و رۆژنامە و پەرەگرتنی جۆراوجۆریی میدیای نووسراو نەبوو، بەڵکوو لەدایکبوونی تەلەڤیزیۆنی کوردی و میدیای ئەلێکترۆنیشی لەگەڵدا بوو. تەیار بوونی نەتەوەی کورد، بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی و تاکە هەمیشە سەرکوتکراوەکەی بە ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی، توانای ئەوانی، هەم لە بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلامار و شەپۆلەکانی میدیای نەیارانی دا، بەرەو ژوور بردوە، هەم هێزی ئەوانی لە داکۆکی لە زمان و کولتوور و ناسنامەی خۆیان دا، زیاد کردوە. هەر بەم پێیە، دەنگ و پەیامیشیان، بە پێچەوانەی رابردوو، بە هاسانی سنووورە دەسکردەکان و مەودا زەمانی و مەکانییەکان دەبڕێ و بەردەنگی خۆی دەدۆزێتەوە.هەر لەو کاتەشدا وای کردوە میدیا و رۆژنامەنووسیی کوردی، پێوەندییەکی هەراوتر لە جارانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ هەبێ، ژمارەی بەردەنگ بەردەوام لە زیادبوون دابێ و پێوەندیی ڕاگەیەن و بەردەنگ، ببێتە دوولایەنە.

سێهەم ئاسۆی گەش لە بەردەم رۆژنامەسیی کوردی کە لەم سالآنەی دوایی دا، گیانێکی نوێی وەبەر ئەم کاروانە پڕشانازییە ناوەتەوە، گەشەی هەست و بیری نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لای هەر تاکێکی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانە. گەشانەوە و بووژانەوەی ئەم گیانە نەتەوەییە کە بۆخۆی بەرهەمی بەرەوژوور چوونی وشیاری و ئاگاییەیە، هەتا رادەیەکی زۆر، قەرزداری گەشە و هەڵدانی میدیا و پێوەندییەکانە.

داگیرکەرانی کوردستان و زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد، هەروا کە نەیانتوانی بە هۆی سنوورە دەسکردەکانیان و هێزە ئەهریمەنییەکانیانەوە، پێشی دەستراگەیشتنی کورد بە بەرهەمەکانی زانست و تێکنۆلۆژیای مۆدێرن بەتایبەتی لە بواری میدیایی و پێوەندییەکاندا بگرن، بە دڵنیاییەوە ناشتوانن بەر بە شەپۆلی بێئامانی شۆڕش و راپەڕینی رزگاریخوازانە بگرن. گرنگ ئەوەیە خاوەنی میدیای کوردی و هەموو ئەوانەی لە کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی دا بەشداریی کاریگەریان هەیە، ئەو رێچکەیە بەرنەدەن کە »کوردستان«ی دایک و میقداد میدحەت بەدرخانی پێشەنگ، ۱۱۸ ساڵ لەمەوبەر، لەسەری رۆیشتن. رێچکەیەک کە دەکرێ بەم جۆرە بیخوێنینەوە: سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ئامێز و زانستی سەردەم لە پێناوی رزگاریی خاک و نەتەوە و رۆیشتنی بەرەوپێشەوە شانبەشانی نەتەوە ئازاد و بەختەوەرەکان.

لە ژمارە ٦٧٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# ئەزموونی جێگای تێڕامانی کوردەکانی ورمێ و دەوروبەر لە ململانێی هەڵبژاردنی ئەم دواییە دا

کوردەکان لە ورمێو دەورو بەر، ڕێژەیەکی گەورەی دانیشتووانی ئەم دەڤەرە پێک دێنن و دەکرێ بڵێین ئەگەر لە ڕووی ژمارەوە شان لە شانی تورکەکان نەدەن شتێکی وا کەمتر نین. لە هەر حاڵدا ئەگەر نەتەوەی یەکەمیش نەبن خۆ نەتەوەی دووهەم هەن، ئەویش بە جیاوازییەکی کەم لە ژمارەی دانیشتووان دا. هەر دەسەڵاتو سیستەمێکی سیاسیی بەرپرسو خوازیاری تەبایی، لە شارو ناوچەیەکی لەم چەشنەدا هەوڵ دەدا هەموو پێکهاتەکان بە تایبەتی پێکهاتە سەرەکییەکان بە سەرنجدان بە هەستیاریی نەتەوەیی و ئایینیو هتد، لە چوون بۆ پارلمان بێبەش نەبن، لە بەڕێوەبەرێتی لە ئاستی پارێزگاو شارو ناوچەدا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبێو بەم جۆرە بەر بە پێکهاتنی ناکۆکیو کەلێنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بگرن. بەڵام لە ئێرانو لەم پارێزگایە شتی وا لە گۆڕێ دا نییە.

کوردەکانی ورمێ لە دەوری دووهەمی دەیەمین هەڵبژاردنی پارلمانیی ئێراندا، بە ئاگاداری لەو هەمووە هەڵاواردنە نەتەوەییو ئایینییە کە لەم شارو لەم ناوچەیەو لەم پارێزگایەدا بە پشتیوانیی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە دژی ئەوان هەیە، هاتنەوە نێو ململانێیەکی نابەرامبەر. لایەنێک هەموو جومگەکانی سیاسیو ئەمنیەتیو ئابووریو ئیداریی لە دەست دابووو لە دژی بەرامبەرەکەشیان یەکگرتوو بوون، لایەنەکەی دیکەش ، نە خۆئامادەکردنی پێویستیان هەبوو(چونکە ساڵانێکی زۆر داوایان لێکراوە لە دوورەوەی ئەم جۆرە دەرفەتانە ڕابوەستنو تەماشاچی بن)، نە جومگەکانی دەسەڵاتیان لە گەڵدا بوو بگرە دژیشیان بوون! تەنیا بروایان بە حەقانیەتی خۆیان هەبووو ڕێگای پارێزگاری لە شوناسی خۆیانو مافەکانی خۆیانو دەنگهەڵبڕین دژی ستەمو هەڵاواردنیان لەوە دا دەدیت کە بێنە نێو مەیدانی ململانێیەکی نابەرامبەر، تا دەنگی خۆیان بگەیەنن، تا بوونی خۆیان بسەلمێنن. تا نیشانی بدەن کە چی دیکە نایانهەوێ لە پەراوێز بخرێنو لەو پەڕی کەم ئیمکانیو بێدەرەتانیدا دەیانهەوێ ئەم دۆخە بگۆڕن.

لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنیشدا، کاندیدا کوردەکانی ورمێ ڕێگای چوون بۆ مەجلیسیان پێ نەدرا. دەکرێو پێویستە هۆو فاکتەرە نێوخۆییەکان(ئەوانەی پێوەندییان بە خودی کوردەکانەوە هەیە) لە لایەن شارەزایانو چاودێرانی سیاسیو کۆمەڵایەتی بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنەو شیکاری. بەڵام گومانی تێدا نیە فاکتەرە دەرەکییەکانیش، ئەوانەی پێوەندییان بە لایەنی بەرامبەرو دامو دەزگاو دامەزراوە حکوومەتییەکانەوە هەیە، لە دژی کوردکان بوون. پرۆسەی ڕەددی سەلاحییەتەکانو

جێگیرکردنو چاوەدێریی سندووقەکانی دەنگدانو بژاردنی دەنگەکانو زۆر فاکتەری دیکە، وەها موهەندیسی کرابوون کە کوردەکان نەتوانن سەرکەوتووی ئەو ململانێیە بن. لاوازیو کەموکورتییە نێوخۆییەکانی کوردەکانیش، ئەوەندەی دیکە یارمەتیدەری هاتنە دیی ویستو نیازی لایەنەکەی دیکەی ئەو ململانییە بوون.

بەو حاڵەش دەیەمین هەڵبرادنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە هەر دوو خولیەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بووژانەوەی هەستو بیری نەتەوەیی کوردەکانی ئەم دەڤەرەو وشیاربوونەوەیان بە نیسبەت مافەکانیانەوە. پێوەندیو هاوپێوەندیی ئەوان لەم چەند مانگە داو دەست پێکدانیان بۆ بەرگرییان لە شوناسو مافەکانی خۆیان، جێگای ڕیزو پێزانین بوو. ئەوان توانیان بوونی خۆیان بسەلمێنن نەک بە ناردنی نوێنەر بۆ پارلمان، کە ئەمەیان بە داخەوە بەو هۆیانەی باسیان کرا، بۆ نەهاتە دی. بەڵکوو بە نیشاندانی هەڵوێستی نەتەوەییو وشیارانەیان لە بەرگری لە شوناسو مافەکانی خۆیان دا. سەرنەکەوتنی کوردەکانی ورمێو دەوروبەر لەم دوو خولەی هەڵبژاردندا، قۆناغی کۆتایی دەیەمین دەورەی هەڵبژاردن بوو، بەڵام کۆتایی هاتنە مەیدانی کوردەکان نییە، بەڵکوو دەسپێکە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر لە دەرفەتەکانی داهاتوو دا. ئەرکی حیزبە سیاسییەکانو سیاسیکارانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە خوێندەوەیەکی واقعیانەتر بۆ ڕەفتاری سیاسیو نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لەو شارو ناوچانەدا بکەن کە کوردو تورک پێکەوە تێیاندا دەژین.

ئایا ئێمە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ، ڕۆژێک دەگەینە ئەو باوەڕە کە یارمەتیدەری خەڵکی خۆمان لە نیوخۆی ولات لەم جۆرە ململانێیانە دا بین؟! خۆ ئەگەر هاوکارییەکیشمان لە دەست نەیە, لانیکەم پێویستە بەردیان نەخەینە سەر ڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئەپریلی ٢٠١٦

# نەهێڵین وەرزی سەهۆڵبەندان بگەڕێتەوە

**(پێشکەشە بە شەهیدانی ئەم چەند ساڵەی دوایی)**

هەموو جارێ کە ڕووداوێکی ناخۆش بەربینگ بە تێکۆشەرو پێشمەرگەی لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی دەگرێ، شەپۆلێک لە هاوخەمیو هاوپێوەندیی ئەندامانو لایەنگرانی لایەنەکانی دیکە لە گەڵ خاوەن خەمو خاوەن کۆستەکە وەڕێ دەکەوێ. بەڵام زۆری پێ ناچێو ئەم کەشوهەوا باشە جێگای خۆی دەداتەوە بە دەمبەدەمەو پێکدادانی تانەو تەشەرو قسەی ناخۆش. هەر سووکە بیانوویەک بەسە بۆ ئەوەی جەماعەتێک لەم لاو لەو لا بچنەوە نێو هەواکەی خۆیانو ژینگەکە نەک هەر لە خۆیان، بەڵکوو لە هەموان ناخۆش بکەن. جاری واشە «گەورە» بە ئەنقەست هەراوهوریایەک لە دژی لایەنێکی دیکە وەڕێ دەخاو وەک دەڵێن «ئاوەکە دەڕێژێو چووکە پێی تێ دەنێ.»

ڕاستییەکەی ئەوەیە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، لە دۆخێکی ناڕوونو زۆر ناخۆش دان. زۆر لە تێکۆشەرانیان خەریکن زۆربەی تەمەنی خۆیان لە دوورە وڵاتیو دوورخراوەییدا تێپەڕ دەکەنو، لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیان نزیک دەبنەوە. چوونەوەشیان بۆ نێو خەڵکو وڵاتی خۆیان، تێچووی قورسی وەک شەهید بوونی هەمزە سارتکەییەکانو کەمال خزرییەکانی دەوێ. ڕزگار بوون لە مەرگی سیاسیو خەباتگێڕانەی بەرەبەرەی دوورە وڵاتو، ژیانەوەو بەردەوامیی بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرەوی چالاکبوونەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دایە. ئەمەش یانی بە گژداچوونەوەی لەشکری هارو دڕندەی ڕێژیمێکی تاوانکار. ئەگەر ئەم حیزبو ڕێکخراوانە، وەک هێزو لایەنی سیاسی، هاوپەیمانو هاوکار نەبن، ئەگەر ڕێبەرانو تێکۆشەرانو ئەندامانو لایەنگرانیان، دۆستو هاوڕێو پشتو پەنای یەکتر نەبن، چۆن دەتوانن بچینە مەیدانی ئەو شەڕە نابەرامبەرە؟!

هاوڕێی هاوحیزبم!و هاوڕێی هاوئامانجو هاوخەباتم لە حدکاو کۆمەڵەو هتد! با لەم قۆناغە دەرچین کە هەموو وزەی خۆمان بۆ ململانێ لە گەڵ یەکتر لە سەر ئەم یا ئەو بەرژەوەندی دەمارگرژانەی حیزبیو جیناحیو ناوچەییو شەخسیو هتد تەرخان کردبوو. با وزەو توانا شەخسیو حیزبییەکانمان کۆ بکەینەوە سەر یەکو بۆ خەبات لە گەڵ دوژمنی سەرەکیی هاوبەشو ڕزگاربوون لەم دوورخراوەییو پەراوێزنشینییەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات تەرخان بکەین.

با خوێنی نوێترین شەهیدەکانمان لە ناوچەی شنۆو خوینی ئەو شەهیدانەی ئێمەو هێزە سیاسییەکانی دیکە، ساڵانی ڕابردوو



سەرچاوە Serchawe

لە ناوچەكانی سەقزو دیواندەرەو مەریوانو رەبەتو هتد لە پێناوی شڵەقاندنی گۆمی مەندی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، پێشكەشمان كردن، نەكەین بە دەسمایەی پێكفرۆشتنەوەی كوردایەتیو شۆڕشگێری لە دەمبەدەمەی بێنرخی نێو تۆرە كۆمەڵایەتییەكاندا. با ئەو گیانانەو ئەو خوێنانەی لەم ڕێگایە دا لێمان ئەستیندران، بكەین بە زلەی ڕاچڵەكان لە خەوی غەفڵەت، بكەین بە هەوێنی وەخۆهاتنەوەو بە خۆداچوونەوە، بە هەوێنی پێكهێنانی تەباییو وێكهەڵكردنو هاوخەباتیو هاوپەیمانەتییەكی بەردەوامو درێژخایەن.

لای ئێمە دیموكراتەكان، ئەم دروشمە بووە بە ئاوێزەی گوێمانو ڕێنوێنی ژیانی خەباتگێڕیمان كە «باشترین پاداش بۆ شەهیدەكان درێژە دانی ڕێگایانە.» بە ڕاستییش دروشمێكی جوانو دروستە. بەڵام با لە بیرمان بێت درێژەدانی ڕێگاو پڕ كردنەوەی جێگەی شەهیدانێك كە دەیان ساڵ پێشمەرگایەتیو تێكۆشان لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا كردبوونی بە سەرمایەیەكی مەعنەویی خەباتو تێكۆشانی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازی، ئەوەندە سانا نیە. ئەگەر پرژوبڵاویو كەلێنەكانی نێو بزووتنەوە كەم نەكەینەوە، گرژییەكان نەڕەوێنینەوەو هەروا بەرامبەر یەكتر دوورە پەرێز بین، پاداشی ئەم شەهیدانەشمان پێ نادرێو ڕێگای ئەوانمان پێ نابڕێ. با وەرزی سەهۆڵبەندان بە جێ بێڵینو بە دوور لە دروشم، بە كردەوە، بەرەو بەهاری ژیانەوەو هەستانەوە بچین. ڕۆژهەڵات چیتر بڕ ناكا ئەگەر وا نەكەین.

١٨ / ٠٦ / ٢٠١٦

(٢٩ی جۆزەردانی١٣٩٥ )

لە ژمارە ٦٨٢ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# عوسمان مستەفاپوور یەک لەو مرۆڤانەی سەمبولی خۆڕاگریو فیداکارییین!

(ئەم وتارەم لە سەرەتای مانگی گەلاوێژی ئەم ساڵ دا نووسیوە و بۆ سایتی کوردستانوکوردم نارد: بەڵام بە هۆیەکی تکنیکی بە داخەوە لە کاتی خۆی دا بڵاو نەکرایەوە)

عوسمان مستەفاپوور تێکۆشەرێکی دیموکراتە کە زیاتر لە٢٥ ساڵە کەوتووەتە زیندانی کۆماری ئیسلامی. ئەو کە ئەندام و تێکۆشەری حیزبی دیموکرات بوو، لە٢٣ی پووشپەڕی ساڵی١٣٧٠ هەتاوی (١٩٩١ی زایینی) لە ناوچەی تەرگەوەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دیل گیرا. عوسمان هیچ تاوانێکی نەکردبوو جگە لەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکڕاتی بۆ خەبات لە پێناوی سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەکەی ، هەڵبژاردبوو. لە و کاتەوە هەتا ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا لە گەڵ ئازارو ئەشکەنجەو گوشار بەرەوروویە. هەتا ئێستاش، بۆ جارێک ڕێگەی پێ نەدراوە سەردانی بنەماڵەکەی بکا. لەزیندان تووشی کۆمەڵێک نەخۆشیی جەستەیی بووە بێ ئەوەی ڕێگای پێ بدرێ دەستی بە دوکتورو دەرمانو عیلاجی پێویست ڕابگا. ئەو گوشارو ئازارو ئەزیەتانەی عوسمانو بەندییە سیاسییەکانی وەک عوسمان لە ماوەی مانەوەیان لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی دا لە گەڵیان بەڕەورروو بوون، لە گێڕانەوە نایەن.

مرۆڤ بۆ ئەوەی لەقووڵایی نارەحەتیو گەورەیی خۆڕاگریی ئەو جۆرە ئینسانانە تێبگا، هەر ئەوەندە بەسە بیر لەوە بکاتەوە کە هەر کامێکمان ئەگەر ڕۆژێک یا شەوێک لە جێیەک بە پێچەوانەی ویستی خۆمان ڕاگیرو دەستبەسەرمانمان بکەن، چەندە نارەحەت دەبینو پێی تێک دەچین! جا ئەگەر هەزاران شەوو ڕۆژ بمانکەنە ژوورێکی تەنگو تاریک، بە شێوەی جۆراوجۆر ئازارمان بدەن، نەهێڵن بە دڵی خۆمان ببینین، ببیسین، بخوێنینەوە، بخۆین، بپۆشین، بخەوینو تەنانەت ئەو کەسانەش کە دەبێ ساتە سەختەکانی شەووڕۆژە دووپاتبووەکانی نێو بەندیخانەیان لە گەڵدا تێپەڕ بکەین، بە دڵی خۆمان هەڵ بژێرین، دەبێ چ عەزاب و ئازارێک بچێژین؟!

کۆماری ئیسلامی هەموو سنوورەکانی دیکتاتۆرییەتو ئینسانکوژیی بەزاندوە. ڕووی ڕێژیمی ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقاو ڕێژیمی شایەتیی سپی کردەوە کە لە هەر دوویان دا درێژماوەترین زیندانی، ٢٧-٢٥ساڵ بوو. بەو جیاوازییە کە لەو ڕێژیمانە دا، بەندییە سیاسییە درێژماوەکانی وەک نێلسۆن ماندیلا، عەزیز یووسفیو غەنی بلووریان ، لە سۆنگەی زۆرمانەوەیان لە بەندیخانە، ناوبانگێکی ناوچەییو جیهانییان پەیدا دەکرد. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا دەیان بەندیی

سیاسیی هەن کە ماوەی ڕاگیرانیان لە زیندان لە نیوان ٢٠بۆ ٣٠ ساڵ دایەو بە داخەوە بیروڕای گشتیی ئێرانو ناوچەو جیهانو هەر وەها میدیاکانیش، لە گەڵ ناوو ناوبانگیان بێگانەنو هیچ بایەخیان پێ نادەن!!

عوسمان مستەفاپوور، یەک لە بەڕابردووترین بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتو ئێرانە کە سەربەرزو خۆڕاگانە بەڵام بە دنیایەک ئازارو کۆمەڵێک نەخۆشییەوە، پێی ناوەتەوە بیستو شەشەمین ساڵی بەندبوونییەوە، بێ ئەوەی هەتا ئێستاش ئاسۆی ڕزگاربوون لەو جەهەننەمی لێ دیار بێ! لانیکەمی ئەرکی ئێمەی ئەندامو تێکۆشەری لایەنە خەباتکارو ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەلاتو ئێران ئەوەیە ئەم جۆرە بەندییانە بە دنیا بناسێنین، دەنگی مەزلوومیەتیان بە گوێی بیروڕای گشتیو بە میدیاکانی جیهان بگەیەنین. ئەرکمانە پێزانینو ڕێزی خۆمان بەرامبەر خۆڕاگریو فیداکارییان نیشان بدەین. ئەرکێکی گشتیو ویژدانیی هەموو لایەکیشە لە هەر ڕێگایەکەوە بۆمان دەکرێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەینە ژێر گوشار بۆ ئەوەی کۆتایی بە بەندکردنو ئازاردانی مرۆڤە تێکۆشەرو ئازادیخوازەکان بێنێ.

چەند جارێکی دیکەش لە باسی بەندییە سیاسییەکانی فەرامۆشکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕەخنەم لە بیدەنگیو بێتەفاوەتیی میدیاکانو ڕاگەیەندنکارانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو تەنانەت چالاکانی ئێرانیی بەرگریکاری مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات گرتوە کە بە داخەوەو بە ئەنقەست خۆیان لە پرسی ئەو جۆرە بەندییە سیاسیانە گێل کردوە. وام بۆ دەرکەوتووە ئەو جۆرە لایەنانەو ئەم بەشە لە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، ئەندامەتیو تێکۆشان لە حیزبێکی کوردیدا کە ناچار بووە بۆ بەرگری لە خۆیو نەتەوەکەی چەک هەڵ بگرێ، بە تاوان دەزاننو پێیان وایە ئەگەر لە سەر ئەم جۆرە کەسانە وەجواب بینو بەرگرییان لێ بکەن، کارێکی تاوانبارانە دەکەن! خۆ ئەگەر بە ڕاشکاوی ئەم قسەیە بکەنو بێدەنگیو بێتەفاوەتیی خۆیانی پێ پاساو بدەن، ئەو کات دەکرێ لە گەڵیان بکەوینە باسێکی جیددیو ڕاشکاوانەو بە بەڵگەو دەلیل، هەڵەبوونو بێبناغەیی بۆچوونەکەیان ڕوون بکەینەوە. بەڵام تەنانەت ئامادە نین هۆی ئەم بێدەنگیو بێتەفاوەتییەشیان باس بکەن.

لە هەر حاڵدا، هەر کەسو لایەنێک بڕوای بە ئازادیو مافی مرۆڤ هەبێو هەوڵ و خەباتی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بە ڕەوا بزانێ، ئەمەش قبووڵ دەکا کە بەرگری لە خۆ کردن بە چەکیش لە بەرامبەر سەرکوتو هێرشی چەکدارانەدا، ڕەوایە. هەر بۆیە لە بەرگری کردن لەم جۆرە بەندییانە ناسڵەمێتەوەو تەسلیمو "مەرعووب"ی لۆژیکی ئەم جۆرە لایەنی سیاسیو میدیاکارو "مافپارێز"و مرۆڤدۆستانە نابێ.

لە ٢٥ ساڵەی بەندکرانی هاوڕێی خۆڕاگر، عوسمان مستەفا پوور، سەری ڕێز لە ئاست کۆڵنەدانو خۆڕاگریو نەفسبەرزیو



سەرچاوە
Serchawe

پشـوودرێژیی ئەو تێکۆشـەرە کـوردە دادەنـوێنم. ئـازادی لە بەنـدیخانەو وەدیهـاتنی ئاواتەکـانی کە ڕزگـاریی نەتەوەکەی‌و جێگیربـوونی ئـازادی‌و دیموکراسی لە ئێـرانە، بە ئـاوات دەخـوازم. هیـوام ئەوەیەکـاک عوسمان، پـاش تێپەڕکردنـی ٢٥ سـاڵ ئازارو مەینەت‌و دووری، سەرئەنجام ئەو ڕۆژە ببینـێ کە حیزبەکەی‌و نەتەوەکەی، ئەوو خۆشەویستانی دیکەی چەشنی ئەو، بە شانازییەوەو لە ژێر تیشکی ئازادی دا دەگرنە باوەش‌و گوڵبارانیان دەکەن.

لە پاشکۆی ئەم ڕێزلێگرتن و یادکردنەوەیەشمدا، نامەیەکی ئەو بەندییە سیاسییە خۆڕاگرە کە لە ٢٠ سـاڵەی بەنـدکرانی دا بۆ ئەحمەد شـەهید(ڕاسپێردراوی تـایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ بە دواداچـوونی مـافی مرۆڤ لە ئێران) نووسیویەتـی، دەخەمەوە بەرچاوی هۆگران، بۆ ئەوەی کەمێک زیاتر لە بارەی ژیان و بەسەرهاتی ئەم تێکۆشەرە کوردە لە بەنـدیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا بزانن:

نامه زیر توسط زندانی سیاسی هموطن کرد، عثمان مصطفی‌پور بـرای ارسـال بـه گزارشگر ویـژه حقوق‌بشر ملل‌متحد (احمد شهید) تنظیم شده است که متن آن در زیر آمده است:

صدایی بیست ساله از میان شکنجه‌گاههای ولی‌فقیه

"بسمه تعالی

اینجانب عثمان مصطفی‌پور فرزند حسین، اهل روستای کاسه‌گران منطقه پیرانشهر، در تاریخ ٢٣ تیرماه ١٣٧٠، بـه همراه ٣تن دیگر از رفقایم در دره آسن‌گران ترگور ارومیه دستگیر شدیم. دو تن دیگر از رفقایم به نام‌های حسین سیت وت و محمد صالح شاهینی در همان محل به ضرب گلوله نیروهای سپاه پاسداران شهید شدند.
سه تن اسیر دیگر به نام‌هـای ملا جاسم دلنشین و ایوب جهـانگیری بـه ترتیب در سالهای ١٣٧١ و ١٣٧٢ در زنـدان مرکـزی ارومیه اعدام شده و کسی تـا کنون از نحوه‌ی اعدام و محل دفنشان خبر ندارد و دیگری میرزا محمد قـاسمی بعد از تحمل ٨ سال حبس از زندان آزاد شد.

اینجانب از لحظه دستگیری به مدت ٦ماه در سلول‌های انفرادی سپاه پاسداران و اداره اطلاعـات تحت شدیدترین شکنجه‌ها توهین، آزار، اذیت جسمی و روحی قرار داشتم.

حالا بعد از گذشت بیست سال از آن روزها خودم تعجب می‌کنم که چطور از زیر این همه ضرب و شتم و فشـار زنـده بیـرون آمدم، در طول این شش ماه غیر از بـازجو و شکنجه‌گر هیچ انسانی را ندیدم و هیچ‌کس حتی خانواده‌ام از وضعیت و

سرنوشتم اطلاع نداشتند.

در ۱۸ دی‌ماه ۱۳۷۰ مرا تحویل انفرادی زندان مرکزی ارومیه دادند، همان‌جا برای اولین بار پس از شش ماه دوستانم را ملاقات کردم. یک ماه در سلول انفرادی زندان بودم که برای اولین بار خانواده‌ام را ملاقات کردم. در پنجم بهمن‌ماه همان سال به اتفاق ملا جاسم و ایوب هر سه به اعدام محکوم شدیم؛ با وجود این‌که خانواده‌ام برایم وکیل گرفته بودند به وکیلم اجازه حضور در دادگاه داده نشد و برایم وکیل دولتی تعیین گردید.

سه روز بعد از به‌اصطلاح دادگاهی مرا صدا زده و حکم اعدامم را ابلاغ کردند و همان‌جا نسبت به آن اعتراض کردم ولی دوستانم را چند ماه دیگر به اطلاعات بردند و بعد از چند ماه حکم آنها ابلاغ شد. دو سال تمام در سلول انفرادی زندان که به آن قرنطینه می‌گویند، تحمل شکنجه و توهین نمودم.

تابستان سال ۱۳۷۱ اعدام ملا جاسم اجرا شد و سال ۱۳۷۲ ایوب را اعدام کردند و پس از آن مرا صدا زده و گفتند که حکم اعدامت نقض شده و بلافاصله به زندان تبریز منتقل گشتم. از سال ۱۳۷۲ تا سال ۱۳۷٤، در بند سیاسی زندان تبریز بودم به غیر از من همه از بچه‌های کومله، فدائیان خلق، مجاهدین و توده‌ای‌ها بودند، برایم بسیار جالب بود بعد از دو سال زندگی در وحشت بازجویی و شکنجه و سلول انفرادی در چنین جمع پاکی حضور می‌یافتم. فراموش نمی‌کنم که یک بار به‌خاطر انفجار در حرم امام رضا سر همه ما را تراشیدند و برای سه ماه علاوه بر ممنوع‌الملاقات بودن از رفتن به هواخوری و حمام محروم شدیم. چه زندگی وحشتناکی بود. در طول این سه ماه تمام بچه‌ها به قارچ و بیماریهای دیگر پوستی مبتلا شدند. از جوندگان و کک و شپش هم که دیگر نباید پرسید...

سال ۱۳۷٤ دوباره مرا به زندان ارومیه آوردند. بی‌خبر از همه چیز و همه جا در آنجا به دادگاه برده و بدون هیچ دلیلی برای من پرونده‌یی دال بر قاتل بودن من تنظیم کرده بودند. من هم که تا آن لحظه از این اتهام تازه بی‌خبر بودم، در حضور قاضی اظهار بی‌اطلاعی کردم و تا سال ۱۳۷۹ در گیرودار این پرونده بودم و سال ۱۳۷۹ به من ابلاغ شد که به‌خاطر شرکت در قتل به ده سال زندان محکوم شده‌ام. داد و بیدادم به جایی نرسید. چند ماه بعد از ابلاغ این حکم، دلخوش از این‌که یک سال دیگر آزاد می‌شوم و نه سال زندان کشیده بودم. باز هم بی‌خبر از همه جا، مرا به دادگاه انقلاب بردند و به‌خاطر عضویت در حزب دموکرات، به ۱۵سال زندان محکوم کردند. بعد از نه سال رنج و زجر زندان و دو سال و چند ماه انفرادی و قرنطینه چنین می‌نمود که داستان دادگاهی‌هایم به پایان می‌رسید، دادگاهی که هیچ‌گاه وکیلی نداشتم و هیچ‌گاه نتوانستم از خودم دفاع کنم. تمام مدارک آن ورقه کاغذهایی بود که در بازجویی و در زیر مشت و لگد و سیمهای کابل یکی از بازجوها انگشتم را می‌گرفت و بر آنها مهر می‌زد.

حتی نتیجه این دادگاهی‌ها و محکوم شدن‌ها، هیچ‌گاه ورقه‌ای از کاغذ که دال بر محکومیتم باشد، دادنامه‌ای و یا هر سند



سەرچاوە
Serchawe

دیگری را ندیدم و دریافت نکردم. هر آنچه را که بر من تحمیل کردند و بدان محکوم شدن شفاهی بود که ماموری از زندان یا اطلاعات می‌آمد و آن را می‌گفت و می‌رفت.

اکنون در حین نوشتن این نامه آذرماه ۱۳۹۰، بعد از تحمل ۲۰سال و٤ماه زندان هیچگاه مرخصی نرفتم. در همین زندان مادرم یک برادر و یک خواهرم را از دست دادم، حتی برای مراسم ختم این عزیزانم هم برخلاف آیین‌نامه داخلی زندان که می‌بایست تحت‌الحفظ مرا بر سر جنازه عزیزانم می‌بردند، این کار را هم نکردند و هنوز هم پایان حبس و تاریخ خاتمه حبسم را رسما و کتبا به من ابلاغ نکرده‌اند.
اکنون از بازرس ویژه حقوق‌بشر سازمان ملل، دیدبان حقوق‌بشر و مجامع جهانی و ملی حقوق انسان و همه انسانهای آزاد و آزادیخواه و وجدانهای بیدار در سراسر ایران و جهان، درخواست دارم که نه این‌که فقط برای آزادی من کاری بکنند که با تحقیق پیرامون روند دادگاهی و تباه شدن بیست سال از عمر و جوانی‌ام در زندانهای جمهوری اسلامی ایران، اجازه ندهند که جوانان دیگر از این سرزمین چنین عمر و جوانی خود را بر اساس ادعا و ادله‌ی بی‌اساس تباه شود.

آن چه که ذکر کردم یکی از هزار و قطره‌ای از دریای مصیبتهایی است که من در این سلول‌ها و زندانها کشیده‌اند، هر چند ممکن است که دوباره به‌خاطر نوشتن این نامه، گرفتار انفرادی و بازجویی شوم؛ ولی همین برایم بس است که گوشه‌یی اندک از ظلم‌ها و بی‌عدالتی‌هایی که بر من و دیگر زندانیان رژیم جمهوری اسلامی گذشته و می‌گذرد را به گوش شما و مردمم برسانم.

با درود عثمان مصطفی‌پور

زندان مرکزی ارومیه

رو نوشت به:

کمیسariای عالی حقوق‌بشر

گزارشگر ویژه سازمان ملل‌متحد در امور ایران

کمسیون حقوق‌بشر اتحادیه اروپا

سازمان عفو بین‌الملل

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## کوردکاناڵ، ئەو دەنگ و ڕەنگەی دەمێنێتەوە

مانگی گەلاوێژ، مانگی لە دایکبوونی دەنگو ڕەنگێکی نوێ بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستانە. مانگی دەستبەکاربوونی تەلەڤیزیۆنێکی کوردییە کە ئەمساڵو ئەم ڕۆژانە پێی ناوەتە دەیەمین ساڵ تەمەنی خۆی. ئەم کاناڵە تەلەڤیزیۆنییە ماهوارەییە، "کوردکاناڵ"ە.

لە دەیەی یەکەمی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی کە بەرامبەر بوو لە گەڵ کۆتاییەکانی مانگی ژوئای ٢٠٠٧، کەناڵێکی فەزایی کوردیی دیکە هاتە ڕیزی کاناڵە کوردییەکان. کوردکاناڵ یەکەم بەرنامەکانی خۆی کە پەخشی ئەزموونی بوون، لە کۆمەڵەی هاتبێرد و لە سەر فرێکانسی تەلەڤیزیۆنی "کانال جدید"، بلاو کردەوە. ئەم کاناڵە کوردییە نوێیە کە دەنگ و ڕەنگی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لە سەرەتا دا بەرنامەکانی خۆی بە ٣ کاتژمێر پەخش لە ماوەی شەو ورۆژێک دا دەست پێ کرد.

ئەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنییە نوێیە، لە سەرەتا دا بە ناوی "کورد تی ڤی" (kurd tv) دەستی بە بلاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد. بەلام دوای ئەوەی دەرکەوت هەر بەم ناوە تەلەڤیزیۆنێکی کوردیی دیکە تۆمار کراوە کە هێشتا دەست بە کار نەبووە، ناوی "کوردکاناڵ"ی بۆ خۆی هەڵبژارد. ناوێک کە ئێستا ئیدی بۆ بینەرانی کەناڵە کوردییەکان لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە نێو کوردانی ڕۆژهەلاتیی دەرەوەی ولات ناوێکی ئاشنایە.

لە دایکبوونی کوردکاناڵ، بەرهەمی دۆخێکی سیاسیی تایبەت بە حیزبی دیموکرات بوو. دوای ئەوەی لە سەرماوەزی ١٣٨٥، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەیتوانی یەکپارچەیی خۆی بپارێزێ و ئەم حیزبە تووشی لەتبوون هات، "حیزبی دیموکراتی کوردستان" کە زۆربەی تێکۆشەرانی پەراوێزخراوی دیموکرات و هەزاران ئەندامی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی ولاتی گرتبووە خۆی، بە عەزم و ئیرادەیەکی نوێخوازانەو گۆڕانخوازانە، بە بەرنامەیەکی سیاسیی سەرچاوەگرتوو لە ئامانج و پرەنسیپە لە مێژینەکانی دیموکرات و، نیاز و چاوەڕوانییەکانی سەردەم، هاتەوە مەیدان. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای ئەم قۆناغە نوێیە لە تێکۆشانی خۆی هەم لە ڕووی داراییەوە دۆخێکی دژواری هەبوو، هەم لە گەڵ هێرشێکی میدیایی ناڕەوا و پڕ لە ناڕاستی بەرەوڕوو بوو. ڕادیۆیەک کە زۆرتر بەری ڕەنج و سەنگەری تێکۆشانی ئەم بەشە لە تێکۆشەرانی حیزب بوو، هەر وەها تەلەڤیزیۆنێک کە موڵکی هەموو حیزبی دیموکرات بوو، ئێستا بە توندی بۆ هێرشکردنە

سەر " حیزبی دیموکراتی کوردستان" و سیما ناسراوەکانی، بە کار دەهێنران. حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەر چی لە ڕێگای ڕۆژنامەی "کوردستان"، ماڵپەڕی "کوردستان وکورد"و دەزگایەکی پەخشی ڕادیۆیی کەم مەودا، هەوڵی دەدا بێ ئەوەی بکەوێتە نێو ئەم جۆرە دەمبەدەمە زیانبارانە، سیاسەت و هەڵوێستی خۆی بە خەڵک ڕابگەیەنێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم هەوڵانە بە بێ دەستڕاگەیشتن بە کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی فەزایی، نەیاندەتوانی وڵامدەر بن.

ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای ئەم قۆناغەی تێکۆشانی خۆی دا، گرنگییەکی زۆری دا بە ئامادەکردنی بەرنامەی تەسویری و ڤیدیۆیی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکییەکانی حیزب و، لێدوان و وتوێژەکانی بەرپوەبەران و بەرپرسانی ئەم حیزبە و بڵاوکردنەوەیان بە شێوەی سی دی. هەر لەو کاتەش دا لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی بۆ پەخشی بەرنامە غافڵ نەبوو. بە ئاگاداری لە بەردەوامیی تەبلیغاتی نەیارانەی ئاشکرا و نهێنی لە دژی ئەم حیزبە، هەر وەها بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە بەرنامە و لیدوان و چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، توانیبوویان ببێتە جێگای سەرنجی کۆمەڵگە و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسیی کوردستان، بەڵام کاری میدیایی ئەوتۆیان لە سەر نەکرابوو، هەبوونی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر وەک پێویستییەک خۆی دەنواند. دابین بوونی ئەم پێویستییە، بەسترابووە بە هیممەتی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە هەموو ئاستەکان دا. کاتێک ڕاگەیاندنی حیزب کەوتە خۆ بۆ ئامادەکردنی ستۆدیۆی تەلەڤیزیۆنی، هەر وەها ئەو کاتەی ڕێبەریی حیزب داوای هاوکاریی ماڵیی لە کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامان و دۆستانی حیزب کرد هیممەت بنوێنن بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگی ئەم حیزبە بکەوێتە سەر پێ، کاری خۆبەخشانە و هەرەوز و جموجۆڵێکی گشتیی کەم وێنە، بنکە و کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی داگرت.

کوردکاناڵ هەر وەک لە دەسپێکی کاری خۆی دا رای گەیاندبوو، "دەنگ و ڕەنگێکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بوو. "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" کە سەنەدی ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم قۆناغەی تێکۆشانی دابوو، ڕێنوێنی بەڕێوەبەریی ئەم تەلەڤیزیۆنە بوو لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی دا.

کوردکاناڵ لە ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دیموکرات و ڕووداوە گرنگەکانی دا، سیاسەتی سڕینەوە و پەراوێزخستن و زیندەبەچاڵ کردنی سیماکانی ئەم حیزبەی وەلانا. زۆر کەسایەتی و سیما کە ساڵانێکی زۆر بوو کەوتبوونە ژێربۆتەی فەرامۆشی، لە کوردکاناڵ یادیان کرایەوە. ئەم تەلەڤیزیۆنە بە نۆرەی خۆی نەریتی مەیداندان بە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەگرانی داهێنا و تریبوون و شاشەی خۆی هەر بۆ ئەو کەسانە تەرخان نەکرد کە تەنیا بە حیزبی دیموکرات هەڵ دەڵێن.

کوردکاناڵ قورسایی بەرنامە و کاری خۆی خستە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو پرس و بابەتانەی پێوەندییان بە کورد



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. بە پێڕەوی لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو کوڕ و کۆمەڵ وناوەند و کەسایەتیانەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای هەموو سەختی و کێشەکان خۆیان بۆ خزمەتی فەرهەنگی، زانستی، نەتەوەیی بە نەتەوەکەیان تەرخان کردوە، لە کوردکاناڵ بایەخیان پێ درا.

هەر وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام هەوڵی دا هاندەر و پشتیوانی دیالۆگ و هاوکاریی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بێ، کوردکاناڵیش زۆر جار شاشەی خۆی و بەرنامەکانی خۆی بۆ باس و دیالۆگی چەندلایانەی نێوان ئەو هێزانە تەرخان کردوە. زۆر پرسی سیاسی و نەتەوەیی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوون کە لە کوردکاناڵ دا بە شێوەیەکی بەردەوام، بە ئامادەکردنی موستەنەد، بە پێکهێنانی میزگرد و بەرنامەی جیاوازی دیکە، ئاوڕیان لێ دراوەتەوە.

ڕۆژهەڵاتتەوەر بوونی کورد کاناڵ، بە واتای پشتگوێخستنی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، یا لە بیر کردنی پرسە گرنگەکانی ئێران نەبووە. ئەم تەلەڤیزیۆنە هەم لە بەرنامە خەبەرییەکانی ، هەم لە بەرنامە سیاسی و کولتووری و دۆکیۆمێنتییەکانی دا، هەوڵی داوە ئاوڕ لە ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە سیاسییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بداتەوە و بە هۆی کەسایەتییە سیاسییەکان و کەسانی شارەزا و خاوەنرا، تیشکیان بخاتە سەر. لە پێوەندی لە گەڵ ئێرانیش دا،بە تایبەتیی بەشی فارسیی کوردکاناڵ، توانیویەتی پێوەندی بە ژمارەیەکی زۆر شرۆڤەکارو سیمای سیاسی و فەرهەنگیی چالاکی ئێرانی بگرێ و لە لە بەرنامەکانی خۆی دا سوود لە لێکدانەوە و ڕاوبۆچوونیان وەربگرێ و بە هۆی ئەوانەوە شرۆڤەی گرنگترین پرس و ڕووداوەکانی ئێران بکا.

ئەم تەلەڤیزیۆنە هەوڵی داوە بە پێی توانا بەرنامەی بۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ هەبێ. ژنان، لاوان، خوێندکاران لەو توێژانەن کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێکش نەبێ بەڵام ئەوەندەی کراوە، لە کوردکاناڵ دا مەیدانیان هەبووە و باس لە پرس و کێشە و ویستەکانیان کراوە.

لە گەڵ ئەوەی کوردکاناڵ تەلەڤیزیۆنێکی سیاسی و دەنگ و ڕەنگی حیزبێکی سیاسی بووە، بەڵام بابەتە هزری و ڕۆشنبیرانە، پرسی زمان و ڕۆڵی ئەدەب و هونەر ومێژوو لە گەشەکردن و وشیاربوونەوەی نەتەوەیی دا، هەر وەها کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی، لە چوارچێوەی بەرنامەکانی کوردکاناڵ دا، حوزوور و مەیدانیان هەبووە.

بێگومان ئەم کاناڵە کوردییە لە هیچ کام لە قۆناغەکانی تێکۆشانی خۆی دا، لە کەموکووڕی بە دوور نەبووە. لە ڕووی



سەرچاوە
Serchawe

تێکنیکییەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، لە کۆمەڵێک ڕوانگەی دیکەشەوە، زۆرجار ڕەخنەی هاتووەتەوە سەر. بەڕێوەبەریی کوردکاناڵ ئەم ڕەخنانەی بە سینگفرەوانییەوە وەرگرتوون و لەوە بە داخ بووە ئەگەر نیتوانیبێ لە هێندێک بوار دا، لە ئاستی چاوەڕانیی بینەرانی دابێت. بەشێک لەو کەموکووڕییانە، دەگەڕێنەوە بۆ هەلومەرجێکی تایبەت کە بەڕێوەبەرانی ئەم تەلەڤیزیۆنە و حیزبی دیموکراتی کوردستان تێی دان. ئاستەنگی سیاسی، گیروگرفتی دارایی، بارودۆخێکی نەخوازراو و ناهەموار بۆ پێگەیاندن و ڕاگرتنی کادر فەنی، وایان کردوە کوردکاناڵ نەتوانێ بەو جۆرەی خۆی و بەڕێوەبەرانی و بینەرانی، ئارەزوو دەکەن، پێش بکەوێ. لە گەڵ ئەمەش دا جێگای خۆشحاڵییە کە پێوەندیی بینەران کوردکاناڵ و بینەرانی، هەر وا پێوەندییەکی زیندوو و گەرم و پتەوە. ژمارەی زۆری پێوەندیی تەلەفۆنی، وئەو پەیامە دەنگی و کورتە نامانەی لە بینەرانەوە بە کوردکاناڵ دەگەن، هەر وەها هاوکاریی بینەران و دڵسۆزانی کوردکاناڵ لە نێوخۆوە بە ناردنی هەواڵ و راپۆرت، وێنەو ڤیدیۆ نیشانەی پتەویی ئەم پێوەندییەن.

کوردکاناڵ لە ٩ ساڵی رابردوو دا، بە پشتیوانی و هیممەتیی ماڵیی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی ئەندامانی ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات، توانیوێتی بەردەوام بێ. بەردەوامیی ئەو تەلەڤیزیۆنە لە کاتێک دایە کە ژمارەیەک کاناڵی تەلەڤیزیۆنیی دیکەی ڕۆژهەڵات، بە هۆی ماڵی و دارایی، پەخشی بەرنامەکانی خۆیان ڕاگرتوە. لە کەس شاراوە نییە کە بوون و بەردەوامیی تەلەڤیزیۆنێک کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی بێ هی خۆیانی دەزانن، چەندە گرنگە. کوردکاناڵ لە دەسپێکی دەیەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی دا، زۆر خۆمانە و ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێ کە بەردەوامیی ئەو تەلەڤیزیۆنە لە گرەوی پشتیوانی و هاوکاریی ماڵیی بینەرانی دایە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە باوەڕیان وایە کوردکاناڵ لە ماوەی تێکۆشانی خۆی دا توانیویێتی ئاوێنەی خەبات و بەرخۆدان و نوێنگەی دەرد و کێشەکانیان بێ، پێویستە هیممەت بنوێنن وئەم دەنگ و ڕەنگەی خۆیان هەر وا زیندوو و بەردەوام ڕابگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٦

# ناسر ئێرانپوور، پیاوێک لە رەگەزی رووناکی

لە هەر کۆمەڵێک و لە نێو هەر نەتەوەیەکدا کەسانێک هەن کە هەر هی خۆیان و هەر هی بنەماڵەکەیان نین، هی هەموو ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیەن کە لە نێویاندا هەڵکەوتوون. دیارە ئەو جۆرە کەسانەش بە رێکەوت نابن بە سامان و مڵکی کۆمەڵ و نەتەوەی خۆیان، بەڵکوو خزمەتیان بەو کۆمەڵ و نەتەوەیە و رۆڵیان لە بوارێک لە بوارە گرنگەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە دایە کە ئەم جێگە و پێگەیەیان بۆ پێک دێنێ.

ناسر ئێرانپوور، بۆ ئەوانەی ئەهلی خوێندنەوە و بەدواداچوونی پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانن، ناوێکی ئاشنایە. ئەو نووسەر و رووناکبیرە کوردە رۆژهەڵاتییە، لە مێژ ساڵە بەشێکی گەورە لە توانا و کاتی خۆی بۆ وەرگێڕان و نووسین لە بواری مافی نەتەوەیی و بەرگری لە رەوابوونی پرسی کورد بە گشتی و لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی تەرخان کردوە. وەرگێڕانەکانی کە لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ سەر زمانی فارسین، کۆمەڵێک یاسا و پەسندکراو و دۆکیۆمێنتی گرنگی پێوەندیدار بە مافە نەتەوەیی و زمانییەکان و، سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری لە وڵاتانی فرە نەتەوە و فرەزمانی جیهان دەگرنە خۆیان. کاک ناسر بەم کارەی گەنجینەیەکی بە نرخ لە زانیاریی قانوونی و سیاسیی پێویستی بۆ ئەو کەسانەی بەشداری خەباتی نەتەوەیی و زمانیین، دابین کردوە. نەک هەر تاک تاکی ئەو مرۆڤانەی بۆ مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی خۆیان- بە شێوەی تاکەکەسی و سەربەخۆ یا وەک ئەندام و تێکۆشەری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان تێدەکۆشن- بەڵکوو رێبەرانی حیزب و ریکخراوە کوردییەکانیش، ئەگەر بیانەوێ بە زانیاریی بە نرخ و بەڵگەی پتەو بچنە شەڕی بەرگریکردن لەو مافانە لەگەڵ نەیارانی دابینبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان، پێویستە ئەم وەرگێردراوانەی بەڕێز ئێرانپوور بخوێننەوە و بە سوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی لێیان هەڵدێنجن، لەگەڵ دژبەران و نەیارانی چارەسەری دادپەروەرانەی پرسی نەتەوەیی و زمانی بکەونە دیالۆگ و پۆلیمیکی سیاسی. لیستی ئەو جۆرە وەرگێڕانانەی ئێرانپووری ماندوویینەناس کە هێندێکیان نامیلکەیەکی تەواون، خۆ لە نزیکەی 30 ناو دەدا.

بەڵام ناسر ئێرانپوورهەر بە وەرگێڕانی دۆکیۆمێنتی بەنرخ لەم بوارەدا نەوەستاوە. ئەو بە نووسینی وتار و بە بەشداری لە وتووێژی تەلەڤیزیۆنی و رادیۆیی و ئامادەبوون لە سمینار و کۆبوونەوەی سیاسی لەم سالانەی رابردوودا، رۆڵێکی دیاری هەبووە هەم لە بەرزکردنەوەی پایەی تیۆریک و ئیستیدلالیی روانگە و بۆچوونی بەرگریکاران و لایەنگرانی پرسی رەوای نەتەوەی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی بە گشتی، هەم لە پەرپەرچدانەوەی چەواشەکاری و هێرشی نارەوای نەیارانی

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە تایبەتی لە نێو شوڤێنیستە ئێرانییەکاندا. یەکێک لە خاڵە بە هێزەکانی نووسین و وەڵامدانەوەکانی ئەم نووسەرە پڕکار و پڕبەرهەمە، نووسرانیان بە زمانی فارسییە. ئەگەر کاک ناسریش وەک مەمانان هەر کوردینووس با و نووسراوەکانی تەنیا بە کەڵکی خوێنەرانی کوردزمان هاتبان، هەرگیز ئەم سوود و بایەخەی ئێستایان نەدەبوو. نەک لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لە زمانی فارسی بە کەمتر بزانم، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە پێویستە لەگەڵ نەیارە فارسیخوێن و فارسیزمانەکانی پرسی کورد، بە زمانێک کە لێی تێدەگەن باس و پۆلیمیک بکەین، چەوتی و ناڕاستیی بۆچوونەکانیان بسەلمێنین و راستییەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەکەمان و خەباتە رەواکەی خۆمانیان تێ بگەیەنین. ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماڵپەرە فارسی زمانەکان و لەگەڵ هۆگران و دژبەرانی فارسزمانی پرسی نەتەوەیی و زمانی، بە لایەنگری لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی رەوای نەتەوەی کورد، وەک کاک ناسر بە زمانی فارسی دەنووسن و قورس و قاییم وەدەست هاتوون، بە داخەوە زۆر نین. بەڵام هەر ئەو ژمارە کەمە زۆر جار بە ئیستیدلالی بە هێز و باسی دەوڵەمەندیان توانیویانە رووی زۆر لە نەیارە ئێرانییەکانی پرسی نەتەوەیی و مافی نەتەوەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و ئێران کەم بکەنەوە و پێش بە مەیدانداریی یەک لایەنەیان لە راگەیەنەکاندا بگرن.

کاک ناسر لە مێژ ساڵە ئەندامی هیچ یەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران نیە. بەڵام بە شاهیدیی نووسین و وتووێژەکانی، هەر کات حیزب و ریکخراوێکی سیاسیی کوردستان، پرس و بابەتێکی نوێ و بە سوودی خستووەتە روو، یا بە بۆنەی هەنگاوێکی سیاسی و یا چالاکییەکی رەوا کەوتووەتە بەر هێرشی ناڕەوا، بە دەستوبردتر لە رێبەری و کادرە دیارەکانی ئەو لایەنە و دەتوانم بڵێم زۆر جار موستەدەلتر، راشکاوتر و قورس و قاییمتر لە رێبەران و سیماکانی ئەو جۆرە حیزب و رێکخراوانە، کەوتووەتە داکۆکی لێکردنیان. کامڵبوونی فکری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و رەوانیی ئەو رووناکبیرە کوردە بە زۆر لە تایبەتمەندییەکانییەوە دیارن. ئەو هەر خەمخۆری پرسی رەوای نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکوو هۆش و سەرنجی لە سەر رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەستاوەتەوە و لە کاتی خۆیدا نووسین و هەڵوێست و دەنگی هەبووە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئێمە هۆگران و خوێنەرانی، ئەو نووسەرە وەک شەڕڤانێکی بزووتنەوەی کورد لە سەنگەری بیر و قەڵەم و کاری فکری و سیاسیدا سەیر دەکەین، بەڵام نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێرانیش، حەق وایە هەر بەم چاوە لێی بڕوانن. چونکە ئەو وەک رووناکبیرێک و بە شێوەیەکی مەبدەئی و وەک پرەنسیپ، مەسەلەی هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە مەسەلەی خۆی دەزانێ و لە جێی خۆی و لە کاتی خۆیدا، هەوڵی داوە قسە و هەڵویستی گونجاوی لە بارەیانەوە هەبێ. گەورەیی و بە هیزیی روانین و بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤە بە جەستە لاوازە، هێندێک هۆکار و سەرچاوەی دیکەشیان هەیە لەوانە: ئازادبیر بوون و رێزگرتن لە جۆراوجۆریی بیروڕای سیاسی، چەپبوون بە واتای باوەڕ هەبوون بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، خۆپاککردنەوە لە هەست و روانینی دژەمرۆیی و، لە روانگەیەکی ئینسانی و ئینساندۆستانەوە روانین بۆ

پرس و دیاردە و بابەتەکان و هتد.

داوەری و هەڵسەنگاندن لە بارەی ژیان و تێکۆشانی کاک ناسر ئێرانپوور، عەیبێکی گەورەی تیدا دەبێ ئەگەر دوو راستی لە بارەی ئەو رووناکبیرە بە نرخە نەزانین. یەکەم ئەوە کە ناسر هەموو ئەو وەرگێڕان و نووسینە بە نرخانەی لە پەنا کاری قورسی رۆژانەیدا - کە ژیان و بەڕێچوونی خۆی و بنەماڵەکەی بەو کارەیەوە بەند بووە- ئەنجام داون. ئەو وەک ئەو رووناکبیرو نووسەرە خۆاپێداوانە نەبووە کە لایەنێک دەیانژێنێ و هیچ خەمی نان و ژیان و گوزەرانیان نیە و کاریان تەنیا خوێندەوە و نووسینە. دووهەم راستییش ئەوەیە ناسر ئیرانپوور لە مێژ ساڵە لە بەشی زۆری رووناکیی چاوێکی بێبەشە. کاتی خۆشی(١٩٨٤) هەر بۆ عیلاجی ئەم نەخۆشیە هاتووەتە ئەڵمان و لەوێ گیرساوەتەوە. هەر بە رووناکایی ئەو چاوە ساغەشی، سەرەڕای کار و چالاکیی زۆری سیاسی، سەرکەوتوانە خوێندوویەتی و خۆی پێ گەیاندوە و بووە بەو ناسرەی ئەمڕۆ لە سایەی خزمەتە زۆرەکانی، هەموو ئەوانەی تا رادەیەکی باش دەیناسین، خۆشمان دەوێ و شانازیی پێوە دەکەین.

کاک ناسر، چەند ساڵێکە جاروبار و بە شێوەی کاتی لە گۆرەپانی نووسیندا خۆیمان لێ ون دەکا. ئەوە نەک خۆحەشاردانێکی دڵخواز، بەڵکوو ونبوونێکی نەخوازراوە. ئەمە، ئەو کاتانەیە کە لە ژێر چارەسەر دایە و خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیەکەیەتی. بەڵام لەو کاتانەشدا کە لە نەخۆشخانە کەوتووە، نەحەجمیوە. بیری هەر لای پرسە رەواکانی نەتەوەکەی و هاونیشتمانانی بووە. لە ئاکام دا، چەکەرەی پرۆژەیەکی دیکەی نووسین و، چۆنیەتیی هاتنە دەنگ لە نووسین و لێدوانێکی تازەی نەیارێکی پرسی رەوای نەتەوەکەی، وەکوو ئازارەکانی نەخۆشیەکەی، جینگڵیان پێ داوە. نوێترین بابەت کە بیر و زەینی ئەو خۆشەویستەی بە خۆیەوە خەریک کردوە، چۆنیەتیی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ دیاردەی جاشەتی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. دیاردەیەک کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، چەند ساڵێکە لە کاتی باسکردنی سەرکەوتنەکانیان لە سەرکوتی چالاکیی رێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان، سەرکەوتوانە و بە شانازیەوە و لە ژێر ناوی "هاوکاریی خەڵکی خۆجێی لەگەڵ هێزەکانیان"، لێی دەدوێن. پێویستیی وەڕێخستنی هەوڵێکی بەرینی فکری و سیاسی و میدیایی لە دژایەتی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، ئەو بیرۆکەیە کە ناسری ئێرانپوور پێشنیار دەکا حیزب و ریکخراوە سیاسیەکان و چالاکانی بواری سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بیکەنە هەوێنی پرۆژەی ئێستای خۆیان.

کاک ناسر هەتا ئێرە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستان و لە پێناوی بەرگری لە پرسە رەوای نەتەوەکەیدا، کەمی نەکردووە. ئەو گەنجینەیەک وەرگێڕان و نووسینی بەنرخی بەرهەم هێناوە کە بە راستی شایانی خوێندنەوە و لێفێربوون و پشت پێبەستن لە دیالۆگ و موناقشەی سیاسی دان. سەرەڕای ئەمەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و

گۆڕەپانی رۆشنبیریمان پێویستیی زۆریان بە ناسرەکان و خاوەنانی ئەم جۆرە هزرە و بەهرە دەوڵەمەندانە هەیە. هەر بۆیە لە قووڵایی دڵمەوە ئاواتی بەردەوامبوون بۆ ناسری خۆشەویست دەخوازم.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە،

سەرچاوە: ماڵپەڕێ: کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## جاشو جاشەتی، ئافەتی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد

چەند ساڵێکە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر بە شان و باهۆی بەکرێگیراوە کوردەکانی خۆی هەڵ دەڵێ. ساڵی ڕابردوو، زنجیرەیەک کۆبوونەوە و مانۆڕ لە ناوەندی پارێزگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بەڕێوە چوو کە بۆ ڕێزگرتن لە چەکدارە کوردەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوون. بۆ ئەوەش ڕواڵەتێکی سیاسی و فەرهەنگی بدرێ بە خۆفرۆشیی ئەو بەکرێگیراوانە، ناوی "کۆنگرە" لە سەر کۆبوونەوەی ئەوان دانرابوو و لە گەڵ بە ناو چالاکیی ئەدەبی و هونەری تێهەڵکێش کرابوون. ئەمساڵیش لە گەڵ هەر جموجۆڵێکی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەلات، و بە تایبەتی لە کاتی تێکهەڵچوونەکانی پێشمەرگەکان و هێزە چەکدارەکانی ئەو ڕێژیمەدا، کاربەدەستان و ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەونە ستایشی بەکرێگیراوانی کوردی خۆیان. هەوڵیان ئەوەیە هاوکاریی ئەو بەکرێگیراوانەو "خەڵکی خۆجێیی" لە گەڵ سوپای پاسداران بۆ لە داوخستنی پێشمەرگەکان و زەبر لێوەشاندنیان، گەورە بکەنەوە و وا نیشان بدەن کە ئەو ڕێژیمە لە نێو خەڵکی کوردستان دا پێگە و خۆشەویستیی هەیەو، هێزی پێشمەرگە و حیزبی دیموکرات نەک هەر لە گەڵ ئەو ڕێژیمە بەڵکوو لە گەڵ خەڵک بەرەوڕوون.

دیاردەی خۆفرۆشتنی تاک و گرووپی کوردی بە ڕێژیمە دژە کورد و سەرکوتکەرەکان و ڕاوەستانیان بەرامبەر هێزی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری نەتەوەکەیان لە نێو کورد دا،هەر لە کۆنەوە وەک شتێکی بێزهەستێن و مایەی شەرم و شوورەیی سەیری کراوە. هەر بۆیەش خەڵکی کوردستان نزیکەی سەدەیەکە ئەم جۆرە کەسانە بە "جاش" و کردەوەکەیان بە "جاشەتی" ناو دەبەن. لە خۆڕا نیە ئەو کەسانەی چەکی ڕێژیمە داگیرکەرو دژە کوردەکانیان کردووەتە شانو لە گەڵ هێزی چەکداری دوژمن دا، هاتوونە شەری تێکۆشەرانی نەتەوەکەیانو، لە سەرکوتی خەباتی نەتەوەکەیان دا بەشدار بوون، لە کۆمەڵگەی کوردی دا سەرشۆڕ بوونو تەریک کەوتوونەوە. چونکە وەک خائین بە نەتەوە و نیشتمان سەیریان کراوە و خەیانەتیش لە نێو هەموو کولتوور و ئایینێک دا، بە شتێکی دزێو دانراوە. ئەم ڕوانینەی خەڵک بۆ تاک و گرووپی خۆفرۆشی کورد و بە سووک تەماشاکردنیان، وای کردوە دەوڵەتە داگیرکەر و دژ بە کوردەکان، ناوو ناسناوی ئەوتۆ بۆ بەکرێگیراوە کوردەکانیان بدۆزنەوە کە شوورەیی و دزێویی پیشە و کردەوەکانیان تا ڕادەیەک بشارێتەوە. لە ڕێژیمی شایەتی دا بۆ وێنە ناوی"دلاوەر"یان لە سەر دانابوون. کۆماری ئیسلامییش ناوی "پێشمەرگەی موسوڵمان"ی لێ ناون بەو نیەتە ک بە هۆی وشەی پێشمەرگەوە، خەڵک لێیان نەسڵەمێتەوەو خۆشی بوێن، بە هۆی ئاوەڵناوی "موسوڵمان"یشەوە وا هەست بکەن، ئەوەی دەیکەن لە خزمەت ئایین و ئیسلامەتی دایە! دیارە ئەم ناوەش فریایان نەکەوتووە خەڵک هەر بە جاشو خۆفرۆش و خائین ناویان دەبەن و دوورییان لێ دەکەن. بەڵام ئەوان هەر ڕووڕەشی ئەم دنیایە نین، ڕووڕەشی قیامەتیشن. چونکە پشتیان لە کۆمەڵ و نەتەوە و هاوزمانی خۆیان کردوە، خراپترین تاوان و کردەوە بەرامبەریان ئەنجام دەدەن، ئەویش لە پێناوی

پووڵو سامان دا.

لە سۆنگەی ئەم دیاردە زیانبارەوە، بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، زیانی گەورەی وێ کەوتوە. هێزە نیشتمانپەروەرەکان بەشێکی گەورە لە وزە و توانای خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەو بێ ئاکامکردنەوەی ئەو بەکرێگیراوە کوردانە تەرخان کردوە کە شانبەشان و لە پێشەوەی هێزی چەکداری ڕێژیمەکەیان هێرشیان کردوەتە سەر هێزی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی کورد. لەو نێوە دا چ هێزی پێشمەرگە زیانی گیانی پێ گەیشتبێ و چ ئەو بەکرێگیراوە کوردانە کوژرابن، دوژمنان زەرەیان نەکردوە. چونکە کوردیان بە دەستی کورد بە کوشت داوە. بەم جۆرە زیانی گیانی هێزە چەکدارەکانی خۆیان کەم کردوەتەوە و هەر لەو کاتەش دا کەلێن و ناکۆکیی نێو ڕیزەکانی خەڵکیان پەرە پێ داوە. چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ هەر نەبێ بەشێک لە بنەماڵەی بەکرێگیراوە کوردەکانیش، لە جیاتی ڕێژیمە دژ بە کوردەکان بە هۆکاری کوژرانی کەسەکانی خۆیان بزانن، دەبنە نەیاری هێزەکانی نێو بزووتنەوە.

جاشەتی و خەیانەت بە نەتەوە سەردەمانێک زیاتر لە چەک هەڵگرتن بۆ دوژمن دا خۆی دەنواند، بەڵام هەر چەشنە دەستتێکەڵکردن لە گەڵ هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم و بەشداری لە هەر پیلان و بەرنامەیەک کە دژی خەبات و تێکۆشانێکی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بێ، هەر خەیانەتەو، هەر خەیانەتێکیش بە نەتەوە و نیشتمان لە پێناویی پلەو پایەی ئیداریو لەشکری و وەدەستهێنانی سامان، شیاوی ئەوەیە ناوی جاشەتی لە سەر دابنرێ و مەحکووم بکرێ.

بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم دیاردەیە هەر تەنیا ئەرکی هێزە سیاسییەکان نیە. هەر لە جێدا کاری فکری و فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بۆ ڕووبەرووبوونەوە لە گەڵ ئەم دیاردەیە، لە کاری سیاسیی پێویستتترە. بەر لە هەموان ئەندامانی بنەماڵەکانی ئەو جۆرە بەکرێگیراوانە کە زۆر باش دەزانن کردەوەی خۆفرۆشانەی کەسەکانیان چ زیانێکی بە ڕێز و حورمەت و ناوبانگی بنەماڵەییان گەیاندوە، حەق وایە ببن بە هێزی گوشار لە سەریان، دەستیان پێ لە خەیانەت و خۆفرۆشی هەڵ بگرن و بەم جۆرە ئەم پەڵەی شوورەییەی نێوچاوانی بنەماڵەکانیان بسڕنەوە. دواتر ئەوە ئەرکی توێژە ڕووناکبیرەکان بە تایبەتی نوخبەکانی کۆمەڵگەیە بە سوود وەرگرتن لە پێگەی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی خۆیان، ئەم دیاردەیە بدەنە بەر ڕەخنە و دژایەتییەکی گشتی لە قووڵایی کۆمەڵ دا لە گەڵ ئەم دیاردەیە وەڕێ بخەن. هێزە سیاسییەکانیش، لە لایەکەوە بە سوود وەرگرتن لە راگەیەنەکانیان دەبێ شەنوکەوی زیانەکانی ئەم دیاردەیە بکەنو وشیاریی پێویست لەم بارەیەوە بڵاو بکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە بە پلان وکاری هاوبەش ودووربینانە، بە کاری سیاسیوڕیکخراوەییو هەڵوێستی گونجاو، ئەم ئافەتەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بەرەو کزی ببەن و لە کۆڵ داهاتووی نەتەوەکەمانی بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# لە دەرەوەی سنوور بۆ ئەمنیەت و ئاسوودەیی ڕێژیمەکەتان مەگەڕێن

دوای سالانێکی زۆر دووریی خەڵک و پێشمەرگە، حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، قۆناغێکی نوێ لە تێکەڵاویی خەڵک و پێشمەرگەیان هێنایە کایەوە. ئامادەبوونی پەیتاپەیتای تیمەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووڵایی ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات و وەدەستهاتنی پێشمەرگەکان لە کاتی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کەمین و هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، کە هێندێک جار شەهیدبوونی پێشمەرگە و کوژرانی چەکدارەکانی ئەو ڕێژیمەیان لێ دەکەوتەوە، جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پتر دەخستە بەر سەرنجی میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکان. لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕچەشکێنییەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابووبێ یا هەر فاکتەرێکی دیکە، ئەمساڵ لایەکەی دیکەی دێموکراتیش، وەرزێکی نوێ لە چالاکیی پێشمەرگەکانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دا، وەڕێ خست.

بایەخدانی میدیاکان بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ نێو خەڵک و چەند تێکهەڵچوونێکی خوێناویی نێوان پێشمەرگەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هەم ئاستی هەستیاریی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر جموجۆڵی پێشمەرگەکانی دێموکراتی بردە سەر، هەم لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا، هێندێک باس و پرسیاری زیاتر لە پێشوو وروژاند. کۆماری ئیسلامی لەسەر زمانی فەرماندەرانی سوپای پاسدارانەوە کەوتە هەڕەشە کردن و بەشێک لەم هەڕەشانەشی بە هۆی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان، خستە واری جێبەجێکردنەوە. ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانیش، سەرنجی خۆیان خستە سەر چەند پرسێکی وەک: کاریگەریی ئەو شێوە خەباتە لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ئەمنیەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەری دەستهەبوونی دەوڵەتانی ناوچە و بەتایبەتی عەرەبستانی سەعوودی لە پشت ئەم جۆرە چالاکییانە، بڕشت و کارایی ئەم شێوە خەباتە لە سەردەمی ئێستادا و، داهاتووی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە درێژە و بەردەوامیی ئەو جۆرە چالاکیانە و هتد.

وەستان لەسەر هەموو ئەو باس و پرسیارانەی لە سۆنگەی چالاکبوونەوەی پێشمەرگەی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ کەوتوون، لەم کورتە نووسینەدا، دەست نادا. هەر بۆیە ئەم نووسینە تەنیا لە سەر ڕەهەندێکی باس و بابەتەکان دەوەستێ ئەویش، ڕوانینی لایەنە جۆراوجۆرەکان لەو چالاکیانە لە دەلاقەی ئەمنییەتیەوەیە.

بە درێژایی مێژووی بزووتنەوە نەتەوەیی و ئازادیخوازییەکانی کوردستان، ئەو دەوڵەتانەی لەگەڵ کورد لە شەڕدا بوون، هیچ کات لە تاوانبارکردنی ئەو بزووتنەوانە بە بەستراوەیی بە دەوڵەتانی بێگانە، درێغیان نەکردوە. هیچ کات نەیان ویستوە پرسی کورد، وەک پرسێکی هەڵقووڵاو لە ویستی ئەو نەتەوەیە و سەرچاوە گرتوو لە بندەستی و بێمافی‌یەکانی گەلی کورد، سەیر بکەن و بە میتۆدی سیاسی و بە ئیرادەی ڕێزلێگرتن و چارەسەری سیاسی، ڕووبەرووی ببنەوە. ڕێگایان نەداوە هێزە سیاسی‌یەکانی ئەو نەتەوەیە، بە ڕێگای هێمنانە و بە شێوازی قانوونی بێنە پێشەوە. بە حاشا کردن لە بوونی نەتەوەی کورد و بە خۆبواردن لە بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکان و بە گرتنەبەری ڕێگای سەرکوت، بە دەستی خۆیان هاندەر و پاڵپێوەنەری هێزی سیاسی‌یەکانی کوردستان بوون بۆ چەک هەڵگرتن و بە شێوازی چەکدارانە بەرگری کردن لە خۆیان و نەتەوەکەیان. زۆر لە ناوەندە سیاسی‌یەکان و کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتانەش، تەنیا لایەنی ئەمنیەتیی تێکۆشان و چالاکیی هێزی سیاسیی بەرهەڵستکار و ئۆپۆزیسیۆن دەبینن و لایەنەکانی دیکەی مەسەلەکە، لە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە ڕوانینە، پشتگوێ دەخەن. بۆ وێنە لە خۆیان ناپرسن هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تێکۆشانی سیاسی‌یان لە نێوخۆی ئێراندا لێ قەدەغە کراوە، یا خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان کە بواری ئەوەیان پێ نادرێ نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە مەجلیس و هەر لە جێدا مەجلیسی ئەو وڵاتە و دەستووری کۆماری ئیسلامی، جێگە و مەجالی باسکردن لە پرسی نەتەوەییان نیە، بە چ ڕێگایەک هەوڵی گەیشتن بە داوا و مافە ڕەواکانی خۆیان بدەن؟ تێکۆشەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کە ئەندامبوونی لە هەر حیزبێکی کوردی‌دا بەسە بۆ ئەوەی سزای قورس هەتا ئێعدامی بە سەردا جێبەجێ بکرێ، دەکرێ بۆ بەرگری لە خۆی چەکی پێ نەبێ و لە کاتی ڕووبەروو بوون لەگەڵ هێرش و دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ئەو ڕێژیمە، بەرگریی لە خۆی نەکا؟ داخوا ئەو ڕێژیمە هیچ مەجالێکی دیکەی بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانی خەڵک و خەباتی هێمنانە لە پێناویاندا هێشتووەتەوە کە پێویست نەکا کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە بەرهەڵستکارەکان، چالاکی و تێکۆشانیان هەبێ؟

بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەتا ئێستاش، بیر و عەقڵیان لای تاقە یەک "ڕێگاچارە" دەخولێتەوە، ئەویش سەرکوت لە نێوخۆ، میلیتاریزەکردنی هەرچی پتری سنوورەکان و هەڕەشە لە هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی لە نێو خاکی هەرێم دا. بەڵام هیچ کام لەوانە نوێ نین و هەمووشیان چەندین ساڵە تاقی دەکرێنەوە. ئەوە نیە خەڵک هەر کە هەلیان بۆ هەڵکەوتووە، لە هەڵڕشتنی رق و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە، دەستیان نەپاراستوە؟! خۆ زۆربەی جارانیش چاوەڕوانی ئاماژە و هاندانی حیزبە سیاسی‌یەکانیشیان نەماونەوە. ئەوە نیە سەرەڕای هەموو ئەو گوشار و هەڕەشانەی لە سەریانە، هەر کات جامی سەبریان لێوڕێژ دەبێ، هەڵدەکوتنە سەر بنکە و دامەزراوە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟

ئەو ڕێگا و شێوازانەی هەتا ئێستا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مێشکی نەخۆش و ناتەواوی بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوون و تاقی کراونەوە، ئەمنیەت و ئاسوودەییان بۆ ئەو ڕێژیمە لێ نەکەوتووەتەوە. ئەو ئارەزوویەیان کاتێک دێتە دی کە نەک لە دەرەوەی سنوورەکان، بەڵکوو لە هەناوی کۆمەڵگە و لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دوای چارەسەری ڕاستەقینەدا بگەڕێن کە ئەویش ملدانە بۆ ویستی لەمێژینەی گەلی کورد کە بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیانە.

لە ژمارە ٦٨٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## بزووتنەوەی ئیسلامی و پەڵەیەکی شوورەیی نەسڕاوە (بیست ساڵەی تاوانێکی گەورە)

بیست ساڵ لەمەوبەر، شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ (٢٨لە سەر٢٩ی رەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی)، حەوت تێکۆشەری حیزبی دێموکڕات بە ناوەکانی ١. ئەرشەد رەزایی ٢. محەممەد عەزیز قادری ٣ـ داریووش ئیسلامدووست ٤ـ یوونس محەممەد پوور ٥. عەدنان ئیسماعیلی ٦. موزەففەر کازمی ٧. مەعرووف سۆهرابی، لە نزیک شاری هەڵەبجەی باشووری کوردستان ، لە لایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە بەدیل گیران و تەحویلی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە.

بۆ ماوەی چەند ساڵ، حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانی ئەو تێکۆشەرانە، سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان، نەیانتوانی هیچ زانیارییەک لەبارەی چارەنووسی ئەو پۆلە تێکۆشەرە دوای تەحویلدرانەوەیان بە رێژیمی ئێران، بە دەست بێنن. تەنیا یەکێک لە تەحویلدراوەکان بەناوی داریووش ئیسلامدووست، لە کاتێکدا دەزگای تیرۆر و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی دەیەویست بۆ بەڕێوەبردنی پیلانێک لە دژی حیزبی دێموکرات لە خاکی کوردستانی عێراق دا بەکاری بێنێ، لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و گەڕایەوە نێو هاوسەنگەرانی. ناوبراو لە چەند وتووێژی رۆژنامەنووسی و رادیۆیی دا، پەردەی لەسەر پیلانی شەرماویی هاوبەشی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق و رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدژی خۆیان لادا و چۆنیەتیی بەدیلگیران و تەحویلدرانەوە بە دەزگای ئیتلاعاتی ئەو رێژیمەی لەقاو دا.

بەدوای هەوڵێکی بەرینی حیزبی دیموکرات لە رادەی نێونەتەوەیی‌دا و پاش گوشاری رێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بۆ سەر رێژیمی ئێران بە مەبەستی ئاشکرا کردنی چارەنووسی 6 پێشمەرگەی سەر بەو حیزبە، سەرئەنجام مورتەزا سەرمەدی باڵوێزی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا، رۆژی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤، لە وڵامی نامەی بەڕێز جێرمی کۆربین، جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پارڵمانی بریتانیا، دانی بە کوژرانی ئەو ٦کەسەدا نا. لە نامەی ناوبراودا کوژرانی ئەو ٦ کەسە درابووە پاڵ "بزووتنەوەی ئیسلامی" و هاتبوو کە ئەو ٦ کەسە هەر ئەوکات کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەڕاونەوە، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، کوژراون.

سەران ودەمراستەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو جارێ کە لە لایەن میدیاکانەوە بەرەورووی پرسیار لە بارەی ئەم تاوانە پڕشوورەییە کراونەوە، لە لایەکەوە هەوڵیان داوە حاشا لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە لە لایەن ئەم رێکخراوە بکەن و بڵێن لە شەوێک دا کە کۆنترۆڵی شاری هەلەبجە نەک بە دەست ئەوان بەڵکوو بە دەست هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانییەوە بووە،

ئەم تاوانە ڕووی داوە. لە لایەکی دیکەوە دەڵێن با حیزبی دیموکرات لە دادگاکانی هەرێم سکاڵا لە سەر بزووتنەوە تۆمار بکا و ئەوان لە دادگا بەرەوڕووی ئەو تاوانبار کردنە دەبنەوە. دوا نموونە لە دووپاتکردنەوەی ئەم قسە سواوانە، لە وتوویژەکەی ئەم دوایانەی عیرفان مەلا عەلی رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە گەڵ کاوە ئەمین لە بەرنامەی"پەنجەمۆر"ی تەلەڤیزیۆنی "ڕووداو" دا بوو. خاڵی سەرنجراکێش و هەر لەو کاتە دا زۆر تاڵیش لەم پێوەندییە دا ئەوەیە هێندیک جار ئاماژە بەو تاوانە تیرۆریستیانەی دیکە دەکەن کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی هێزەکانی دیکەی هەرێم دا لە دژی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ڕوویان داوە و دەڵێن بۆچی باسی ئەوانی دیکە ناکەن و هەر تەنیا ئەم تاوانە وەبیر دێننەوە!! هەر وا بزانە ئەنجامدانی تاوان دژی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەلاتی بۆ هەموو لایەنەکان موباح و ئاسایی بووە و ڕەوا نییە مەسئولییەتی ئەم یەکەیان بە چاوی بەرێوەبەرانی دا بدرێتەوە!

بەرێوەبەرانی ڕێکخراوی بزووتنەوە ئیسلامی بارودۆخی تایبەتی ناوچەی هەڵەبجە لە پاییزی ساڵی ١٩٩٦یان بۆ تەحویلدانەوەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەی حیزبی دیموکرات قۆستەوە. ئەو کات بە خەیاڵی خۆیان پێیان وابوو دەتوانن ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە بکەنە سەرپۆشێکی باش بۆ شوێنەونکە و خۆدەرهاویشتن لە بەرپرسایەتیی ئەنجامدانی وەها تاوانێک. بەڵام دوای لە ئیعدام ڕزگاربوونی یەکێک لەو ٧ کەسە و شایەدیدانی لە سەر چۆنیەتیی ڕووداوەکە لە میدیاکان دا، حاشاکردن و خۆدزینەوە نەیتوانیوە بەرۆکی بەرێوەبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە لە چنگ مەسئولییەتی تاوانەکەیان، ڕزگار بکا. ئەگەر چی بە بێ شایەدیدانی داریووشی ئیسلامدوستیش، دەرکەوتبوو کە ڕووداوەکە نەک لە نێو شاری هەڵەبجە کە ئەو شەوە لە کۆنترۆڵی هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی دابوو، بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو شارە و لە سەیتەرەی بزووتنەوەی ئیسلامی، ڕووی دابوو.

سەران و بەرێوەبەرانی بزووتنەوە، وەک دەبینن نە بە تێپەڕینی زەمان و نە بەو جۆرە پاساوو بەرگرییانە نەیانتوانیوە پەڵەی ئەم تاوانە پڕشوورەییە لە نێوچاوانی خۆیان و ڕێکخراوەکەیان بسڕنەوە، بە دڵنیاییەوە بە حەواڵەدانی کەیسی ئەم ڕووداوەش بۆ لای دادگاکانی هەرێم، ناتوانن ئاوێک بەم ئاگرە دا بکەن و خۆیان وەک بێتاوان نیشان بدەن. دیارە ئەگەر دادگا و مەحکەمە و دادوەری ئەوتۆ لە هەرێم پەیدا ببن کە بەرپرسایەتیی لێکۆڵینەوە لەم کەیسە بگرنە ئەستۆ و بێ سڵەمینەوە لە ئاکامە سیاسییەکانی، بڕیاری خۆیان لە سەر تاوانبارانی ڕووداوەکە بدەن، بە دڵنیاییەوە حیزبی دیموکرات و بنەماڵەی قوربانییەکان پێشوازیی لێ دەکەن. هەر دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن و هەر دادوەرێکی بوێر بیهەوێ بێ وەبەرچاوگرتنی ئاکام و تێبینیی سیاسی و ئەمنیەتیی پێوەندیدار بە ئاکامی بڕیاردانێکی شەفڤاف و دادپەروەرانە لە سەر کەیسی ئەم تاوانە بێتە مەیدان، دەبنە جێگەی ڕێز و ستایشی خەڵکی خاوەن ویژدان.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دیموكراتی كوردستان له بیسته‌مین ساڵی ئه‌و تاوانه پڕشووره‌یی‌یه‌دا، له كاتێكدا به ڕێزه‌وه یادی قوربانییه‌كان ده‌كاته‌وه، داواكاره لایه‌نگران و خوازیارانی حه‌ق و عه‌داله‌ت له هه‌رێمی كوردستان و له هه‌ر شوێنێكی جیهان، ئه‌ركی ئینسانی، نیشتمانی و ئه‌خلاقیی خۆتان به‌رامبه‌ر به‌خوێنی به ناحه‌قرژاوی قوربانییه‌كانی ئه‌و تاوانه، جێبه‌جێ بكه‌ن. داوامان ئه‌وه‌یه ڕێبه‌رانی كۆن و ئێستا، بڕیاربه‌ده‌ستانی ئه‌وكاتی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی و كه‌سانی تاوانباركراو به به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌و تاوانه بخه‌نه ژێر گوشار بۆ ئه‌وه‌ی به پێی به‌رپرسایه‌تیی ئه‌وكاتی خۆیان و رۆڵیان له ئه‌نجامدانی ئه‌و تاوانه و لێنه‌پرسینه‌وه له تاوانباران له به‌رامبه‌ر بیروڕای گشتی دا وه‌ڵامده‌ر بن.

بۆ جارێكی دیكه‌ش دووپاتی ده‌كه‌ینه‌وه حیزبی دێموكراتی كوردستان، هه‌تا ئه‌وكاته‌ی حوكمی عه‌داڵه‌ت له باره‌ی به‌ڕێوه‌به‌رانی ئه‌و تاوانه به‌ڕێوه نه‌چووه، له‌سه‌ر دادخوازی و پێویستیی به‌دواداچوون و لێكۆڵینه‌وه له تاوانی به دیلگرتن و ته‌حویلدانه‌وه‌ی ئه‌و پۆله تێكۆشه‌ره‌ی دێموكرات، به‌رده‌وام ده‌بێ.

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی كوردستان و كورد - ڕێكه‌وتی: ٢٠ی ئۆكتۆبه‌ری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین"

## بەرهەمێکی دیکەی شەونخوونییەکانی سەربازی ون، ڕەحمان نەقشی

بۆ ١٠ ساڵ دەچێ کاک ڕەحمان نەقشی لەڕێگای بەرهەمی زەحمەتەکانیەوە دەناسم. دیارە پێشتریش دووراودوور ناویم بیستبوو بەڵام بە ڕادەی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی، ئاشنای زەحمەتو ماندووبوونی خۆبەخشانەی ئەم مرۆڤە دڵسۆزە نەبووم. من لەم پێشەکییەدا، ناچمە سەر هەوڵو تێکۆشانی بەحەوسەلەو پشوودرێژانەی لە بوارەکانی دیکەی خزمەت بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. تەنیا باسی لایەنێک یا یەکێک لە بوارەکانی خزمەتەکانی دەکەم کە ئامادەکردنی ئەم کۆمەڵە هەڤپەیڤینانەی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە دوا نموونەی کارەکانی لەم بوارە دایە. ئەویش خۆتەرخانکردنی بۆ کۆکردنەوەو بە ئارشیوکردنی بابەتو ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

کاک ڕەحمان چەندین ساڵە بوڵتەنێکی مانگانەی ڕێکوپێک لە چالاکیو تێکۆشانی جۆراوجۆری دامەزراوەو ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بەرپرسانی ئەم حیزبە ئامادە دەکاو دەیخاتە بەر سەرنجی ماڵپەڕەکانو هۆگران. دەتوانم بڵێم ساڵانێکی زۆرە گۆڤارێکی ئەنترنێتی لە ژێر ناوی"یەکبوون" ئامادە دەکا کە هەر ژمارەیەکی بە کۆمەڵێک وتارو بابەتی هەمەڕەنگ ڕازاوەتەوە. لە زۆربەی بۆنەکاندا، بۆ وێنە ٢ی ڕێبەندان، ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان،٢٦ی سەرماوەز( ڕۆژی ئالاو ڕۆژی پێشمەرگە)،٢١ی فێوریە(ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)، ٨ی مارس(ڕۆژی جیهانیی ژنان)، ٢٥ی گەلاوێژ(ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ٢٢ی پووشپەڕو ٢٦ی خەرمانان(یادی تیرۆرکرانی د.قاسملووو د.شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان)و هتد، کاک رەحمان بێکارو بێخەم دانەنیشتووەو بە دیارییەکەوە کە ئامادەکردنی نامیلکەیەکی پڕاوپڕ بابەتی پێوەنیداربەو بۆنانەیە، بوونی پڕ بەرەکەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە. لە کاتی شەهیدبوونو کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دیموکراتو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، هەمیسان رەحمان نەقشی، بێ ئەوەی کەس رایسپاردبێ، لە کەمین دابووە تا چی بابەتی باشی پیوەندیدار بەو ڕووداوەو کەسایەتییە هەیە کۆیان کاتەوەو لە توێی نامیلکەیەکی ئەنترنێتی دا، بیانخاتە بەرچاوی تینوانو تامەزرۆیانی ئەم بابەتانە.

"کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" زیاتر لە پەنجا وتووێژی بەرێز عەبدوڵا حەسەنزادەی گرتووەتە خۆ. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە، کاک رەحمان تەنیا وتووێژەکانی کۆ کردوونەوەو کردوونی بەو نامیلکەیە. واتە لێکۆڵینەوەی نەکردوە، کاری نووسینو



سەرچاوە
Serchawe

وەرگێڕانو پەراوێز بۆ نووسینو هتدیشی نەکردوە. بەڵام بۆ ئەوەی بایەخی ئەم کارەی بزانین هەر ئەوەندە بەسە سەرنج بدەینە دوو خاڵ. یەکەم ئەوە کە دەبێ ناوبراو چەند سەد سەعات یا چەندین شەوو ڕۆژ لە کاتی خۆی بۆ دۆزینەوەی ئەم هەڤپەیڤینانەو کۆکردنەوەو پاراستنو ئامادەکارییەکانی دیکەیان تەرخان کردبێ؟ ئەمە یانی ئەو پەڕی مایەدانان لە کاتی خۆی. دووهەم خاڵ ئەوەیە کە بەم ئەرک وەخۆگرتنەی چ خزمەتێکی گەورەی بەو کەسانە کردوە کە بە دوای ئەم وتووێژانە دا دەگەڕێن. بۆ خۆم زۆر جار کە بۆ وتار یا کتێب یا وتووێژی کەسایەتییەک داماوم تا لە نووسینێکم دا سوودی لێ وەربگرم، جاری وابووە بە سەعات لەم ماڵپەڕ وئەو پەیج و... دا بەدوای دا خولاومەتەوە. زۆر جاریش بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووم. جا بزانە کەسێک کە تامەزرۆی بیروبۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادەیە، یا بۆ کارێکی توێژینەوەیی پێوستی بەوە هەیە بگەڕێتەوە سەر یەک یا چەند لە وتووێژەکانی ئەو کەسایەتییە، بە هۆی ئەم ناملیکەیەوەو وەدەستهێنانی هاوکاتی دەیان هەڤپەیڤینی بەڕێز حەسەنزادە، کاری چەند هاسان بووەتەوە؟!

من هەڵسەنگاندنی ڕوانگەو بۆچوونەکانی مامۆستا حەسەنزادە دەهێڵمەوە بۆ خوێنەرانی ئەم هەڤپەیڤینانە. ئەگەر چی بۆ خۆم نەک هەر لە مەجالی سیاسیدا بەڵکوو لە بوارەکانی زمانەوانی، ئەدەبیو بە گشتی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتییش دا، سوودو چێژ لە نووسینو لێدوان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی بەڕێز حەسەنزادە وەردەگرم. بەم پێیە ڕەحمان نەقشی بەم کارەی لە پێشدا کارئاسانیی بۆ شەخسی خۆشم کردوە.

لە مێژ ساڵە کاک ڕەحمان نەقشیم بە بۆنەی هەموو ئەو زەحمەتو ماندووبوونە خۆبەخشانەی لە بواری کۆکردنەوە، پۆلێن کردن، بە ناملیکە کردنو بەئارشیوکردنی بابەتەکانی پیوەندیدار بە حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیانکێشێ، بە "سەربازی ون" ناوبردوە. ئەو سەربازە ونە، شایانی دەستخۆشی و ڕێزلێگرتنە. هەر ئەمڕۆ لە نێو ئیمەیلەکانم دا ڕیسێرچێکم کرد بۆ ئەو ئیمەیلو ناملیکانەی کاک ڕەحمان لە ماوی ١٠ ساڵی ڕابردوو دا ئامادەی کردوونو بۆی ناردووم. تەماشام کرد زیاتر لە ٣٥٠ ئیمەیلم لە کاک ڕەحمانەوە بۆ هاتوون کە هەر نەبێ ٣٠٠یان هەڵگری ناملیکەی ئامادەکراوی ئەو برا زەحمەتکێشە حەق نادیارەم بوون. دەی چۆن خۆم بە قەرزداری نەزانم و مەمنوونی نەبم و دەستی ماندووی نەکوشم؟!

بە بۆنەی ئامادە بوونو بە ئاکام گەیشتنی "کۆمەڵێک هەڤپەیڤین" ماندوونەبوونی لە کاک ڕەحمان دەکەمو پیرۆزبایی پێ دەڵێم. هیوام ئەوەیە خەمی نانو ژیان لێ بگەڕێن کاک ڕەحمان بەو جۆرەی خۆی ئارەزوو دەکاو بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە لە سەر خزمەتەکانی بە تێکۆشەرانو چالاکانی مەیدانی سیاسەتو ڕۆشنبیری بەردەوام بێ.

کۆیە - قەڵای دیموکرات - ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# نەتەوە، وەک قوربانیی ململانێی سیاسیی نێوخۆیی

ئاماژە: لە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی سێپتامبری ئەم ساڵدا، "دیدارێکی هزری" لە شاری سۆران بەڕێوە چوو. ئەم دیدارە لە لایەن فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی سۆران و کتێبخانەی گشتیی سۆران، ڕێک خرابوو. لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە، ژمارەیەک چالاکی سیاسی، کەسایەتیی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرانی دیاری کوردستان بەشداری ئەم دیدارە بوون. لە ماوەی دوو ڕۆژ کار و چالاکیی تایبەت بەم دیدارە و لە تونێی پانێلەکانیدا چەندین وتار و بابەت پێشکەش کران. لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەیئەتێک بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و مامۆستای زانکۆ، لەم دیدارە هزرییەدا بەشدار بوون. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران، دەقی ئەو باسەیە کە قادر وریا لە یەکەم پانێلی ئەم دیدارەدا پێشکەشی کرد.

## بەرایی:

### داگیرکراویی کوردستان و دابەشکراویی نەتەوەی کورد، ئاڵۆزی و دژواریی پرسی نەتەوەییمان:

کوردستان وەک نیشتمانی نەتەوەی کورد، کورد خۆشی وەک نەتەوەیەک، بۆ سەد ساڵ دەچێ بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراون. ئەم چارەنووسە تاڵە، وای کردوە ئەم نەتەوە دابەشکراوە، بەردەوام لەگەڵ دوژمنی و سەرکوتکران لە لایەن چوار وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە بەرەوڕوو بێ. ئەم وڵاتانە و زۆربەی جارەکان هاوپەیمانە ناوچەیی و جیهانییەکانیشیان، لە بەردەم دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کۆسپ بوون. نەک هەر لە نێو وڵاتەکەی خۆیاندا لەگەڵ مافی کورد بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆی دژایەتییان کردوە، بەڵکوو لە وڵاتانی دراوسێشیاندا، هەر کات پرسی کورد لە پێشکەوتندا بووە و لە ئامانجەکانی نزیک بووەتەوە، هەوڵی پیلانگێڕی و لەباربردنی دەرفەتەکانیان داوە. بەم پێیە جۆگرافیای سیاسی و فاکتەری دەرەکی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناکام مانەوەی هەتا ئێستای کورد و کوردستان لە گەیشتن بە سەربەخۆیی یا دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی لە شکڵ و شێوەی دیکەدا بووە.

### گرنگترین فاکتەری نێوخۆیی بۆ ناکامیی نەتەوەیی تا ئێستامان

فاکتەری نێوخۆیی، ئەگەر بە ڕادەی فاکتەرە دەرەکییەکەش نەبووبێ ، چی وا کەمتر ڕۆڵی نەبووە لە ناکامیی

نەتەوەییمان دا. هاوکار و هاوپشت نەبوونی ئەم پارچەیەی کوردستان لەگەڵ پارچەیەکی دیکە، هەر وەها نەبوونی تەبایی و هاوکاری لە ئاستی هەر پارچەیەکدا، یەک لەو راستییانەیە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەردەوام بە دەستییانەوە ناڵاندوویەتی. لێرەدا باسی هەست و سۆزی تاکی کورد لە پارچەیەکی کوردستان بەرامبەر خەبات و شۆڕشی نەتەوەکەی لە پارچەیەکی دیکە نیە کە ئەم هاوسۆزی و هاوپێوەندییە بەردەوام هەبووە و حاشای لێ ناکرێ. بەڵکوو نەبوونی تەبایی و هاوکاریی نێوان هێزە سەرەکیەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لەم پارچە و ئەو پارچەی کوردستان، مەبەستە.

مێژووی بزووتنەوەی کورد بە داخەوە شاهیدی زۆر رووداوی ناخۆش لە نێوان هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەم بەش و ئەو بەشی کوردستان بووە. لە ئاستی هەر پارچەیەکیشدا، ململانێی توندوتیژی نێوان هێزە سیاسیەکان و نەبوونی تەبایی و هاوکارییەکی بەردەوام، یەکێک لەو نەخۆشیانە بووە کە زیانی قەرەبوونەکراویان بە پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان گەیاندوە.

هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دابینبوونی مافی چارەنووسی کورد لە هەر بەستێنێکدا، چ لە بەستێنی سیاسی و دیپلۆماسی، چ لە بەستێنی هزری و کولتووریدا، بێ وەبەرچاوگرتن و قبووڵکردنی ئەم دوو راستیە تاڵە، ئاکامێکی سەرکەوتووی نابێ. جۆگرافیای سیاسی و ئەم دابەشبوون و دابەشکرانەی کوردستان و نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتانی ناوچەدا، سروشتێکی دژوار و ئاڵۆزی داوە بە پرسی کورد. سروشتێک کە لە هێزە سیاسیەکان و ریبەران و نوێنەرانی سیاسیی کورد دەخوازێ لە لایەکەوە شارەزای هەلومەرجی سیاسی و هاوکێشە سیاسیە ناوچەییو جیهانیەکان بن، لە لایەکی دیکە زانست و زیرەکیی قۆزتنەوەی دەرفەتەکان و یاریکردن بە کارتە جۆراوجۆرەکانیان هەبێ و لە نێو گێژەنی ململانێ ناوچەیی و جیهانیەکاندا، رێی خۆیان ون نەکەن. دیارە بە هۆی بە دەوڵەتنەبوون و نەبوونی پێگەیەکی هاوشانی نەتەوەکان و وڵاتانی دیکە، یاری کردنی رێبەران و هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە گۆرەپانێکی ناوچەیی و نیودەوڵەتیدا، زۆر دژوارترە. جا ئەگەر هێزە سەرەکیەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانیدا، تەبایی و هاوکاریشیان نەبێ و لەسەر نەخشە رێگا و ئامانجە سیاسیەکان، یەکگرتوو و هاوکار و هاوپشت نەبن، یاریکردنەکە بە تەواوی دژوار و ناسەرکەوتوو دەبێ. لە ئیستادا زاڵبوونی ئەم دۆخە بە سەر پرسی کورددا دەبینین.

## "دەردە کورد" چیە و چۆن دەتوانین بەرەوڕووی بینەوە؟

لە ئەدەبیاتی سیاسی و نەتەوەیی ئێمەی کورددا لەمێژ ساڵە دەستەواژەیەک جێی خۆی کردوەتەوە و بووە بە ناوی دیاردەیەکی زیانبار. ئەم ناوە، ئەم دەستەواژەیە، "دەردەکورد"ە. "دەردەکورد" داننانە بە بوونی نەخۆشیی وێکهەڵ نەکردن و ملنەدان بۆ هاوکاری لەگەڵ یەکتر. ئەم دەردە بە داخەوە بووە بە بەشێک لە خوو و خدەی تاکی کورد و وای کردوە نەفەسی

تاکی کورد بۆ کاری بەکۆمەڵ، زۆر کورت بێ و لەگەڵ سەرهەڵدانی جیاوازیی بۆچوون و سەلیقە، هەروەها لە کاتی قوربانیبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و تایبەتی و هتد لە پێناوی بەرژەوەندیەکی گەورەتردا، بکەوێتە نەحاوانەوە و کێشە سازکردن. ئەم دەرد و نەخۆشییە زیانبارە، بە تێچوویەکی زۆر گەورەتری نەتەوەییەوە لە بیاڤی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی و ململانێی حیزبییشدا هەیە و هیچمان ناتوانین نکۆڵیی لێ بکەین. هەر ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و لە ئاستی هەموو کوردستاندا بە ڕوونی دەرکەوتە و ئاسەوارەکانی ئەم دەردە دەبینین. لە ڕاستیدا "نەتەوە" کە گەورەترین یەکە و چەتری لێک کۆبوونەوە و پێکەوە بەستراویمانە، هەروەها ئامانجی ڕزگاریی نەتەوە و سەربەخۆبوونی کوردستان کە گەورەترین و سەرەکیترین خولیا و ئامانجی هەموانمان وەک تاک و وەک گرووپە، لە ئاکامی تەشەناکردنی ئەم دەردە و لە ژێر پێی ململانێی ئەم حیزب و ڕێکخراو و سەرکردە لەگەڵ فلان حیزب و ڕێکخراو و سەرکردەیتردا، بوون بە قوربانی. نەتەوە و ئارمانجی ڕزگاری و سەربەخۆبوونەکەی کە دەبوایە لە سەرووی هەموو ئامانج و بەرژەوەندیەکی تاکەکەسی، هۆزایەتی، ڕێکخراوەیی و ناوچە و دیالێکتێکی تایبەت بن، بەردەوام جێگای خۆیان داوە بە بەرژەوەندە لاوەکییەکان.

ئەگەر بگەینە ئەو تێگەیشتنەوە کە هۆکاری ناکامیی هەتا ئێستای نەتەوەی کورد و ڕزگارنەبوونی لە ژێر دەستی ئەم دەردە بووە، ئامادەش دەبین بۆ دوو پێویستیی گەورە، بۆ دوو بڕیاری ئازایانە لە ئاستی نەتەوەییدا مل بدەین.

پێویستی و بڕیاری یەکەم بریتییە لە خەسارناسیی وردی زیان و دەرکەوتە نەتەوەیی و سیاسییەکانی ئەم نەخۆشییە لە بیاڤی جۆراوجۆردا.

دووهەم پێویستی و بڕیاڕیش، دارشتنەوەی بنەماکانی هاوپەیمانەتییەکی نەتەوەیی و کوردستانییە. هاوپەیمانەتییەک بە دوور لە هێزمۆنخوازیی لایەنێکی دیاریکراو، کە بە هۆی خسڵەتە نەتەوەیی و گشتییەکەی هەم هەموو بەشەکانی کوردستان بە تاک و گرووپەوە، خۆیانی تێدا دەبیننەوە، هەم ئەرکداریان دەکا.

ئەم کۆنفرانسە کە تەرخان کراوە بۆ هزری نەتەوەیی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی پرسی نەتەوەییمان، دەرفەتێکی باشە بۆ خستنە ڕووی ئەم ئەم باسە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە. ئەم وتارە لە درێژەی خۆیدا بە ئیلهام وەرگرتن و ئەزموون وەرگرتن لە ڕەهەندەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وردتر لەم دوو پێویستییە دەدوێ.

## خەسارناسیی نەخۆشیی دەردە کورد:

لێرەدا باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دەردە کوردە لە رووی سایکۆلۆژی و هتد ناکەم و دەیهێڵمەوە بۆ پسپۆرانی ئەم بوارە و، تەنیا هەڵبژاردەیەک لە ئاسەوارە سیاسییەکانی ئەم نەخۆشیە ئاماژە پێ دەکەم:

- ئەم دەرد و نەخۆشییە وای کردوە کە نەتەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئامانجی نەتەوەیی لە پێناوی بەرژەوەندیی پارچەیی، حیزبی، عەشیرەیی و تاکەکەسیدا بە هاسانی پشتگوێ دەخرێن و لە حیسابات و لێکدانەوە و بڕیارەکاندا، وەبەرچاو نایەن.

- پێکهاتنی هاوپەیمانەتی نەک لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانیدا، بەڵکوو لە ئاستی پارچەیەکی کوردستانیشدا، بووە بە شتێکی ناجێگیر و نامومکین.

- زۆر جار هێز و لایەنە کوردەکان، جگە لەوەی ئامادە نین لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەییدا، بۆ یەکتر تەنازول بکەن و بەرژەوەندیی بچووکی خۆیان بۆ بەرژەوەندیەکی گەورەتر و هاوبەش وەلا بنێن، ئامادەن لەگەڵ رژێمێکی دژ بە کورد و داگیرکەری کوردستان، لە دژی لایەنێکی کوردیی رقەبەر، دەست تێکەڵ بکەن.

- دەمارگرژیی تاکەکان و لایەنەکان هەمبەر بە ناوچە و دیالێکت و هۆز و رێکخراو و گرووپی تایبەت بە خۆیان، رێگر بووە لە پێکهاتن و جێکەوتنی دامەزراوەیی نەتەوەیی و سەرانسەری. بڕوانە چارەنووسی زمانی ستانداردی کوردی، کۆنگرەی نەتەوەیی، هێزی پێشمەرگە و سوپا و ئاسایش و هتد. چ شتێک رێگر بووە لە پێکهاتنیان؟

- لە ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانیدا، هیچ کات نەمانتوانیوە خاوەنی دامەزراوەیەک بین کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەی کورد بکا و هەموو بەشەکانی کوردستان بە نوێنەری قسە و ئیرادەی خۆیانی بزانن.

- رقبەرقە و ململانێی دەمارگرژانە نێوان هێزە سیاسییەکان، وای کردوە ئەو کاتەش کە دەچینە نێو کایەی مێتۆدە دێموکراتیک و ئەمڕۆییەکان، بۆ وێنە دەنگدان و هەڵبژاردن و هتد، یا ناچار دەبین مل بۆ بایەخ و دەسکەوتەکانی دنیای شارستانی و نوێ بدەین، بە سەقەتی دەچینە نێویان و لە جیاتی مشوور خواردن لە خاوێنی و سەرکەوتوویی پرۆسەکان، سەرکەوتنی خۆمان وەک لایەنێکی نێو پرۆسەکە، دەکەین بە ئامانج! ئەویش سەرکەوتن بە هەر نرخێک.



سەرچاوە
Serchawe

- چونکە نەک بە ئامانجی نەتەوەیی و کوردستانی بەڵکوو بە روانینی پارچەتەوەر و حیزب تەوەر(خۆمان تەوەر) بیر دەکەینەوە و سیاسەت دەکەین، کاتێک لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوینە دامەزراندنی پێوەندیی هاوکاری و دۆستانە، ناکەوینە شوێن ئامانجی گەورە و نەتەوەیی، ناکەوینە دوای راکێشانی پشتیوانی و رەزامەندیی گشت. بە شوێن دۆزینەوەی پاشکۆ بۆ خۆمان دەگەڕێین، ئەوانە دەدۆزینەوە کە تەنیا حیزبەکەی خۆمان و سەرکردەکەی خۆمان تەئید دەکەن، لەجیاتی رێز گرتن لە بڕیار و ئیرادەی خەڵکی ئەو پارچەیە، حیزبیان بۆ دروست دەکەین بۆ ئەوەی بە ناوی ئەو پارچەیەوە، تەئیدی سیاسەت و هەڵویستەکانمان بکا!

- پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، لەجیاتی ئەوە خزمەت بکا بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لەو وڵاتە کە پێوەندییان لەگەڵ دادەمەزرێنن، زۆر جار بە نرخی سەرپۆش دانان و ئینکارکردنی پرسی کورد لەو بەشە، هەر وەها پێداهەڵگوتن بە رێژیمێکی داگیرکەر و ناساندنی وەک دۆست و پشتیوانی نەتەوەیی، بووە. واتە لەسەر حیسابی لاواز کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشێکی دیکە بووە.

## چارە چیە؟ چار ئەوەیە:

١- بزووتنەوەیەک و شۆڕشێکی فکری و فەرهەنگی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە نێو رەوەندی کوردیدا وەڕێ بخرێ بۆ ئەوەی لە رووی هزری و لە رووی دەروونییەوە باوەڕ بە نەتەوە بوونی خۆمان بێنین و ئەرک و پێویستییەکانی رزگاربوون و سەربەخۆیی ئەم نەتەوەیە بخەینە سەرشانی خۆمان. ئەمە لە پلەی یەکەمدا کاری بیرمەندان و رووناکبیرانی کوردە.

٢- ئەم راستییە تاڵانە قبووڵ بکەین و هەر کامێکمان چ وەک تاک و چ وەک لایەن، بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بەرەوڕووی ئەم رابردوویە ببینەوە و لە بیرکردنەوە و کردار و کاری فکری و سیاسی، لە حیزبایەتی و سیاسەتکردندا لە "خۆمە خۆمە" و "خۆپەرستی" و قوربانیکردنی بەرژەوەندیی گەورە لە پێناوی بەرژەوەندیی بچووکتری خۆماندا، دووری بکەین. پێشمەرجی ئەم کارە قبووڵکردنی بەشێک لە بەرپرسیارەتیی ئەو رابردوویە لە لایەن هەر کامێکمانەوەیە. داوای لێبووردنی لایەنە سیاسییەکانە لە نەتەوەکەمان لە پێوەندی لەگەڵ هەر شەڕێکی نێوخۆییدا، کە هەڵایسێنەر و درێژەدەری بوون. حەرامکردنی ململانێی نابەرپرسانە و شەڕی خۆبەخۆیە، دانانە بە هەڵەکان و کەمتەرخەمییەکانی رابردوومان‌دا و دەرس لێوەرگرتنیان.

٣- لە هەوڵی دارشتنی مەنشوورێکی نەتەوەییدا بین کە پێک هاتبێ لەو ئامانج و بنەما و بەرژەوەندانەی پێویستە لای هەمووومان، چ وەک تاک و چ وەک گرووپ، لە هەر بەشێکی کوردستان، جێگای رێز بن. مەنشوورێک کە بە هاوبەشیی هێزە

سیاسی‌یەکان و نوخبەکانی هەموو بەشەکان ئامادە کرابێ، ئامانج و بنەما و بەرژەوەندیی ئەوتۆ بگرێتە خۆ کە بارودۆخی سیاسیی جیاوازی هەر بەشێک، هەڵکەوتە سیاسی و جۆگرافیەکەیان، زۆری و کەمیی دانیشتوانیان و رووبەری خاکەکەیان نەبن بە هۆکار و بیانوویەک بۆ پێشێلکردن و پشتگوێخستنیان. ئەم مەنشوورە نەتەوەییە دەبێ رێککەوتنێکی نەتەوەییشی لەسەر بکرێ.

٤- دامەزراوەیەکی نەتەوەییمان پێویستە کە سەرەڕای دابەشکراویی کوردستان و گەمارۆدراویمان بە هۆی وڵاتانی نەیاری سەربەخۆیی کوردستان و پێکهاتنی دەوڵەت و کیانی کوردی، رێکخەری هاوکاری و هاوهەنگاویی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بێ. رۆڵی هەبێ لە یەکخستنی گوتاری کورد لە کۆڕ و کۆمەڵی نیودەوڵەتیدا، هاندەری هاوکاری و هاوپەیمانەتیی هێزە سیاسی‌یەکان هەم لە یەک بە یەکی پارچەکانی کوردستان و هەم لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی‌دا بێ. لەسەر هەموو ئەو پرسانەی گشتین و پێوەندییان بە هەموو نەتەوەی کوردەوە هەیە، رێنوێنی و راسپاردە و قسەی خۆی هەبێ.

گومانی تێدا نیە کە هەرێمی کوردستان بە هۆی دانپێدانراویی مافەکانی کورد لە دەستووری عێراق، سەبارەت بە ئەزموونی چەندین ساڵەی بەڕێوەچوونی ئەو بەشەی کوردستان بە هۆی پارلمان و حکوومەتی کوردی، بە هۆی ئەو جێگە و پێگەیەی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی‌دا هەیەتی و بە زۆر هۆی دیکەش، دەتوانێ لە جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی نەتەوەیی گەورەی لەم چەشنەدا، زۆرترین رۆڵی هەبێ. بەو مەرجەی کێشە و گرفت و قەیرانە نیوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکا. دیارە لێرەش‌دا کلیلی چارەسەری قەیرانەکان، هەر ئەوەیە بە عەقڵیەتی رەخنە لە خۆگرتن و بە خۆداچوونەوە، بە ئیرادەی تەنازول بۆ یەکتر لە پێناوی بەرژەوەندەیی گەورەتردا، بە نەفەسی لێبووردەیی و وێکهەڵکردن، بە گیان و روانینی نەتەوەییانە بەرەورووی ئاستەنگ و کێشە ئاڵۆزەکان بچین. ئەگینا دانی پێدا بنێین یان نا، نەتەوە و ئامانجی نەتەوەیی، هەر وەک دروشمی هەموو لایەکمان لە کایە سیاسی‌یەکان‌دا دەمێننەوە و گەورەترین قوربانییش، هەر خودی نەتەوە دەبێ.

لە ژمارە ٦٩١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## حدک، دەرفەتێک بۆ دروستکردنی ئیرادە و وزەی نوێ

هەواڵی دەست لە کارکێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەم لە دەرەوەی حیزب بووە بە جێگای سەرنج و هەوێنی لێکدانەوەی جیاواز، هەم لە نێوخۆی حیزبدا، ریزەکان و ئاستە جۆراوجۆرەکانی حیزبی بە خۆوە خەریک کردوە. ئەم بایەخپێدرانە، لە چەند راستییەوە سەرچاوە دەگرن:

١- حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا حیزبێکی خاوەن رۆڵ و پێگەیە و، هەر ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لە لوتکەی رێبەریی ئەم حیزبەدا دەتوانێ لەسەر تێکۆشانی حیزب شوێنەواری ئەرێنی یا نەرێنی دابنێ.

٢- کاک خالید عەزیزی لە ماوەی دوو دەورە وەرگرتنی پۆستی سکرتێریی ئەم حیزبەدا توانیویێتی بە پێداگری لەسەر کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر پشتگوێخراو بوون یا بە کەمی قسەیان لێوەدەکرا، خوێندنەوەیەکی تا رادەیەک نوێ بخاتە سەر خوێندنەوە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و، بەم جۆرە سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و بیروڕای گشتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای ئەم حیزبە رابکێشێ.

٣- ئاڵوگۆڕی سکرتێری گشتی لە زۆر لە حیزبە کوردییەکاندا، هەتا ئێستاش نەبووە بە رووداوێکی ئاسایی و جێگۆڕکیی کەسی یەکەم لە حیزبە کوردییەکان، لە زۆربەی نموونەکاندا بێ تێچووی سیاسی و نێوڕێکخراوەیی زیانبار، جێبەجێ نەبووە.

ئێستا کە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەورووی تاقیکردنەوەی جێگۆڕکێی کەسی یەکەم بۆتەوە و دەبێ لە چەند مانگی داهاتوودا، ئەم پرۆسەیە بگەیەنێتە ئەنجام، جێی خۆیەتی لە لایەکەوە ئەزموونەکانی مێژووی حیزب لە جێگۆڕکێی کەسی یەکەمدا وەبیر بێنێتەوە و لە خاڵە ئەرێنی و بە هێزەکانیان لە پێناوی یەکریزی و تەبایی نێوخۆیی حیزب سوود وەربگرێ، لە لایەکی دیکەوە پێویستە پرۆسەکە بە جۆرێک جێبەجێ بکا کە جێگۆڕکێی کەسی یەکەم نەک هەر رەوت و ریتمی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، تووشی دابەزین و خاوبوونەوە نەکا، بەڵکوو ببێ بە سەرچاوەی گەشەی و

خێرایی تێکۆشان و چالاکی‌یەکان و بەرەوژوور چوونی پتری ئیعتیباری سیاسی و ڕیکخراوەیی ئەم حیزبە.

لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، بە شیوەیەکی گشتی دوو جۆرە دەستاودەست کردنی بەرپرسایەتی و پۆستی کەسی یەکەممان هەبووە.

١- ئەو کاتەی سکرتێری گشتیی حیزب شەهید کراوە،
٢- ئەو کاتەی سکرتێری گشتی لە ژیان دابووە و بە هۆکارێکی نێوخۆیی(بوونی ئەسلێک لە پێڕەوی نێوخۆدا کە ڕیگر بووە لەوەی کەسێک دوو جار بە دوای یەکدا ببێتەوە بە سکرتێری گشتی، یا زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و زۆرایەتیی بەدەنەی حیزب کەسێکی نوێی هێناوەتە جێگای کەسی پێشوو).

لە حالەتی یەکەمدا، بەو هۆیەوە کە هۆکارێکی دەرەکی و زەبر و پیلانی دوژمن، کەسی یەکەمی لە حیزب ستاندوە، ئامانجی سەرەکی و هەرە گرنگ بۆ ڕیبەری و تێکڕای حیزب، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکە و پووچەڵکردنەوەی خەون و ئاواتی دوژمن، بووە. بە دوای شەهید بوونی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیدا، پرۆسەی جێگرکردنی کەسێکی دیکە لە پۆستی یەکەمی حیزبدا، بێ کەمترین سەرئێشە بەڕێوە چوو. بەو هۆیەوە کە هەموو هۆش و سەرنج و گرینگی پێدانی تێکۆشەرانی حیزب، لە بەردەوام‌ڕاگرتنی تێکۆشان و ناهومیدکردنی کۆماری ئیسلامیدا چڕ ببووەوە، شەپۆلێک لە هەستکردن بە بەرپرسایەتی و خۆ ماندوو کردنی زیاتر، سەرتاپای حیزبی دێموکراتی گرتبۆوە. بە جۆرێک کە حیزب لەو ساڵەدا کە تێرۆری سکرتێری گشتیی تێدا بەڕێوە چووە و تەنانەت لە ساڵانی دواتریشدا، لە رووی چالاکی و تێکۆشانەوە نوشوستی و سستیەکی پێوە دیار نەبوو. بەڵام لە حالەتی دووهەمدا، ململانێی نێوخۆیی سەری هەڵداوە و حیزب بە سەر لایەنگرانی سکرتێری پێشوو یا کاندیدای نوێ بۆ ئەم پۆستەدا، دابەش بووە. زۆر جار ئەو ململانێیە هەر لە دەوروبەری کۆنگرەدا قەتیس نەماوەتەوە و بە هەموو ئاستەکانی حیزبدا شۆڕ بووەتەوە و جیناحبەندییەکی درێژخایەن و نەهادینەبووی لێ کەوتووەتەوە. سەرقاڵ بوون بەو ململانێیە نێوخۆییە، زۆر زیانی بۆ حیزبەکە لە تەواوەتیی خۆیدا، بە دواوە بووە کە کەمڕەنگبوونەوەی تێکۆشان بە دژی کۆماری ئیسلامی و دابەزینی ئاستی تەبایی و یەکڕیزیی نێوحیزب هەتا پلەی نیزیک بە سیفر و سەرئەنجام لێکترازانی یەکیەتیی حیزب، گرنگترینیان بوون.

حاڵەتێک کە ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەوڕووی بووەتەوە، تاڕادەیەکی زۆر لە حاڵەتەکانی پێشوو جیاوازە. کەسی یەکەمی ئێستای حیزب، بە خۆشیەوە لە ژیاندایە و دوژمن یا هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی دیکە لە مەیدان وەدەری نەناوە. بەڕێز عەزیزی، هەر وەک بە ڕەسمییش ڕای گەیاندوە بە ویستی خۆی و بێ ئەوەی لە نێو حیزبدا، کەس موخالیفی

سکرتێری ئەو بێ، دەیەوێ لەم پۆستە بکشێتەوە. ئەو، لە ڕێبەریی حیزبیشدا هەردەمێنێتەوە بۆ ئەوەی هاوکار و پشتیوانی بەدیلی خۆی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بێ لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا کە دەکەونە سەرشانیان. دیارە، ئەگەر پێداگریی زۆری زۆرایەتیی بەشدارانی کۆنگرەی ١٦ لەسەر مانەوەی ناوبراو لە پۆستی سکرتێریدا نەبیا بە ڕێگر، کاک خالید عەزیزی، وەک پابەندییەک بە پێڕەوی نێوخۆ، دەیەویست لە کۆنگرەدا، لە پۆستی کەسی یەکەمی حیزب بکشێتەوە، بەڵام ئەوکات هیچ ڕێگایەک بێجگە لە قبووڵکردنی ئەم پۆستەی لە بەر دەمدا نەمابۆوە. بەم پێیە ئەم نموونەیەی ئێستا دەکەوێتە خانەی حاڵەتی دووهەمی دەستاودەست کردنی پۆستی سکرتێری لە مێژووی حیزبدا، بەو جیاوازییە کە ئەو ململانێیە گشتگیرەی لە پێشوودا دەبووە هۆی هاتنی یەکێک و ڕۆیشتنی کەسێکی دی، بە خۆشیەوە ئێستا لە ئارادا نیە.

بە سەرنجدان بەم ڕاستییە و بەبوونی ئەزموونە باش و خراپەکانی رابردوو، کۆمیتەی ناوەندی بە تایبەتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لێیان چاوەڕوان دەکرێ سەربەرز و سەرکەوتوو لەم تاقیکردنەوەیەی بەردەمیان بێنە دەر. هەر ئەوەندە بەسە نیگەرانیی ئێستای هۆگران و دڵسۆزانی ئەم حیزبە خەون و خەیاڵاتی بەدخوازانەی نەیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی بخوێننەوە و دەرکیان بکەن. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم دەرک و خوێندنەوەیە هەبێ، ئەو هەست بە بەرپرسایەتیکردنە گشتییەی لە حاڵەتی یەکەمی دەستاودەستکردنی پۆستی سکرتێری لە مێژووی حیزبدا شایەدی بووین، ڕێگر دەبێ لە هەر چەشنە ململانێیەکی ناتەندروست و زیانبار کە پێشتر لە حاڵەتی دووهەمدا دیتوومانە و، بیرەوەریی ناخۆشمان لێیان هەیە.

دوا خاڵ کە ڕێبەری و تێکڕای حیزب، پێویستە و دەبێ لە پرۆسەی دەستاودەست کردنی پۆستی یەکەم و لێرە بەدوا ڕەچاوی بکەن و گرینگیی پێ بدەن، میکانیزمی چۆنیەتیی دابینکردنی چاوەڕوانییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب لە کەسی یەکەم یا سکرتێری گشتیی حیزبە. ئەگەر چی ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە نێو حیزب و ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەر چەشنە تێکۆشانێکی بە کۆمەڵدا حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کەسایەتییەک بە هەر رادەیەکیش بە توانا بێ، ناتوانێ هەموو تواناکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و وەڵامدەری هەموو چاوەڕوانییەکان بێ. لە جیاتی ئەوەی کەسی یەکەمی حیزب ببێتە ناوەند و چەقی هەموو چاوەڕوانییەکانی نیوخۆ و دەرەوەی حیزب، پێویستە ئەو تیمەی حیزب ڕێبەری دەکا، بە هاوکاریی یەکتر و بە کاری بە کۆمەڵ و بە خستنە سەر یەکی توانا جۆراوجۆرەکان، هەم قورسایی ئەرکەکان، هەم رادەی زۆری چاوەڕوانییەکان بە سەر خۆیاندا دابەش بکەن. واتا و تەرجەمەی ئەم دەربڕینە گشتییە ئەوەیە کە پێویستە ڕێبەریی حیزب، پرسی جێگۆڕکێ لە پۆستی کەسی یەکەمدا بکا بە دەرفەت بۆ ئەوەی جێگەیەکی شیاوتر و بەرپرسایەتیی قورستر بە کەسایەتی و کەسە بەتواناکانی نێو ڕێبەریی حیزب بسپێرێ. با ئەم


سەرچاوە
Serchawe

ئـاڵوگۆڕانە، ئیرادەیەکـی نـوێ بـۆ بەرەوپێشـبردنی سیاسـەت و پـڕۆژە گرینگەکـانی تـا ئێسـتا و، وزە و هیـوای تــازە بـۆ پەرەپێدانی تێکۆشانی حیزب لە مەیدانی جۆراوجۆردا بخوڵقێنن.

لە ژمارە ٦٩٢ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی رۆژهەڵات بە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان"

لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان مەیدان و شایەدی چالاکیی بەرینی هۆگران و ئەویندارانی "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان" بوون.

ئەمساڵ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ساڵانی رابردوو، دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە دوو حەوتوو پێشترەوە، بە پێشوازی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە چوون. ئەم پێشوازییە زیاتر لە شێوەی نووسینی دروشمگەلی تایبەت بەم بۆنانە و بڵاوکردنەوەی تراکتەکانی پێوەندیدار بە رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگە و هەڵکردن و هەڵاوەسینی ئاڵای کوردستان لە شوێنە بەرچاوەکان، خۆی دەرخست. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە هەر چوار پارێزگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، پارێزگاکانی: ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، مەیدانی بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە چالاکییانە بوون.

یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی بیرەوەریی لە دایکبوونی ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش لە ئاستی سەرانسەری و بە بەشداریی رێژەیەکی زۆر لە دڵسۆزان و هۆگرانی هێزی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە چەند بارەوە جێگای سەرنج و هەر لەوکاتەدا مایەی شادی و شانازییە. ئاماژەیەکی کورت بە هێندێک لەو رەهەندانە دەکەین:

## نێوەرۆکی خەباتکارانە و خەباتخوازانەی چالاکییەکان

بەشداریی بوێرانە و بەربڵاوی لاوەکان لەم جۆرە حەرەکەتانەدا، بوونی وزە و پوتانسیەلێکی گەورە بۆ تێکۆشان و خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەسەلمێنێ. سەرەڕای لە ژێر چاوەدێریدابوونی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە لەم جۆرە بۆنانەدا دەبنە مەیدانی چالاکیی هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای پاسداران، ئیدارەی ئیتلاعات، بەسیج و بەگشتی بەکرێگیراوەکانیان لە سەروبەندی بۆنە حیزبی و نەتەوەییەکاندا دەکەونە حالەتی ئامادەباش، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە زەبروزەنگ ناپرینگێنەوە و تەلیسمی ترس و سەرکوت دەشکێنن. دیارە بەشێک لە بەشدارانی ئەم جۆرە چالاکیانە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانن و بە رێنوێنی و هاندانی تەشکیلات و راگەیاندنی حیزبەکەیان، ئەم جۆرە چالاکیانە دەکەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە بەشێکی بەرچاو لەو

لاوانەی بەشداری ئەم جۆرە چالاکیانە دەبن، تەنیا کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی و پێوەندییەکی مەعنەوی بە حیزبی دێموکرات و هێما شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکان دەیانبەستێتەوە، ئەگینا لەگەڵ حیزب و تەشکیلاتە نهێنییەکەی پێوەندییەکی ڕێکخراویان نیە. بەو حاڵەش چونکە حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە لای ئەوان خۆشەویستن، هەروەها بەو هۆیەوە کە تێکۆشان و چالاکی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆر و دژەکوردی کۆمای ئیسلامی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە جۆرێک لە خەبات و بەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانە دەزانن، خۆویستانە تێکەڵ بەم جۆرە چالاکیانە دەبن.

## بە ڕەوا زانینی بەرگریی چەکدارانە بەرامبەر دوژمنان و ڕێز لێگرتنی

ڕێزگرتن لە وشە و ناوی پێشمەرگە و بەرز ڕاگرتنی یادی بەرگری و فیداکارییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە پەلاماردەر و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمە دژبەکوردەکان، لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانمان و سنووردانان بۆ هێرش و دەستدرێژی و تاوانەکانیان، بەرگریی ڕەوا و وەدەست هاتن بە چەکیش پێویستە. گەلی کورد کە چاوی تەماعی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکە و هەموو جارێش بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانە، داخوازەکانی خۆی بەرەوڕووی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران و عێراق و تورکیە و سوریە کردووەتەوە، هەر کات لە جیاتی ڕێزگرتن لە داواکانی هێرشی کراوەتە سەر، بە چەکیش بەرگریی لە مان و خاک و شوناسی خۆی کردوە. ڕێزگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی پێشمەرگە، ڕێزگرتنە لە دەیان ساڵ حەماسەخوڵقێنیی ڕۆڵەکانیان، ڕیز گرتنە لە چەند هەزار پێشمەرگەی شەهید کە لە سەنگەری ڕاوەستان بەرامبەر هێرشی کوردکوژاندا، گیانیان بەخشیوە. ڕێزگرتنە لەو تێکۆشەرانەی هەروا لە مەیداندا ماونەتەوە و ئاڵای تێکۆشانیان شەکاوە ڕاگرتوە. گومانی تێدا نیە کە ئەم ڕێزگرتن و خۆشەویستی‌یە، هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵە چەکدارەکانی کورد کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە بەرگری لە نەتەوەکەیان و خاکی نیشتمانەکەیان دەکەن، دەگرێتەوە.

## هێماکانی شوناسی نەتەوەیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر جێی خۆیان دەکەنەوە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستاندا، بوو بە خاوەنی کۆمەڵێک سامان و دەسکەوتی نەتەوەیی. جگە لە داهاتنی وشە و ناوی "پێشمەرگە" و پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە لەو سەردەمدا، "ئاڵای کوردستان"یش بۆ یەکەم جار هەر لەو سەردەمدا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا نوێ ببێتەوە و بە ڕەسمی هەڵ بکرێ. دیارە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"یش هەر یادگاری کۆماری کوردستانە و بۆمان ماوەتەوە.

ساڵانێکی زۆر هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی دێموکراتیشەوە، بۆ نەرەنجانی "خاتری

موبارەک"ی لایەنە ئێرانیيە شۆڤێنییەکان و لە ترسی تاوانبارکران بە جیاییخوازی، لە باسی کۆماری کوردستان و رابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، گرینگیيەکی ئەوتۆیان بە ئاڵای کوردستان نەدەدا، یا وەک شتێکی مێژوویی و پەیوەست بە رابردوو، باسیان دەکرد. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەن پارلمان و حکوومەت و، هەڵکردن و بە کارهێنانی "ئاڵای کوردستان" لە پارلمانی کورستان رەسمیەتی پێ درا، کولتووری بە کارهێنانی ئاڵا وەک هێمایەکی نەتەوەیی، سنوورە دەسکردەکانی بڕی و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پێشوازی لەو ئالایە کرا. دیارە لە نێوان ئاڵای کۆماری کوردستان و ئاڵای پەسندکراوی پارلمانی کوردستان، هێندێک جیاوازی هەن. بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر لە دانیشتوانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، وەک هێمایەکی گشتی بۆ هەموو نەتەوەی کورد نەک ئاڵای بەشێکی کوردستان، رێزی لێ دەگرن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، کەسانی خاوەن هەست و شوعووری نەتەوەیی بە هۆی ئەم ئاڵایەوە، بوونی کورد وەک نەتەوەیەک و کوردستان وەک نیشتمانی ئەو نەتەوەیە، دەردەبڕن. ئەم دیاردەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووی لە زیادبوون دایە و لە بۆنە نەتەوەییەکان و نەورۆز و تەنانەت جێژن و خۆشیی بنەماڵەیی‌دا، تا دێ زیاتر خۆی دەردەخا. بایەخدان بە هێما نەتەوەییەکان وەک رێگایەک بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و شانازی پێوەکردنیان، بەڵگەیە بۆ گەشە کردنی بیری نەتەوەیی و وشیاریی سیاسی کە بە دڵنیایەوە لە سەر دەوڵەمەندیی خەباتی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان هەم لە رووی نێوەرۆک و هەم لە رووی شێوازەکانی تێکۆشان بۆ مافی نەتەوەیی، کاریگەریی قووڵی دەبێ.

**دوێنێ و ئەمڕۆی خەباتی خەڵکی کوردستان، پێکەوە بەستراون:**

بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی دابڕینی ئەمڕۆی کوردی رۆژهەڵات لە رابردووە سیاسی و نەتەوەییەکەی دەدرێن، بزووتنەوەی سیاسی و حەقخوازانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان نایهەوێ و ناتوانێ پشت لە رابردووی خۆی بکا. ئەگەر پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان وەک سەرەتایەک بۆ بە کردەیی کردنی خەونەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان قبووڵ بکەین، ئەوەی دوای ٧٠ ساڵ لە تویی تێکۆشانی جۆراوجۆری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی رووناکبیران، لاوان و چالاکانی بوارە جیاجیاکاندا دەیبینین، بەردەوامیيە لەسەر ویست و ئامانجەکانی پێشوو. رزگاربوون لە ژێردەستی و هەڵاواردن و بێمافی، پێکهێنانی کیانی کوردیی خاوەن ئاڵا و سوپای میللی و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی، گەیشتن بە دەسەلاتێکی کوردیی خاوەن نێوەرۆکێکی ئینسانی و دێموکراتیک، هەتا ئێستاش لە دیارترین ویست و ئاواتەکانی توێژی سیاسی و چالاکی رۆژهەڵاتن. ئەوە کە زەبروزەنگ و سانسۆر و سزا و سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، دەیهەوێ بە هەر نرخێک بووە ئەم دەنگانە نەبیسترێن و ئەم خەونانە نەبیندرێن، هیچ لە راستیی مەسەلەکە ناگۆڕێ.

بەم پێیە سەرەڕای سەرکوت و بەربەستی جۆراوجۆر لەسەر ڕێی خەبات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بیری نەتەوەیی و شوناسخوازی، وشیاریی سیاسی و ئامادەیی خەبات و تێکۆشان بۆ ئاوات و ئامانجی ڕزگاریخوازانە لە گەشانەوە و بەرەوپێشچوون دایە. ئەم ڕاستییە هەر لەو کاتەدا کە مایەی دڵگەرمی و شانازییە، ئەرکیش دەخاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی خۆیاندا و بەرنامەدانانیان بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەیدانیدا حیسێبی تایبەتی بۆ بکەن.

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتی ساڵی ..................... ٢٠١٧

## شەڕی سوپای پاسداران و ئیتلاعات لە گەڵ حدک بە چەكی تیرۆر

لە شەو زستانی ئەمساڵدا، دەزگـای جاسووسـیو تێـرۆری ڕیژیمـی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران تەقینەوەیەكـی تیرۆریسـتیی لە بەردەم بارەگـای دەفتەری سیاسیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بەڕێـوە بـرد کە شـەهید بـوونی ٧ کەسو برینـداربوونی ٣ کەسی دیكەی لێ كەوتەوە.

ئەم تەقینەوە تیرۆریستییە، بـووە هـۆی بێزاری و تـوورەیی حیـزبو ڕێكخراوە سیاسییەكانی کوردستانو ئێـرانو هەر وەهـا كـۆمەلانی خەڵـك لە باشـوورو ڕۆژهەلاتـی کوردسـتانو، بە تونـدی مەحكـووم كـرا. هەر لەو كـاتەدا شـەپۆلێكی گەورە لە هاودەردیو هاوپێوەندیی لە گەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانو بنەماڵەی شەهیدەكان وەڕێ خست.

وەك لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبـی دیموكراتی كوردستان دا هـاتبوو، ئەم تـاوانە تێرۆریستییەی ڕێژیمـی ئێـران، زەنگێكی مەترسی بوو كە نەك هەر حیزبو ڕێكخراوە سیاسییەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان، بەڵكوو خەڵكی هەرێمی كوردستان بە تـایبەتی حكـوومەتی هەرێـمو لایەنە سیاسـییەكان پێویسـتە، بیبیسـن. كۆمـاری ئیسـلامی بەم تەقیـنەوەیەو بە چەنـد پیلانێكی تیرۆریستیی پووچەڵبۆوەی لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا، دەری جستوە كە نیازی ئەوەی هەیە جارێكی دیكە خاكی هەرێمی كوردستان بـۆ زەبـر وەشـاندن لە نەیارەكـانی خـۆی لە ڕێگـای كـردەوەی تیرۆریسـتی بە كـار بێنـێ. وەڕێكەوتـنەوەو دەستبەكاربوونەوەی ماشێنی تێـرۆری ئەو ڕێـژیمە لە باشـووری كوردسـتان لە دژی هێـزە سیاسییەكانی ڕۆژهەلات، لە خۆی دا درۆبوونی ئەو ئیددیعایانەش دەردەخا كە ئەو ڕێژیمە وەخت و بێوەخت لە بارەی بێپێگەیی ونەمانی كاریگەریی ئەوان لە نێـو خەڵكی كوردستان دا، بڵاویان دەكاتەوە.

ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە بە ئامانجی گەورەترین پیلانی تیرۆریستیی ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆماری ئیسلامی، بە ڕێکەوت نیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ١٠ ساڵەی دوایی دا، لە دوو بواری سەرەکی دا بەرامبەر بەو ڕێژیمە مەیدانداریی کردوە. یەکێک لەو بوارانە هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بووە بۆ لەمەیداندابوونو قۆزتنەوەی هەر هەلو دەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی ویستو داواکانی خۆیانو تەنگ هەڵچنین بەو سیاسەتو بەرنامانەی سوپای پاسدارانو ئیتلاعات لە کوردستان بە ڕێوەی دەبەن. دووهەم بوار، حوزووری تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نیو خەڵکو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داو چالاکبوونەوەی تێکۆشانی جۆراوجۆری ئەم حیزبە بووە. کاریگەر بوونی ئەم دوو ڕەهەندەی تێکۆشان و لە گەڵ ئەمانەشدا، دیاربوونی حیزب لای ناوەندە دیپلۆماتیکو کۆڕو کۆمەڵە نیودەولەتییەکان، وای کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ببێتە جێگای سەرنج و پشتیوانیی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو، ئاستی شوێندانانی لە ڕووداوە سیاسییەکانی نێوخۆ دا، بەرەوژوور بچێ.

باسکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دیالۆگ و پێویستیی چارەسەری پرسی کوردستان بە ڕێگای هێمنانە، گرنگیدانی بە گرتنە بەری شێوازە مەدەنییەکانی خەبات لە لایەن خەڵکەوە و نیشاندانی هێزو توانای حوزووری پێشمەرگانە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات دا، بە جۆرێک نیگەرانیی خستووەتە دڵی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەم حیزبە، چەکی تیرۆر بە دوو جۆر بە کار بێنن. لە لایەکەوە هەوڵیان داوە ئەم حیزبە بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی تاوانبار بکەن. موستەنەدێکی پڕ لە درۆ و ساختەکاری کە وەزارەتی ئیتلاعات لەم مانگانەی دوایی دا لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە "پرێس تی ڤی" بڵاوی کردووەتەوەو دەیەوێ ئەم حیزبە بە ئەنجامدانی ڕەشەکوژی تاوانبار بکا، نموونەیەکە لەو هەوڵانە. بەڵام هەر بەوەشەوە نەوستاونو بە ئەنجامدانی  پیلان و بەرنامەی تیرۆریستییش دەیانەوێ زەبر لەو حیزبە بوەشێنن کە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، ئەم نیازەیانی بە ڕوونی دەرخست.

بەڵام ئایا سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتەیان دەتوانن ڕێگا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بگۆڕنو دەستی پێ لە گوتارو سیاسەتو تێکۆشانی شوێندانەرانەی خۆی هەڵ بگرن؟ پیلانو بەرنامەکانی دەزگای جاسووسیو تێرۆری کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانو هەوڵەکانیان بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی ناشیرین لەو حیزبە، ئەگەر تەئسیرێکیان لە سەر ئەم حیزبە هەبووبێ، ئەوەیە کە وشیاریو تواناو ئامادەیی خۆیو تێکۆشەرانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەو پیلانی تیرۆریستیی ئەو ڕێژیمەو تەبلیغاتە ژاراوییەکەی بەرەو ژوور بردا، ئەگینا گوتارو سیاسەتو تێکۆشانی ئوسوولیی ئەم حیزبە، بەو جۆرەی دوایین کۆنگرەی حیزب، پێی لە سەر داگرتوونەوە، درێژەیان پێ دەدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جانێویری ٢٠١٧

## لە پەراوێزی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ڕێبەریی حدک دا

٣ مانگ لەمەوبەر کە هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی، بڵاو بووەو ڕێبەریی حیزب بەرەورووی پرسی هەڵبژاردنی سکرتێرێکی نوێ ببووە، لە نێوخۆو دەرەوەی ئەم حیزبە، پرسیارو نیگەرانیو لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەخرانە ڕوو. هەر ئەو کات لە وتارێک لە ژێر ناوی «حدک، دەرفەتێک بۆ دروستکردنی ئیرادەو وزەی نوێ»دا کە ئامانجە سەرەکییەکەی ڕەواندنەوەی نیگەرانیو گومانەکان بوو، وێڕای ئاماژە بە دوو ئەزموونی جیاواز لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە مێژووی حیزبی دیموکراتو دەرکەوتەو ئاکامەکانیان، نووسیم: «بە سەرنجدان بەم ڕاستیەو بە بوونی ئەزموونە باشو خراپەکانی رابردوو، کۆمیتەی ناوەندی بە تایبەتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لێیان چاوەڕوان دەکرێ سەربەرزو سەرکەوتوو لەم تاقیکردنەوەیەی بەردەمیان بێنە دەر. ئێستا کە بە تازەیی شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چووەو ئەم پلینۆمە وێڕای جێبەجێکردنی کۆمەڵێک کارو ئەرکی دیکەی، توانیویەتی سکرتێرو جێگری سکرتێرێکی نوێی لە ڕەوتی ڕەقابەتێکی دۆستانەو هەڵبژاردنێکی سالمو دیموکراتیکدا دیاری بکاو ئاکامەکانیشی لە گەڵ پێشوازیو پشتیوانیی سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستانو دەرەوەی وڵات بەرەوڕوو بووە، جێگای خۆیەتی لە سەر دوو پرسی گرنگ لەم پێوەندییەداهەڵوێستە بکەین.

### نەریتی هەتا هەتایی بوونی پۆستی یەکەم تا کەنگێ؟

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە نێو کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو خەڵک بە گشتیدا، زۆر جار گوێمان لێ بووە، نەگۆڕانی دەمو چاوەکانی کەسی یەکەمی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بووە. زۆر جار بیستوومانە مردن نەبێ هیچ ئیرادەیەکی دیکە نەیتوانیوە ببێتە هۆی گۆڕانی کەسی یەکەمی زۆر لە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان. حیزبی دیموکرات ئەم پێشەنگایەتییەی هەیە کە لە کۆنگرەی یازدەیەمی خۆیەوە ئەسلی دانانی بەربەستی دوو دەورە یا دوو کۆنگرەی لە سەر ڕێی هەڵبژێرانەوەی کەسی یەکەمی خۆی پەسند کرد. ئەم ئەسلە یا جێبەجێکردنی ئەم ئەسلەی پێڕەوی نێوخۆ، کێشەو باسی جۆراوجۆری لە نێو حیزبی دیموکراتدا بەدواوە بووو موخالیفی خۆشی هەبووە بە جۆرێک کە کۆنگرەی شازدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم ئەسلەی لە پێڕەوی نێوخۆ لابرد. بەو حاڵەش ئەم ئەسلەو جێبەجێکردنەکەیو دواتر مانەوەی لە پێڕەوی نیوخۆدا هەتا کۆنگرەی ١٦ی حیزب- دانی پێدابنرێ یان نا- ڕۆڵی هەبووە لە فەرهەنگسازیو پەرەپێدانی بیری دەستاودەست کردنی پۆستی یەکەم لە حیزبی کوردیدا. ئەمەش بە مانای نەدیتنی هەمان سوننەتشکێنی لە نیو حیزبێکی وەکوو حیزبی شیوعیی کوردستاندا نیە.

مەسەلەکە ئەوەیە کەسی یەکەم بە هەر رادەیەکیش لە پۆستەکەی خۆیدا سەرکەوتووو خاوەن ئەزموون بێ، هەتا پتر لەم پۆستەدا بمێنێتەوە، رێکخراوەکەی زیاتر بەو دەبەستریتەوەو لە ئاکامدا، هەر کات لەم پۆستە لابچێ، جا بە دڵخواز بێ یا بە رووداوی نەخوازراو، رێکخراوەکە تووشی قەیرانی نێوخۆیو داکشان دەبێ. ئەمەش لە کاتێکدا روو دەدا کە کەس یا کەسانێکی دیکەی نێو رێبەریی ئەو رێکخراوە بە هۆی کۆبوونەوەی سەرنجەکان لە سەر کەسی یەکەم، هەتا ئەو کاتە لە پەراوێزدا دەبنو کەمتر دەناسرێن. ئەزموونێک کە حەق وایە حیزبی کوردی لەم بارەیەوە وەری بگرێ ئەوەیە، لە جیاتی هێشتنەوەی یەک کەس بۆ ماوەیەکی زەمانیی چەندین ساڵە لە پۆستی یەکەم داو، چڕکردنەوەو راکێشانی هەموو سەرنجەکانی بەردەنگەکانی خۆی بۆ لای ئەو یەک کەسە، لەلایەکەوە کولتوورو میکانیزمی دەستاودەستکردنی پۆستی یەکەم، بگرێتە بەرو ماڵاوایی لە نەریتی «رێبەر»ێک بۆ هەتا هەتایە بکا، لە لایەکی دیکەوە، هەموو سیماکانی خۆی لە پێناوی بەرجەستەکردنەوی سیمای کەسی یەکەمی خۆیدا، نەشارێتەوە. حیزبێکی ئەمرۆییو دیموکرات لە جیاتی یەک رێبەر، دەبێ رێبەریی بە کۆمەڵو، لە جیاتی یەک سیما(یەک دەموچاو) بۆ دەرکەوتن لە هەموو بوارو مەجالێکدا، پێویستە لە هەر بوارو مەیدانێکدا چەندین سیمای هەبێ کە یەکتر تەواو دەکەنو بە یەکەوە، چاوەروانییەکانی دڵسۆزان و دۆستانی حیزبەکە وەدی بێنن. ئەمە هەم لە گەڵ سیاسەتو حیزبایەتیی بە شێوەیەکی عەقڵانیو مودێرن سازگارە، هەم لە درێژخایەندا ئاکامی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوەو بۆ داهاتووی خۆدی رێکخراوەکە بە سوودە، چونکە لە کولتوورو فەزایەکی ئەوتۆ دا، رێبەرانێکی زۆر بۆ حیزبەکە پەروەردە دەبنو حیزب لە سەر کەسی گونجاو بۆ پۆستی یەکەم پەکی ناکەوێ.

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سێبەری «بەرپرسیاریەتیو دەروەستی»دا

زۆر لە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانو وەفدەکانی حیزبو لایەنە جیاوازەکان کە لەم چەند حەوتووەی دوایی دا، بۆ پیرۆزبایی لە پێوەندی لە گەڵ ئاڵوگۆڕە نوێیەکانی نێو رێبەریی حدک، یا بۆ هاوخەمی بە دوای تەقینەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلداو کۆچی دوایی نەمر فەتاحی کاویان سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردوە، خۆیان وتەنی بە شتێک «موعجیب» بوونو سەرسوڕمانو خۆشحاڵیی خۆیان لەو بارەیەوە نەشاردۆتەوە. کاتێک دەیان بیستودەیاندیت:

– دووکاندیدا کە پێکەوە لە سەر پۆستی سکرتێری رەقابەتیان کردوە، لە جیاتی ئاکامی هەڵبژاردنەکە ساردی بخاتە نێوانیان، هاوکاری لە نێوانیاندا بەهێزتر کردوە،

– سکرتێری پێشوو کە دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ئاست سکرتێرو جێگری سکرتێری نوێ، نەک هەر بێخەمو بێتەفاوت نیە بەڵکوو هاوکارو پشتیوانیانەو سەرەرای رێزو جێگەو پێگەی تایبەتی لە لای ئەوانو دەفتەری سیاسیو سەرجەم رێبەریو کۆی حیزبەکە، وەک ئەندامێکی بە دیسیپلینی رێبەری لە گەڵ سەرووتری خۆی هەڵسوکەوت دەکاو بەم جۆرە نموونەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

جوان لە چۆنیەتیی تەعامول لە گەڵ ئالوگۆڕی دیموکراتیک لە نێو ڕێبەریی حیزب دەخاتە ڕوو،

– ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە هەر کامێک لەوان دەیانتوانی کاندیدایەکی مەقبووڵی پۆستەکانی یەکەمو دووهەمی حیزب بن‌و شانسی گەیشتن بەم پۆستانەشیان هەبووە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە حسێبانە، هاوکاری سەمیمیی سکرتێری نوێن‌و تەنانەت ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی هاوڕێیەکیان لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندییەوە بێتە نیو دەفتەری سیاسی‌و هاوکاریش بوون بۆ ئەوەی دەسبەجێ بە جێگری سکرتێری گشتی هەڵ ببژێردرێ،

– کۆمەڵێک کەسایەتی لە ڕیزی پشتیوانان‌و هاوکارانی نزیکی ڕێبەریی ئەم حیزبە دان کە هەر کامێکیان ڕۆژێک لە ڕۆژان سکرتێرو جێگری سکرتێرو ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بوون‌و پلەو بەرپرسایەتیی بەرزیان لە حیزبی دیموکراتدا هەبووە. ئێستاش بێ ئەوەی لە ڕێبەریی حیزب دابن، وەک پێشمەرگەو سەربازێک لە خزمەت حیزبەکەیان‌و ڕێبەریی ئەو حیزبە دان‌و لە هیچ هاوکاری‌و دڵسۆزییەک دریغی ناکەن!!

ئەم دیاردانە لە ناوچەیەکو لە نێو کولتوورێکی سیاسی‌دا کە هەتا ئێستاش شایەدی زۆر دژکردەوەی نەخوازراو لە کاتی ململانێیەکانی هەڵبژاردن‌و لە جەنگەی هەوڵدان بۆ دەستاودەست کردنی دەسەلات لە نێو کۆمەڵ‌و تەنانەت لە نیو حیزبەکانی‌دا بووە، حەق وایە نرخی خۆیان بدرێتێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، خاوەنی ئەو ناوەرۆکو پوتانسیەلەیە کە توانی کەسایەتییەکی وەک بەڕێز خالید عەزیزی بێ ئەوەی پێشینەیەکی لە دەفتەری سیاسیی حیزبەکەی‌دا بووبێ، بگەیەنێتە لوتکەی ڕێبەری‌و دەسەلاتی ئەم حیزبەو، لە تواناکانی ئەو کەسایەتییەو زەرفیەتەکانی حیزب، جۆرێکی نوێ لە سیاسەتکردن‌و حیزبایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بخاتە ڕوو. ئەم حیزبە هەر وەک لە دەستاودەستکردنی سەرکەوتووانەی پۆستە یەکەمەکانی لەم ڕۆژانە دا نیشانی دا، توانای دەرچوون لە زۆر تاقیکردنەوەی دیکەش لە خۆی دا بەدی دەکا. حیزبێک بەم ئەزموون‌و زەرفیەتانەوە، هەتا ئەو کاتەی لە ئالوگۆڕە نیوخۆییەکانی‌دا، «بەرپرسیاریەتی»و «دەروەستی» ڕێنوێن‌و ڕێنیشاندەری ڕێبەران‌و تێکۆشەران‌و ئەندامانی بن، دەتوانێ بە سەر ژان‌و ئێشی گرتنە پێشی ڕچەشکێنی‌و کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی نوێ‌و بوێرانەدا سەر بکەوێ.

لە ژمارە ٦٩٧ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## پرسی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران دا بەسەرهاتی تاڵی چاوەڕوانییەکی ڕەوا!

٢ ساڵی دیکه چل ساڵی تەواو بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنه سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕادەبرێ. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە ڕابردوویەکی دوورو درێژی لە خەبات لە گەڵ ڕێژیمی پاشایەتیدا هەبوو، چالاکانه لە سۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران دا بەشدار بوو، چونکه دەیەویست بە گۆڕانی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، کۆتایی بە بێبەشی لە مافه نەتەوایەتییەکانی بێو لە سەر خاکو نیشتمانی خۆیو لە چوارچێوەی ئێراندا مافی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بدرێتەوە بە خۆی، جارێکی دیکه وەک سەردەمی کۆماری کوردستان زمانی کوردی لە کوردستان ببێتەوە بە زمانی ڕەسمیو لە قوتابخانەکان پێی بخوێندرێو لە ئیدارەو دامەزراوە رەسمییەکانی ئەو ناوچەیە قسەی پێ بکرێو کۆمەڵێک مافی دیکه کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەم گەلە ئەستێندرابۆوە، بۆی بگەڕێندرێنەوە. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم ڕابردووە پڕ لە خەباتو قوربانیدانەو هەر وەها لەژێر کاریگەریی ئەم چاوەروانییەش دابوو کە حیزبی دیموکرات بە تایبەتیو گەلی کورد بە گشتی لە ڕۆژی یەکەمی هاتنه سەر کاری کۆماری ئیسلامی، داخوازەکانی خۆیان بە ڕوونی هێنایە گۆڕێو وەبیر دەسەڵاتدارانی تازەیان هێنایەوە کە ناتوانن دەست لەم مافانەیان هەڵ بگرنو چاوپۆشیان لێ بکەن. چونکه بە بێ وەدیهاتنی ئەم مافانەو مانەوەیان لە بێبەشیو لە ژێر سەرکوتی نەتەوەیی دا شۆڕش ئاکامو مانایەکی نەدەبوو.

بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا پێک هاتنو دامەزراوەکانی لە بارودۆخێک دا بنیات نران کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران کە شۆڕشیان کردبوو، لە سەر داواو چاوەروانییەکانی خۆیان پیداگر بوونو بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم پێداگرییەی خۆیان نیشان دەدایەوە. کۆنترۆڵی کەشوهەوا سیاسیی ئێران لە دوو ساڵی یەکەمی هاتنه سەرکاری ئاخوندەکاندا، هێشتا بە تەواوی نەکەوتبووە دەستی دەسەڵاتدارانی نوێ. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانو ڕۆژنامەو بلاوکراوەی ئازاد، سەرەڕای پێناخۆشبوونی تاقمی بە دەسەلات گەیشتوو، هەبوونو وەک دەڵێن : ئەمری واقیع" بوون. لە کوردستانیش جگە لە پێداگری لە سەر داواو چاوەڕوانییە لە مێژینەکان، خەڵک لە دەوری حیزبی دیموکراتو هێزە سیاسییەکانی دیکه کۆ بوونەوەو پشتیوانیی هەموو لایەنەیان لێ دەکردن بۆ ئەوەی لە ڕێگای وتووێژو دانوستانەوە بێ یا لەڕێگای خۆڕاگریو بەرگری کردن لە خۆیان، ئەم مافانەیان بە دەسەڵاتی تازە بسەلمێنن. پێکهاتەی یەکەم مەجلیسەکان یا دەورەی یەکەمی مەجلیسەکانی دامەزرێنەران(کە ناوی نرا خوبرەگان)و مەجلیسی شوورای میللی( کە ئەویش ناوی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لێ نرا) بە جۆرێک بوون، کە هێشتا مەجالێکو مەیدانێک بۆ هێنانەوە گۆڕی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی شۆڕشکردوو، مابۆوە. لە ژێر کەشوهەوایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنەدا کاتێک یاسای بنەرەتیی ولات(دەستوور)ی



سەرچاوە
Serchawe

ئێران داڕێژراو پەسند کرا، کۆمەڵێک لە مافەکانی خەڵک لە بواری جۆراوجۆر دا، دیارە بە کلکو گوێکراوی‌و نیوەچڵی، لەو دەستوورەدا ڕەنگیان دایەوەو دانیان پێدانرا. ویستی خوێندن بە زمانی پێکهاتە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە قوتابخانەکان یەک لەو مافانە بوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئەسلی ١٥ی دەستووری ئێران دا ڕەنگی دایەوە.

چارەنووسی ئەم ویستەی نەتەوەی کوردو نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران، لە زۆر بارەوە شیاوی هەڵوێستە لە سەر کردنە. خودی ویستی خوێندنی گەلێک، نەتەوەیەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی‌و زمانیی چەند ملیۆنی بە زمانی خۆی، بەشێکی کەم‌و بچووکە لە کۆی مافە سیاسی‌و نەتەوەییەکانیان. بە تایبەتی ئەگەر لەوەش ورد بینەوە کە ئەو مافە لە چاوەڕوانیی "بە رەسمی ناسران"و" مافی خوێندن بەو زمانانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا" بووە بە " ئازادبوونی خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا"! ئەو کات پتر هەست بە بچووکی‌و کلکو گوێکرانی مافەکە دەکەین. بەو حاڵەش پاشی تێپەڕینی نزیکەی ٤٠ ساڵ بە سەر تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌و پەسندکرانی دەستووری نوێ‌دا، نەک هەر ئەم ئەسلە جێبەجێ نەکراوەو بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو هەتا ئێستاش هەر کاندیدایەکی سەرکۆماری‌و هەربەربژێرێکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە بیانهەوێ دەنگی نەتەوە نافارسەکانی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن، ئەم ئەسلەیان وەبیر دێتەوەو بە بەڵێنی جێبەجێکردنەکەی، بازاڕگەرمییەک لە جەنگەی ململانێی هەڵبژاردندا بۆ خۆیان وەڕێ دەخەن. ناخۆشتر لەم گاڵتەکردنە بە هەستو عەقڵی خەڵکیش ئەوەیە هەر کە بازاڕی هەڵبژاردن کۆ کرایەوەو کەریان لە جۆگەی "چاوەڕوانییە قەومییەکان"ی دەنگدەری نەتەوە نافارسەکانی ئێران پەڕییەوە، یا بەڵێنەکەی خۆیان لە بیر دەبەنەوەو هەتا سەروبەندی هەڵبژاردنێکی دیکە، ئاوڕێکیشی لێ نادەنەوە، یا ئەگەر لە توێی هێماو ئیشارەیەکیش دا، باسی "پێویستیی خوێندنی زمانو ئەدەبیاتی قەومیەتەکانی ئێران لە قوتابخانەکان دا" کرد، دەسبەجێ نافەرهەنگستانو کۆمەڵێک ناوەندو دامەزراوەی دیکە دێنە سەر خەتو مەترسیی "شێوانی ئەمنیەتی نەتەوەیی"و لاوازبوونی زمانی فارسی وەک هەودای برایی‌و پێکەوە بەستنەوەی نەتەوە سەردەستو بندەستەکانی ئێران و "ئەنجامە خراپەکان"ی دیکە جێبەجێکردنی ئەسلە ٤٠ ساڵ پشتگوێخراوەکەیان، وەبیر دێننەوە. بە جۆرێک دەیکەن بە هاتوهاوارو وەها داواکارانو لایەنگرانی ئەم جۆرە ویستو داوایانە دەدەنە بەر پەلامار، کە لە ترسی تاوانبارکران بە خەیانەتی سیاسی‌و ئەمنیەتی، سەریان بەرنەوە نێو قاپێلکی خۆیانو قسەکەیان دەجێی خۆی بکەنەوە!

زۆر تاڵە کە دەبینین دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ هەوڵدانو بە دواداچوونی دڵسۆزانی زمانی زگماکی‌و نەتەوەیی لە نێو نەتەوەکانی کورد، تورک، بەلووچ، عەرەبو هتدی ئێرانو دوای ئەو هەمووە کایەی سیاسی‌و "گەمەی هەڵبژاردن"ی دەسەڵاتداران بەو ئەسلەی دەستووری ئێران، سەرئەنجام کێوی دابینکردنی چاوەڕوانییەکی ڕەوای نەتەوە نافارسەکانی ئێران، لە سەردەمی کلیلە گۆیا سێحراوییەکەی حەسەن ڕۆحانی دا ترەکی‌و جرجە مشکێکی بوو، بەڵام چ جۆرە جرجە مشکێک؟!

لەو ناوچانەی ئێران کە خەڵکی نافارسیان لێ دەژین، لە هێندێک قوتابخانە، دەکرێ قوتابییان بە دڵخوازی خۆیان لە تەنیشت دەرسو خوێندنی ڕۆژانەی خۆیان، ئەدەبیاتی یەکێک لەو 3 زمانە(عەرەبی، ئینگلیزیو زمانی دایکیان) بخوێنن!! ئێستا وای دادەنێین حکوومەت کتێبو مامۆستاشی لە ڕادەو ئاستی ئەم بڕیارەدا بۆ خوازیاران دابین کرد، ئایا لەم جۆرە دەنگەوەهاتنی ویستێکی لەمێژینەو مافێکی ڕەوای کۆمەڵێک نەتەوەی چەند میلیۆنیی ئێران، بۆ خۆی گەورەترین بێڕێزی بە هەستو شعوورو مافەکانی ئەوان نیە؟! ئەمە نەک جێگای پێزانینو دەسخۆشی نیە بەڵکوو شایانی ئەوەیە بە ڕاشکاوی بە حەسەن ڕۆحانیو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگوترێ مافی زمانیو نەتەوەیی ئێمە شتێکی زۆر لەوە گەورەترە. نە بەو هەمووە ماندوو کردنو لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوەمان دەست لە مافی ڕەوای خۆمان هەڵ دەگرین، نە بەوجۆرە "کردنەوەی قفڵ"و ئەم چەشنە بە دەنگەوەهاتنە شەرمێونانەیەتان، چاومان دەنووسێ.

لە ژمارە ٦٩٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی فێبریویری ٢٠١٧

## "چونکی ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو"

دوێنێ شەو، بەداخبوونو ناڕەحەتییەکەم بۆ مەرگی «مام عەلیی گوڵی» زیاتر بوو کاتێک وەبیریان هێنامەوە کە وەسیەتی کردبوو ئەگەر مرد، من لە سەر مردنەکەی قسە بکەم. کاتی خۆی ڕووبەڕووی خۆشم ئەو داوایەی لێ کردبووم، بەڵام لە بیرم چووبووەوە. ئێستا مام عەلی بۆ چی منی بۆ قسەکردن لە سەر ژیان و مردنی خۆی دەستنیشان کردبوو، تەنیا دەتوانێ یەک هۆی هەبووبێ ئەویش ئەوەیە:

جارێک لە جاران، وەکوو کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ڕۆژنامەی «کوردستان» قەدری ئەو کارەیمان زانی کە ئەو چەند ساڵ بووهەموو مانگێ دوو جار دووپاتی دەکردەوە. ئاخرمام عەلی، هەر١٥ ڕۆژ جارێک کە ڕۆژنامەی «کوردستان» دەردەچوو، دەگەیشتە شوێنی ئامادەکرانی ڕۆژنامەو داوای بەشی خۆی لە ژمارەی تازەی «کوردستان» دەکرد.٢٠- ٣٠ نوسخەی لە هەر ژمارەیەک وەردەگرتو بە پێیان یا بە ماشێن( دیارە لە سەر حیسابی گیرفانی خۆی، کرێی تاکسی دەدا )و دەیبرد بۆ کۆیە. لە نێو ئیداراتی ئەو شارەو لە بازاڕ، کۆمەڵێک کەسی عادەت دابوو بە وەرگرتنو خوێندنەوەی ڕێکوپێکی ڕۆژنامەی «کوردستان». جاروبار کە بە ڕێکەوت تووشی هێندێکیان دەبووم، بە سەرسوڕمانەوە باسی ئەرکناسیو ڕێکوپێکیی ئەو مامە پیرە لە گەیاندنی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان بە دەستی ئەوان دەکرد.ساڵێک، لە پێشوازی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، لە گەڵ هاوکارەکانمان لە ڕۆژنامەی» کوردستان» وا ساغ بووینەوە لە گەڵ ژمارەیەک لە ڕاگەیەندنکارەکانمانو نووسەرانو کادری فەنیی ڕۆژنامەدا، لەوحێکی ڕێزلێنان پێشکەشی مام عەلیی گوڵی بکەین کە سەرەڕای نەخوێندەوارییەکەی، عاشقانە»کوردستان»ی خۆش دەوێو بەو پەڕی دڵسۆزیو خۆشەویستییەوە، ئەرکی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی چەندین نوسخەی ئەم ڕۆنامەیە بە هۆگرانی، خستووەتە سەر خۆی. ئەم لەبیربوونو پێزانینو خوێندنەوەیە بۆ مام عەلی، زۆر مایەی خۆشحاڵیو دڵگەرمی بوو.

مام عەلی، ساڵانێک بوو وەک پێشمەرگە لە گەڵ پێرسۆنێلی ڕادیۆ دەنگی کوردستان هاوکارو هاوسەنگەر بوو. خوا نەکا گرفتێکی فەننی بۆ ڕادیۆ هاتبایە پێشو چەند دەقیقەیەک پەخشی بەرنامەکانی ڕادیۆ دواکەوتبا یا ڕۆژێک هەر بڵاو نەببایەوە. دنیای لێ وێک دەهاتو نیگەرانی دایدەگرت. خۆی دەگەیاندە ئەمو ئەو هاوڕێی کاربەدەستی ڕادیۆو، هەتا دۆخەکە ئاسایی دەبووە، حەجمینی لێ هەڵ دەگیرا. ئەویندارانە حیزبی دیموکراتو خەباتی پڕ لە قوربانیدانی ئەم حیزبەو نەتەوەکەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی خۆش دەویست. ئەو خۆشەویستییەو بە پەرۆشبوونەی مام عەلی لە ئاست ڕادیۆو



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژنامەو دواتر تەلەڤیزیۆنی حیزب(کوردکانال)، هەر وەها خەمخۆربوونی لە ئاست هەموو کارو تێکۆشانو چالاکیەکی حیزبەکەی، بە تایبەتی بەشدارایی گەرموگوڕی لە بە خاکسپاردنو پرسەو سەرەخۆشیی شەهیدەکانو کۆچی دوایی هاوڕێیانو هاوسەنگەراندا، لە بەر چاوو لە دڵی هەمووماندا کردبوویە نموونەی دیاری مرۆڤێکی دڵسۆزو بە ئەمەگو نیشتماندۆست. ئەو کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا، هاوسەرەکەشی لە دەست دابووو بە تەنیا مابووەوو پیریو نەخۆشی تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، لە وڵامی یەکێک لە ناسیاوانی‌دا کە کوتبووی: «مام عەلی بۆ ناگەڕێیەوە لای کەسوکارت لە ئاوایی»مەللالەر»(لە ناوچەی بۆکان)؟» کوتبووی: کەسوکاری من ئەو پێشمەرگانەن. بۆ من شانازییە لە نێو ئەوانە بمرم، تەرمم لە سەرشانی ئەوانو لە توێی ئاڵای کوردستان دا لە مەزارگەی شەهیدانو نەمرانی حیزب بە خاک بسپێردرێ. دیارە مام عەلی لە نێو خەوتووانی ئەو مەزارگەیەشدا غەریبو نامۆ نەبوو. جگە لەو هەموو تێکۆشەرانەی ساڵانێک لە ئۆرگانو بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب کاری ڕۆژانەی لە گەڵ کردبوون، کوڕێکی پێشمەرگەی خۆشی بە ناوی حوسێن لەم مەزارگەیە نێژرابوو.

«عەلی گوڵی»، خەڵکی مەڵلالەری ناوچەی بۆکان بوو. بە سجیل ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە دایک ببوو. نزیکەی ٢٥ ساڵێک لەمەوبەر کە گوێم دابووە بەرنامەیەکی تایبەتی رادیۆ دەنگی کوردستان لە بارەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەک لەو کەسانەی بەرنامەکە لە پێوەندی لە گەڵ ئەو ڕووداوە دا دواندبوونی، مام عەلی گوڵی بوو. لە بیرمە کە گێڕایەوە» کاتێک خەبەری دامەزرانی جمهووریمان پێ گەیشت من جەوان بووم لە مەزرایە جووتم دەکرد». مام عەلی ساڵی ١٣٣٦ بە هۆی ئامۆزاکەی، نەمر میرزا عەولا جەهانگیری، هاتبووە ڕێزی ئەندامانی حیزب. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانش، جارێکی دیکە پێوەندیی بە حیزبەوە گرتبوو، چوو بووە مەهابادوچەکی لە سەرگورد عەبباسی وەرگرتبووو لە کۆمیتەی ناوچەی ئەحمەدی کۆڕو دواتر لە بنکەی «قەرەمووسالی» وەک پێشمەرگە قۆڵی لە خزمەتی حیزبەکەی هەڵماڵیبوو. لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ، کۆمیسیۆنەکانی ماڵیو سیاسی-نیزامیو دواتر لە کۆمیسیۆنی رادیۆ(رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران)، درێژەی بە کار و ئەرکی حیزبیی خۆی دابوو. لەمێژ ساڵ بوو بە هۆی چوونە سەری تەمەن، خانەنشینو لە بەڕێوەبردنی کارو ئەرکی حیزبی معاف کرابوو. بەڵام تەنانەت پیریو نەخۆشییش نەیانتوانیبوو مام عەلی گۆشەگیرو خانەنشین بکەنو لە خزمەتکردنو خۆشەویستیی حیزبەکەی دووری بخەنەوە، تەنیا مردن بوو کە توانی مام عەلی، ئەویش بە جەستە لە حیزبی دیموکرات بستێنێتەوە.

بە پێی ستانداردەکانی ناوچەی ئێمە ،٩٥ ساڵ بۆ مرۆڤێکی کورد تەمەنێکی کەم نیە. مام عەلیو زۆر تێکۆشەری دێرینی دیکەی هاونەسلی مام عەلی کە بە داخەوە بە دەگمەن گەیشتوونە تەمەنی ٩٠ ساڵی، زۆربەی هەرە زۆری تەمەنی خۆیان لەکاروانی خەباتو تێکۆشانو وەفاداری بە ئامانجی پیرۆزی رزگاریی نەتەوەی کورد دا تێپەڕ کرد، سەرئەنجامیش بێ ئەوەی بە ئاواتەکانیان بگەن، دوور لە زید و کەسوکار، سەریان نایەوە. لە گەڵ ئەوەی ئارەزوو دەکەم پاشماوەی تێکۆشەرانی

هاونەسلی مام عەلی و نەسلەکانی دواتر، پتر لە مام عەلییش تەمەن بکەن، لەو بڕوایە دام هەر کامێک لەوان، چونکە دەزانن بۆ چی دەژین‌و بەو هۆیەوە کە «ئەمەل»و هیوای گەیشتنی نەتەوەکەیان بە ئازادی، ڕێڕەوی ژیانی دیاری کردوون، لە هەر تەمەنێک دا بمرن، هەتا ئەو کاتەی ئاواتەکانیان وەدی نەهاتوە، هەر زوویەو هەر بۆیان بە پەرۆش دەبم.

لە ژمارە ٦٩٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریویری ٢٠١٧

## کەشوهەوای پێش هەڵبژاردن، دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی لە کوردستان

لە٢٩ی بانەمەڕی داهاتوودا، دوو هەڵبژاردنی سەرانسەری ، هاوکات لە ئێران بەڕێوە دەچن: هەڵبژاردنی سەرکۆماریو هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێ.

پێکەوە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان کە ئەوە بۆ چەندەمین جارە لە ئێران دووپات دەبێتەوە، یەکێکە لە تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ راکێشانی زۆرترین خەڵک بۆ سەرسندووقەکانی دەنگدانو گەرمو گوڕ کردنی کەشوهەوای هەڵبژاردنەکان. واشی رێک دەخەن هەڵبژاردنێک کە بە لای رێژیمەوە گرنگە، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێ، لە گەڵ هەڵبژاردنێک کە گرنگییەکەی بۆ رێژیم کەمترو بۆ خەڵک زیاترە، تێکەڵ بکرێنو پێکەوە بەڕێوە بچن. وەک نموونەهەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خوبرەگانو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی پێکەوە، یا هەڵبژاردنی سەرکۆماری و ئەندامانی شووڕای شارو گوندیش هاوکات.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماری، ئەوەندەی پرسو کێشەی نێو باڵەکانی رێژیم دەبێ، ئەوەندە پرسو کێشەی خەڵک نابێ. وا مەزندە دەکرێ ململانێی سەرەکی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی داهاتوو دا ململانێ لە نێوان کاندیدای رێفۆرمخوازانو اعتدالگرایان لە لایەک و کاندیدای ئوسوولگەراکان لە لایەکی دیکەوەدا بێ. لە هەڵبژاردنی پێشوودا، تەنیا کاندیدایەک کە جگە لە دوو تەیفی "اصلاح طلب و آعتدالگرا"، دەنگدەرانی دەرەوەی بازنەی لایەنگرانی نیزامیش، لە ناچارییان دەنگیان پێدا و پشتیوانییان لێکرد،حەسەن رۆحانی بوو. وا پێش بینی دەکرێ ئەمجاریش بە هێزترین کاندیدای ئەو دوو تەیفە هەر حەسەن رۆحانی بێ. بەڵام بەو هۆیەوە کە کارنامەی سەرکۆماریی ناوبراو لە چوار ساڵی رابردوودا، بە بەراورد لە گەڵ بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردن، کارنامەیەکی سەرکەوتوو نیە، لە نێو خەڵکدا دڵگەرمییەکی ئەوتۆ یا لانیکەم دڵگەرمییەک بە رادەی جاری پێشوو بۆ پشتیوانی کردن لە ناوبراو بەدی ناکرێ. ئەوەی قەرەبووی ساردیی ئەمجارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەکاتەوە، هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێیە. چونکە شووراکانی شارو گوند ئەگەر چی لە کۆماری ئیسلامی‌دا، لە رووی سیاسییەوە ناوەندێکی گرنگی بڕیاردان نین، بەڵام بە چەند هۆیەک، گرنگییەکی تایبەتیان هەیەو ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵک، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکێشرێنە نێو ململانیی هەڵبژاردنی شووڕاکان. لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی زۆریی ئەو حەوزەو کەسانەی ململانێی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە، ململانێیەکان لە ململانێی نێوان دوو یا چەند قۆڵی نێو نیزام دەچتە دەرو مەجالێکی هەر چەند بەرتەسک، بۆ لایەنو گەرایشاتی دەرەوەی نیزامو نزیک بە خەڵک

دەمێنێتەوە تا ئەوانیش لەم نێوە دا مەیدانداریی خۆیان بکەنو خۆیەک نیشان بدەن.

وەک زۆر جاری دیکەش پێمان لە سەر داگرتووەتەوە، هەڵبژاردن - هەر جۆرە هەڵبژاردنێک - لە کۆماری ئیسلامی دا، هەم بە تەواوی نادیموکراتیک و هەم بە توندی کۆنترۆڵکراوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی ڕێژیمەکە، هەوڵ دەدا، هەڵبژاردن بکا بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک بێنێتە سەر سندووقەکان تا لە چوارچێوەی یارییەکی کۆنترۆڵکراودا، دەنگی خۆیان بدەن. نەتیجەکە هەر چییەک بێ، ئاڵوگۆڕێکە لە چوارچێوەی نیزامدا کە ڕێبەریو ناوەندە سەرەکییەکانی بڕیار لەو نیزامەدا، دەتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵک لە ئاست هەڵبژاردنەکان، لە دوو ڕێگا زیاتر لە بەر دەمیان دا نەبووە. یا بە تەحریمو بێتەفاوەتی بەرەورووی هەڵبژاردنەکان بوونەتەوەو بەم جۆرە بێهیوایی خۆیان بە هەڵبژاردنو نارەزایەتیی خۆیان لە کوللییەتی ڕێژیم دەربڕیوە، یا بە پشتیوانی لەو کاندیدایانەی کە دروشمو بەرنامەکانیان، تۆسقاڵێک لە ویستەکانی خۆیان نزیکو تا ڕادەیەک لە گەڵ دروشمو بەرنامەی کاندیداکانی دیکە جیاوازیان هەبووە، پێشوازییان لە هەڵبژاردن کردوە. دیارە بەشداری لە هەڵبژاردنو پشتگیری لە کاندیدای خاوەن دروشمو بەرنامەی تا ڕادەیەک جیاواز، بە مەبەستی پێکهێنانی لانیکەمی گۆڕان لە سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە تەحریمی هەڵبژاردن بەرچاوتر بووە.

ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هەڵبژاردنەکاندا، لەم دوو دەیەی دوایی دا، ئەگەر چی کەمو زۆر لە ژێر کاریگەریی ململانێ سیاسییەکانو کەشوهەوا سیاسییە سەرانسەرییەکەدا بووە، بەڵام جیاوازییەکی واتادارو بەرچاویشی لە گەڵ ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵکی ناوەندو شوێنەکانی دیکەی ئێراندا هەبووە. ئەو جیاوازییە ڕیشەی لە ئاگایی سیاسیی ئەوانو پێشینەی خەباتی ئەوان بۆ مافە نەتەوەییەکانیاندا هەبووە. لە کوردستان ئەو کاتانەش کە زۆرینەی دەنگدەران، هەڵوێستی تەحریمی هەڵبژاردنەکانیان نەگرتووەتە بەرو بە دەنگدان بەشداری هەڵبژاردن بوون، هەوڵیان داوە قسەی خۆیان بکەنو ویستەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ. بێبەشی لە مافە نەتەوەییەکانیانو ڕۆژڕەشییان بە دەست ستەمو هەڵاواردنی نەتەوەیی‌و، وەزاڵەهاتنیان لە دەست تاوانو سەرکوت، لەو پرسانەن کە خەڵکی کوردستان لە کەشوهەوای هەڵبژاردندا، وەک دەردی خۆیان هێناویانەتەوە گۆڕێ. ئەو پێداگریو سووربوونەی خەڵکو بژاردەکانیان لە کوردستان لە سەر ئەم جۆرە پرسو بابەتانە وای کردوە، ئەو لایەنو کاندیدایانەش کە هەوڵی وەدەستهێنانی دەنگی خەڵکی کوردستان دەدەن، لا لەم جۆرە بابەتانە بکەنەوەو لە دروشم و بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیاندا، تا ڕادەیەک ئاوڕیان لێ بدەنەوە. قۆستنەوەی کەشوهەوای هەڵبژاردنی سەرانسەری لە لایەن نوخبەکانو چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی‌و مەدەنیی کوردستان بۆ باسکردن لە پرسی نەتەوەیی‌و، دەنگهەڵبڕین دژی ئەو ستەمو هەڵاواردنانەی لە ئێران دژی نەتەوەی کورد هەن، هەر وەها تەعامول لە گەڵ هەڵبژاردنو ململانێکانی پێوەندیدارو، پشتیوانیو دژایەتیی

کاندیداکان لە سەر بناغەی روانین و بەرنامەی لایەنەکانو کاندیداکان بۆ دەردو ویستی سەرەکیی ئەم خەڵکە، نیشانەی وریایی سیاسیی ئەوانە. دەسەڵاتو رێژیمێک، هەر وەها ئەو قۆڵو لایەنانەی نێو ئەو نیزامە، کە بە خەیاڵی کۆکردنەوەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان، روویان تێ دەکەن، دەبێ بزانن کە لە گەڵ خەڵکێکی ساویلکە بەرەوڕوو نینو بێ دانان بە ستەملێکراویی ئەوانو قبووڵی بەرپرسیاریەتی لە ئاست جێبەجێکردنی داخوازەکانیان، ناتوانن جێگەو پێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە.

بەربژێرەکانی شووراکانی شارو گوند هەتا کۆتایی مانگی رەشەمە مۆڵەتیان هەیە ناونووسی بکەن. پێشبینی دەکرێ ئەمجاریش وەک هەموو جارانی پێشوو، ژمارەیەکی هەر چی زیاتری کاندیداکان بە تایبەتی ئەوانەی کە هەڵقووڵاوی خەڵکنو رابردووی خزمەت بە دامو دەزگا دژی گەلییەکانی ئەو رێژیمەیان نیە، رەدی سەلاحیەت بکرێن. بەڵام ئەگەر خەڵک بیانەوێ ئەم هەڵبژاردنە بکەن بە دەرفەتێک بۆ سپاردنی دەسەڵاتی شووراکان بە نوێنەرانی خۆیانو کەسانی باشو گونجاو، هەر وەها بۆ ئەوەی بتوانن لەم هەڵبژاردنەدا مۆرە ناسراو و تاقیکراوەکانی سەر بە رێژیم تێک بشکێننو جێگای ئەوان بە کەسانی باش پڕ بکەنەوە، پێویستە لە هەر شارو گوندێک کەسانی خۆشناوو خاوەن پێشینەی پاک و بیرو باوەڕی پێشکەوتوانەو نیشتمانپەروەرانە هان بدەن بۆ ناونووسی لە ریزی بەربژێرانی شووراکاندا. وێڕای هەوڵدان بۆ هەبوونو مانەوەی کاندیدای لەم چەشنە بۆ کاتی ململانێی هەڵبژاردن، پێویستە حەوتووو مانگەکانی داهاتوو کە کەشوهەوای سیاسیی هەڵبژاردن باڵ بە سەر ئێران دا دەکێشێ، لە شارو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترین سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ باسو دیالۆگی سیاسی. بۆ لەقاودانی ستەمو هەڵاواردنی سیاسی، نەتەوەییو زمانی بەرامبەر گەلی کورد، بۆ رووناکی خستنە سەر ئەو تاوانو سەرکوتانەی هەمبەر خەڵکی کوردستان دەکرێن، بۆ باسکردن لەو مافانەی کە مافی بێ ئەم لاو ئەولای نەتەوەی کورد و هەر نەتەوەیەکی بندەستی دیکەی ئێرانن. با لە کەشوهەوای سیاسیی پێش هەڵبژاردن دا، ئەو کاربەدەستو مۆرە فاسدو دژی خەڵکیانەی چەندین ساڵە لە سایەی دەست تێکەڵاوکردن لە گەڵ بەرپرسانو دامودەزگا گەندەڵەکان، بوون بە زروو بۆ مژتنی خوێنی خەڵکو دزینی ماڵو سامانی گشتی، رسوا بکرێن. ئەوانەش کە هەتا ئێستا لە پاداشی هاودەستی لە گەڵ سوپاو ئیتلاعاتو بەسیجو ئەم یا ئەو مەقامی دەوڵەتی، بە کەیفی خۆیان مەیدانداریان کردووە، جێی خۆیەتی لە فەزای هەڵبژاردن دا، پەردە لە روخسارو پێشینەی رەش و دزێویان لابدرێ.

لە ژمارە ٦٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا

(بەشی یەکەم)

بە هۆی بەدەستەوە نەبوونی ژمارەکانی دەورەکانی پێشوولەم دەمو دەستە دا، نووسین لە بارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرانی دەورەکانی پێشووی"کوردستان" لە گەڵ مانشێت، بۆ من ناگونجێ. بەڵام ژمارەکانی ئەم دەورەی "کوردستان"کە ئەوە پێی ناوەتە ژمارە ٧٠٠، بە زەحمەت نیە. ئەگەر چی ژمارەکانی سالانی بەر لە شۆڕشی ئێران، بە زەحمەت دەست دەکەون و منیش بۆ ئەم باس نەمتوانی موجەلەدی ژمارە ١ - ٦٩ وەدەست بخەم. بەم پێیە باسەکەی منیش لە بارەی مانشێت لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٧٠ بۆ دواوە (تا ئێستا)دەگرێتەوە.

با هەر لێرە دا ئەم زانیارییەش بدەمە خوێنەری ئەم باسە کە بۆ خۆم لە ژمارە ١٣٥ەوە(ڕەشەمەی ١٣٦٦، مارس ١٩٨٨) بووم بە هاوکاری نزیکی ئەم ڕۆژنامەیە و کاری نووسین، وەرگێران، سەرنووسەری و بەڕێوەبەریم تێدا کردوەو لەو ساوە تائێستا لێی دانەبراوم. بۆیە ئەگەر لە لایەکەوە لاپەڕەکانی ژمارەکانی ڕۆژنامە بۆ خۆیان بەڵگە و سەرچاوەن بۆ زانیاریی ی پێویست بۆ ئەم باسە، بۆ خۆشم بە هۆی بوونم لە نێو ئالوگۆڕ و بڕیارەکانی پێوەندیدار بەم ڕۆژنامەیە، زانیاریی زۆرم لا هەیە کە لەم باسە دا کەم و زۆر پشتم پێیان بەستوە.

### دروشم لە جیاتی مانشێت

بەو جۆرەی لە لاپەڕەکانی یەکەمی ژمارەکانی "کوردستان" دەردەکەوێ، لەسەد ژمارەی یەکەم دا، شتێک وەک مانشێت لە لاپەڕەی یەکەم دا نابیندرێ. ئەوەی لێرە بەدواوەش ، تاک و تەرا لە هێندێک ژمارە دا چاومان پیی دەکەوێ، دروشمێکی پێوەندیدار بە بۆنەیەکی حیزبییەوەیە کە ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە لە دەوروبەری دا دەرچووە. دروشم لە بارەی 25ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب، ٢ی ڕیبەندان سالرۆژی پێکهاتنی کۆماری کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز کە بە ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر کراوە و هەر وەها پێکهاتنی کۆنگرەکانی حیزب. ئەم ڕستانەی لەم بارەیەوە هاتوون، بە زۆری وەک دروشم هاتوون و باس لە ڕووداوێک ناکەن. زۆربەیان پیرۆزبایی بەم بۆنانەوەیان گرتووەتە خۆ، وەک:

"پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب"،

**"پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان"،**
**"پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان" و هتد.**

جاری وایە لە ماوەی یەک ساڵ دا کە ١٢ ژمارەی ڕۆژنامە دەرچوو، بۆ یەک جاریش ئەم جۆرە دروشمەش نابینی. دیارە دروشمی حیزبیی جێگیر(وەک دروشمی ستراتیژیک "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" لە لاپەرەی یەکەم و لە دەوروبەری کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەدا،یا دروشم لە بارەی ڕێژیمێک کە حیزبی دیموکرات خەباتی لە دژی دەکا لە خوارەوەی دوا لاپەڕە دا) هەن. مەبەستی من ئەو ڕستە و دەستەواژانەیە کەلە نیو سەردێرەکانی لاپەرەی یەکەم دا، لە هەمووان دیارتر و سەرنجراکێشترن.

لە نیو ئەو هەمووە تیترانە دا - کە من پێم دروستە ناویان بنێم دروشمی حیزبی- تەنیا تیترێک کە وەک باسکردن لە ڕووداوێک هاتوە و دەکرێ پێی بلێی مانشێت، هی ژمارە ١١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە کە بەفرانباری ١٣٦٤(ژانویەی ١٩٨٦) دەرچووە. تیترەکە ئەمەیە: "کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بە سەرکەوتنەوە تەواو بوو". لە ژێر ئەم مانشێتەش، ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەوە هاتوە کە سەردێری تایبەت بە خۆی لە گەڵ دایەو بەشێک لە دەقی ڕاگەیەندراوەکەش (٢-٣ پاراگراف)هەر لەو لاپەڕەی یەکەم دا بەرچاو دەکەوێ. ئەم ڕەواڵە- هاتنی دروشمی حیزبی لە جیاتی مانشێت- بەردەوام دەبێ هەتا چەندین سالی دیکە.

هێندێک جار دەکرا لانیکەم ئەگەر مانشیتیش بە کار ناهێندرێ، هەر ئەم جۆرە دروشمە لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوە گرنگەکانی پێوەندیدار بە حیزب لە ڕۆژنامە دا دووپات ببنەوە. بۆ وێنە "کوردستان" لەو ژمارەیەی خۆی دا کە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی شەهید کرانی سکرتێری گشتیی حیزب، د.قاسملووی بڵاو کردوەتەوە(ژمارە١٥١، پووشپەڕی ١٣٦، ژوئیەی ١٩٨٩)، نە مانشیتی بە کار هێناوە و نە دروشێکی پێوەندیدار بە ڕووداوەکە. بەڵام ساڵێک دواتر(پووشپەڕی ١٣٦٩، ژوئیەی ١٩٩٠) لە ژمارە ١٦٣ی خۆی دا، کە ژمارەی تایبەت بە یادی یەکسالەی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرەیە، دروشمێکی کردوە بە مانشێت کە بەم جۆرەیە: " بەرێز بێ یادی مامۆستای شەهید، دوکتور قاسملووی مەزن". ئەم ڕەواڵە هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی 90ی زایینییش هەر بەردەوام بووە. واتە ڕۆژنامە لە لاپەرەی یەکەمی دا بێجگە لە سەردێڕی وتارو بابەتەکان، یا تیترێکی گشتی و بەرچاوتر لەوانی نیە یا ئەگەر جارو بار تیترێک بە کار هاتوە بە شێوەی دروشم بووە. بۆ نموونە:

"دوکتور قاسملوو لە بیروباوەڕی دا زیندووە!" (کوردستان، ژمارە ٢١١، پووشپەڕی ١٣٧٣، ژوئیەی ١٩٩٤)

"بەڕێز بێ یادی شەهیدانی نەمر دوکتور 'صادق شرفکندی' و هاوڕێکانی" (کوردستان، ژمارە ٢١٣، خەرمانانی ١٣٧٣، سێپتامبری ١٩٩٤)

## لە نێوان دروشم و مانشێت دا

لە ژمارە ٢٢١ی "کوردستان" کە بانەمەڕی ١٣٧٤ (مای ١٩٩٥)بڵاو بۆتەوە و تەرخان کراوە بۆ باس و بابەتەکانی پیوەندیدار بە کۆنگرەی دەیەمی حیزب،جاریکی دیکە هەواڵی تەواوبوونی کۆنگرە بە شێوەی مانشیت هاتوە. هەمان تیتر یا مانشیت کە "کوردستان" لە پێوەندی لە گەڵ کۆنگرەی حەوتەمیش دا بە کاری هێنابوو:

## "کۆنگرەی دەیەمی حیزب بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات!"

لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە٢٣٦ی ئەم دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و هەر وەها لە لاپەڕەی یەکەمی پاشکۆ36 لاپەڕەییەکەشی دا تیترێک هەیە کە لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە دەکرێ پێیان بڵێین مانشێت، چونکە ناوەرۆکەکەیان تەعبیر لە ڕووداو و هەڵوێست دەکەن و هەر دروشمێکی ڕووت نین. ئەم ژمارەیە و پاشکۆکەی تەرخان کراون بۆ بابەتەکانی پێوەندیدار بە هێرشی مووشەکی و تۆپخانەیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە.(مانگی گەلاوێژی١٣٧٥- ئاگۆستی ١٩٩٦). مانشیتەکان ئەمانەن:

"کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆسەر حیزبی دیموکرات دا لە گەڵ ناکامی و ڕسوایی تەواو بەرەوروو بوو"

(مانشێتی "کوردستان" ژمارە ٢٣٦، گەلاویژی ١٣٧٥،ئووتی ١٩٩٦)

"خەڵکی بە شەرەفی کوردستان و هیز و لایەنە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان ڕێگا نادەن حیزبەکەمان لە بەر پێی کۆماری ئیسلامی دا بکرێتە قوربانی"

### (مانشێتی پاشکۆی "کوردستان" ژمارە٢٣٦، گەلاویژی ١٣٧٥، ئووتی ١٩٩٦)

لێرە بە دواوەش"کوردستان" یا بێ شاتیتر(تیتری لە هەموان دیارتر یا سەرەکیتر) بڵاو دەبێتەوە، یا دروشم و مانشێت لە گەڵ یەکتر لە ململانێ دان. جاری وایە هەر بە ڕەواڵی پێشوو بە گوێرەی ئەو بۆنەیەی کە ڕۆژنامەکەی تیی دا بڵاو

دەبيێتەوە، دروشمێک لای هەرە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەی داگیر کردوە، هێندێک جاریش ئەوەی بە فۆنتیکی درشتتر یا ڕەنگێکی جیاواز لە لای سەرەوەی لاپەرەی یەکەم دەبیندرێ و وەسەرەوەی تیترو سەردێڕەکانی دیکە کەوتووە، دەتوانین بە مانشێت ناوی بەرین.

خەرمانانی ١٣٧٥(سێپتامبری ١٩٩٦)، ژمارە ٢٣٧ی "کوردستان" لە جیاتی وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی چاوەدێری ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست کە ڕووداوێکی سیاسیی گرنگە بە نیسبەت حیزبێکی کوردییەوە، بە ناوەرۆکێکی هەواڵییەوە بکا بە مانشێت، لە فۆرمی دروشمێک دا بەم جۆرە دارشتوە: " وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست لە تێکۆشەرانی حیزب، گەلی کورد و خەڵکی وڵاتەکەمان پیرۆز بێ". دیارە ئەم دروشمەش لە جیاتی ڕاست و چەپی سەرەوەی لاپەرەی یەکەم دابگرێ، تەنیا لای ڕاستی ئەو لاپەرەیەی کە ڕاپۆرتی بیستەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی تێدا بڵاو بۆتەوە، داگیر کردوە!

هەر ئەم ڕووداوەی سەرەوە لە کاتی ڕاگەیاندنی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیش دا دووپات بۆتەوە. "کوردستان" لە ژمارەی ٢٤١ی خۆی دا(بەفرانباری ١٣٧٥، ژانویەی ١٩٩٧) کە بەیاننامەی هاوبەش لە بارەی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب و ڕاپۆرت و وتاری تایبەت لەم پیوەندییەی دا بڵاو کردوونەوە و هەر لە لاپەرەی یەکەمیش دا گرنگیی پێویستی بەو بابەتانە داوە، لە جیاتی ئەم ڕووداوە بە ناوەرۆکێکی هەواڵییەوە بکا بە مانشێت، بە شێوەی دروشم و بەم جۆرە هێناویەتی:

"پیرۆز بی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران"

"کوردستان" لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ڕووداوێکی سیاسیی گرنگی دیکەی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات کە دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین لە بارەی تیرۆری میکۆنووسەوەیە، هەر دوو ڕەویە ڕەچاو دەکا.لە ژمارە ٢٤٤ی "کوردستان" دا کە خاکەلێوەی ١٣٧٦(ئاوریلی ١٩٩٧) بڵاو بۆتەوە، وێڕای بڵاوکردنەوەی بەشێک لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ حوکمی دادگای میکۆنووس دا، بە سیغەی پیرۆزبایی، دەرچوونی ئەم بڕیارە لە تیتری هەرە گەورەی لاپەرەی یەکەمی خۆی دا رادەگەیەنێ و ڕاست و چەپی بەشی سەرەوەی لاپەرەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان دەکا:

"دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین پیرۆز بێ".

لە ژمارەی دواتریشی دا (ژمارە ٢٤٥)کە کە ژمارەیەکی تایبەتە و لە ٣٦ لاپەڕ پێک هاتوە و هەمووشی تەرخان کراوە بۆ

باس و بابەتی پێوەندیدار بەو بڕیارە گرنگەی دادگایەکی ئاڵمان لە بارەی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە، مانشێتێکی لە دوو دێڕ، دێڕی یەکەم بە فۆنتی بچووک و دێڕی دووهەم بە فۆنتی گەورە بەم جۆرە بە کار هێناوە:

"بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین دا:

دەبێ بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نیونەتەوەیی دا موحاکەمە بکرێن"

دەکرێ بڵێین لە دروشمەوە بەرەو مانشێت چوون، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕەوتێکی درێژخایەن بووە. ژمارە ٢٥٣ی "کوردستان"(بەفرانباری١٣٧٦،ژانویەی ١٩٩٨) لاپەڕەی یەکەمی خۆی تەرخان کردوە بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەمی حیزب. ئەم ژمارەیە لە جیاتی دووپاتکردنی دروشمە کلیشەییەکانی خۆی لە بارەی تەواو بوونی کۆنگرەکان، ئەمجارەیان دروشمی کۆنگرەکەی کردوە بە مانشێتی لاپەرەی یەکەم کە ئەگەر چی ئەمیش خۆی دروشمێکە بەلام نوێگەرییەکی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامە لە گەڵ تیتری پێوەندیدار بە هەواڵی کۆنگرەکانی حیزب لە لاپەرەی یەکەمی خۆی دا پێوە دیارە:

" پاراستن و پتەوکردنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەورووبوونەوە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی قۆناغی دادێ"

ژمارە ٢٥٧ی "کوردستان"(٢ی بانەمەڕی ١٣٧٧، ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨) کە تەرخان کراوە بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی و راست لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسییش دا بڵاو بووەتەوە، ئەوەندەی گرنگی بە مانشێت داوە کە مانشیتی بردووەتە سەرەوەی کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەش. بەوحاڵەش ئەوەی وەک مانشێت هاتوە، دیسان دروشمێکە:

"شکۆدار بێ یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی"

نموونەکانی دیکەی دروشمی "ئەرک مانشێت" لەم ساڵانە دا:

بەڕێوەبەرانی کوشتاری هەزاران زیندانیی سیاسیی ئێران دەبێ موحاکەمە بکرێن و سزا بدرێن.

("کوردستان" ژمارە ٢٦٢، خەرمانانی ١٣٧٧، سێپتامبری ١٩٩٨)

"هەموو ئینسانەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و لە گەڵ یەک مافی بەرابەریان هەیە"

( "کوردستان" ژمارە ٢٦٥، سەرماوەزی ١٣٧٧، دیسامبری ١٩٩٨)

"تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملوو دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵ ناگرین"

("کوردستان"، ژمارە ٢٧٢، ژمارەی تایبەت بە ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٨، ١٣ی ژوئیەی ١٩٩٩)

" کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات"

("کوردستان"، ژمارە ٢٩٨،١٥ی سەرماوەزی ١٣٧٩، ٥ی دیسامبری ٢٠٠٠)

"ئاڵای ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەتا وەدیهاتنیان لە کوردستان هەر دەشەکێتەوە"

(ژمارە ٣٠٢، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٩، ٣ی فێورییەی٢٠٠١)

"جێژنی نەورۆز لە کوردستانی ئێران بە شکۆیەکی کەم وێنەوە بەڕیوە چوو"

(ژمارە ٣٠٦، ١٠ی خاکەلێوەی ٣٠،١٣٨٠ی مارسی ٢٠٠١)

"ڕزگاریی کوردستان و بەختیاریی کوردان، ئامانجی 103ساڵەی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی"

(ژمارە٣٠٩، ١١ی بانەمەڕی ١،١٣٨٠ی مای ٢٠٠١)

"پیرۆز بێ ٥٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"

(ژمارە ٣٢٠،٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٠، ٢٢ی ئوتی٢٠٠١)

بەشی دووهەمی ئەم وتارە کە باس لە مانشێت دوای گەورەبوونەوەی لاپەرەکانی "کوردستان"دەکا،لە ژمارەی داهاتوو دا بلاو دەبێتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٠.

٢٢ - ٣ - ٢٠١٧

## مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"

(بەشی دووهەم)

### گەورەبوونەوەی ڕۆژنامە و بایەخدران بە مانشێت

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٣٣١ەوە، (سەرماوەزی ١٣٨٠، دیسامبری ٢٠٠١) حەجمەکەی گەورە بوەوە. دیارە هەر لەم دەورەیەدا، پێشتریش دوو جار، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو کاتەی لە بەغدا دەرچووە و هەروەها دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەو کاتەی لە مەهاباد دەردەچوو، بە حەجمی گەورە، "کوردستان" بلاو ببوەوە.

گەورەبوونەوەی لاپەڕەکان و دەرچوونی "کوردستان" لە فۆڕمی ڕۆژنامەکانی دیکەدا، لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیەی دەخواست کە پتر بایەخ بە رواڵەتی ڕۆژنامە و چۆنیەتی بەکار هێنانی مانشێت و تیتر و وێنە بدەن. بۆیە دەتوانین گەورەبوونەوەی لاپەڕەکانی "کوردستان" وەک سەرەتای قۆناغی بەکارهێنانی مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەی دابنێین. هەر چەند ئەم قۆناغەش کاریگەریی نەریتی قۆناغەکانی پێشووی هەر پێوە ماوە، بەڵام وردە وردە مانشێت لە ڕۆژنامە دا جێی خۆی دەکاتەوە و بۆ ئەرکی خۆشی کە خۆ تەرخانکردنە بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداو و هەڵوێستی گرنگ، بە کار دەهێنرێ.

ئەگەر مانشێتەکانی ژمارەکانی ئەو دەورەیە کە زیاتر لە ٣٥٠ ژمارە دەگرێتەوە و ١٦ ساڵیشی خایاندوە، لە گەڵ یەک بەراورد بکەین، ژمارەی ئەوانەی کە لە چەشنی دروشمەکانی پێشوو نین و بە لای مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەیدا کەوتوون، زیاترە.

### هۆکاری شوێندانەر لە چۆنیەتیی گەڵەبوونی مانشێتەکانی "کوردستان"دا:

کۆمەڵێک هۆکار بە تەنیا یا پێکەوە، دەبنە هۆی لە دایکبوونی مانشێتێک. ئەوە کە ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بێ یا حەوتووانە یا مانگانە، ڕۆڵی هەیە لە تەبیعەتی مانشێتەکانی دا. بۆ خۆم لە ماوەی بەرپرسایەتیم لە ئامادەکردنی ئەو ڕۆژنامەیە دا، لەو گۆشەنیگایەشەوە مانشێتم دیاری کردوە کە پێم وابووە هەتا ماوەی نیوان دەرچوونی دووژمارەی ڕۆژنامەکە زیاتر بێ، پێویستە مانشێتەکەش بورد(کاریگەری)ی زەمانیی زیاتری هەبێ. بەڵام فاکتەری دیکەش دەوریان لە دیاریکردنی مانشێت دا هەبووە. بۆنەیەکی حیزبی و نەتەوەیی و گشتی کە ژمارەی تازەی ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، یا گرنگیی بەیاننامەو ڕاگەیەندراوێکی حیزبی کە لە ژمارەی تازە دا بڵاو بووەتەوە، هەر وەها ڕووداوێکی خۆش یا ناخۆش کە لە ماوەی دەرچوونی دوو ژمارە دا بە سەر حیزب هاتوون، مانشێتی گونجاو لە گەڵ خۆیان بە سەر ڕۆژنامەکەدا فەرز کردوە. جاری واش بووە لە سەروبەندی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، یا لە ماوەی دەرچوونی ژمارەی تازە و ژمارەی کۆن دا، ڕووداوێکی سیاسی، نەتەوەیی یا تەنانەت کارەساتی ئینسانی و سروشتی ڕوویان داوە. ئەمەش وای کردوە "کوردستان" بە سادەیی بە لای ڕووداوەکە دا ڕانەبرێ و مانشێت و یەکێک لە بابەتەکانی لاپەرەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان بکا.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە "کوردستان" بڵاوکراوەی ئۆرگانە، واتە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتە. ئەمەش وای کردوە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا، ئەرکە حیزبییەکەی خۆی بخاتە پێش ئەرکە حیرفەییەکەی. واتە بایەخدان بە ئاراستەکردنی خوێنەرەکانی لە ڕووی بیروباوەڕ و پەرەپیدانی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرگریخوازی و خۆراگری و، پیداگری لە سەر ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب، لە پێشەوەی تەعامولێکی حیرفەییانە لە گەڵ ئەرکەکانی خۆی وەک ڕۆژنامەیەک بووە. یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بوونی خاسیەتی شوعاری لە زۆربەی مانشێتەکانی "کوردستان"دا، ئەم ڕاستییە بووە.

لە نێو ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە سەر فەرزکردنی جۆری مانشێتەکان بە سەر "کوردستان" دا، پێویستە ئاماژە بە دوو ڕاستیی دیکەش بکرێ. یەکەمیان سەلیقە و تێگەیشتن و توانای ڕۆژنامەنووسانەی کەسانێکە کە ئەرکی سەرنووسەری و بەڕێوەبەری و ئامادەکردنی "کوردستان"یان لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان دا لە سەرشان بووە، دووهەم بایەخدانی زیاتر بە ڕووداوەکان و کەشوهەوای سیاسیی شوێنی دەرچوونی(کە هەرێمی کوردستان بووە)و هەر وەها چوونە ژێر کاریگەریی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامە کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون. "کوردستان" بە تایبەتی لەو کاتەوە کە سایزەکەی گەورە بووەتەوە، لە هەرێمی کوردستان ئامادە و چاپ دەکرێ. "هەرێمی کوردستان"یش، لە سیاسەتی دەوڵەتان و لەئاستی نیودەوڵەتی دا بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. ئەگەر گرنگیی سیاسیی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستان وەک ڕەنگدانەوە لە مانشێت و بابەتەکانی دیکەی



سەرچاوە
Serchawe

"کوردستان" دا ڕۆڵی هەبووە، روخسارو مانشێتسازیی ئەو دەیان ڕۆژنامەی ڕۆژانە و حەوتووانەی لەم هەرێمە دا دەرچوون و هەر ئێستاش دەردەچن، لە سەر "کوردستان" بێ تەئسیر نەبوون. لە نێو ئەو هەمووە رۆژنامە ڕەنگی و ڕازاوەدا، "کوردستان"یش ناچار بووە بە قەدەر توانا و ئیمکانی هەژارانەی خۆی و خاوەنەکەی، گرنگی بە ڕواڵەت و ڕوخساری خۆی بدا. ئەم کاریگەری وەرگرتنە هەر تەنیا لە بەکارهێنانی رەنگی جۆراوجۆر و وێنەی ڕەنگی لە لاپەرەی یەکەم و دوالاپەرەی دا نەبووە، بەڵکوو لەوەش دا هەستی پێ دەکرێ کەزیاتر لە پێشوو، پشتی بە بەکارهێنانی مانشێت بەستووە. لە جۆری داڕشتنی مانشیت و رەنگ پێدانەوەی ڕووداوەکان لە مانشێتیش دا، "کوردستان" هەوڵی داوە نەک بە شێوەی لاساییکردنەوە بەڵکوو وەک سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانی دیکە، مانشێتەکانی خۆی بەرێتە ئاستێکی باشتر.

## پۆلێن کردنێک بۆ مانشێتەکانی "کوردستان":

بە شێوەیەکی گشتی مانشێتەکانی کوردستان یا دروشمو هەڵوێست و ڕوانینی حیزبییان گرتووەتە خۆ، یا لایەنی هەواڵ(خەبەری)یان هەبووە. بەڵام ئەگەر ئەمانیش لە ڕووی ناوەرۆکیانەوە ورد بکەینەوە، دەکرێنە چەن دەستە:

١- ئەو مانشێتانەی لە دروشمە حیزبی و سیاسیە هەمیشەییەکان پێک هاتوون:

"کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا"(ژمارە ٣٥١، ٣٠ ڕەزبەری ١٣٨١، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣)

"بیرەوەریی کۆماری کوردستان، پاشی ٥٩ ساڵ هەر وا گوڕ و تینمان پێ دەبەخشێ" (ژمارە ٤٠٦، ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ٣ی فێورییەی ٢٠٠٥)

"٢٠١٣ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان، هەر وا ڕێنوێن و ئیلهامدەری حیزبی دیموکراتی کوردستانن" (ژمارە ٦٢٤، دووشەمە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢، ٢٠ی ژانویەی )

٢- ئەو مانشێتانەی سیاسەت و هەڵویستی ڕۆژی حیزبی دیموکرات لە بارەی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گرنگەکان دەگەیەنن:

"ئومێد بەستن بەم و بەو لە نێو حاکمییەت دا، ناگاتە هیچ جێیەک، بۆیە دەبێ هەموومان دەگەڵ هەموو حاکمییەتی جمهوریی ئیسلامی تەرەف بین" (ژمارە ٣٥٠ ،١٥ی رەزبەری ١٣٨١، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢)



سەرچاوە Serchawe

" کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان: پێی لە سەر ستراتژییەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داگرت" (ژمارە ٤٨٢، چوارشەمە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٦، ١٩ی مارسی ٢٠٠٨)

"خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حدک لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ کوردکاناڵ دا: لە سەر هەڵوێستی یەکیەتی خوازانەمان بەردەوام دەمێنینەوە"(ژمارە ٥٧٣، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠ ، ٢١ی دیسامبری ٢٠١١)

"چوار حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە و بە هاودەنگی: ١٢ی ڕەشەمە بکەن بە ڕۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی دژی کۆماری ئیسلامی" ( ژمارە ٥٧٧، یەکشەمە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٩،١٣٩٠ی فێوریەی ٢٠١٢)

٣- ئەومانشێتانەی پێوەندییان بە تێکۆشان وچالاکییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی حیزبی دیموکرات، یا پیلان لە دژی ئەو حیزبەوە هەیە:

" پارلمانی فەرانسە جارێکی دیکە بووە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانە و گەرم و گوڕی حیزب و کەسایەتییە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکرات و گەلی کورد" (ژمارە ٣٥٣، ١٥ی خەزەڵوەری١٣٨١، ٦ی نوامبری ٢٠٠٣)

" سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دانی بە کوشتنی ٦ تێکۆشەری دیموکراتدا نا کە بزووتنەوەی ئیسلامی، حەوت ساڵ و نیو لەمەوبەر پێی فرۆشت"(ژمارە ٣٧٨، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٢، ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤)

"کۆنگرەی ١٤: کۆنگرەی ریفۆرم و قووڵایی بەخشین بە ستراتیژیی نەتەوەیی" (ژمارە ٤٨١، چوارشەمە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٦، ٥ی مارسی ٢٠٠٨)

" لە ساڵرۆژی تێرۆری وییەندا ڕۆژهەڵات مانی گرت"( ژمارە ٤٩٠،دووشەمە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٧، ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٨)

"پێداگریی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە سەر: قۆزتنەوەی ژیرانەی دەرفەتەکان، دروستکردنی دەرفەتی نوێ و ڕەخساندنی کەشێک بە قازانجی کورد" (ژمارە٦٠١، دووشەمە١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١، ٤ی فێوریەی ٢٠١٣)

٤- ئەو مانشێتانەی پێوەندییان بۆ ڕووداو و گۆڕانەکانی پێوەندیدار بە کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یا خەڵک و ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە:



سەرچاوە Serchawe

"شەپۆلی مانگرتن و خۆپیشاندانی خوێندکاران زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە" (ژمارە ٣٥٤، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨١، ٢١ی نوامبری ٢٠٠٣)

" بە یەکیەتی و هاوپشتی، گەلی کورد لە عێراق دەتوانێ دەسکەوتی لەمە زیاتریش وەدەست بێنێ" (ژمارە ٤١١، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٥)

" تێکبەربوونی گورگەکان، سەرەتای تێکشکانی کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری"( ژمارە ٦٠٢، ٣٠ی ڕێبەندانی١٣٩١، ١٨ی فێوریەی ٢٠١٣)

" لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق دا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی پلەی دووهەمی وەدەست هێنا" (ژمارە٤٠٧، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ١٨ی فێوریەی ٢٠٠٥)

"بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان، کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی، دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ؟" (ژمارە ٥٧٠، یەکشەمە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٠، ٦ی نوامبری ٢٠١١)

" هەرێمی کوردستان لە سێبەری دیموکراسی دا چوارەم هەڵبژاردنی پارلمانیی بەڕێوە برد"(ژمارە ٦١٦، یەک شەمە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢، ١١ی سیپتامبری ٢٠١٣)

## دواوتە:

چۆنیەتیی ئامادەکردنی مانشێتی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئەو کەشوهەوا و بارودۆخەی ڕۆژنامەکە بە گشتی و لاپەرەی یەکەم و دوالاپەڕە و مانشێتی لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان تێدا ئامادەکراوە، نووسینێکی لەمە تێر و تەسەلتر هەڵ دەگرێ کە دەشێ بە دۆکیۆمێنتی پێوەندیدار، دەوڵەمەند بکرێ. ێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکەیە لە توێی توێژینەوەیەک دا هەڵ دەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠١.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

## «کوردستان» وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ

ژمارەیەک کە ئێستا لە بەر دەستی خوێنەرانی «کوردستان» دایە، وەک هەموو ژمارە سەدەکانی پێش خۆی(ژمارەکانی ١٠٠، ٢٠٠، ٣٠٠، ٤٠٠، ٥٠٠ و ٦٠٠) ، جێگایەکی تایبەتی لە نیو ژمارە ئاساییەکانی ئەم ڕۆژنامە دا هەیە. ئەم بایەخ پێدرانەی ژمارە سەدەکانی «کوردستان» لە لایەن بەڕێوەبەران و نووسەران و کادری فەننیی ڕۆژنامەکە، دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی زۆر شارەزای مێژووی ئەو ڕۆژنامەیە نین، کەمێکیش سەیر بێ. بۆ وێنە بپرسن لە کاتێک دا ئەو هەمووە ڕۆژنامەیە تەنانەت لە نیو کوردیشدا هەن کە ژمارەیان لە هەزار و چەند هەزار تێپەڕیوە، گەیشتنی ڕۆژنامەیەک بە ژمارە٧٠٠ی خۆی، بۆ چی دەبێ بکرێ بە بۆنەیەکی خۆش و بە گرنگییەوە، باسی بکرێ؟ خۆ ئەگەر بشزانن کە ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» ٤٦ ساڵ و مانگێکی خایاندوە بۆ ئەوەی بگاتە ژمارە ٧٠٠ی خۆی، لەوانەیە بڕێکیش لۆمەی بەڕێوەبەران و نووسەرانی ڕۆژنامەکە بکەن کە چۆن دەبێ بە ٤٦ ساڵ ٧٠٠ ژمارە لە ڕۆژنامەکەیان بڵاو بکەنەوە؟! بەڵام ئەوانەی دەزانن «کوردستان» زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەوحیزبەش لە چ بارودۆخێکدا کارو ئەرکی خەباتکارانەی خۆیان بەڕێوە بردوە، — سەرەڕای کەمیی ژمارە بڵاوبووەکان لە چاو تەمەن و ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە — جۆرێکی دیکە لە سەر بەردەوامی و بەچۆک دانەهاتوویی «کوردستان» قەزاوەت دەکەن.

لە ڕاستی دا «کوردستان» لە ڕووی فۆرم و ڕواڵەتەوە، هەر وەها لە باری ماوەی دەرچوونی دوو ژمارەی و تیراژیشەوە، ناگاتە زۆر ڕۆژنامەی کوردی. زۆربەی ئەوانەش کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، ئەرکی بەڕێوەبەری و نووسین و وەرگێڕان و کاری فەننییان تیدا کردوە،... نەک دەرچووی ئەم و ئەو کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی، بەڵکوو پەروەردەی قوتابخانەی تێکۆشان و سەنگەری پێشمەرگایەتی بوون و بە شێوەی ئەزموونیی پێگەیشتوون. کە وایە شتێکی تر هەیە کە بە هەمووی ئەو راستیانەشەوە، ڕۆژنامەی «کوردستان»ی لای خوێنەرانی خۆشەویست و ڕێزدار کردوە. ئەم ئامانج و بیروباوەڕ و ڕێبازە سیاسییەی کە کوردستان لاپەڕەکانی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەیان تەرخان کردوە، ئەو خەباتە پڕ لەقوربانیدانەی «کوردستان» لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە، بووە بە زمانحاڵی، بوون بە هۆی ئەوەی «کوردستان»بایەخ و گرنگیی خۆی هەبێ.

«کوردستان»، هەر لەو کاتەدا کە هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکی خاوەن خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ هەوارز و نشێوە، ئاوێنەی مێژووی ئەم حیزبە و خەباتەکەشیەتی. یەکەمین جار «کوردستان» وەک زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی دا بڵاو بووەوە. یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە سەردەمی ژیانی کۆماری کوردستان دا بووە،

١١٣ ژمارەی گرتە خۆ. دواتر و لە قۆناغ و بارودۆخی جیاوازدا، چەند دەورەی دیکەی «کوردستان» بڵاو بوونەوە. ئەم دەورەیەی ئێستاش لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوی دەست پێ دەکا و یەکەم ژمارەی ئەو دەورەیەش لە بەغدا، چاپ و بڵاو بووەتەوە. کە چاو لە ژمارەکانی هەر دەورەیەکی «کوردستان» بە تایبەتی ئەم دەورەیەی ئێستا دەکەی، بە چاوگێڕانێک بە سەردێڕی بەیاننامەکان و بابەتەکان، ئەو ڕووداوانەت وەبیر دێنەوە کە بە سەر ئەم حیزبە و تێکۆشەرانیدا هاتوون. ڕوانگەی ئەم حیزبەت لە بارەی ئالوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان لەقۆناغێکی تایبەتدا وەبیر دەخەنەوە. زۆر لەو کەسانەی لە مەقامی ڕێبەر و کاربەدەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژنامەیە دا وتاریان بڵاو بووەتەوە یا قەڵەمیان گێڕاوە، ئێستا لە ژیان دا نەماون بەڵام لە مێژووی ئەم حیزبە و خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد دا ناوێکی نەمر و جێگایەکی دیاریان هەیە. هەر لەم دەورەیەی «کوردستان» دا کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆڵی جۆراوجۆریان گێڕاوە کە ئێستا چوونەتە ڕیزی شەهیدان و نەمران. لەوانە: هێمنی موکوریانی، کەریمی حیسامی، د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، عەبدوڵڵا شەریفی، سەلام عەزیزی، عوسمان ڕەحیمی و نوێترین مامۆستای کۆچکردوومان کاک فەتاح کاویان. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە دوارۆژەکانی ساڵی ٢٠١٦دا، «کوردستان»هاوکار و پشتیوانێکی بە نرخی لە دەست دا، ئەویش ناسر ئێرانپوور بوو. بێ ئەمەگی دەبێ ئەگەر لەم بۆنەیە دا، یادی نەکەینەوە، چونکە ئەگەر چی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە و تەنانەت ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە «کوردستان» غافڵ نەبوو و هەرکات «کوردستان» داوای نووسینی لێ کردبا یا بۆ خۆی وتارێکی خۆی بۆ «کوردستان» بە شیاو زانیبا، بە شانازییەوە هاوکاریی ئەم ڕۆژنامەیەی دەکرد.

ئەمەش کە «کورستان» زۆربەی هەرە زۆری ساڵانی تەمەنی خۆی لەم دەورەیە و چەند دەورەیەکی پێشووشدا لە دوورخراوەیی دا بەڕێ کردوە و بەڕێوەبەران، نووسەران و کادرە فەننییەکانی ، دوور لە زێدی خۆیان و ڕۆژنامەکەیان، لە قۆناغێکی تەمەنەوە دەچنە قۆناغێکی دیکە و بە دیار «کوردستان»ەوە پیر دەبن، بەشێکە لە سروشتی ئەو خەباتە سیاسی و ئازادیخوازییەی، «کوردستان» بووە بە دەنگ و ڕەنگی، خەباتێک کە بە زۆری لە ژێر سەرکوت و لە دوورەوڵاتی دا درێژەی هەبووە.

هەر وەک ئێستا لە جیاتی «کوردستان»ێک، دوو «کوردستان» وەک زمانحاڵی حیزبی دیموکرات بڵاو دەبنەوە، لە ڕابردووش دا وا هەبووە «کوردستان» گیانێک بووە لە دوو جەستە دا. بەو واتایە کە دووبەشی لێک دابڕاوی حیزبی دیموکرات، هەر کامیان بە جیا «کوردستان»یان وەک ئۆرگانی خۆیان بڵاو کردووەتەوە. لەمەشەوە دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییە کە «کوردستان» لەم قەدەر و چارەنووسەشی دا، لە خاوەنەکەی واتە حیزبی دیموکرات دەچێ.



سەرچاوە
Serchawe

لە دۆخێک دا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە و نووسەران و کادری فەنییی ئەو ڕۆژنامەیە پێیدا تێپەڕ دەبن، لەوانەیە ئاسان نەبێ بەڵێن بدەین کە «کوردستان» لە ڕووی فۆرم و چاپ و تیراژ و زوو زوو بڵاوکردنەوەی، باشتر دەکەین. چونکە وەک خوێنەرانیش هەستیان پێکردوە تەنانەت هێندێک جار بۆ چاپی هێندێک لە ژمارەکانی لە ڕووی ماڵییەوە کەوتووینە تەنگانە. ئەوە کێشەیەکە کە هەر ئێستاش لە گەڵی بەرەوڕووین. وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو دۆستانەی کەهەر یەکەی بۆ ماوەیەک تێچووی چاپی ڕۆژنامە لە سەر کاغەزیان گرتووەتە ئەستۆ، لێرەوە داوا لە هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەین لە ڕووی ماڵییەوە پشتیوانی بن تا ئەم چرایە هەر بە داگیرساوی بمێنێتەوە. جێی خۆیەتی لە قەڵەم بە دەستانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، هەر وەها لە هۆگرانی کاری ڕۆژنامەنووسی ودڵسۆزی خەبات و تێکۆشانی ڕۆشنبیریی حیزبی دیموکرات داوا بکەین بە نووسین و وەرگێڕان و، هاوکاری لە ناردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی جۆراوجۆر و دانی ئیدە و پێشنیاری بە سوود، پشتیوانی «کوردستان» بن. ئەوەش کە دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەران و نووسەرانی ئێستای «کوردستان» ئەوەیە کە وێڕای بەردەوام ڕاگرتنی ئەم مەشخەڵە پیرۆزە، درێژەدەرو پارێزەری ئەو خسڵەت و تایبەتمەندییانەی «کوردستان» بن کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم ڕۆژنامەیەی لە نێو ڕۆژنامەکانی دیکە دا پێ دەناسرایەوە. زمانپاراوی و زمانخاوێنی، هەر وەها ڕاستوێژی و بەرپرسیاریەتی لە گرنگترینی ئەوتایبەتمەندیانەن.

بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ژمارە ٧٠٠ی «کوردستان»بە ڕێزەوە یادی هەموو ئەو کەسانە دەکەینەوە کە بەردەوامیی ئەم ڕۆژنامەیە قەرزداری کارو تێکۆشانی ئەوان لە «کوردستان» لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بووە. هەر وەها پیرۆزبایی و ماندوونەبوونی لە ستافی ئێستای بەڕێوەبەران و کارگێڕانی «کوردستان» و سەرجەم خوێنەران و هۆگرانی دەکەین.

بەو هیوایەی «کوردستان» هەر بەردەوام و، لە بەرەوپێشچوون دابێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٠.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

## ڕەهەندی نووسین و وەرگێڕان لە تێکۆشان وخزمەتەکانی نەمر فەتاح کاویان دا

(بۆ کوڕیادی نەمر کاک فەتاحی کاویان ئامادە کراوە)

زۆر سەختە کە دەبینین کاک فەتاح کاویان کە مایەی گەرمی و ئاوەدانی و دەوڵەمەندیی کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان بوو، ئەمڕۆ لە نیومان دا نیە و بە جەستە ماڵاوایی لێ کردووین. لە کاتێک دا سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی کاک فەتاح دەنێرم، لەو باوەڕە دام و دڵنیام ئێوەش هەر پێتان وایە کاک فەتاح وەک هەموو کەسایەتییە دیار و پڕ خزمەتەکانی مێژووی ئەم حیزبە، بەو کاریگەرییە فرە ڕەهەندەی لە سەر چەند نەسل لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات بوویەتی، بەو سامانە مەعنەوییە دەوڵەمەندەی لە پاش خۆی بە جێی هێشتوە، ناو و یادی بە درەوشاوەیی لە حیزبەکەی و لە نیو درێژەدەرانی ڕێگاکەی دا دەمێنێتەوە و نەک لە بیر ئێمەی قوتابی و هاوڕێ و هاوسەنگەری چەندین سالەی، بەڵکوو لە بیر تێکۆشەرانی داهاتووی حیزب و نەتەوەکە شی ناچێتەوە.

کاک فەتاح هەم رابردوویەکی درێژی لە خزمەتی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان دا هەبوو، هەم بوارەکانی خزمەتی بەو حیزبە و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جۆراوجۆر بوون. لە توانای من دا نیە بپرژێمە سەر هەموو بوارەکانی خزمەت و تێکۆشانی کاک فەتاح. هیوادارم بەشدارانی دیکەی ئەم کۆڕ یادە تیشک بخەنە سەر ڕەهەند و لایەنەکانی دیکەی نزیک بە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەو کەسایەتییە. ئەوەی من لەم کۆڕیادە دا لە خۆم گرتوە، ئاوڕدانەوەیەکە لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە بە توانایە لە بەستێنی نووسین و وەرگێڕان بە گشتی و نووسینە ئەدەبییەکانی بە تایبەتی. لەم بارەیەشەوە ئەوەی دەیخەمە ڕوو، بە هیچ جۆر لە ئاستی خەرمانی دەوڵەمەندی کارو بەرهەمەکانی کاک فەتاح دا نیە.

کاک فەتاح، لە نووسین و وەرگێڕان و کاری فەرهەنگی لە پێناوی حیزبەکەی و نەتەوەکەی دا، ماندوویی نەناس بوو. زۆربەی هەرە زۆری نووسین و وەرگێڕدراوەکانیشی بە ناوی خۆی بڵاو نەبوونەوە و بوون بە ملکی حیزبی دیموکرات و ڕاگەیەنەکانی. ئەگەر بمانەوێ ناحەقی لە کاک فەتاح نەکەین، حەق وایە بەشێک لەو سامانە دەوڵەمەندەی ئەو کەسایەتییە لە تویێ نووسین و وەرگێڕاندا پێشکەشی حیزبەکەی کردوە، بگەڕێنینەوە بۆ خۆی. کاک فەتاح هەر وەک لە ژیانی شەخسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی دا، بەخشەندە و دەست بڵاو و دڵ ئاوەڵا بوو، و هیچ کات بیری لە کۆکردنەوەی سامان و ماڵی دنیایە بۆ خۆی نەکردەوە، هەر بەو جۆرە کەمترین بایەخی بە کۆکردنەوە و بە خاوەنکردن و بە چاپ گەیاندنی

نووسین و وەرگێڕدراوەکانی خۆشی دەدا. ئەگەر بڵێم بە سەدان نووسین و وەرگێڕانی کاک فەتاح لە رادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبی دیموکرات دا بڵاو بوونەوتەوە، کە کاک فەتاح نوسخەیەکی لەوان لە لای خۆی نەپاراستوە، درۆم نەکردوە . بەشێک لەو بابەتانە، بایەخی ئەدەبییان هەیە و دەچنە خانەی ئەو بەرهەمانەی کە حەق وایە لەکارنامەی نووسەر و وەرگێڕی خۆیان دا تۆمار بکرێن. جگە لەمەش کاک فەتاح نامەنووسی و نامەگۆڕینەوەی لە گەڵ زۆر کەسایەتی و کەسی دیار دا هەبووە. وەک عادەتیشی بوو، نامەکانی ئاوێتەیەک بوون لە قسەی خۆش و دەربڕینی ئەدەبی. لەم کۆڕە دا دەمەوێ ئەم داوایە بخەمە بەر سەرنجی هۆگران و دڵسۆزانی کاک فەتاح کە پێویستە ژمارەیەکمان لە سەر خۆمانی بکەین بە ئەرک کە قۆل لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کاک فەتاح هەڵماڵین، هەم خەم لەو نووسین و یادداشتانەی بخۆین کە تا ئێستا چاپ نەبوون، هەم ئەوانەی لەم یا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و رادیۆ لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو دا بڵاو بوونەتەوە و بۆ ئێستاش بایەخیان هەیە، کۆ بکەینەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کاک فەتاح بۆ خۆی گەنجینەیەک بوو لە نوکتە و قسەی خۆش کە زۆر حەیف دەبێ کۆ نەکرێنەوە. خۆ ئەگەر ئیمکانی چاپی هەموو ئەو شتانەش نەبێ، دەکرێ ئەم شتانە وێڕای کتێبەکانی لە ماڵپەڕێکی تایبەت دا هەبن..

ئێستا کە قەرارە باس لە رەهەندی نووسین وەرگێڕان لە خزمەت و تێکۆشانی کاک فەتاح دا بکەم، بۆ وەبیرهێنانەوە و یادکردنەوەش بێ حەز دەکەم هێندێک لەو کتێب و نامیلکانە ناوبەرم کە کاک فەتاح کاویان نووسیونی یا وەری گێراون و ئامادەی کردوون:

١- "جهان بینی ارتجاع "کە لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٦٠ هەتاوی دا بە ناوی "کامران خۆشناو" ئامادەی کرد و بڵاو بۆوە.
٢- "پولپوتیسم در عمل" کە وام لە بیرە ساڵی ١٣٦٤ وەک پاشکۆی گۆڤاری تێکۆشەر" بڵاو بۆوە.
٣- وەرگێڕانی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی لیمای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ سەر زمانی فارسی(ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی).
٤- نامیلکەیەک لە بارەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک کە وەرگێڕدراوی قسە یا نووسینی "میشل رووکار" بوو،
٥- "قانون خودمختاری کاتالون" کە باس لە چۆنیەتی چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە ئیسپانیا دەکا.
٦- فەرهەنگی ئینگلیسی، کوردی و فارسیی "حەوتەوانە" کە هەر لەم کۆڕە دا بە جیا باسی لی کر.
٧- وەرگێرانی کتێبی " خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" لە نووسینی کارۆڵ پرۆنهوبێر کە لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو دا بڵاو بۆوە.
٨- "آدمکشان قصر فیروزەای" کە لە ئینگلیزییەوە هاوکات دەیکرد بە فارسی و کوردی،بەڵام فارسییەکەی بڵاو نەبووەتەوە.
٩-ماوەیەکی باشیش لە سەر وەرگێڕانی هاوکاتی کتێبەکەی دێڤید مەک داوڵ کاری کرد، هاوکات هەم دەیکرد بە فارسی و هەم بە کوردی بەڵام نازانم دوایە کارەکەی بە کوێ گەیاند.

١٠- هەڵبژاردەیەک لە فەرهەنگی "دێهخودا" کە پێوەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەیە، لە توێی کتێبێک دا ئامادەی کردوە و لە لایەن دەزگای موکوریانییەوە چاپو بڵاو بووەتەوە.

١١- بە سەدان و لەوانەیە بڵێم بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسی، فەرهەنگی،کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆری دیکە کە بێ ئەوەی ناوی ئەویان لە سەر بێ، لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکانی حیزب دا چاپ و بڵاو بوونەوە.

لەم بەشەی باسەکەم دا ئیزنتان لی دەخوازم لایەک لە چەند ڕەگەزێکی کاری ئەدەبی لە نووسین و وەرگێرانی کاک فەتاحی کاویان دا بکەمەوە. بۆ ئەوەش زۆر لە کاتتان نەگرم لە هەر کام لە ڕەگەزەکان، نموونەیەک دەهێنمەوە. ئەو رەگەزانەش بریتین لە: گێڕانەوەی رووداو و بیرەوەری لە فۆرمێکی ئەدەبی دا، شێعر و پەخشانی لاواندنەوە، وەرگێڕانی شێعر، شێعر بۆ پێکەنین و گاڵتە و گەپ، شێعری تەنز و پەخشانی ئەدەبی.

ئەمەش یەکێک لە شێعرەکانی نەمر کاویان کە بە ئیلهام لە شێعری فریدون توللی نووسراوە:

سەری دانابوو لە سەر سینەم و زولفی رەسەنی
پەخش و ئەفشان بوو وەکوو باوەشێ گوڵ یاسەمەنی
هەر وەکوو پەلکی گوڵی مەریەمی بەر مانگەشەوێ
مەم و سینەی دەتروسکاوە لە ژێر پیرەهەنی
سەری دانابوو لە سەر شانم و لیوی خامۆش
دڵ هەموو ویست و تەمەننا و بە چاو پێدەکەنی
دڵی ئاگر بوو سەراپا و منیش گڕگرتوو
دەست لە ناو دەست و دەسووتام لە گڕکانی تەنی
شین و بێڕەنگ دەبوو چەشنی گوڵی یاسی کەوگ
کە بە ئەسپایی سەری پەنجەمی گەییبایە بەدەنی
دامە بەر لووزەوی ماچان و مژینی لێوی
پاشی چل ساڵ لە سەر لێومە شەهدی دەهەنی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٢.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## مالاوا مام عەلیشا، پاشای چاک و باشەکانی ئێمە!

**(شەوی ٣ لە سەر ٤ی مانگی مای ٢٠١٧)**

بەر لەوەی خۆی بناسم سلێمانی کوڕیم ناسی. ساڵەکانی١٣٦٥ - ١٣٦٦، ئەو کاتەی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و فێرگەی سیاسی- نیزامی لە تەنیشت یەکتر لە بناری قەندیل بوون، ڕەوانشاد کاک نەبیی قادرییش یەکێک لە بەرپرسانی فێرگە و ئەڵقەی پێوەندیی یەکیەتیی لاوان و بەڕێوەبەریی فێرگەی سیاسی- نیزامی بوو، لاوێکی پێشمەرگەم بە ناوی سلێمان ناسی کە زۆر زوو کەوتە بەر دڵم. ئەو لاوە، وەک پێشمەرگەی پاریزەرلە گەڵ کاک نەبی دا دەهات و دەچوو. جارو باریش کە دەچوومە خزمەت کاک نەبی، ئەو لاوەم دەدیت. سلێمان، کە تەمەنی هەر لە نێوان ١٨-٢٠ساڵ دابوو ئەوەندە بەڕێز و لە سەرخۆ و موحتەرەم بوو کە نەتدەتوانی خۆشت نەوێ و ڕیز لەو هەمووە نەجابەتەی نەگری. هەر لە پاییزی ئەو ساڵە دا (١٣٦٦) بوو کە جارێک بە ڕێکەوت و بە شێوەیەکی سەرپێی ڕێگام کەوتە بەر دەرگای ماڵێک لە قەڵادزێ. خاوەن ماڵەکە قیافەیەکی ئاشنای هەبوو و پێشتر لە نێو بنکە حیزبییەکاندا دیتبووم، بەڵام هەتا ئەو کات نەمدەزانی ناوی عەلیشایە و باوکی ئەو لاوە پێشمەرگەیە کە ئەو هەمووەم خۆش دەویست.

ئاسەوارەکانی کۆنگرەی ٨، لێک دابران لە نێو حیزبی دیموکراتی لێ کەوتەوە و کاک نەبی و کاک سلێمانی هاوڕێی و زۆر هاوڕێ و بنەماڵەی دیکەش لە لای ئێمە باریان کرد و لێک دوور کەوتنیەوە. سلێمانم هەر نەدیتەوە و هیچ خەبەرم لێی نەبوو هەتا ئەو کاتەی وابزانم هاوینی ١٣٧٣(١٩٩٤) بوو کە خەبەری شەهیدبوونی لە گەڵ پۆلێک تێکۆشەری دیکە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتم بیست. لە سەر دڵم بووە داخێکی گەورە کە جارێکی دیکە نایبینمەوە. ساڵی ١٣٧٥، حیزبی دیموکرات بۆوە یەکماڵ. ماڵی مام عەلیشا( بنەماڵەی شەهید سلێمان) هاتنە کەمپی ئازادی. ئەگەر جاران هەر سلێمانم لی دەناسین، ئەمجارەیان مام عەلی، داخەیاڵی هاوسەری و دایکی شەهید سلێمان، سمکۆی تاقانە کوڕیان و کچەکان و زاواکانیشیانم بەرە بەرە ناسین. داخەیاڵ بە مەتانەت و هێمنییەکەی، کورە شەهیدەکەی، (سلێمان)ی وەبیر دەهێنامەوە. مام عەلییش کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئاشنای هەڵسوکەوتی دەبووم، هەتا دەهات پتر دەکەوتە بەر سەرنجم. پیاوێکی شۆخ، بە ورە و بە بیرو باوەڕ، گەرم وگوڕ لە گەڵ هاوڕێیان و دۆستان و دەرو دراوسێ، دڵ ئاوەڵا و دڵگەورە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر شوێنەوارەکانی نەخۆشیی شەکرە لە مام عەلیی دەرکەوت، زۆری نەخایاند لاقێکیان هەر بۆ پێشگیری لە تەشەنای زیاتری ئەو نەخۆشییە لە جەستەی دا، بڕییەوە. دڵنیام هەر وەک بۆ هەمووی ئێمە چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆ خۆشی چاوەڕوانیی نەدەکرد لە پڕ ناچار بە بڕینەوەی لاقی بێ. گومانم نەبوو کە ئەم ڕووداوە، لە سەر نەشە و

شۆخبوونەکەی کاریگەر دەبێ و مام عەلی لە قسەی خۆش دەخا. بەڵام چ ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە را هێنانایینەوە و چ دواتر کە دەچووینە سەردانی، هەستت دەکرد مام عەلیشا، هەر ئەو کەسایەتییەی جارانە و ئەم ڕووداوە نەیتوانیوە زەفەر بە ڕۆحە سەرکێشەکەی ببا. نازانم چ ماوەیەکی خایاند کە نەخۆشییەکەی کۆڵی لێ نەدا و قوربانیی دیکەی لێ ویست و بڕانەوەی لاقەکەی دیکەی لێ خواست. کاتێک هەواڵی بڕانەوەی لاقەکەی دیکەشیم زانی، بۆ خۆم تووشی شۆک بووم. مرۆڤێک لەو تەمەنە دا، هەر دوو لاقی لێ بستێنرێ، دەبێ چ بارودۆخیکی هەبێ؟! باوەڕ کردنی بۆ خوێنەری ئەم دێڕانە لەوانەیە هاسان نەبێ کە ورەی مام عەلی هەر وەک سەردەمی ساغییەکەی بەرز و ڕووی وەک هەمیشە گەش و دەمی بە خەندە بوو. ئەو نەک هەر لە قسەی خۆش نەکەوتبوو، نەیدەهێشت دەوروبەرەکەشی مات و بێ کەیف بن. هەتا دەچووی و لە لای دادەنیشتی، لێی فێر دەبووی کە چۆن بەرەورووی سەختی و نەهامەتییەکانی ژیان بییەوە و لە پێ نەکەوی. عەلیشا هەر دوو لاقی بڕابوونەوە، بەڵام هەر نەکەوتو هەر بە چۆک دانەهات.

مام عەلی، هەر خۆی دەیزانی ئێش و خەمی لە دەستدانی کوڕێکی لاوی لێهاتوو چەندە بە ژان و قورسە. ئەوەش کە هێشتا گوڕ و تینی تێ دامابوو و نەیدەویست لە نێو بنکە و سەنگەری پێشمەرگە و کارو تێکۆشانی حیزبی و پێشمەرگانە دوورکەوێتەوە، نەخۆشی بەربینگی پێ گرت و لاقەکانی لێ ئەستاند، نەهامەتییەکی کەم نەبوو. بەڵام ئەو بێ ئەوەی کتێبە فەلسەفییەکانی خوێندبێتەوە، بۆ تێگەیشتن لە ژیان و خەبات خاوەنی فەلسەفەی خۆی بوو: ژیان و خەبات بە هەر ڕادەیەکیش سەخت بن و هەر چەند قوربانیی گەورەشیان لێت بوێ، هەر دەبێ بە ورەبەرزی و ڕووخۆشی لە گەڵیان دا ڕێگە ببڕێ و لێیان بە جێ نەمێنی. دیارە بەختیاریی عەلیشای ئێمە، هەر تەنیا هەبوونی ئەو ڕۆح و گیانە گەش و زیندووە نەبوو، هاوسەرێکی لە گوێن فریشتەکان و، کوڕ و کچ و بووک و نەوەی قەدرزانی "گەورە" و پاشای خۆیان، یەکێکی دیکە لە بەختیارییەکانی ئەو پیاوە بەڕێزە بوو.

کەسانی بەخشندە و خۆڕاگر لە خەباتی ئێمە دا کەم نەبوون و کەم نین. عەلیشا، بەو هەمووە بیرەوەرییەی لە سیمای پڕ لە هیوا و قسەخۆشەکانی لە یادگەم دا بە جێی هێشتوە، بەو وێنە و دیمەنانەی لە گاڵتە و پێکەنینەکانی بە ڕووی سەختی و نەهامتییەکانی ژیان و خەبات دا لە بیرمان دەمێنن، لە ڕیزی پێشەوەی ئەومرۆڤە پتەو و خۆڕاگرانە دا دەیبینم. "عەلیشا"، شا و پاشای چاک و باشەکانی ئێمە بوو. ئۆغرت خێر کە نەبوون و ڕۆیشتنت لای هەموو ئەوانەی ناسیویانی، جێگای داخە. خۆزگە وەدیهاتنی خەون و ئاواتی سلێمانەکانت دەبینی... خۆزگە لێت فێر بوایەین ئەو کاتانەی دەشمان بڕنەوە، هەر نەکەوین و هەر بڕۆین.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧

## سامانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئەزموونەکان و پەیامەکان ، ئەرکی هەنووکەیی)

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا خاوەن ڕۆڵ و جێگە و پێگەیەکی تایبەتە. ئەم حیزبە هەر وا کە لە ڕووی سیاسییەوە شوێنی دیاری هەبووە لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە ڕووی ڕۆژنامەنووسییشەوە، ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی بووە. دیارە ئەم ڕۆژنامەنووسییە، ڕۆژنامەنووسیی حیزبی بووە بەڵام لە هەر حاڵدا ئەم ڕۆژنامەنووسییە حیزبییەش بەشێکە لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

### ١- قۆناغی دەسپێک:

ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چەند قۆناغ دەگرێتە خۆ. یەکەم قۆناغ ئەو کاتەیە کە ئەم حیزبە دادەمەزرێ و دوایەش کۆماری کوردستان پێک دێنێ. ئەمە قۆناغی یەکەمی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتە کە وەک قۆناغی دەسپێک ناوی دەبەین. دیارە بەر لە دامەزرانی ئەو حیزبە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەبووە و کۆمەڵەی ناوبراویش، گۆڤاری" نیشتمان"ی بڵاو کردوەتەوە. بەڵام بە دامەزرانی ئەم حیزبە و چەند مانگ دواتریش بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، قۆناغێکی زێڕین لە مێژووی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پی دەکا.

#### تایبەتمەندییەکانی قۆناغی دەسپێکی ئەم کاروانە بریتین لە:

- حیزبی دیموکرات لە دەسەڵات دایە و بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا و بە زمانی کوردی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکا. ئیمکاناتی حکوومەتییش لە خزمەت ڕۆژنامەنووسییەکە دایە.

- جۆراوجۆری لە کارو هەنگاوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا هەیە. لە لایەکەوە ڕۆژنامە هەیە کە چەند ڕۆژ جارێک دەرچووە، هەر لەو کاتەدا گۆڤاری جۆراوجۆریش بڵاو بوونەتەوە و توێژی جیاوازی کۆمەڵ، بەردەنگیان بوون.

هێندێک لە چاپەمەنیی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە: ڕۆژنامەی "کوردستان"، گۆڤاری "کوردستان"، گۆڤاری "هەڵاڵە" کە لە بۆکان دەرچووە، "گڕوگاڵی منداڵانی کورد"، گۆڤاری "ئاوات"، گۆڤاری "هاواری نیشتمان". هەر لەو سەردەمەشدا، حیزبی

دیموکراتی کوردستان، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆیی بە زمانی کوردی لە ئاستی پێتەختی کۆماردا، ئەزموون دەکا. ئەم قۆناغە بە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کۆتایی پاییزی ١٣٢٥، کۆتایی پێ دێ.

## ٢- قۆناغی هەژاریی خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات:

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ١٣٥٧، خەرمانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات هەژارییەکی نەخوازراو بە خۆیەوە دەبینێ. هۆکاری ئەم هەژارییە، گیران و شەهیدکرانی سەرانی کۆمار، ڕاکردن و دەربەدەری یا گیران و دەسبەسەریی بەرێوەبەران و تێکۆشەرانی حیزب و کۆمار، قەدەغە بوونی تێکۆشانی حیزب و بەرەوڕووبوونی ناوەندی ڕێبەریی حیزب لە گەڵ دوورخراوەیی لە وڵات و ناکۆکیی نێوخۆیی بووە. تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵی خایاندوە بریتییە لە:

- لە ڕووی چەندێتی، ئەو هەوڵە ڕۆژنامەنووسیانەی لەو قۆناغەدا دراون، کەم بوون.

جگە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کە ئۆرگانی حیزب بووە و چەند جار هەوڵی بەردەوامیی و دووبارە بڵاوبوونەوەی دراوە، دوو ناوی دیکە لە ڕیزی چاپەمەنیی حیزبدا دەبیندرێن. یەکەمیان بڵاوکراوەیەکی دەستنووس بە ناوی "تیشک " بووە کە کاک سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی دوو- سێ نوسخەی دەستنووسیان لە نێو بنکە حیزبییەکاندا لێ ئامادە کردوە و هەر لە نێو هاوڕێیانی حیزبیی دانیشتووی ئەو بنکانەدا بڵاو بوونەتەوە. دووهەمیان بڵاوبوونەوەی نامیلکەی نێوخۆیی " تێکۆشەر" لە دوای کۆنگرەی سێهەمی حیزبەوە بووە.

- هەوڵە ڕۆژنامەنووسییەکان بە نهێنی یا لە دوورەوڵاتیدا بوون و، پچڕان و نارێکوپێکی و وەستان لە بڵاوبوونەوەیاندا هەبووە.

## قۆناغی سێهەم:

بە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی ئەم حیزبەدا دەست پێدەکاتەوە. ئەم قۆناغە هەتا ئەو کاتەی کاناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆنی و ئەنترنێت دێنە نیو راگەیەنی کوردییەوە، واتە هەتا سەرەتا و ناوەندیەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، (دەیەی حەفتای هەتاوی) دەخایەنێ.

لە بەرەکەتی کەشوهەوای سیاسیی دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ڕۆژنامەنووسی لە سەرانسەری ئێران، ئازادی و گەشەیەکی سیاسیی کاتی بە خۆوە دەبینێ. لە کوردستانیش، حیزبی دیموکرات کە ئەزموونی دوو قۆناغی پێشووی هەیە، سوود لە هەلومەرجی سیاسیی نوێ وەردەگرێ و گەشە بە چاپەمەنیی خۆی دەدا. تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی حیزب لەم دەورەیە دا ئەمانەن:

– وەک سەردەمی کۆمار و زیاتریش، جۆراوجۆری لە هەوڵ و هەنگاوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا سەر هەڵ دەداتەوە. ڕۆژنامەی "کوردستان" دووبارە بە ئاشکراو لە زێدی خۆی کە مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستانە، بۆ ماوەیەک لە لاپەڕەی گەورە دا بڵاو دەبێتەوە. کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی نوێ، بە بەردەنگی جیاوازەوە لە لایەن دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ئەو حیزبە بڵاو دەبنەوە.

– نەک هەر ناوەندی حیزب و ڕێکخراوە سینفییەکانی سەر بە حیزب بەڵکوو ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمیتە شارستانەکان و بەڕێوەبەرییە ناوچەیەکانیش، دەبن بە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان( کە مانگانە یا چەند مانگ جارێک دەردەچوون).

بۆ وەبیرهێنانەوە ناوی هێندێکیان ئەمانە بوون:"خەبەرنامە" کە لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و زۆر لە کۆمیتە شارستانەکانی دیکەش شتی لەم چەشنەیان بڵاو دەکردەوە،"گەلاوێژ"(یەکیەتیی لاوانی دیموکرات- مەهاباد)، "دەنگی لاوان"(یەکیەتیی لاوانی مەهاباد"، "پێشەوا" کە ٢٦ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە و لە لایەن کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دەردەچوو. "دەنگی کورد" بڵاوکراوەی کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە تاران، "کێلەشین"(کۆمیتەی شارستانی شنۆ)، "یەکێتی"(کۆمیتەی شارستانی نەغەدە)، پلێنگ(هاڵنامەی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار)، "دەنگی ژنان" لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکرات، "شەهید"(کۆمیتەی شارستانی بانە)، "نەکەرۆز"(کۆمیتەی شارستانی سەقز)، "زانیاریی پێشمەرگە"(کۆمیتەی شارستانی سنە)، بڵاوکراوەی "ئاوارە" لە لایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە، "ڕوانگەی لاوان"(ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە بانە)، گۆڤاری "لاوان" ئۆرگانی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات کە تا ئێستاش بەردەوامە. گۆڤاری ٢٦"ی سەرماوەز" کە لە لایەن کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی بڵاو دەبووەوە. بڵاوکراوەی "کۆمەڵ" کە لە لایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بڵاو دەبووەوە،"ئارارات" بڵاوکراوەی کۆمیتەی ئاراراتی حیزبی دیموکرات. هێندێک لەو بڵاوکراوانە( ڕۆژنامەی "کوردستان"، گۆڤاری ٢٦ی سەرماوەز و "ڕوانگەی لاوان" دواتر لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، دەورەیەکی نوێیان لێ بڵاو دەکرێتەوە.

- زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە بە تایبەتی ئەوانەی لە کۆمیتە شارستانەکان و بەڕێوەبەریی شار و ناوچەکان دەر دەچوون، بە هۆی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان و گیرانەوەی ناوچەکان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، تەمەنێکی کورتیان هەیە.

– ڕادیۆ(ی دەنگی کوردستانی ئێران) دێتە نێو تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات و دەکرێ بڵێین ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە گەیاندنی هەواڵ و پەیامی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خەباتی حیزبی دیموکرات بە کۆمەڵانی خەڵک. ڕادیۆ سەرەرای پارازێتی بە هێز و بەردەوام کە لە لایەن دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەخرایە سەری، دەیتوانی سەر بە هەر ماڵێک و مووچە و مەزرایەک لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بکا.

## قۆناغی چوارەم:

ئەم قۆناغە لە دەیەی ٩٠ی زایینی(٧٠ی هەتاوی) بە هاتنی کاناڵی ماهوارەیی تەلەڤیزیۆنی و هاتنی ئەنترنێت بۆ نیو کار و چالاکیی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەست پێ دەکا. ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەی نێو دنیای ڕۆژنامەنووسی، ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتیش- ئەگەر چی بە درەنگەوە- دەگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات بریتین لە:

– لە سەرەتای قۆناغەکەدا، بڵاوکراوەی کاغەزی بایەخی خۆی هەر پاراستوە. هەر بۆیە کۆمەڵێک بڵاوکراوەی نوێ دێنە ڕیزی چاپەمەنیی حیزب. بڵاوبوونەوەی دووبارەی گۆڤاری "لاوان"، لە دایکبوونی گۆڤاری "ژنان"، لە دایکبوونی "دنیای مندالان"وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی " کوردستان"، لە دایکبوونی گۆڤاری تیشک" وەک بڵاوکراوەی سیاسی و فکریی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزب، لە ڕووداوەکانی ئەم قۆناغەن.

– ژمارەیەک ماڵپەڕی ئەنترنێتیی سەر بە حیزبی دیموکرات دەست بە کار دەکەن و بەم جۆرە چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتیش لە تۆڕی جیهانیی ئەنترنێت سوود وەردەگرن.

– ڕادیۆ بەرەبەرە لە بایەخی کەم دەبێتەوە و هەتا دێ خوازیاری کەناڵی ئاسمانی پەرە دەستێنێ. لەم قۆناغە دایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتە خاوەنی کاناڵی ئاسمانی و تەلەڤیزیۆنی "تیشک"لە دایک دەبێ. دواتر کاناڵی ئاسمانیی "کورد کاناڵ" بە پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەخشی بەرنامەکانی دەست پێ دەکا.

– لە گەڵ ئەوەی بەربەست و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەر وا درێژەیان هەیە، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی پێوەندی، دەنگ و ڕەنگی میدیاکانمان هاسانتر لە پێشوو دەگەنە بەردەنگی خۆیان. هەوڵێشمان ئەوە بووە کە پێوەندییەکە یەک لایەنە نەبێ، و بەردەنگی ئێمەش ڕەخنە و چاوەڕوانیی خۆی بگەیەنێتە ئێمە و تەنانەت بۆشی بڵاو بکەینەوە.

– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا دێ پتر گەشە دەکەن و خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش وەک بەر دەنگی ئەم حیزبە لەو تۆڕانەدا چالاکتر دەبن.

## نیوەرۆکی پەیامی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات:

ناوەرۆکی بابەت و پەیامەکانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکرات، تیشک خستنە سەر بێ مافی و بندەستیی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هاندانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ نەهێشتنی ژێردەستی و بێ مافی بووە. وەخەبەرهێنانی هەست و بیری نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی سیاسییان بووە، ڕێنوێنی کردنیان بووە بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و هەر وەها کۆتایی هێنان بە زۆرلێکراوی لە ڕووی نەتەوەییەوە.

## ئەرکە هەنووکەییەکانمان:

زنجیرەیەک کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خەسارناسیی لاوازی و کەموکورتییەکانی کاری میدیایی و ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی ئێستادا پێک بێنین بۆ ئەوەی لە بەر ڕووناکایی باسەکاندا، پلان و بەرنامە بۆ داهاتووی تێکۆشانی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابنێین.

- هەتا دێ، بەردەوامبوونمان لە ڕۆژنامەی کاغەزیدا بە هۆی تێچووی ماڵیی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە دژوارتر دەبێ، هەر بۆیە پێویستە وێڕای کەمکردنەوەی ئەو جۆرە تێکۆشانە لە ڕووی چەندایەتییەوە، گرنگی بە جۆر و چۆنایەتی و ڕاکێشەربوونی میدیای ئەم سەردەمە و گەیاندنی پەیامەکەی بە بەردەنگی خۆی بدەین.

- لە پەخشی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیدا پێویستمان بە بەخۆداچوونەوە هەیە. بەردەوام ڕاگرتنی کەناڵی ئاسمانی، کە تێچوویەکی بەرچاو لە ئێمە دەخوازێ، ئەو کاتە دەتوانێ بە سوود بێ، کە باشترین کەلکی لێ وەربگرین. پێویستە لاوازییەکانمان لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەرنامە، چارەسەر بکەین.

- توانای مەعنەوی(هێزی مرۆیی) و توانای ماددیی خۆمان لەو میدیا و بوارانەدا چڕ بکەینەوە کە بەردەنگی زیاتریان هەیە. گرنگیدان بە تەلەڤیزیۆن و چالاکتربوونمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئەو تۆڕانەی لە ئێران ڕێگە پێدراون و خەڵک سوودیان لێ وەدەگرن، زۆر پێویستە.

- ئەو سامانە ڕۆژنامەنووسییە دەوڵەمەندەی لە قۆناغەکانی پێشوو بۆمان ماوەتەوە، لە دوو بارەوە کاریان لە سەر بکەین. لە لایەکەوە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پێشوو کە لەوانەیە لە ئارشیوی حیزبیشدا بە ناتەواوی هەمان بن، سکان بکەین و بیان کەینە فایلی" پی. دی. ئێف" و لە ماڵپەڕی ناوەندیی حیزب و یا لە شوێنی تایبەتدا، لە تۆڕی جیهانیی ئەنترنێتدا دایان بنێین بۆ ئەوەی هەم لە مەترسیی فەوتان ڕزگاریان بکەین و هەم بیانخەینە بەرچاوی هۆگران و خوازیاران. هەر لەو کاتەدا توێژەران بە تایبەتی ئەوانەی هۆگری حیزبی دیموکرات و مێژووەکەین هان بدەین بۆ ئەوەی توێژینەوە لە سەر گۆڤار و بڵاوکراوە لە بیرچۆوەکان بکەن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## یادێک لە قارەمانی شەهید، مەنسوور ئاروەند لە دوو ساڵەی لە داردرانی دا

ڕۆژی یەکشەممەی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٤، بۆ بنەماڵەی بەندیی سیاسیی کورد مەنسوور ئاروەند و بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی، ماوەیەک پێشتر ئەو بەندییە سیاسیە کوردەی، لە بەندیخانەی میاندواو - ئیعدام کردوە. جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی کاتێک هەواڵی ئێعدامکردنی مەنسوور ئاروەندیان بە بنەمالەکەی ڕاگەیەند کە ماوەیەک بوو ئەو لاوە شۆڕشگێرە دیموکراتەیان ئێعدام کردبوو. بەو حاڵەش نەک هەر تەرمی ئەوشەهیدەیان نەدایەوە بە بنەماڵەکەی، بەڵکوو شوێنی بە خاکسپاردنەکەشیان لە بنەماڵەکەی ئاشکرا نەکرد.

-----

مەنسووری ئاروەند لاوێکی کوردی خەڵکی مەهاباد بوو. ساڵی ١٣٥٤ لە مەهاباد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا، لە دایک ببوو. هەر لە زێدەکەی خۆی دەرسی خوێند ودیپلۆمی وەرگرت. عەلاقەیەکی زۆری بە وەرزش هەبوو و ببوو بە وەرزشکارێکی ناسراوی شاری مەهاباد. مەنسوور کە نەتەوە و نیشتمانی خۆی خۆش دەویست، لە ڕێگای وەرزشەوە هەوڵی دا خزمەت بە لاوانی مەهاباد بکا. ئەو دەیزانی ئیعتیاد بە مادده سڕکەرەکان و زۆر مەترسیی دیکە لە سەر ڕێی لاوەکان هەن کە بەشێک لەو داو و دیاردە نالەبارانە لە لایەن خودی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانیەوە لە کوردستان پەرەیان پێ دەدرێ. بۆ ئەوەی لاوەکان بۆ لای تێکۆشانێکی سالم ڕابکێشێ، باشگایەکی وەرزشیی پێک هێنا. بەو هۆیەوە کە خۆی کەسێکی خۆشەویست و جێگای ڕێزی خەڵک بوو، هەر وەها بە هۆی پێکهێنانی ئەو باشگا وەرزشییە و بانگەواز کردنی لاوانی شار بۆ هاتنی باشگاکە و گرنگیدانیان بە بە پەروەردەی جەستەییو ڕۆحیی خۆیان، خەڵکێکی زۆر لە لاوانی مەهاباد ڕوویان لە باشگاکەی کرد. مەنسوور بە ئاگاهییەوە ئەو کارەی دەکرد. مەبەستی ئەوە بوو لاوەکان لە باری جەستەییەوە، لە باری ڕۆحیو لە باری فکرییەوە ئینسانێکی سالم بن و خۆیان بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەیان تەرخان کەن نەک بکەونە داوی کۆماری ئیسلامیو پشت لە نەتەوەکەیان بکەن. خۆشەویستی و شوێندانەر بوونی مەنسوور ئاروەند لە نێو لاوەکان دا، تا دەهات پتر دەبووە جێگای نیگەرانیی کاربەدەستانی ئیتلاعاتو دامو دەزگاکانی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو شارە.

مەنسووری ئاروەند، لە سەرەتای هەشتاکانی هەتاوی، پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتو بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات. لە ماوەی هاوکاری لە گەڵ تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دیموکرات، ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر، هۆگریی دەکەوتە سەر حیزبەکەی و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان. هەتا

ئەوکاتەی لە لایەن ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە گیرا، ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات لە دەستی دەهات درێغی نەکرد. لەو ساڵانەی دواییدا بە ڕادەیەک هەڵسووڕ بوو کە کۆمیسیۆنی تەشکیلات پێشنیاری ئەوەی کردبوو وەکو کادرێکی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ بێ کە بە داخەوە گیراو ئیدی نەکرا یا نەیتوانی ئەوخزمەتانەی لە دەستی دێ ئەنجامیان بدا.

ساڵی ١٣٩٠، مەنسوور ئاروەند کە لە مێژ بوو کەوتبووە ژێر چاوەدێریی دەزگای سەرکوت و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی، گیرا و کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە. ساڵی ١٣٩١ حوکمی ئیعدامی درا. مەنسوور لەگەڵ ئەوەی کە حوکمی ئیعدامی درابوو لە زیندانیشدا نموونەی خۆڕاگری بوو، مایەی دڵگەرمیی زیندانیانی دیکە بوو. ئەوانەی کە لە گەڵی لە بەندا بوون دەزانن چ ئینسانێکی خۆڕاگر بوو، چۆن زیندانیەکانی دیکەی بۆ خۆڕاگری، بۆ سەردانەنواندن هان دەدا. لە حاڵێکدا کە حوکمی ئێعدامیشی درابوو بەردەوام خۆیو بنەماڵەکەی لە ژێر ئەزیەتو ئازاردا بوون، چونکە حازر نەبوو تەسلیمی ویست و داوای ئەشکەنجەگەران بێ. زۆرجار بیانوویان پێ دەگرت، هەرجارەی لە زیندانێک ڕایان دەگرت. ساڵی ١٣٩٣، بە هۆی نفووزو خۆشەویستییەک کە لە نێو بەندییەکاندا هەیبوو، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە مانگرتنی بەندییە سیاسیەکان لە ورمێ هەبوو، لەوانیان هەڵاواردو هێنایەنەوە بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی لەناو زیندانییەکانی دیکەدا نەبیو نەتوانێ ئەو کاریگەریەی هەیەتی لە سەر ئەوان، بینوێنێ. تەنانەت ئەوەشیان بڵاو کردەوە کە حوکمی ئێعدامەکەی دەرەجەیەک تەخفیف دراوە. هەمووی ئەوانە بۆ ئەوە بوو لە بەرامبەریان دا سەر دانوێنێ و ئامادەی هاوکاری لە گەڵیان بێ. بەڵام مەنسوور بۆ خۆی ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و دەزگای سەرکوت و جاسووسییەکەی باش ناسیبوو و دەیزانی دەنگۆی تەخفیف درانی سزای ئێعدامەکەی، ڕاست نیە و بۆ مەبەستی بەچۆک داهێنانی ئەو، بە گوێی هەڵ دێنن.

مەنسوور، لەو ماوەیە دا کە لە بەندیخانە بوو، ئەوەندەی مەجالی پەیوەندی بە خزمو کەسو بنەماڵەو دۆستانیەوە دەبوو، وەفاداریی خۆی بە حیزبەکەیو بە ئامەنجەکانی نیشان دەدایەوە. کاربەدەستانی دەزگای جاسووسی و سەرکوتی جمهوری ئیسلامی هەموو توانای خۆیان بە کار هێنا بۆ ئەوەی شتی بە سەردا بسەپێنن. بۆ ئەوەی بەشی ئەوەندەی ئیعترافی لێ وەرگرن کە بە ناو دادگاکانی ئەو ڕێژیمە توندترین حوکمی لە سەر دەر بکەن. ئەوان کە ڕقێکی زۆریان لە مەنسوور هەبوو، هەموو هەوڵی خۆیان دا کە ئەوەندەی فشار بۆ بێنن، ئەوەندی ئێعتراف پێ بکەن یا بەڵگەی لێ بستێنن کە دوایە بیکەن بە سەنەدێک بۆئەوەی لە دادگادا حوکمی ئیعدامی پێ سادر بکەنو بەمجۆرە داخی خۆیانی پێ بڕێژن. بەڵام، چونکە مەنسوور ئامادە نەبوو دژی نەتەوەکەی خۆی، دژی هاوڕێیانی خۆی بوەستێ و، ئامادە نەبوو ئەو نهێنیانەی لە سینگیدا بوون بیاندرکێنێ، سەرەنجام داخی خۆیان پێی ڕشتو لە بنەماڵەکەی، لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە نەتەوەکەیانئەستاندو شەهیدیان کرد.

دیارە ئێعدامی لاوانی خەباتکاری کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، شتێکی تازە نییە. دوژمنایەتیی گەلی حەقخواز و خەباتکاری کورد، لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا، لە دایک بووە. ئەو ڕێژیمە هەر کە زانی گەلی کورد لە جیاتی سەردانەواندن و تەسلیم بوون، داوای مافەکانی خۆی دەکا، شەڕی لە دژی ڕاگەیاند. هەر لە شاری مەهاباد و لە دەیەی ٦٠ هەتاوی، چەندین جار بە پۆل لاوە کۆڵنەدەرەکانی ئەو شارەی، گوللە باران کرد کە نموونە هەرە دیارەکەیان ئێعدامی ٥٩ لاوی ئەو شارە لە ڕۆژێک دا بوو. تا ئەو ڕێژیمەش لە سەر کار بێ، ئیعدامی لاوانی ئازادیخواز بە داخەوە درێژەی دەبێ. بەر لە ئێعدامی مەنسوور ئاروەند ، کۆماری ئیسلامی، لاوی وەکوو فەرزادی کەمانگەر کە مامۆستای قوتابخانە بوو، لە گەڵ پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردی ئێعدام کردبوو. ئەو ڕێژیمە بناغەی دەسەڵاتی خۆی لە سەر دابین کردنی ڕەزامەندیی خەڵک دانەڕشتوە، دەیهەوێ بە هەر قیمەتێک لە دەسەڵات دا بمێنێتەوە، جا ئەگەر ئەو مانەوەیە بە قیمەتی ئیعدامی هەموو ڕۆژێی پۆلێک لە لاوان لە کوردوستانو سەرانسەری ئێرانیش بێ، دەستی لێ ناپارێزێ. ئیعدام بەشێکە لە ناوەرۆک و شوناسی کۆماری ئیسلامی، هەر بۆیەشە لە ئاستی دنیادا پلەی یەکەمی هەیە لە ئیعدامی لاواندا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەلیلی ماهییەتی دیکتاتۆرانەو دژی ئینسانیو کۆنەپەرستانەی لێی چاوەڕوان دەکرێ کە لە داهاتووشدا لاوان بە تایبەتی لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی ئیعدام بکا. بەڵام گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، لە یەکەم نەتەوەو یەکەم پێکهاتەکانی ئێران و یەکەم هێزەکان بوون بوون کە سەریان بۆ کۆماری ئیسلامی دانەنواندوە. ڕۆڵەکانی ئەو گەلە سەربەرزە و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، چ وەک پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگری لە چیاکاندا، چ وەک تێکۆشەرانی خەباتی نهێنی لە نێوخۆی کوردستاندا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانی دان و لە گیانی خۆیان نرخی ئەو خۆراگری و بە چۆک دانەهاتنە دەدەن.

مەنسوور ئاروەند کە هەڵسووڕاوێکی بوێر، دڵسۆزو نەترسی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووو ئامادە بوو سەرو گیانو ماڵی لە پێناو حیزبی دێموکراتدا ببەخشێ، بەهۆی ئەو خزمەتانەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردبوو، سەرەڕای چەند ساڵ بەندکران و دیتنی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر، سەرئەنجام لە جۆزەردانی ١٣٩٤ لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام کرا.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید کرانی ئەو لاوە قارەمانە، نەک هەر شاری مەهاباد، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ مەرگی ئەو ماتەمبار بوو. کۆماری ئیسلامی کە تەرمی ئەو شەهیدەشی نەدابۆوە بە بنەماڵەکەی و هەواڵی ئێعدامکردنەکەشی بە چەند حەوتوو درەنگتر بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاندبوو، لە هاوخەمیی خەڵک لە گەڵ بنەماڵەی شەهید مەنسوور، نیگەران بوو. هەر بۆیە هەڕەشەی لە بنەماڵەکەی کرد کە نابێ ڕێو ڕەسمی سەرەخۆشی بۆ ئەو ئازیزەیان دابنێن. بێشەرمی و دڕندەییان لەوەش تێپەڕاند و هەر لەو ڕۆژە دا برای شەهید مەنسووریان دەستبەسەر کرد بۆ ئەوەی بنەماڵەی مەنسوور

چاوترسێن ببن و پرسە و سەرەخۆشی دانەنێن. بەڵام بنەماڵەکەی و خەڵکی مەهاباد گوێیان بەم جۆرە هەڕەشە و کردەوانە نەدا. نەک هەر لە نێوخۆی مەهاباد بەڵکوو لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە، خەڵک خۆیان گەیاندە ماڵی مەنسووری ئاروەند و هاوخەمیی خۆیان پێ ڕاگەیاندن. خەڵکی مەهاباد و لاوانی دلسۆز لە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بەداخبوونی خۆیان لە مەرگی ئەو لاوە قارەمانە راگەیاند. ئەوان سەلماندیان کە کۆماری ئیسلامی تەنیا توانیوێتی جەستە و گیانی مەنسووری ئاروەند لە حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد بستێنێ، بەڵام بە شەهید کردنی ئەو لاوە خۆڕاگرە، ناوی ئەو و ڕێگا و ئامانجەکانی ئەوی پتر لە پێشوو بە کوردستان دا بڵاو کردەوە و هۆگر و لایەنگری بۆ زیاد کرد.

------

لە دووهەمین ساڵەی شەهید بوونی مەنسووری ئاروەند دا، وێرای دووپاتکردنەوەی سەرەخۆشی و هاوخەمیمان لە گەڵ هاوسەر و جگەرگۆشەکانی ئەو شەهیدە و دایک و باو و خوشک و برا سەربەرزەکانی، جارێکی دیکە لە گەڵ گیانی مەنسووری ئاروەند پەیمان نوێ دەکەینەوە کە ڕێگاکەی و گیانی بە ناحەق ئەستێندراوی، لە بیر ناکەین. گیانی شەهید مەنسوور و بنەمالەکەی و لاوانی هۆگر و هاوخەباتی مەنسووری ئاروەندیش دڵنیا دەکەینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە لێبڕاوییەوە ڕێگای شەهید مەنسوور، و هەموو شەهیدە سەربەرزەکانی دیکەی درێژە دەدا. مەنسوور ئاروەند شەهیدی بە چۆک دانەهاتووی نێو سەنگەری بەندیخانە بوو. ئەرکی ئێمە درێژەدەرانی ڕێگای شەهید مەنسوور و شەهیدانی سەنگەرەکانی دیکەی خەبات ئەوەیە لە هەر کوێیەک بین، لە ڕیزەکانی خەباتی نهێنی لە نێو شار و گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، یا لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و تێکۆشان لە ولاتانی جۆراوجۆری جیهان دا بین، بەو ئامانجانە وەفادار بین کە ئەو شەهیدانە گیانیان لە پێناویاندا بەخشیوە. ئەرکمانە خەبات بکەین تا ئەو ئامانجانە وەدی دەهێنین. ئەو ئالایەی کە مەنسوور لە گەڵ هاوڕێیانی لە نێو شاری مەهاباد لە هەلومەرجێکی سەختدا بەرزو شەکاوەی ڕاگرتبووو خەباتی بۆ دەکرد، ئەو ئالایە، ئالای خەباتو تێکۆشان تا وەدیهێنانی ئازادی بۆ نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕادەگرین.

سەربەرزی بۆ شەهید مەنسوور، سەربەرزی بۆ بنەماڵەکەی و بۆ هەموو ئەوانەی کە وەک شەهید مەنسوور گیانیان لە پێناوی نەتەوەکەیانو ئامانجە بەرزەکانیان دا دەبەخشن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# تاران، داعش و کورد

## بەشی یەکەم

### ئاماژە:

ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی ئەمساڵی تاران، جارێکی دیکە بوون بە هۆی ئەوە پێوەندیی تاران، داعش و کورد لە گەڵ یەکتر بێنەوە بەرباس و بە شێوەی جۆراوجۆر قسەیان لێ بکرێ. کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی دەسەڵاتدارەتییەکەی، ئەویش لە دوو شوێنی واتادار، یەکەمیان مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و دووهەم لە مەزارگەی خومەینی، دامەزرێنەر و ڕێبەری ئەو ڕێژیمە هاوکات کەوتە بەر زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی. هێرشەکانیش بە هۆی کەسانێکەوە بەڕێوە چوون کە کوردزمان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. هەم ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارەتیی ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی گرتە ئەستۆ و هەم کۆماری ئیسلامییش، هێرشەکانی بە کاری داعش زانی. لە سۆنگەی ئەم ڕووداوانەوە، لە نێوخۆی ئێران و بە تایبەتی کەسان و ناوەندگەلی سەر بەڕێژیم، کوردزمان بوونی ئەنجامدەرانی ئەو هێرشانەیان کردە بیانوو بۆ لێدوانی دوژمنانە بەرامبەر کورد و بڵاوکردنەوەی ڕق و نەفرەت لە دژی ئەو نەتەوەیە. هێرشە تەبلیغاتییەکە هەر کورد لە نێو ئێرانی نەگرتەوە بەڵکوو کوردی باشووریشی دایە بەر ڕەحمەتی خۆی، ئەویش لەکەشوهەوایەک دا کە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، لە ساتەوەختی بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی بەڕێوەچوونەکەی نزیک دەبۆوە. ئەم زنجیرە وتارە هەوڵ دەدا لە هەر ئەڵقەیەکی خۆیدا هەڵوەستە لەسەر ڕەهەندێکی باس و لێکدانەوەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردانی تاران بکا.

### ڕەهەندی یەکەم: هێرشی تیرۆریستیی ڕاستەقینە یا سیناریۆی دەسکردی سوپا و بەیتی ڕەهبەری؟

لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە خۆی وەک یەک لە کاریگەرترین جەمسەرەکانی شەڕ لە گەڵ داعش پێناسە بکا و بە ئامانجکرانی تاران لەم هێرشانەدا بباتەوە سەر ڕۆڵی خۆی لە شەڕی ناوچەیی لە گەڵ داعشدا، زۆر لە شرۆڤەکارانی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، گومانیان لە واقعیبوونی هێرشەکاندا هەیە و وەکوو سیناریۆێک کە ناوەندە سەرەکییەکانی خودی ئەو ڕێژیمە دایانڕشتوە، لێیان دەڕوانن! بەشێک لەوانەش کە لە بە سیناریۆناوبردنی هێرشەکان خۆیان بواردوە، لانیکەم نەیانشاردووەتەوە حکوومەتێک و لایەنێک کە بۆ خۆی پشتیوان و هاوکاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بێ، دووکەڵی

ئەم پشتیوانی و تێکەڵاوییە، ڕۆژێک داوێنی خۆیشی دەگرێتەوە.

پرسیارێکی زۆر سادە ئەوەیە چلۆن دەکرێ ڕێژیمێک دوو ناوەندی هەرە دیاری خۆی کە یەکەمیان (مەزارگەی خومەینی) لە ڕووی پیرۆزی و رووگەبوونی بۆ بەرێوەبەران و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و، دووهەمیان (مەجلیسی شوورای ئیسلامی) کە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، بکا بە شوێنی بەڕێوەبردنی سیناریۆیەکی خوێناوی کە خۆی دایڕشتوە؟!

موحتەمەل بوونی ڕاستبوونی ئەو جۆرە بۆچوونانە کاتێک بە هێز دەبێ کە ٣ فاکتۆر لە بەر چاو بگرین:

**یەکەم**. پێشینەی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی سیناریۆی ئەمنیەتی و خوێناوی دا کە کارنامەی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە دەیان نموونەی لەو چەشنەیان تێدایە. نوێترین نموونەکان مردنی گوماناویی ڕەفسەنجانی و، سووتاندن و دواتر تەقاندنەوەی بینایەی پلاسکۆ، بوون. کۆمەڵی ئێران هەتا ئێستاش ئەمانەی وەک ڕووداوی سروشتی وەرنەگرتوون. لە پێشووش دا نموونەی وەک کوشتنی ئەحمەدی خومەینی، تەقاندنەوەی بارەگای ئیمام ڕەزا لە مەشهەد، تیرۆری ٤ قەشەی مەسیحی و تەقینەوە لە مەزارگەی خومەینی، هەبوون کە ئیدی ئێستا، دوای لێکتر لەقاودانەکانی پاش ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ بە بەڵگە سەلمێندراون کە سێ کوچکەی بەیتی ڕەهبەری و وەزارەتی ئیتلاعات و سوپا، لە پشت یەک یا چەند لەم ڕووداوانە بوون. لێرەدا لەناوبردنی ئامانج و نیازی پشت سیناریۆی پێوەندیدار بە هەر کام لەو ڕووداوانە دەگوزەرێین. ئەو خاڵەشمان لە بیر نەچێ کە لێرەدا بە ئەنقەست باسی ئەو پیلانانەی دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دژی کەسایەتییە جیابیرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەرەوەی ڕێژیم بەڕێوەیان بردوون، ناکەین. تەنیا وەک نموونە ئاماژەمان بە چەند ڕووداوێک کرد کە پێشتر بە زەحمەت شیمانە دەکرا ڕێژیم بۆخۆی لە پشتیان بێ، کە چی دواتر دەرکەوت بەڕێوەبەر و ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لەم ڕێژیمە دا ئامادەیە بۆ ئامانجی سیاسی و ئەمنیەتی و بەرژەوەندی لە ڕوانگەی خۆیەوە گرینگ، شتی وای بکا.

**دووهەم**. جۆرەی هەڵسوکەوت و دژکردەوە نیشاندانی ناوکە سەرەکییەکانی دەسەڵات و دەمڕاستەکانیان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕووداوگەلی لەم چەشنە دا کە لە جیاتیی یارمەتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بدەن، پرسیار و گومانی زیاتر دروست دەکەن. چونکە جگە لە ناتەباوێژی و بڵاوکردنەوەی درۆ و ئیددیعای نەسەلمێندراو لە پێوەندی لە گەڵ لایەنێک یا چەند لایەنی ڕووداوەکە و کەسەکانی پێوەندیدار، وا دەکەن سەرەداوەکان هەر لە سەرەتاوە بە تەواوی ون ببن یا دواتر بە شێوەیەکی گوماناوی لە نێو بچن. لێکۆڵینەوە لەم جۆرە ڕووداوانە بە دوور لە چاوەدێریی میدیاکان و نوێنەرانی بیروڕای گشتی، بەڕێوە دەچێ و کارنامەی دامەزراوە پێوەندیدارەکانی ئەو ڕێژیمە لە دانی زانیاریی ڕاست و دروست بە خەڵک دا، بە تەواوی ڕەش و گوماناوی بووە. ئەمەش وای کردوە بە چاوی گومان و پرسیارەوە ڕوانین لەو ڕووداوانەی لە نێو کۆماری ئیسلامی دا ڕوو دەدەن، هەتا هاتوە بە هێزتر بێ.



سەرچاوە Serchawe

**سێهەم**، لە کۆماری ئیسلامی دا عادەت وابووە ئەنجامی ململانێی دوو قۆڵی سەرەکیی نێو ڕێژیم بە تایبەتی ئەو کاتانەی ململانێکان لە سۆنگەی جۆری دەنگدانی خەڵکەوە، لە زیانی ویست وبەرژەوەندی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و کۆنەپارێزەکان دەچنە پێش، لە ڕێگای قەیرانسازییەوە، پێچەوانە بکرێتەوە. هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردانی ئەمساڵی تاران بە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ و شکستی کاندیدای قۆڵی کۆنەپارێزدا روویان دا. هەر لە دوای ڕاگەیەندرانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، سیاسەتی حەسەنی رووحانی لە هەر دوو بواری نێوخۆیی و دەرەکی دا پتر لە پێشوو کەوتنە بەر ڕەخنە و هێرشی قۆڵی کۆنەپارێز و، لە سەرووی هەموانەوە شەخسی خامنەیی. ئەوەی لە دوای ئەم هێرشانەشەوە لە زمانی خامەنەیی و دەمڕاستەکانی قۆڵی کۆنەپارێزەوە بە ڕاشکاوییەکی زیاترەوە پێیان لە سەر دادەگیرێتەوە لە ژێر پرسیاردابوونی ڕێککەوتنی بەرجام، پێویستیی درێژەی مەیدانداریی نیزامی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و پێویستیی شەڕ لە گەڵ «دوژمنان» لە دەرەوەی سنوورەکان و دووریکردن لە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەک لە گەڵ ئەمریکایە. لە ئاستی نێوخۆییشدا شەخسی خامەنەیی بە دوای هەڵبژێرانەوەی ڕۆحانی، بە جۆرێکی بێوێنە هەڵ دەکوتێتە سەر ئەو دروشم و بەڵێنانەی ڕۆحانی بانگەشەی بۆ کردوون. ئایا ناگونجێ هێرشەکانی ڕۆژی ١ی جۆزەردان، سیناریۆیەکی سوپای پاسداران بە ڕەزامەندیی شەخسی خامەنەیی بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و ئەمنیەتیی وڵات لە بەرژوەندی خۆیان و بە زیانی سەرکۆمار و لایەنگرەکانی بێ؟

هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، چ هێرشی ڕێکخراو لە لایەن داعشەوە بووبن، چ بەشێک بووبن لە سیناریۆکی دەسکردی سوپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری و هتد، ئاکامێکی دیاریان هەبووە، ئەویش دەست ئاوەڵایی ڕەهبەری و سوپای پاسداران و دامەزراوەکانی سەر بە خامەنەیی بۆ دەرهێنانی بەرە لە ژێر پێی سەرکۆماری هەڵبژێردراوو، وەرێخستنی شەپۆلی سەرکوت و دەمکوت لە نێوخۆدا. هەر وەها دەستی ئەوانە ئاوەڵا بووە بۆ بەردەوامی و درێژەدان بە سیاسەتی دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و زاڵکردنی هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دا لە ڕێگای بردنە پێشی شەڕی ئابینی. ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی دا، دەیەوێ بە کەلکوەرگرتن ڕووداوەکانی ١٧ی جۆزەردان، سەرهەڵدانی هەر جۆرە دوودڵی و ڕاراییەک لە درێژەدانی نیاز و سیاسەتەکانی پێشوو لە نێو نیزامدا سەرکوت بکاو، دەرگای سیاسەتە دەرەکی و نیوخۆییەکانی ئەو ڕێژیمە هەر لە سەر هەمان پاژنەی جاران بوخلێتەوە. بەم پێیە هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، هەلێکی زێڕینی بۆ ڕەخساندوون. هەلێکی زێڕینی ئەوتۆ کە گریمانەی سیناریۆ و گومانـاوی بوونی هێرشەکانی ١٧ی جۆزەردان، ئەوەندەی دیکە بە هێز دەکا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٤.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# تاران، داعش و کورد

## بەشی دووهەم

### ڕەهەندی دووهەم: پێگەی کورد و کۆماری ئیسلامی لە شەڕی داعشدا

شەڕ لە گەڵ داعش بە تایبەتی و چۆنیەتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم و گرووپە تیرۆریستییەکان بەگشتی، مەحەکێکی باشن بۆ هەڵسەنگاندنی نێوەرۆکی دوو هێزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دژایەتی لە گەڵ تیرۆردا. دوو هێز کە یەکێکیان(کۆماری ئیسلامیی ئێران) حکوومەت و دەسەڵاتە و، خاوەنی دەوڵەت و سوپا و ئەرتەش و سەرچاوەی زەبەلاحی ئابووری و دامو دەزگای حکوومەتییە و لە ناوەندە نیودەوڵەتییەکانیش بۆ وێنە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ستاتووسی نوێنەرایەتیی وڵاتێکی سەربەخۆی هەیە. ئەو حکوومەت و دەوڵەتە، وڵاتی پان و بەرینی ئێران بەڕێوە دەبا. هێزەکەی دیکە (کورد)، نەتەوەیەکی بندەست و بەش بەش کراوە و بە سەر چوار وڵاتی ناوچەدا دابەش کراوە و تەنیا لە پارچەیەک لە چوار پارچەی نیشتمانەکەیدا، دەسەڵاتی خۆی بە دەستەوەیە. ئیرادەی ئەو نەتەوەیە لە سێ پارچەکەی دیکە، لە قالبی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بڕیار و سیاسەت و هەڵویستی هیزە سیاسیەکانیدا خۆ دەنوێنێ. بۆ تێگەیشتن لە جێگە و پێگەی ئەو دوو ئەکتەرە نایەکسانەی ناوچەکە لە شەڕی دژە تیرۆر و تەعامول لە گەڵ تیرۆریزم و گرووپە تیرۆریستییەکان، بە جیا باس لە هەر کامێکیان دەکەین. لە پێشدا باسی کورد دەکەین:

### - نامۆبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە تیرۆریزم

بزووتنەوەیی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەر لەو کاتە دا کە شوناسێکی ڕزگاریخوازانەی هەیە، خاوەنی نیوەرۆکێکی دیموکراسیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەشە. هیچ کام لە هێزە سەرەکییەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان خوازیاری زاڵکردنی ئایین و دینێکی تایبەت بە سەر ئایین و دینێکی دیکەدا نین و هەوڵی بندەستکردنی پەیڕەوان و لایەنگرانی ئایینەکانی دیکە نادەن. نەک هەر دژایەتییەکیان لە گەڵ پەیماننامە نیودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤدا نیە بەڵکوو نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانەیان کردوە بە بەشێک لە بەرنامەی سیاسیی خۆیان. پێکەوەژیانی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لە سێبەری ئاشتی و وێکهەڵکردن و بە ڕەسمی ناسینیاندا، یەکێک لە ئامانجە دیارەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە. هیچ کامێکیان بیانووی کولتووری و ئایدۆلۆژیانە بۆ

هێشتنەوەی ژنان لە کۆیلەتی و بێمافیدا ناهێننەوە و لە ڕووی باوەڕەوە و تەنانەت لە پراکتیکیشدا بۆ یەکسانیی ژن و پیاو تێدەکۆشن. لە ڕەوتی خەبات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەشیاندا، ئەگەر ناچار بە هەڵگرتنی چەک و شەڕی چەکداری بووبن، بۆ بەرگری لە نەتەوەکەی خۆیان و بەرپەرچدانەوەی شەڕ و لەشکرکێشی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان و زەوتکەرانی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردستان بووە. ئەو کردەوانەی وەک «تاوانی تیرۆریستی» دراونە پاڵ کورد و هێزە خەباتکارەکانی، داهێنراوی ڕێژیمە داگیرکەر و دژەکوردەکان بوون و مەبەستیشیان لە کردەوەی تیرۆریستی، بەرەنگار بوونەوەی سوپا و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمانە لە لایەن هێزە خەباتکار و بەرهەڵستکارەکانی کوردەوە بووە کە لە راستیدا دەچنە خانەی «بەرگریی ڕەوا»، هەر بۆیە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش بە دەگمەن ئامادە بوون وەک «کردەوەی تیرۆریستی» لێیان بڕوانن. هەر ئەوەش کە نەتەوەی کورد هەر کات لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا هەلی پێکهێنانی دەسەڵات و حکوومەتی خۆی بۆ ڕەخساوە، بە بەراوەرد لە گەڵ وڵاتانی ناوچە، نموونەیەکی دیموکراتیانەی دەسەڵاتدارەتیی لە خۆی نیشان داوە، بەڵگەی نامۆبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە گەڵ تیرۆریزم و پەنابردن بۆ مەزنیخوازی و سەرکوت و سڕینەوەی «ئەوانی دیکە» لە نێوخۆی هەرێمی دەسەڵاتدارەتییەکەی و دەرەوەی ناوچەی دەسەڵاتدارەتییەکەی دایە. ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٥ - ١٩٤٦ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢ەوە هەتا ئێستا، باشترین بەڵگەن بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە.

حاشا لەوە ناکرێ کە لە ٢ - ٣ دەیەی دواییدا لە نێو کوردیش بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرووپ و ڕێکخراوی ئایینی سەریان هەڵداوە. هێندێک لەو گرووپ و ڕێکخراوانە لە گەڵ ئەوەی هەڵگری ڕوانگە و بیروباوەڕی ئایینیین، لە ڕووی بەرنامە و ئامانجی سیاسییەوە بەشێکن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد. دیارە ژمارەیەکیشیان خاوەنی بیروباوەڕی وشک و توندڕەوانەن و دەکرێ بڵێین لە ڕووی فکری و باوەڕەوە، لە هەمان سەرچاوەوە هەڵقووڵاون کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعدە و داعش لێیانەوە هاتوون. ئەمانە ئەگەر جێ پێیەکیشیان بۆ ئەم جۆرە ڕێکخراوە تیرۆریستییانە لە کوردستان کردبێتەوە و کەسانێکیان لە نێو نەتەوەی کوردەوە، ڕەوانەی ئەلقاعیدە و داعش کردبێ، لە کۆماری ئیسلامییەوە زۆر نزیکتر بوون تا نەتەوەکەی خۆیان. لەبارەی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەم جۆرە گرووپانە لە کوردستان و ناوچەکەدا و پێوەندی و هەڵسوکەوتی لە گەڵیان، لە شوێنێکی دیکەی ئەم زنجیرە وتارە، زیاتر دەوەستین.

## کورد و شەڕی دژە تیرۆر

نەتەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی، لە مێژ ساڵە بەرەوڕووی تیرۆر و ڕەشەکوژی و تەنانەت کۆمەڵکوژیی ئەو دەوڵەتانە بووەتەوە کە کوردستانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە. جگە لە تیرۆری دەوڵەتانی تورکیە،



سەرچاوە Serchawe

ئێران، عێراق و سووریا دژی نەتەوەی کورد، شەپۆلی ئەو تیرۆریزمەش کە بە هۆی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە و داعشەوە، ڕوویان کردووەتە ئەم ناوچەیە، کوردستان و نەتەوەی کوردیان کردوە بە ئامانجی دوژمنیی خۆیان. شەڕی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی تێکەڵاو و بەستراوە بە ئەلقاعیدە لە هەرێمی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی هەرێم و یەکیەتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا و کردەوە تیرۆریستییەکانیان لە دژی بنکە و بارەگاکان و کاربەدەستانی هەرێم، هەر وەها چەندین تەقینەوەی خۆکوژی لە دژی خەڵکی سڤیل لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، دەیسەلمێنن کە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان، لە دەیەی ٩٠ی زایینییەوە لە گەڵ تیرۆریزمی سەرچاوەگرتوو لە ڕێکخراوە توندڕەوە ئایینییەکان، لە شەڕ دایە.

بەڵام شەڕی هەرە گەورەی کورد و تیرۆر لە گەڵ یەکتر، لە دوای سەرهەڵدانی خیلافەتی داعشەوە دەستی پێ کردوە. دوو پارچە لە چوار پارچەی کوردستان، واتە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابردوو دا بەرەی سەرەکیی شەڕی جیهانیی دژە تیرۆر بوون. چەند وڵاتێکی ڕۆژاواییان لێ دەرچی کە بە تایبەتی بە هێزی هەوایی بەشداری شەڕ لە گەڵ داعشن، هیچ نەتەوەیەکی ناوچە بە ڕادەی کورد لە گەڵ داعش لە شەڕدا نەبووە، هیچ نەتەوەیەکیش بە ڕادەی کورد لە شەڕی داعش دا قوربانیی نەداوە. دیارە گەورەترین تاوانی دژە مرۆیی داعشیش هەر لە دژی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە شەنگاڵ بەڕێوەچووە. ئەمە جگە لەوەی کە گەورەترین خۆڕاگرییەکانیش بەرامبەر پەلامارەکانی داعش هەر لەو دووبەشەی کوردستان و لە سەر دەستی شەڕڤان و پێشمەرگەی کورد تۆمار کراون.

## ئامانجی کورد لە شەڕی دژە تیرۆردا

حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەک هەر هیچ کات داڵدەی گرووپە تیرۆریستییەکانیان نەداوە، بەڵکوو ئامانجی هێرشی وێرانکەرانە و دژە مرۆیی گرووپە تیرۆریستییەکانیش بوون. خاڵی جەوهەریی شەڕی نەتەوەی کورد لە گەڵ داعش کە شەڕی دژە تیرۆری ئەو نەتەوەیە لە شەڕی دەوڵەتانی ناوچە و یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ داعش، جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە کورد بەرگری لە خۆی، لە خاک و نیشتمانی خۆی کردوە و دەکا. ڕێک بە پێچەوانەی ڕێژیمی ئێران کە بەشدارییەکەی لە شەڕی دژ بە داعشدا نێوەرۆکێکی مەزهەبی و تائیفی هەیە و لاوازکردن و بەرتەسککردنی جۆغرافیای دەسەڵاتی بەرەی سوننی مەزهەبی ناوچە و، لە بەرامبەر دا فراوانکردنی جۆغرافیای دەسەڵاتدارەتیی هاوپەیمانە شیعەمەزهەبەکان بە ڕێبەریی خودی ئەو ڕێژیمەی کردوە بە ئامانج و لەم سۆنگەیەشەوە، بە چنگ و ددان بەرگریی لە مانەوەی خوێنڕێژترین ڕێژیمی ناوچەکە واتە ڕێژیمی بەشسار ئەسەد دەکا! هەر شار و ناوچەیەک کە کورد لە داعش پاکی بکاتەوە، ژیان و ئاسایش و ئاوەدانیی تێکەڵ بەو ماف و ئازادییەکانی شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمەی جێگای دەگرێتەوە، بەڵام هەر شار و ناوچەیەک کە بە پشتیوانیی کۆماری

ئیسلامی لە دەست داعش بێتە دەر، دەسەڵاتێکی لە چەشنی دەسەلاتدارەتییەکەی بەشار ئەسەد، یا خودی کۆماری ئیسلامی جێگای دەگرێتەوە کە جگە لە ژیان لە تاریکی و بێمافی و لە ژێر سەرکوت و سووکایەتی و هەڵاواردنی ئایینی و مەزهەبیدا، شتێکی دیکە نیە. لە یەک قسەدا ڕزگاربوون لە جەهەننەمێک و چوون بۆ جەهەننەمێکی دیکەیە.

لە بەشی سێهەمی ئەم زنجیرە وتارە دا، باسی کۆماری ئیسلامی و ئاواڵدوانەکەی، تیرۆریزم دەکەین.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٥.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٧

---

# تاران، داعش، کورد

## (بەشی سێهەم و کۆتایی)

### ڕەهەندی سێهەم: تێرۆریزم، ئاوەڵدوانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران

ئەگەرچی تێرۆریزم وەک شێوازێکی نەرێنی بۆ بردنە پێشێی ئامانجی سیاسی، تەمەنێکی درێژی هەیە و زۆر بەر لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لەشوێنە جیاوازەکانی جیهان لە لایەن دەوڵەتان و ڕێکخراو و گرووپی جۆراوجۆرەوە بە کار هاتوە، بەڵام لە ئێران لە گەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، لە دیاردەیەکی بەکارهاتوو لە لایەن گرووپ و ڕێکخراوێکەوە، چووە ئاستێکی دەوڵەتی و لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا لە دایک بوو.

### گونجاویی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە گەڵ تیرۆر لە ڕووی باوەڕەوە

بە پێچەوانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کە خاوەنی ڕۆحێکی سەردەمیانەیە و، نێوەرۆکێکی ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیک و مرۆڤدۆستانەی هەیە و خوازیاری هاوژیانی لە گەڵ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوچە لە سەر بناغەی ڕێزگرتنی دوو لایەنەیە؛ ئایدۆلۆژیایەک کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەرهەم هێناوە، جگە لەوەی باوەڕی بە یەکسانیی

نەتەوە و ئایینەكان و ئەم چەشنە هاوڕێانییە نیە، لە نێوبردنی نەیار و بەرهەڵستكاری خۆی و حكوومەتی هەڵگری ئەم ئایدۆلۆژیایەش، بە ڕەوا دەزانێ. تەنانەت ڕەنگێكی پیرۆزی داوە بە هەر چەشنە توند و تیژی و لە نێوبردنێك كە خزمەتی مانەوەی ڕێژیمی هەڵگر و پەرەپیدەری ئەو ئایدۆلۆژیایە دەكا. بەم پێیە لە رووی باوەڕ و ڕوانینەوە، ئەم ڕێژیمە نەك هەر ناتەباییەكی لە گەڵ تیرۆریزم نیە بەڵكوو لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بە ڕەواشی دەزانێ. دیارە لێرە دا باسەكەی ئێمە لە سەر تیرۆریزمە هەر بۆیە تەنیا باس لە ناوەرۆك و كارنامەی تیرۆریستیی ئەو ڕێژیمە دەكەین، ئەگینا شێوە نەرێنییەكانی دیكەی لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستكاران و جیابیرانیش، لە گەڵ باوەڕ و ناوەرۆكی ئەو ڕێژیمە، هەر گونجاو بوون و بە ڕەوا زانراون. بۆیەش لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا، بە شێوەیەكی ئاسایی و بێ دوودڵی بەكار هێنراون كە كوشتاری بە كۆمەڵی دانیشتوانی دەیان گوندی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و بە كۆمەڵكوشتنی هەزاران بەندیی سیاسیی ئێران، نموونەی هەرە دیاریانن.

## بەكارهێنانی تیرۆر لە دوو بیاڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی‌دا

مێژووی پەنابردنی پێشەنگان و دامەزرێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ تیرۆر، دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی بە دەسەڵات گەیشتنیان. دوای ئەوەش كە دەسەڵاتی ولاتی ئێرانیان گرتە دەست، شانبەشانی كەڵكوەرگرتن لە شەڕ و سەركوت بۆ لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستكارانی خۆیان، بە كارهێنانی»تیرۆر»یشیان كرد بە بەشێكی هەمیشەیی و دانەبڕاو لە سیاسەت و دەسەڵاتدارەتییەكەیان. دیارە هەر بەوەش نەوێستان كە لە نێوخۆی ولاتدا ئەم ئامرازە بۆ لە نێوبردنی نەیاران بە كار بێنن بەڵكوو لە دەرەوەی ولات، چ بۆ لە نێوبردنی پاشماوەكانی ڕێژیمی پێشوو(پەهلەوی)یا كەسایەتییەكانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و چ بۆ زەبر وەشاندن لە بنكە و هێزی نیزامیی هێندێك ولات، كردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام دا.

كۆماری ئیسلامیی ئێران هەر وا كە ڕاشكاوانە بانگەشەی سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی دەكرد و داوای لە خەڵكی هێندێك ولات دەكرد ڕێژیمی ولاتەكەیان بڕووخێنن و شتێكی لە چەشنی كۆماری ئیسلامیی ئێران لەوێ دامەزرێنن، لە ڕاستای جێبەجێكردنی ئەو ئامانجەشی‌دا، هەوڵی دروستكردنی گرووپ و تاقمی بەرهەڵستكار لەو ولاتانەی دەدا و سەخاوەتمەندانە یارمەتیی ماڵی و چەك و تەقەمەنیی پێ دەدان. بەشێك لە كردەوە تیرۆریستییەكانی خۆشی لە دژی ئیسرائیل و ئەمریكا و هێندێك ولاتی دیكە، بە هۆی ئەو گرووپ و ڕێكخراوانە جێبەجێ دەكرد. ئەم سیاسەتە، هەتا ئێستاش بەردەوامە و ئەگەر لە ڕواڵەت و شێوەی بردنە پێشیشی‌دا جیاوازییەكی بە سەر هاتبێ، لە ئامانج و جەوهەرەكەی‌دا، گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە.

بە گەشتێكی خێرا بە نێو ڕۆژژمێری كردەوە تیرۆریستییەكانی جیهان لە ماوەی ٤ دەیەی رابردوودا، تووشی دەیان كەیس

دەبین کە لە سەرێکەوە یا لە چەند سەرەوە، دەگەنەوە ڕێژیمی ئێران و کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوونیان تاوانبارە. زۆر لەو کەیسانە، دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تێر و تەسەلی وڵاتان و وەدەستخستنی بەڵگەی حاشالێنەکراو و تەنانەت گرتنی ئەنجامدەران و دانپیدانانی ئەوان، مەحکوومیەتی ڕێژیمی ئێرانیان لێ کەوتووەتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دژی وڵاتانی دیکەدا، پەنای دەبردە بەر شوێنەونکە و پارێزی پێویست. ئەگینا لە ڕەوتی تیرۆر و لە نێوبردنی نەیارانی ئێرانیی خۆیدا (لە هەر جێیەکی دنیا بووبێ) ئەوەندەی پارێز و شاردنەوە بە پێویست نەزانیوە. هەر بۆیەش لە یەکەم بەدواداچوونەکانی پۆلیس و دەزگای قەزایی وڵاتانی ئورووپایی لە زۆر کردەوەی تیرۆریستیی دژ بە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک شاپوور بەختیار، د.کازم ڕەجەوی، د.عەبدولڕەحمان بروومەند، د.قاسملوو و هاوڕێیانی، د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی، بە هاسانی شوێنپێی ئێران هەڵگیراوە و ئەنجامدەرانیان ناسراون و تەنانەت هێندێکیشیان گیراون.

## شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ داعش لە سەر چی؟

سەردەمانێک کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە وەک گەورەترین و پڕمەترسیترین ڕێکخراوی تیرۆریستی، لە گەڵ ڕۆژاوا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژاوا لە شوێنەجۆراوجۆرەکانی جیهان لە شەڕدا بوو، پرسیاری هەرە گرنگ ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە بەرەی شەڕی جیهانی دژی ئەلقاعیدە دایە یا لە ژێرەوە لە گەڵ ئەو ڕێکخراوە، ساتوسەودا و هاوکاریی هەیە؟ لە دەیەی یەکەمی سەدەی ۲۱ دا، بە تایبەتی ئەو کاتەی ئەلقاعیدە هێشتا لە ئەفغانستان وەدەرنەنرابوو، زۆر هاتوچۆی فەرماندەران و ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئەفغانستان و هەروەها زۆر لەو هێزە مرۆییەی لە سووریە و عێراقەوە بۆ هەڵگرتنی چەکی داعش دەچوونە ئەفغانستان، لە ڕێگای ئێرانەوە بوو. میدیاکانی جیهان هەر ئەو کات زۆر زانیاریی سەرنجڕاکێشیان لە بارەی جموجۆڵ و پووڵ ڕاگواستنی ئەلقاعیدە لە ڕێگای وڵاتی ئێرانەوە بڵاو دەکردەوە. هیچ شارەزا وخاوەنڕایەکیش پێی وا نەبوو، ئێران لەو جموجۆڵ و هاتوچۆیانە لە نیو خاکی خۆیدا غافڵە، بەڵکوو پێیان وابوو جۆرێک ڕێککەوتن هەیە لە نیوان ئەلقاعیدە و ڕێژیمی ئێراندا. تێگەیشتن لە هۆی سازانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەلقاعیدەش زەحمەت نەبوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چی دژی ڕێکخراوێک بێ کە لە گەڵ ئەمریکا لە شەڕ دایە؟ مەگەر ئەو ڕێژیمە هەموو کات ئەمریکای بە گەورەترین دوژمنی خۆی نەزانیوە؟ ئێستا بۆ چی دەبێ دژایەتیی ئەم بەرهەڵستکارەی ئەمریکا بکا؟ ئەو گرووپە توندڕەوانەی هەر لەو ساڵانەدا، لە ئەفغانستانەوە هاتنەوە سنووری هاوبەشی ئێران و باشووری کوردستان و کەوتنە زەبر وەشاندن لە خەڵکی سڤیل و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمینترین دراوسێیان، کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی سەرەکیشییان لە شەڕفرۆشتن بە حکوومەتی هەرێم، هەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. جگە لەوەی هاتوچۆیان بۆ ئەفغانستان لە ڕێگای ئێرانەوە بوو، کاتێکیش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ۲۰۰۳ هێرشیان کردە سەر عێراق و ڕێژیمی سەددام حوسێنیان ڕووخاند و لە کوردستانیش بنکەکانی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەیان دایە بەر هێرشی بۆمب و مووشەکانی

خۆیان، بۆ نێو خاکی ئێران پاشەکشەکەیان کرد و لەوێ گیرسانەوە.

ئەگەر داعشیش وەک ئەلقاعیدە هەر لە گەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕ دابایە و ناوچەی دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەتان و وڵاتانی هاوپەیمانی شیعەمەزهەبی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نەختبایە ژێر دەستی خۆی و هیلالە شیعییەکەی باریکتر نەکردبایەوە، ڕێژیمی ئێران شەڕێکی لە گەڵ داعش نەبوو. بەڵام کاتێک داعش و بە گشتی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییە سوونەکان لە سووریە تەنگیان بە ڕێژیمی ئەسەد، هاوپەیمانە لەمێژینە شیعەکەی ئێران هەڵچنی و لە عێراق، موسڵ و تکریت و ڕۆمادییان لە دەست دەوڵەتی مالیکی و ئەرتەشەکەی دەرهێنا و لە بەغدا نزیک بوونەوە، کۆماری ئیسلامی کێچی کەوتە کەوڵی. ئەم جار ئەو نیگەرانییە دایگرت کە نەک هەر لە وڵاتانی دراوسێ و هاوپەیماندا، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێرانیش دا لەگەڵ شەڕی داعش - یا چالاکی و بەرهەڵستی خوازیاران و پشتیوانانی داعش لە دژی خۆی - بەرەوڕوو بێ.

## بەرپرسیار و تاوانباری یەکەم لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی گرووپە توندڕەوەکان لە ناوچەدا

ڕێژیمی ئێران، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی هەبووە لە سەر سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو گرووپانەی بە تەکفیری و تیرۆریستی ناویان دەبا، ئەمەش نەک هەر لە ئاستی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەش دا وایە. ئەو کاتانەی ئەو گرووپانە، ڕووی کردەوە و چالاکییەکانیان لە ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان دابووە و کاریان بە سەر ڕێژیمەکان و گرووپەکانی هاوپەیمانی ڕێژیمی ئێرانەوە نەبووە، کۆماری ئیسلامی لە گەڵیان لە ساتوسەودا دا بووە، هەوڵی داوە لە دژی ئەمریکا و ڕۆژاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان بە کاریان بێنێ و، لە ڕێگای هاوکاری و پشتگیریی کردنیان، باڵانسەکە بە زیانی حزوورو نفووزی وڵاتانی ڕۆژاوایی و هاوپەیمانەکانیان لەو ناوچەیە و بە زیانی بەرەی دیموکرات و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و پێشکەوتوو، بگۆڕێ و بەم جۆرە لە مانەوە و جێ پێ قاییمکردنیان دا یارمەتیدەریان بووە.

کاریگەرییەکی دیکەی ڕێژیمی ئێران لە سەر سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئەو گرووپە توندڕەوە سوننیانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی خەڵک و هێزە سوننە مەزهەبەکان، لە ئاستی ئێران و ناوچە دا، بەڕێوەی بردوە و بەڕێوەی دەبا. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی ئێراندا بە باڵادەستکردنی مەزهەبی شیعە و شیعە مەزهەبەکان لە هەموو بوارێک دا و بە گرتنەبەری زەقترین هەڵاواردنی ئایینی، بووە بە هۆی پەراوێزخستنی سوننە مەزهەبەکان و بێزارییان لە دەسەڵاتی حاکم. هەر بەم جۆرە لە عێراق و سووریە و لوبنان وهتدیش لە لایەک بە پشتگیریی هەمە لایەنە و بێ ئەم لاو ئەو لا لە دەسەڵات و گرووپە شیعییەکان و چاوپۆشی لەتاوانەکانیان دەرحەق بە هاونیشتمانانی خۆیان، لە لایەکی دیکەش بە پشتیوانی لە سیاسەتی لە پەراوێزخستنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە غەیرە شیعییەکان، ڕێخۆشکەر بووە بۆ سەر

هەڵـدانی تونـدڕەوی و گەشـانەوەی ئـاگری نـاکۆکیی مەزهەبـی و پێکهـاتنی گـرووپ و ڕێکخـراوی تونـدڕەو لە نیـو سـوننی مەزهەبەکان دا.

## ئەنجام:

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، بە تایبەتی لە قبووڵنەکردنی ئایین و مەزهەبی دیکە و ڕووبەڕووبـوونەوە لە گەڵ نەیـارانیدا، جیـاوازییەکی ئەوتـۆی لە گەڵ ئەو ئایـدۆلۆژیایە نـیە کە ئەلقاعیـدە و داعشـی بەرهەم هێنـاوە. ئەو شێوازە توند و تیژانەش - یەک لەوان تێرۆر و تۆقاندن - کە ئەو گرووپە توندڕەوانە بۆ سڕینەوە و لە نیوبردنی نەیـارانی خۆیـان بە کاری دەهێنن، لە کۆماری ئیسلامیدا لە مێژە بە کار هاتوون. جیاوازییەکە تەنیـا لە پلە و فۆڕمی جێبەجێکردنی ئەو شێوازانە دایە. ئەگەر کۆمـاری ئیسـلامی شێوازێکی شـاراوە و تـا ڕادەیەک نەرمتـرلە ئەلقاعیـدە و داعشـی لە ڕووبەڕوو بـوونەوە لە گەڵ دەوڵەتـان و وڵاتـانی جیهـان و خەڵکـی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی دا گرتـووەتە بەر، دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو ستاتووسەی وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هەیەتی و ناچارە تا ڕادەیەک ڕەچاوی بکـا. ئەمەش تەواو جیـاوازە لەو باوەڕ و بایەخانەی کە ڕێنـوێنی نەتەوەی کـوردن. هەم لەو شـوێنانەی نەتەوەی کـورد خـاوەن حکوومەت و دەسـەڵاتدارەتییە، هەم لەو جێگایانە کە ئیرادەی ئەو نەتەوەیە لە شێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازدا خۆی دەنوێنێ، بە کـردەوە سـەلماندوویە کە شـتێکی بە تەواوی جیـاواز لە دوو جەمسـەرەکەی دیکە(تـاران و داعـش)ە. ئەوەش کە لەو نێـوەدا تەنیـا نەتەوەی کـوردە کە لە نیـو هـاوپەیمـانیی جیهـانیی دژە تیـرۆر دا، خـۆی دیـوەتەوە و دنیـای شارسـتانی و مرۆڤـایەتی وەک بەشێک لە خۆی سەیری دەکاو، دوو جەمسەرەکەی دیکە، هەر وەک سەرچاوەی تیرۆریزم لە ئاستی جیهـان دا سـەیر دەکرێن، دەیسەلمێنێ کە داعش و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە یەک قوماشن و کورد، شتێکی دیکەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٦.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستیی و گرنگیی تابوو شکێنی لە فەزای سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

لە سەرەتای مانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا، زیاتر لە ٩٠ چالاکی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەکیان ڕوو بە پارێزگاری پارێزگای سنە بڵاو کردەوە. لەو نامەیەدا پاریزگاری سنە وەک بەرزترین کاربەدەستی سیاسیی ئەو پارێزگایە بەرەوڕووی دوو داوا کرابۆوە. داوای یەکەم ئەوە بوو کە پارێزگار، ڕەوتی گیران و لێپرسینەوە و دەرمانکردنی تێکۆشەری بریندار و دەستبەسەر ڕامین حوسێن پەناهی بگرێتە ژێر چاوەدێریی خۆی، هەر لەو کاتەشدا دەرەتانی چاوپێکەوتنی ئەو گیراوە سیاسییە کوردە لە گەڵ بنەماڵەکەی پێک بێنێ.

ڕامین حوسێن پەناهی پێشمەرگە و ئەندامی یەکێک لە حیزبە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕۆژی ٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە سنە کەوتە بەر دەسرێژی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە برینداری بە دیل گیرا. هەر لەو ڕووداوەدا چەند کەس لە هاوڕێیانی دیکەی ڕامینیش بە تەقە و دەسرێژی هێزە ئەمنیەتییەکان، گیانیان لە دەست دا و شەهید بوون. لەو کاتەوە کە ناوبراو بە برینداری و دیلی کەوتووەتە دەست کاربەدەستانی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی، هەتا ئێستا هیچ هەواڵێک لە چارەنووسی لە دەستدا نیە. ڕوون نیە کە بۆ دەرمانکردن و چارەسەری برینەکەی هیچ هەنگاوێک نراوە یان نا؟ سەرەڕای ئەوانەش، کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی هەر لە یەکەم ساتەکانی ڕووداوەکەوە، قۆڵبەست کران و گیران.

دووهەم داوا کە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕێگەی پارێزگاری سنەوە، بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان کردووەتەوە ئەوەیە کە ئەو نیزامە، بگەڕێتەوە سەر ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە و هێمنانەی چارەسەری پرسی کورد لە کوردستانی ئێران. چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئاماژەیان بە ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشی ئێران لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و خەڵکی کوردستان کردوە و ئەو کەلێنە سیاسییانەیان وەبیر هێناوەتەوە کە لە ئاکامی پشتکردن لە چارەسەری ئاشتیی پرسی کورد، دروست بوون و تا ئێستا هەر وا بە کراوەیی و چالاک ماونەوە.

نووسینی نامەیەک بەو نێوەرۆکەوە ڕوو بە کاربەدەستێکی سیاسیی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە لایەن کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە چەند بارەوە جێگای سەرنج و شیاوی گرنگی پێدانە. لە پێشدا لەو ڕووەوە کە بە داخەوە باسکردن لە هێندێک پرس و بابەت لە کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆرلێدراوی وەک ئێراندا، بوون بە

«تابوو» و وەک دەڵێن ناوهێنان و ئاوڕ لێدانەوەیان «بڤە»یە! بەرگری لە سەرەتاییترین مافەکانی کەسانێک کە پێشمەرگە و ئەندامی هێزێکی سیاسیی بەرهەڵستکار بوون و بە دیل دەگیرێن، یەک لەو بابەتانەیە. وەک ئەو کۆمەڵە چالاکە سیاسی و مەدەنییەی کوردستان بە دروستی لە نامەکەی خۆیاندا ئاماژەیان پێ کردوە، رامین حوسێن پەناهی و هەر کەسێکی وەک ئەو، خۆ بە گوێرەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییش، هێندێک مافیان هەیە. بۆ وێنە مافیان هەیە پارێزەر(وەکیل)یان هەبێ، مافیان هەیە لە کاتی نەخۆشیدا دەستیان بە دوکتور و دەرمان ڕابگا. مافی بێ ئەم لاو لای خۆیانە کە چاویان بە کەسوکارەکەیان بکەوێ. هەر بەو جۆرە بە هیچ پاساوێک نابێ ئەندامانی بنەماڵەکەیان، هەر بەو تاوانە کە کەسوکاری گیراوەکەن، دەستبەسەر بکرێن. ئەم مافانە لە هەر کۆمەڵگەیەکی خاوەن یاسا و ڕێسای ئینسانیدا، نەک هەرمافێکی دانپێدانراو و بە ڕەسمی ناسراون، بەڵکوو ڕێزیشیان لێ دەگیرێ و دامودەزگا پێوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنیاندا بەرپرسیارن. بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نەک هەر کەمترین بایەخیان پێ نادرێ، بەڵکوو وەبیرهێنانەوەشیان، بە «بڤە» و ڕیسک کردن و بەزاندنی هێڵی سوور دادەنرێ!

بابەتی پێویستیی چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەم خواردن لەو کەلێنە سیاسییانەی لە نێوان خەڵکی کوردستان و نیزامی کۆماری ئیسلامیدا هەن، لەو بابەتانەیە کە وا هەست دەکرێ هێڵی سووریان بە دەوری دا کێشراوە و کەس لە نیوخۆ و دەرەوەی ئەو نیزامە بۆی نیە باسیان بکا! ڕاستییەکی تاڵە کە ئەو کەلێنە سیاسیانەی کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان ئاماژەیان پێکردوە، هەتا ئێستاش سەرچاوەی نائارامی و ڕووداوی تاڵن و قوربانی دەستێنن. قوربانیەکانیش یا ڕۆڵەکانی خەڵکی ناوچەکەن یا کاربەدەست و مەئموور و هێزی چەکداری حکوومەتن. هەر ئەو کەلێنانە بوون بە هۆی ئەوە، حکوومەت لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە خەڵک لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانی و باشکردنی ژیان و گوزەرانیان، زیاتر بیر لە پێکهێنانی ئەمنیەت ئەویش میلیتاریزە وپۆلیسی کردنی ناوچەکە و زاڵکردنی کەشوهەوای سەرکوتکەرانەوە بکاتەوە.

وەک لە نامەی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پارێزگاری سنەدا هاتوە، لە نێوان ڕووکردنی ڕامینەکان بۆ نێو ڕیزی هێزە بەرهەڵستکارەکان و ئەو کەلێنە سیاسییە کراوە و چالاکانەی نێوان خەڵکی کوردستان و کۆماری ئیسلامیدا، پێوەندی هەیە. پێوەندییەکەش بۆ هەر کەس و لایەنێک خۆی گێل نەکا و عەقڵ و چاوی خۆی لە ئاستیان بکاتەوە، زۆر ڕوونە. لە لایەکەوە سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان نەیتوانیوە بێتە هۆی ڕەزامەندی و متمانەی خەڵکی کوردستان. چونکە ئامانجەکەیان نەک دابینکردنی مافەکان و ویستەکانی خەڵک، بەڵکوو پێکهێنانی ئەمنیەت بە زەبری چەک و سەرکوت بووە و ستەم و هەڵاواردن و پشتگوێخستن کە سەرچاوەی نارەزایەتییەکانی خەڵکن، هەر وا درێژەیان هەبووە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی کوردستان کە ئۆپۆزیسیۆن و



سەرچاوە
Serchawe

بەرهەڵستکاری ئەو ڕێژیمەن، هەڵگر و داواکاری بەشێک لە ئاواتەکان و داخوازە لە مێژینەکانی ئەو خەڵکەن، لە هەمان کاتیشدا ڕەگ و ڕیشەیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیە و سەرەڕای ئەم هەمووە زەبر و زەنگ و سەرکوت و دژایەتییەی دەسەڵات بەرامبەریان، لە بیر خەڵک ناچنەوە و لاوەکانی ئەو خەڵکە، بەردەوام ڕوویان تێ دەکەن.

ئەوە کە لەگەڵ ماهییەت و زەرفیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگونجێ سەرنجێکی بەرپرسانە بداتە ئەو جۆرە نامە و داواکاریانە، یا هەر لە بنەڕەتدا، ئەو ڕێژیمە هیچ ئیستیعدادی چارەسەری پرسێکی لە مێژینەی وەک پرسی کورد لە ئێرانی بە شێوەیەکی ژیرانە و دادپەروەرانە هەیە یان نا؟ ئایا دەکرێ ببێتە پاساو بۆ ئەوەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هێندێک کەسی چاوەڕوانکراوی دیکە، خۆ لە وروژاندنی ئەو جۆرە داواکارییانە ببوێرن؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بگوترێ، ئەم جۆرە داوا و چاوەڕوانیانە، هەتا ئەو کاتەی بێدەنگەیان لێ بکرێ، سروشتیە کە هەر بە «تابوو»یی دەمێننەوە و سەرنجی دەسەڵات و کۆمەڵگە ناچێتە سەریان. بەڵام کاتێک لەلایەن ژمارەیەکی هەرچی زیاتری چالاکانی سیاسی و مەدەنی بخرێنە ڕوو و، میدیاکان و تۆڕەکۆمەلایەتییەکانیش بایەخیان پێ بدەن و خەڵکیش پێشوازی و پشتیوانیی خۆیان لەو جۆرە داوایانە نیشان بدەن، جگە لەوەی لە بازنەی «بڤە» و «هێڵی سوور» دێنە دەر، خۆ لێ گێلکردن و بێدەنگ بوون لە ئاستیشیان، بۆ کاربەدەستان و دامودەزگای حکوومەتی دژوارتر دەبێ.

لە بیرمان بێ کە زۆر لەو تابووە سیاسییانەی نێو کۆمەڵ، هەر تەنیا بەرهەمی سەرکوت و سانسۆڕی دەسەڵاتی سیاسی نین، خۆپاریزی و خۆسانسۆرکردنی تاکەکانیش بە تایبەتی خۆسانسۆرکردن و زێدەپاریزکردنی ڕۆشنبیران، نووسەران، هونەرمەندان، مامۆستایانی ئایینیی پێشنوێژی خەڵک، نوێنەرانی مەجلیس، شووراکان و نوخبەکانی دیکەی کۆمەڵ، یارمەتیی زاڵکردن و مانەوەی ئەو هێڵە سوورانەی داوە. لەم نێوەشدا شانازی و سەربەرزی هی ئەوانەیە کە ڕچەشکێن دەبن و لۆمە و سەرکۆنەش بۆ ئەوانە دەمێنێتەوە کە سەرەڕای ئیددیعای زۆریان لە بواری نوێنەرایەتی کردنی ویستی خەڵک و بەرگری لێکردنیان، دەست بە کڵاوی خۆیان دەگرن و لە پشتیوانی کردنی جووڵە و هەنگاوی بوێرانەی لە چەشنی نامە سەرئاوەڵاکەی ئەو ٩٣ چالاکە سیاسی و مەدەنیە، خۆ دەبوێرن

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٧.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe








**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**


حیزبی دیموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
هاوڕێ قادر وریا و شەهید د. قاسملوو
پێشمەرگە
ڕەحمان نەقشی



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ قادر وریا بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان

و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

